# کوردناسی

گاهنامەی فرهنگی/سیاسی/اجتماعی

سال اول/شماره ۱/ ۲۰۰۸

فایل این شماره: زبان کوردی و ترجمه

تأملی بر مطالعات فرهنگی در کوردستان • زمانی کوردی و ئەرکەکانی پێڕاگەیشتنی • زمانی کوردی و کێشەکانی • زبان، زبانشناسی و زبان کوردی • تەرجەمە بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕینی کوردە • دایەلێکتە ناوچەییەکان: شێرپەنجەی زمانی ستاندەردی کوردیین • کارەساتی زمانی کوردی • تزهایی کلی در مورد هویت و زبان • دستور تاریخی زبان کوردی • چەمکی نۆرم لە تۆژینەوەکانی وەرگێڕاندا • زمانی ڕاستییەکان و ڕاستییەکانی زمان • زمان، مێژوو و خەباتی چینایەتی • فەلسەفەی لێکدانەوەیی و فەلسەفەی زمان • گفتوگۆی جەیمس پێک لەگەڵ نووام چۆمسکی • گوتلوب فرگە و لێکدانەوەی لۆژیکی زمان • ئایندەی زمان • دەزگای داڕشتنی فەرمان لە کوردی کرمانجی ناوچەی خۆراسان • ادبیات کوردی در نیمه دوم قرن نوزده • ژینوساید زبان در سیستم آموزشی • زمانی کوردی و وەرگێڕ • وەرگێڕان و زمان بە گشتی • زمان و وەرگێڕی کورد • زبان و تاثیرآن برجامعه • زبان روسی و مترجم کورد • مسئلەی کورد • فرهنگ و خشونت در مطالعات جنسیت • طرح انستیتوی شرق شناسی آلمان برای حل مسئلەی کورد در ترکیه • تاریخ مدرن کوردها • ئینسانەکان یان مرۆڤەکان، فەلسەفە و بنچینەی مافی کەمایەتیەکان • لباس سنتی کوردهای ایران و عراق • معرفی کتاب

# کوردناسی

جارنامەی کولتووری/ سیاسی/ کۆمەڵایەتی

ساڵی یەکەم/ ژمارەی 1/ پاییزی 2008

## فایل: زمانی کوردی و وەرگێڕان

# کوردناسی

گاهنامه‌ی فرهنگی/ سیاسی/ اجتماعی

سال اول/ شماره 1/ پاییز 2008

ادیتور: شهرام حاتمی

مدیر طراحی: هیمن روحمی

ایمیل: shahram.h@msn.com

- مقالات مندرج در گاهنامه بیانگر نظر نویسندگان آنهاست.
- کوردناسی در ویرایش، گزینش و تلخیص مطالب آزاد است.
- استفاده از مطالب کوردناسی با ذکر مأخذ آزاد است.

# فهرست

سخن ادیتور .............................................................. ٦

تأملی بر مطالعات فرهنگی در کوردستان ... شهرام حاتمی...................................٧

زمانی کوردی و ئەرکەکانی ... پرۆفێسۆر جەعفەر شێخولیسلامی......................... ١٦

زمانی کوردی و کێشەکانی ... دوکتور رەشید قەرەداغی.................................. ٤٣

زبان، زبانشناسی و زبان کوردی ... پروفسور امیر حسن پور ........................... ٦٥

تەرجەمە بڕبڕەی پشتی راپەڕینی کوردە ... دوکتور ئەحمەدی مەلا ....................... ٩٣

دایەلێکتە ناوچەییەکان ..... کامیار سابیر ................................................. ١١٤

کارەساتی زمانی کوردی ... ئامانج شاکەلی ............................................... ١٤٢

تزهایی کلی در مورد ... پرفسور میشائیل متسلتین ترجمه ناصر ایرانپور ................. ١٥١

دستور تاریخی زبان ... پروفسور پییر لوکوک ترجمه هیمن روحمی ....................... ١٦٤

چەمکی نۆرم لە ... کریستینا شێفنر وەرگێر هادی محەمەدی ............................... ١٨٠

زمانی ڕاستییەکان ... یوسف علیآبادی وەرگێڕ ئارام شەکیبائی-ئێحسان هەورامی ...... ١٩٥

زمان، مێژوو و... دەیوید مک نالی وەرگێر ناسر حەقپەرەست ............................ ٢٣١

فەلسەفەی لێکدانەوەیی و... ک.س. دانلا وەرگێر ئازاد بەهین ............................. ٢٥٧

گفتوگۆی جەیمس پێک لەگەڵ ... وەرگێر خەبات عارف ..................................... ٢٧١

گوتلوب فرگە و ... زیا موەحید وەرگێر مەسعوود حەقیقەت فەر ........................... ٣٨٤

مافە کانی زمان ... ماریاننا راولۆ وەرگێر عەزیز شێخانی ................................... ٤١١

ئایندەی زمان، دەڤید کریستاڵ وەرگێڕ مەجید مارابی ،،،،،،،،،،،،،،،،،،.............................،،،،،٤٥٣

دەزگای دارِشتنی فەرمان ... حەسەنعەلی تورقی ئوغاز وەرگێر ئارام شەکیبائی ........ ٤٦٣

ادبیات کوردی در... م. ب. روبینکو، ترجمه کامران امین آوه ............................ ٤٧٦

ژینوساید زبان ... سکاتناب- کانگاس ترجمه هاشم رضائی ................................ ٤٨٠

زمانی کوردی و وەرگێر ... ڕێبوار ڕەشید .................................................... ٤٩١

دیالۆگێک سەبارەت بە زمانی کوردی ... عەزیز شێخانی ....................... ٥١٧

زمان و وەرگێری کورد ... رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم ............................ ٥٦٣

زبان و تاثیرآن برجامعه ... ناهید رشیدیان ................................................ ٥٩٢

زبان روسی و مترجم کورد ... دکتر کامران امین آوه ................................ ٥٩٩

مسئلەی کورد ... م. س .لازاریف، ترجمه کامران امین آوه ................................ ٦٠٥

فرهنگ و خشونت در مطالعات ... شهرام حاتمی ........................................ ٦٣٧

حل مسئلەی کورد در ترکیه ... آمکه دیترت شویر ترجمه سامرند ام. ................... ٦٥٩

تاریخ مدرن کوردها ... دیوید مکداول ترجمه احمد اسکندری ............................ ٧٢٠

ئینسانەکان یان مرۆڤەکان... ماریاننا راولۆ وەرگێر عەزیز شێخانی.......................... ٧٦٩

لباس سنتی کوردهای ... ای. و. بوگاسلووسکایا ترجمه کامران امین آوه ............... ٧٩٧

کتابهای معرفی شده به زبان نروژی ... عرفان تارین ........................................ ٨٠٩

# سخنی با خوانندگان دو شماره

ظاهرا این اولین و آخرین شماره از گاهنامه‌ی <<کوردناسی>> می باشد که در دسترس خوانندگان گرامی قرارمی گیرد. دلایل آن نیز واضح و روشن است. تحقیق و پژوهش در این حوزه‌ی مهم نیاز به ابتکار عمل، زمان و به‌ویژه توانایی و قابلیت های بسیاری در ادامه‌ی این حرکت دارد که متأسفانه ادیتور به تنهایی قادر به‌انجام این کار پراهمیت و سنگین نمی باشد. دیاسپورای کورد در شکل کلی آن در کشورهای خارج نه تنها نتوانسته در سطح گسترده‌ای خود را با روندهای فکری و علمی دوران معاصر همگام سازد، بلکه تأثیرات سلبی ای نیز بر افرادی که در این عرصه‌ها گام گذاشته‌اند، داشته‌است. به این دلیل <<کوردناسی>> بیشتر نشریه‌ای برای پژوهشگران و مترجمان کورد مقیم خارج از کشوربوده، که از این طریق بتوانند به شیوه‌ای منسجم در گفتمانهای روشنفکری کوردستان شرکت کنند. <<کوردناسی>> گاهنامه‌ای برای مطالعات فرهنگی-انتقادی با متدی تحلیلی، پژوهشی میباشد. پژوهش، بررسی و نقد مسائل فرهنگی، سیاسی و اقتصادی کوردستان با روشهای علمی و طرح پرسشهایی در این رابطه و ترجمه‌ی مقالات پژوهشی که به زبانهای مختلف در مورد مسائل جامعه‌ی کوردستان به رشته‌ی تحریر درآمده‌اند، از اولویتهای کار <<کوردناسی>> است. موارد اشاره‌شده در بالا مسیر اصلی این گاهنامه را شکل میدهد. البته با وجود این شماره نمی توان کاملا یقین داشت که آیا در این راستا میتوانستیم خلائی را پرکرده‌باشیم یا فرآوه‌رده‌های نامعقولی را رواج دهیم. پاسخ این پرسش را به خوانندگان این گاهنامه وامی گذاریم تا خود در این مورد اظهارنظر کنند.

در پایان سخن لازم میدانم از دوستان گرامی (زنور شهبازی و هیمن رحمی) که در نشر، تایپ و صفحه‌آرایی این گاهنامه مرا یاری نمودند سپاسگزاری نمایم.

ادیتور

# تأملی بر مطالعات فرهنگی در کوردستان

شهرام حاتمی

۱

تاریخ آغاز مطالعات سازمان یافته‌ی فرهنگی در سطح جهان را میتوان با مکتبهای مشهور فکری همچون مکتب فرهنگی انگلیس، مکتب فرانکفورت، مکتب شیکاگو و مکتبهای دیگر مطالعات فرهنگی شناخت، که هرکدام از این روندهای فکری تلاش نمودند براساس متدی مشخص و تعریف شده به پارامترهای فرهنگی و اجتماعی با نگرشی انتقادی بپردازند. حوزه‌ی فعالیت این روندهای فکری مسائل و رویدادهای عینی جامعه بوده، یعنی کندوکاو کردن:

۱- در مسائلی که برای جامعه قابل فهم و مشخص نبوده.

۲- مسائلی که امکان ایجاد موانعی را در مقابل روندهای پیشرفت جامعه داشته.

۳- پیشنهاد طرحهایی که در متحول سازی فرهنگی- سیاسی و اجتماعی جامعه به عنوان الگوی علمی- منطقی تأثیرات پوزیتیف و سازنده‌ای داشته‌باشد.

در کل این مؤسسات مطالعاتی تلاشی بوده برای نقد فرهنگ مسلط و خوانشی نو درجهت تئوریزه‌کردن مسائل مرتبط با جامعه. براین اساس نقد فرهنگ کلاسیک در کوردستان نیز با متدولوژی علمی میتواند پیامدهای

مؤثری در این زمینه به دنبال داشته‌باشد. مطالعات انتقادی مشخصا میبایست از ابتدا بر بنیادهای فرهنگی یعنی فرهنگ روابط اجتماعی حاکم متمرکز شود. البته میبایست از روشی که منجر به‌تحکیم دوباره نوعی پوپولیسم جدید فرهنگی و توجیه مناسبات سنتی شود خودداری کرد. در واقع ما نمیتوانیم مرزهای فرهنگیمان را از ترس واردشدن مدرنیته حصار بکشیم و در داخل آن مناسبات زندگی کلاسیک و حساسیتهای اخلاقیش را بر سر همدیگر بکوبیم .

مطالعات فرهنگی میتواند در چارچوب فعالیتی رشته‌ای و یا به عنوان مداخله‌ی سیاسی در رشته‌های دانشگاهی و یا رشته‌ای کاملا جدید برمبنای موضوعی جدید تعریف شود. رشته‌ای یا فرارشته‌ای بودن مطالعات فرهنگی هر دو نشان از تخصصی بودن آن است. این حوزه از مطالعه، خوانشهای جامعه شناسانه را از فرهنگ پوپولیستی و نگاه عام پسندانه فراتر میبرد، به این معنا که اگر در هر دو حالت مطالعات فرهنگی به عنوان رشته‌ای تخصصی قلمداد شود، در محیطی دانشگاهی صورت میگیرد و اگر فرارشته‌ای باشد، در ادامه‌ی فعالیتهای تحقیقاتی افراد متخصصی که خارج از رشته دانشگاهیشان با شناخت از روش شناسی تحقیقاتی صورت می گیرد. اما در هر دو حالت نامبرده مطالعات فرهنگی در کوردستان نه به‌عنوان رشته‌ای تخصصی بلکه بیشتر در نوسانی در میان استاد دانشگاه، پارتیزان کتابخوان، بقال سر کوچه و روزنامه‌نگار غیرحرفه‌ای ... ما صورت گرفته‌است. نمیتوان در بررسی این پدیده‌ی کلی گویی نکرد. چون واقعا جامعه‌ی کوردی کیس دست نخورده‌ای برای مطالعات فرهنگی است. اما زمینه‌های تخصصی کردن این حوزه هنوز به اندازه‌ی کافی مشخص نشده‌است.

## ٢

## مطالعات فرهنگی و غربیزه کردن کوردستان

استوارت هال معتقد است که "**در مطالعات فرهنگی چیزی در معرض تهدید قرار می گیرد، به طرزی که... در مورد بسیار دیگری از... فعالیتهای فکری... صدق نمیکند** " با توجه به آنکه ایدئولوژیهای کلاسیک بر زندگی و روابط اجتماعی انسان کورد تأثیر داشته، ماهیت و ساختار جامعه نیز به شیوه‌ای کلاسیک شکل بندی شده‌است. اغلب روش شناسیهای فرهنگی ما نیز تحت تأثیر این فرهنگ کانالیزه شده‌بوده‌است. از دیدی تاریخی و ماتریالیستی جامعه‌ی ما از هر نظر در بهترین حالت تاریخی خود به سر می برد، اما تولید و نوآوری بسیار چشمگیری در هیچ یک از عرصه‌های فکری ما دیده نمیشود. بهانه‌های تکراریی که در توجیه این مسئله و کمبودهای فراوان این عرصه‌ها را تنها با بدون دولت بودن کوردستان سرپوش میگذاریم. در واقع نه تنها جامعه‌ی ما، خود در تلاشی برای تغییر این شرایط نیست بلکه آن را به نفع خستگی سیاسی خود میبیند. این نگرش بر تمامی ارگانهای فرهنگی تأثیر داشته و فرهنگهای مقدس و باستانگرا نیز ماتریالهای این جامد بودن فرهنگی را تهیه و تقویت کرده‌اند. مطلق گرایی و منطق ارسطویی حاکم بر حوزه‌ی روشنفکری جامعه‌ی ما مکانیزمهای مدرنیزاسیون در سطح وسیعی از جامعه را در تنگنا قرار داده‌است. تلاش برای حفظ مناسبات فرهنگ شرقی در کوردستان، سطح علمی و آکادمیک را نیز به درجات زیادی کند نموده‌است.

بیشتر تئوریهای کاربردی موجود براین مهم تأکید کرده‌اند که جامعه نقش اساسی را در بوجودآوردن فرهنگ داشته‌است. اما امروزه این مسئله کمی تغییرکرده در واقع فرهنگ و جامعه به کلی در یک جهت در حرکت نیستند. جامعه باتمامی مکانیزمهای اقتصادی- سیاسی و اجتماعی خود که در تولید فرهنگ روزانه نقش ایفا میکنند با پراکسیس فرهنگ عمومی در کشاکش هستند. برای مثال در کوردستان فرهنگ موجود در حوزه‌ی خصوصی جامعه

با فرهنگ موجود در حوزه‌ی عمومی ما متفاوت است. نشانه‌های مدرنیته امروز بیشتر در حوزه‌ی عمومی به چشم می خورد. این نشانه‌ها بیشتر در زبان گفتاری و روابط اجتماعی- عمومی نمایان است. اما اگر قسمتی از حوزه‌های خصوصی فرهنگ کوردی پنهان است بخشی دیگرش خوانایی زیادی با فرهنگ عمومی ندارد.

عقل محدود و محافظه‌کار کوردی؛ فرهنگ زبانی و پراکسیس عمومی که متأثر از رسانه، اخلاقیات و روابط مدرن در تاریخ معاصر است را پروژه‌ای در جهت شکستن اعتقادات سنتی و مسلط بر جامعه میداند. الگوهای فرهنگ مدرن بر خلاف نظر محافظه‌کاران سنتی جامعه‌ی ما نه تنها ارزشهای انسانی را زیر سؤال نمیبرد بلکه مکانیزمی در جهت رشد فرهنگی، علمی، عقلانی و هویتی مدرن در جامعه است.

این تنها فرهنگ نیست که تغییر میکند بلکه اغلب پارامترهای بنیادی و ساختاری جامعه بر اثر رشد جمعیت، زمان و مطالبات مدرن اجتماعی دچار دگرگونی شده‌است.

جامعه از فرهنگ ما مدرنتر است. البته متفاوت بودن و حتی متناقض بودن نهادهای خصوصی جامعه با حوزه‌ی عمومی بسیار تعجب آور نیست. اما مسئله‌ی قابل توجه آن است که فرهنگ سنتی جامعه به‌کلی در صدد ایزوله‌کردن فرهنگ عمومی است که نسبتا دارای ویژگیهای اولیه‌ی مدرنیته است. اعتقادات سنتی جامعه در مقابل روابط اجتماعی که به سوی مدرنیزه‌شدن میرود مدام سابوتاژ ایجاد میکند و این عوامل بر روانشناسی فرهنگی- اجتماعی جامعه تأثیر دارد و می تواند موانعی در مقابل گسترش عقلانیتی مدرن ایجاد کند. گسست از فرهنگ کنسرواتیک بر حوزه‌های مطالعاتی و فایلهای باز نشده و مورد بررسی قرار نگرفته‌ی جامعه‌ی ما تأثیر میگذارد. در این رابطه ایدئولوگهای متفاوت و محافظه‌کار جامعه‌ی ما هرنوع

تلاشی برای غربی سازی یا غربیزه شدن جامعه‌ی کوردی را مطمئنا به عنوان تئوری توطئه، غربزدگی، کلونیالیسم و بردگی سیاسی، اقتصادی، اسیمیلاسیون فرهنگ و مناسبات اخلاقی، امپریالیسم گرایی و سیاهه‌ای از این کلمات قلمداد خواهند کرد و سعی در تحلیلی نامشخص از این مسائل مشخص شده خواهند داشت. برای گسست از عقب ماندگی جامعه میبایست از کانال مناسبات فرهنگ غربی گذار کنیم. چون مدرنیزه‌کردن جامعه نیاز به ماتریالهایی دارد که جامعه‌ی ما قادر به فراهم کردن همه‌ی اینها نیست. این ماتریالهای مدرن از قرن ١٦ و ١٧ میلادی بوجودآمده و خود غرب که مکان عامل بوجود آمدن آنها بوده امروزه هم در حال متحول ساختن هرچه بیشتر آنهاست. این گذار میتواند با مکانیزمهای اقتصادی- سیاسی و آن متدولوژی مطالعات فرهنگی یعنی نقد فرهنگی صورت می گیرد. در هر صورت میتوان گفت در پروسه‌ی غربی سازی کوردستان ما چیزی جز زنجیرهایمان را از دست نخواهیم داد.

لوکاچ دورانی گفت: "هدف فرهنگ است. سیاست وسیله‌ای بیش نیست." در طول به حرکت در آمدن جنبشهای ایدئولوژیکی در کوردستان، این جنبشها با اتخاذ سیاستی محافظه‌کارانه عاملی بوده‌اند برای حفظ و بقای فرهنگ خان سالاری و قبیله‌گرایی در کوردستان. بطور مثال مارکسیست ها به بهانه‌ی مقابله با امپریالیسم یا به گفته‌ی فرانکفورتیها امپریالیسم فرهنگی، ناسیونالیست ها از ترس ایزوله‌شدن فرهنگ ملی (که بیشتر اسلامی بوده) و کوردی کردن و خالص سازی فرهنگی و اسلامی ها هم به بهانه‌ی جلوگیری از گسترش مسیحیت و ادیان دیگر در کوردستان در یک صف مقدس در مقابل گسترش فرهنگ غربی سینه سپرکرده و با چشمهای بهت زده و متعجب به افرادی نگریسته‌اند که غربیزه‌کردن (مدرنیزه کردن) کوردستان را فرصتی برای همگام شدن با پیشرفتهای زمان حال دانسته‌اند. آری اینها همرزمانی هستند که در جبهه‌ی دفاع مقدس سالیانی است سنگر میسازند و شیشه‌های

نازک مدرنیته را میشکنند و در طرف دیگر باز مارکسیستها و ناسیونالیستهایمان از ارزشهای لیبرالی به شوق آمده‌اند و به گفته‌ی سلمان رشدی مشغول خوردن (ساندویچ ژامبون) هستند و آرزوی (بوسه در ملأ عام) را در سر دارند.

۳

اگر از بیرون جامعه‌ی ما داخل را نگاه‌کنی اکثریت جامعه بدون منبع کافی و ضروری مشغول مطالعات فرهنگی اند. آلن سوکال و ژان بریکه‌ون در کتاب چرندیات پست مدرن (سوء استفاده روشنفکران پست مدرن از علم) مینویسند: (داستان این کتاب با یک حقه شروع شد. چند سالی می شد که گرایشهای فکری در برخی حوزه‌های دنیای آکادمیک آمریکا ما را متعجب کرده‌بود. به نظر میرسید بخشهای وسیعی از علوم اجتماعی- فلسفی را برگزیده‌اند که آن را تا زمان یافتن اصطلاح بهتری «پست مدرنیسم» میخوانیم. جریانی که مشخصه‌ی آن طرد کم و بیش صریح سنت عقل گرایانه‌ی عصر روشنگری، جدایی گفتمانهای نظری از هرگونه آزمون تجربی، و نوعی نسبیت گرایی شناختاری و فرهنگی است که علم را چیزی جز نوعی «روایت» نوعی «اسطوره» یا نوعی بر ساخته‌ی اجتماعی نمیداند. برای واکنش نشان دادن به این پدیده، یکی از ما «سوکال» تصمیم گرفت آزمایشی نامتعارف «مسلما کنترل نشده‌ای» انجام دهد. این که به یک نشریه مطالعات فرهنگی آمریکایی مد روز "Social Text" هجویه و نقضیه‌ای از آن نوع کارهایی را تحویل دهد که در سالهای اخیر به شدت افزایش یافته‌اند و ببینند آیا آن را منتشر خواهند کرد یا نه این مقاله با عنوان «تجاوز از حدود به سوی تأویلی متحول کننده از گرانش کوانتومی»، مالامال از حرفهای بی معنی و بی ربط و مغالطه‌های آشکاراست. به علاوه، این مقاله بر شکل افراطی نسبت گرایی شناختاری تأکید میکند: پس از تمسخر «جزم» از مد افتاده‌ای

می گوید: "یک جهان بیرونی وجوددارد که ویژگیهای مستقل از تک تک انسانها و در واقع کل بشریت دارد." صریحا اعلام میکند که" واقعیت فیزیکی درست به اندازه‌ی واقعیت اجتماعی، در اصل برخاسته‌ی اجتماعی زبان است". این مقاله با چند پرسش منطقی حیرت آور به این نتیجه میرسد که « عدد π اقلیدس و عددG نیوتون، که پیش از این ثابت و جهانشمول بود به شمار میرفتند، اکنون به طور قطعی تاریخمند بشمار میروند. و ناظر قانونی به طرز مهلکی هرگونه مرکزی را از دست میدهد و از هر نوع پیوند معرفت شناختی با یک نقطه‌ی زمان- مکان میگسلد، نقطه‌ای که دیگر آن را فقط به کمک هندسه تعیین کرد.» بقیه‌ی مقاله بر همین سیاق است. با این همه، این مقاله را پذیرفتند و چاپ کردند. از این بدتر آنکه این مقاله را در شماره‌ی مخصوص «Social Text» منتشرکردند. شماره‌ای که به اثبات نادرستی انتقادات برخی دانشمندان برجسته از پست مدرنیسم و ساخت گرایی اجتماعی اختصاص داشت.)

رسانه ابزاری مهم در حوزه‌ی مطالعات فرهنگی است. اما رسانه‌ی کوردی دقیقا تا به حال ابزاری برای آشفته‌سازی مطالعات فرهنگی بوده‌است. اغلب مطبوعات کوردی به دلیل آن بازی نوشتاری، کلمه‌سازی و متن سازی که در چارچوبی فاقد معرفت شناسی جریان دارد، روندهای آغازی و نیمه‌جان مطالعات ما را در مسیری قرار داده که ادامه‌ی آن کسل کننده‌است. در متن سازی که امروزه در کوردستان رواج دارد شناخت شناسی مانند مؤلف آن نیمه‌جان است و به گفته‌ی باختین فعالیتی نیست «مگر ویران کردن متن». ژورنالیسم زرد ما هر چی دم دستش میاد میونیسه و جامعه‌رو مدتی با این آشفتگیهای اعتقاداتیش سرگرم میکنه و مدعی تخصصی کردن حوزه‌های مختلف جامعه نیز هست. مهمترین پدیده‌ها و دستاوردهای فکری روشنفکران غربی و ترمهای فکری که سالها روشنفکران و متخصصان جوامع غربی با تمام ریزه‌کاریها و پژوهشهای گسترده و حساسیتهای دقیق نوشتاری و

معرفت شناختی به دست آوردهاند در مدت زمان کوتاهی از جانب روزنامهنگاران و افراد غیرمتخصص جامعهی ما تابوت بندی میشود. این فرهنگ نوشتاری خواننده را به سوی نهیلیسمی ناپیدا می برد.

یکی دیگر از معضلات فکری جامعهی ما مشکل زبانی است. زبان ابزار پراتیکی عقل است. بر این اساس عقلانیت فرهنگی ما هنوز وضعیتی مشخص ندارد. من زبان شناس نیستم اما ساده بگویم که مشکل زبانی ما به مسئلهی بحران زا تبدیل شدهاست. چرا که عقل محدود، هیجانی و کلاسیک ما قادر به آفرینشهای زبانی نیست که بتوان آن را گفتمانی روشنفکری در قلمرو مدرنیته فرهنگی دانست. بابک احمدی از زبان اشتروس اشاره می کند که: "به گمان لوی اشتروس نگارش یکی از ابزارهای سلطه انسان بر انسان بودهاست. اینجا لوی اشتروس به پاری از (اقوام ناتوان در نگارش) اشارهکرد و یگانه تفاوت آنها با انسان امروزی را در همین فرهنگ غیر نوشتاریشان دانست. " با توجه به پیشرفت سریع علم در حوزههای مختلف و ناتوانی جامعهی کوردی از همگام شدن با این روندها باید راه حلی منطقی که در آینده ما را دچار مشکلات متفاوتی نکند اتخاذکرد. به عنوان مثال، اگر از همین ابتدأ بتوان زبان انگلیسی را بعنوان زبان رسمی مدارس کوردستان نهادینهکرد هم کمکی به توسعه زبان علمی جامعه ما خواهدبود و هم درهای بیشتری به روی جامعهامان گشوده میشود. منظور من این نیست که زبان کوردی ناتوان از بیان کردن مسائل علمی روز است، بلکه با توجه برسر باید و نبایدهایی که بر سر زبان کوردی وجود دارد نباید این ناهنجارها مانعی در مقابل توسعه حوزههای علمی و آکادمیکمان شود. پس حداقل در میان این بحرانهای انباشتهشده جامعهامان، زبان انگلیسی میتواند بهترین آلترناتیو ما برای بهروزکردنمان باشد. شاید افرادی باشند که در مقابل این نگرش موضعی محافظهکارانه بگیرند و این مسئله را سلیقهای تفسیر نمایند اما بدون شک هیچکدام از آنها نه راهحلی برای بیرون کشیدن زبان کوردی از ساختار بحران

زده‌ی آن دارند و نه آلترناتیوی که بتواند کارهای انجام نشده‌ی جامعه‌ی ما را به انجام برساند.

متد مطالعات غربی و مطالعات ما بسیار متفاوت است و با وجود آنکه در کوردستان مسائل و موضوعات بسیاری برای پژوهش و بررسی وجود دارد اما ما خیلی دیر به فکر روشمند ساختن علمی تحلیلهایمان در مورد مسائل کوردستان افتاده‌ایم و نیرویی که بتواند در این میدان نقش ایفاکند بسیار کم یافت میشود.

جامعه‌ی کوردی در همان حال که ساده نشان میدهد، بسیار پیچیده‌است. اما با این وجود میتوان از متدی علمی و استاندارد برای بررسی پارامترهای مختلف جامعه و شروع منظم مطالعات علمی- فرهنگی استفاده نمود.

منابع :


1. سیاست مطالعات فرهنگی / مولهرن، فرانسیس / ترجمه ی پرویز بابایی / نشر آگه
2. چرندیات پست مدرن / آلن سوکال، ژان بریکه وان / ترجمه عرفان ثابتی / نشر ققنوس
3. افکار عمومی /لازار، ژودیت / ترجمه مرتضی کتبی / نشر نی
4. ساختار و تأویل متن / بابک احمدی / نشر مرکز

# زمانی کوردی و ئەرکەکانی پێڕاگەیشتنی

دیالۆگێک لەگەڵ پرۆفێسۆر جەعفەر شێخولیسلامی

**کوردناسی:** سەبارەت بە پێناسەی زمان روانگەگەلی جۆراوجۆر هەیە، لە سەر ئەو بنەمایەی کە زمان زیاتر ئامرازێکی پێوەندییە، بەڵام بەشێک لە زمانناسەکان زمان بە گشتی لەم چوارچێوەیەدا پێناسە ناکەن و زیاتر گرینگیی زمان لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا دەبینن. ئێوە وەک توێژەرێک کە خوێندنەوەتان لە بوارەکانی زمان و وەرگێڕاندا هەبووە زمان چۆن پێناسە دەکەن؟

**جەعفەر شێخولیسلامی:** سەبارەت بە زمان و پێوەندییەکانی لە گەڵ دنیای ئەوپەڕزمانیدا رەنگە بتوانین بڵێین کە سێ بۆچوون هەن. (1) زمان تەنیا کەرەسەیەکی پێوەندیی گرتنە. بە چ زمانێک بدوێی و چۆن بدوێی زۆر گرینگ نییە. گرینگ ئەمەیە کە بتوانی خۆت دەربڕی و ئەوانیدیکەش لێت تێبگەن. لێرەدا، زمان زۆرتر بە چاوێکی مکانیکی و کەرەستەیی چاوی لێدەکرێ؛ (2) زمان رەنگدانەوەی کولتوور و شێوەژیان و هەڵسووکەوتی جڤاتێکی زمانییە. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتییدا، کە پێوەندە خاوخێزانییەکان چڕترن، وشە و دەربڕینی زۆرتریش هەیە بۆ دەربڕین و پێناسەکردنی ئەو پێوەندییانە، لە چاو زمانە ئورووپاییەکان. بۆ وێنە کورد بۆ برای دایک (خاڵ) و برای باب (مام) دوو وشەی جیاوازی هەیە. کەچی لە ئینگلیزیدا هەردووکیان یەکن، واتا "ئانکڵ". لە کوردیدا بۆ منداڵی خزمان وشەی جیاوازمان هەن: ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا. لە ئینگلیزیدا بۆ هەموو ئەمانە یەک

وشه هەیە: "کازن". ئەمە نیشان دەدا کە لە کوردەواریدا خزمایەتیی گرینگترە لە چاو کۆمەڵگەیەکی ئینگلیسیزمان؛ (3) زمان بریتییە لە سەرەتاییترین و ئەساسیترین کەرەسەی پێوەندیگرتن. هەروەها، زمان رەنگدانەوەی کولتوور و مێژوو و بایەخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەیەکە. لەوەش زۆرتر، زمان ستراکتۆر و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە خۆیدا بەرهەم دێنێتەوە. زمان بریتییە لە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی. زمان ئایدیۆلۆژیکیە.

**کوردناسی: هەنووکە، تیئۆرییەکانی بواری زمانناسی بە سەر چەند بەشدا دابەش بوون، تکایە روونکردنەوەیەک سەبارەت بە دیارترینی ئەو تیئۆرییانە باس بکەن.**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** زمانناسی لق و پۆپی یەکجار زۆری لێدەبێتەوە. ئەو رۆژانە دوو لق زۆر گرینگن کە بۆ دەستپێکردنی وەڵامی ئەم پرسیارەش باشە بزانرێن: زمانناسیی تیۆرییانە (Theoratical Linguistics) و، زمانناسیی کارپێکەرانە/دەکارکردن (Applied Linguistics). هەرکام لەم دووانەش دابەشدەبنەوە بە سەر چەندین لکوپۆپی تردا. لە هەر لکوپۆپیشدا، تیۆری جیاواز لە کێبەرکێ و هاوکاریدان. بۆ وەڵامێکی تێروتەسەل بەم پرسیارە کات و شوێنی زۆر پێویستە و بۆ ئێستا نابێ. پێشتر لە سەر ئەوە وتارێکی کورتم نووسیوە بە ناوی "زمانناسیی چییە؟" کە دەکرێ لەم ماڵپەڕانەدا ببینن:

http://hedih.blogspot.com/2004/01/blog-post.html

http://www.kurdishacademy.org/?q=node/166

**کوردناسی:** بۆچی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری زماناسیدا لەم سەردەمەدا گرینگی زیاتری هەیە وەک لە رابردوودا هەیبوو؟

**جەعفەر شێخولیسلامی:** دنیای ئەمڕۆ دنیایەکی نێوبژیکراوە (mediated). ئەمە بەم مانایەیە کە زۆرتر لە هەموو کاتێک ئێمە ئاگاداری دنیاین و پێوەندیمان لە گەڵ چوارقوڕنەی جیهاندا هەیە. بەڵام ئەو پێوەندییانەی هەمانن پێوەندی راستەوخۆ نین، بەڵکوو پێوەندیگەلێکن کە نێوبژیدەکرێن بە هۆی میدیاوە. واتە، بە هۆی میدیاوە پێوەندی دەگرین. چۆن؟ زۆربەی کاتان بە زمان. بۆیە زمان زۆر زۆر گرینگە لە دیاریکردنی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە کە دادەمەزرێن. هەروەها، ئەو هەموو پێوەندییە دوورەدەستانە و لە عەیینی کاتیشدا دابڕان لە پێوەندییە گوندیی و بەرەوڕوویییەکان وای لێکردووین کە زۆرتر هەست بە تەنیایی بکەین، هەست بە سەرلێشێواویی پێناسەیی بکەین و بە شوێن پێناسەی جەماوەرییانەی خۆماندا بگەڕێین. چۆن دەتوانین پێناسەی کۆ و جەماوەریی دڵخوازی خۆمان بدۆزینەوە؟ بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە لە زماندا خەست کراوەتەوە: زۆربەی ئێمە هەست بە نزیکی دەکەین لە گەڵ ئەو کۆمەڵگە و جەماوەرانە کە لە زمانی ئێمە تێدەگەن. نیشتمانی ئینسان ئەو شوێنەیە کە لێی تێبگەن. هەموو کات نا، بەلام زۆربەی کاتان ئەگەر ئینسان لە شوێنێک بوو کە بە زمانی زگماکی ئەو قسە دەکەن هەست بە ئەوە دەکا کە لە ماڵی خۆیەتی، لە ناو گرووپ و جەماوەری خۆیەتی. لە دنیای ئەوپەڕ مۆدیرنیتەی رۆژئاوا و مۆدیرن و نیوەمۆدێرنی رۆژهەڵاتدا ئەمە زۆر گرینگە، چونکە تایبەتمەندییەکی گەورەی ئەو جڤاتانەی سەردەم ئەوەیە کە خەڵکەکانیان تووشی قەیرانی پێناسە هاتوون. زمان یارمەتییەکی گەورە دەدا بۆ دەربڕین و یەکالاکردنی ئەو قەیرانە، بۆ ئەوە کە بتوانین بڵێین ئێمە کێین، ئەوان کێن، چیمان گەرەکە و هتد. زۆر کەم هەڵدەکەوێ کە هیچ زمانێکیش بتوانێ زۆرتر لە زمانی زگماکی لە بوون و وجوود و هەست و نەستی ئینسانێک نزیک بێ.

**کوردناسی:** **له تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێڕن لە هەرێمی زمانەوانیدا کورتکردنەوەی وشەکان و بە کارهێنانی وشەگەلی ئینگلیزییە. چ جیاوازییەک دەبینن لە نێوان گفت و گۆ گشتییەکانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا لە نێوان گەنجان و گەورەساڵاندا؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** بە داخەوە من زۆرتر لە بیست ساڵە کە لە کوردستان نیم. بۆچوونەکەی من لە بەر ڕووناکایی دوو شتە: زمانی میدیا کوردییەکان و زمانی کوردەکانی دەرەوەی وڵات. ئێوە ڕاست دەکەن کە دەڵێن زمانە بیانییەکان، بە تایبەت ئینگلیزی، زۆر هاتۆتە ناو کوردیی. ئەوەش تایبەت بە زمانی کوردی نییە، بەڵکوو هەموو زمانەکان لە ژێر کارتێکەریی ئینگلیزیدان. ئەمەش زۆر هۆی هەیە، لەوانە پەرەگرتنی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایت و ئینترنەتە، دەسەڵاتی نیزامیی و ئابووریی و سیاسیی ئەمریکا و ئینگلستانیش لەوێ ڕاوەستن. لە پێشدا، بوونی زمانە بیانییەکان زۆرتر لە ناوی شتەکان و شتومەکدا دەبینرا، بۆ نموونە "تەماتە"، "کراوات"، "تراکتۆر" و هتد. ئەوانەش بە کەمیی هەبوون چونکە دەوڵەتەکان و هێندێک سیستەمی زمانی، وەکوو فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە ئێران، هەندێک کۆنترۆلیان بە سەر زمانەکەیاندا هەبوو و نەیاندەهێشت کە وشەی بێگانە بە ئاسانی بێتە ناو زمانەکەیان. بۆ وێنە وشەی "یخچال"ی فارسی (کە بە کوردی دەبێتە چاڵەبەفر) نەیهێشت "ریفریجرەیتر"ی ئینگلیسی یان وشەی زمانێکی ئۆرووپایی دیکە بێتە ناو فارسی یان کوردیی لە ڕۆژهەڵات. سەرەرای ئەمەش هەندێک وشە بە کاناڵی گەڕیدەکان و ڕۆشنبیرانی وڵاتدا خۆیان دەخزاندە ناو زمانەوە. ئێستا ڕادەی وشە و دەربڕینە ئینگلیسیەکان لە ناو زمانەکانی دیکەدا، وەکوو فارسی یان کوردی، زۆر زۆرتر بووە. ئێستا، ئیتر خەڵک خۆی ڕاستەوخۆ پێوەندی لە گەڵ زمانی ئینگلیزی هەیە، جا بە هۆی ئینتێرنەتەوە بێ یان بە هۆی فیلمەکانی هالیوودەوە یان بە هۆی سەفەرکردنەوە. ئینگلیزی زۆر زۆرترڕەخنەی کردووەتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەو ڕەخنەکردنە لە دەرەوەی

وڵات زۆرتریشە. هەروەها، لە نێوگەنجەکاندا زۆرترە هەتا لە نێو بەساڵاچووەکاندا.

**کوردناسی: گرفتە ناوەکی و دەرەکییەکانی زمانی کوردی لە چیدا دەبینن؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ دەربازبوونی زمانی کوردی لە گرفتە کلاسیکی و ساختارییەکانی؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** نازانم مەبەستت لە گرفتە "ساختارییەکان" چییە. ئەگەر مەبەستت "گرامێر"ە، هیچ گرامێرێک گرفت نییە؛ هەر ئەوەیە کە هەیە. هیچ زمانێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی ئاخێوەرەکانیەوە جیا ناکرێتەوە. هەلومەرجی زمانی کوردی لەدایکبووی ئەو وەزعەیە کە خەڵکەکە تێیدایە. بۆ وێنە کوردی دوو شێوە نووسینی سەرەکی هەیە. بۆ؟ چونکە زمانی کوردی باکوور لە گەڵ زمانی تورکی دەژی کە بە پیتی لاتینە. هەتا ئەو پێکەوە ژیانەش، کە پیکەوەژیانێکی بەتۆپزیی و ناعادلانەیە، درێژەی هەبێ، کوردیی باکوور هەر ئاوا دەنووسرێ و لە بەشەکانی عێراق و ئێران هەڵدەبڕدرێ. یان نموونەیەکی تر: زمانی کوردیی سۆرانی (یان کرمانجی خواروو—با کەس دڵی نەیەشێ) لە کوردستانی عێراق زۆر پێشکەوتبوو، بە تایبەت لە سەردەمی چالاکبوونی کۆڕی زانیاری لە بەغدا. زمانی کوردی خەریک بوو باش ستاندارد دەبوو. بەداخەوە، لەو 15-20 ساڵانەی دواییدا زمانی کوردیی سۆرانی چەند دەهەیەک بەرەوپاش چووە. زۆر زەحمەتە تۆ نووسراوەیەک لە کوردستانی عێراقەوە ببینی و چەندها هەڵەی تایپ، ڕێزمان، ڕێنووس و خاڵبەندیی تێدا نەبینی. بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم کە 90 لە سەدای قەڵەمبەدەستانی باشوور نازانن ساکارترین خاڵبەندیی بکەن. واتە، زۆربەی هەرە زۆریان نازانن خاڵ (.) لە کۆما (،) جیا بکەنەوە؛ هەر بەو رادەیەش نازانن رستە لە پاراگراف جیا بکەنەوە. هەر ئێستا، بڕوانە یەکەم

لاپەڕەی هەر ڕۆژنامە، گۆڤار یان کتێبێکی کوردیی کە لە باشوور ئامادە کرابێت. دڵنیام، زۆر پاراگراف دەبینی کە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی یەک رستەیە. واتە، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی یەک خاڵی تێدایە؛ واتا یەک رستەیە. کاکە شتی وا بەس لە نووسراوەی کوردیدا دەبینرێ. دەی ئەوە بۆ ئاوایە؟ ئەوەش رەنگدانەوەی ئەو وەزعە ناسەقامگیرەیە کە کوردی باشوور تێیدایە. هەڵبەت ئەوە بۆ ئەوە نابێ کە پاکانە بۆ ئەم کەمتەرخەمییانە بکرێ. ئێستاش ئێمە قامووسێکمان نییە کە زۆربەی قوتابی و مامۆستا ددانی پێدا بێنن هەتا دەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکان یەکدەست بکەین. ئیتر وا نەبێ کە یەک بڵی "دەنگوباس"، ئەویتر بڵێ "هەواڵەکان" و ئەویتر بیکات بە "نووچە" و هتد. ئێستاش، نامیلکەیەک نییە کە بڵێ لە کوردیدا ئێمە دەبێ ئاوا خاڵبەندیی بکەین، بەمجۆرە سەرچاوە لە نووسراوەیەکدا دیاری بکەین و هتد (بە گشتی کتێبی ستایل)[1].

چارە چییە؟ چارەکە، چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە. دەبێ دەزگایەکی هەڵسوو، بە پسپۆری باشەوە، بە پارە و بودجەی باشەوە، دابمەزرێ بۆ ئەوە کە چەند کاری سەرەکیی بکا: قامووسێک بۆ هەردوو شێوەزاری کوردی چاپ بکا. لێژنەیەک هەر بەردەوام بێ بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو قامووسانە، تەنانەت پاشی چاپبوونی یەکەمجاریش. ئەوکارە دەکرێ ئەمڕۆژانە بە شێوەی ئەلەکترۆنیکی بکرێ. واتە ئەم فەرهەنگانە دەکرێ لە سەر ئینترنەت هەبن. بەم جۆرە خەڵکانی دیکە، ئاسایی یان شارەزا، دەتوانن هەم لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکاندا بەشداری بکەن، هەم دەتوانن کەلکییان لێوەربگرن. ئەو داموودەزگایەی کە ئەرکی پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی پێدەسپێردرێ دەبێ هەروەها کتێبێکی ستایل

[1] بۆخۆم ساڵی 1984 وتارێکم لە گۆڤاری سروەدا بڵاو کردەوە لە سەر خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا. وتارەکەم لە سەر ئەساسی کتێبێکی ستایلی فارسی نووسی. ناوی کتێبەکە بریتی بوو لە "روش تحقیق" کە لە لایەن د. ئاریانپورەوە نووسرابوو.

چاپ بکا. سەرچاوەیەکی ئاوا دەتوانێ کاریگەر بێ بۆ راپەڕاندنی ئەرکی ستاندارد کردن و یەکدەست کردنی نووسین. ئاوا، هەم بۆ یەکتر نووسین و هەمیش یەکتر خوێندنەوە زۆر ئاسانتر و خێراتر دەبێ. ئەو دەزگایە دەتوانێ بەشێکی زۆر لە هێزی خۆی تەرخانی پلاندانانی زمانی بکا بۆ کوردستان. بۆ وێنە لێبکۆڵێتەوە، دەمەتەقە بکا، راوێژ بکا، پاشان تەما بگرێ لە سەر ئەم بابەتانە: بە کامە زمان و تا چ قۆناغێک بخوێندرێ. لە هەموو کوردستاندا و لە هەر ناوچەیەکیشدا؟ لە چ قۆناغێکەوە عەرەبی بخوێندرێ؟ ئەدی شێوەزارە کەمینەکان چی؟ ئایا، لە دەڤەری بادینان هەر بە کورمانجی بخوێندرێ یان بە سۆرانی، یانیش بە هەردوو- کە من پێم وایە دەبێ هەموو خەڵکی باشوور لانی کەم ئەو دوو شێوەزارە بخوێنن؟ باشە، ئەگەر بە هەردوو بخوێنن، کەی و هەتا چەند ساڵ بە کامەیان؟ ئایا ئەم زمانانە هەر وەکوو مەوادێک بخوێندرێن (بۆ وێنە هەفتەی 4 ساعەت وانەی کرمانجی ژووروو یان عەرەبی هەبێت) یان ئەو شێوەزارانە کەرەسەی خوێندن بن (بۆ وێنە بەو زمانە فیزیک بخوێندرێ)؟ ئەمانە بابەتی یەکجار جیددین و کاری جیددیشیان گەرەکە. کورت وکرمانجی، کورد ئێستا دەسەڵات و نیمچەدەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سەت ساڵ بوو دەمانگوت دەوڵەتە داگیرکەرەکان زمانەکەمان دەفەوتێنن. باشە ئێستا کە لە بەشێکی کوردستان زمانەکە لە دەست حکومەتی کوردستان دایە، ئەو حکومەتە دەبێ ئەوەی پێویستە بیکا. تا ئیستا زۆر کەم کراوە. زۆربەی ئەوەش کە کراوە لە لایەن کەسانی ناشارەزاوە کراوە، زۆر زۆر بەداخەوە.

**کوردناسی: ئەو روانگانەی کە هەنووکە لە نێوان زماننناسە کوردەکاندا سەبارەت بە چاک کردنی زمانی کوردی، دۆزینەوە و هەروەها دروستکردنی وشە بۆ زمانی کوردی بوونیان هەیە بە چەند بەش و گروپ دابەش دەکەن؟ مێژووی ئەم چالاکییانە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** دارشتنەوەی زمان یان زمانەکان بەشێک بووە لە هەموو رەوتە ناسیۆنالیستییەکانی دنیا؛ بەشێک بووە لە هەموو پرۆژەکانی نەتەوەدامەزراندن. لە هەندێک شوێن ئەو زمان دارشتنەوە لە لایەن حکومەتانەوە کراوە، لە زۆر شوێنانیش بەر لە دامەزراندنی حکومەتی میللی، شاعیر و نووسەر و زمانەوان ئەو ئەرکەیان راپەراندووە. لە ناو کورددا بەو شێوەیەی دوایی بووە. هەندێک کەس لەو کارەدا زۆر سەرکەوتوو بوون. مامۆستا هێمن بۆخۆی پێی وا نەبوو کە لە وشەداتاشین شارەزایە، بەڵام پێی وابوو کە مامۆستا هەژار لە شارەزاترین کەسەکانی ئەم بوارەیە. ئەوە زۆر راستی تێدا بوو. بەڵام، لە گەڵ ئەوەشدا مامۆستا هەژاریش هەندێک جار لە رادەبەدەر شێوەزارەکانی تێکەڵ دەکردن تا ئەو رادەیە کە ئیتر ئاخێوەرانی هیچکام لە زاراوەکان لێی تێنەدەگەیشتن. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە "ئارێ برا وا رابرا" (تەرجومەی نووسینەکانی شەریعەتی) بکەی دەزانی مەبەستم چییە. هەڵبەت هەژار زۆر دانستە و بە مەبەست ئەو کارەی دەکرد: بە مەبەستی سازکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی. هەڵەکەی مامۆستا لەوە دا بوو کە پێی وابوو زمانی یەکگرتوو هەر بە وەرگرتنی وشە لە هەموو شێوەزارە کوردییەکان (ئەو دەیگوت لەهجە، یان زاراوە) و تێکەڵکردنیان دروست دەکرێ. بەڵام، راستەقینە ئەوەیە کە زمان بەر لە هەموو شت واتە گرامێر یان رێزمان. رێزمانی زمانەکانیش زۆر بە زەحمەت تێکەڵ دەکرێن. هەڵبەت بە درێژایی زەمان و کات رێزمانی زمانەکان دەگۆردرێن بەڵام زۆر زەحمەتە تۆ بتوانی بە ئانقەست بێی و تێکەڵاویان بکەی بۆ ئەوە کە زمانێکی دیکە دروست بکەی. وەرگرتنی وشە و تەنانەت دەربرین و زاراوەش دەکرێ و ئاسانیشە. بۆ وێنە، بە قسەی زمانەوانە ئینگلیسیەکان، نزیکەی پەنجا لە سەتی وشەکانی ناو زمانی ئینگلیسی بریتین لە لاتین و فەرانسەوی، بەڵام ئێستاش کە ئێستایە رێزمانەکەیان زۆر جیاوازە. هەر ئەوەش وەکوو دوو زمانی جیاواز ئەمانەی راگرتووە، لە گەڵ زۆر شتی تریش وەکوو دەنگەکان-فۆنیمەکان—و هتد؛ لە چاو ئەمانە، وشە تەئسیرێکی زۆر کەمی هەیە بۆ جیاکردنەوەی زمانەکان.

ئەوە بە تایبەت زۆر راستترە لە سەردەمی ئینتێرنەت و سەتەلایت دا. گوێ بدە شێوەی قسەکردنی کوردەکان (خۆشم یەکێک لەوانەم)، بە سەتان وشەی وەکوو کەمپیوتر، سترەس، سورپرایز، ئینترستینگ و هتد دەبیسی لە ئاخاڤتنەکەیاندا. کەلکوەرگرتن لەو وشە ئینگلیسیانە زمانی ئەو کوردانە هەر کوردییە، چونکە رێزمانەکەیان، شێوەی ریزکردنی وشەکانیان، شێوەی کۆکردنی ناوەکانیان، شێوەی پێوەلکاندنی ناو و راناوەکانیان هەر بە پێی یاسا رێزمانییەکانی کوردییە نەک ئینگلیسی.

**کوردناسی: چۆن چۆنی خەسارەکانی زمانی کلاسیکی کوردی شی دەکەنەوە؟ زمانی زانستیی کوردی چۆن پێناسە دەکەن؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** تێناگەم مەبەستت لە "خەسارەکانی زمانی کلاسیکی" کوردی چییە. پێشتر وابزانم باسی ئەوەم کرد. بەڵام، سەبارەت بە "زمانی زانستیی کوردی". ئەمە زۆر گرینگە.  ئەوە یەکێک لەو بەشانەی زمانە کە پێویستی بە کاری هەنووکەیی و بێوچان هەیە. بوارێک هەیە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن: ئینتلێکچووەلایزەیشن (Intellectualization)، واتە بەرۆشنبیریکردنی زمانێک. واتە، ئیشێکی ئەوتۆ بکەی کە بتوانی بەو زمانەی مەبەستە، وەکوو کوردی، باسی فەلسەفە بکەی، لە سەر کەمپیوتر بنووسی، گوتاری زانکۆ لە سەر فیزیک پێشکەش بکەی و هتد. لەو بوارەشدا هێندێک کاری شەخسی و کاری حکوومیش کراون. هەم لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا و هەمیش لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک وردە قاموس چاپ بوون کە هاوواتای وشەگەلی زانستی و ئەکادیمیان تۆمار کردووە. هەندێکیان زۆر لەبار و وەستایانەن. ئەوانە زۆرتر ئەو وشە و زاراوانەن کە بە بەربڵاویی کەلکیان لێوەردەگیردرێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە جێگای خۆیان کردۆتەوە و بەکەلکن. هەندێکیشیان جێگای خۆیان نەکردۆتەوە.  ئەوانە دەبێ یان سەرلەنوێ دابرێژرێنەوە یان

وشەی هاوتا لە زمانەکانی دیکە، وەکوو عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیسی بقۆزرێنەوە یان وەربگیردرێ.

**کوردناسی: بزووتنەوە ئیدۆلۆژییەکانی ناو کوردستان وەک ئیسلامی، مارکسی، ناسیۆنالیستی و لیبرالەکان چ کاریگەرییەکیان لە سەر بواری تایبەتی (تخصصی) و گشتی زمانی کوردی هەبووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەر کام لەم بزوتنەوانە بە شیوازی تایبەتی خۆیان و بە چەشنی جۆراوجۆر کەڵکیان لە زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەگەلی جیاوازیان بە زمانی کوردی زیاد کردووە یان لێیان کەم کردووە؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** وەڵامی ئەو پرسیارەت تا رادەیەک لەوەی پێشوودا دراوەتەوە. هێندێکی تریش پێویستە. ئەو رەوتە فکری و ئیدیۆلۆژییانەی ناوت بردن و زۆری دیکەش بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای خۆیان زمانی کوردییان بەو شێوەیە دەکار کردووە کە بە کەلکیان هاتووە. بەڵام، جیاوازییەک پێموایە لە ناو دوو بەشاندا هەیە. بەشی یەکەم لەو رێکخراو و کەسانە پێک دێ کە بۆ ئەوان زمانی زگماکی یان ئیتنیکی یان نەتەوەیی تەنیا کەرەسەی پێوەندیی گرتن نییە. بۆ ئەم بەشە زمان هەروەها بەشێکی گرینگە لە پێناسەی ئیتنیکی و نەتەوەیی خەڵکان. زۆربەی ئەوانە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە بە هۆی زمانەکەیانەوە خۆیان لە "ئەوانی دیکە" جیا بکەنەوە. وشە داتاشین و خۆپاراستن لە بەکارهێنانی وشەگەلی عەرەبی، فارسی و تورکی بەشێکە لەو ستراتیژییەی خۆجیاکردنەوە. بۆ ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە خۆجیاکردنەوە لە رێگای زمان جیاکردنەوەوە دەکرێ. هەندێک جار ئەوە بە رێنووس دەکرێ، بۆ نموونە بە جیاکردنەوەی رێنووسی زمانێکی ژێردەستە لە رێنووسی زمانی باڵادەست. دەکرێ بڵێین کە ئەم بەشە پێک دێ لە ناسیۆنالیستەکان و هەروەها ئەو کەس و رێکخراوانەش کە لەوانەیە ناسیۆنالیستیش نەبن بەڵام پرسی

نەتەوەیەکی ژێردەستە بۆیان گرینگە، بۆ وێنە لە روانگەی مافی مرۆڤەوە. ئەو بەشەی دوایی دەکرێ زۆر کەس و رێکخراوەی سەربەخۆ یان سەر بە ئیدیۆلۆژیی جیاواز، لە دینییەوە هەتا مارکسیستی، بگرێتەوە. بەشەکەی دیکە لەو کەسانە پێک دێ کە زمانیان هەروەکوو کەرەسەیەکی پێوەندیی چاو لێکردووە و بەس. ئەوانە ئەگەر ببینن کە دەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانانی دیکە باشتر دەبێتە هۆی گەیاندنی بیروراکانیان بە جەماوەری کوردستان، هەروایان کردووە و گوێیان لەوە نەبووە کە کوردییەکەیان پەتییە یان ناپەتییە. ئەو بەشەش دەکرێ لە زۆر کەس و رێکخراوەی سەر بە ئیدیۆلۆژیی جیاواز پێک بێ، هەڵبەت تا رادەیەک بە پێچەوانەی ئەو بەشەی یەکەم. با ئەو راستییەش بگوترێ کە زۆر کەس و رێکخراوە بۆ هەمیشە هەڵوێستێکی نەگۆڕیان نییە سەبارەت بە زمان و دەکارکردنی. هەروەکوو زمان خۆی، ئەوانەی کەلکیشی لێوەردەگرن، دەگۆڕدرێن. لە راستیدا، گەورەترین هۆ و دنەدەری گۆڕینی زمانێک بریتین لە ئاخێوەرانی ئەو زمانە. زۆر جار دەگوترێ کە زمان بۆخۆی زیندەوەرە و دەگۆڕدرێ، بەڵام لە راستیدا گۆڕانی زمان بەرهەمی گۆڕانی هەلومەرجی کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی ئاخێوەرانی زمانێکە. زمان چۆن دەگۆڕدرێ، چۆنی کەلک لێوەردەگیرێ، چۆن پەرەی پێدەدرێ، چ پلە و ستاتوسێکی پێدەدرێ، بەستراوەتەوە بە ئایدیۆلۆژیی و کردەکانی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران.

**کوردناسی: مەبەست لە زمانی ستاندارد چییە؟ پێتان وایە زمانی کوردی تایبەتمەندییەکانی زمانێکی ستانداردی تێدا هەیە؟ بۆچی؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** خۆشحاڵم کە ئەم پرسیارە دەکەی، چونکە ماوەیەکە قسەوباسێکی گەرموگوڕ لە کوردستانی باشوور و دەرەوەی وڵات سەبارەت بە ئەم بابەتە دامەزراوە. بە داخەوە، زۆربەی هەرە زۆری بەشدارانی ئەم

دیالۆگە چەند چەمکی سەرەتایی تێکەڵ دەکەن، وەکوو زمان، لەهجە/دیالەکت، زمانی ستاندارد، زمانی رەسمیی/فەرمیی و زمانی یەکگرتوو. زمان و لەهجە/دیالەکت هەر وا بە ساکاری لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. ئەوە کە بە چ شێوەزارێک دەڵێین زمان و بە کامەیان دەڵێین لەهجە (یان زاراوە یان دیالەکت) کەمتر وا هەیە بە پێی پێوانەی زمانناسیی یان بە پێی هیچ زانستێکەوە بێ (پێوەری زمانناسسی وەکوو جیاوازیی رێزمان، فۆن، مۆرفۆلۆژیی و هتد). لە باتیان، قەزاوەتی لەم بابەتە زۆرتر ریشەی لە فاکتۆرە مێژوویی، سیاسی و ئیدیۆلۆژیکیەکان دایە. بۆ نموونە، سوێدییەک و نۆروێژییەک لە یەکتر تێدەگەن، بەڵام هیچکام ئامادە نییە کە بە لەهجە یان دیالەکتی زمانێکی دیکە بناسێندرێ. هەردووک خۆیان بە زمانی سەربەخۆ دەزانن. لە چین، نزیکەی 30 زمانی جیاواز هەن، بە تایبەت دوو زمانی "مەندرێن" و "کەنتنیز" قسەکەریان یەکجار زۆرە. ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە، مادام ئەوەکە زمانەکەی دیکە فێربووبن، دەنا لە یەکتر تێناگەن؛ زۆر جیاوازن لە یەکتر. کەچی دەوڵەتی چین بە هەردووکیان دەڵێ دیالەکتی چینیی. واتە، ئەم تەمایانە سەبارەت بە ناودێرکردنی شێوەزارەکان تەمای سیاسیی و ئیدیۆلۆژیکین نەک زمانەوانیی. ماکس واینرایش، زمانەوانێکی ئاڵمانی، قسەیەکی بەناوبانگی هەیە: "زمان دیالەکتێکە کە خاوەنی سوپایە". واتە، ئەگەر کیانی سیاسیت هەبوو، ئەوە شێوەئاخاوتنەکەت دەبێت بە زمان. ئەگەر کیانی سیاسیشت نەبوو، شێوەزارەکەت زۆر جاران بە دیالەکت دەناسرێ. جا بۆیە جیاکردنەوەی دیالەکت و زمان هەروا ئاسان نییە. هەروەها، چونکە کاتێک بە شێوەزارێک دەڵێین زمان یان لەهجە لە ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە قسە دەکەین، من پێم وایە زمانناسەکان باشترە هەر لە چەمکی "شێوەزار" کەلک وەربگرن نەک زمان یان دیالەکت. کوردیی چەندین شێوەزاری سەرەکیی هەیە.

جیاوازی زمان و زمانی ستاندارد: دەکرێ بە هەموو شێوەزارێک بگوترێ زمان بەو مەرجە کە ئاخێوەرەکانی ئەو تەمایە بگرن. زۆربەی کاتانیش ئەو کۆمەڵە ئاخێوەرە بە شێوەزارەکەیان دەڵێن زمان کە یان دەسەڵاتی سیاسی (وەکوو دەوڵەتی نەتەوەیی یان ئۆتۆنۆمی)یان هەبێ یان ئاوات و ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی ئەوتۆ تێیاندا بەهێز بێت. هەموو شێوەزارێک دەتوانێ ببێتە ستاندارد. بەڵام، هەموویان هێشتا ستاندارد نین. زمانی ستاندارد واتە زمانێک کە لە ناو جڤاتێکدا یان کۆمەڵگەیەکدا دەبێتە زمانی **یەکدەستی** پێخوێندن، کاروباری دامودەزگا مەدەنی و جەماوەرییەکان و زمانی میدیا. هەموو زمانێک، بەو مەرجە کە هەلی بۆ برەخسێ، دەتوانێ ستاندارد بێ یان بکرێ. لە ناو کۆمەڵگەیەکدا دەکرێ زۆرتر لە یەک شێوەزار ستاندارد بێ. وشەی ستاندارد لە ئینگلیسی دا بریتییە لە "standard" . پرۆسەی ستانداردکردن لە ئینگلیسیدا واتە "standardize". زمانی ستانداردکراویش دەبێتە "standardized language، یان Standard Language ". بە داخێکی گرانەوە لەم دواییانەدا کەسێک بە ستانداردکردنی گوتووە "ستاندەرایز کردن" و خەڵکێکی زۆریش ئەمەیان دووپاتە کردۆتەوە. لە راستیدا، "ستاندەرایز" لە هیچ زمانێکدا هەر بوونی نییە. ئەو کەسەی هێناویەتی ویستوویە بێژێ "ستاندردایز" کە هەر بۆ خۆی و بە تەنیایی واتە "ستاندارد کردن". بەو پێیە "ستاندرایز یان ستاندردایز کردن" دەبێتە "ستاندارد کردن کردن". ئەوەش هەڵەیە. کەوابوو، راستە بێژین "ستاندارد کردن".

سەبارەت بە زمانی کوردیی، من پێموایە ئێستا دوو شێوەزاری ستانداردی کوردیمان هەن: کورمانجیی خواروو (سۆرانیی) و کرمانجیی ژوورو (کورمانجیی). هەردووکیان لە باشوور زمانی پێخوێندنن، زمانی بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگا کۆمەڵایەتییەکانن، زمانی میدیان و، ژانرای جۆربەجۆریان پێ نووسراوە. هەردووکیان رێزمانیان بۆ نووسراوە، فەرهەنگ و قامووسیان هەیە و، لە بەر دەکارهێنانی بەردەوامیان، هەردووکیشیان پرۆسەی

مۆدێرنیزەبوون درێژە دەدەن. کەوابوو کوردیی، ئێستا، زمانێکی جووتستانداردە. بەڵام، پرۆسەی ستانداردکردنی هیچکامیان تەواو نەبووە. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە کورمانجیی خواروو زۆرتریش ستاندارد بووە. لە راستیدا، پرۆسەی ستانداردکردنی هیچ زمانێک قەت تەواو نابێ، چەنکە زمان رەنگدانەوە و سازکەرەوەی ژیانی کۆمەڵگەیەکە. هەتا ئەو ژیانە لە گۆڕاندابێت زمانیش هەر لە گۆڕاندایە.

هەرچەند پرۆسەی ستانداردکردنی دوو شێوەزارە سەرەکییەکەی کوردیی دەمێکە دەستی پێکردووە، هەردووکیان پێویستیان بە ئەوەیە کە زۆرتر بە پرۆسەی "ئینتەلەکچووەلایزەیشن" یان پرۆسەی "بەرۆشنبیرکردن"دا برۆن. دەبێ هەردووکیان زۆرتر مۆدێرنیزە بکرێن بۆ ئەوە کە بکرێ هەموو بابەت و باسێکیان پێ بنووسرێ و بگوترێ. هەروەها، هەردوو شێوەزار پێویستیان بە ئەمەیە کە یەکدەستتر بکرێن. بۆ نموونە، باشترە هەموو کاناڵەکانی دەنگوباس یەک وشە دەکار بێنن لە باتی ئەوە کە هەریەکە بە ربەی خۆی بیپێوێ و بڵێ "دەنگوباس"، یان "هەواڵەکان"، یان "نووچە". ئینگلیسی بەو هەموو دەوڵەمەندییەی خۆیەوە یەک وشە بەکار دێنێ: نیووز. یان بۆ نموونە، پێویستە ساغ ببینەوە کە لە سەر چ ئەساسێک وشەی رۆژئاوایی دێتە ناو زمانەکەمان. ئەوە بە تایبەت لە لایەن کوردەکانی دەرەوەی وڵاتەوە زۆر شێوێندراوە. بۆ وێنە بۆ یەک وشە چەندین شێوەنووسین و گوتن هەیە، وەکوو: ستراکچر، ستراکتۆر، ستراکتر، ستراکچور و هتد، هەموویان بە واتای "قەوارە" و "پێکهاتە". ئەوەی کە هەندێک فەڕانسی فێر بووە راوێژە فەرانسییەکە دەهێنێتە ناو کوردی. ئەوەی کە لە ئەمریکا یان بریتانیا دادەنیشێ و بە کوردی دەنووسێ راوێژە ئینگلیسیەکەی وشەکە دەهێنێتە ناو کوردی. ئەمە بە رای من سەرلێشێواوییەکی سەیری هێناوەتە ناو زمانی کوردی، هەر بە تەنیا لە کوردستانی عێراق. من هەر باسی ئەوە ناکەم کە کوردێک دەڵێ "ئوتریش" و ئەوی دیکە دەڵێ "نەمسا" و ئەوی دیکەش دەڵێ "ئوستریا" یان "ئاوستریا".

با لە کۆتاییدا ئەمەش بڵێم: ئەمڕۆ لە کوردستان، بە رای من سێ بابەت هەن کە دەبێ زۆرتر باسیان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە: (ئـ) ئایا پێویستە زمان یان زمانگەلی رەسمیی لە کوردستان هەبن و، کامەیان و، چۆن؟ (ب) چۆن ئەو شێوەزارانەی پرۆسەی ستانداردبوونیان دەمێکە دەستپێکردووە (مەبەست کرمانجی و سۆرانی) ستانداردتر بکرێن؟ (پ) چۆن دەرفەت بڕەخسێندرێ بۆ زمانە کەمینەکان (وەکوو تورکمانی) و هەروەها ئەو شێوەزارانەی کە خۆیان بە جیاواز لە سۆرانی و کورمانجی دەزانن (وەکوو هەورامیی) بۆ ئەوە کە ستاندارد بکرێن (رێنووسیان بۆ بنووسرێ، قامووسیان بۆ ئامادە بکرێ و پێیان بخوێندرێ).

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئەگەر فۆڕمی نوسینی زمانی کوردی-سۆرانی بگۆڕدرێ و بە گشتی دەق و نووسینەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتین بنووسرێن(وەک کوردی - کرمانجی) کاریگەری لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا نابێ؟ بە گشتی ڕاتان سەبارەت بە ڕێنووسی لاتینیی کوردی چییە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئەم پلانە ئیمکانی سەرگرتنی هەیە؟ بۆچی؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکم نەدیتووە کە نیشان بدا ئاخێوەرانی زمانگەلێکی وەکوو فارسی یان عەرەبی ، کە بە پیتی جیاواز لە ئینگلیسی دەنووسن، درەنگتر زمانی ئینگلیسی فێر دەبن لە چاو ئاخێوەرانی زمانێکی وەکوو تورکی کە بە پیتی لاتین دەنووسن. لە ناو ئەدەبی فێربوونی زمانی ئینگلیسی وەکوو زمانی دووهەمیشدا، کە ئەدەبیاتێکی یەکجار دەوڵەمەندی بە زمانی ئینگلیسی هەیە، هیچ پێشنیاری جیدی لەم بارەوە نەکراوە. هەندێک قسە کراون. بۆ وێنە هەندێک پێیان وایە کە رەنگە بۆ کەسێک کە بە تورکی خوێندبێتی ئاسانتر بێت کە نووسراوەی ئینگلیسی بخوێنێتەوە لە چاو کەسێک کە بە عەرەبی خوێندبێتی، بە چەند هۆ. بە پێچەوانەی ئینگلیسی و

تورکی، عەرەبی لە راستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و، رادەیەکی زۆریش لە پیتەکان بە یەکەوە دەنووسێن. کەوابوو رەنگە، جیاوازیی لە سیستەمی نووسیندا تەئسیر لە سەر توانایی خوێندنەوە دابنێت، بەڵام بە دووری دەزانم کە تەئسیری لە سەر فێربوونی زمانێکی دیکە هەبێت. بە پێچەوانەی ئەلفوبێ و سیستەمی نووسین، خزمایەتی یان جیاوازی لە وشە و رێزماندا تەئسیریان هەیە لە فێربوونی زمانی زێدە دا (وەکوو ئینگلیسی). زۆر لێکۆڵینەوە ئەمەیان نیشان داوە. بۆ وێنە، بە گشتی، هۆلەندییەک یان ئاڵمانییەک بۆی ئاسانترە کە ئینگلیسی فێر بێ لە چاو کوردێک یان فارسێک. هەڵبەت ئەوەش ناکرێ دەرحەق بە هەموو کەس راست بێ؛ کەسانی هەڵکەوتە و شاز لە بواری زمان فێربوونیشدا هەڵدەکەون. لەوانەیە ئێرانی یان کوردی وا هەبن کە لە هەندێک ئالمانیی باشتر ئینگلیسی بزانن.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەت کە دەڵێ رای من چییە سەبارەت بە رێنووسی لاتینیی کوردی: بەش بە حاڵی خۆم هەر بەو ئاسانییە کە بە پیتی ئاڵوگۆڕکراوی عەرەبی/ئارامیی دەتوانم کوردی بنووسم، هەر بەو ئاسانییەش دەتوانم کوردی بە لاتینی بنووسم. بەڵام، بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە کە خوێندنەوەی کوردی بە پیتی لاتینی بۆم گرانترە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەزموون. هەربەو رادەیە کە کەمتر کوردیی لاتینم خوێندۆتەوە هەر بەو رادەیەش بەکاوەخۆترم لە خوێندنەوەی دا. نزیکەی پازدەساڵ لەمەوبەر کە هێشتا ئەم پیتانەی ئێستا پێیان دەنووسم نەهاتبوونە سەر کامپیوتێر، ناچار بووم بۆ دەزگایەکی کەنەدیی، کوردیی بە لاتین بنووسم، هەم سۆرانی و هەمیش کورمانجی. پاشان دەبوو لە ستودیۆ تێکستەکە بخوێنمەوە و تۆماری بکەم بۆ یانەیەکی وەرگێڕیی. بۆم دەرکەوت کە خوێندنەوەی سۆرانی بە پیتی لاتین بۆم گران بوو؛ لە خوێندنەوەکەدا زوو هەڵەم دەکرد و دەبوو رستەکان دووپاتە و چەندپاتە بکەمەوە. بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە من ماوەی پێنج ساڵان لە کاری رادیۆدا بووم و قسەکردنی ناو ستودیۆ

تارادەیەکی زۆر ئێستاش بەلامەوە ئاسانە. بەڵام، خوێندنەوەی تێکستە سۆرانییەکە بە پیتی لاتین ئاوا ئاسان نەبوو. هەڵبەت، ئێستا پاشی 15 سالان لێی راهاتووم.

به گشتی من پێم وایه که رێنووس شتێکی قەراردادییە. خەڵکانی کۆمەڵگەیەک لە سەر رێنووسێک و ئەلفوبێیەک ساغ دەبنەوە و دەکاری دێنن. وێناچێ کە ئەمە گرفتێکی ئەوتۆ ساز بکا. گۆڕینەکەشی هەرواتر. رەنگە لە هەندێک بوارانەوە بە پیتی لاتین نووسین گونجاوتر بێ لە دنیای میدیای دیجیتالیدا، لە دنیای کەمپیوتێردا. **رەنگە** رۆژئاواییەکانیش زووتر فێری خوێندنەوەی کوردی بن ئەگەر بە لاتین بێ. هەموو ئەم ئەگەرانە هەن. بەڵام، شتێک زۆر گرینگە کە لە بەرچاو بێ: رێنووسی زمانێک زۆر کاتان ریشەی لە کولتوور، سیاسەت و مێژووی کۆمەڵگەیەک دایە نەک لە پێکهاتە زمانییەکەیدا. لە زۆر شوێنان رێنووس گۆڕاون نەک لە بەر ئەوە کە زمانی ئینگلیسی یان زمانێکی دیکە فێر بکرێ، بۆ وێنە لە تورکیە. هۆی گۆڕانی ئەلفوبێ زۆرتر سیاسیی و هەنگاوێکی ئایدیۆلۆژییانە بووە.

**کوردناسی: چ وڵامێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە رۆشنبیر و زماننناسانەی وڵاتانی دەسەڵاتدار کە زمانی کوردی بە زاراوە یان بەشێک لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** تاوانەکە لە تاکەکەسان نییە، بەڵکوو لە ئایدیۆلۆژییایەکە کە پێی دەڵێن "ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت-نەتەوە" و "ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ". پێویست ناکا کە ئەمەش هەر لە رۆشنبیری فارس و تورک و عەرەبدا ببینی. ئەوە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیی هەموو ناسیۆنالیستەکانی بەرچاوتەنگ بووە لە درێژایی مێژوودا. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئینگلستان زمانی ئیرلەندی و وێلزەکان بە زاراوە یان راوێژی ناگرینگ و

دیالەکت ناوزەد دەکران. لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا ئەگەر سەربازێکی ئینگلستانی گوێی لێ بوایە کە سکاتلەندییەک بە زمانی خۆی واتە "گەیلک" گۆرانیی دەڵێ ئەوە سزای دەدا. ئەوە زۆر گرینگە کە بەڕاستی بیزانین. کاتێ عەرەبێک شتێکی ئەوتۆ بڵێ زۆر بۆی هەیە کە بە هۆی قین و غەرەزی شەخسییەوە نەبێ، بەڵکوو لەوانەیە کە لە روانگەیەکی زۆر جیددییەوە ئەوە بڵێ. ئەو روانگە جیدییەش بریتییە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی. چاو لە کۆمەڵگەی کوردەواریی بکە لە کوردستانی عێراق . ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە قەڵەمبەدەستان، کە هێندێکیان زۆر بەناوبانگیشن، کاتێ باسی بادینی و هەورامی دەکەن هەمان زمانی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگی عەرەب و فارس و تورک دەکار دێنن؛ ئەوانیش ئەم شێوەزارانە بە راوێژ، زاراوە و بنزاراوە دەزانن. زۆرتر لەوەش بە سووکایەتی بە ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانە ئێژن "خێڵ"، "عەشیرەت" و "گوندیی" و هتد. کورتوکرمانجی، هەمان هەڵوێستی رەگەزپەرستانە دەگرن کە ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگەکانی عەرەب و تورک و فارس لەمێژە لە ئاست زمان و کولتووری کوردی هەیانبووە. رەنگە بە ئاشکرایی وا نەڵێن، بەڵام لە ژێرپەردەی وشەرەنگینییەوە دەیلێن. بۆ وێنە دەڵێن لە کوردستانی عێراق یەک زمانی یەکگرتوو هەیە کە ستاندارد بووە، کە ئاشکرایە وا نییە. داواش دەکەن کە هەر ئەمە ببێت بە زمانی رەسمیی هەرێم. ناوی ناهێنن، بەڵام هەمووومان دەزانین کە مەبەستیان لە کوردیی ناوەڕاست، یان کرمانجی خواروو یان سۆرانییە (هەموو یەک واتایان هەیە). خۆ ئەگەر ئاخێوەرانی کورمانجیی ژووروو لە بادینان پێیان وا بووبایە کە زمانەکەیان ستاندارد نییە و تەنیا کوردیی ناوەڕاست دەبێ رەسمیی بێت لەوانە بوو کە ئەمە زۆر کێشە نەبایە، هەرچەند لەم حاڵەشدا مافی ئەوان هەر پێشێل دەکرا. بەڵام بە هەرحاڵ ئێستا ئاخێوەرانی کوردی لە بادینان رایان جیاوازە. پێیان وایە کە کورمانجیی ژوورووش، شێوەزارەکەی خۆیان، ستاندارد بووە، واتە پێی دەخوێندرێ و کاروباری دەوڵەتیی پێ هەڵدەسووڕێندرێ و میدیاش پێی دەنووسێ و پێی داخێوێ.

**کوردناسی**: به ڕای ئێوه زماننناسانی کورد دەبێ له هەوڵی پاکتاوکردن و خاوێنکردنەوەی زمانی کوردیدا بن و خۆیان وشەی هاوتا و زاراوەی بۆ دروست بکەن یان گرفتێک نییه و وەرگێڕه کوردەکان له کاتی وەرگێڕاندا له زمانەکانیترەوه بۆ سەر زمانی کوردی له وشەگەلی عەرەبی فارسی، ئینگلیزی و باقی زمانەکانی تر کەڵک وەرگرن لەو کاتانەدا که وشەی کوردی بۆ نەدۆزریتەوه یا خود تێگەیشتنی بۆ خەڵک زەحمەت بێت یا واتاکەی ئاسان خۆ بەدەستەوه نەدات؟به گشتی چ وڵامێک یا خود پێشنیارێکتان هەیه بۆ ئەو دەسته له زماننناسه کوردانه که پێیان وایه زمانی کوردی دەبێ له وشەگەلی خاریجی خاوێن بکرێتەوه، له جیاتی ئەوان دەستەواژه یان زاراوەی نوێیان بۆ ساز بکرێ؟

**جەعفەر شێخولیسلامی**: له وەڵامی پرسیاری یەکەمت دا دەڵێم: بەڵێ. با یەک شت ساغ بکەینەوه: وشەداتاشین و دەرهاویشتنی وشه بێگانەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی نییه، بەڵکوو بۆ خۆ جیاکردنەوه له زمانه باڵادەستەکانه. ئەوه ئەگەر له هەموو زمانەکاندا نەکرابێ له زۆر زماناندا کراوه. له ئەمریکا بۆ ئەوه که ڕۆشنبیرانی ئەمریکایی پێناسەی خۆیان له ئینگلستان جیا بکەنەوه، به نوێنەرایەتی وێبستر، دەسکاری ڕێنووسی ئینگلیسیان کرد. زەقترین پرۆسەی هەڵوەژێرانی زمان له تورکیه کرا. کوردی ئێران هەوڵدەدا وشه فارسییەکان دەرهاوێ، بەڵام کاتێ وشەیەکی عەرەبی وەکوو "زەخت" دەبینێ پێی وایه کوردییه و کەلکی لێوەردەگرێ. لەولاوەش کوردی که ئەمه دەزانێ "زەخت" له خۆی ناکا و "فشار" دەکار دێنێ. یان کوردی بنووسبەدەستی وامان هەن که وشەگەلی وەکوو جوان، شەپاڵ، دەلال، ژیکەڵه، چەلەنگ، شەنگ، شۆخ و هتد وەلادەنێ و وشەی فارسی "قەشەنگ" دەکار دێنێ و خۆشی پێ ڕادەنێ. بۆ؟ چونکه پێناسه ئیتنیکی و نەتەوایەتییەکان له جیاوازی دەگەڕێن. بۆ سەلماندنی پێناسەی جیاوازی ئیتنیکی یان نەتەوەیی خۆیان، کوردی ئێران بەس بۆی گرینگه که بڵێ فارس نییه، کوردی عێراقیش

بۆی گرینگە کە بڵێ عەرەب نییە. کەوابوو، رەنگە سەیر نەبێ کە قەڵەمبدەستانی کورد وشەی ناکوردیی دەرباوێن و وشەی تازەش داتاشن. بۆخۆم زۆرم ئەمە کردووە. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، ئەرکی پێداچوونەوەی دوو کتێبم بە ئەستۆوە بووە کە لە لایەن یانەی فیدراسیۆنەکانەوە لە کەنەدا بە کوردی ئامادە کران. لە هەردووک کتێبدا وێڕای وەرگێڕەکان بەشداریم کردووە لە داتاشین و هەڵاواردن، تەنانەت هەندێک جار بە نابەدڵی. بەڵام، لە گەڵ زێدەڕۆییدا نیم. بۆ نموونە بە لای منەوە قیامەت رانابێ ئەگەر وشەگەلی وەکوو "حکومەت" ، "دەوڵەت"، "واحید" و هتد کەلکیان لێوەربگیردرێ. ئەمانە و زۆر وشەی دیکەی فارسی و تورکی و عەڕەبی دیکەش هیچ گرفتێک بۆ پلەوپایەی کوردی پێک ناهێنن. زمان بەر لە هەموو شت بریتیە لە رێزمان و فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی. بۆ وێنە بڕوانە ئەم رستەیە: "حکومەتی مەسئول ساحیبی ئیعتیبارە." هەرچەند ئەم رستەیە پڕییە لە وشەی "ناکوردیی" بەڵام دەزانین کە کوردییە چونکە رێزمانەکەی کوردییە. ئەگەر لە رۆژنامەی کورستانی سەردەمی کۆماری مەهاباد بڕوانی زۆر رستەی لەم بابەتە دەبینی.

با ئەوەش بڵێم کە نەخۆشییەک تووشی زمانی کوردی بووە، ئەویش بریتیە لە هێنانی وشە رۆژئاواییەکان، بە تایبەت ئینگلیسی، بە شێوەیەکی ناشارەزایانە بۆ نێو زمانی کوردی. وشە هێنانە نێو کوردی لە هەر زمانێکەوە قەیدی ناکا. رەنگە ئەگەر پێشمان ناخۆش بێ هیچمان پێنەکرێ. بەڵام، خۆزگە بە شیوەیەکی شارەزایانە ئەم کارە کرابا. بۆ وێنە، پێشتر باسی وشەی "ستاندرایز"م کرد کە گۆیا بۆیە ئاوا بە هەڵە هاتۆتە ناو کوردی "بۆ ئەوە کە لەگەڵ خەسلەتی زمانی کوردی بگونجێ". بەڵام، هیچ خەسلەتێکی دەنگناسیی و وشەناسیی لە کوردیدا پێشی ئەوە ناگرێ کە ئێمە بڵێین "ستانداردکردن". خۆزگە ئەوانەی لە کوردستانن هەروا بە ئاسانی ئەو وشە و دەربڕینانە نەقۆزنەوە کە کوردەکانی تاراوگە، بە تایبەت ئەوانەی زمانە بیانییەکان بە

باشی نازانن، دەکاریان دێنن. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کوردی وا هەیە بیست ساڵە لە ڕۆژئاوایە و هێشتا ناتوانێ لاپەڕەیەکی ڕۆژنامە بە زمانێکی ڕۆژئاوایی بە ئاسانی بخوێنێتەوە. هەر تەنیا چونکە یەکێک لە فەرانسە بووە، جا ئەگەر بیست ساڵیش لەوێندەرێ بووبێ، نیشانەی ئەوە نییە کە فەرانسی بەو ڕادەیە دەزانێ کە شارەزای پێچوپەناکانی ئەو زمانە بێ و بتوانێ تەرجەمە بکا و هتد. خۆزگە ئەوانەی هەندەرانیش هەر بە قەد بەڕەی خۆیان پێیان ڕاکێشابا و لە خۆڕا و کوتوپڕ نەبووبان بە وەرگێڕ و شارەزای زمانان، هەر بە حوکمی ئەوە کە لە وڵاتێکی دیکە دەژین.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردی وەرگێڕە کوردەکانی لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی چ لە وەرگێڕانی دەقدا یان خۆ وەرگێڕانی دەماودەم تووشی گرفت کردووە یان تووشی گرفتیان دەکات؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ چارەسەریی ئەم گرفتە؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** ئەوە پێم وانییە گرفتێکی جیددی بێ بەو مەرجە کە وەرگێڕان و نووسەران بەرچاوتەنگیی ناوچەیی وەلا بنێن. ئەگەر ئاوا بێ، ئیتر وەرگێڕێک لە باتی ئەوە کە بنووسێ "لە ماڵایە"، دەنووسێ "لە ماڵدایە"، لە باتی ئەوە کە بنووسێ "چوومە شاری"، دەنووسێ "چوومە شار"، لە باتی ئەوە کە بنووسێ "نانم خواردۆ" دەنووسێ "نانم خواردووە" و هتد. ئەو دامودەزگایەی کە پێشتر گوتم پێویستە هەبێ بۆ ئەوە کە بە یەکدەستکردنی زمانی کوردی ڕابگا لەم بوارەدا زۆر یارمەتیدەر دەبێ.

**کوردناسی: وەرگێڕانی دەقە زانستی و ئەکادێمییەکان لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی بە ڕای ئێوە دەتوانێ چ یارمەتییەک بکا بە زمانی کوردی؟ چالاکیی لەم چەشنە لە ناو وەرگێڕە کوردکاندا لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** دەوڵەمەندتری دەکا و، وا لە زمانی کوردی دەکا کە ئەرکی پێویستی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەوانەش زانست و ئەکادیمی، بەڕێوە ببات.

**کوردناسی: بەشی هەرە زۆری وەرگێڕە کوردەکان لە جیهاندا لە پیاوانی کورد پێکهاتوون، هۆکارەکانی بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئا- بێ مەیلی ژنان و کچانی کورد بۆ بەشداری لە بواری وەرگێڕاندا و گەشەپێدانی؟ بێ- یان یاساکانی پیاوسالارانە لە ناو بنەماڵە کوردەکاندا؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** پیاو زۆرتر ڕێگای خوێندەواریی و هەڵسووڕان وچالاکیی کولتووریی هەبووە. بۆ؟ چونکە پیاو دەسەڵاتدار بووە، ئابووری لە دەستدا بووە و سیاسەتی لە بەر رکێفدا بووە. هەندێک لێکۆڵینەوە لە ڕۆژاوا نیشانیان داوە کە ژن باشتر لە پیاو زمانی دووهەم فێر دەبێ. ئەگەر پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسیی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بێتە هاوسەنگی پیاوان، ئەوکات لەوانەیە ژمارەی وەرگێڕانی ژن زۆرتریش بێ لە ژمارەی وەرگێڕە پیاوەکان. لەوانەیە وەرگێڕی زۆر باشتریش لە ناو ژناندا هەڵکەوێ.

**کوردناسی: وەرگێڕە کوردەکان چەندە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لە سەر خۆڕێکخستن و خۆ گونجاندنی دیاسپۆرای کوردی لە وڵاتەکانی تر؟ دەور و ڕۆڵی وەرگێڕە کوردەکان بۆ ئاشنا کردن و ناساندنی زیاتری کۆچبەر و پەنابەرەکان لە گەڵ فەرهەنگی گشتی وهاوچەرخ و ئەمڕۆیی لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکاندا چییە؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** هەرچەند لە بەر سەرقاڵیی زۆر بە ژیانی ئەکادیمیەوە چەند ساڵێکە بە دەگمەن کاری وەرگێڕان دەکەم، لە ساڵی 1990ەوە وەرگێڕی رەسمیی دادگاکانی پارێزگای ئۆنتاریۆ بووم لە کەنەدا. کاتی خۆی بۆ یانەی پەنابەران، سۆسیال (وێلفێر)، دامودەزگا دەوڵەتیی و نادەوڵەتییەکان کاری وەرگێڕانم کردووە. دە ساڵ لەمەوبەر لە ئامادەکاریی تاقیکاری بۆ وەرگێڕانی کورد (هەم کوردیی ناوەڕاست و هەم کورمانجیی ژووروو) چالاکانە بەشدار بووم. شەش ساڵێک لەمەوبەر لە سەر داوای دەوڵەتی هەرێمی ئۆنتاریۆ بە کتێبۆکەی رێنوێنی بۆ تازەهاتووەکانی ئۆنتاریۆدا چوومەوە و ئامادەم کرد کە بە کوردی چاپ بکرێ و، کراش. حەز دەکەم وا بیر بکەمەوە کە ئەمانە یارمەتی کوردەکانی ئەم هەرێمەیان داوە. بەڵام بۆ ئەوە کە راستییەکە بزانی دەبێ لە خەڵکەکە بپرسی یان لە بەرپرسان. لە شوێنی وەکوو سوێد کاری زۆر باش کراون. مامۆستا حەسەنی قازی کاتی خۆی چەندین قامووسی بە دوو زمانی سویدی و کوردی بۆ راپەڕاندنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە کرد. کتێبی کوردیی بە هەردوو شێوەزاری سەرەکی لە سوید ئامادە کراوە. ئێستاش وا بزانم لە فێرگەکان وانەی کوردی بەو کتێبانە دەڵێنەوە. مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی لە ئینگلستان زنجیرەیەک کتێبی منداڵانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. نموونەی ئەم کتێبانەم تەنانەت لە شوێنەکانی چاوەدێری لە منداڵ لە کەنەدا بینیوە. کاری لەو بابەتە لە لایەن زۆر کەسی دیکەوە کراون کە بێشک سوودی باشیان هەبووە.

**کوردناسی: به ڕای ئێوه ئاشنا بوونی کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی وڵات بە زمانەکانیتر، کە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئاشنابوون بە فەرهەنگی جیاواز و مۆدێڕن تا چەند دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە گەشە پێدان و مۆدێڕنکردنی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگای کوردستان؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** بەشێکی ئەمەم لە وەڵامدا بۆ پرسیاری 13 باس کرد. بە گشتی من لە گەڵ ئەوەدا نیم کە چونکە کوردان لە دەرەوەی وڵاتن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک شارەزای فەرهەنگی مودێرنی رۆژئاوا دەبن؛ بڕوام بە ئەمەش نییە کە هەر ئەم کوردانەی تاراوگەش بتوانن فەرهەنگی ناو کوردستان مۆدێرن بکەن. رەنگە هەندێک شت بکرێ، بۆ وێنە هەندێک کەس کە خوێندنی باشیان هەبووە یان لە بواری ئیش و کاسبکارییەوە لە رۆژئاوا سەرکەوتوو بوون رەنگە بتوانن لە سەر کوردستانیش تەئسیریان هەبێ (دیارە هیواکە ئەمەیە کە تەئسیری باشیان هەبێ). هەندێکیش هەر بە حوکمی کراوەییان رەنگە زۆر شتی باش یان خراپ لە رۆژئاوا فێر بن. بەڵام، بە رای من زۆربەی کوردەکان، بە تایبەت بەرەی یەکەمی پەنابەر، هەر بە رواڵەت لە رۆژئاوا دەژین، دەنا هەر ئەو شێوەژیانە و زمانەیان هەیە کە لە کوردستان هەیانبوو (هەڵبەت هەموویان نا، بەلام زۆربەیان). هەن ئەوانەی کە کچیان لە کوردستان دەکوشت و لە سوێد و ئینگلستانیش هەر کچ و ژن دەکووژن. کەسانێکیش هەندێک زمان فێر دەبن و رەنگە بشخوێنن لە زانکۆ، بەڵام زۆر جاران وا وێدەچێ کە بەس بۆ خۆڕانان و ئیفادە بە سەر خەڵکی دیکەدافرۆشتن وشەی رۆژئاوایی دەکار دەکەن، بە بێ ئەوە کە پێویست بکا. بۆ نموونە، وشەی "تۆلەرانس" یان "تالەرنس" بووەتە باو لە کوردستانی عێراق. بە رای من لە لایەن کوردەکانی دەرەوەڕا چووەتە ئەوێ. کورت و کرمانجی "تالەرنس" واتە "تەحەمول". لە دۆستێکی تەواو شارەزام پرسی کە بۆچی نانووسێ "تەحەمول" کە خەڵک لێی تێبگا و بۆ دەنووسێ "تۆلەرانس". لە وەڵامدا گوتی کە تۆلەرانس واتایەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەیە کە تەحەمول نییەتی. زۆر لە هەڵە دا بوو. بۆ؟ یەک: ئەگەر تۆلەرانس واتای فکری و کۆمەڵایەتی قووڵیشی هەبێ خۆ لە کوردەواریدا ئەو واتایەی پێ نەبەخشراوە بەڵکوو لە کۆمەڵگەیەکی وەکوو ئەمریکادا ئەو وشەیە ئەو واتایەی وەرگرتووە. دوو: ئەو وشەیە شتێکی نوێ نییە لە ئینگلیسیدا. کۆنترین قامووسەکان چاو لێ بکە و ئەو وشە یان وشەی "تالرەیت"ی تێدایە (Toletare, Tolerance) کە دەقاودەق واتە

"تەحەمولکردن". بۆ وێنە دەڵێن: "He cannot tolerate heat." کە دەکرێ بە چەندین شێوە بە کوردی وەرگێڕدرێ: "ئەو تەحەمولی گەرما ناکا،" یان "ئەو تاقەتی گەرمای نییە،" یان "ئەو بەرگەی گەرما ناگرێ". هێنانی وشەیەکی وەکوو "تۆلەرانس" بۆ ناو زمانی کوردی لە دوو حاڵ بەدەر نییە. ئەو کەسەی هێناویەتی یان کوردی باش نەزانیوە یان زمانە رۆژئاواییەکەی باش نەزانیوە.

**کوردناسی: هۆکار و بەربەستەکانی فیربوونی دروستی زمانە دەرەکییەکان (ئینگلیزی، سویدی، نۆرویژی، فینلاندی، دانیمارکی، ئیسپانیایی، ئاڵمانی، فەرانسەیی، هۆلەندی و...هیتر) لە ناو پەنابەرانی کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لە چیدا دەبینن؟**

**جەعفەر شێخولیسلامی:** زۆرترین لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بە زمانی ئینگلیسی و سەبارەت بە فێربوونی زمانی ئینگلیسی کراوە. بیروڕاکان جیاوازییان تێدایە. بەڵام، دەکرێ ئەم چەند خاڵە باس بکەین کە تەئسیری گرینگیان لە سەر فێربوون یان فێرنەبوونی زمانی وڵاتی میوان هەیە:

- تەئسیرە کۆمەڵایەتییەکان گرینگن. بۆ وێنە ئەگەر فێرخوازێک حەز لە کولتوور و خەڵکی ئەو زمانە نەکا کە بڕیارە فێری بێ، گرانتر فێری زمانەکە دەبێ. یان دەڵێن، بە گشتی ژن باشتر فێری زمانی وڵاتی میوان دەبێ، بەو مەرجە کە هەردووک ژن و پیاوەکە بە قەد یەکتر لە دەرەوەی ماڵ بن، یان بچنە فێرگە.
- وەرگرتن و دانەوەی زمان بنەڕەتین. رادەی گوێلێبوون و خوێندنەوەی زمانەکە، هەروەها قسە پێکردن یان نووسین بەو زمانە بە رادەی یەکتر گرینگن. ئەوانەی قسە ناکەن و دەڵێن رادەوەستم هەتا هەموو شت حاڵی دەبم پاشان قسە دەکەم لەوانەیە قەت قسە

نەکەن یان زۆر زۆر درەنگ بیکەن. گوێراگرتن و قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین باشترە کە بە یەکەوە بن.

- تێکەڵاوبوون لە گەڵ ئاخێوەرانی زمانی وڵاتی میوان فاکتۆرێکی یەکجار گرینگە بۆ فێربوونی زمانی وڵاتی میوان.
- ئەوانەی کە پێشتر زمانی دیکە فێربوون رەنگە ئامادەتر بن کە زمانی زێدەتر فێر بن بە تایبەت ئەگەر ئەو دوو زمانە لە یەکتر نزیک بن، جا لە لایەنی وشەوە بێ یان گرامێرەوە.
- ئەگەر زمانی یەکەمی فێرخواز نزیک بێ لە زمانی وڵاتی میوان فێربوونی زمان ئاسانتر دەبێ.
- ئەوانەی بەر لە بلووغ دەست بە فێربوونی زمانی زێدە دەکەن تێیدا سەرکەوتوو دەبن. تا رادەیەکی زۆر وەکوو منداڵ فێری دەبن. کە لەو تەمەنە تێپەڕی فێربوونی زمان گرانتر دەبێ، بە تایبەت لە بواری تەلەفوز و راوێژەوە. گەورەکان رەنگە زۆر باش لە هەموو بوارێکەوە زمانێکی دیکە فێر بن، بەڵام نەتوانن تەلەفوز و راویژیان وەکوو ئاخێوەرانی خودی زمانەکە بێ.
- چێشکە و ئیستیعداد: لەوانەیە هەندێک کەس توانایی فێربوونی زمانیان زۆرتر بێت لە خەڵکی دیکە.
- تایبەتمەندیی تاکەکەس (شەخسیی) لە مەڕ تێکەڵاوبوون لە گەڵ خەڵک یان رادەی شەرمێونبوون گرینگە. ئەوانەی شەرمن یان شەرمێونن رەنگە درەنگتر زمانێکی دیکە فێر بن.
- ئەوانەی بیانوو و هاندەریان هەیە بۆ فێربوونی زمانێک زووتر فێری دەبن. بۆ وێنە ئەگەر یەکێک بزانێ کە بۆ ئیش، یان خوێندن، یان بۆ سازدانی پێوەندیی شەخسی ناچارە زمانی وڵاتی میوان فێر بێ زووتر فێری دەبێ.

هەموو ئەمانە زۆر قسە هەڵدەگرن، بەڵام لێرەدا ئەو مەودایە نییە.

**کوردناسی:** گۆڕینی زمان لە هەر کۆمەڵگاییێکدا ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ و لەوانەیە یەکێ لە ئەستەمترین ئەگەرەکانی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگاییێک بێت. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵکی کورد بە زاراوەگەلی جۆراوجۆر ئاخافتن دەکەن بەڵام بە هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی کوردەکانی نیشتەجێ لە هەر کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوازێکی بەر بەرین ئاشناییان لە تەک زمانەکانی(عەڕەبی،فارسی،تورکی و ...)یش هەیە. بەڵام ڕاتان چییە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بکرێ بە زمانی دووهەمی خەڵکی کورد؟ پێتان وایە زمانی ئینگلیزی بتوانێ بۆشاییەکان و کەم وکوڕییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانستدا لە بوارەکانی تایبەتی و هەر وەها لە بواری پەروەردە و فێرکردن(آموزش وپرورش)دا پڕ بکاتەوە؟ هەنگاوە سەرەتایی و ئامادەکارییەکانی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا لە چیدا دەبینن؟

**جەعفەر شێخولیسلامی:** بە دووری دەزانم. من هیچ لێکۆڵینەوەیەکم پێ شک نایە کە پشتی ئەو پێشنیارەی تۆ بگرێ. دەتوانم ئەوەندەش بڵێم کە ئێستاش ئینگلیسی زمانی ڕەسمیی زۆر وڵاتی ئەفریقاییە. ئایا ئەوە بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە؟ یان ئەگەر پێشکەوتنێک لەو وڵاتانەدا هەبێ، ئایا بە هۆی زمانەوەیە؟ پێموا نییە. ئێوە دەتوانن بە جیددی لە ئەمە بکۆڵنەوە.

# زمانی کوردی و کێشەکانی

دیالۆگێک لەگەڵ دوکتور ڕەشید قەرەداغی

**کوردناسی:** سەبارەت بە پێناسەی زمان ڕوانگەگەلی جۆراوجۆر هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە زمان زیاتر ئامرازێکی پێوەندی یە بەڵام بەشێک لە زمان ناسەکان زمان بە گشتی لەم چوارچێوەدا پێناسە ناکەن و زیاتر گرینگی زمان لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا دەبینن. ئێوە وەک توێژەرێک کە خوێندنەوەتان لە بوارەکانی زمان و وەرگێڕاندا هەبووە زمان چۆن پێناسە دەکەن؟

**د. ڕەشید قەرەداخی:** زمان بریتیی یە لە گرنگترین هۆی ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و گۆمەڵگادا. زمان ڕێی سەرەکی یە بۆ دەربڕینی بیروڕا و خۆشی و ناخۆشی و هەست و نەستی مرۆڤ بە دەم، واتا بە گوفتار، یا بە نوسین. هەروەها زمان پێناسەی مرۆڤ و گەلە چونکە مرۆڤ بوونی خۆی و پێناسەی خۆی لە زمانەکەیدا دەبینێ.

هەر بۆیە ڕێگە گرتن لە مرۆڤ کە بە زمانی دایکی ی خۆی بخوێنێ و بەکاری بهێنێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا تاوانێکی ئەوەندە گەورەیە چونکە وا لە مرۆڤ دەکات خۆی بە کەم و بێ بایەخ بزانێ.

**کوردناسی:** بۆچی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری زماننناسیدا لەم سەردەمەدا گرینگی زیاتری هەیە وەک لە رابردوودا هەیبوو؟

**د. ڕەشید قەرەداخی:** خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بواری زمانناسیدا لەم سەردەمەدا گرنگی یەکی تایبەتی هەیە و زیاتر لە ڕابوردو چونکە دەتوانین بڵێین ئەم سەردەمە سەردەمی پەیوەندی یە لە نێوان مرۆڤ و گەلان و وولاتاندا و زمانیش ڕێی سەرەکی یە بۆ دروست کردن و پتەوکردن و درێژە پێدانی ئەو پەیوەندی یە. تەکنۆلۆجیوە بەتایبەتی ئنتەرنێت جیهانی وەک دێیەک لێ کردووە و ئەگەر بچوکترین شت ڕوو بدات لە هەر کونجێکی جیهاندا یەکسەر هەمو جیهان پێ ی دەزانێت بە هۆی ئنتەرنێتەوە. ئنتەرنێتیش زمان بەکاردەهێنێ بۆیە ئەوانەی لە بوواری زمانناسیدا کار دەکەن دەیانەوێ زمان پەرە پێ بسەندن بۆ ئەوەی زمان بتوانێ  بە باشی بەم ئەرکە نوێ و ڕۆژ بەڕۆژ گرنگترەی هەڵسێ.

**کوردناسی: لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێرن لە هەرێمی زمانەوانەیدا کورتکردنەوەی وشەکان و بە کارهێنانی وشەگەلی ئینگلیزییە. چ جیاوازی یەک دەبینن لە نێوان گفت و گۆ گشتییەکانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا لەنێوان گەنجان و گەورەساڵاندا؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** کورتکردنەوەی ووشە بەشێکە لە تایبەتمەندی ئەم سەردەمە کە دەتوانین ناوی بنێین "سەردەمی پەلە". ئەم دیاردەی ووشە کورتکردنەوەیەش بە تایبەتی لە گەنجەکاندا زیاتر دەبینرێ چونکە گەنج کەم ئارامە و زیاتر دەیەوێ مەبەستەکەی بدا بەدەستەوە بێ گوێدان بە باش و خراپیی ئەو زمانەی بەکاری دەهێنێ و ئەگەر ووشەکان نیوەیشی بتاشێ بەلایەوە گرنگ نییە.

جۆرە کورتکردنەوەیەکی تر هەیە کە لە ئینگلیزیدا زۆرە وەک ( USA, EU, UN) بەڵام لە کوردی و عەرەبی و فارسیدا ئێجگار کەمە) یا هەر نییە چونکە ئەم زمانانە بە ئاسانی ڕێ ی ئەو کورت کردنەوەیە نادەن. ئەم جۆرە کورت

کردنەوەیە شتێکی باش و ئاسانکەرە چونکە ئەم ووشە یا دەستە ووشە کورت کراوانە ئەوانەن کە زۆر بەکار دەهێنرێن وە هەمو جار لە باتی ئەوەی دەستە ووشەیەکی دوورودرێژ بەکار بهێنیت کورتەکەی بەکار دەهێنیت.

بەکارهێنانی ووشەگەلی ئینگلیزی مەسەلەیەکی جیاوازە و هۆکەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ زمانی ئینگلیزی زیاتر دەچەسپێ وەک زمانی یەکەمی جیهان و هەمو کەس وا بە پێویست دەزانێ فێری بێ و بەکاری بهێنێ. هەندێ کەس کە بە زمانی خۆیشی قسە دەکات یا دەنوسێ ووشەی ئینگلیزی تێ دەخات چونکە یا لە زمانەکەی خۆیدا ئەو ووشانە نین، یا نایزانێ، یا ئەوەی دەیەوێ بیڵێ بە زمانەکەی خۆی باش پێی دەرنابڕێ، یا خووی گرتووە بە بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزییەوە و لەبەر تەمەڵی نایەوێ بیر لە بەکارهێنانی ووشەی زمانەکەی خۆی بکاتەوە، وە یا خۆی پێوە بادەدات. زۆر بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزی دەبێتە شتێکی نابەجێ بەتایبەتی ئەگەر گوێ گر یاخوێنەر مانای ئەو ووشانە نەزانێ چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە بابەتەکە باش تێ نەگات لەبەر زۆر بەکارهێنانی ئەو ووشە ئینگلیزی یانە.

**کوردناسی: گرفتە ناوەکی و دەرەکی یەکانی زمانی کوردی لە چیدا دەبینن؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ دەرباز بوونی زمانی کوردی لە گرفتە کلاسیکی و ساختارییەکانی؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** ئەم پرسیارە پێویستی بە کتێبێکە بۆ وەڵام دانەوەی، بەڵام بە کورتی دەمەوێ بڵێم یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکی یەکانی زمانی کوردی بوونی چەند شێوە زمان/ شێوە زار/ دایەلێکتە کە وای کردووە بۆ نموونە کوردی باشور و باکوری کوردستان بە ئاسانی و باش لەیەکتر نەگەن. هەر بۆیە لەم ماوەیەدا دەیان ووتار نوسراوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و

من لەو بڕوایەدام دەبێ کات چارەی ئەم کێشەیە بکات وە بەزۆر یا بە قانون ناکرێت. ڕاستە ناتوانین بڵێین هەر کەسە بە هەوەسی خۆی بنوسێ چونکە هەمو نەتەوە یەک پێویستی بە زمانی یەکگرتو (ستاندەرد) هەیە. بەڵام ئایا چۆن دەگەینە چارەیەک، واتا زمانێکی یەکگرتو، کە بە دڵی هەمو لایەک بێت و هەمو لایەک بچن بە پیرییەوە؟ بەلای منەوە دەبێ لە ڕێی سەلماندنەوە بگەینە ئەو چارەیە نەک لە ڕێی بەسەر سەپاندندا.

کێشەی دووەمی سەرەکی ی زمانی کوردی شێوەی نوسینەکەیەتی. ئایا باشترە کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ یا بە تیپی عەرەبی؟ وەک دەزانین ئەم مەسەلەیە کۆنە و چەندەها ووتاری لەسەر نوسراوە بەتایبەتی لەم ماوەیەدا بێ ئەوەی هۆیەکی بەهێز و پێ سەلمێنەر و یەک لایی کەرەوە هەبێ کە ڕێگە خۆش کا بۆ ڕێکەوتنێکی گشتی و بەجێ لەسەر ئەم کێشەیە چونکە هەردو شێوە نوسینەکە لایەنی باشیش و خراپیشیان هەیە. ئەم کێشەیەش، هەر وەک هی یەکەم کە باسمان کرد، بە قانون و بە زۆرەملێ چار ناکرێت بەڵکو دەبێ زمانەوانی کورد و نوسەر و شاعیر کۆببنەوە و بگەنە ڕێکەوتنێک کە لەبەرژەوەندی زمانی کوردی و گەلی کورد بێ. ( لە وەڵامی پرسیاری (١٠)دا زیاتر دەچینە ناو مەسەلەکەوە).

کێشەی سێهەمی سەرەکی ی زمانی کوردی نەبوونی زاراوەی جۆراو جۆری پێویستە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی بەپێی پێویست خزمەت نەکراوە چونکە گەلەکەمان هەمیشە چەوساوە بووە و دەوڵەتێکی کوردی نەبووە تا هەوڵ بدات زمانەکە گەشە پێ بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوژمنەکانی دەوروبەری نەک هەر ویستویانە بیکوژن و بیبڕن بەڵکو ویستویانە زمانەکەشی لەناوبەرن و گەلێکیان هەر بە زمانیشی دانانێن. جا لەچاو ئەو مێژووە سەخت و نەیارەی زمانی کوردی پێیدا ڕۆیشتووە هێشتا هەر باشە کە لەم بارودۆخەی ئێستایدایە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی

گەلی کورد هەمیشە بایەخێکی زۆری داوە بە زمانەکەی و پێناسەی خۆی لە زمانەکەیدا دیوە.

هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هیچ چەرخێکدا زمانی کوردی پشتگیری و یارمەتی دەوڵەتی ی نەبووە کەچی هەر ماوە و بگرە تا ڕادەیەک لەپەرەسەندنیشدا یە ئەویش بە هەوڵ و کۆشش و کۆڵ نەدانی نوسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد بووە کە زمانەکەیان پاراستووە.

ئەوەیشی شایانی باسە ئەوەیە کە لەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا زمانی کوردی ئێجگار پەرەی سەندووە و شتی زۆر باش کراوە بۆ دەوڵەمەند کردن و فراوانتر کردنی بەتایبەتی لە ڕووی زاراوە و ووشەی جوان و بەجێ و سەردەم و داتاشراوەوە کە لە ناخی زمانەکەوە هاتون. بەڵام دەبێ زۆر ووریابین و پاکی و ڕەسەنی زمانەکە بپارێزین. لەگەڵ ئەوەشدا کە کاری باش کراوە بۆ پەرەپێدانی زمانەکەمان زۆر بەداخەوە هەندێ ووشە و زاراوەی بێ تام و ناقۆڵا خەریکە جێی خۆی دەکاتەوە لەناو زمانەکەدا و تێکی دەدات چونکە وەرگێڕانێکی دەقاودەق و ووشە بە ووشەیە بەتایبەتی لە عەرەبی یەوە و هیچ جۆرە ڕەسەنی یەک و مانابەخشینێکی تێدا نابینرێ.

**کوردناسی: ئەو ڕوانگانەی کە هەنووکە لە نێوان زماننناسە کوردەکاندا سەبارەت بە چاک کردنی زمانی کوردی،دۆزینەوە و هەروەها دروستکردنی وشە بۆ زمانی کوردی بوونیان هەیە بە چەند بەش و گروپ دابەش دەکەن؟ مێژووی ئەم چالاکی یانە بۆ کەی دەگەرێنەوە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** مێژوی هەوڵی چاک کردنی زمانی کوردی و ووشەی تازە دروست کردن کۆنە و ئەم هەوڵە تازە نییە. ڕووانگەی ناو زماننناسە کوردەکان دەربارەی چاک کردنی زمانی کوردی و ووشەی تازە داتاشین زۆرە و هەر

زمانناسه لای خۆیەوە خەریکە و ڕای خۆی دەردەبڕێ بەڵام تا ئێستا لەبەر بارودۆخی نالەباری گەلەکەمان زمانناسەکانمان نەیانتوانیوە یەک بگرن و هەوڵ بدەن زەمینەیەک خۆش بکەن بۆ بەراوورد کردنی بەرهەمەکانیان و لێ دووان و تاوتوێ کردنی بۆچونەکانیان تاکو بگەنە یەک دەنگ ویەک ڕا.

**کوردناسی: چۆن چۆنی خەسارەکانی زمانی کلاسیکی کوردی شیکار دەکەن؟ زمانی زانستی کوردی چۆن پێناسە دەکەن؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** لەو بڕوایەدا نیم زمانی کلاسیکی کوردی تووشی هیچ خەسارەیەک بووبێ. زمانی زانستی ی کوردی هێشتا ساوایە و پێویستی بە خزمەت کردنێکی زۆر هەیە لەڕێی دۆزینەوە و دروست کردن یا داتاشینی زاراوە و ووشەی زانستیی شیاو و مانابەخشەوە و وەرگرتن یا خواستنی ئەو زاراوانەی کە ناتوانرێ لە کوردیدا بەرامبەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە لە زمانەکانی ترەوە بەتایبەتی ئینگلیزی کە زمانی زانستی ی جیهانە.

**کوردناسی: بزوتنەوە ئیدۆلۆژی یەکانی ناو کوردستان وەک ئیسلامی، مارکسی، ناسیۆنالیستی و لیبرالەکان چ کاریگەری یەکیان لە سەر بواری تایبەتی (تخصصی) و گشتی زمانی کوردی هەبووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەر کەم لەم بزوتنەوانە بە شیوازی تایبەتی خۆیان و بە چەشنی جۆراوجۆر کەڵکیان لە زمانی کوردی وەرگرتووە و وشەگەلی جیاوازیان بە زمانی کوردی زیا کردووە یان لێیان کەم کردووە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** بێ گومان هەر یەک لەم بزوتنەوە ئیدیولۆژیانە کەم تا زۆر کاری خۆی کردۆتە سەر زمانی کوردی نەک ئەوەندە لە بوواری تایبەتیدا وەک لە بوواری گشتیدا. بۆ نمونە بزوتنەوەی ئیسلامی و مارکسی نەک هەر یارمەتی پێشکەوتنی زمانی کوردی یان نەداوە بەڵکو بوون بە هۆی ڕاگرتنی لە

جێی خۆیدا و بگرە دواخستنیشی چونکە بڕوایان بە خزمەت کردنی گەلی کورد و زمانەکەی نەبووە و نییە و ویستویانە گەلی کورد خۆی و زمانەکەی ببنە پاشکۆی گەل و زمانی تر.

بەپێچەوانەی ئەم دوو ئیدیۆلۆژی یەوە، بزوتنەوەی کوردایەتی و کوردپەروەری هەمیشە هەوڵی پێشکەوتن و پەرە پێ سەندنی زمانی کوردی داوە چونکە بە لای کوردپەروەرەوە پێناسەی گەلی کورد لە زمانەکەیدایە و پێشکەوتنی زمانی کوردی مانای پێشکەوتنی گەلی کوردە. بزوتنەوەی کوردپەروەری هەمیشە هەوڵی داوە لەباتی ووشەی عەرەبی و فارسی، کە جاران زاڵ بوون بەسەر کوردیدا، ووشەی ڕەسەنی پەتی کوردی و ووشەی داتاشراوی تازە و جوانی کوردی بەکار بهێنرێت بۆ فراوان کردن و بوژانەوەی زمانەکە.

**کوردناسی**: مەبەست لە زمانی ستاندارد چییە؟ پێتان وایە زمانی کوردی تایبەتمەندی یەکانی زمانێکی ستانداردی تێدا هەیە؟ بۆچی؟

**د. ڕەشید قەرەداخی**: زمانی "ستاندەرد"، واتا یەکگرتو، ئەو زمانەیە کە هەمو ئەو کەسانەی کە زمانی دایکی یانە و ئەوانەیش کە فێری بوون بتوانن تێی بگەن و قسەی پێ بکەن و خوێندەوارەکانیشیان بتوانن پێی بنوسن. ئەم زمانی " ستاندەرد"ەیش لە هەندێ زمانی وەک عەرەبیدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا. بەڵام لە هەندێ زمانی تری وەک ئینگلیزی و کوردیدا جیاوازی یەکەی ئەوەندە نییە. زمانی کوردیش وەک هەمو زمانێکی تر تایبەتمەندییەکانی زمانی "ستاندەرد"ی تێدایە و هیچی لە زمانەکانی تری جیهان کەمتر نییە تەنها ئەوەیە کە وەک هەندێ زمانی وەک ئینگلیزی و عەرەبی ...هتد دەوڵەمەند نییە لە ووشە و زاراوەی زانستیی سەردەمدا نەک لەبەر ئەوەی کەم و کوڕییەک لە زمانەکە خۆیدا هەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی خزمەت

نەکراوە چونکە کورد هەرگیز دەوڵەتێکی نەبووە تا هەوڵی پەرەپێ سەندنی بدات.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئەگەر فۆڕمی نوسینی زمانی کوردی-سۆرانی بگۆردرێ و بە گشتی دەق و نووسینەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتین بنووسرێ (وەک کوردی کرمانجی) کاریگەری لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا نابێ؟ بە گشتی ڕاتان سەبارەت بە زمانی لاتینی کوردی چییە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئەم پلانە ئیمکانی سەرگرتنی هەیە؟ بۆچی؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری ژمارە (5)دا ئاماژەم پێدا، ئەم کێشەیە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی زمانی کوردی کە ئێستا بەرەوڕوی بوینەتەوە و دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. ئایا باشترە زمانی کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ یا بە تیپی عەرەبی؟ ئێمە کە وەک زماناس باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین دەبێ بەگوێرەی توانا لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی هەڵوێست وەرگرین نەک لەسەر بناغەیەکی سیاسی یا ئاینی ئەگەرچی هەمو شتیش لە ژیاندا پەیوەندی هەر هەیە بە سیاسەتەوە کەم تا زۆر. من تا ئێستا چەند بیرم لەم کێشەیە کردۆتەوە هێشتا نەم توانیوە خۆم بخەم بە لایەکدا و بڵێم ئەمەیان باشترە لەوەی تر.

ئەم کێشەیە هەروا بە ئاسانی بڕیاری لەسەر نادرێ. کورد کە لە هەر لایەکی کوردستانی پارچەپارچەکراو بە جۆرە تیپێک نوسیبێتی بەخۆشی خۆی نەبووە و لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا نەبووە بەڵکو بە زۆر دەوڵەتی داگیرکەر سەپاندویەتی بەسەریدا. جا ئێستا کە گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا نیمچە ئازادییەکی دەستکەوتووە و دەپرسین ئایا بۆ دوارۆژی گەلەکەمان و زمانەکەمان وا باشترە بە تیپی لاتینی بنوسین یا هی عەرەبی دەبێ

لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر بنەمایەکی زمانەوانی بێ بە شێوەیەکی سەرەکی. دەبێ بپرسین: چی جۆرە تیپێکیان لە هەمو ڕوویەکەوە گونجاوترە بۆ نوسینی کوردی؟

بۆ نمونە، ئەگەر لە ڕووی دەنگەکانەوە سەیرکەین دەبینین هەر دوو جۆرە تیپەکە گونجاون بۆ نوسینی کوردی. ڕاستە ئەوەتی کورد دەنوسێ زۆربەی زۆری نوسینەکانی بە تیپی عەرەبی بووە، جگە لە نوسینی کوردستانی باکور و یەکێتی سۆڤیەتی کۆن لە مێژوی تازەدا، وە پشتاوپشت ئێمە وا ڕاهاتوین بەو تیپە بنوسین. بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ کە ناتوانین بیگۆڕین بە مەرجێ ئەو گۆڕینە لە بەرژەوەندی گەلی کورد و زمانەکەیدا بێ. بەلای منەوە گەورەترین سودی نوسینی کوردی بە تیپی لاتینی ئەوەیە کە دەروازەیەکی فراوان دەکاتەوە لە نێوان زمانی کوردی و زۆربەی دانیشتوانی تری جیهاندا بەتایبەتی هی وولاتە ڕۆژاواییەکان وە ئەمەش بە سوود دەگەڕێتەوە بۆ گەلەکەمان. وە ئەگەر بە لای زۆرینەی ڕۆشنبیران و زمانەوان و نوسەرانی کوردەوە وا باشتر بوو کە کوردی بە تیپی لاتینی بنوسرێ ئەوا بە ڕای من دەتوانرێ کارەکە ئانجام بدرێ و بەباشی.

بۆ نموونە لە وولاتی ئازربایجان بە ئەلف و بێی (سیریلیک) دەیان- نووسی لەکاتی یەکێتی سۆڤیەتدا هەر وەک زمانی ڕوسی. بەڵام لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەتەوە لە ئازربایجان ئەلف و بێی لاتینی بەکار دەهێنن و کێشەیشیان نییە.

**کوردناسی: چ وڵامێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە رۆشنبیر و زمانناسانەی وڵاتانی دەسەڵاتدار کە زمانی کوردی بە زاراوە یان بەشێک لەزمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** ئەوانەی زمانی کوردی بە زاراوە یان بە بەشێک لە زمانی عەرەبی، فارسی، یا تورکی دادەنێن نە زمانەوانن و نە ڕۆشنبیر و ڕا چەوتەکەیان هەر شایستەی وەڵامدانەوەیش نییە. ئەو کەسەی قسەی وا بکات دیارە هیچ لە زمان و زمانناسی نازانێ و دەیەوێ هەستی ڕەگەزپەرستی خۆی و دژایەتی گەلی کورد بسەپێنێ بەسەر زمانەکەیشیدا. ئەو کەسانە دەیانەوێ هەر وەک چۆن خاکەکەیان داگیر کردوین و مافی هەمو شتێکیان لێ سەندوینەتەوە بە هەمان شێوە زمانەکەیشمان داگیر کەن و ئەو پێناسەیەشمان لێ بسەندنەوە. هەر وەک ئاشکرایە بۆ ئەوانەی نەختێک لە بواری زماندا شارەزاییان هەبێ هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانناسان زمانی کوردی یان بە زمانێکی ڕەسەن و تەواو و سەربەخۆ داناوە و بە بەشێک لە زمانە هیندۆ — ئێرانییەکان کە لقێکە لە کۆمەڵەی زمانە هیندۆ- ئەوروپییەکان. ڕاستە کوردی ووشەی زۆر وەرگرتووە، بەتایبەتی لە عەرەبی و فارسی و تا ڕادەیەکیش تورکی و ئینگلیزیەوە هەر وەک ئەم زمانانەش ووشەیان لە یەکتر و لە کوردیش وەرگرتووە، بەڵام ئەم ووشە وەرگرتنە یا خواستنە نە زمانی کوردی دەکات بەیەکێک یا بەشێک لەو زمانانە و نە یەکێک لەو زمانانەش دەکات بە زمانی کوردی.

**کوردناسی:** پێناسەی ئێوە بۆ تیئۆری وەرگێڕان چییە؟

**د. ڕەشید قەرەداخی:** وەرگێڕان هونەرێکە وەک هەمو هونەرێکی تر. پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکی باشی هەبێ لە هەردو زمانەکە و کلتوری ئەو زمانانە و ڕەگ و ڕیشە و بنچینەی ووشەدا. مەرجی سەرەکی لە وەرگێڕاندا ئەوەیە کە دەقاودەق و ووشە بە ووشە نەبێت چونکە گەلێ جار ئەم جۆرە وەرگێڕانە مانای ڕاستەقینەی ڕستەکە یا ووتەکە تێک دەدات و وونی دەکات. وەرگێڕان دەبێ مانای ڕاستەقینەی ڕستە یا ووتە بدات بەدەستەوە نەک مانای ڕوکەشی.

**کوردناسی**: به ڕای ئێوه زماننا‌سانی کورد دەبێ لە هەوڵی پاکتاوکردن و خاوێن کردنەوەی زمانی کوردیدا بن و خۆیان وشەی هاوتا و زاراوەی بۆ دروست بکەن یان گرفتێک نییە و وەرگێڕە کوردەکان لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە وشەگەلی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و باقی زمانەکانی تر کەڵک وەرگرن لەو کاتانەدا کە وشەی کوردی بۆ نەدۆزرێتەوە یا خود تێگەیشتنی بۆ خەڵک زەحمەت بێت یا واتاکەی ئاسان خۆ بەدەستەوە نەدات؟ بە گشتی چ وڵامێک یا خود پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە زماننا‌سە کوردانە کە پێیان وایە زمانی کوردی دەبێ لە وشەگەلی خاریجی خاوێن بکرێتەوە لە جیاتی ئەوان دەستەواژە یان زاراوەی نوێیان بۆ ساز بکرێ؟

**د. ڕەشید قەرەداخی**: ئەگەر بەراووردی نوسینی ئێستای کوردی و نوسینی پێش حەفتا هەشتا ساڵ بکەین دەبینین نوسینی ئێستا زۆر خاوێن کراوەتەوە لە ووشەی عەرەبی و فارسی ئەگەرچی لە قسەکردندا گەلێکمان هێشتا زۆر ووشەی عەرەبی و فارسی بەکاردەهێنین. دەبێ نووسەر و وەرگێڕ و زماننا‌سی کوردی بەردەوام بن لە بژارکردنی زمانی کوردی لە ووشەی بێگانە بەمەرجێ ووشەی کوردی ڕەسەن یا داتاشراوی جوان و مانابەخشمان هەبێ بەکاری بهێنین لەباتی ئەو ووشە بێگانانە. وە ئەگەر هەر نەیشمان بوو ئەوا هیچ عەیب نییە ووشەی بێگانە بەکاربهێنین.

هەندێ ووشەی بێگانە هەن کورد وەری گرتون ئێستا بون بە موڵکی زمانی کوردی، واتە بە بەشێک لە زمانەکە، چونکە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ووشەکە هی بێگانەیە کورد دەنگەکەی گۆڕیوە و بە مانایەکی نەختێ جیاوازیش بەکاری دەهێنێ بۆیە دەڵێم بۆتە موڵکی زمانی کوردی و پێویست ناکات دەست لەوانەوە بدرێ چونکە چەسپیوون لە زمانەکەماندا.

زمانی ئینگلیزی بەو دەوڵەمەندییەوە پێی عەیب نییە هەزارەها ووشە لە زمانی ترەوە وەرگرێ ئەی کوردی بۆ پێی عەیب بێ؟ وەک دەبینین لەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا زمانی کوردی زۆر دەوڵەمەند بووە بەهۆی دۆزینەوەی ووشەی ڕەسەنی کۆنی کوردی و داتاشینی ووشەی جوانی تازەوە سوپاس بۆ وەرگێڕ و زماننناس و نوسەر و ڕۆشنبیری کورد. بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ کەس کە لەکارەکە نازانن و سەرپێ یانە ووشە دادەتاشن و بەکاری دەهێنن زمانەکە تێک دەدەن چونکە خەڵکی تریش چاو لەوان دەکەن و ووشەکان بەکار دەهێنن و دەبێ بە ماڵ بەسەرمانەوە. ئەم ووشە داتاشراوە ناقۆڵا و ناشرینانە بە کوێرانە وەرگێڕاوون زۆربەی کات لە عەرەبییەوە و ئەو وەرگێڕانەش هیچ مانایەک نابەخشێ لە کوردیدا، لەبەر ئەوە نابێ بەکاریان بهێنین. دیاردەیەکی تریش دەبینرێ ئەویش زۆر بەکارهێنانی ووشە و زاراوەی ئینگلیزییە لەسەر تەلەفزیۆن و لە نوسیندا بەتایبەتی لەلایەن کوردی ئەوروپاوە بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن ئایا گوێ گر یا خوێنەرە کوردەکانیان ئەو زاراوانە تێ دەگەن یان نا. ڕاستە هەندێ جار ناچارین ئەم زاراوانە بەکاربهێنین بەڵام هەر شتێک لە ڕادەی خۆی دەرچو بێ- تام و ناشرین و زیانبەخش دەبێ.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردی وەرگێرە کوردەکانی لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانیترەوە بۆ سەر زمانی کوردی چ لە وەرگێڕانی دەقدا یان خۆ وەرگێرانی دەماودەم توشی گرفت کردووە یان توشی گرفتیان دەکات؟ چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆری کوردی بەشێکە لە کێشە گەورەکانی زمانی کوردی و دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو شێوەزاری سەرەکی لە زمانی کوردیدا. بێ گومان ئەمەش هۆی سەرئێشەیەکی زۆرە بۆ وەرگێڕی کورد لە وەرگێڕانی زاریش و نوسینیشدا چونکە وەرگێڕێ بە شێوەزاری

سۆرانی بدوێ و بیزانێ ناتوانێ کاری وەرگێڕی بکات بۆ شێوەزاری کرمانجی و بە پێچەوانەیشەوە وەرگێڕێ تەنها شێوەزاری کرمانجی بزانێ ناتوانێ کاری وەرگێڕی بکات بۆ شێوەزاری سۆرانی.

ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم کێشەی دوو شێوەزارییە هەیە لە زمانی کودریدا و چارەسەریشی وا ئاسان نییە مەگەر ڕۆژێ بێت زمانی یەکگرتو (ستاندەرد) بێتە کایەوە و وەرگێڕ ئەو زمانە یەکگرتووە بەکار بهێنێ لە وەرگێڕانەکەیدا بە شێوەیەکی سەرەکی و لە وەرگێڕانی زارەکیشدا بەپێ ی کۆڕەکە هەر وەرگێڕێک شێوەزاری دایکیی خۆی بەکار بهێنێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە چارەسەرێکی باش و بێ گیروگرفت نییە بۆ ئەم کێشەیە مەگەر یەکێک لەو دوو شێوەزارە بخرێتە پشتگوێ و شێوەزارەکەی تر بە زۆر بسەپێنرێ بەسەر هەمو کوردێکدا و ئەوەیش ڕێگەیەکی نادیموکراتی یانەیە و بڕوا ناکەم هیچ کوردێک پشتگیری بکات. کەوا بو چارەسەری ئەم کێشەیە وا زوبەزو و ئاسانی ناکرێ ئەبێ وەرگێڕ لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا تیاین هەرچۆنێ بێت هەڵ بکات.

**کوردناسی: وەرگێڕانی دەقە زانستی و ئەکادێمی یەکان لە زمانەکانیترەوە بۆ سەر زمانی کوردی بە ڕای ئێوە دەتوانێ چ یارمەتی یەک ببەخشێتە زمانی کوردی؟ چالاکی لەم چەشنە لە ناو وەرگێڕە کوردکاندا لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** وەرگێڕانی دەقە زانستی و ئەکادیمییەکان لە زمانەکانی ترەوە بۆ کوردی یارمەتییەکی گەورەی زمانی کوردی دەدات چونکە دەوڵەمەندتری دەکات و زیاتر پێشی دەخات و پەرەی پێدەسەنێ. ئەم وەرگێڕانە خزمەتی گەورەی زمانی کوردی دەکات بە مەرجێ وەرگێڕ شارەزای زمان بێ چونکە لە کاتی ورگێڕاندا وەرگێڕ ناچار دەبێ ئەگەر ووشەیەک یا زاراوەیەک بەرامبەری نەبو لە کوردیدا ئەوا بۆی بگەڕێ و کاری

لەسەر بکات چونکە مرۆڤ لە کاتی کارکردن و پێویست و ناچاریدا بیری باش دەکاتەوە و شتی تازە دەرۆزێتەوە بەڵام ئەگەر خەریک نەبێ بەم جۆرە کارەوە، واتا وەرگێڕان، ئەوا زمانەکە لە شوێنی خۆیدا دەوەستێ و پەرە ناسێنێ.

ئەگەر چی من شارەزای هەمو وەرگێڕانێک نیم کە کراوە بەڵام پێم وایە بەگشتی لەم بووارەدا کاری باش کراوە و هیچ کارێکیش بێ کەم و کوڕی نابێ.

**کوردناسی: بەشی هەرە زۆری وەرگێڕە کوردەکان لە جیهاندا لە پیاوانی کورد پێکهاتوون هۆکارەکانی بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئا-بێ مەیلی ژنان و کچانی کورد بۆ بەشداری لە بواری وەرگێڕاندا و گەشەپێدانی؟ بێ-یان یاساکانی پیاوسالارانە لە ناو بنەماڵە کوردەکاندا؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە تەنها لەناو کوردا نییە بەڵکو لەناو هەمو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی تریشدا هەیە و هۆکاری سەرەکیشی بێ مەیلی ژن نییە بۆ کار کردن لە بوواری وەرگێڕاندا بەڵکو نەریتی کۆمەڵایەتییە کە تا ئێستا ڕێ ی تەواوی نەداوە بە ژن لە هەمو بووارێکدا وەک پیاو کاربکات. بەڵام ئەم نەریتی کۆمەڵایەتییە لە گۆڕانکارییەکی زۆر و بەردەوام دایە و دڵنیام لە ساڵانی داهاتودا زیاتر کچ و ژنی کورد دەبینین لە بوواری وەرگێڕاندا کار بکەن و لەو بڕوایەش دام سەرکەوتو دەبن لەکارەکەیاندا چونکە ژن هیچ لە پیاو توانای کەمتر نییە لە هیچ بووارێکدا.

**کوردناسی: وەرگێڕە کوردەکان چەندە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لە سەر خۆرێکخستن و خۆ گونجاندنی دیاسپۆرای کوردی لە**

**وڵاتەکانیتر؟ دەور و ڕۆڵی وەرگێڕە کوردەکان بۆ ئاشنا کردن و ناساندنی زیاتری کۆچبەر و پەنابەرەکان لە گەڵ فەرهەنگی گشتی وهاوچەرخ و ئەمڕۆیی لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکاندا چییە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ وەرگێڕانی کورد لە دەرەوەی ووڵات خۆیان جیا نەکردۆتەوە لە توێژەکانی تری کوردی کۆچکەر و پەنابەر و بڕواش ناکەم پێویست بەو خۆ لێ جیا کردنەوەیە بکات. ئەزانم وەرگێڕە کوردەکان لە ئەمەریکا ڕێکخراوی تایبەتی یان نییە، بەڵام نازانم لە ئەوروپا هەیانە یان نا.

بێ گومان لەبەر ئەوەی وەرگێڕی کورد زمانی ئەو ووڵاتەی لێی جێگیر بوون باش دەزانی دەبێ ڕۆڵی دیاریان هەبێ لە پێناسینی کوردی تر بە فەرهەنگ و کلتوری ئەو ووڵاتە.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئاشنا بوونی کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی وڵات بە زمانەکانیتر،کە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئاشنا بوون بە فەرهەنگی جیاواز و مۆدێرن تا چەند دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە گەشە پێدان و مۆدێرنە کردنی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگای کوردستان؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** هەر وەک هەمو دەزانین پەیوەندیی ئەلەکترۆنی هەموو جیهانی وەک دێیەک لێ کردووە و هەمو خوو و نەریت و فەرهەنگ و کلتوری ووڵاتێک کاریگەر دەبێتە سەر خوو و نەریت و فەرهەنگ و کلتوری ووڵاتانی تر بەتایبەتی هی ووڵاتە ڕۆژاواییەکان بۆ سەر ووڵاتانی تری جیهان. وە لەبەر ئەوەی کۆچکەر و پەنابەری کورد هەموی ڕووی کردۆتە ووڵاتە ڕۆژاواییەکان بێ گومان خوو نەریت و فەرهنگ و کلتوری هونەر و زمانی ئەم ووڵاتانە کاریان تێ دەکات و ئەمانیش کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بە سەردان بێ یا بەهەمیشەیی ئەوەی کە فێری بوون باش بێ یا خراپ دەیگەیێننە خەڵکی

کوردستان. هەر بۆیە بەداخەوە لە بەرنامەی سەر تەلەفزیۆنی کوردی و نوسینی کوردیدا لەم چەند ساڵەی ڕابوردودا بەکارهێنانی ووشەی ئینگلیزی زۆر بووە کە ئەمەش هەندێکی لەوانەیە لە ناچاریدا بێ، بەڵام ووشەی کوردیمان هەیە بۆ زۆری ووشەکانی تر بۆیە پێویست ناکات ووشەی ئینگلیزی بەکار بهێنین. ئەگەر گوێگر یا خوێنەر ئەو ووشە ئینگلیزییانە تێ بگات ئەوا باشە، بەڵام ئەگەر تێی نەگات ئەوا سەری لێ دەشێوێ و لە باسەکە تێ ناگات بە باشی. بۆیە دەبێ زۆر ووریا بین لە بەکارهێنانی ئەم ووشە ئینگلیزی یانەدا.

**کوردناسی: هۆکار و بەربەستەکانی فیر بوونی دروستی زمانە دەرەکییەکان (ئینگلیزی. سویدی، نۆروێژی، فینلاندی، دانیمارکی، ئیسپانیایی، ئاڵمانی، فەرانسەیی، هۆڵاندی و...هیتر) لە ناو پەنابەرانی کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لە چیدا دەبینن؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** هۆکاری باش فێر نەبوونی زمانە بێگانەکان، ئینگلیزی بێ یا ئەڵمانی یا سویدی ... هتد دەگەڕێتەوە بۆ تەمەن گەورەیی و تێکەڵاو نەبوون لەگەڵ خەڵکی ئەو ووڵاتانەی زمانی سەرەکییان یەکێکە لەم زمانانە و دڵ نەدان بە فێربونی ئەم زمانانە. دەتوانم بڵێم گەورەیی تەمەن هۆی هەرە سەرەکی زمان باش فێرنەبوونە چونکە وەک هەمو دەزانین تەمەنی منداڵی باشترین تەمەنە بۆ فێربونی زمان و لە دوای تەمەنی بیست ساڵییەوە زمان فێر بوون بە باشی کارێکی ئاسان نییە مەگەر ئەو کەسە هەوڵێکی ئێجگار زۆر بدات و لە قوتابخانە بە ڕێک و پێکی فێر ببێ.

وە لەبەر ئەوەی زۆربەی کۆچکەر و پەنابەری کورد تەمەنیان لە بیست ساڵ بەرەوژورە دەبینین تەنها ئەوەندە زمان فێر دەبن کە ئیش و کاری ڕۆژانەی پێ جێبەجێ بکەن بەڵام زمانەکەیان لە ئاستێکی زۆر باشدا نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین منداڵی کۆچکەر و پەنابەرەکان کە لەو کاتەدا کە

چوونەتە هەندەران تەمەنیان لە پانزە ساڵ کەمتر بووە زمانەکە زۆر باش فێر بوون هەر وەک لەو وولاتە خۆیدا لە دایک بووبن. بێ گومان ئەوانەی تەمەنیان وا بچوک بێ دەیشچنە قوتابخانە و تێکەڵاوییان لەگەڵ هاوتەمەنی خۆیاندا زۆر دەبێ کە ئەمەیش یارمەتییەکی گەورەیە بۆ فێر بوونی زمانەکە.

هۆی دووەمی زمان باش فێرنەبوون تێکەڵاو نەبوونە لەگەڵ خەڵکی ئەو وولاتە. وەک ئاشکرایە باشترین ڕێگە بۆ فێر بونی زمان بەکارهێنانی ئەو زمانەیە وە وەک دەزانین زۆربەی هەڵسوکەوتی کوردی کۆچکەر و پەنابەر لەگەڵ کوردی تر دایە لەو وولاتەی لێی نیشتەجێ بوون وە ئەمانیش کە یەک دەگرن زۆربەی کات بە کوردی دەدوێن نەک بە زمانی ئەو وولاتەی لێین. وە ئەوەی کاری نەبێت یا کارێکی وەهای نەبێ کە پێویست بکات زمان زۆر بەکاربهێنێ لەگەڵ دانیشتووانی ئەو وولاتەدا ئەوەندە پێویستی بە بەکارهێنانی زمان زۆر نییە تەنها لە کاتی شت کڕیندا نەبێ لەبازاڕ و هەندێ پەیوەندی ناچاری-تر کە ئەوەیش پێویستی هەر بە پلەیەکی سەرەتایی زمانەکەیە بۆ ئیش و کارڕایی کردن بۆیە ئەوانەی تەمەنیان لە بیست ساڵ زیاترە و لە زانکۆنین و کارێکی وەهایان نییە کە پێویستی زۆر بە زمان بێ زمانەکە باش فێر نابن.

هۆی سێهەمی زمان باش فێر نەبونیش دڵ نەدانە بەفێر بوونی زمان بەتایبەتی ئەگەر کەسێک خۆی زۆر حەز لە زمان نەکات و زۆر پێویستی نەبێ بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی و لەتەمەندا بێ.

**کوردناسی: گۆڕینی زمان لە هەر کۆمەڵگاییێکدا رەنگە زۆر زەحمەت بێ و لەوانەیە یەکێ لە ئەستەمترین ئەگەرەکانی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگاییێک بێت. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵکی کورد بە زاراوەگەلی جۆراوجۆر ئاخافتن دەکەن بەڵام بە هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی کوردەکانی نیشتەجێ لە هەر کام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوازێکی بەر بەرین ئاشناییان لە تەک**

**زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی و ...)یش هەیە. بەڵام ڕاتان چییە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بکرێ بە زمانی دووهەمی خەڵکی کورد؟ پێتان وایە زمانی ئینگلیزی بتوانێ بۆشاییەکان و کەم وکوڕییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانستدا لە بوارەکانی تایبەتی و هەروەها لە بواری پەروەردە و فێرکردن (آموزش و پرورش)دا پڕ بکاتەوە؟ هەنگاوە سەرەتایی و ئامادەکارییەکانی پەرەپێدانی زمانی  ئینگلیزی لە کوردستاندا لە چیدا دەبینن؟**

**د. رەشید قەرەداخی:** ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ زمانی ئینگلیزی ئێستا بووە بە زمانی دووەم لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا چونکە گرنگترین زمانی جیهانە و زمانی زانست و تەکنۆلۆجیایە وە کەم تا زۆر بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لە زۆربەی وولاتان پێویستی بە فێربوون و بەکارهێنانی ئەم زمانەیە. کەوابو ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمیش ئینگلیزی نەکرێ بە زمانی دووەم لە کوردستاندا پێویستە ئەوەندە بایەخی پێ بدرێ لە قوتابخانە و زانکۆکاندا کە لە ڕاستیدا وەک زمانی دووەمی لێ بێت. وە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پێویستییە دەبێ هەر لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە زمانی ئینگلیزی ڕۆژی سەعاتێک بخوێنرێ چونکە ئەو تەمەنە باشترین تەمەنە بۆ زمان فێربوون. وە دەبێ لە قۆناغەکانی تری خوێندنیشدا زیاتر بایەخ بەم زمانە بدرێ بۆ ئەوەی نەوەی تازەی کوردستان ئامادە بن بۆ پێویستییەکانی ژیانی دواڕۆژ. ئەم بایەخ دانەش بە ئینگلیزی سودی زۆر دەبێ بۆ گەل و وولاتەکەمان لە بوواری زانستدا. بەڵام دەبێ ئەم ئینگلیزی خوێندنە لەسەر بنەمایەکی تازە و چاک دارێژرێ نەک وەک هی جاران کە سوودی کەم بوو.

ئەم بایەخ دانەش بە ئینگلیزی ئەوە ناگەیێنێ کە ئیتر زمانی عەرەبی بەتایبەتی و فارسی و تورکی فێر نەبین چونکە لە کاتێکدا کە کوردستان بە تەواویش ئازاد بێ و دەوڵەتی کوردی بێتە کایەوە کە گومانم نییە هەر دەبێ و بەڕێوەیە، ئێمە پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسیمان هەر

بەردەوام دەبێ لەگەڵ عەرەب و فارس و تورکدا بۆیە پێویستە زمانەکانیان فێر بین و بیزانین بەتایبەتی زمانی عەرەبی چونکە زمانێکی گرنگە لە ناوچەکەدا.

**کوردناسی**: بیرورای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نوسی دوو زمانەوە چیە؟

**د. رەشید قەرەداخی**: فەرهەنگ دانان هونەرێکە وەک هەموو جۆرە هونەرێکی تر. دانەری فەرهەنگی دوو زمانە پێویستە شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەردوو زمانەکەدا و لە کۆمەڵگای هەردوو زمانەکەدا ژیابێ بۆ ماوەیەکی زۆر و شارەزای نەریت و باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و فۆلکلۆری و زانستی و ئابوری ... هتد هەردوو کۆمەڵگاکە بێ.

گەلێ کەس وادەزانن فەرهەنگ دانان بریتیە تەنها لە وەرگێڕانی ووشە بە ووشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. راستە بەشێکی زۆری فەرهەنگ دانان بریتیە لە وەرگێڕان، بەڵام لە راستیدا فەرهەنگ دانان زۆر زیاترە لەوە وە ئەگەر فەرهەنگ دانەر هەر پشت بە وەرگێڕانەوە ببەستێ ئەوا توشی هەڵەی گەورە دەبێ. هەر بۆیە دەڵێم فەرهەنگ دانەر نابێ تەنها هەر زمانی دووەمی خوێندبێ و بروانامەی تێدا وەرگرتبێ بەڵکو دەبێ ماوەیەکی زۆر لەو وولاتەدا ژیابێ کە ئەو زمانەی تێدا بەکاردەهێنن بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی شارەزاییەکی باش پەیدا بکات لە بەکارهێنانی رۆژانەی زمانەکەدا نەک هەر پشت ببەستێ بە زمانی ناو کتێب.

هەروەها باشترە کە فەرهەنگ دانەر سەرەڕای شارەزاییەکی باش لە دوو زمانەکەدا شارەزای زمانی تریش بێ بەگوێرەی توانا چونکە ئەو شارەزاییە یارمەتی دەدات گەلێ گرێ کوێرە بکاتەوە کە دێتە رێی. فەرهەنگی دوو زمانە دەبێ وا بنوسرێ کە فێربوونی زمانەکە ئاسان بکا بۆ خوێنەر. بۆ نمونە، فەرهەنگی دوو زمانە دەبێ پێشانی بدات جۆری ووشە سەرەکییەکان چیە لە

ڕووی ڕێزمانەوە (کردار، ناو، ئاوڵ ناو ... هتد). هەروەها دەبێ زمانێکی روون و پاراو و ڕەسەن بەکاربهێنێ لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی ماناە ووشە سەرەکییەکاندا و بەگوێرەی توانا و پێویست ووشەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنێ و چۆنیەتی بێژان یا ووتنی ووشەکان پێشان بدات لە ڕووی (فۆنێتیک)ەوە.

**کوردناسی: تا ئیمرۆ فەرهەنگ گەلی جۆراوجۆر لە زمانەکانە ئینگلیزی، سویدی، ئەڵمانی، فارسی، عەرەبی و ... بە کوردە یا بە پێچەوانەوە نوسراون. ڕای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نووسی دوو زمانە کوردییەوە چیە؟**

**د. ڕەشید قەرەداخی:** لە بارەی نوسینی فەرهەنگی دوو زمانە کوردییەوە، واتە کوردی ـ کوردی، دەمەوێ بڵێم کارێکی زۆر گرانە و گرانترە لە دانانی فەرهەنگی کوردی بۆ زمانێکی تر یا بە پێچەوانەوە چونکە هەزاران ووشە هەن کە ئەگەرچی ماناکانیان باش دەزانی ناتوانی ماناکانیان لێک بدەیتەوە بە هەمان زمان.

بە پێی زانیاری من یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ کوردی "فەرهەنگی خاڵە کە خوالێخۆشبوو (شێخ محمدی خاڵ) دای ناوە و لە سێ بەرگ پێکهاتووە و لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٦٤، ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە کارێکی زۆر گەورە و بە سوود و گرنگە.

لە دوای "فەرهەنگی خاڵ"ەوە دوو فەرهەنگی تری کوردی ـ کوردی دانراون: "فەرهەنگی کشتوکاڵ" کە خوالێخۆشبوو (معروف قەرەداخی مەردۆخی) دایناوە (١٩٧٢)، وە "فەرهەنگی کوردستان" نوسینی خوالێخۆشبوو (گیو موکریانی) (١٩٩٩).

خوینەر و خوێندەواری کورد پێویستی بە فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردی نوێ و فراوان هەیە کە لە ئاستی پێویستییەکانی ئەم سەردەمەدا بێ. ئەم کارە

گەورەیەش بە تاکە کەسێک ناکرێ بەڵکو کاری دەستەیەک زمانەوانی لێهاتوی کوردە بە پشتیوانی حکومەتی کوردستان.

**کوردناسی:** **مێژووی فەرهەنگ نووسی لە نێوان کوردەکانا کەی دەسی پێکراوە؟**

**د. رەشید فەرەداخی:** کورد لە کۆنەوە دەسی کردووە بە فەرهەنگ نوسین. بە پێی "فەرهەنگی خاڵ" یەکەم فەرهەنگ لە کوردیدا فەرهەنگێکی عەرەبی-کوردییە کە شاعیرە مەزنی کورد (ئەحمەدی خانی) ساڵی ١٦٧٥ دایناوە بە شێوەی شیعر/هۆنراوە بە ناوی "نەوبەهار"ەوە.

پتر لە سەد ساڵ دوای ئەوە (شێخ مارفی نۆدێیی) فەرهەنگی (ئەحمەدی) عەرەبی ـ کوردی داناوە بە شێوەی شیعر/هۆنراوە. ئیتر لە ناوەڕاستی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە چەندەها فەرهەنگی کوردی بۆ زمانی تر یا بە پێچەوانەوە نوسراوە.

بە ناوبانگترین و کۆنترینی ئەم فەرهەنگانە سیانن. "فەرهەنگی مەردۆخ" کە فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی ـ عەرەبییە (محمد مەردۆخ) دایناوە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکراوەتەوە. "فەرهەنگی خاڵ" کە فەرهەنگێکی سێ بەرگی کوردی ـ کوردییە (شێخ محمدی خاڵ) دایناوە و ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٦٤، ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە. فەرهەنگی سێهەمیش فەرهەنگیکی کوردی-ئینگلیزییە لە لایەن (تۆفیق وەهبی و ئێدمەندز)ەوە دانراوە و ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە. دوای ئەم سێ فەرهەنگەش چەندەها فەرهەنگی تر نوسراوە.

**كوردناسی**: فەرهەنگ نوسی لە نێوان كوردەكانا لە مێژووی هاوچەرخدا چۆن ئەبینی؟

**د. رەشید قەرەداخی**: كورد هەمیشە بایەخێكی زۆری داوە بە زمانەكەی ئەگەر نا زمانی كوردی دەمێك بو لە ناو چوبوو چونكە بە درێژایی مێژوو دوژمنانی كورد نەك تەنها هەوڵیان داوە بۆ لە ناوبردنی گەلەكە خۆی بەڵكو زمانەكەیشی.

فەرهەنگ بەشێكی زۆر گرنگە لە پاراستن و گەشە پێدان و فێركردنی زمان و زۆر پێویستە بۆ تێگەیشتنی گەلان لە یەكتر و فێربوونی زمانی یەكتر و سود لە یەكتر وەرگرتن. لە چاو ئەو هەموو كەن و كۆسپەی لە رێی زمانی كوردیدا هەبووە و هەیە فەرهەنگ نوسین لە ناو كوردا لە ئاستێكی باشدایە تا رادەیەك بەڵام دەبێ زیاتر كاری تێدا بكرێ. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە خزمەت كردن و پاڵپشتییەكی زۆرە لە لایەن زمانەوان و حكومەتی كوردستانەوە. بۆ نمونە، پێویستە بەردەوام بین لە پیاچونەوەی ئەو فەرهەنگانەی كە هەن و لە دانانی فەرهەنگی نوێ چونكە وەك ئاشكرایە زمان هەمیشە لە پەرەسەندن و گۆڕندایە هەر بۆیە دەبێ بوواری فەرهەنگ نوسین بایەخی زیاتری پێ بدرێ.

لەم ڕووەوە لە پێش هەموو شتێكدا پێویستمان بە فەرهەنگێكی فراوان و گشتی كوردی-كوردی هەیە و بۆ ئەنجامدانە ئەم كارەش دەتوانرێ كارە مەزنەكەی خوالێخۆشبو مامۆستا (شێخ محمدی خاڵ) بە بناغەیەكی سەرەكی دابنرێ. هەروەها پێویستمان بە فەرهەنگی ترە لە كوردییەوە بۆ زمانەكانی تر و لە زمانەكانی تریشەوە بۆ كوردی.

وە مەرجیش نییە فەرهەنگ هەر تاكە كەسێك بینوسێ، وەك تا ئێستا كردومانە، بەڵكو بە هاوكارە چەند زمانەوانێكی شارەزا بنوسرێ كە خۆیان تەرخان كەن بۆ ئەنجام دانی ئەم كارە پێویست و پیرۆزە بە پشتیوانییەكی دارایی تەواوی حكومەتی كوردستان.

# زبان، زبانشناسی و زبان کوردی

مصاحبه با پروفسور امیرحسن پور

**کوردناسی: نظریه‌های گوناگونی در مورد تعریف زبان وجود دارد مبنی بر اینکه زبان بیشتر ابزاری ارتباطی است. اما تعدادی از زبان شناسان به کلی زبان را در این چارچوب تعریف نمی کنند و آن را در تولید اندیشه مهم می‌دانند. شما به عنوان محققی که مطالعاتی در حوزه‌ی زبان شناسی و ترجمه داشته‌اید چه تعریفی از زبان دارید؟**

***امیر حسن پور:*** تردیدی نیست که زبان مهمترین وسیله ارتباطی است، اما نمیتوان آنرا به یک وسیله‌ی ارتباطی تقلیل داد. زبان پیچیده‌ترین پدیده‌ی اجتماعی است، در پروسه‌ی پیدایش انسان (گسست انسان از دنیای حیوانات) به وجود آمده، و تصور ادامه‌ی حیات انسان بدون زبان میسر نیست. ارتباط تنها از طریق زبان صورت نمیگیرد اما ارتباطی که زبان میسر میسازد منحصر به نوع انسان است و با وجود اینکه هر موجود زنده‌ای باید با همنوع خود و با محیط زیستش ارتباط برقرار بکند، هیچ موجودی غیر از انسان وسیله‌ی ارتباطیی به پیچیده‌گی و کارآئی زبان انسانی خلق نکرده است. با وجود اهمیت نقش ارتباطی زبان، نمیتوان آنرا «ابزار ارتباط» نامید زیرا ارتباط خودش یک پدیده‌ی اجتماعی است و نمیتوان آنرا به پروسه‌ی ارسال پیام توسط گوینده و دریافت آن پیام توسط شنونده تقلیل داد. هرارتباطی در شرایط تاریخی معینی روی میدهد و این شرایطی است که بوسیله‌ی عوامل غیر زبانی از جمله تقسیم نابرابر قدرت (اقتصادی، سیاسی، فرهنگی، اجتماعی و غیره) شکل میگیرد.

زبان خودش یک پدیده‌ی بیطرف و خنثی نیست و، دراین روابط نابرابر قدرت، جانبدار است نه بیطرف. برای مثال سیستم واژگان، سیستم معنائی و دیگر سیستم های زبان در رابطه با تقسیم نابرابر قدرت بین جنسیت زن و مرد، از سلطه‌ی مرد بر زن جانبداری میکنند و به این معنی زبانهای موجود به تولید و بازتولید نظام مردسالاری میپردازند. در مورد طبقه هم زبان نقش مشابهی داشته است. اگر زبان تنها یک وسیله‌ی ارتباطی نیست، میتوان گفت که محمل اندیشیدن، تعقل، تفکر، دانش، و آنچه در فلسفه «آگاهی» نامیده میشود است. این به این معنی نیست که انسانی که قادر به تکلم نیست یا حیوانات غیر انسان نمیتوانند فکر بکنند. اما تفکر یا آگاهی که نوع انسان دارد با تفکر سایر حیوانات همطراز نیست.

منظور از آگاهی، که فقط در انسانها دیده میشود، این است که انسان در پروسه‌ی درک دنیای خارج از ذهن خود (یعنی «واقعیت»)، بر محدودیت های حواس (حس دیدن، شنیدن، بوکردن...) و محدودیت های زمان و مکان غلبه میکند، و درک واقعیت را به آنچه حواسش به او میدهند محدود نمیکند. توجه کنید که ما، مانند حیوانات دیگر، واقعیت را از طریق حواسمان درک میکنیم اما بر خلاف آنها در هر لحظه از زندگیمان، از داده‌هائی که حواسمان به ما میدهند فراتر میرویم و به درک پروسه‌ها و روابط و پدیده‌هائی میرسیم که خارج از دسترسی حواس ما هستند. برای مثال، در حدود چهارصد سال پیش، عده ای از روشنفکران عصر رنسانس، استدلال کردند که زمین مسطح نیست بلکه کروی است، و کره‌ی زمین تنها یکی از کرات بیشماراست... و این در حالی بود که حواس انسانها (چشم) در آن زمان، مانند زمان ما، زمین را مسطح می یافتند. اما آنها با مداخله‌ی ذهنی در واقعیت، مثلا" با برقرارکردن رابطه بین پدیده‌هائی که میدیدند (از جمله اینکه کشتیهائی که از دور دست به ساحل نزدیک میشدند ابتدا دکلشان پدیدارمیشد) بر محدودیت حس بینائی غلبه کردند و توانستند آنچه را انسانها چهارقرن بعد از طریق ماهواره دیدند

خودشان، بر خلاف تجربه‌ی حواس، ترسیم یا مجسم یا تجربه بکنند. این نوع تفکر مختص روشنفکرها نیست و همه‌ی انسانها در هر لحظه از زندگیشان محدودیت های حواس و زمان و مکان را زیر پا میگذارند و از سطح به عمق میروند. «آگاهی» به این معنی بدون زبان میسر نیست. زبان امکان "«تفکر تجریدی» را بوجود میآورد.

اگر بعضی حیوانات (مثلا" گربه، روباه، شمپانزه) تنها از طریق مثال میتوانند تجربه‌ی فردی خود را به بچه‌هایشان منتقل بکنند، انسان از طریق زبان تجربه‌ی همه‌ی نسلهای گذشته را به کودکان منتقل میکند. زبان این امکان را میدهد که تجربه‌ی همه‌ی انسانها در جامعه‌های گذشته و حال را بیندوزد، حفظ بکند، توسعه بدهد و به نسلهای بعد منتقل بکند. انسان بوسیله‌ی زبان دنیائی را خلق میکند که وجود ندارد اما میتواند وجود داشته باشد. علم، ادبیات، دین، فلسفه، و دیگر فعالیتهای فکری بدون زبان میسر نیست.

به این ترتیب، تعریف زبان کار آسانی نیست. میتوان در مورد اینکه زبان چیست بیشتر توضیح داد اما تعریف آن و تقلیلش به چند خصوصیت مشکلی را حل نمیکند. من بر خصلت اجتماعی زبان تاکید کردم اما زبان در عین حال یک پدیده‌ی بیولوژیک است. بدون سیستم عصبی پیچیده و بدون ارگانهای زبان (ریه، زبان، دندان، لب و ...) سخن گفتن میسر نیست. حیواناتی که از نظر تکاملی به انسان نزدیکترند (ازقبیل شمپانزه) نمیتوانند صداهای هیچ زبان انسانی را تولید بکنند (حتی وقتیکه به آنها آموزش داده میشود) و با تعداد محدودی صدا (فونیم) که هر زبان دارد تعداد چندین ده‌هزار کلمه‌ی آن زبان را تولید بکنند. زبان انسان، بعد ازاختراع نوشتن در حدود شش هزار سال پیش، و بویژه بعد از مکانیزه‌کردن آن توسط چاپ و سپس انقلابات پی در پی در تکنولوژی ارتباطات از قرن نوزدهم به بعد، اهمیت بیشتری در مبارزه‌ی طبقاتی و تولیدی پیداکرد. نوشتن از همان آغاز در خدمت طبقه‌ی حاکمه در

جامعه‌های بین النهرین در عصر باستان بود. «شمشیر وقلم» از همان آغاز با هم درآمیختند. اما زبان، هم گفتاری هم نوشتاری، عرصه‌ی مبارزه برای آزادی و علیه ستم و استثمار بوده‌است. ارتباط انسان با ماشین به طور روزافزونی گسترش مییابد و از آنجا که زبان مهمترین و کارآترین سیستم ارتباطی برای انسانها است، تلاش میشود که این ارتباط بین موجود غیرزنده‌ی ماشین با انسان از طریق زبان انجام بشود. ماشین نه تنها باید زبان انسان را «درک» بکند بلکه باید به ترجمه هم بپردازد. ماشینها باید به‌طور روزافزونی صدای انسان را تشخیص بدهند و خودشان پاسخهای از قبل فراهم شده را ارائه بدهند. این کارها هنوز بسیار مکانیکی هستند اما تلاش برای تولید "هوش مصنوعی" ادامه دارد و پیشرفت هم میکند.

**کوردناسی: تئوریهای موجود در حوزه‌ی زبان شناسی به چند بخش تقسیم می شوند؟ لطفا توضیحاتی در مورد رایجترین این تئوریها بدهید.**

**امیر حسن پور:** تئوری در زبانشانسی بسیار متنوع و پیشرفته‌است ودر کشورهای مختلف و در دورانهای مختلف در قرن بیستم تحولات بسیاری دید که نمیتوان آنرا در محدوده‌ی یک مصاحبه توضیح داد.

تئوریهای زبانشناسی، ربانشناختی، و تئوریهای زبان (اینها تفاوتهائی دارند) را بر اساس ملاحظات مختلف طبقه‌بندی میکنند. مثلا" بعنوان مکتب یا محفل از جمله مکتب پراگ (تروبتزکوی، یاکبسن، و غیره)، مکتب دانمارک (یمسلف، و بعدها دلوز و گواتاری)، مکتب لنینگراد (باختین، ولاشینف...)، وغیره. یک معیار دیگرتقسیم تئوریها بر اساس اسم تئوریسین ها است مثلا" تئوریهای بلوومفیلد، فرث، پایک، چامسکی و غیره. یا تقسیمبندی بر اساس کشور مثلا" زبانشناسی انگلیسی، فرانسوی، آمریکائی، شوروی، وغیره. البته تقسیم بندی دقیقتر بر اساس نامگذاری خود تئوری ها است مثلا" تئوری

ساختگرا، تاویلی، فونکسیونالیست وغیره. و اخیرا" تقسیم بندی بر اساس «گفتمان» یعنی تقسیم بندی توضیح تئوریهای زبانشناسی به عنوان گفتمان.

همانطور که گفتم توضیح این تئوریها احتیاج به یک کتاب دارد و در این مورد نوشته‌های زیادی در دست است. من فقط میتوانم به جنبه‌هائی از این گلستان اشاره‌بکنم. ابتدا باید بگویم که در حالیکه گاهی به «زبانشناسی همگانی» به معنی زبانشناسی تئوریک اشاره میشود، در واقع تئوریی که بتواند همه‌ی جوانب زبان را توضیح بدهد تا کنون ارائه نشده. یک نقطه عطف مهم در عرصه‌ی تئوری، نظرات فردینان دو سوسور (۱۸۵٦-۱۹۱۳) است، که زبان را بعنوان یک سیستم یا ساخت توصیف میکند. اینکه زبان بعنوان یک ساخت توصیف بشود به این معنی است که واحدها یا اعضای تشکیل دهنده‌ی زبان (مثلا" فونیم ها، کلمات، عبارات...) در درون زبان ارزش یا معنای خود را پیدا میکنند نه در رابطه با آنچه در خارج از زبان هست. مثلا" معنای نشانه یا کلمه‌ی «درخت» را نباید در رابطه با آنچه در خارج از زبان وجود دارد، یعنی یک درخت معین، دریافت بلکه در تقابل یا تفاوتهای آن با نشانه‌هائی چون «گیاه»، «بوته»، و«سبزی» و نیز در رابطه با تصویر ذهنی که از درخت داریم جستجو بکنیم. به این ترتیب زبان سیستم نشانه‌ها است و واحدهای تشکیل دهنده‌ی آن در تقابل و همنشینی با هم معنی پیدا میکنند نه در رابطه با آنچه در خارج از این سیستم وجود دارد. یکی از نتایج این دیدگاه این بود که زبان به عنوان یک پدیده‌ی مستقل یا قائم بالذات یعنی مستقل از ابعاد اجتماعی، بیولوژیک، تاریخی، فرهنگی، روانی وسیاسی آن و مستقل از تاریخش و بدون توجه به جنبه‌های تطبیقی شناخته‌بشود یا بهتر بگویم توصیف بشود. تاکید بر«ساخت» و «توصیف»، تا حدی عکس العمل در مقابل سنت فیلولوژی (فقه‌اللغه) بود که جوانب ادبی و فرهنگی و تاریخی و متنی زبان را مطالعه میکرد، و مرزهای زبان و غیر زبان در آن مشخص نبود. تئوریهای ساختی و توصیفی، بر خلاف مطالعات فیلولوژیک، تلاش

کردند که حدود و ثغور دقیقی برای زبان، موضوع مطالعه‌ی زبانشناسی، ترسیم بکنند. در تئوری ساخت گرائی، زبان یک سیستم یا ساخت است که قائم بالذات است یعنی متکی به سایر سیستم ها نیست و طبق دینامیسم خود عمل میکند و تغییر پیدا میکند. این تاکید بر ساخت و توصیف باعث پیشرفت چشمگیری در درک زبان شد و در همه‌ی علوم اجتماعی تاثیر جدی گذاشت و ساختگرائی را برای چند دهه به چهارچوب تئوریک بسیاری از علوم تبدیل کرد و این تاثیر هنوز ادامه دارد. اما محدودیتهای آنهم بیشمار بود. در آمریکا، ساختگرائی و توصیفگرائی با پوزیتیویسم و رفتارگرائی افراطی دو دهه‌ی بعد از جنگ جهانی دوم عجین شد و کار به مسخرگی کشید بطوریکه مطالعه‌ی معنا را از حوزه‌ی کار زبانشناسی حذف کردند زیرا، در این محیط یا پارادایم فکری، معتقد بودند که همه چیز باید اندازه‌گیری و کمی بشود اما معنا قابل اندازه‌گیری نبود و از اینرو آنرا یک «جعبه‌ی سیاه» به حساب میآوردند که زبانشناس نمیتوانست به آن دسترسی بیابد. با وجود اینکه بسیاری از متدهای مطالعه‌ی ساختگرائی و توصیفی در زبانشناسی مارکسیستی، در شوروی و سایر جاها، بکار گرفته‌شد، اما زبانشناسی مارکسیستی محدودیتهای ساختگرائی را به نقد کشید و برموجودیت اجتماعی زبان تأکید کرد (و این علیرغم اینکه در شوروی زبانشناسی تا سال ۱۹۵۰ گرفتار تئوریهای ضدمارکسیستی نیکولای مار بود). در اواخر سالاهای۱۹۵۰، چامسکی  بعضی از محدودیتهای درک ساختگرائی را به نقد کشید و با این کار«انقلاب در زبانشناسی» براه انداخت.

امروز عرصه‌ی تئوریک بسیار متنوعتر و پیچیده‌تر شده است. پسا-ساختگرائی به نقد ساختگرائی در زمینه‌های نوینی پرداخته است و این در حالی است که بسیاری از مسائلی که ساختگرائی مطرح کرد هنوز چهارچوب این بحث ها را شکل میدهد. امروز مثلا" ادعا میشود که زبان به دنیای خارج از خودش ارجاع نمیکند و خودش، مثل هر آنچه در خارج از زبان هست،

**ئەحمەدی مەلا:** مێژووی زمان زۆر گرینگە بۆ ئەوەی لە زمان خۆی تێبگەین. ئەم زمانە ستاندارەی کە لە نێو فەرەنسیان یا لە لای عەرەبان باسی لێوە دەکرێت، هەندێ جار جۆرە ئیدیایەکی زمانە. هەندێ لە زمانناسانی فەرەنسی دەڵێن زمانی ستاندرا وجوودی نییە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە نێو فەرنسیان زمانێک نەبێت کە پێی بخوێنن و پێی بنووسن. نەخێر، لە نێو فەرەنسیان زمانی ئەدەب و زانست هەیە، زمانی رەخنە و هونەری هەیە و لە هەمان کاتیش دا ئاداتی پەویوەندییە لە نێوان ئەو کەسانەی کە بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن. هەروەکو ئەو زمانە عەرەبییەی کە قوتابخانە و دانشگاکان دەوترێتەوە، زمانی رۆژانەمە و بەشێکی رۆشنبیرانیش لە بواری رەسمی دا

قسەی پێدەکەن. ئەم حاڵەتە زمانی کوردی ناگرێتەوە، چونکە مێژووی زمانەکەی ئێمە جوداوازە.

هەیە دەیگەڕێنێتەوە نۆ نەبوونی دەوڵەت یا بۆ چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی کە بتوانێ گشت لە دەور زمانێک کۆ بکاتەوە و جۆرە تاباییەکی زمانەوانی بێت. (بەڵام ئیمرۆ لە باشووردا دەوڵەتێکی بچکۆلەمان هەیە، بەڵام سیاسەستمەدارانمان، زۆر کەمییان نەبێت کوردییەکی رەوان نازانن؟)

مێژووی نووسین بە زمانی کوردی زۆر نوێیە. راستە لە سەدەکانی ناوەندەوە ئێمە بە کوردی شیعرمان نووسیوە و زمانی پەخشانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵێک یا کەبێ زیاتریش بێت. پاشان ئێمە چیمان بە پەخشان نووسیوە؟

هۆکاری یەکەم: زمانی عەرەبی لەهەمان کاتدا زمانی پیرۆز بووە، واتە زمانی ئاین بوو، هەروەها بۆ چەندین سەدەش زمانی مەعریفە بووە. واتە زمانی پەروەردە و بیرکردنەوە و تێڕامان بوو. نەک تەنها زمانی کوردی بەڵکو زمانی تورکیش لەو سەردەمانە زمانی مەعریفە نەبووە و زمانی فارسیش ئەوە نەبووە کە ئیمرۆ دەناسرێتەوە. رۆشنبیری ئەو قۆناغانە یا بە عەرەبی نووسیویێتی یا نەبووە. واتە زمانی کوردی تەنها زمانی هەستدەربڕین و گۆرانی وتن و حەکایەتە نە نووسراوەکان بووە. زمانی ماڵ بووە. واتە زمانێک کە بیری پێ نەدەکرایەوە، بە مەبەستی زمانی فیکر و فەلسەفە نەبووە. بە کورتی زمانی لۆگۆس ( ئەرکۆن) نەبووە وەکو زمانی عەرەبی سەدەکانی ناوەند.

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانی کوردی دەیەوێ لە رێگای هەستکردن بە کوردبوونێک کە خەون بە قەوارەیەکی تایبەتییەوە دەبینێ، وجوودی خۆی فەرز کات. هەروەها هۆکارە تەکنەلۆژییەکانی سەدەی بیست و

یەکەمیش هاندەرن تەواسڵ و تەماسە لە نێوان ئەوانە بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە.

بەردەوامی و خەملاندنی هەموو دیاردەیەک پێوستی بە کات هەیە و هەولومەرجی تایبەتی خۆی دەوێ. یا دروستتر بدەێن، پێویستمان بە چالاکاندنی هۆکاری کات هەیە.

دیاردەی زەروورەتی زمانێکی ستاندا دەگەڕێتەوە بۆ پەنجا ساڵیک، ئەوی سەرجەم ئەو هەلومەرجانەی کە بتوانێت ئەو خەونە بەرجەستە کات؟ چ زمانێک ستانداره؟ زمانی ستانداری کوردستانی باشوور-رۆژهەڵات؟ یا زمانی ستانداری باکووره. بە کورتی کێشەی دیالیکتمان هەیە. ئەم کێشەیە ئەگەر وا بڕاوت کورد دەبێتە خاوەن دوو زمان. چونکە تەنها هەر هەلومەرجی مێژووییە زمان دروست دەکات و دیالێکت پێکەوە دەنووسێنێ و یا جیایان دەکاتەوە!

لە سەدەکانی یانزە و دوانزە لە فەرەنسا دوو شارستانییەت و دوو کولتوور گەشەی کرد. زمانی ئۆی لە باکوور و زمانی دۆک لە باشوور، هەر کولتوورێک خاوەن ئەدەبییات و گۆرانی و بەیت و حەکایەتی تایبەتی خۆی بوو. تەماس دروست بوو و تا سەردەمی داهێنانی ئامێری چاپ زمانێکی پەرش و بڵاوبوو. نەک تەنها زمانی ستاندار وجوودی نەبوو، بەڵکو لە سەدەی پانزەش، زمانی رابلێ زۆر جیاواز بوو لە هی مۆنتانێ. هەستێکی زمانەوانی لە رێگای کەشفکردنی زمانی ئیتالیەوە دروست بوو. ئیتالی کە زمانی راپەڕین بوو. واتە زمانێکی زیندووتر. کەواتە فەرەنسی بە لاسیایی کردنەوەی زمانی ئیتالی گەشەی کرد. لە ئاستی رێزمان و ئەدەبییات و هونەری بیناسازی و مۆسیقا و پەیکەرتاشی و دونیای دەریا و پاپۆر و دەریاوان..

هەموو زمانێک موتەکامیلە. زمانی هەژار و دەوڵەمەند نییە، زمانی لاواز و بەهێز نییە. مەبەست ماهییەتی زمان هەموویان پێویستیان بە فرمان و ناو و چەند ئامرازێکە بۆ پەیوەندی دروستکردنی نێوان توخمی ئەو زمانە. زمانی ئینسان، هەروەکو ئەندرێ مارتینێ ئیشی لەسەر کردووە بە خاوەن دوو مەفسەل ناوی دەبات. مەفسەلێلی مانادارە و مەفسەلێلی بێ مانایە و ئەم لێکدانە تەنها خەسلەتی زمانی ئینسانە. تەنها زمانی ئینسانە کە خاوەن ئەم خەسلەتەیە.

ئەوەی دەمینێتەوە هەلومەرجی مێژوویی، کولتووری، سیاسی و رێککەتیش رۆڵی تیا دەبینێ. کوردی رەنگە ببێتە ستاندار، بەڵام کێشەی زمان بەوە کۆتایی نایەت. دەبێ ئیمرۆ زمان بۆ ئەوەی چالاک بێت ببەسترێتەوە بەو زمانە زیندووە چالاکەکانی دونیا کە بیری پێدەکرێتەوە، لێکۆڵینەوەی پێ دەکرێت.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئەگەر فۆرمی نوسینی زمانی کوردی-سۆرانی بگۆردرێ و بە گشتی دەق و نووسینەکانی زمانی کوردی بە پیتی لاتین بنووسرێ (وەک کوردی کرمانجی) کاریگەری لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا نابێ؟ بە گشتی ڕاتان سەبارەت بە زمانی لاتینی کوردی چییە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئەم پلانە ئیمکانی سەرگرتنی هەیە؟ بۆچی؟**

**ئەحمەدی مەلا:** زمان تەنها رێنووس نییە. رێنووس ئەنجامە و رێککەوتنێکی زمنییە بۆ ئەوەی دەنگی زمانی پێ بنووسرێتەوە. زمانی تورکی کرایە لاتینی، بەڵام زمانی تورکی نە زمانە هیندیی و ئەورووپییەکانە، نە دایکە گەورەشی لاتینییە. ئەوەی لە زمانی تورکی رووی دا، بەرگی زمانەکە بوو. چ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە بنەماکانی زمانی تورکی هێنایە کایەوە؟ ئینگلیزێک بەرامبەر بە زمانی تورکی تەنها لە ئەلفەبێدا یەک دەگرێتەوە، رەنگە چەند

زاراوەیەکی لاتینیشیان ترنجابێتە زمانی تورکییەوە، ئەگینا پردی نێوان زمانی تورکی و زمانەکانی ئەورووپا گەلێ پانە.

فێربوونی ئەلفوبێ کارێکی سەخت نییە، سەختی زمان فێربوون و لە فۆنەتیک و رستەسازی و تەسریفی فرمان و لەسەر هەموویەوە زمانی ئیدیۆماتیک و دۆزینەوەی فۆرمولی گونجا و بۆ سیاقی گونجاوە. واتە رەهەندە شاراوەکان هەروەکو هال ئاماژەی بۆ دەکات کاتێک لیکۆڵینەوەیەک لە مەڕ سێ شارستانییەت چێ دەکات: رۆژئاوایی، عارەبی و یابانی. دەگاتە گەلێ جیاوازیی نەک لە ئاستی زمان دا بەڵکو لە ئاستی خویندنەوە واقیع و دابەشکردنی فەزا و هتد.

چین ئەو ئەنجەتانەی کە وادەکات رێنووسی کوردستانی باشوور بکرێتە لاتینی؟ ئایا ئەو کوردانەی بە لاتینی دەخوێننەوە و دەنووسن زووتر فێری زمانە ئەورووپییەکان بوونە؟ ئەمە ئەنجەتی ئەوانەیە کە نە سەر لە زمان دەردەکەن نە سەر لە ئەورووپا، کاتێکیش کێشەکانمان بدرێبە دەست ئەوانەوە، رچە مەترسیدارەکانمان تووش دەبن.

دوو شت دەبێ رچاو بکرێت : ئیشکالە زمانەوانییەکان، کە پەیوەندییان بە زانستی زمانەوانییەوە هەیە، پاشان ئیشکالە سیاسییەکان...

**کوردناسی: چ وڵامێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە رۆشنبیر و زمانناسانەی وڵاتانی دەسەڵاتدار کە زمانی کوردی بە زاراوە یان بەشێک لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکی دەزانن؟**

**ئەحمەدی مەلا:** زمانناس ئینسانێکی زانایە و زانا شتی وا ناڵێت. ئەگەر وابێت، مەبەست ئەگەر کوردی بەشێک بێت لە زمانی تورکی ئەو بۆ لە تورکیا قەدەغە دەکرێت؟

**کوردناسی: پێناسەی ئێوە بۆ تیئۆری وەرگێڕان چییە؟**

**ئەحمەدی مەلا:** من پێناسەیەکی وا حازربەدەست شک نابەم، بەڵام وەرگێران دەیان لقی لێ جودا دەبێتەوە و هەر لقێکی پەیوەندی لە گەڵ ئەو لۆنگاژە دروست دەکات کە ئەو بابەتەی پێ نووسراوە. لۆنگاژ واتە مەبەستم لە تایبەتمەندێتی و ئەو ژەنرەیە کە ئەو بابەتەی پێ نووسراوە. واتە کاتێک کتێبێک لەمەڕ راچێتی خواردن دروستکردنەوە لە ئیسپانییەوە تەرجەمەی کوردی دەکرێت. چین ئەو گرفتانەی کە وەرگیر دووچاری دەبێت؟ ئیسپانیا نیمچەدورگەیە، واتە سێ لای دەریا و ئاوە. میللەتێکە بە پێچەوانەی کوردەوە، ئێمە نە لەسەر دەریان نە دونیای دەریا شارەزاین. تەرجەمەکردنی سەرجەم ئەو زیندەوەرانەی کە لە دەریا دەژین سەختە، ئێمەی کورد لە ماسی و کیسەڵ و بۆق، ناوی ترمان نییە. هەروەها بۆ هونەری پاپۆرسازیی و سەرجەم ئەو کەرەسانەی کە لەو بوارەدا بەکارهاتوون، چۆن تەرجەمی کوردی بکرێن. ئێمە تا ئیستا تەنها لە بارەی لەکسیک و وشەوە قسان دەکەین.

کێشەکانی فەزا و ستیل و چۆنیەتی بەکارهێنانی رستە و مۆسیقا و کێش و قافییە و هتد، ئەوە گرفتێکی دیکەیە. هەروەها دەقی زانستی و دەقی ئەدەبی جوداوازن. وەرگێران پردێکی پێویستە لە نێوان کولتوو و شارستانییەکاندا، بە بێ تەرجەمە درەختی زمان وشک دەکات.

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە زماننناسانی کورد دەبێ لە هەوڵی پاکتاوکردن و خاوێن کردنەوەی زمانی کوردیدا بن و خۆیان وشەی هاوتا و زاراوەی بۆ دروست بکەن یان گرفتێک نییە و وەرگێڕە کوردەکان لە کاتی وەرگێڕاندا لە زمانەکانیترەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە وشەگەلی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی و باقی زمانەکانیتر کەڵک وەرگرن لەو کاتانەدا کە وشەی کوردی بۆ نەدۆزرێتەوە یا خود تێگەیشتنی بۆ خەڵک زەحمەت بێت یا واتاکەی ئاسان خۆ**

**بەدەستەوە نەدات؟ بە گشتی چ وڵامێک یا خود پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە زماننناسە کوردانە کە پێیان وایە زمانی کوردی دەبێ لە وشەگەلی خاریجی خاوێن بکرێتەوە لە جیاتی ئەوان دەستەواژە یان زاراوەی نوێیان بۆ ساز بکرێ؟**

**ئەحمەدی مەلا:** پرسیارێکی زۆر بەجێیە. هەندێجار سەیرکردمان بۆ زمان وەکو سەیرکردنمان بۆ رەگەز وایە. زمانی تورکی وشەگەلێکی عارەبی زمانبەدەر کرد، بەڵام دەیان بەڵکو سەدان زاراوەی لاتینی، بە واتا فراوەنەکەی هاتۆتە نێو زمانی تورکییەوە. بۆ میللەتی تورک لە رووی زمانەوانییەوە عەرەبی و ئەڵمانی وەکو یەک دوورن، بەڵام لە دیدی جوگرافیا و مێژوو و ئاینەوە، زمانی عەرەبی لە تورکییەوە نزیکترە.

ئایا زمان پاکدەکرێتەوە؟؟ ئایا رەگەز خاوێندەکرێتەوە؟ هەموو زمان و رەگەزەکانی دونیا تەواو تێکهەڵکێشی یەکتریبوونە. ئەمە دیدێکی ناتەواوە کە هەندێ نووسەری کورد خۆیانیان پێوە خەریک کردووە و دەیانەوێ بە کوردی پەتی بنووسن. کوردی پەتی وجوودی نییە، ئیدیایەکە لە مێشکی هەندێک دا وجوودی هەیە. ئەو وشانەی کە ئیمرۆ وا دەزانین کوردی پەتی و ساغڵەمن، ئەگەر لە بنچینەکانی ورد بیتەوە، رەنگە عەرەبی یا فارسی یا هیندی بن. ئەمە مانای وا نییە کە زمانی کوردیمان نییە، نەخێر زمانی کوردی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە. بەڵام گەشە دەکات و هەندێجار ساتمە دەکات و پەیوەندی بە زرووفی ئەو کەسانەوە هەیە کە ئەو زمانە بەکاردەهێنین.

ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی لە گۆرانیدا بەکارنهێنرێت، ئەوە دەتوانین بڵێین زمانی پەتیمان هەیە. بەڵام ئەگەر کورد مەبەستی ئەوەی بێت بە زمانەکەی سۆسیۆلۆژیا و سیاسەت و ژینگە و دەروونناسی پێ بخوێنێ و پێی بنووسێت، ئەوە ئەو کات بە پێی پێویست پێویستمان بەو زمانانە دەبێت کە لەو رشتانە سەرچاوەی زانستیان هەیە. جۆر سیحرێکیش لە زماندا هەیە کە

کەوی ناکرێت، لە سەدەی هەژدە لە لای فەرەنسییەکان بە بلیمەتی زمان ناویان دەبرد. هەندێجار هێزێکی وا شکدەبات کە هەندێ یاسای خۆی فەرز دەکات.

بۆ نموونە چی بکەین ئێمە لە دەریاوە دوور بووینە و ناوی سەدان توخم و زیندەوەرمان نییە. لە کێێ وەرگرین؟ یا لە فارس یا لە عارەب، یا لە زمانی دی؟ قورئان کە زمانی عەرەبی پەتییە، پڕییەتی لە وشەی غەیرە عەرەبی!

ئیسپانی بە سەرین دەڵێت " ئەلموهەدە" لە "مخدە" عەرەبییەوە وەرگیراوە. فەرەنسی "ئیسکاپاد" بەکار دەهینێ بۆ خۆ دزینەوەی چەند رۆژێک کە " ئیسکابادا'ی ئیسپانییەوە وەرگیراوە. "ئەلگواریتم" لە سەدەکانی ناوەند لە عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی لاتینی کە "ئەلخواریزم"ە بنەڕەتی. وشەی "کاشی" بەو خشتە دەڵێن کە لە شاری "کاشان" ئێران دروست دەکرا. ئیمرۆ ئەو کوردانەی کە دەیانەێ بە پەتی قسە بکەن، نازانن رەچەڵەکی ئەم وشەیە ئیرانییە. دەیان و دەیان نموونەمان هەیە کە ئەو راستییە دەسەلێنن کە زمان وەکو جۆگەلە وایە دەرژێنە یەکترییەوە. بێگومان نابێت خێزانە زمانەوانییەکان لە یاد بکەین.

**کوردناسی: بەشی هەرە زۆری وەرگێرە کوردەکان لە جیهاندا لە پیاوانی کورد پێکهاتوون هۆکارەکانی بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئا- بێ مەیلی ژنان و کچانی کورد بۆ بەشداری لە بواری وەرگێڕاندا و گەشەپێدانی؟ بێ- یان یاساکانی پیاوسالارانە لە ناو بنەماڵە کوردەکاندا؟**

**ئەحمەدی مەلا:** ژن و پیاو لەم بوارانەدا جیاوازیی نییە. جیوازییەکان کۆمەڵایەتی و مێژوویی وپەیوەندی بە عەقڵییەتمانەوە هەیە. نیسبەتی ژن نەک

لەم بوارەدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا زۆر نزمە، ئەمەش گرفتێکی دیکەی بۆ دروست کردووین.

**کوردناسی: وەرگێڕە کوردەکان چەندە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لە سەر خۆرێکخستن و خۆ گونجاندنی دیاسپۆرای کوردی لە وڵاتەکانیتر؟ دەور و ڕۆڵی وەرگێڕەکوردەکان بۆ ئاشنا کردن و ناساندنی زیاتری کۆچبەر و پەنابەرەکان لە گەڵ فەرهەنگی گشتی و هاوچەرخ و ئەمرۆیی لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکاندا چییە؟**

**ئەحمەدی مەلا:** گرفت تا بڵێی زۆرن. کوردانی دەرەوە تەمەنی ئیقامەتیان کورتە. لە سەدا نەوەدی بۆ هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. کورد بێ پارە و پوولە. هەموو بە دوای ئیش و گوزەراندا وێڵن. ئێمە نە وەکو ئەرمەنەکانی دوای ١٩١٥ نە وەک جوولەکانین. مێژووی ئەوان و ئەو ئیمکانییەتەی کە ئەوان هەیان بوو، وای لێکردن زۆر شت لە بورای کولتوور و میدیا و سینەما و هتد بکەن.

پاشان ئێمە زۆرجار وەرگێرین بە بێ پلان و خوێندن. لە رێگای حەز و سەلیقە و خۆشەویستیمان بۆ نووسین و خوێندەوەوە دروست بووە. حکوومەتی هەرێم دەبێ بیکاتە پرۆژەی خۆی و بە جیدیی بیری لێکاتەوە. ئێمەمانان ئەو پەڕی دەتوانین لە زمانەکانی دییەوە، دوو رۆمان و لێکۆڵینەوەیەک و چەند بابەتێکی رۆژامەوانی تەرجەمە کەین. کاری ئێمە پرۆفیسیۆنال نییە. رەمەکییە. بیکەیت و نەیکەیت هیچ شتێک ناگۆڕێت. ئەمە سەبارەت بە تەرجەمە لە زمانی دیکەوە بۆ کوردی.

بەشەکەی دووەم کە بە رای من دەبێ غەیرە کورد پێی هەڵسێت. ئەوان ئەدەبییاتی کوردی وەرگێرنە سەر ئەو زمانانەی کە قسەی پێدەکەن. چونکە

هەموو کارەکان بە کورد ناکرێت. چەند پسپۆری بیانیی هەیە لەمەڕ زمان و کولتووری کوردییەوە کە خۆی بە تەواوی کوردی نە بە نووسین، نە بە خوێندنەوە بە تەواوی فێر نەبووە و بە باشی نایزانێت!

ئێمە هێشتا وەکو لێقەوماو نەماتوانییوە دەنگی خۆمان بگەینین، ئەو وەکو کولتوور چۆن بتتوانین؟؟؟

**کوردناسی: بە ڕای ئێوە ئاشنابوونی کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی وڵات بە زمانەکانیتر، کە هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری ئاشنا بوون بە فەرهەنگی جیاواز و مۆدێرن تا چەند دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە گەشە پێدان و مۆدێڕنە کردنی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگای کوردستان؟**

**ئەحمەدی مەلا:** بە بێ تەرجەمە ناتوانین ئەو پردە لە نێوان کوردستان و دەرەوە دروست بکەین. کوردستانی ئێستا لە چاو ١٩٩١ جیاوازە. کوردستان جاران وەکو قەفەزێکی هەڵوسراو وابوو، ئێستا لە سەر ئەرزە.

**کوردناسی: هۆکار و بەربەستەکانی فیر بوونی دروستی زمانە دەرەکییەکان (ئینگلیزی، سویدی، نۆرویژی، فینلاندی، دانیمارکی، ئیسپانیایی، ئاڵمانی، فەرانسەیی، هۆلاندی و...هیتر) لە ناو پەنابەرانی کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتانە لە چیدا دەبینن؟**

**ئەحمەدی مەلا:** هۆکار زۆرن، بەڵام سەرەتا دەبێت بزانین ئەو کوردەی کە دەیەوێ ئەو زمانانەی کە لە سەرەوە ئاماژەتان بۆی کرد، فێر بێت کێیە. چونکە گەلێ پێوەرمان هەیە. نزیکی زمانی دایکی لە گەڵ ئەو زمانەی کە دەیەوێ فێری بێت. چ زمانێکی دیکە دەزانێ و چەندێ لەو زمانە دەزانێ. بە کورتی بیبلیۆگرافیای زمانەوانی گرینگە. ئایا ڕێزمان دەزانێت، مەبەست ئاوەڵناو لە راناو جیا دەکاتەوە، یا دەزانێت رۆڵی ئامرازەکانی پەیوەندی لە

رستەدا چیە. کۆمەڵێ پرسیاری عەمەلی دەمانگەیەنێتە ئەوەی هۆکارەکانی زمان فێربوون و زمان فێر نەبوون چین. لە پاڵ ئەم هۆکارانە، دەکرێ بزانین چەند سەعات بۆ فێربوون تەرخان کراوەوە و حافیز و مۆتیڤاویۆن لە چ ئاستێک دان و دەیەوێ چی بکات بەو زمانەی کە فێری دەبێت. ئاستی زمانێک بۆ ئیشکردن جیاوازە لەوەی کە خاوەنەکەی بیەوێ گۆێت تەرجەمەی کوردی بکات.

**کوردناسی: گۆڕینی زمان لە هەر کۆمەڵگاییێکدا رەنگە زۆر زەحمەت بێ و لەوانەیە یەکێ لە ئەستەمترین ئەگەرەکانی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگاییێک بێت. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵکی کورد بە زاراوەگەلی جۆراوجۆر ئاخافتن دەکەن بەڵام بە هۆکارگەلی مێژوویی و سیاسی کوردەکانی نیشتەجێ لە هەر کام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوازێکی بەر بەرین ئاشناییان لە تەک زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی و ...)یش هەیە. بەڵام ڕاتان چییە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بکرێ بە زمانی دووهەمی خەڵکی کورد؟ پێتان وایە زمانی ئینگلیزی بتوانێ بۆشاییەکان و کەم وکوڕییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانستدا لە بوارەکانی تایبەتی و هەر وەها لە بواری پەروەردە و فێرکردن (آموزش و پرورش)دا پڕ بکاتەوە؟ هەنگاوە سەرەتایی و ئامادەکاری یەکانی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا لە چیدا دەبینن؟**

**ئەحمەدی مەلا:** دەکرێ زارۆکی کورد هەر لە سەرەتاکانی فێربوون دا بە سێ زمان ئاشنا بکرێت. کوردی کە زمانی دایکە نابێت فەرامۆش بکرێت، زمانی عەربیش بۆ کوردەکانی باشوور و هەروەها یا زمانی ئینگلیزی یا زمانی فەرەنسی یا هەریەک لەو زمانە زیندووانەی کە ئیمرۆ لە رۆژئاوادا لێکۆڵینەوە زانستی پێدەکرێت و لەو رووەوە خەزینەو پاشخانێکی زۆر بەجێماوە.

# دایەلێکتە ناوچەییەکان:
# شێرپەنجەی زمانی ستاندەردی کوردیین

وتووێژ لەگەڵ کامیار سابیر

**کوردناسی**: لەسەر زمانی کوردیی، کۆمەڵێ بۆچوونی جیاواز هەیە، تەنانەت پێناسەیەکی ئەکادیمیی و ورد بۆ زمان لە ئەدەبی کوردییدا کەمتر دەبینرێ. ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ زمان چییە؟

**کامیار سابیر**: سەرەتا با لەوێوە دەست پێبکەم، من حەز بە بواری زمان زێتر دەکەم، ئەویش لە بواری ئەنسرۆپۆلۆجیای زماندا وەک لقوپۆپێکی زانستی زمان، نەک لەو دیدە ئەبستراکت و رووتوقووتەی زۆر کەس زمان لەچەند چەمکێکی لۆکاڵییدا قەتیس دەکەن، راستە لەهەردوو بوارەکەدا ( زمان و وەرگێڕان ) بەپێی توانای خۆم کارمکردووە و بەردەوامیشم، بەڵام زێتر حەزم بە بواری زمانە، ئەویش ، نەک وەک ئەو خاڵییکردنەوەیەی زمان لە هەموو داتا کولتووریی و سیاسییەکانی، کە هەندێ کەس دەستیان داوەتێ، ئەم وشەیە وا نانووسرێ ،ئەو دەربڕینە نادروستەو ئەو کۆمایە لەوێ نابێ ، ئەم خاڵە لەوێ دەبێ و ئەم بکەرو فرمانە دەبێ پاشوپێش بخرێن .............تاد. ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، گەڕ بەزمانی کوردیی و زمانەوانیی دەکەن. رووانینی من بۆ زمان لە بەهای زمان وەک ئایدێنتیتیی ، رەگەزێکی کولتووریی و رەنگدانەوەی هزرو ئەندێشەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک لایەنی رێزمانیی بەتەنێ ، نەک

وشکەکەڵەکی ئەو گاڕانە لەو زمانزانانەی خەریکی راستکردنەوەو چەوتکردنەوەی ئەم دەربڕین و ئەو پارەگرافی فلان و فیسار نووسەرن.

**کوردناسی**: زمان چییە؟

**کامیار سابیر**: لە رووالەتدا پرسیارێکی ئاسانە، بەڵام هیچ تێرمێک لەم دنیایەدا ئەوەندەی زمان مشتومڕی لێنەکەوتووەتەوە. زۆربەی فیلۆسیفەرەکانی (فەیلەسووفەکانی) بواری تیۆریی و کولتووریی، کەم و زۆر لەسەر زمان راماون و راڤەی جۆراوجۆریان لەسەر کردووە. بەسەدان هەزار کتێب لەسەر زمان نووسراوە، بە میلیۆن وتاری ژۆرناڵ و شیکاریی لەسەر زمان و وردەکاریی و لقوپۆپەکانی نووسراوە. ئێمەی کورد تازە بەتازە گغوگاڵ لە سەر زانستی زمان دەکەین. بەکورتییەکەی کورد کەمترین تێکستی لەسەر زانستی زمان هەیە و زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە زمانناس و زمانەوان دەزانن لە وتاری 1-2 لاپەڕەیی زێتر تشتێکی ( شتێکی) تریان نییە. بەڵام بەو واتایەش نا، کە هەر هیچمان نەبێ. بەبڕوای من گرنگیی زمان لە رووی فەلسەفیی و کولتوورییەوە زۆر بایەخدارە ئەگەر شرۆڤە بکرێ. لە بواری کولتوورییشدا، بەشی ئایدێنتیتیی( ناسنامە) لەزماندا، یاخود زمان وەک ئایدێنتیتیی و بەشێک لەئایدێنتیتیی نیشتمانیی زۆر گرنگە سەیر بکرێ و شیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدرێ .

لای من پێناسەی زمان، ئەو پێناسە گشتییە ئەبستراکتە نییە کە وەک سیستەمێکی پێوەندیی تاک و کۆمیونیتییەکان بەکار دەهێنرێ، بەڵکوو زمان بوونی منە، وەک کورد بوونی ئایدێنتیتییەکەمە ، دیارە بۆ هەموو مرۆڤەکانی دنیا وانییە. بەڵام زمان بۆ کورد، وەک کارێکتەرێکی ئایدێنتیتیی، سیستەمی نووسین و کارێکتەرێکی سیمبۆلیی گرنگیی زێتری هەیە، چونکە ئێمە هێشتا خۆمان لەرووی سیاسییەوە زمانی ستاندەردمان نەپەژراندووە. گرنگترین دەربڕین لای من تایتڵی ئەو کتێبەی John

Honey یە کە دەڵێ " زمان هێزە" ، یان ئەو نووسینەی بێرنارد شۆو Bernard Show کە دەڵێ " ئینگلاند و ئەمێریکا دوو وڵاتن، زمانێکی هاوبەش جودای کردوونەتەوە". هەروەها ئەوەی Spolsky کە دەڵی" زمان سێنترالّی ئەدگاری ئایدێنتیتیی مرۆڤە" یاخود دەڵێ " زمان سیمبۆڵێکی بەهێزی نیشتمانیی و ئایدێنتیتیی ئێسنیکییە".

زمان لەبواری خوێندندا زۆر گرنگە، سەدانی وەک Carolyn Temple Adger ، MARY BUCHOLTZ، ئەنسرۆپۆلۆجیست Signithia Fordham و پرۆفیسەری بواری سوسیۆسیاسیی و سۆسیۆکولتووریی Kelleen Toohey، فیلۆسیفەر ( فەیلەسووف) و سۆسیۆلۆجیست و زمانناسی فرانسیی Pierre Bourdieu لەسەر گرنگیی زمان، ئایدێنتیی ، سیمبۆڵیزمی زمان و رۆڵی خوێندن و پەروەردە توێژینەوەی زۆریان کردووە. وەک کورد تا لە گرنگیی بواری پەروەردەو بەهای ئایدێنتیی زمان و سیمبۆڵی نیشتمانیی و نەتەوەیی زمان تێنەگەین، ناتوانین تەنانەت پێناسەیەکی ئەکادیمییانەی زمانیش بکەین. بۆیە لەیەک رستەدا دەکرێ بگوترێ ، بەبێ زمان، کورد بوونێکی سیاسیی و کولتووریی نییە، بەبێ زمان، نە ئایدێنتیتیی ئێسنیکیی و نە ئایدێنتیتیی نیشتمانیی بەتەواویی هەیە.

**کوردناسی: ماوەیەکە نووسین و چاوپێکەوتن و توێژینەوە و مێزگرد لەسەر زمان بەگشتیی و زمانی ستاندەردی کوردیی پەرەی سەندووە. هۆکاری ئەمانە چییەو بۆچیی لەرابردوودا کەمتر ئەمانە هەبووە.**

**کامیار سابیر:** ئەم پرسیارە بۆ نەتەوەکانی تر کەمتر وایە، بەڵکوو کاکڵەی ئەم پرسیارە زێتر پێوەندیی بەدۆخی سیاسیی و کولتووریی کوردەوە هەیە. راستە بابەتی زمان لە سەدەی بیستەوە تا ئەمرۆ زۆر روانگەی تیۆریی و دیدی فەلسەفەیی و جڤاکیی ... لێ بەرهەمهاتووە. بەڵام لای کورد لەم ساڵانەی دواییدا قسەی رۆژنامەوانیی نەک توێژینەوەی تیۆریی، لەسەر

دەکرێ . ئەوە کوردە لەزماناسییدا لەدواوەیە، ئەوە کوردە عەقڵی بەوە نەشکاوە لە ئاستێکی گشتییدا کە دەنگێکی پڕ لەگوشار دروست بکات و دەستی دەسەڵاتی سیاسیی بگرێ و چاوساغیی بۆ بکات و قەڵەمێکی بداتێ و واژۆی ئەو هەزاران داوایە بکات کە خەڵکانی دڵسۆزی زمانی کوردیی، داوای ستاندەردبوونی زمانی کوردییان کردووە. خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر زمانە جیهانییەکان هەر هەبووەو بەردەوامیشە. راستە چەند ئایکۆنێکی جیهانیی لەم چەند دەیەیەی دواییدا لەسەر زانستی زمان، دەیان و سەدان توێژینەوەی بایەخداریان کردووەو لەئاستی زانکۆکانیشدا، رشتەی زمانەوانیی گەشەیکردووە. بەڵام لەئاستی کورددا، ئەوە ئێمەین لەدواوەین و شتەکان بە دووربینێکی ژەنگاویی و کۆن دەبینین.

بەڵاکە لەوەدایە، زۆر لە ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن زماناس و زمانەوان، جارێ زۆربەیان لەکوردیی بترازێ، زمانێکی تر نازانن، یان لەباشترین دۆخدا، زمانی عەرەبیی و فارسیی دەزانن. بە واتایەکی بەرینتر، چوار کتێب و ژۆرناڵی زمانەوانییان بەزمانە رۆژئاواییەکان نەخوێندووەتەوە، یان تەنانەت وەرگێڕانەکانیشیان نەدیوە، لە دۆخێکی بەمشێوەیەدا، دادەبڕێیت و ئاوەکیی دەکەویت. وەک ئەو شاعیرە کوردەت لێدێت ، سەری لووتی خۆت رەش بکەیت و بکەویتە کەژ و بەسروشتدا بشیعرێنی و بڵێی باشترین شاعیری سەر ئەم هەسارەیەم. سوێندت لەسەرم نییە، زۆرینەی رەهای ئەوانەی لەبن دووگی دەسەڵاتی کوردییدا دەلەوەڕێن و دەخەون، بەخۆیان دەڵێن زمانزان و زماناس و زمانەوان و........تاد، هەموو زانیارییەکانیان لەسەر زمان، لە چەند ستوونێکی رۆژنامە و وتاری ئاگراویی لەچەشنی ( کورد و زمانەکەی، زیندووە و نامرێ ) ی سایتە کوردییە بێکەڵکەکانی ئینتەرنێت زێتر، تشتێکی تریان پێ نییە. تراژیدیا ئەوەیە، ئەمانە کۆڕو سێمینارو دیبەیت و چاوپێکەوتنیش لەسەر زمانی کوردیی و ستاندەردایزی زمانی کوردییش دەکەن.

لەرۆژئاوادا، گرنگییدان بەزمان، لە قوتابخانەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگات بە نێوەندەکانی لێکۆڵینەوە. واتە خوێندکارێک بۆ بناغەو

ستراکتۆری سەرجەم زانیارییەکانی پڕچەک دەکرێ بە زمان و لە بەرزترین ئاستی ئەکادیمییشدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێ. کەچیی بەداخێکی کەمەرشکێنەوە، کورد لەسەروبەندی چێکردنی نەتەوەیەکی یەکانگیردایە، کەچیی نەک زمانێکی ستاندەردی بەفۆرمە سیاسییەکە نییە، بەڵکوو ئەو زمانە ستاندەردەی بەهۆی مێژووی تێکستەوە لەبەردەستماندایە، خەریکە دەیان دوژمنی لەزاراوەکان بۆ قیت دەکەینەوە. کە دەڵێم دوژمن، بەڕاستییش وایە، زمانی ستاندەردو زاراوەی لۆکاڵیی ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن، ناکرێ هەردووکیان زمانی خوێندن بن، دەبێ سەرجەم زاراوەکان بە کرمانجیی ناوەڕاستیشەوە (سۆرانیی)، ملکەچیی بۆ زمانی ستاندەردیی کورد بکەن. تەواوی زاراوەو بنزاراوەکان، هەوای شۆڤینیزم لە کەللەی داون و بەئاشکرا دژایەتی زمانی ستاندەردی کوردیی دەکەن.

**کوردناسی: لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی مۆدێرن، لەرشتەی زمانەوانییدا، لەناو کورددا کورتکردنەوەی وشەکان و بەکارهێنانی وشەگەلی ئیگلیزیی بەخۆیەوە دیوە. چ جیاوازییەک دەبینین لەنێوان گفتوگۆ گشتییەکانی رۆژانەی نێوان لاوان و بەسالاچوواندا.**

**کامیار سابیر:** کورتکردنەوەی وشە و دەربڕینەکان، پێداویستییەکانی زانست و تەکنەلۆژیای مۆدێرنە. هەرچەندە ئەم کورتکردنەوانە زۆرجار بەزیانی زمانەوانیی دەشکێنەوە. هەر ئێستا نەوەی لاو، نەوەی نوێ لە رۆژئاوا ، بەهۆی گۆرانیی و مۆبایل و ئیمەیڵەوە زمانێکی ئەوەندە سەروگوێلاک شکاو و تێکست لاواز بەکار دەهێنن، ترسێکی گەورەی لە بواری پەروەردەدا دروستکردووە. سەبارەت بەکورد و بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزیی لە زمانی نووسیندا، ئەمە دیاردەیەکە، لە دوو دەیەی رابردوودا بەتەواوی هێجەمۆنیی پەیداکردووە. من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەدام کە وشەگەلێکی نوێ دەهێنرێنە نێو زمانی کوردییەوە، رێنووسی نووسینەکەیان وەک زمانە سەرەکییەکە بنووسرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئۆڵتێرنەتیڤ alternative

دەهێنینە ناو زمانی کوردییەوە، نەچین بەسەقەتیی بنووسین ئەڵتەرناتیڤ ( یان ئەڵتەرناتیف)، چونکە خوێندنەوەکە سەقەت بێ، رێنووسەکەیش سەقەت دەردەچێ.

بۆیە پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ فڕانسییەکەی alternatif ، بەڵکوو هەوڵ بدرێ لەمەوداو تەنێ جەخت لەیەکزمان بکەینەوە کە وشەو تێرمۆنۆڵۆجییەکانی لێوە وەرگرین ، ئەویش زمانی ئینگلیزییە. نموونە زۆرن لەم بوارەدا، ریفەرێندەم Referendum دەچین بەهەڵە بە ریفراندۆم دەینووسین، تەنێ لەیەک دۆخدا دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ زمانە رەچەڵەکەی لێوەی وەرگیراوە، بەتایبەت ناوەکان، کاتێ ناوی زانا، سکۆلار، بیریارێکی فڕانسیی، ئاڵمانیی وەردەگرین، هەوڵ بدەین رێنووسەکەی لە فۆنەتیکی ئەو زمانەوە نزیک بێ. بۆ نموونە ناکرێ بە فورات ، بەکوردیی و عەرەبیی و فارسیی بڵێین یوفرەیتز Euphrates، چونکە ئینگلیز لە گریک و عەرەبەوە وەریگرتووە، پێویست ناکات ئێمە بچین لەئینگلیزەوە بەسەقەتیی وەریبگرینەوە. ئەو وشانەی بەهۆی باڵادەستیی زمانی فڕانسیی ، لە کولتوور و دیپلۆماسییدا بەسەر تەواوی زمانە بیانییەکاندا رەنگی داوەتەوە، پێویست ناکات بچین بیکەینەوە بە ئینگلیزیی، بۆ نموونە ناسیۆنالیزم، پێویست ناکات بیکەینەوە بە ناشناڵیزم، کولتوور ( لە لاتینی و فڕانسییەکەوە ) بکەینەوە بە کەڵچەر، یاخوود ئایدیۆلۆژیی ( لەفڕانسییەوە ) بکەینەوە بە ئایدیۆلۆجیی ( ئینگلیزیی).

جیاوازیی لەنێوان گفتوگۆی گەنجان و پیرەکاندا، لەهەموو نەتەوەکاندا هەیەو ئەو گرنگیی و بایەخەی نییە، ئەوە زمانە گەشە دەکات و نەوە بەنەوەش شێوازی دەربڕینەکان دەگۆڕێن، ئەگەر سەیری فیلمە ئینگلیزییەکانی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و شەستاکانی سەدەی رابردوو بکەین ، لەگەڵ ئەو زمانەی ئینگلیزییەی هەنووکەدا بە ئاشکرا جیاوازییەکان هەست پێدەکەین. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەمیان دروستەو ئەویان نادروستە، بەڵکوو ئەوە دەگەیەنێ، زمان لەگەشەی بەردەوامدایە.

بۆ کوردییش هەروایە. زمانی نووسینی چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ ستایڵی نووسینی هەنووکەدا، ئاسمان و ڕیسمانی جودایە.

**کوردناسی: زمانی کوردیی دەرگیری کۆمەڵێ گرفتی ناوخۆیی و لاوەکیی بووە، ئایا چارەسەر چییە بۆ دەربازکردنی زمانی کوردیی لەم نێوەندەدا.**

**کامیار سابیر:** ئەم پرسیارە، دەکرێ بە دەیان جۆری جیاواز وەڵام بدرێتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا، ئەوە دەسەڵاتی سیاسیی کورد و عەقڵییەتی عەشیرەتگەریی و هۆزگەرایی و دەڤەرچییەتیی دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبە کوردییە خێڵەکییەکان و هەندێ نووسەری ناوچەپەرستە کە گرفتی دەرەکیی و ناوەکیی بۆ زمانی کوردیی چێدەکەن. ئەو حیزب و لایەن و دەسەڵات و نووسەرانەن، کە عەقڵییەتی سیاسیی و کولتوورییان، ناتوانێ سنوورەکانی خێڵ، دەوار، میرنشین، حیزب، زاراوە و ناوچە ببەزێنێ و بۆ ئەجێندا نیشتمانیی و کۆلێکتیڤەکان بپەڕێتەوە. ئەو ئەجێندا نیشتمانییانەی کە نەباوک و دایکی تۆیە، نە هیی منە، نە هیی ئەوانیشە، بەڵکوو موڵکی سەرجەم نەتەوەی کوردە و دەربڕی ئایدێنتیتییەکی نیشتمانیی کۆلێکتیڤە. بۆ نموونە هەندێ لە دۆستانی بادینان، بەهەڵە باس لەمافی زاراوەکەی خۆیان دەکەن و بەهەڵەو سەقەتیی بیرۆکەکەیان وەرگرتووە. لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا شتی وانییە، باسی مافی زاراوەیەک بکرێ، باسی کەمینە دەکرێ، باسی زمان دەکرێ ، بەس باسی دایەلێکتی زمانێک ناکرێ کە ستەمی لێ بکرێ. دیارە میدیای کوردییش خۆی ساغنەکردووەتەوە لەئاستێکی گشتییدا، کە بۆچیی بەگرنگییەوە بەزمانی ستاندەردی کوردیی نانووسن. بۆ کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەمە یەکلاییبووەتەوە. ئێستا ئەرکی دۆستانی کوردستانی باکوورە، کەڵک لەو زمانە ستاندەردەی کوردیی وەربگرن و دایەلێکتەکەی خۆیان لە زمانە ستاندەردەکە نزیک بکەنەوە. ئەگەر ئەم

کاره نەکەن، سەرەنجام کورد بەرەو دابڕانێکی کولتووریی و زمانەوانەیی دەڕوات کە ئەوسەری دیار نەبێ.

**کوردناسی**: زماناناس و زمانزانەکانی کورد روانگەیان لەسەر ستاندەردایزی زمانی کوردیی جیاوازە. ئایا کورد توانیویەتی لە داتای زمان وەک چەمکێکی کولتووریی گرنگ تێبگات.

**کامیار سابیر**: من پێموایە، کورد زماناناس و زمانەوانی کەمە، ئەوەی پێی دەڵێن کوردیبیزان، بەڵی کوردیبیزانی زۆر باشی هەیە، هەڵەبڕی زۆرباشی هەیە، بەسەدان کەسمان هەیە کەوکوژیی دانیشتوە بە تفەنگی زمانەوە تەقە لەم و لەو دەکات و بنکۆڵی وشەو رستەو پارەگرافەکانی نووسەران دەکات. بەڵام ناتوانن یەک دێڕ لەڕووی زمانەوانییەوە بنووسن. ناتوانن یەک پارەگراف لەسەر تێڕوانینی فەلسەفیی بۆ زمان بنووسن.

پێموایە، مەسعود محەمەد، یەکەمین کەسە لەکورددا، لەرووی فەلسەفییەوە سەیری زمانی کوردیی کردووە، هەر لەوێشەوە ئەو پیاوە مەزنە، مەزن بەفشە نا، مەزن بەتێکستە مەزنەکانی، مەزن بە بیردۆزە مەزنەکانی، مەزن بەبۆچوونە مەزنەکانی، زمانی کوردیی و گرنگیی زمانی ستاندەردی کوردیی شرۆڤە کردووەو دەسەڵاتی سیاسیی خستووەتە ژێر پرسیارگەلێکی قورسەوە. ئەو پیاوە لەرووی فەلسەفییەوە وردەکارییەکانی ستاندەردایزی زمانی کوردیی داوەتە بەر لێکۆڵینەوە. پیاوێک لەسەردەمێکی کۆندا ژیاوە بەڵام بەبیرێکی زۆر مۆدێرنانەوە ، زۆر پێشکەوتووانەو زانستییانەوە لە زمانی روانیوە. خوێنەر دەتوانێ کتێب و وتارگەلێکی مەسعود (زاراوەسازی پێوانە)، (دەستەودامانی نالی) لە دووتوێی کتێبەکەی "حاجی قادری کۆیی" و دەیان وتاری زمانەوانیی و دیدی فەلسەفیی ئەو لە گۆڤاری "کۆڕی زانیاری کورد، کاروان و رۆشنبیری" بەرووني ببینێ و بزانێ ئەو سەربازە ونەی زمانی کوردیی کێیە.

بۆ من یەک تشتێ زۆر زۆر گرنگە، زمان لە رووی فەلسەفییەوە شیبکرێتەوە، زمانی کوردیی کە ئەوەندە بێکەس و بێنازە، بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی و مەیدانیی لەسەر نەکراوە. بەشێک لەسکۆلارە زمانناسەکانی کورد، زمانەوانەکانی کورد، هەر خەریکی فاڵ گرتنەوەن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بەزەیی بەهەوڵەکانیاندا بێتەوەو زمانی ستانەردی کوردیی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، لە دامودەسگا دەوڵەتییەکاندا بسەلێمینێ و بیسەپێنێت. خەریکی ئەوەن بچنە خزمەتی سەرۆک حیزبەکان و بەسەر پێڵاوەکانیاندا بنوشتێنەوە بۆ ئەوەی زمانی ستاندەرد بپەژرێنێ یان بپەژرێنن. لەکاتێکدا دەبووایە، ئەمانە گوشاریان بخستایەتە سەر دەسەڵاتی کوردیی بۆ ئەوەی زمانی نووسینی کوردیی جێکەوت بکرێ.

زمان لەرووی فیلۆسۆفییەوە، چوار گرفتی سێنترالّیی هەیە، ئەو گرفتانەش { سروشتی داتاکانی زمان، بەکارهێنانەکانی زمان ، دەرککردن cognition بەزمان و پێوەندیی نێوان زمان و راستیی} ن . ئەم چوار کاتەگۆرییە لە نێو زمانەوانە کوردەکاندا زۆر بەکەمیی دەستی بۆ بردراوەو شیکراونەتەوە. لەهەموویشیان گرنگتر دەرککردن بەزمانە کە بناغەی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و بوونی نەتەوەی کوردە. شەڕی بەشێک لەوانەی خۆیان بەزمانناسی کورد دەزانن، خەریکی سمپارەلێدان لەم وشەو ئەو وشەن. بەشێکیان، ئەوەندە سەیر وشەی بیانیی دەهێننە زمانی کوردییەوە و بەهەڵە چەمک و داتای ئەو وشانە بەکار دەهێنن، خوێنەر یەقی دەبێتەوە. بەشێکی تریان هەوای ئایدیۆلۆژیی سەرمەستی کردوون و بۆچوونە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانیان لە کێڵگەی زماندا ساغدەکەنەوە.

**کوردناسی: هێزە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی کوردستان( ئیسلامیی، مارکسیی، ناسیۆنالیستیی و لیبرالەکان) هەر لایەنەو بەپێی توانای خۆی رۆڵیان بەسەر زمانی کوردییەوە هەبووە. ئایا رۆڵی ئەم دیدە جیاوازانە لەسەر زمانی کوردیی چۆنە؟**

**کامیار سابیر:** ئیسلامییەکان و مارکسیستەکان، یاخود حیزبە فەناتیکە مەزهەبییەکان و کۆمۆنیستەکان وەک یەک، هیچ سوودێکیان بۆ زمانی کوردیی نەبووە. ئەوەی گرفتی ئەوان نەبێ، زمانە. بۆ ئیسلامییەکان، زمانی عەرەبیی هەمووو تشتێکەو هیچ تشتێکی تر رێزو بەهایەکی نییە، جگە لەو خودایەی بەزمانی عەرەبیی تێکستی بۆ پێغەمبەر ناردووە، هیچ تشتێکی تر جگە لەو قورئانەی کە بەزمانی عەرەبیی نووسراوەتەوە قودسییەتی نییە . بەهەمان شێوەش بۆ مارکسیست و کۆمۆنیستەکان، ئەوەی گرنگ نەبێ زمانە، بۆیشە زمانی نووسینەکانیان زۆر لاوازە. مرۆڤ بێزی لە خوێندنەوەی تێکستەکانیشیان دەبێتەوە.

کۆمۆنیستەکان دوای ئەو ئەفسانەیە کەوتوون، کە زمان تەنێ هۆکاری تێگەیشتنە، ئەوان بەشوێن خەباتی چینایەتیی و ئینتەرناسیۆنالییەوەن، بۆیە پێیانوایە، باشترە لەبری زمانی کوردیی، زمانی نەتەوەی سەردەست، زمانە رۆژئاواییەکان بەکاربهێنن. هەندێکیان ئەوەندە دواکەوتوو، نەزان و نەخوێندەوارن، دەڵێن زمانی کوردیی هیچ پیرۆزییەکی نییە، چونکە زمانی ئاغاو شێخ و دەرەبەگەکانە. هەندێک لەم چەپە کلاسییکییانە بڕوانامەی بەرزبەرزیشیان هەیە، لەرۆژئاواش دەژین، بەڵام توانایان بەسەر زمانی زگماکی خۆیاندا ناشکێ، ئیتر دەبێ ئینگلیزییەکەیان چۆن بێت، کەچیی سەرسەختانە دوای مەرجەعێک کەوتوون، کە ئایدیۆلۆژییانە نەک زمانناسییانە، داوای فرە ستاندەردیی بۆ زمانی کوردیی دەکات. هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە، هەردوولایان واتە ئیسلامییەکان و کۆمۆنیستەکان، ئایدیۆلۆژیا رەشمەیانی کردووەو ئاوەزی خۆیان بەدەست ئایدیۆلۆژیای ئاسمانیی و بیرێکی دۆگماوە گرێدراوە. ئەگەر قسەیەک بۆ دزیش بکەین، تێکستی ئیسلامییەکان لەڕووی زانستی زمان و گراماتیکەوە لە تێکستی کۆمۆنیستەکان باشترە.

پانکوردیستەکانیش بەنۆرەی خۆیان، ئەوەندەی خزمەتیان بەزمانی کوردیی کردووە، ئەوەندەش زیانیان لێداوە. وشەگەلێک بەکار دەهێنن، ئەگەر بۆ ئینگلیزیی وەریابگێڕیت ، تشتگەلێکی زۆر نائاوەز و سەقەت

دەردەچن. لە زمان و تێرمۆنۆلۆجییەکانیاندا لاسایی هەمان کولتووری پانعەرەبیزمی سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دەکەنەوە. هەموو ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە، زیانیان بۆ زمانی کوردیی، لە قازانج زۆر زێتر بووە. زمان دەبێ لەدەست ئایدیۆلۆژیا دەربهێنرێ و بکرێتەوە بەکاری کۆمەڵێ سکۆلارو توێژەرو زمانناس و زمانەوانی دانسقە، کۆمەڵی کەسانی تایبەت بەم بوارە. هەموو ئەو وشانەی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیایانە هێناویانەتە نێو زمانی کوردییەوە، خەریکە قڕیان تێدەکەوێ، ئەو هەلومەرجە ئازاد وکراوەیەی بەڕووی زمانەکانی تردا هەیە، خەریکە ریتمی خۆی وەردەگرێ و ئایدیۆلۆژیا بەتەواویی کەنار دەخات.

**کوردناسی: زمانی ستاندەردی کوردیی چیی دەگەیەنێ؟ ئایا کورد زمانی ستاندەردی هەیە. بۆچیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە کورد زمانی ستاندەردی هەیە، لەکاتێکدا بەفەرمیی ددانی پێدانەنراوە.**

**کامیار سابیر:** ئەم پرسیارەم پێشتر لەو نووسینانەدا وەڵام داوەتەوە کە لەسەر زمان نووسیومن، بەڵام زمانی ستاندەرد و تایبەتمەندییەکانی بەشێوەیەکی گشتیی دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

1. زمانێکی دەوڵەمەند بێ لە نووسیندا، واتا تێکستی زۆری پێ نووسرابێ
2. خاوەنی فەرهەنگی پانوپۆڕ و هەمەجۆر بێ
3. زمانی ئیڵیتی نووسەران ، شاکارنووسان، ئەدەبدۆستان و شاعیران و بیریارانی ئەو نەتەوەو گەلە بێ.
4. زمانی خوێندن و میدیا بێ
5. زمانی یاسایی و ئەکادیمیی و سیاسیی و کولتووریی بێ
6. زمانی پایتەختی سیاسیی و ئابووریی و رۆشنبیریی بێ
7. خاوەن رێساگەلێکی تۆکمەی رێزمانیی بێ

8. ڕێزمان و داڕشتنەکانی لەسەر ڕێساو سروشتی زمانی کوردیی بێ، نەک لاساییکردنەوەو بیرازکردن.

ئەم لیستە دەکرێ درێژتر بکرێتەوە، بەڵام بەکورتیی ، ئەوانەی ئاماژەم پێکردن، کرایتێریا سەرەکییەکانی زمانی ستاندەردن. ئەوانە قسەی گیرفانی من نییە، توێژینەوەی سەدان زمانناسی زمانە جیهانییەکانە. بەشی دووەمی ئەو پرسیارە، پێموایە زمانی کوردیی تایبەتمەندییەکانی زمانێکی ستاندەردی تێدا هەیە، ئەگەر هەیە بۆچیی؟ دەکرێ بەمشێوەیە وەڵام بدرێتەوە.

بەڵی زمانی ستاندەردی کوردیی پێشوەخت هەیە، دەیان ساڵە بەباشیی فەنکشن دەکات و خاوەنی خەزێنەیەکی گەورەیە لەتێکستی کوردیی. کورد ئەگەر تێکستی هەبێ، ئەوا بەم زمانە ستاندەردە نووسراوە کە هەنووکە من و تۆ قسەی پێدەکەین و پێی دەنووسین. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ، زمانی ستاندەرد هەرگیزاو هەرگیز وەک نیڵ سمیس پێیوایە، زمانی ئاخافتن نابێ، بەڵکوو زمانی نووسین دەبێ. بۆ نموونە تۆ خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی، من خەڵکی کوردستانی باشوورم، دوو زاراوەی جیاوازمان هەیە لەئاخافتندا، بەڵام هەردووکمان بەم زمانە ستاندەردە دەنووسین کە لەهەردوو کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ( نەک باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، زمانێکی گشتگیرو باڵادەستەو لە هەندەرانیش هەر ئەم زمانە قورسایی خۆی سەپاندووە.

ئەو زمانەی پێی دەنووسین هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندەردی کوردیی بەتەواویی تێدایە، دەستکاریی ناوێ، تەنێ مشتوماڵکردن و دەستپێداهێنانی لەسەرەوە دەوێ. بەهۆی دایەلێکتەکانی ترەوە بەهێز بکرێ، دەکرێ دایەلێکتی کرمانجیی و هەورامیی ڕۆڵی سەرەکییان لەم بەهێزکردنەدا هەبێ، چونکە دوو زاراوەن، لە وشەدا زۆر دەوڵەمەندن. بۆچیی؟ چونکە ناکرێ کورد دوای ئەو بەدبەختییە بکەوێ و جارێکی تر بیر لە بناغەی زمانێکی تر بکاتەوە. ئەگەر بیر لەتشتێکی وا بکرێتەوە، ئەوە کورد دەیسەلمێنی کەبەخۆڕایی نییە گەورەترین گەلی سەر ئەم

هەسارەیەیین، تا هەنووکە نەسەربەخۆییمان بەدەست هێناوەو نە عەقڵیشمان ( سیاسییەکانمان ) بە بەهاو گرنگیی زمانی ستاندەردی نیشتمانیی دەشکێ. هاوکات ناکرێ لەپاڵ زمانی ستاندەردی کوردییدا کە تەنێ بناغەکەی سۆرانییە، زاراوەیەکی تر قوت بکرێتەوە. ئەوە جگە لەوەی سۆرانیی لەبناغەدا، تێرمێکە شۆڤینزمی ناوچەیی کردوویەتی بە تێرمۆنۆلۆجییەک بەسەر زمان و کولتووریی کوردییەوە، ئەگینا، پانتایی جیۆگرافیی شار و ناوچەکانی سابڵاغ و سنە و مەریوان و سلێمانیی و کەرکوک و هەولێر گەرمیان کەی پێوەندییان بە سۆرانییەوە هەیە، تازە ئەم زمانە کوردییە لەوە دەرچووە پێی بگوترێ سۆرانیی؟ زمانی ستاندەردی کوردیی تەنێ بناغەکەی (تێکەڵەیەکە لە کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو، کە بەمەغزای شۆڤینییەوە، سۆرانیی پێ دەگوترێ) کرمانجیی ناوەڕاستە. سەرەڕای ئەمانەش، زمانی ستاندەردو زاراوە پێکەوە هەڵناکەن و تەواوی بیردۆزە زمانەوانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە زاراوەو زمانی ستاندەرد، پێچەوانەی یەکترن و زاراوەکان دەبێ لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی و ئایدێنتیتیی نیشتمانییدا خۆیان بخەنە خزمەتی زمانی ستاندەردی کوردییەوە.

**کوردناسی:** لە ئەگەری گۆڕینی سکریپتی زمانی کوردیی لە ئارامییەوە بۆ لاتینیی، ئایا بۆ فێربوونی زمانە رۆژئاواییەکان باشتر نییە؟ ئایا پلانی گۆڕینی سکریپتی تێکستی کوردیی بۆ سکریپتی لاتینیی، سەردەگرێ.

**کامیار سابیر:** ئەم پرسیارەم لە نووسیندا، بەشێوازی جۆراوجۆر وەڵام داوەتەوە. بەڵام بەکورتیی، سکریپتی لاتینیی، لەبەلایەک زێتر بۆ زمانی کوردیی هیچ دیارییەکی تری نەهێناوە. ئێمەی کورد، ناکرێ نکۆڵیی لەرابردوو ، لەمێژووی خۆمان بکەین، ئێمە گەلێکی رەگ ئێرانیین، مەبەستم لە ئێرانی کۆنە. گەلی فارس و کورد، ئەوەندە لێک نزیکن لە کولتوور و زماندا، مەگەر فڕانسیی و ئینگلیزیی ئەوەندەیان بەسەریەکەوە

هەبێ. ئەوەی بچین خەریکی سکریپتی لاتینیی بین، کە خودی لاتین زمانێکی مردووە، شێتخانەیەکە ئەوسەری دیار نەبێ. سکریپت نیشانەی پێشکەوتن نییە، ئەگەر وابووایە، دەبوو، ژاپۆنییەکان و چینییەکان و هیندییەکان و رووسەکان لەدوای هەموو گەلانی دنیاوە بوونایە، چونکە وەک لەکوردییدا دەگوترێ، سکریپتی ژاپۆنیی و ئاسیاییەکان لە دەرگا و پەنجەرە و خەتخەتۆکێ دەچێ. کەچیی ئەوەتا ژاپۆن، دووەم وڵاتی دنیایە لەڕووی ئابوورییەوە، چین بەپێی پێشبینیی ئیکۆنۆمیستەکان و لێکۆڵیارە تایبەتەکانی بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە دە- بیست ساڵی داهاتوودا ئەگەر گەشەی ئابوورییەکەی بەمشێوەیە روو لەهەڵکشان بێ، بۆی هەیە ببێ بەگەورەترین هێزی ئابووریی و سیاسیی و سەربازیی لە جیهاندا.

بەهیچ شێوەیەک، سکریپتی لاتینی یارمەتییدەر نییە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیی، ئەمە لۆژیکێکی زۆر قۆڕە. ئەمە پێچەوانەی ئەو کۆنسێپتە فیلۆسۆفیانەیە کە پێیانوایە زمان رەنگدانەوەی بیروهۆشی مرۆییە. باشە ئەگەر وایە بۆچیی کوردانی باکوور لە ئەورووپاش فێری ئینگلیزیی و فەرەنسیی و ... ......تاد نەبوونە؟ ئەگەر وایە کوا رۆڵیان، با گۆترەکارییەکی کوردیی بکەین، بۆیە وا دەڵێم چونکە هیچ ئامارێکی وردو زانستیی و ئەکادیمییمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام بە ئەزموونی رۆژگار قسە دەکەم . من پێموایە، کوردی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات، کەهەردوولایان سکریپتی ئەو زمانە ستانداردەمان هەیە کە پێی دەگوترێ زمانی ستانداردی کوردیی، لە فێربوونی زمانە رۆژئاواییەکاندا لە پێش خەڵکی تورکیا و کوردەکانی ئەو وڵاتەوە دێین.

لە چاو نەتەوەکانی تریشدا، کاتێ فێری زمانی ئینگلیزیی دەبین، فۆنەتیکی کورد بەگشتیی لە فۆنەتیکی عەرەبیی و تورکیی و فارسیی باشترە. کەواتە پێوەنانێکی بێڕادەیەو حەشوەبەستنێکی زۆر گەورەیە، ئەوانەی دەڵێن سکریپتی لاتینیی یارمەتییدەرە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیی، بەهەڵەداچوون. ئەگەر یارمەتییدەریش بێ، تەنێ بۆ ئەوانە

یارمەتییدەرە کە لەرۆژئاوا گەورە دەبن، بەڵام زۆر زۆر سنووردارە. با ئەو دۆستانە خۆیان فێری کوردییە کرمانجییەکە بکەن، کە لەبنەڕەتدا نایزانن، ئەوکات نۆرەی ئەوە دێت، بەهۆی ئەو سکریپتەوە فێری زمانی بیانیی ببن.

زمانی کوردیی بەسکریپتی لاتینی، لە هەنووکەدا لەخەونی شێت دەچێ. خەونێکی ئەوەندە نائاوەزییە، کە گوناهە مرۆڤ مێشکی خۆی پێوە خەریک بکات. ئەمە وڕێنەی پانلاتینیی و کولتوور-کەمالیستەکانە. زمانی کوردیی یەک ڕێگەی لەبەردەمە، لە پێش هەموو تشتێکدا، ئەو زمانە ستاندەردەی هەمانە بەفەرمیی لە رووی سیاسییەوە بیسەپێنین، ئەمەش چاوکراوەیی دەسەڵاتی کوردیی دەوێ، ئیرادەی سیاسیی دەوێ، لە قۆناغی دواتردا، کاتێ زمانی ستاندەردی کوردیی تەواو گەشەی کردو سەرجەم زاراوەکانی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردەوە( لەئاستی کوردستانی گەورەدا ئەمە نایاتە دی، لای کەم لەهەنووکەو داهاتوویەکی نزیکدا – قسەمان لەسەر کوردستانی باشوورە، کە حکومەت و دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی هەیە) ، ستایڵی نووسینمان کرد بەیەک، ئەوسا دەکرێ لە ئاستییێک بەربەبڵاوتردا ئەم بابەتە یەکلاییبکرێتەوە.

بەڵام ئەوە لەیاد نەکەین ئەو سکریپتەی جەلادەت بەدرخان بناغەکەی رۆناوە، بەچاولێکەریی کەمالیزم و تۆرانیزم بووە، هیچ پێویست ناکات کاتێ بنووسین چوار، بەلاتینییە کەمالیزمییەکە دەبێ çwar بنووسین ، بەڵام ئەگەر بە سکریپتی مۆدێرنی رۆژئاوایی بینووسین، دەبێ chwar بنووسین. یاخود هەشت، ئەگەر بە لاتینییەکی سەقەت و کەمالیستانە بینووسین، دەبێ heşt بنووسین، بەڵام بەسکریپتی مۆدێرن ، باشترە hesht بنووسین. بەسکریپتە لاتینییەکەی بەدرخان، خراپ دەبێ بە Xrap بنووسین، بەڵام بە سکریپتی رۆژئاوایی نوێ ، باشترە khrap بنووسین. بەکورتییەکەی ئەم چوکڵەو سەروبۆرانە لە سکریپتەکەی بەدرخان دەبێ دەربکرێن، راستییشت دەوێ، سکریپتەکەی جەلادەت بەدرخان، ئەگەر تاموچێژە تورکیی و کەمالیزمەکەی لێدەرکەیت، هیچی نامێنێتەوە. گەورەترین بەدبەختیی و نەزانیی کورد لەوەدایە، عەقڵی خۆی

بداتە دەست ئەوانەی دوای جەلادەت بەدرخان کەوتوونە، لەکاتێکدا خودی جەلادەت، چاولێکەری کەمالیزم بووە، ئەو خۆی ئازاد نەبوو، بیروبۆچوونی کۆیلەی بیری کەمالیزم بووە، ئاوەزی کۆیلەی ئاوەزی نەتەوەی سەردەستی تورک و پانتۆرانیزم بووە، شێتییە من بچم دوای بۆچوونێکی لەو چەشنە بکەوم.

ئەوە جگە لەوەی ئەو سکریپتە بۆ زمانی ستاندەردی کوردیی دەست نادات ، چونکە فۆنەتیکی زمانی کوردیی لەگەڵ دایەلێکتی کرمانجییدا جودان. بەگشتیی ، کورد ناتوانێ رەگە هیندۆئەوروپاییەکەی، رەگەزە ئێرانییەکەی لەبیر بکات و بە نەزانیی و چاولێکەریی خۆی بکاتە رۆژئاوایی ( لەسەر ستایڵی کەمالیزم و پانتۆرانیستەکانی تورکیا، هەروەک هۆزی جەلادەتی بەدرخان کردیان). پلانی گۆڕینی سکریپتی کوردیی ( فارسیی –ئارامیی- عەرەبیی چێکراو ) بۆ سکریپتی لاتینیی- تورکیی ( نەک لاتینیی – کوردیی ) نەزانییەکی زۆر کوێرانەیە، زۆر کەسی پاننەتەوەیی و پانکوردیستی سەرگەردان، هەوڵیان دا، هەموویان شکستیان هێناو هەرچییەکی تریش بدرێ، هەر شکست دێنێ.

بەپێچەوانەوە ئەوە کوردەکانی کوردستانی باکوورە، کارێکی باشیان دەکرد، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ رۆحی سکریپتی کوردیی، بگەڕێنەوە بۆ یەکێک لەتێکستە گەورەکانی کورد، ئەو سکریپتەی" مەم و زین" ی پێ نووسراوە. سەرەنجام ئەگەر رۆژگارێ هاتە پێشەوە بۆ گۆڕینی سکریپتی کوردیی بۆ سکریپتی لاتینیی، دەبێ پێشوەخت، کورد زمانەکەی ستاندەردایز بووبێت لەڕووە سیاسییەکەیەوە ( چونکە لەڕووی کولتووریی و ئەدەبیی و زانستییەوە، تەواو کامڵ بووەو سەرلەبەر زمانێکی ستاندەردە ) ، ئەوسا لەڕێگەی رێفەرێندەمێکەوە ( لەکوردستانی باشووردا ) ئەمە یەکلایی بکرێتەوە، من ئەوەش بەکارێکی راشناڵیی ( عەقڵانیی) نازانم، بەپێچەوانەوە باشترە بۆ کورد گەشە بەم سکریپتە رەسەنەی خۆی بدات.

**کوردناسی:** چ وەڵامێکتان هەیە بۆ ئەو دەستە لە رۆشنبیر و زماناسانەی وڵاتانی دەسەڵاتدار کە زمانی کوردیی بە زاراوە یان بەبەشێک لە زمانەکانی عەرەبیی،فارسیی و تورکیی دەزانن؟

**کامیار سابیر:** با هەموو تشتێک هەر نەخەینە سەر دوژمن، بەردێ لەو ئاسمانەوە بێتە خوارێ و بڵێین دەستی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و تورک و فارسی تێدایە. من دەڵێم خەتای ئەوان نییە، خەتای خۆمانە، ئێمە خۆمان تاوانبارین لەوەی زمانی ستانداردی کوردییمان بەشێوە سیاسییەکەی نییە، دەسەڵاتی گەندەڵی کوردیی تاوانبارە، کابرایەکی تورکی کەمالیست بۆ تاوانبارە، کاتێک دەسەڵاتی سیاسیی کورد، تازە بەتازە دێت حەنەحەپەشێی زاراوەکان برەو پێدەدات و لە کوردستانی باشووردا دەیخاتە پرۆگرامی خوێندنەوە. فەرموو لەکوردستانی باشووردا، لە کۆی ٦-٧ زانکۆی کوردستانی باشوور، زانکۆی دهۆك ناوەکەی خۆی بە زاراوەیەکی کوردیی نووسیوە، کە دەبووایە بە زمانی کوردیی، نەک بە زاراوە بنووسرێ ، کەواتە لۆمەی کابرای تورک و عەرەب مەکە، کاتێ دەڵێن کورد زمانی نییە، تەنێ هەندێ زاراوەی گەڕوگولی هەیە. ئەم بۆچوونەیان دیوێکی راستە، بەڵام ئەوان بەچاویلکەیەکی شۆڤینییانە تێی دەڕوانن. من وەک کوردێک شەرم لەخۆم دەکەم ، کە دەسەڵاتە سیاسیەکەی کورد، عەقڵی بەوە ناشکێ کە کورد وەک ئایدێنتیتیی پێویستە زمانی ستانداردی کوردیی هەر ئێستا نەک سبەینێ بپەژرێنێ. شەرم لەخۆم دەکەم، کەکوردم و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەی کوردیی، وەک میرە کوردەکانی سەدەکانی رابردوو خەریکی ناوچەچییەتیی و دایەلێکتبازییە.

بەڵی خەتای تورک و عەرەب و فارس نییە، کە ئێمە زمانی ستانداردی فەرمییمان لەرووی سیاسییەوە نییە. خەتای خۆمانە، خەتای دەسەڵاتی کوردییە. خەتای ئەو زماناس و زمانەوانە ترسنۆکانەن کە دنیا بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا قڵپ ناکەنەوە. کاتێ زاراوەیەک لەبەرامبەر لینگوا فرانکای ستانداردی کوردییدا قیت دەکاتەوەو شەڕ دەخاتە نێوماڵی زمانەوە. ئەم سەرکردایەتیی و دەسەڵاتە سیاسییە، وەک ئەو پیاوە چەند

ژنە دێتە بەرچاو کە بچووکترین کوڕی دەلالی ژنە بچووکەکەی، بۆ گیان هەموو منداڵەکانی تری ڕاست دەکاتەوەو دەست لەپشتی دەدات و دنەی دەدات، بۆچیی؟ بۆ ئاژاوە نانەوەو خۆخۆریی، چونکە ژنە بچووکەکەی خزمی خۆیەتی، لە خوێنی خۆیەتی، لە عەشیرەتەکەی خۆیەتی، خەڵکی هەمان ناوچەو سەر بەهەمان هۆزو خێڵە، ژنە بچووکەکەی بۆ سەر هەمان تەریقەت و هەمان بەرەباب و هەمان کولتوور و هەمان زاراوە دەگەڕێتەوە.

**کوردناسی**: **وەرگێڕانی دەقە زانستیی و ئەکادیمییەکان لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردیی، بە ڕای ئێوە دەتوانێ چ یارمەتییەک ببەخشێتە زمانی کوردیی؟ چالاکیی لەم چەشنە لە ناو وەرگێڕە کوردەکاندا لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

**کامیار سابیر**: ئەم پرسیارە بۆیە بەگرنگ دەزانم و وەڵامی دەدەمەوە، چونکە بەسەر خۆمدا هاتووە. لەگەڵ دۆستێکی تردا لە بریتانیا ( کاک دڵشاد حەمە) ، خەریکی وەرگێڕانی کتێبێک بووین بەناوی ئاییندەی عێراق- دیکتاتۆریی، دیمۆکراسیی یان دابەشبوون، کتێبەکە دوو سکۆلاری بریتانیایی نووسیویانە ( Liam Anderson and Gareth Stansfield )، بەڕاستیی گیانمان دەرچوو تا تەواومان کرد، دڵنیام هاوکارەکەشم هەمان دەردەسەریی بەسەردا هاتووە. زمانی کوردیی لەڕووی سینتاکس و میتافۆری زمانەوانییەوە، ئەوەندە بەهێز نییە، کە دەقێکی تێروپڕی ئینگلیزیی پێ وەربگێڕدرێ. ئەی چارەسەر چییە؟ بەڕای من چارە ئەوەیە، هەوڵبدرێ کورداندن زۆر لەدەقەکەدا نەکرێ، ڕۆحی نووسینەکە نەگوشرێ و لەبەرامبەریشدا، خوێناوی کوردیی نەکرێ بەبەریدا و وەرگێڕ ئیدیەمەکانی ناو کۆنتێکستەکە لە ئامانج و پێکانی مەبەست دووربخاتەوە. ئەگەر وشەیەکمان نییە، لەبری ئەوەی لەفارسیی و عەرەبییەکەوە وەریبگرین، باشترە بچین لە ئینگلیزییەکەوە وەریبگرین.

بەڵام دەبێ وەستایانەو وردەکارییانە ئەم کارە بکرێ. هەندێ کەس هەیە، وشەی collapse ی ئینگلیزیی ، بە کۆلاپس دەنووسنەوە. من چاوم دەچێتە پشتی سەرم، کەتشتێکی قۆڕی لەم چەشنە دەبینم، فەرموو لەکوردییدا هەموو ئەم وشانەمان هەیە ( رووخان، رمان، داڕمان، داڕووخان، تەپین، داتەپین، نوشتانەوە، هەرەس، شکست، تلیسانەوە، کەوتنە خوارەوە، ............تاد ) دیارە بەپێی رستەکە واتای وشەکە دەگۆڕێ، دەکرێ وشەیەکی کوردیی گونجاو بەکاربهێنی، کەچیی هەندێ نووسەری کوردی هیچ نەدیتەی وڵاتانی ئەوروپا، دەچن کۆلاپس دەنووسن. لەو بێ عەقڵترم ئەگەر بەردەوام بم لە خوێندنەوەی نووسینەکەی، کاتێ دەمدا بەتاسەیەکدا لەچەشنی " کۆلاپس" و حەزی خوێندنەوەم دەکوژێ. بەڵام زۆر وشەی تر لەچەشنی "ریکۆرد، تیۆریی، گلۆباڵیزەیشن، ئایدێنتیتیی، سیڤیل، فەنکشن، ............تاد" هەروەها ئەو وشە کوردییانەی هەن، پڕبەپێستی وشە ئینگلیزییەکە نین، بەبڕوای من ئەگەر وەک خۆیان بنووسرێنەوە، گرفتێکی ئەوتۆ نییە.

**کوردناسی:** وەک پێداویستییەکی ژیانی مۆدێرن، پێویستە کوردەکانی ئەوروپا و وڵاتانی ئینگلیز زمان، فێری زمانی ئەو وڵاتانە بن کە لێی دەژین، بەڵام زۆرینەی کوردەکان لەم بوارەدا کۆڵەوارن . هۆکارەکان چیین؟

**کامیار سابیر:** بەکورتیی و بەکوردیی، هۆکارو بەربەستی سەرەکیی بۆ کورد لە فێرنەبوونی زمانە ئەوروپاییەکاندا، بۆ کولتوورێکێ خراپ، مێنتاڵێکی وێران، روانینی چەوت لەژیان، بێسەرەوبەرەیی ئەو کۆڕەوەی بۆ ئەوروپا دەستیپێکرد دەگەڕێتەوە. با ئەوەمان لەبیرنەچێ، زۆرینەی کۆمیونیتیی کوردیی لەئەوروپاو وڵاتانی تری رۆژئاوا، دوای ژیانێکی باشترو خۆشتر کەوتووینە. ئەمە مافی هەموو تاکێکە. بەڵام کاتێ ئەم تێکەولێکەیە، توخمە سەرەکییەکانی ئەم کۆمیونیتییە بێ، دەبێ چاوەڕوانییەکانیشمان سنووردار بن. بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماریی ئیسلامیی ،

بەعسی رووخاو، رژێمی سووریاو تورکیاوە سەدان هەزار کورد پەڕیوەی هەندەران بوون. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ بەسەدان هەزارکەسیش لەکوردستانی باشوور بەهۆی دۆزەخی شەڕی نێوخۆ و گەندەڵیی دەسەڵاتی کوردییەوە، کوردستانیان جێهێشت. کەواتە کۆچ بۆ رۆژئاوا، هەڕەمەکیی بووە، لەناو ئەم ئاپۆڕایەدا زۆرترین خەڵکی نەخوێندەواری تێدایە. گۆچانی گاوانیی و شوانییەکەی فڕێداوەو بۆ هەندەران چوونە، چەکی جاشییەتییەکەی فڕێداوە هەڵهاتووە بۆ دەرەوەو بە تێکۆشەری دێرینیش خۆی دەناسێنێ.

بەشێکی زۆر لەمانە نەدیی و بدیین، پارەیان نەدیوە، چاوچنۆکن، لەئەوروپاو رۆژئاوا دەژین، خاوەنی پارەیەکی زۆریشن، کەچیی هێشتا دەڵێی لە ئەفگانستان و کوێرەدێیەکی کوردستاندا دەژین، هەر بەدوای پارەدا راکەڕاکیانە ، شەووڕۆژیان خستووەتە سەریەک و تێرناخۆن، لەرووی دەروونییەوە هەر هەڵپەیانە، وەک سادەترین مرۆڤی رۆژئاوایی ناتوانن چێژ و خۆشیی لەژیان ببینن. لە دەمی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەگرنەوە و لەکوردستان بەڕیز خانوو دەکڕن. بەهەزاران خانووی کڕدراو لەلایەن کوردانی دایەسپۆراوە لە شارەکانی کوردستاندا هەن، یان چۆڵن یان نیمچە چۆڵ، لەکاتێکدا ئەو هەموو بێ جێگەو بێ خانەیە لەکوردستاندا هەن. ئیتر تۆ چاوەڕوانی چیی لەم بابایەنە دەکەی فێری زمانی وڵاتەکەی خۆیان ببن و خێرێکیان بۆ خۆیان و نەتەوەو وڵاتەکەیان هەبێ. راستە بازرگانییکردن و پارە هێنانە ناو وڵاتەوە، گەشەی ئابووریی بۆ کوردستان زێتر دەکات. بەڵام ئەو رەهەندە نامۆڕاڵییە، بەرهەمی گەندەڵی تاکی کورد و دەسەڵاتی کوردییە، کە کوردستانیان بەم ئاستە سامناکە لەگەندەڵیی گەیاندووە.

ئەوانە هەر خەریکی پارەکۆکردنەوەن ، نە خێریان بۆ خۆیان ، نە بۆ منداڵەکانیان و نە بۆ نەتەوەکەشیان هەیە ، زۆریان بە مانگیش پەڕەیەک ناخوێننەوە، بەتاک قسە بکەین، ناوی دوو رۆژنامەی شارو وڵاتەکەی نازانێ. ئاخر بەڕاستیی ئەمانە بوون و نەبوونیان چییە. ئەمانە تەنێ

مرۆڤن و بەدواکەوتووترین شێوەی ژیان دەژین، زیانیان بۆ خۆیان و منداڵ و خێزان و کۆمیونیتییەکەیان لە قازانجەکانیان زۆرترە. کەواتە فێری هیچ زمانێ نابن. بەکورتییەکەی کورد لە دایەسپۆرادا، کۆمیونیتییەکە هێشتا سیمای پەناهەندەیی بە سەر ئەدگارو ئاکارو بیروهۆشییدا زاڵە و تازە لەسەرەتای تێکەڵبوونییدایە بە کۆمەڵگەی رۆژئاوا.

ئەوەی پێشتر گوتم سەبارەت بە زمانە بیانییەکان، ئێ سەبارەت بە زمانی کوردییش، هەمان خەڕەکە، چونکە پێوەندیی بە نەبوونی تێگەیشتن و فرچکگرتن بەزمانی ستاندەردی کوردییەوە هەیە. زۆربەی خوێنەرو نووسەرانی ئێمە ، دەرکی بەگرنگوەرگرتنی زمانمان نییە. زۆربەمان بە شێواز و زاراوەی گوندەکەی خۆمان، شارەکەی خۆمان ، ناوچەکەی خۆمان بیر دەکەینەوە. لەکاتێکدا زمان دەبێ هەموو سنووره نێوخۆییەکان ببڕێ و لە تانوپۆی نیشتمانیی و نەتەوەییدا خۆی ببینێتەوە.

**کوردناسی:** **هەنووکە دەنگێک پەیدابووە، داوای ئەوە دەکەن، زمانی ئینگلیزیی بکرێ بەزمانی فەرمیی کوردستان، ئیتر گرفتی ستاندەردایزی زمانی کوردییش لەکۆڵ دەبێتەوە، ئایا ئەگەر ئینگلیزیی ئەم رۆڵە ببینێ، زمانی کوردیی چیی بەسەر دێ؟**

**کامیار سابیر:** ئەوانەی داوای ئەوە دەکەن، کە ئەو لینگوا فرانکا کوردییەی هەیە کە ناوزەد بووە بە سۆرانیی، لەراستیشدا تەنێ بناغەی زمانەکە سۆرانییە( بە کینەو بوغز و شۆڤینیزمی ناوچەییەوە پێی دەڵێن سۆرانیی) بەزمانی ستاندەرد نەکرێ، مەبەستیان روونە. دەیانەوێ زمانی کوردیی هەنووکە بچووکبکەنەوەو زاراوەی ناوچەکەو دەڤەرەکەی خۆیان بە دیفاکتۆ بکەن. تێکستی کوردیی زۆرینەی رەهای بەم زمانە نووسراوە، زۆرینەی سکۆلارو زاناو شاعیرو ئەدیبی کورد لەکۆن و نوێدا بەم زمانە ستاندەردە دەنووسن. بە تێرمە ئاڵمانییەکە لەسەر زمانی ئاڵمانیی وەک " زمانی باڵا"، زمانی ستاندەردی کوردییش، لینگوا فرانکای کوردیی، خۆبەخۆ

بووەتە زمانی باڵای کورد. بەدەربڕینێکی تر، ئەگەر هەر لەسەر چەمکە هەڵە باوەکە بڕۆین و بەسۆرانیی ناوزەدی بکەین، هەنووکە سۆرانیی لەوەدا نەمانەوە پێی بگوترێ زاراوە، بەڵکوو بەکردەوە، بەڕەنجی شانی خۆی بووە بە زمانی باڵای کوردیی و خۆی جێکەوت کردووە.

کەس داوای گۆڕینی زمانی نەکردووە، بەڵکوو داوای سەپاندنی ئەم زمانە ستانەردە دەکرێ کەبوونی هەیە. چۆن زمانی پاریس ( Parisian Language ) ، دوای شۆڕشی فڕانسە بەهۆی سەپاندنی سیاسییەوە بوو بەبناغەی زمانی ستاندەردی فڕانسیی، لەکاتێکدا زمانی بۆرژواکانی فڕانسەی پێ دەگوترا، تەنێ زمانی نووسەران و سیاسییەکان و فیلۆسیفەکان( فەیلەسووفەکان) بوو، نەک زمانی گشتیی ناوچە جیاوازەکانی فڕانس، هەنووکەش لەجیهاندا زمانی فەرمیی و ئۆفیشەڵی 31 دەوڵەتە. چۆن زمانی پایتەختی چین بەسەر سەدان و هەزاران زاراوەی تەتکەوپەتکەی چیندا سەپێنرا، چۆن زمانی ستاندەردی ئیتاڵیی لە زمانی فلۆرێنس Florence و دەوروبەرەکەیەوە دەقی گرت و سەپێنرا ، چۆن زمانی ئاڵمانیی بەمێژوویەکی دوورودرێژی زمانی فیلۆسۆفی و تێکستی قورسدا هاتووەو سەرەنجام زمانی باڵای ئاڵمانیی بووەتە بناغەی زمانی ستاندەردی ئاڵمانیی و دایەلێکتی نزمی ئاڵمانیی Low German بەرکەنار خرا، بەهەمان شێوەش با دەسەڵاتی سیاسیی کورد خەمێکی جدیی لە زمانی ستاندەردی کوردیی بخوات.

با زمانی نووسینی شاری هەولێر، زمانی شاری کەرکوک ، سابڵاغ، سنە هەڵبژێرن و بڵێن ئەمە زمانی ستاندەردی کوردە. ئەم چاوەڕێکردن، چاوبەستیی و دڵدارییکردنە لەگەڵ زاراوەکان و دەستیی دەستییەی دەسەڵاتی کوردیی بۆ بەفەرمییناساندنی زمانی ستاندەردی کوردیی لەرووی سیاسییەوە بەزیانێکی زۆر گەورە دەشکێتەوە. من زۆر بە وریاییەوە دەیڵێم ئەو زمانە ستاندەردەی هەنووکە لە کوردستانی رۆژهەڵات و باشووردا هەمانە، کە نزیک بەتەواوی تێکستی کوردیی پێ نووسراوەو پێی دەنووسرێ، لە گەڵ دایەلێکتی کرمانجییدا، دەقاودەق وەک

دوو سەد ساڵ لەمەوبەری زمانی ئاڵمانیی دەچوێنم. لە ساڵانی 1800 ەکاندا دوو زمان لە ئاڵمانیا فەنکشنیان دەکرد، زمانی جێرمانی باڵاو زمانی جێرمانی نزم ( German High, German Low ). بەڵام سەرەنجام جێرمانی نزم سەری بەرزی بۆ هێجەمۆنیی زمانی ستانداردی ئاڵمانیی نەوی کرد. سەرەنجام زمانی ستانداردی ئاڵمانیی سەرجەم ئاڵمانیای تەنییەوەو ئەو شارەی کە ئێستا پێی دەگوترێ هانۆڤەر لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، بەتەواویی زاراوە لۆکاڵیی و رەچەڵەکەکەی خۆی لەدەست دا.

ئاخر دنیا دەڕووخێ، ئەگەر دهۆك زمانی ستانداردی کوردیی بپەژرێنێ و زاراوە لۆکاڵییەکەی خۆیشی نەفەوتێنێ. کوردستان وێران دەبێ ئەگەر ئامێدیی، زمانی کوردیی کوردستانی باشوور بکاتە زمانی پەروەردەو خوێندن و دامودەسگایی، ئەمە کە ناکرێ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبی زاڵی ئەو دەڤەرە، ئەوەندەی خۆیان بەکرمانجیی دەزانن ،ئەوەندە خۆیان بەکورد نازانن. بەواتایەکی تر ئەجێنداکانیان نیشتمانیی نین، زێتر ئەجێندای دەڤەرگەرایی و دایەلێکتبازییە. دەسەڵاتی کوردیی و حکومەتی هەرێمیش بەئاشکرا و بەدزییەوە دڵداریی لەگەڵ ئەم دڕدۆنگیی و شۆڤینیزمی دەڤەرپەرستییەدا دەکەن.

**کوردناسی: ئێوە تێرمی لینگوا فرانکاتان لە نووسینێکدا" لینگوا فرانکای کوردیی: زمانی ستانداردو فەرمیی" بەکارهێنا بوو، بەڕای ئێوە جیاوازییەکانی نێوان لینگوا فرانکا و زمانی ستاندەرد چییە، هۆی چییە هەموو تاکێکی کورد ئاشنایەتیی بە تێرمی زمانی ستاندەرد هەیە، بەڵام بەپێچەوانە کەم کەس هەن ئاشنایەتییان بە لینگوا فرانکا هەبێ؟**

**کامیار سابیر:** جیاوازییەکان تەکنیکیی و زمانەوانیی و کولتوورییە. لەڕووی چەمکیشەوە کەم تا زۆر فەنکشنەکانیان جیاوازە، بەڵام لەزۆر جێگەشدا

با این وصف می توان نظریه‌ای هوشیارانه را ارائه دهیم که بر اساس ارتباط همانندی گسترش دیالکتهای غربی دیگر بنیاد گذاشته شده‌است. بنظر میرسد که در دوران هخامنشیان درمیان زبانهای گوناگون ایرانی درک و فهم از همدیگر وجود داشته‌است. همچون روشنگری مشهور Strabon- هرچند در زمانی دیرترارائه شد – آشکار میسازد، اما پروسه‌ی دیالکتیزه شدن می باید از همان دوران در جریان بوده باشد. زبان فارسی کهن، زبان مادی و زبان اوستایی پیشتر زبانهای متفاوتی بودند. بنابراین میتوانیم به این نظریه برسیم که زبان کوردی نیز قبلا به وجود آمده است و همچنین به همان شیوه زبانهای گیلکی، مازندرانی و غیره.

بی شک این زبان کوردی کهن بخش متفاوتی از زبان مدرن و پیشرفته‌ی آن داشته اما به هیچ شیوه‌ای نمی توانیم بگوییم این زبان مدرن در چه زمانی بوجود آمده است. زبان فارسی " مدرن " به سهم خود در اوایل دوران اسلام شکل گرفته، اما از لحاظ زبان شناسی میتوان فارسی میانه‌ی اسناد ساسانی موجود سده‌ی سوم را فارسی کهن به شمار آورد. به هرحال زبان فارسی میانه از لحاظ فونتیکی و فونولوژی به فارسی امروزی نزدیکتر بوده تا به نوشته‌های فارسی کهن دوران هخامنشی سده‌ی سوم قبل از میلاد.

این بدان معنا است که در فاصله‌ی پنج سده زبان فارسی تغییرات مهمی را به‌خود دیده است: نماندن صرف کردن نامها[٢٤]، نماندن نر و ماده، گسستن سیستم فعلی و بصورت کلی از لحاظ زبان شناسی از شیوه‌ی "سنتتیک" (ترکیبی) به‌سوی شیوه‌ی " آنالیتیک" (تحلیلی)[٢٥] رفتن. به یاد میآوریم که در همان دوران زبان پارتی هم تغییرات مشابهی را به خود دید.

دانشمند سنجشگر Antoine Meillet در نوشته‌ای که برای مدتی طولانی به فراموشی سپرده شده و از طرف (O. Szemérenyi) نشان داده شد[٢٦]، بدنبال دلایل این تغییرات نابهنگام است که ساختار زبانی بدان دچار و روبرو میشود. در اینجا نمی توانیم وارد جزئیات این بحث بشویم، اما مسلم است پدیده‌ی کاهنده‌ای که به موجب آن سیستم فونتیک ساده‌تر و مورفولوژیش فقیرتر و سبب پیدایش سنتاکسیی* دقیقتر و غنی شدن گویش‌ها میگردد، بیشتر هنگامی مطرح میشود که یک زبان در ناحیه‌ای وسیعتر گسترش مییابد، یا از طرف مردمی که به مرور زمان بیشتر با آن زبان مکالمه نموده‌اند، به‌کار میرود.

برخلاف زبانی که در آن موارد بسیار چشمگیر باستانی[٢٧] وجوددارد – این هم حالتی است که در زبان کوردی نسبت به زبان فارسی دیده میشود – دلیل جایگیرشدن نیرومند مکالمه‌کنندگان آن زبان است. پس بر این اساس زبان کوردی توانسته از این رویدادهای بزرگ رهایی یابد که در دوران سلوکیان و اشغالگری اشکانیان دچار ساکنان ایران شده بود، اما بیشتر از این نمی توانیم در این باره سخن بگوئیم. اما اگر اطمینان خاطر داشتیم آن "کورد"انی که در کتاب پهلوی (کارنامه‌گ) اردشیر پاپه‌کان به آنها اشاره شده، همان اجداد کوردان امروزی اند، می توانستیم اینرا هم اعلام نمائیم که این ملت و این زبان در اوایل دوران ساسانیها و در ناحیه‌ای مجاور با این ناحیه که از روی زبان شناسی مشخص کرده‌ایم، پیشتر بوجودآمده بود.

آیا میشود چنین در نظر گرفت که پراکنده شدن کوردان در منطقه‌ی کرمان قدیم و در زمان حمله‌ی پارتها در سده‌های سوم و دوم میلادی روی داده و در آن زمان به آناتولی شرقی کوچ کرده و سپس بخشی از آنان به طرف ناحیه‌های گوران واقع در جنوب کوردستان ایران امروز عقب نشینی کرده‌اند؟

البته تمامی اینها بی شک فرضیه بوده و امیدواریم که پژوهشهای جغرافیایی دیالکتها و توپونیمی[۲۸] و همچنین پژوهشهای تازه و ریشه‌دار در منابع عربی، آرامی، سوریانی، بیزانتی و غیره، افقهای نوینی را برایمان بگشایند.

## پرانتزها و منابع:

(1) Pierre Lecoq, << La Grammaire historique du kurde >> in *The Journal of Kurdish Studies,* vol. II, Louvain, Peeters, 1996-1997, p. 31-36.

این مقاله در کنفرانس

(La Langue kurde à I'horizon de I'an 2000)

در پاریس در روزهای ۲۸ و ۲۹ ی نوامبر سال ۱۹۹۳ عرضه شده‌است.

(2) پییر لکوک Pierre Lecoq فیلولوگ و زبان شناس درزمینه‌ی زبانهای ایرانی است و پروفسور مدرسه‌ی پراتیکی تحقیقات عالی در پاریس:

Ecole Pratique des Hautes Etudes: EPHE

(مترجم کوردی).

(3) پژوهش دیاکرۆنیکی زبان عبارتست از تحقیق و بررسی پیشرفت زبان و تغییروتحولات آن در مدت زمان دو مرحله‌ی مشخص تاریخی. پژوهش سنکرونیکی زبان بالعکس عبارتست از برآورد کردن و تحلیل خصوصیات یک

زبان در زمانی مشخص (مترجم کوردی. برای تفسیر و تحلیل لهجه‌های زبان شناسی از منبع زیر سود جسته‌ایم:
*Larousse, Dictionnaire de linguistique et des sciences du language,* sous le direction de Jean Dubios, Paris, larousse, 1994.**)**

(4) لازم است اشاره به بخش سوم
*Osnovy Iranskogo Jazykoznanija, Novoirranskie jazyki*
بشود که زیر نظر V. A. Abaev, Moskva در سال ۱۹۸۲ درباره‌ی زبان فارسی (همراه دری و تاجیک) و گویشهای جنوب غربی و زبانهای کناره‌ی دریای قزوین (مازندران)، میکند.

(5) ‘‘persissche Sprachfamilie’’, ZKM 3, 1840, p.l.

(6) << nicht sowohl in schwesterlichem als vielmehr in geschwisterkindlichem Verhältniss >>, *ibid.* , p. 2; Pott, p. 26.

(7) *Ibid,* p. 47;
فورم *adam* فارسی کهن هنوز ناشناخته بود؛ به همان شیوه زان کوردی و دان فارسی، ص ۵۷.

(8) p. IV.

(9) *Kodk,* p. IV; cf. Garzoni, p. 154

(10) *Le Muséon,* 2, 1883, pp. 431 – 441.

(11) *Dictionnaire Kurde-Français d’August Jaba.* (مترجم کوردی)

(12) معنی کلمه‌ی اتیمولوژی Etymology علم اشتقاق لغات، ریشه‌جویی، صرف.

(13) p. XI-XII.

(14) pp. 249-285.

(15) زبان نورمالیزه زبانی است که همه‌ی این فاکتورهای غیردستوری (گرامری) آن تفکیک و به دورانداخته‌شده و از آن (زبان) فورمی استاندارد درست کرده‌اند. می شود به آن زبان استانداردشده هم گفت. (مترجم کوردی)

(16) Oč. fon., p. 59.

(17) ⁎ اشاره بدان فورمهایی میکند که دراساس وجود نداشته‌اند و از طرف متخصصان بر مبنای قانونهای موجود در این زبان درست شده و صحیح میباشند.

(18) p. 60.

(19) p. XI

(20) منظور نویسنده سده‌ی نوزدهم میلادی است. (مترجم کوردی)

(21) Substrat عبارتست از هرزبان مکالمه‌شده با آن در ناحیه‌ای مشخص که زبانی دیگر به دلایل گوناگونی جای آنرا گرفته است. هنگامی از این تأثیرات سخن می گوییم که زبان قدیمی بر زبان تازه داشته‌است.

(22) *Op. cit.,* pp. 112-113

(23) مقایسه‌ی میان زبان کوردی و گویشهای کرمانی در مبحث آینده و با دقت بیشتر منتشر می شود.

(24) Déclinaison یا صرف کردن نامها عبارتست از آفیکسهایی که در عبارتی اسمی همراه با یک اسم، حرف اشاره یا صفت برای بیان استعمال گرامری یا مکانی یا عبارات زمانی آن عبارت. برای نمونه در زبان کورمانجی عبارت اسمی (دایکا شێرزادی = مادرشیرزاد) کلمه‌ی شێرزاد با <<ی>> آخرکلمه صرف شده‌است و این یکی از حالتهاست. به همان شیوه <<ێ>> در آخر (دایکا نه‌سرینێ = مادر نسرین). (مترجم کوردی)

(25) سنتتیک به زبانی گفته میشود که سعی میکند چندین واژک را در یک کلمه گردآورد. عکس آن هم آنالیکتیک است. زبان فرانسوی زبانی آنالیکتیک است، زیرا که این اعمال از طریق کلمات مستقل ادا می شوند و هریک از آنها در جمله دربرابر دیگر کلمات تا اندازه‌ای مستقل اند. (مترجم کوردی)

(26) *Recherche de linguistique. Hommage à Maurice Leory,* Bruxellers, 1980, pp. 206-214.

(27) Archaïsme به معنی شیوه یا فرم کلمه یا جمله‌ای بسیارکهن که ممکن است در معرض نابودی باشد. (مترجم کوردی)

(28) عبارتست از پژوهش بنیادی درباره‌ی اسامی مکانها و ارتباط آنها با زبان کشور و زبان کشورهای دیگر یا زبانهای از بین رفته ... (مترجم کوردی)

* کلمه‌ی <<سه‌نتاکسی>> برای مترجم نامفهوم بود.

این مقاله را آمر طاهر از فرانسوی به کوردی ترجمه کرده‌است (مترجم).

# چەمکی نۆرم لە تۆژینەوەکانی وەرگێڕاندا

# The Concept of Norms in Translation Studies

**کریستینا شێفنر**

سەنتری تۆژینەوەکانی زمان و کۆمەڵگە، زانکۆی ئاستون، بیرمنگام

**وەرگێڕ: هادی محەمەدی**

## چەمکی نۆرم

لە مەودای مێژووی درێژی وەرگێڕاندا، چەندین چەمکی وەک وەربینی، دروستی، یان گونجاویی[1] لە لێکدانەوەی باری چۆنی وەرگێڕاندا رۆڵی گرنگیان گێڕاوە و لە رەوتە جۆراوجۆرەکانی وەرگێڕاندا گرنگی جیاوازییان هەبووە. بە پێچەوانەی ئەو توێژینەوانەی کە لە مەودای ٥٠ساڵی رابردوودا ئەنجام دراون، هێشتا تۆژینەوەی وەرگێڕان وەک بوارێکی زانستی دیریکراو قەبول نەکراوە و لەسەر چەمکە تەوەرییەکانی هاودەنگی پێکنەهاتووە. چەندین دیدگای جیاواز پێکاتوون کە هەرکامیان گرنگی بە رەهەندێکی تایبەتی وەرگێڕان دەدەن و لە روانگەیەکی تایبەتەوە سەیری بەرهەمەکانی وەرگێڕان دەکەن و لە چەمک و زاراوەی تکنیکی تایبەت کەڵک وەردەگرن یان خۆدەبوێرن. یەکێ لەو چەمکانەی کە لە تۆژینەوەی وەرگێڕاندا بە چەندین شێوەی جیاواز سوودی لێ وەرگیراوە و پێداگری لەسەرکراوە و لە هەمان حاڵدا زۆر جێگای باس و دیالۆگ بووە، چەمکی نۆرمەکانە. گیدون توری[2] و

تیۆهرمانس[3] هەر دوویان گرنگی شیاویان بەم پرسە داوە و چەمکی نۆرمیان لە تۆژینەوەی وەرگێڕاندرا بەرین کردۆتەوە. ئەوان دوو پسپۆڕن کە لە سمینارێک لەمەڕ وەرگێڕان و نۆرمەکان، کە مانگی فوریەی ١٩٩٨ لە زانکۆی ئاستون گیرا، بەشدارییان کرد.

تۆژینەوەی بواری وەرگێڕان، باسی وەرگێڕانی واقعی، داڕشتنی بنەما گشتیەکان و رۆڵی پراکتیکی وەرگێڕان دەگرێتەوە. نۆرمەکان لە هەموو ئەم بوارانەدا رۆڵ دەگێڕن، چونکە پێوەندییان لەگەڵ گریمانەکان و چاوەڕوانییەکان لە چەمکی دروستی یان گونجاوی[4] دا هەیە. بارتش[5] (١٩٨٧) نۆرمەکان وەک "بەرهەستی کۆمەڵایەتیی چەمکی دروستی" پێناسە دەکات. یانی، لەهەر جڤاتێکدا سەبارەت بەوە کە چ ئاکارێ، لەوانە پێوەندیی، دروست و شیاوە، جۆرێک وشیاری هەیە. لە کۆمەڵدا ئەم وشیارییە لە قاڵبی نۆرمەکاندا دەردەکەوێ. نۆرمەکان لە درێژی پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوونەوە (سۆسیالیزاسیۆن)دا پێکدێن. نۆرمەکان بە شێوەی پەیمان (کونتراکت) لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵێکی تایبەتدا دەبەسترێن، یانی بە شێوەی وشیارانە وەک چەن مۆدێلێکی کرداری رۆڵ دەگێڕن و هەروەها چاوەڕوانی لەمەڕ کردارەکان و ئەنجامی ئەوان دیاری دەکەن.

بارتش (١٩٨٧)، کە یەکەم جار لە زماناسیدا چەمکی نۆرمی بەکارهێناوە، لە نێوان نۆرمەکانی بەرهەم و نۆرمەکانی بەرهەمهێنادا کە پێوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە، جیاوازی دادەنێت. نۆرمەکانی بەهەم ئەو شتانەی کە بەرهەم دەبێ بەو شێوە بێت هەتا دروست و گونجاوبێت، دیاری دەکەن. ئەم نۆرمانە دروستی و گونجاویی زاراوەی زماناسانە (فیلولۆژیک)، یانی نۆرمی فیلولۆژیکی پێوەندیدار لەگەڵ کرداری پێوەندیی، راڤەدەکەن. نۆرمەکانی بەکارهێنان باسی ئەو مێتۆدانە دەکەن کە دەکرێ بە هۆی ئەوانەوە بەرهەمێکی دروست فەراهەم بکرێت. (بڕوانە بۆ نۆرمی پراکتیکاڵ، توری٨٥:١٩٩٥).

دەتوانین داوەری لەمەڕ دروستی زمان و ڕۆڵی ئەو لە ڕووی فۆنۆلۆژیک، وشەناسانە، مانایی، ڕێزمانی و پراکتیکەوە ئەنجام بدەین. هەروەها لە نێوان ئەوشتەی کە لە زمانێکدا بە بێ گرنگیدان بە پێکهاتەی هەمواردەبێ و ئەو شتەی لە پێکهاتەی فەرزیدا گونجاو دەنوێنێ، جیاوازی هەیە. کاتێ کە نەریت[6] بە هۆی هێزی نۆرم بەهێزبکرێ بۆ خۆی دەبێتە نۆرم. نۆرمەکان پێویستە پێڕەوبکرێن و سەرپێچی لەوان لە کۆمەڵدا جۆرێک دژایەتی و دژکردەوە هەڵدەگیرسێنێ. دەسەڵاتی نۆرم لە پێوەندی نێوان سەرچاوەکانی نۆرمەکان، بەرێوەبەرانی نۆرمەکان، درێژەدانی نۆرمەکان، پێڕەوانی نۆرمەکاندا پێکدێت. بۆ نمونە کتێبەکانی ڕێزمان و قاموسەکان چەند مۆدێلێک بۆ شێوازەکانی فیلولۆژی دروست ئاراستە دەکەن، مامۆستایانی زمان کرداری کۆمەڵایەتی هەڵە و ناشیاو ساغ دەکەنەوە، یان مامۆستایانی وەرگێڕان لەمەڕ چاک یان خراپ بوونی وەرگێڕان داوەری دەکەن.

لە تۆژینەوەکانی وەرگێڕاندا، تەوەرەی باسەکان لەمەڕ نۆرمەکان، لە نۆرمی فیلولۆژیکەوە بۆ نۆرمی بەیان گۆڕاون، ئەم کارەش بەرهەمی کارەکانی توری و هرمانس بووە.

## نۆڕمەکانی فیلولۆژیک لە تۆژینەوەکانی وەرگێڕان دا

کاتێ لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا تۆژینەوەی سیستماتیکی وەرگێڕان دەستی پێکرد، زۆر لە ژێرکاریگەری زماننامسی (پراکتیکاڵ)دا بوو. وەرگێڕان وەک دیاردەیەکی فیلولۆژیک و، وەک کارێک فیزیکی کە لە زمانەکاندا بە ئەنجام دەگات، پێناسەدەکرا. ئەم کارە وەک چۆن لە پێناسەی ژێرەوەدا دەردەکەوێ، وەک پرۆسەی گۆڕینی رەمز[7] لە نێوان زامنی سەرچاوە و زمانی مەبەست دایە:

دەکرێ وەرگێڕان بەمجۆرە پێناسەبکەین: گۆڕینی ماتریاڵی دەقی زمانێک (زمانی سەرچاوە) بە هۆی ماتریاڵی هاوتا لە زمانێکی تر(زمانی مەبەست)دا. (کتفۆرد،١٩٦٥:٢٠)

هەرجۆرە جیاوازی نێوان زمانی سەرچاوەوزمانی مەبەست کە لە وەرگێڕاندا دەردەکەوت وەک جیاوازی نێوان دوو سیستمی فیلولۆژیک دەناسراو لە ئاکامدا تۆژینەوەی وەرگێڕان وەک بوارێکی فیلولۆژیک دەناسرا. کەوابوو پێشمەرجی خوڵقاندنەوەی ورد و ئەمەگدارانەی دەقی سەرچاوە، بە راڤەی وردی رێزمان (گرامر)ی سیستماتیکی نێوان نیشانەکان و زاراوە (تێرم)ـەکان لە هەر دوو زماندا لەقەڵەم دەدرا. پێویست بوو دەقی مەبەست لە ڕووی ناوەرۆک، ستایل و کاریگەری دەقی سەرچاوەوە یەکسان بێ و گرامر و نۆرمەکانی زمانی مەبەست پێڕەوبکات. کەوابوو تۆژینەوەی فیلولۆژیکی وەرگێڕان نۆرمەکانی سیستمی زمانی پێڕەو دەکرد. لەم تۆژینەوەانەدا، یەکە فیلولۆژیکەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکران تا بۆ زاڵبوون لەئاست ناکۆکی پێکهاتەیی هەر دوو زمان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا مکانیزمێک بەدیبێت. نۆرمی وەرگێڕان لەو سەردەمەدا لە قاڵبی وەرگێڕانی یەکەی فیلولۆژیکدا بەهۆی هاوتای باوی ئەو پێناسە دەکرا(کارێک کە ئێستاش هەندێ لە تویژەران دەیکەن).

زۆر تۆژینەوەی بێئەژمار کە لە بواری دیاردەکانی فیلولۆژیدا ئەنجام دراون، زۆر تێبینی تێروتەسەل بۆ رێزمانی هەر دووزمانی سەرچاوە و مەبەست ئاراستەکردووە و تێکۆشان تا یاسا و نۆرم و مێتۆد بۆ وەرگێڕان فەراهەم بکەن. بۆ نمونە، ئەو بابەتانەی کە لە کتێب و گۆڤارەکاندا باس دەکران بەمجۆرە بوون: "چۆن دەکرێ رستە شەرتیەکانی زمانی ئاڵمانی بە زمانی رووسی دوبلاژ بکرێ"، هەموو نمونەکان لە گۆڤاری ئاڵمانی تایبەتی وەرگێڕان Fremdsprachen لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ تا ١٩٨٠ وەرگیراوە).

خاڵی دەسپێکی ئەم توێژینەوانە بەردەوام پێکهاتە یان دیاردەیەکی فیلولۆژیکیی تایبەتی زمانی سەرچاوە بووە کە بۆ چەندین میتۆدی وەرگێڕان، وەک جۆرێک ڕێگەچارەی ئامادە بۆ وەرگێڕە پرۆفیشناڵەکان، ئاراستەدەکرا.

حەوت میتۆدی وەرگێڕان کە لە کتێبی "ستایل ناسی بەراوردکاری ئینگلیزی و فەرانسی (Stylistic compear) (ڤینی و داربلنت[8]، ١٩٥٨) کە بەپێی هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی واژەیی و ڕێزمانی ئینگلیزی و فەرانسی بونیادنراوە لەم بوارەدا ئێجگار کاریگەربووە. حەوت میتۆدی وەرگێڕانی نیومارک[9] (١٩٩٨) و، شێوازەکانی وەرگێڕانی فریدریک[10] (١٩٦٩) بۆ هاوتاکانی دوو زمانی ئینگلیزی و ئاڵمانیش بەپێی ئامانجی پراکتیکی و فێرکاری هاوبەش پێکهاتووە. هەموو ئەم توێژینەوانەدا بەپێی لێکدانەوەی بەراوردکاری یەکەکانی فیلولۆژیک و ، پێکهاتەی ڕێزمانی دروست لە هەر دوو زماندا پێڕەوکراوە.

کتێبی "شێوازەکانی وەرگێڕانی: ئینگلیزی و ئاڵمانی" فریدریک کە یەکەم جار ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکراوەیە و لەوکاتەوە تا ئەمرۆ چەندین جار چاپ کراوەتەوە، دەکرێ وەک نمونەیەکی تۆژینەوەی بزانین کە لە قاڵبی ڕەوتی فیلولۆژی نۆرمیدا ئەمنجام دراوە. فریدریک لە ٢٥ بەشدا، کێشە فیلولۆژیکەکانی وەرگێڕان ڕاڤەدەکا و چەندین شێوازی پراکتیکی بۆ چارەسەریان ئاراستەدەکات. ئەەو کێشانەی کە فریدریک باسی کردوون لە سیستمی فیلولۆژیکدا پرسەکانی پەیڤ تا پێکهاتەی ڕێزمانی دەگرنەوە. هەموو بەشەکانی کتێبەکە تا ڕێژەیەک پێکهاتەی یەکدەستی هەیە: کێشەکانی وەرگێڕان باسکراون و چەندین چارەی جۆراوجۆر بە هێنانەوەی زۆر نموونە کە لە ئاستی ڕستە سەرترناچن، پێشاندراون و هیچ باسی پێکهاتە یان ژانر نەکراوە. گرنگی بەو پرسانە دراوە کە لە سیستمی زمانەکاندا چارەسەردەکرێن. کەوابوو، ئەو بابەتانەی فریدریک ئاراستەی کردوون زۆر گشتین، کە ئەم پرسە لە چەندین ڕستەی وەک: "لە زمانی ئاڵمانیدا دەتوانین ... یان "زمانی ئینگلیزی ئەەو

دەرفەتانەمان پێدەدات" ... ئاشکرا دەبێت. ئەم جۆرە وتانە حاڵەتێکی ناخۆش بە مێتۆدی وەرگێڕانی ئەو دەبەخشن.

چەمکی نۆرم لە ستایلی فیلولۆژیکدا لە دوو رووەوە گرنگی هەیە. ئەم شێوازە لە لایەکەوە باسی نۆرمەکانی فیلولۆژکی دوو زمان، یانی: چۆنیەتی بەرهەمهێنانی وتەکان و دەقی دروستی هاوشێوەی یاسا و نۆرمەکان دەکاو، لەلایەکی ترەوە پێوەندی رێزمانی نێوان دوو سیستمی فیلولۆژیک کە بە پێی تۆێژینەوەی هەلسەنگاندن بەدیکراون ... وەک رێنوێن یان بنەمای کاری وەرگێڕەکان دوبلاژ دەکا ... بەهەرحال سەرەڕای گشتیبوونی رێگەچارەکانی فریدریک، نابێ پێمان وابێ کە دەق، وەک یەکەیەک، کارکردی پێوەندی خۆی لە بارودۆخ و فەرهەنگی زمانی مەبەستدا بەباشی ئەنجام دەدات. لەبەر ئەوەی کە مەبەستی ئێمە لە وەرگێڕان دوبلاژی واژەکان و فۆرمەکانی رێزمان نییە، بەڵکوو دەقکی ئامانجدارە، کەوابوو کەموکورتی و کورتبینی فیلولۆژیک بەزوویی ئاشکرا دەبێ ... لەم کاتەدا گرنگی زیاتر بە یاسای دەق، ژانر و پێکهاتە دەدرێت.

## نۆرم و نەریتەکان لە رەوتی فیلولۆژی دەق دا

زماناسی دەقی، وەک یەکەی سەرەکی پێوەندی چاولە دەق دەکا و لە ئاکامدا وەک بابەتی سەرەکی تۆێژینەوە پێناسی دەکات. یانی لە تۆێژینەوەکانی وەرگێڕاندا، دەق وەک یەکەی وەرگێڕان سەرنجی پێدرێ. لەم کاتەدا ئیتر وەرگێڕان وەک "پرۆسەی گۆڕینی رەمزی نیشانەی فیلولۆژیک" پێناسە ناکرێت، بەڵکوو وەک خولقاندنەوەی دەقی سەرچاوە چاو لێدەکرێت. وەک چۆن نیوبرت وەرگێڕان وەک "بەرهەمهێنانی دەقی مەبەست بە هۆی کاریگەری دەقی سەرچاوە" پێناسە دەکات (نێوبێرت،١٩٨٥:١٨)، لە جیاتی گرنگیدان بە خولقاندنەوە پرسی خولقاندن بەرجەستە دەبێت.

پێشمەرجی سەرەکی ڕەوتی فیلولۆژیک لەمەڕ وەرگێڕان ئەوەیە کە دەقەکانی سەرچاوە و مەبەست نە تەنیا لە پێکهاتەی ڕستەکاندا بەڵکوو لە گرامری بان ڕستەیشدا جیاوازییان هەیە. بە وتەیەکیتر پێویستە نۆرمەکانی دەق بە نۆرمەکانی سیستمی فیلولۆژیک زیاد بکرێن (نیۆبێرت و شرو[11] ١٩٩٢:٢٢). بە پێی یاسای باو، دەتوانین دەقەکان لە قاڵبی ژانرەکان و ڕیزی دەقەکاندا پۆلینبەندی بکەین. یاساکانی ژانر بە فەرهەنگەوە ببەستراون و ڕەنگە بە تێپەڕینی زەمەن بگۆردرێن، هەر ئەم پرسە ژانر لەگەڵ تۆێژینەوەکانی وەرگێڕان پێوەند دەدات، بە هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنی سیستماتیکی ژانرەکان لە دوو زمانی سەرچاوە و مەبەستدا، دەتوانین چەندین ئولگو بۆ شێوە دەقەکان یان ژانرەکان دروت بکەکین، دەتوانین ئەم ئولگوانە وەک مۆدێلێ بۆ خوڵقاندنەوەی دەقی سەرچاوە بەپێی نەریتەکانی زمانی مەبەست بەکار بێنن. بە وتەیەکیتر، بۆ خوڵقاندنی دەقی مەبەست باشتروایە کە وەرگێڕ لە وێلچوون و جیاوازی فەرهەنگی لە گرامری ژانرەکانی سەرچاوە و مەبەست ئاگادار بێت.

بە سەرنجدان بەوەی وترا، چەمکی نۆرم بە مانای وشیاری لە یاسای ژانرە. یانی وشیاری لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەق وەک نمونەیەک لە ژانرێک بەپێی نۆرمەکان. نۆرمەکان پێکهاتەی دەقێکی تایبەت ئاراستە دەکەن. زۆرێک لە تۆێژەران، کاتی ئاماژەدان بە دەق و ژانر، پێیان باشترە لە جیاتی تێرمی "نۆرم" باسی "نەریت" بکەن (ریب و ورمیر ١٩٩١:١٧٨)، یانی بەم بەڵگاندنەوە کە نۆرمەکان زیاتر وەک یاسایەکن کە ئەگەر پێڕەو نەکرێن، سزادانیان بەدوادا دێت، بەڵام نەریتەکان زۆرەملی نین و تەنیا باشتروایە کە پێڕەو بکرێن.

لەم دوا ساڵانەدا، چەندین تۆێژینەوە چ لە ئاستی بچوک[12] و چ لە ئاستی بەرفراوان[13]دا، نەریتەکانی ژانریان لەڕووی وەرگێڕانەوە ڕاڤە کردووە (گوفریک ١٩٩٥، وتارەکانی تروسبورگ ١٩٩٧). ناسینی قاڵبەکانی ژانر بۆ پرۆڤەی وەرگێڕان و پەروەردەی وەرگێڕەکان بەسودە. بەڵام هەندێ کەم

وکورتیشی هەیە. لەلایەکەوە هەموو ژانرەکان ناسراونین و لەئاکامدا پێکهاتەیان پێشبینی ناکرێ. لە لایەکی ترەوە بەشێکی گورە لە دەقەکان هاوکات هەڵگری چەندین توخمی نەگۆڕ و چەندین توخمی بگۆڕن، کە بەوجۆرەی ڤلیس (١٩٦٦:٢١) باسی دەکات، تۆێژینەوەی وەرگێڕانی فیلولۆژیکی دەق دەبێ لە تێکۆشانی خۆیدا بۆ کەشفی یاساکانی وەرگێڕان سەرنجیان پێ بدات. حاتەم و میسون (١٩٩٧) بە راشکاوی سەرپێچی و لادان لە نۆرمەکان زیاتر بە هۆی ستایلەوەیە و دەبێ ووەرگێڕەکان بتوانن ئەم جۆرە لادانە بناسن و لەهەمبەریان بوەستن (حاتەم و میسون ١٩٩٧:٥٤).

## چەمکی هاوکێشی[14] (هاوتەرازی)

رەوتی فیلولۆژیک و فیلولۆژیک دەقی هەردوویان گرنگی زۆر بە پێکهێنانی مێتۆدی شیاو بۆ وەرگێڕان دەدەن و وەرگێڕان بە پێوەندیەکی تایبەت لە نێوان دەقی (زمان)ی سەرچاوە و دەقی (زمان)ی مەبەستدا دەزانن. ئەم پێوەندییە بە تایبەت بە هاوکێشی ناودێر دەگرێ. ئەگەرچی پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە لا ئارادایە و لێرەدا هەموویان رەت ناکرێتەوە (بۆ نمونە پێناسەی هولز_مانتاری، ١٩٨٤، هەروەها هالورسن، ١٩٩٧).

کاتێ کە دەیانەوێ دەقی مەبەست خوڵقاندنەوەی ئەمگدارانەی دەقی سەرچاوە بێت، ئەوجار هاوکێشی وەک "یەکسانی"(مانا یان فۆرم) پێناسە دەکرێت. ئەم یەکسانییە حەتمەن بە مانای "توانای گۆڕانی رەها بێ ئەملاوئەولا" نیە، بەڵکوو زیاتر "بەرابەری بەهاکان یان هاوسەنگی" گرنگە (سنل هوربنای ١٩٨٨:١٣). بۆ روونکردنەوەی پێوەندی نێوان دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەست چەندین جۆر هاوکێشی، لەوانە هاوکێشی فۆرمی[15] و هاوکێشی دینامیکی[16]نایدا، یان هاوکێشی مصداقی، هێمایی، دەق_نۆرمی، پراکتیکاڵ و ستاتیکی فۆرمی[17] کولر گەڵاڵەکراون. لە رابردوودا

دەیانوت(هێشتاش دەڵێن) کە پێویستە ئەگەر لە هەمبەر وەرگێڕانی (هەقیقی)دا وەرگرتن (کولر ١٩٧٩)، وەرگێڕانی مەعنایی وەرگێڕانی پێوەندی (نیومارک، ١٩٨١) و وەرگێڕانی نادیار[18] وەرگێڕانی دیار[19] (هاوس ١٩٩٧) لەئارادایە، وەرگێڕان لە دەقی تێکەڵاو جیابکرێتەوە و چەمکی "وەرگێڕان" تەنیا بۆ ئەو بابەتانە بەکاربێت کە پێوەندی هاوکێشییان هەیە.

لەمەڕ ئەم خاڵە هێشتا بیروڕا جیاوازن، ئەم پرسە لە باسەکانی سمیناری "وەرگێڕان و نۆڕمەکان"دا کە مانگی فوریەی ١٩٩٨ لە زانکۆی ئاستۆن بەڕێوەچوو، دەبینرێ. ڕەوتی فانکسیۆناڵیست هاوکێشی بە پێوەندییەکی شیاو لە نێوان پێوەندییەکانی تردا دەزانێ (ریس و ڤێرمبر[20]، ١٩٩١) تۆژینەوەی راڤەیی وەرگێڕان کە لە لایەن توری و هرمانزەوە ئەنجام دراوە، وەرگێڕان وەک ئاکامی جۆرێک تێکۆشانی ئەخلاقی پەیوەست بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەزانێ (توری ١٩٨٠)، یان "جۆرێک دەستکاری دەقی سەرچاوە بە مەبەستێکی تایبەت" (هومانز١١:١٩٨٥). تەری بە وتنی ئەم شتە کە وەرگێڕان دەقێکە کە بە هۆی کۆمەڵێکی فەرزی وەک وەرگێڕان دەژمێردرێ و قەبوڵ دەکرێ، تەوەری باسەکان لەمەڕ"نۆرمەکان"ی گۆڕی. بەڕای ئەو، وەرگێڕان تەنیا مارکێکە کە لە پێوەندی گواستنەوەی نێوان دوو دەق دەدرێت (توری ٦٥-٣٩:١٩٨٠). ئەم بۆچوونە ڕێگای بۆ لێکدانەوەی چەمکی هاوکێشی هەموار کرد. ئێستا دەتوانین لە پاش ناسینی جۆری پێوەندی وەرگێڕان لە بابەتێکی تایبەتدا ... ڕێگای سەرەکی وڵامدانەوەی پرسەکانی دەرکی چەمکی نۆرم بدۆزیتەوە.

## نۆرمەکانی وەرگێڕان

نۆرمەکان لە کۆمەڵدا وەک پێوەر و ئولگوی ڕەفتاری دروست و شیاو ڕۆڵ دەگێڕن. لە کاتێکدا ڕەوتی فیلۆلۆژیکی و فیلۆلۆژی دەق لەسەر بەرهەم (یانی دەقی مەبەست) و نۆرمی فیلۆلۆژیک و نەریتەکانی ژانر، پێداگری دەکەن،

تۆری نۆرمەکان وەک تەوەری کار و پرسی وەرگێڕان پێناسە دەکات. نۆرمەکان "چەمکێکن کە پرسی وەرگێڕان راڤە دەکەن" (توری ٥٧:١٩٨٠)، یان بە وتەیەکی رۆشنتر، نۆرمەکان وەرگێڕانی کۆمەڵێک ئەندێشە و بەهای گشتی خەڵکی جڤاتێکی تایبەتن-لەمەڕ ئەوەی چی دروستە و چی هەڵەیە، چی شیاوە و چی ناشیاوە-کە وەک کۆمەڵێک یاسای بەرێوەبەری تایبەت لە هەلومەرجی تایبەتدا دەور دەبینن. (٥١:١٩٨٠). کەوابوو، کاری وەرگێڕان وەک رەفتاری کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی بابەتی تۆژینەوەدا جێگیر دەبێ. نۆرمەکانی وەرگێڕان وەک ئاستەنگی رەفتاری دەرونی کە هەڵگری بەها هاوبەشەکانی جڤاتێکن، دەناسرێن. کەوابوو هەموو بڕیارەکان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا لە ژێە گاریگەری سیستمی فیلۆلۆژیکی هەر دوو زماندا بە ئەنجام ناگەن، بەڵکوو بە هۆی نۆرمەکانی وەرگێڕان رکێف دەکرێن. توری (٥٣:١٩٨٠) سێ جۆر نۆرم راڤە دەکات: (١) نۆرمە سەرەتاییەکان[21]، کە ستراتیژی گشتی وەرگێڕان و هەڵبژاردنی دەقەکانی وەرگێڕان دیاری دەکەن (٢) نۆرمەکان دەسپێک[22]، کە بڕیارەکانی وەرگێڕان کونترۆڵ دەکەن. ئەگەر قەبوڵ بکەین کە نۆرمەکان لە کاری وەرگێڕاندا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن، ئەوجار دەبێ ناوەرۆک و کارکردی ئەوان بەشێوەی سیستماتیک راڤەبکەین. لەم بابەتەوە چەندین پرسیاری لەم چەشنە دێنە ئاراوە: چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە کام چەمکی شازی گشستی وەرگێڕان لە کۆمەڵێکی تایبەتیدا و لە سەردەمێکی تایبەتدا باوە؟ ئەم چەمکە بە چ شێوەیەک لەگەڵ چەمکە گشتیەکانی وەرگێڕان کە لە سەردەمی دیکە و لە وڵاتانی دیکەدا رۆڵیان بووە بەراورد دەکرێ؟ سەرچاوەی نۆرمەکان کێن؟ ئەو کەسانەی نۆرمە زاڵەکان دەگۆڕن کێن؟ بۆچی ئەم گۆڕانە قەبوڵ کراوە؟ بۆوەی کە کاری وەرگێڕان لە کات و شوینێکی تایبەتیدا ئەنجام دەدرێت، وڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شرۆڤەی وردی بارودۆخ و کولتورێک هەیە کە خاوەن ئەو نۆرمانەیە. وەک چۆن هالڤێرسۆن[24] (١٩٧٧:٢١٦) دبێژێ، ئاکامی گرتنەپێشی تیۆری وەرگێڕان بە پێی نۆرمەکان ئەوەیە کە بابەتی تۆژینەوەی

ڕەوتی ڕاڤەکانی بە ڕاڤەی یاساکانی وەرگێڕان و تایبەتمەندییەکانی بارودۆخ یان کولتورێک دەکات کە ڕەنگە یام یاسایانە روون بکەنەوە".

لە دوو وتاری سەرەکی سمیناری ئاستون دا، توری و هرمانز- ئەگەرچی هارکامیان مێتۆدێک جیاوازیان بۆ بەیانی باسەکەیان هەڵبژارد-چەندین نمونەیان لە شێوازی وەرگێڕ (یان وەرگێڕان) هێنایەوە و لە رووی بەراوردکارییەوە لەگەڵ نۆرم و نەریتەکانەوە شرۆڤەیان کرد. هرمانز لە باسێکدا لەمەڕ بابەتێکی مێژوویی، یانی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بویسیوس[25] بە هۆی ئادریانوس دوباک[26] لە ساڵی ١٦٥٣دا، بۆ لێکدانەوەی بژاردەکانی وەرگێڕ چەمکی نۆرم بەکاردێنێ. ئەو دەڵێ ئەو بژاردانەی کە بەهۆی وەرگێڕ هەڵبژێردراون لە هەمان حالدا گرنگی بژاردە ڕەتکراوەکانیشان تێدایە. بەمجۆرە دەتوانین کاریگەری دیالکتیکی نێوان دژکردەوەکانی وەرگێڕ و ویستەکان، ئاستەنگەکان و زەخت و فشاری پێکهاتەی کۆمەلایەتی شرۆفەبکەین. توری بە هێنانەوەی سێ وەرگێڕان لە بواری کورتە چیرۆکی "بکوژان" بەرهەمی همینگوەی بە زمانی عبری، داخوازییەکان لەمەڕ گەوهەر و رۆڵی وەرگێڕان لە کۆمەڵدا و هەروەها داخوازی لەمەڕ بژاردەکانی سەرچاوە ڕاڤەدەکات.

نۆرمەکانی وەرگێڕان لە قۆناغێکی دیاریکراودا و لە کۆمەڵیکی تایبەتدا زاڵ دەبن و هەڵبژاردن و بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی وەرگێڕان کونترۆڵ دەکەن. چێسترمەن[27] (١٩٩٣و١٩٩٧)، بە هۆی کاریگەری بەرهەمەکانی توری و هومانز، لە نێوان نۆرمەکانی خەڵک و نۆرمی پرۆفیشناڵدا جیاوازی قایل دەبێ. نۆرمەکانی خەڵک بریتین لە چاوەڕوانی زمانی مەبەست، یانی وەرگێڕان ڕێزمانی زمانی ستانداردی مەبەستی پێڕەو کردبێ و لە رووی ستایل، سازگاری، پێکهاتەی دەق و نۆرمە ڕەسمیەکان و دیسکۆرسی زاڵەوە شیاو و گونجاو بێت. (چێسترمەن ١٩٩٧:١٧) بەلام نۆرمە پرۆفێشناڵەکان مێتۆد و ستراتژی شیاوی وەرگێڕان دیاری دەکەن و بە سێ دەستە دابەش دەکرێن:

نۆرمەکانی هەست بە بەرپرسایەتی[28]، نۆرمەکانی پێوەندییەکانی[29]، نۆرمەکانی پیوەندی[30].

بارتش (١٩٨٧:١٧٦) پیی وایە نۆرم لە دوو بەش پێکهاتووە: ناوەرۆکی نۆرم و دەسەڵاتی نۆرم. ناوەرۆکی نۆرم بریتیە لە بۆچونی کۆمەڵایەتی هاوبەش لەمەڕ فاکتە دروستەکان، وەک چۆن هرمانز لە وتارەکەی خێدا باسی دەکات، نۆرم و نەریتەکان لەگەڵ بەهاکان پێوەندی نزیکیان هەیە. بەهاکانی جڤاتێک پێوەندی دەسەڵات لەو کۆمەڵگەدا ئاراستە دەکەن. لە ئاکامدا وەرگێڕان قەت ناتوانێ بەدەر لە بەهاکان بێت. وەرگێڕان وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی مێژوویی خاوەن ئەم تایبەتمەندییەیە: ئالۆزی و ناشەفافی یان بێ لایەنی. بە پێچەوانەی توری، هرمانز لە ئاست پاراستنی چەمکی هاوکێشی لە وەرگێڕان دا کە بەشی زۆری باسەکانی سمیناری ئاستون دەگرێتەوە، دژایەتی دەکا.

هەروەک پێشتر وتمان، چەمکی هاوکێشی لە دەرک و دانوستانی وەرگێڕاندا رۆڵی گرنگ دەگێڕێ. پیم[31] (١٩٩٥) لە نێوان فۆرمی دەرەکی وەرگێڕان (لە روانگەی خوێنەرانەوە) و فۆرمی ناوەکی وەرگێڕان (لە روانگەی توێژەرانی وەرگێڕانەوە) جیاوازی دادەنێت. بە هۆی ئام ئالۆزییە هەندێ لە توێژەرانی بواری وەرگێڕان پێیان باشترە کە وەرگێڕان بە دوبارەنووسی، دەستکاری دەق، یان سوودوەرگرتن پێناسە بکەن. ئەوان دەڵێن کە پانتایی تێرمی هاوکێسی بۆ پێناسەکردنی تێکۆشانی وەرگێڕ شیاونیە. بەڵام یەوە کە لە پراکتیکدا چ رێژە و چ جۆرە دوبارەنوسی یەک پێشنیار دەکرێ و بە شیاو دەزانرێ، بە چەمکە سەرەکیەکانی وەرگێڕانەوە بەستراوە. ئەم شتە دەمانباتە لای بابەتی دەسەڵاتی نۆرمەکان و ئەم پرسە کە کێ دەتوانێ نۆرمەکان داسەپێنێ.

ئەگەرچی نۆرمەکان" بە پێشگرتن لە هەندێ بژاردەی تایبەت و پشتگیری لە بژاردەی دیکە، وەک ئاستەنگی رەفتاری رۆڵ دەگێڕن" (هرمانز، ١٩٩١:٦١)،

بەڵام چەندین مودێل و ڕێنوێنی بۆ ڕەفتاری دروست ئاراستەدەکەن. نۆرمەکانی فیلۆلۆژیک زیاتر بە شێوەی سەقامگیر دادەنرێن، بۆ نموونە کتێبەکانی ڕێزمان و فەرهەنگەکان. لە تۆژینەوەی وەرگێڕان دا، توێژەران تێکۆشاون، بە سەرنجدان بە ئامانجی پراکتیکی (بە تایبەت پەروەردە) یاسا و ڕێسا یان ڕێنوینی نۆرمی بۆ وەرگێڕان دابڕێژن. مەبەست لەم جۆرە یاسایانە شرۆڤەی ڕێساکانی وەرگێڕان و لە هەمان کاتدا پێشبینی هەندێ پێکهاتەی تایبەت و فۆرمی ڕەسمی ئەوانە بەشێوەی "ئەگەر-ئەوجار"، "نۆرم" دەخولقێت. بەداخەوە وەها بۆچونێک لە زۆربەی سەرچاوەکان و ڕێنوینەکانی وەرگێڕاندا دەبینرێ، بۆ نمونە: وەرگێڕان دەبێ شرڤەیەکی ئەمەگدارانە لە بەرهەمێک بە زمانی ئینگلیزی بێت، وەرگێڕان نابێ شتێک لە دەق لاببات و شتێکی پێ زیاد بکات مەگەر ئەوە کە وەها گۆڕانێک بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزی بەرهەم پێویست بێت. (کتێبی ڕێنوێنی وەرگێڕە ئەدەبیەکان ١٩٩١:١٦).

مەبەست لە "نۆرمی" بامانای "ڕاڤەیی" وشەکە، تۆژینەوەی خودی نۆرمەکان یان بەرهەمەکان، پرۆسەکان یان ئەو ڕەفتارانەیە کە پێیان وایە پێکهێنەر یان نوێنەری نۆرمەکان (چێسترمەن ١٩٩٣:١١). لە دوو وتاری سەرەکی سمیناری ئاستونیشدا وەها بۆچونێکی ڕاڤەیی مەبەست بووە. بە هەر حاڵ ئاڵۆزی دوو تێرمی "نۆرم" و "نۆرمی" لە باس و دیالۆگی بەشداربوانی ئەم سمینارەدا بە زەقی دبینرێ.

باسکردنی وەرگێڕان وەک ڕەفتارێکی پاشکۆی نۆرمەکان لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی مێژوویدا، هەندێ پرس دێنێتە ئاراوە. بۆ نمونە: چۆن لە نۆرمەکانەوە بە دەق دەگەین، بە چ شێوەیەک نۆرمەکان لەرووی تایبەتمەندی دەقەوە دەخولقێنینەوە؟ چ پێوەندییەک لە نێوان مۆدیلەکانی داڕشتنی دەق و نۆرمەکان دا هەیە؟ وەرگێڕەکان چۆن فێری نۆرمەکان دەبن؟ ئایا ئەوان بە پێی نۆرمەکان کاردەکەن؟ ئایا لە ڕەفتاری نۆرماڵی خۆیان وشیارن؟ ئەگەر وەرگێڕەکان نۆرم شکێنی بکەن چی ڕوودەدات؟ ئایا

وەرگێڕەکان دەتوانن نۆرمی تازە بخولقێنن، یان نۆرمی پێشوو بگۆڕن؟ ئایا نۆرمی تایبەت بە وەرگێڕان یان نۆرمی گشتیتر کە لە سەرکاری وەرگێڕان کاریگەر بێت لە کۆمەڵدا هەیە؟ ئایا تیۆری سۆسیۆلۆژیک دەتوانێ نۆرمەکان راڤە بکات؟ ئایا بەڕاستی نۆرمەکان راستیەکی کۆمەڵایەتین، یان تەنیا بەرهەمی وێناکانی ئێمەن؟ ئایا رەفتاری وەرگێڕەکان لەژێر کاریگەری نۆرمەکان دان، یان ئەوە کە وەرگێرەکان بە شێوەی چالاکانە نۆرمەکان دەپارێزن؟ (سیمونی[32] : ١٩٩٨:٢).

ئەمانە هەندێ لەو پرسانەن کە لە دوو وتاری سمیناری ئاستون دا گەڵاڵە و باسکراون. هەندێ لەم پرسانە هێشتا بەتەواوی وڵامیان نەدراوەتەوە و، باس و دیالۆگ لەمەڕ هەندێکیان لە داهاتووشدا درێژەی دەبێ. بێگومان بە هۆی خواستی ئاکادمیکی ئێمە بۆ دیاردەکانی وەرگێڕان زۆر پرسیاری تر لە داهاتوودا گەڵالە دەبن.

**سەرچاوە:** گاهنامه علمی، فرهنگی، خبری، شماره اول، شهریور ١٣٨٤، ص ٢٤-١٧٦

1 Well-formedness

2 Gideon Toury
3 Theo Hermans
4 appropriateness
5 Bartsch

6 convention
7 transcoding

8 Vinay and darblnet
9 Peter newmark
10 friederich

11 Neubert and shreve

12 Micro-level
13 Macro-level
14 equivalence
15 formal
16 dynamic
17 Formal aesthetic
18 covert
19 overt

20 Reiss and Vermeer
21 Preliminary norms
22 Initial norms
23 Operational norms

24 Halverson
25 Boethius
26 Adriano's de bucks
27 Chester man
28 Accountability norms
29 Communication norms

30 Relation norms
31 pym

32 simeoni

# زمانی ڕاستییەکان و ڕاستییەکانی زمان

**یوسف ص. علیآبادی**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئارام شەکیبائی (هەورام) –**

**ئێحسان هەورامی**

## 1. سەرەتا:

ڕەنگە تووشی هەڵە نەبووبین ئەگەر بڵێین، گونجاوترین بڕیار لەبارەی زمان ئەمەیە کە زمان ئامێرێکە. ئەم وتە لەسەرەتاوە شوێنێک بۆ مشتومڕ نایێڵێتەوە و هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە هیچ زانیارییەکی گرنگ لەبارەی بابەتی وتەکە، ناداتە دەست. ئەگەر کەسێک لەبارەی "ڤۆلت مێتر" تەنها بەمە بوەستێت کە تەنها ئامێرەکە، هیچ هەڵەی نەوتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وتە بۆ کەسێک کە هیچ شتێک لە بارەی ڤۆڵت مێتر نازانێت هیچ زانیارییەک لە خۆ ناگرێت. ئەگەر وایە ئامانج لە وتنی ئەم قسە چییە؟ ئەگەر لە هەڵسەنگاندنی زمان و ڤۆڵتپێو کەمێک پتر وردببینەوە، دەتوانین ئامانجی ئەم باسە ڕوونتر بکەینەوە.

دەتوانین بڵێین: ڤۆڵتپێو ئامێری پێوانی جیاوازی پەستانی کارەبا لە گێژەنێکی ئەلێکتریکییە. ئەگەر بمانەوێت زانیاری پتر لە بارەی ڤۆلتپێو بگەیێنین دەتوانین بە "سەرەتای ئەلێکترۆدینامیک" لە فیزیا چاوێک بنەخشێنین و بگەینە

ئامانج. لە لایەکترەوە زمان بە مەبەستی جۆراجۆر بە کار دەبرێت، بە شێوازێک کە لە هەر شوێنێک وەک ئامێرێک جیاواز خۆی دەنوێنێ. لە وتوویژەکانی نێوان مرۆڤ لە کۆمەڵگا، زمان لە زۆربەی کاتەکان ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست و پێداویستییەکان و ئاگاکردنەوەی خەڵکی دی لە ڕووداوەکان. بەڵام لە لای هۆنیەر یان چیرۆکنووسێک زمان شتێکترە و دەتوانێت وەک ئامێرێکی دەستی نیگارکێشێک یان پەیکەرسازێک بۆ خوڵقاندنی شاکارێک هونەری ڕۆل بگێڕێت. لە لایەکترەوە لە دەستی وتاربێژێک دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ هاندان و وروو‌ژاندن و پەژێرانی شتێک تایبەت بە بیسەران بەکار بگیردرێت. بۆ ناساندنی زمان لە هەر یەک لەم دۆخە جیاوازانە شوێن و ڕێبازی جیاواز هەیە؛ زماننناسی بەگشتی زمان وەک ئامێرێکی لە جۆری یەکەم لەقەڵەم دەدات. لە "ڕخنەی ئەدەبی" و "خوێندنەوە وێژەییەکان" زمان وەک ئامێری جۆری دووەم دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە. و لە "بەیانزانی" زمان وەک زمانی وتاربێژێک دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە.

لە ساڵە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی لە ئەوروپا، تەوژمێکی فیکری هاتە ئاراوە کە "زمان"ی وەک بابەتێکی "فەلسەفی" دەزانی، ئەم بیرۆکە لە سەدەی بیستەم گەشەی کرد و شوێنێکی تایبەتی لە فەرهەنگی "فەلسەفی ئنگلیزی زمان" داگیر کرد. لە نیگای یەکەمدا لەوە دەچێت کە لێکۆڵینەوە و باس لە سەر زمان وەک بابەتێکی فەلسەفی شتێکی گران بێت. فەلسەفە بە شێوازێکی  تایبەت لەبارەی گرنگترین و نەناسراوترین ڕووداوە سەرنج ڕاکێشەکانی مرۆڤ باس دەکات: لە ڕاستیدا گیتی لە چی بووە و بۆ ساز کراوە؟ پلە و شوێنی "بیر" لە جیهاندا کامەیە و ئایا مرۆڤ دەتوانێت دەست بە سەر ڕاستییەکانی جیهان و بوونی جیهان، بگرێت؟ ڕاستیی چاکە و خراپە چییە؟ جوانی چییە؟ و لەم جۆرە پرسیارانە.

ئەگەر زمان تەنها ئامێر یان ئامێرانێک بێت، فەلسەفە دەیەوێت لە سەر چی بکۆڵێتەوە؟ ئەگەر ئامانج ناساندنی زمان بێت، ئەوا هەر وەها کە لە پێشەوە

وترا، زمان لە هەر شوێنێک بە ئامرازێک نیشاندرا. ئەگەر ئامانج، بەسەندە کردن بە ئەو باسانە کە لە سەر زمان کراوان، بووە. بۆ ئەم کەم و کۆرتییە بە تەواو کردنی هەر یەک لەو بابەتانە چارەسەر ناکرێت؟ و لە ڕاستیدا فەلسەفە لەم قۆناغەدا چ یارمەتییەکمان دەدات؟

بیر و ڕای وەها، وەهای کردووە کە برێک کەس ڕوانینی فەلسەفی بە زمان، وەک نزمایەتییەک بۆ فەلسەفە بزانن. ئەمە کە ئەم باوەڕانە قەڵخانێک لە بەرانبەر ناساندنی زمان وەک بابەتێکی فەلسەفی نەبوون، ڕاستییەکی مێژووییە. ئەمە کە لە نێوان داهێنەران و گەشەدەرانی ئەم بیرۆکە، ناسراوترین فەلسەفوانەکانی ئەم سەردەمە هەن، ئیستا لە سەری باس ناکرێت. کە وایە کۆکردنەوەی ئەم ڕاستییە لەگەڵ ئەو شتە کە لە فەلسەفە و بابەتە فەلسەفییەکان چاوەڕوان دەکرێت، پێداویستی دەستنیشانکردنی شێواز و ڕێبازی توێژینەوە لەبارەی زمان لە ڕوانگەی فەلسەفی و پەیوەندی بە بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفە، نیشان دەدات. و ئامانجی ئەم وتارە هەنگاونانی سەرەتاییە لەو ڕێبازەدا.

لە سەردەمە جیاوازەکان، هەندێک لە فەلسەفەوانەکان  لە پەراوێزی وتار و نووسینەکانیانەوە لەبارەی بابەتە گرنگەکانی فەلسەفە، باسیان لە زمان و ئاسەوای زمان لە سەر بیرکردنەوە و باوەڕ کردووە. لەم سەردەمە نوێیانەدا، ئەم شتە لە توێژینەوە فەلسەفییەکانی فەلسەفەوانە ئنگلیزییەکان وەک: تامس، هۆبز، جۆن لاک، دەیوید هیوم و جۆن ئستوارت میل، بە ئاشکرایی دەبینرێت. بەڵام دوور لە مەردانەگی نییە ئەگەر یەکەم کەسێک کە بە شێوازێکی ڕێکوپێک، وردبینانە و بە ئاشکرایی باسی لە بارەی زمان و توانایيەکانی لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتە بنچینییە فەلسەفەییەکان کردووە "فرێگێ گۆۆت"[2] ، شتێک بڵێین. فرێگێ بیرکار بوو، هەر چەند کە لە ڕۆژگاری زانکۆکاری خۆی

Gottlob gereF [2]

له بواری بیرکاری، به هەندێ ئاسەوار و نووسراوی فەلسەفی، به تایبەت کانت، ئاشنا بوو، بەڵام هەمی سەردەمی خزمەتکردنی له زانکۆ، نزیکەی ٣٩ساڵ، وانەبێژی بیرکاری له زانکۆی "یێنا" له ئاڵمانیا بووه. و له توێژینەوەکانی، تەوەره بۆنیادییەکانی بیرکاری سەرنجی فرێگێ ڕاکێشابوو؛ ئەمه که بیرکاری چلۆن زانستیکه، و ئەنجام و دەرکەوتەکانی بیرکاری له بارەی بوونی چ شتانێکن. ئەم سەرنج و باوەڕه، له ڕاستیدا ڕیشه و سروشتی فەلسەفییه. بەم بۆنەوه لێکۆڵینەوەکانی له لایەن بیرکارەوانەکانی هاوچەرخی خۆی پەسەند و گرنگ نەبوون. هەر وەها ئەو ڕێبازه که فرێگێ له توێژینەوەکانی بەکاری دەبرد، ئەوەنده نوێ و تازه بوو که فەلسەفەوانه هاوچەرخەکانی، به تایبەت له ناوچه ئاڵمانی زمانەکانی ئەوروپا، هیچ هەستێکیان به تێگەییشتن و گرنگ بوونی نەدەکرد.

له کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، برتراند ڕاسڵ(١٨٧٢-١٩٠٠) ی لاو له زانکۆی کەمبریدجی ئنگلیزی، به هەست و ئەوینێکی یەکسان و سەربەخۆ، بێ ئەوەی ئاگای له ئیشەکانی فرێگێ بێت، له سەر ئەو تەوەرانه که فێرگێ ئیشی دەکرت، گەلێک دەستکەوتی باشی بەدەست هێنان. ڕاسڵ له ساڵی ١٩٠٠ له کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بیرکای پاریس لەگەڵ کار و ئاسەوارەکانی بیرکاری ناسراوی ئیتالی "جۆسفه پیێئانۆ" [3](١٨٥٨-١٩٣٢) ئاشنا بوو. پیێئانۆ وەک سەرۆکی لێژنەیەک له بیرکاری ئیتالی له ساڵەکانی ١٨٩٥ هەتا ١٩٠٨ سەرقاڵی لێکۆڵینەوه له بارەی "حیسابی ژمارەکان" بوو و یەکێک لەو بیرکارانه بوو که کارەکانی فرێگێ دەناسین. ڕاسڵ له لایەن پیێئانۆ ئاشنا کرا به کارەکانی فرێگێ و به نامەناردن لەگەڵ فرێگێ پەیوەندی بەرقەرار کرد. یەکێک له دەستکەوتەکانی ئەم پەیوەندییه ئەوه بوو که له ساڵی ١٩٠٣ کاتێک که بەرگی دووەمی دوایین کتێب ئامادەی چاپ بوو، فرێگێ لەو هەڵه که له سەلماندنی بیرۆکەی "کۆمەڵەکانی گئۆرگ کانتۆر (١٨٤٥-١٩١٨)" له لایەن ڕاسڵەوه پەیدا

---

[3] Peano Giuseppe

کرابوو، ئاگا کراوەتەوە. لەو کتیبە دوو بەرگییەدا فریگێ دەستکەوتەکانی تەمەنێک لێکۆڵینەوە لەبارەی فەلسەفی کردنی بیرکاری خستەڕوو و کە لەم کارەدا لێکدانەوەی کانتۆر لە بارەی "کۆمەڵەی بێ کەم و کۆرتی" کردبوو بنچینە. بەڵام لە کۆتایی بەرگی دووەمدا پاشگرێکی زیاد کرد و لەبارەی ئەو هەڵە کە ڕاسڵ پەیدای کردبوو نووسی، ئەم پاشگرە بەم ڕستانە دەستی پێکدەکرد: (بۆ زانایەک هیچ شتێک لەوە گرانتر و ناخۆشتر نییە کە بەدوای کۆتایی کارەکەی، بە چاوی خۆی ڕەدبوون و ڕمانی پایەکانی کارەکەی ببینێت. لە کاتێک ئەم کتێبە آمادەی چاپ دەکرا و لە قۆناغە کۆتاییەکانیدا بوو، نامەیەک لە ڕاسڵ منی خستە وا دۆخێک).

دەستکەوتێکی‌تری پەیوەندی فریگێ و ڕاسڵ، ئاشنایی ڕاسڵ لە گەڵ زانستخوازێکی لاو و زیرەک بوو کە بە ئەوینێکی زۆر بە دوای خوێندنەوەی نووسراوەکانی فریگێ، ڕووی کردبوو فریگێ بۆ بەردەستی. فریگێ ئەو لاوە بە ڕاسڵ دەناسێنێت تا لە زانکۆی کەمبریدج پێی‌بگەیێنێت. و ڕاسڵ ئەمەیە پەژێرا. لۆدویگ ویتگنێشتاین[4](١٨٨٩-١٩٥١) بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی چوو بۆ کەمبریدج. ئامادەبوونی ویتگنێشتاین لە کەمبریدج و بارودۆخی فەلسەفی ئەوێ، بووە هۆی دوو ڕووداوی گرنگ لە درێژەی ٢٠ ساڵ، کە فەهەنگی فەلسەفی هاوچەرخی ئەورووپا و ئەمەریکا ئیستاش خەریکی کەڵک وەرگرتن لە دەستکەوتەکان و وردەکارییەکانییە. بەم شێوازە بوو کە فریگێ بە دوای کۆچی دوایی لە نەناسراوی دەرهات و ئاسەوار و نووسراوەکانی سەرنجی جیهانی ڕاکێشا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، کەشو هەوای فەلسەفی کەمبریدج شوێنی ڕەوت و تازێکی‌تریش بوو بە ڕێبەری جۆرج ئەدوارد مۆر[5](١٨٧٣-١٩٥٨) لە

---

Ludwig Wittgenstein [4]
George Edward Moore [5]

دژی ڕەوتی فەلسەفی زانکۆکە. مۆر زناکۆکاری سووڕی سەرەتایی وێژەوانی یوونانی کەون بوو لە زانکۆی کەمبریدج، کە لەگەڵ ڕاسڵ ئاشنا بوو، ڕاسڵ هانیدا نۆ ئەوەی واز لە وێژەوانی بێنێت و ڕوو بکاتە فەلسەفە، مۆر لە بیرکاری‌دا زۆر لاواز بوو. و تەنها ئاشنابوونی لەگەڵ هەندێ لە هاودەورەکانی خۆی کە لایەنگری فەلسەفە بوون و بە دوای ئەو خوێندنەوەی نووسراو و کتێبە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە، بوو بە مایەی ئەوە کە بچێت بە دوای فەلسەفە. ئەو نووسراوانە پتر ڕەوگە و بیرۆکەی بیرخوازی (ئایدێئالیسم) پەیڕەوییان دەکرد، کە زۆربەیان ئاسەواری بیروڕاکانی هێگێلی لە سەربوو.

کاردانەوەی مۆر لە بەرانبەر ئەو نووسراوانە، لەکەنار لێکۆڵینەوە و دەستکەوتەکانی ڕاسڵ و فریگێ، بووە هۆی بۆنیادنانی ڕەوتێکی فەلسەفی کە ڕۆڵی زمان لە فەلسەفە و بوارە فەلسەفییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیان کردبوو بابەتی لێکۆڵینەوە. و ئەمڕو ئەو ڕەوتە بە ناوی "شی‌کاری" ناسراوە.

## ١. مۆر: شیکردنەوە و زمان

*ئا) زمان لە فەلسەفە:*

ئەو شتە کە سەرنجی مۆری بۆ فەلسەفە ڕاکێشا و تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵیا بوو، ئەوە بوو کە بە ڕای ئەو بیردۆزە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە زۆربەیان وێنەیەک نادرۆست لە ڕاستییەکان نیشان دەدەن. لەم بیردۆزانەدا هەموو ئەو شتانە کە لە لایەن ئەو و کەسانێک کە لەگەڵ فەلسەفە نائاشنان شتانێک ڕاست و باوەڕ پیکراوان، بە شتانێک ناڕوون و ڕەخنەئامێز ژمار دەکرێن و ڕاست بوونیان ڕەددەکاتەوە. بیر و ڕای فەلسەفەوانەکان لە بارەی ڕاستییەکانی جیهان دەکرا بە دوو بەش دابەش بکرێت،. لە تاقمێکدا (کە پتر لایەنگرە ئاڵمانییەکانی ڕەوگەی هێگێل لە خۆ دەگرێت) ڕاستییەکان ئەوەندە ون و

ناڕوون دەناسرێن، کە گەییشتن بە ڕاستی تەنها بە شێوەی تێ گەییشتنی شهوودی (بینراوی) تەڤێکی، کە تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی هیچ کات ڕوون و دیار نین، کراوەیە.

زمانێک کە بە مەبەستی شیکردنەوە و ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتانە بەکار دەڕوات، لە کاتێک کە لە دی زمانەکان دەچێت، ئەوەندە گران و وشک دێتە بەرچاو کە باس کردن لە ئامانجی نووسەر، کە بۆ خۆی دیار و ڕوونە، لە چوارچێوێک باشتر و شیاوتر نەکراوەیە. تەنانەت ئەوانەش کە لایەنگری سەرسەختی بیروڕای ئەم نووسرانە بوون، لەبارەی ئەوە کە ڕاستی و دیمەنی ڕستی ئەم زمانە کامەیە هاودەنگ نەبوون، و لە نێوانیان دەمەشەقە و بە گژ یەکداچوونە ڕووی‌داوە.

لە دەستەی دووەم (کە زۆربەیان لایەنگری ئینگلیزی هێگێلن) ڕاستییەکان لەمە کە لە وردەکارییەکان و ڕووداوە دەستنیشان کراوەکان دەرناکەون، و تەنها لە کۆکەرەوەیەکی بەربڵاو دیاری دەدەن، لەگەڵ بیروڕای دەستەی یەکەم یەکسانە، بەڵام کۆکەرەوەیەک کە دەبێتە مایەی دەرکەوتنی ڕاستییەکان، بوونێک دەستنیشان دەکرێت کە تایبەتمەندییانێک شیاوی لاواندن و شی کردنەوەی هەبێت. بیروانانێک وەک جۆرج ئستووت[6] (١٨٦٠-١٩٤٤) لە کەمبریدج، لەسەر ئەم بیرۆکە، لە شی کردنەوەی ڕۆشنتر و ڕوونتری تایبەتمەندییەکانی کۆششیان کردووە. ئەمانە هیچ کاتێک لە دۆزینەوەی زمانێک ساکار و ڕوون بۆ باسکردن لە کۆکەرەوەکان سەرکەوتنێکی شیاوی باسیان بە دەست نەهێنا. کۆشش و هەوڵەکانی ئەوانە لەم ڕێبازەدا، بە تایبەت هەوڵەکانی مەک تێگری لاو کە مۆر لە کەمبریدج لەگەڵیا ئاشنا بوو، ئاسەواری بووە لەسەر مۆر. ئەم بۆنە لەگەڵ خالێک کە لە سەرەتاوە سەرنجی مۆری ڕاکێشا بوو، کرا بە بنچینەی ڕێبازێک کە مۆر بۆ بەگژدا چوونەوەی پرسە

---

[6] George Frederick Stout

فەلسەفییەکان دایِنا و کۆششی دەکرد لە پلەپلە  پێکەوەنانی. ئەو خاڵە گرنگە کە سەرنجی مۆری ڕاکێشا بوو، ئەمە بوو کە هەوڵەکانی ئەو بیروانانە بۆ دەربڕینی بیردۆزەکان و شیکردنەوەی بابەتەکانیان بە زمانێکی ساکار و ڕوون، نە تەنها نەبووە هۆی نزیک کردنەوەی بیروڕایان بە یەکتر، ئەوانی لە یەک دوور خستووە.

دەسکەوتی مۆر ئەمە بوو کە هۆی سەرنەکەوتنی ئەم بیروانانە لە گەیيشتن بە زمانێک ساکار لە بیردۆزە و ڕاکانایان و دەمەشەقەیان لەسەر دی بوارەکان، هەر دوو لەیەک شت سەرچاوە دەگرن. بە ڕای مۆر هیچ کام لەوانە بۆ دەرخستنی درۆستی پرسیارێک کە بووە هۆی ئەم ڕووداوانە، کۆشش و هەولێکی بەرفراوانیان نەداوە. پرسیار ئەگەر ڕوون و دیار نەبێت ئەوا بە شێوازێک سروشتی شی کردنەوە و هەڵهێنجانی جۆربەجۆری لیَ دەکەوێتەوە. و هەر کام لەم هەڵهێنجانانە وەڵامی تایبەتی خۆی دەوێت، و بیَ ئەوەی پێودانگێک لە دەستدا بێت کە بتوانرێت نێوان وەڵامەکان هەڵسەنگاندنێک ئەنجام بدرێت. ئەم بیردۆزە سەرنجی مۆری بۆ گشتی فەلسەفە و بەتایبەت شێوازی ئەو پرسیارانە کە لەویَ دەکرێن ڕاکێشا.  و بیر و ڕای مۆر لەم بوارەدا گەیيشتە شوێنێک کە دەستکەوتی بۆنیادی بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکان لە فەلسەفەی بەدواوە بوو. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەستکەوتانە، هەڵسەنگاندنێک نێوان شێوازی گەڕان بە دوای ڕاستییەکان لە زانستەکان و فەلسەفە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت. لە زانستەکاندا ڕاستییەکان لە ڕێگای سەیرکردنی جیهان و چۆنیەتی ڕووداوەکان و بەندیوارییەکانی نێوان ڕووداوەکان و بووەوەکان دەردەکەون. و بەدوای ئەو چەمک و تیَ گەیيشتنانە کە بۆ دەرخستنی پرسیارەکان و ڕێگای گەیيشتن بە وەڵامەکان پێویستن ئاشکرا دەبن، و بۆ هەر پرسیارێک تەنها وەڵامێک، و بۆ هەر وەڵامێک شێوازی هەڵسەنگاندن نێوان وەڵامەکان دیاری کراوە.

له فه‌لسه‌فه‌، لانی که‌م هه‌تا ئه‌و جێ ڕوونه‌، هیچ پرسیارێک له ڕێگای سه‌یر و گه‌ڕانه‌وه‌ی ڕاسته‌وخۆ بۆ جیهان نایێته ئاراوه‌، و پرسه‌کان به‌ستراون به شێوازی بیرکرنه‌وه‌ی فه‌لسه‌فه‌وانه‌کان له‌باره‌ی جیهان و ڕووداوه‌کان. له‌م شێوازی بیرکردنه‌وه‌دا، وێڕای گرانبژێری فه‌لسه‌فه‌وانه ناسراوه‌کان له هه‌ڵبژاردنی پرسه‌کان، ئه‌و ڕێوشوێنه که له زانسته‌کان هه‌یه‌، لێره‌دا ده‌رناکه‌وێت. پێشنیار کردنی بیردۆزه جۆربه‌جۆره‌کان بۆ دۆزینه‌وه‌ی وه‌ڵامی ڕاست له هه‌ڕشته‌کانی زانسته‌کاندا، له کۆتاییدا ده‌بێته مایه‌ی گه‌ییشتنی زانایان به وه‌ڵامی ڕاست، و په‌ژێران یان ڕه‌دکردنه‌وه‌ی بیردۆزه‌ی پێشنیار کراو، له کاتێکدا که له فه‌لسه‌فه ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا له‌باره‌ی پرسێکی تایبه‌ت له زۆربه‌ی کاته‌کان ده‌که‌وێته ژێر ئاسه‌واری دڵخوازی و خواسته قووتابخانه‌ییه‌کان، و له زۆر به‌ی کاته‌کانیش له نێوان گوێڕایه‌ڵه‌کانی قووتابخانه‌یه‌ک هاوده‌نگی نییه‌. ده‌رئه‌نجامی ئه‌مه له فه‌لسه‌فه هیچ کاتێک به شێوازێک یه‌کجار و دانپێنراو ناتوانرێت وه‌ڵامی ڕاست هه‌ڵبژێردرێت و له‌نێوان بیر و ڕاکان نێوبژیوی بکرێت. و تا کاتێک ئه‌م بارودۆخه له فه‌لسه‌فه هه‌یه ئاره‌زووی په‌یداکردنی ڕاستییه‌کان له ڕێگای فه‌لسه‌فه‌وه شتێکی نه‌کراوه‌یه‌.

*ب) زمان و ڕاستییه‌کان:*

له‌چاوی مۆر هێنانی بیری فه‌لسه‌فی بۆ ڕێبازی دۆزینه‌وه‌ی ڕاستییه‌کان، چاره‌یه‌کی نییه‌، بێژگه له‌مه که پێش له کردنه‌وه‌ی باسه فه‌لسه‌فییه‌کان، پێداچوونه‌وه‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی له شێوازی پرسیارکردن و وه‌ڵام دانه‌وه له فه‌لسه‌فه ڕوو بدات. مۆر له‌مباره‌وه ده‌ڵێت:

من وه‌هانازانم که جیهان و زانسته‌کان هیچ کاتێک پرسیارێکی فه‌لسه‌فییان له من کردبێت. و پرسیاره فه‌لسه‌فییه‌کان ته‌نها له نووسراو و ڕای فه‌لسه‌فه‌وانه‌کانی دیکه له باره‌ی جیهان و زانسته‌کان بۆ من هاتنه ئاراوه‌. ئه‌و

پرسانە کە لێرەدا من لێیان باس دەکەم دوو دەستەن، دەستەیەک پرسی ئەوەیە کە ئامانجی فەلسەفەوانێک لەو شتە وتراوە چییە، و دەستەی دووەم ئەوەیە کە کاتێک پرسەکە دیاری کرا، چ بەڵگەیەک بۆ ڕاست بوون یان هەڵە بوونی ئەو بیرۆکە هەیە. و وەهادەزانم کە هەموو ژیانی من لە سەر دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارانیک لەم چەشنە براوەسەر.

شیرازەی وتەکەی مۆر، ئەگەر لەگەڵ شیرازەی بیروڕاکانی ڕاسڵ و ویتکنێشتاین یەکیک نەبێت، ئەوا زۆر لەوان نزیکە. و شیرازەی ئەم بیردۆزە ئەوەیە کە بەکاربردنی نالەجیٚ و هەڵەی زمان لە فەلسەفە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی پرسیارە فەلسەفییەکان و ئەم پرسیارانە تەنها لە ڕێگای بەکار بردنی ڕاستی زمان وەڵامی ڕاستیان دەدۆزرێتەوە. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەمە بیروڕاکانی مۆر کە لە سیٚ وتاری خۆی ١٩١٧، ١٩٢٥، ١٩٣٩ بڵاوی کردوونەتەوە بە کورتی شی دەکەینەوە.

وەها دێتە بەرچاو کە زۆرن ئەو ڕاستییانە کە بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکران و باس و بیرگۆڕکیٚ لەسەریان شتێکی هەڵە و سووک دەژمێردرێت (مەبەست ئەوە نییە کە چۆن ئەم راستییان سەلمێندراو و ناسراون؛ مەبەست تەنها ڕاستییەکەیە)؛ بۆ نموونە لە جیهاندا کەرەستەی مادی هەیە؛ یان بوون و نەبوونی ئەم کەرەستانە گوێڕایەڵی تێگەییشتن یان تێنەگەییشتنیان لە مەژۆدا نییە. یان ئەمە کە لە جیهاندا  ڕووداوەکان هاوکات، پاش یان پێش یەکتردا ڕوو دەدەن. کێوی شاهۆ نموونەیەکە لە شتێکی مادی کە بوونی هەیە، و پێش لەوەش مەژۆیەک لیٚ تیٚبگەییێت بوونی بووە و ئەگەر هەموو مەژۆکان لە جیهان نەمێنن، بەردەوام دەتوانێت بوونی ببێت. شاخی دەماوەند سەردەمێک گڕکانی کردووە، و بە دوای ئەو ئێستا تەنها غازی گووگێردی دەردەکات. بیرۆکە فەلسەفییەکان بوونی شتە مادییەکان ڕەد دەکەنەوە، یان بوونیان تەنها بە تیٚ گەییشتنیان بە مەژۆ دەزانن. هەندیٚ بیردۆزەی فەلسەفی هەن کە کەتوار و ڕاستین بوونی کات (یان شوێن) ڕەد دەکەنەوە. لە دوو دۆخ بەدەر نییە:

یان ئەمە کە لەم جۆرە بیردۆزانە زمانەکەیان هەر ئەو زمانەیە کە لە دۆخی ئاسایی‌دا بەکار دەبرێت، کە لەم دۆخەدا ئەم بیردۆزانە بە ڕوونی ڕەدکراوەن؛ یان ئەمە کە لەگەڵ یەکسانی ڕاوێژ، زانیاری جیاواز لەو زانیارییانە کە لە زمانە ئاساییەکان بەدی دەکرێت، لەم بیردۆزانە دێن. کەڵک وەرگرتن لە وشە و ڕاوێژی پەرەسەندوو لە زمانی ئاساییەکان، بۆ نیشاندان و ناساندنی زانیاری و بوونی شتێکتر زۆر ڕوو دەدات. بۆ نموونە لە زانستی میکانیک، ئەو بوونانە کە بە زاراوەکانی (کار) و (ئێنرژی) دەستنیشان دەکرێت، لەگەڵ ئەو بووندارانە کە لە زمانی ئاسایی بەم وشانە دەستنیشان دەکرێن، جیاوازن. بۆیە لەم جۆرە دۆخانە بوونەکان لە هەر زانستێک بە واتا و پێناسەی تایبەت و ورد دەستنیشان دەکرێن، بە شێوازێک کە هاتنە ئاراوەی پرسیارێک یان گەڕان بە دوای وەڵامەکان نابێتە هۆی پەرۆشی و تووشی هەڵە بوون لە جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستییەکان. ئەمە نموونەیەک ڕوون و ڕۆشنە لە بەکاربردنی زمان لە ڕووداوێکی بیری و زانستی. و بە بیروڕای مۆر ئەم ڕێوشوێنە لەبارەی بەکاربردنی زمان لە فەلسەفە بەرچاو نەگیراوە.

لە بەرانبەر ڕاسڵ و ویتگنێشتاین کە لە ڕاستی‌دا ڕەسەنایەتی پرسە و دیاردە فەلسەفییەکان ڕەد دەکەنەوە (و ئامانجی سەرەکی فەلسەفەیان لەمە زانیوە کە فەلسەفە تەنها نیشان دەدات کە ئەمانە لە ڕاستی‌دا پرسە و دیاردە نین)، مۆر باوەڕی هەیە کە پرسە فەلسەفییەکان ڕەسەن و ڕاستن. و بە ڕای ئەو فەلسەفە لە ڕاستی‌دا ڕووداوێکی زانستییە، کە وەک دی زانستەکان دەبێت بە دوای ڕاستییەکان بگەڕێت، بەڵام تا کاتێک پرسیار کردن و وەڵامدانەوەیان لە فەلسەفە بە کەڵک وەرگرتنی ناڕاست لە زمان بێت، ئەم پرسیارانە بێ وەڵام دەمێننەوە. چارەسەر نوبوون و بێوەڵامی پرسە فەلسەفییەکان تەنها بە ئاڵۆسکاو و شێواوی بوونیان بەستراوە: دەتوانین بڵێین کە فەلسەفە لە بنەڕەت‌دا کۆششی کردووە لە پێناو ناساندنی ڕاستییەکان، بەڵام پرسیارە فەلسەفییەکان زۆر ئاڵۆسکاو و شێواون و ناکرێت وەڵام دانەوەیان تەنها

تاقیکردنـەوە و پرسـیارێک کـە بـە (ئـەرێ) یـان (نـە) کۆتـایی پـێ دێت، لـو خـۆ بگرێت. لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکە لە تێڕوانینی بەربڵاو لە فەلسەفە لە مـەژۆ ڕیشە دەگرێت، و ئامانجی سەرەکی مۆر ڕووبەڕوو بوونـەوەی ئـەم تێڕوانینـەیە. بـە ڕای مـۆر، ڕاسـتخوازی لـە فـەلسـەفـە بـە پـەژێرانـی بێچـارەسـەری پرسـەکـان، ناگۆنجێت و هەر بیانوونێک بۆ ئاسایی ناساندنی بێچارەسـەری کێشەکان، لـە ڕاستیدا لادان لە پرسیارەکانە. بە بیروڕای مۆر هێنانی فەلسەفە بۆ سـەر ڕێی ڕاستخوازی تەنها پەژێرانی ڕێگەچارە لە لایەن پرسە فەلسـەفییەکان دەزانێت. بۆ چارەسـەربوونی کێشە فەلسـەفییـەکان بـەکاربردنی ڕێـک و ڕاسـت لـە زمـان پێـشنیار دەکـات. ڕێگایـەک کـە مـۆر بـۆ ڕاسـت کردنـەوەی ئـەم پرسـیارە هەڵبیژاردووە، شیاوی سەرنجە. لە نووسراوەکانی بە ڕوونـی و ئاشکرایی لـە بارەی بەکاربردنی ڕاستی زمان کەمتر باسی کردووە. و پتر کۆششی کردووە کە شێوازی بـەکـاربردنی زمـان لـە ئاسـەوار و نووسـراوەکانی بـەکاربگرێت و لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی پرسە فەلسـەفییەکان لـە زمـان بە درۆسـتی کـەڵک وەربگرێت. بـەم بۆنـەوە بیرۆکـەی بـەکـاربردنی ڕاسـتی زمـان لـە دۆزینـەوەی وەڵامـی پرسـیارە فـەلسـەفییـەکـان بـەکـار دەبرێت و باشـی و خراپییـەکانی بـۆ کەسانی دیکە ڕوون دەبنەوە.

*ج) شی کردنەوە و بابەتەکان:*

ڕەوشـتێک کـە مـۆر بـۆ پێداچوونـەوەی بـەکـاربردنی زمـان لـە فـەلـسـەفـە پێشنیاری دەکات، بـە "شـیکاری"[7] نـاوی دەبـات. بـە پـێ ئـەم ناونانـە، زاراوەی "شـیکارانـە" بـۆ لایـەنـە جیـاوازەکـانی کـارکردنی فـەلسـەفـی لـەو ڕەوتـەدا دێتـە ئاراوە. بۆ ئاشنا بوون بە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەوشتە لـە سـەرەتاوە دەبێت بـزانیین کـە "شـیکاری" لـە لای مـۆر، کارێکـە کـە دەرئـەمجـامی دەبێتـە ڕووت

---

isanalys [7]

بوونەوەی بابەتەکان لە جلوبەرگی ئاڵۆزی و نامەفهوومی. و هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە مۆر ڕاستییەکان لە پەیوەندییەکی ڕەبەق لەگەڵ بابەت و پرسەکان دەزانێت. ڕاست یان ناڕاست ئاکارانێکن بۆ کۆبابەت وکۆپرسێک، و تەنها بە تێ گەییشتنی ئەو بابەتانە کە ڕاستن و هەڵە نین، گەییشتن بە ڕاستییەکان دەکرێت. لە لایەکترەوە بابەتەکان بە وشە و زاراوەی وێژەیی و ئەدەبی دەردەبڕیێن؛ لێرەدا پەیوەندی زمان لەگەڵ ڕاستییەکان ڕوون دەبێتەوە و گرنگی بەکاربردنی دروستی زمان لە ڕاستخوازی دێتە بەرچاو.

شێوازی بەکاربردنی زمان لە توێژینەوە فەلسەفییەکان بەم جۆرە بووە کە وشە و زاراوەکان لە زمانە ئاساییەکان بەکرێ دەگیرێن، بێ ئەوەی ڕووچەکی یەکسانی یان جیاوازیی نێوان ئەو بابەتانە کە گۆزارشتیان لێ دەکەن، ڕوون بێت. (وەک نموونە، ئەمە لەبارەی(بوون)، (کات) و (شوێن) ڕووی داوە). یان ئەمە کە وشە و زاراوەی نوێ دادەڕێژرێن بێ ئەوەی ئەو شتانە کە گۆزارشتیان لێ دەکەن بە ڕوونی دیار و ئاشکرا بن (وەک نموونە لە بارەی (ڕۆحی ڕەبەق)، (وێنەی بیری) ڕووی داوە). بە دوای ئەمە بە کەڵک وەرگرتن لەم زاراوانە پرسیارانێک دێنە ئاراوە، (وەک: ئایا وێنە بیرییەکان لە مەژۆ دان یان لە بنچینەنەکان سازکراون؟ / ئایا یەکەی پیرۆز[8] لەگەڵ یەکەی ساوکەیی[9] یەکسانن؟ / ئایا شتە مادییەکان بوونیان هەیە؟ / ئایا کات ڕاستەقینەیە یان خەیاڵی؟ ) بەم شێوازە گەلێک باس و گفتوگۆ دێنە ئاراوە کە ئامانج لەو باسانە گەییشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت. بەڵام ئەگەر وەڵامێک بە دوایین وەڵام بزانین کە لەبارەی ڕاست یان ناڕاست بوونی ئەو بتوانین ڕێککەوین، هیچ وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە ناتوانێت بەس و ڕاست بێت.

---

[8] فارسی: نفس متعالی

[9] فارسی: نفس تجربی

مۆر بەکاربردنی زمان بەم شێوازە نابەجێ دەزانێت، لەبەر ئەمە کە زمان تەنها لە دۆخێکدا لە گەییشتن بە ڕاستییەکان کاریگەر بێت کە: (ئا) ئەو زاراوە و وشانە کە بە کار دەبرێن تەنها ئاماژە بە یەک بوون و بابەتی تایبەت بکەن. و (ب) تایبەتمەندی و پەیوەندی نێوان تەوەر و بابەتەکان لە ڕاستیدا هەر ئەو پەیوەندییە بێت کە بە ئاوێتە کردن و لەگەڵ یەک هاتنی زاراوە وشەییەکان نیشان دەدرێت. ئەمە شێوازی کەڵک وەرگرتن لە زمان بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکان لە فەلسەفە نیشان دەدات.

بەم شێوازە، پێش لە گەڵاڵە کردنی هەر پرسیارێک لە فەلسەفە پێویستە لە سەرەتاوە بابەت و واتاکان شی بکرێنەوە تا لەم ڕێبازەدا لە یەکتر جیا بکرێنەوە و جیاوازییان دەست نیشان بکرێت. تەنها لەم دۆخەدایە کە دەتوانین لەبارەی تایبەتمەندییەکان و پەیوەندیی نێوان بابەتەکان پرسیار گەڵاڵە بکرێت و وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە.

شیکردنەوەی بابەتەکان لە لایەن مۆر هاوواتەیە لەگەڵ دۆزینەوەی واتاکان: (دۆزینەوەی واتای بابەتێک تەنها ڕووکردنەوەی شیکارانەیە لەو بابەتە). مۆر بەم شێوازە پتر شیکاری ڕوون دەکاتەوە:

وتەی تاکێک تەنها کاتێک دەتوانێت "ڕووکردنەوەی شیکارانە" لە بابەتێک بێت کە: (ئا) هەم بابەتی شیکراوە و هەم دەرئەنجامی بەباشی ڕوون کرابێتەوە، و ئەگەر شیکاری بە باشی ڕووی درابێت، ئەم دوو شتە گۆزارشت لەیەک شت دەکەن. (ب) ئەو وشە و زاراوانە کە بۆ نیشاندانی بابەت و تەوەری شیکاری بەکاردەبرێن، لەگەڵ ئەو وشە و زاراونە کە بۆ نیشاندانی ئەنجامی شیکاری بەکار دەبرێن، لەگەڵ یەک جیاوازییان پەیدا کردبێت.. و مەرجی سێیەمیش دەبێت بەم دوو مەرجە زیاد بکرێت؛ (ج) ئەو ڕستە و زاراوانە کە بۆ باس کردن لە بابەتی شیکاری بەکار دەڕۆن، پتر لەوەی کە نابێت لەگەڵ ڕستەکانی ئەنجامی شیکاری یەکسان بن، ناکرێت ئەو شتانە کە

لە پرسیارەکەدا بە ڕوونی باسیان لێکراوە لە خۆ بگرێت. بۆ نموونە لە ڕستەی (# دووەمین کوڕی ژن و پیاوێکە)، زانیاری (کوڕ بوون) و (دووەمین کوڕ بوون) بە ڕوونی نیشان دراون، بەڵام لە (# برای یەکێکە) ئەم زانیارییانە پێکەوە نیشان نەدراون. ڕستەی یەکەم ئەو دوو زانیارییە نیشان دەدات و شێوازی ئاوێتە بوونیان لە وشەی "برا" نیشان دەدات، کە لێرەدا داڕێژێکی گەرانەوەییە، بەڵام لە ڕستەی دووەم، گەڕاندنەوەیەک نییە. بۆیە دەبێت شێوازی پێکەوە هاتن و ئاوێتە کردنی بابەت و زاراوەکان دەبێت لە ڕستەکاندا بە باشی ڕوون بکرێتەوە.

ئەوانە کە لەگەڵ فەلسەفەی یوونانی کەون ئاشناییان هەیە، لێرەدا ئەگەری ئەوە هەیە کە مۆر و گەلاڵە کردنی "شیکاری" شتێکی نوێ نیە. پێویستی جیاکردنەوە و ڕاستکردنەوەی بابەتەکان بە واتا و زاراوەکان و گرنگییان لە گەییشتن بە ڕاستییەکان، چەندین سەدە لەمەو پێش لە نووسراوەکانی ئەفلاتوون باسی لێ کراوە و بە باشی شی کراوەتەوە. لەم نووسراوانەدا پەیوەندی پتەو و بەردەوامی نێوان بابەت و ڕاستییەکان بۆ یەکەم جار بە شێوازی نووسراو لە مێژوو باسی لێکراوە، و زارۆچکەی سۆقەراتی وەک ڕێبازێک کە خزمەت بە جیاکردنەوە و شیکاری دەکات لە سەر بنەمای ئەم ڕاستییانە دانراوە. مۆر یەکەم کەس بووە کە لە ژیاننامە خۆنووسەکەی خۆی باسی لە خۆشەویستی و پەیرەوی لە ڕێبازی ئەفلاتوون (و ئەرەستوو) کردبێت. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی فرامۆش کردنی جیاوازییە بۆنیادییەکانی نێوان تازەکارییەکەی مۆر و نوێکارییەکەی ئەفلاتوون. لە لایەن ئەفلاتوونەوە بابەتەکان بە بوونێک ناسراون کە بوونی مەژۆییان هەیە (بەم بۆنەوە مەژۆ توانایی تێ گەییشتن و دەست بەسەر گرتنیانی هەیە). هەر وەها کە شتە مادییەکان لە کات و شوێن دان، ئەفلاتوون ئەم بوونانە لە جیهانێکی سەرتر لە جیهانی فیزیایی دادەنێت، کە مەژۆکان یەکێک لە دانیشتوانی هەتاهەتایی ئەو جیهانەن، گەییشتن بەم بوونانە لە ڕێگای مەژۆ لە لایەن ئەفلاتوونەوە وەک

"دیتن و چاو پێکەوتن" دانراوە، و گەییشتن بەم بوونانە لە ڕێبازی زارۆچکەی سۆقەراتی و یەکسان بە سڕینەوەی تاریکییەکان لە چاو دانراوە. (لەم ڕوانگەدا لەوە دەچێت (زارۆچکەی سۆقەراتی) لەگەڵ (شیکاری‌دەروونی فرۆید) یەکێک بێت). لە دەستکەوتەکانی مۆر. لە لایەکترەوە، باسێک لەوە کە بابەتەکان چین و ئایا لە شوێنێک دانیشتوون یان نەکراوە،و لەبارەی شێوازی گەییشتنی مەژۆ بە بابەتەکانیش لە بیروڕای مۆر شتێک بە ڕوونی نابینرێت. و ئەوە کە لێرەدا باسی لەسەر کراوە پەیوەندی نێوان ڕاوێژ(زمان)ـە و بابەتەکان. کە لە پەیوەندی ڕستە و واتا دەچێت، کە ڕێگا بۆ هاتنە نێوەوەی زمان دەکاتەوە.

ئەو شتە کە لا ئیشەکانی مۆر وەک نوێکاری دەژمێردرێت، ئازاد کردنی ڕاستییەکان لە مەژۆ و گەلاڵە کردنی زمان وەک ئامێری گەییشتن بە ڕاستییەکانە. (و لەم بارەدا تەنها بیروانێک کە پێش لە مۆر باسی لەمە کردووە، فێگێ بووە)، هەروەها کە لە وتەکەی خۆی نیشان دەدرێت، "شیکاری" کارێکە کە بە زمان و لە ڕێگای زمان ئەنجام دەگرێت (نە بە مەژۆ و شتە مەژۆییەکان). بەم شێوازە بە ڕای مۆر ئەوە کە پەیوەندی نێوان تێ گەییشتن و ڕاستییەکان نیشان دەدات تەنها زمان. کە ئەمە ڕوانگەیەکی نوێیە کە تەوەر و پرسی زۆر گەلاڵە دەکات. و لە نووسراوەکانی مۆر شتێک شیاوی باس لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پرسانە نابینرێت (ئەگەری ئەوە هەیە کە مۆر توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم پرسانە لە خۆی نابینێت).

میراتێکە کە لە مۆر بە جێ ماوە، ئەنجامی بەکاربردنی ئمە ڕێبازە بۆ وەڵام دانەوەی پرسە بوون‌ناسییەکان، کردار و تێ گەییشتنە هەستۆکییەکانە. و لە هیچ یەک لەمانە ڕێگەچارەی مۆر وەک "دوایین ڕێگەچارە" نەناسراوە و گفتوگۆ فەلسەفییەکان لەبارەی بابەتەکان بەردەوامە. ئەو شتە کە لەو گفتوگۆوانە کە لە ڕێبازی "شیکاری"دان ئاسەواری نوێ‌کارییەکەی مۆر نیشان دەدات، کۆشش و هەوڵی فەلسەفەوانەکان بووە لە ڕوون کردنەوە و جیاکردنەوەی بابەتەکان، کە لە ڕێگای هەوڵ دانیان بۆ دۆزینەوەی واتا ڕاستەکان ڕوو

دەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو گفتوگۆوانە کە ئیستا لە ڕەوتی شیکارانەی فەلسەفە شوێنگری ئەو باوەڕەن کە مۆر بۆ یەکەم جار هەستی بە پێویستی بوونی لە فەلسەفە کرد و لایەنگری لێ دەکرد.

## ٣. فرێگێ: بۆنیادی گوتەنی

*ئا) بیرکاری و زمانی بیرکاری:*

چۆنیەتی چوونە نێوەوەی زمان بۆ بیری فرێگێ و دەستکەوتەکانی فرێگێ لەگەڵ ئەوە کە لەبارەی مۆر وترا زۆر جیاوازە، فرێگێ لە سەرەتای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی لە بواری بیرکاری خێرا بەرەو نەریتەکان چوو، کە لەوێدا پرسەی سەرەکی بیرکاران دۆزینەوە بۆنیادێکی گۆنجاو بۆ (شیکاری = ئانالیز) یان (بیردۆزەی ژمارە کەتوارییەکان) بوو. ئەم بابەتە لە کۆتایی سەدەی هەفدەهەم بە شێوازیکی سەربەخۆ لە لایەن نیۆتۆن و لایبنیتز بە هێنانە ئاراوەی (بێکۆتایی ورد) چووە نێو قۆناغێکی نوێ. ئامانجی لایبنیتز لە ڕوو هێنان بەم بابەتە بە گشتی تایبەت بە بیرکاری بوو و دۆزینەوەی ڕەوشتێک بۆ حیساب کردنی هێڵی وێککەتی کەوانەکان و پێوانەی ڕووبەری ژێر کەوانەکانی لە خۆ دەگرت. لە لایەکترەوە نیۆتۆن لە دیوی فیزیاییەوە هاتەنێو ئەم باسە، و ئامانجی دۆزینەوەی ڕەوشتێکی بیرکارانە بوو، کە بەو ڕەوشتە تێژی و خێرایی دەمی بگەڕێک حیساب بکات. زمانیک کە هەر یەک لەم دوو کەسە کە بۆ گۆزارشتی بیردۆزەکانیان بەکاریان دەبرد جیاواز بوو. بەڵام نێئاخنی هەر دوو زمانەکە یەک شت بوو و یەکسان. بەڵام زمانی لایبنیتز باشتر بوو لە زمانەکەی نیۆتۆن (ئیستاش لە سەرەتای شیکاری و لە بابەتەکانی ئینتەگراڵ لە زمان و هێماکانی لایبنیتز کەڵک وەردەگرن). بەم بۆنەوە جووڵەناسی نیۆتۆنیش بەم زمانە ئاسانتر و باشتر گۆزارشتی لێ دەکرێت. دەستکەوتەکانی جووڵەناسی نیۆتۆن لە پێشبینی و شیکردنەوەی

ڕووداوە سروشتییەکان، بووە هۆی پتر ناساندنی بیردۆزە بیرکارانەکەی نیۆتۆن و لایبنیتز، بە شێوازێک کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم بیرکارێک ناسراو لە ئەوروپا پەیدا نەدەکرا کە ئەو بیردۆزە نوێیە سەرنجی ڕانەکێشابێت.

لە ساڵی ١٧١٩ی زایینی، جۆرج بارکلی (فەلسەفەوانی ناسراوی ساوکەخوازی ئیرلەندی) لە نامیلکەیەک بە ناوی "شیکار"[10]، بیردۆزە نوێکەی خستەژێر ڕخنە و بنەڕەتی خستە سەرئاو. جۆرج بیرکار نەبوو، بەڵام لە بیرەوەرییەکی ناشیرینی یەکەیی، ئاسەوار و دوائەنجامەکانی هەڕەشەی لایەنگرانی فیزیای نوێ بە پاڵپشتی بیردۆزە نوێکە بۆ بنچ و ڕیشەی باوەڕە دینییەکانی، هەست کرد. بۆیە کۆششی کرد لە پێناو ئاشنا بوون بەم بیدۆزە بیرکارییە کە کرابوو بە بنچینەی فیزیا. ئەنجامی ئەم بەدواچوونەوە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو هەڵە و ناکۆکییە گەوەنییانە بوو کە لە سەلماندنی ئەم بیرۆکە کەڵکیان لێ وەردیرابوو.

بنەڕەتی ئەم ناکۆکییانە لە لایەکەوە واتای (بێکۆتایی ورد) بوو کە لەگەڵ زۆر بچووک بوونیان هیچ کاتێک ناگەیێنە سفر، لە لایەکترە لە کاتی بەڵگە هێنان کە لە سەر بنەمای (بیکۆتایی ورد)ەکان داڕێژرابوون، لە هەندێ کات چاویان لێ دادەپۆشین و بە سفر سەیریان دەکردن. لە نزیکی ١٥٠ ساڵ بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکە، ئەو ناکۆکییانە کە جۆرج دەری خستن، ڕووبەڕووی گەورەترین بیرکارانی ئەوروپا بووە. لە لایەکەوە (شیکاری) ئامێرێک بوو لە دەستی بیرکاران و فیزیاکاران، کە توانایەکی باشی پێ دەدان بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان و گەییشتن بە دەستکەوتی نوێ، کە لە مێژووی زانستدا بێ هاوتابوو، لە لایەکترەوە ناکۆکییەکان لە سەلماندنی ئەو بیردۆزە و بنەڕەتی باسەکان، وەها بەرچاو دێت کە فیزیاکارەکان دەکرێت چاوی لێ بپۆشن، بەڵێنی حەسانەوەی بە بیر و مەژۆی بیرکاران نەدەدا. لە

---

[10] The Analyst

درێژەی سەدەی هەژدەهەم، کەڵەبیرکارانێک وەک ئۆیلێر، دالامبێر، لاگرانژ و گاوس هەر کام بە شێوازێک کۆششیان دەکرد بۆ نەهێشتن و وەڵام دانەوەی ئەو ناکۆکییانە و بەربڵاوکردنی دەستکەوتەکانی بیردۆزە نوێکە. هەر چەند کە چەندین دەستکەوتی نوێیان بە دەست هێنا، بەڵام لە سڕینەوەی ناکۆکییەکان سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمی زایینی یەکەم هەنگاوی ڕاست لە لایەن کۆشی نران و نزیکەی پەنجاساڵ بە دوای ئەو بیردۆزەیەکی ڕاست، بێگەرد و بێ داکۆکی لە لایەن وایێرشتراس[11] تۆمارکرا.

*ب) بیرکاری و گەوتن:*

لەم ڕووداوەدا دوو خاڵی گرنگ هەهە، یەکێک ئەمە کە کۆششی لێکۆڵەرەوان بۆ دۆزینەوەی بنەڕەتێکی بێ ناکۆکی بۆ بابەتی شیکاری، لە لایەن ئامانجێکی گەوتنی درێژەی پێ درا، و لە هەر قۆناغێک تەنها وردەکارییە گەوتنییەکان لە هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی بیرکارەکان گرنگ بوون. دووەم ئەمە کە ئەو بیردۆزە کە لە لایەن وایێرشتراس تۆمار کرا بە شێوازێکی بێهاوتا لە دۆخی وێنەیی بوو، بەم واتا کە لەم بیدۆزەدا هەمووی ئەو کاردانەوانە کە لە کۆششەکانی ڕابردوو تەنها لە سەر بنەمای تێگەییشتنی ڕاستەوخۆی یەک یان چەند بیرکار داڕێژرابوون، لابران، و شوێنی خۆیان دا بە کاردانەوەی نوێ، کە بەڵگەنامە و سەلماندنێکی تایبەت و وردیان هەبوو. ئەمە تەنها بە جێنشین کردنی (وێنە) بەچاو زۆر ڕوونەکانی ئەندازەکاری یان (وێنە ڕاستەوخۆکان) لە بارەی (بوونی ئەندازەکان) بە واتا و بنچینە بەڵگەدارەکان کە لە هەر چەشنە شیکردنەوە یان واتالێدانەوەیەک یەکەیی ڕەها و ئازاد بوون، دەستکەوت. بە دوای کۆشش بۆ سەلماندنی ڕێوشوێنی بابەتی پێنجەمی ئۆقلیدۆس (هێمی هاوشانی) و دۆزینەوەی ئەندازە نائۆقلیدۆسییەکان، وا

---

[11] Karl Weierstrass

دێتەبەرچاو کە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان لە هێمە ئەندازەییەکانیش ڕێگەیەک بەرەو (وێنەیی کردن) پیاسەدەکات. ئەم بیرۆکە سەرئەنجام بە تەواوبوونی توێژینەوەکانی کانتۆر و پیئانۆ لە بیرکاری و بڵاوکردنەوەی دەستکەوتەکانی "هیلبێرت" لە ئەندازەکاری بە گشتی پەژێردرا.

بیردۆزە وێنەییەکان بە هۆی ڕووتەڵخوازی و ڕووت بوون لە هەر چەشنە شیکردنەوە و واتالێدانەوەیەکی تایبەت، نیشانده‌ری بوونێکن بە ناوی "بۆنیاد" لە بابەتەکان، کە نیشاندانی بنچ و ڕیشەکانی ئامانجییە. وێنەیەک سادە و ناڕاست، بەڵام بوێژ لەم بوونە بە هاوشێوەکردنی لەگەڵ "ئیسقانێک" بەدەست دێت، کە بە زیادکردنی "گۆشت و پێست" لە ڕێگای شیکردنەوە و وتالێدانەوەی دەبێتە بوونێک تایبەت. هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی بەم چەشنە تایبەتمەندییەک تەنها لە ژێردەسەڵاتی گەوتن بوو. و تەنها بیردۆزەی گەوتنی کە بەشێوازێک تەواو وێنەیی دانراوە و لە ڕاستی هیچ گفتوگۆیەک نییە، بیردۆزەی پێومانی ئەرەستوویی بوو. بە پێ ئەم بیردۆزە، چارچێوی سەرەکی هەر وتەیەک، یان بۆنیادی گەوتنی لە سێ بەشی "تەوەر، لەخۆگر، پەیوەندییەکان" سازکراوە، بە چەشنێک کە بە هێنانی واتەی واتاداری شیاو لەم سێ بەشە ڕستەیەک تایبەت و واتادار سازبکرێت. لەم چەشنە یاسا و ڕێسایەک لە بیدۆزەکان دێنە ئاراوە کە بەکار بردنیان لە هەر کۆمەڵێک سازکراو لە سێ ڕستە، بێ ئەوەی گرنگی بە واتای ڕستەکان بدرێت، لە ئەنجام بزانرێت کە ئایا ئەم ڕستانە ڕێبەدێییەکی گۆنجاو سازدەکەن یان نە.

بەم شێوازەجیاکردنەوەی ڕێبەدێییە گۆنجاوەکان لە نەگۆنجاوەکان لە هەر تەوەرێک بە شێوازێک ڕەبەق دەکرێت و گرنگی گەوتن وەک ئامرازێک گرنگ و نەشاراوە لە بوارە جیاجیا زانستییەکان لە ڕێبازی گەییشتن بە ڕاستییەکان ڕوون دەبێتەوە.

گرنگی ڕەبەقی گەوتن لە زانستەکان بیردۆزەیەک کە بە ناوی بیردۆزەی "ڕاست گەوتنی" ناسراوە، شێوازی زمانێک کە شیاوی ڕاستخوازییە دەست نیشان بکات. دەرئەنجام بیردۆزەی پێومانی وەک بیردۆزەیەکی ڕاستی گەوتنی هەڵدەبژێردرێت، زمانی ڕاستییەکان پێویستە زمانێک بێت کە توانای بەدەردانەوەی بۆنیادی تەوەر – لەخۆگری بڕیارەکانی هەبێت. زمانە ئاساییەکان لە تیرەی زمانە هێندوئەورووپیەکان بۆ زۆربەی ڕستەکانیان ئەم توانایییەیان هەیە، ئەگەر چی لەم زمانانە ڕستانێک هەن کە نیشاندەری ڕێژەکانن و لانی کەم لە ڕۆخساردا ئەم شتە ڕەد دەکەنەوە (نیشانی نادەن). بۆیە پێویستە لەم زمانانەدا بۆ کران بە زمانی ڕاستییەکان، ڕێژەکان بگۆڕدرێن بە لەخۆگرەکان و یان ڕاستییەکەی ڕێژە وەک ڕاستییەکانی واتە ڕێژەییەکان (وەک گەورەتر، بەرزتر، گرانتر) نکووڵییان لێ بکرێت.

لە درێژەی ئەم بیست سەدە (پتر لە بیست سەدە) کە بیردۆزەی پێومانی لە گۆڕەپانەکانی گەوتن فەرمانڕەوایی دەکات، ئەم دوو تەوەرە بە شێوازی جۆربەجۆر تاقیکرانەوە، لەگەڵ ئەمە هیچ کاتێک ئەنجامێکی شیاوی باس لەم تاقیکارییانە دەستگیر نەکرا. بەڵام ئەمە نەهێڵ نەبووە بۆ فەلسەفە، لە درێژەی سەدەکان و تەنانەت هەتا ساڵە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لە ڕێگای ناساندنی بیردۆزەی پێومانی وەک تەنها بیردۆزەی ڕاست لەبارەی بۆنیادی گەوتنی بڕیارەکان و بایەخی ڕێبەدێییەکان.

لە سەرەتای تۆمارکردنی بیردۆزەی پێومانی، بۆ گەوتنزانەکان ئاشکرا بوو کە زمانی بیرکاری لە بواری ئەو توانایە لە زمانە ئاساییەکان زۆر جیاوازە. یەکەم ئەمە کە بڕیار و کێشە بیرکارانییەکان بە تەواوی لە چارچێوی (تەوەر- لەخۆگر) ناگۆنجرێن و دووەم ئەمە کە هەموو بەڵگەهێنانە بیرکارانییەکان لە سێ ڕستەدا ناگۆنجرێن. هەتا زەمەنێک دوور و درێژ ئەمە پەشێوی و پرسەیەکی بۆ گەوتنزانەکان نەهێنابوو ئاراوە، لەبەر ئەوە کە ئەوان توانای ئەوەیان بوو کە بیرکاری وەک پژگاڵییەک مەژۆیی (وەک یارییە مەژۆییەکان،

شەترەنج) بزانن، نە وەک زانستێک کە ڕاستییەکان دەدۆزرێتەوە. ئەم باوەڕە وەک دابێکی سەرەکی لە فەرهەنگی یوونانی کەون بە دوای ڕووخانی قووتابخانەی فیساغۆریس، دەناسرێت و بە دوای ئەو دزەی کرد بۆ نێو فەرهەنگی ئەورووپی لە سەدە نێوەڕاستییەکان. لە نیوەکانی سەدەی هەفدەهەم ئەم دابە لە لایەن گالیلۆ، هەم بە ڕوونی و زمانی و هەم کردەوەیی، هێرشی کرایە سەر. وتەکانی گالیلۆ لە نامیلکەیەک لە ژێر ناوی "پێوسەنگ" بە ڕوونی بیروڕای لەبارەی پێویستی جێگیر کردنی زمانی ئاسایی بە زمانی بیرکاری وەک زمانی ڕاستییەکان نیشان دەدات: (فەلسەفە نووسراوێکە کە لە کتێبێکی گەورە، واتە جیهان، نووسراوە؛ زانستێک کە بەردەوام لەبەر چاوانماندایە، بەڵام ئەم کتێبە تێ گەییشتنی نییە، مەگەر زمانێک کە ئەم کتێبە پێی نووسراوە فێری ببین و ئەو پیتانە کە پێیان نووسراوە جیابکەینەوە . ئەم کتێبە بە زمانی بیرکاری نووسراوە و پیتەکانی بازنەکان، سێ گۆشەکان، دی ڕواڵەتە ئەندازەزانییەکان لە خۆ دەگرن. بێ ئەمانە گەییشتن بە یەک وشە لە نێوجەرگی ئەم کتێبە بۆ مرۆڤ نەکراوەیە؛ بێ ئەمانە مرۆڤ وەک ڕێگومکەرێک دەمێنێت کە لە نێوان ڕاڕەوانێک بە یەک تەنراو و تۆلەتۆ، لە تاریکی سەرگەردانە).

گالیلۆ دەیزانی کە بیردۆزەکەی لەبارەی گرنگی زانستی بیرکاری، ڕاستەوخۆ بیردۆزەی پێومانی وەک ئامێرێکی گرنگ لە گەییشتن بە ڕاستییەکان، دەخاتە بەر ڕخنە، ئەمە لە نێو نووسراوەکانی گالیلۆ بە ڕوونی دەبینرێت. گالیلۆ هەر وەها هەنگاوە سەرەتاییەکانی بە شێوازێک کردەوەیی بە کەڵک وەرگرتن لە ئامێر و بەڵگە بیرکارانییەکان بۆ بیردۆزینەوە لە بواری جووڵەناسی هەڵگرتن و بەم شێوازە بنچینەکانی فیزیای نوێ داڕێژران.

بە دواداچوونەوەی نوێکارییەکانی گالیلۆ لە لایەن نیۆتۆن، بیردۆزەیەکی تەواو و سەرسووڕهێنەری لە فیزیک بە زمانی بیرکاری بە دواوە بوو، کە لە بواری شیکردنەوە و پێشبینی جووڵەی تەنە زەویی و ئاسمانییەکان لەگەڵ

یەک، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا. بەڵام نە گالیلۆ و نە نیۆتۆن و نە دی بیروانەکان کە باوەڕیان بە گرنگی زمانی بیرکاری لە گەییشتن بە ڕاستییەکان هەبوو، هیچ کامیان نەیتوانی(یان نەیویست) هەنگاوێک بۆ تۆمار کردنی بیردۆزەیەک گەوتنی هەڵبگرێت کە زمانی نوێ ڕاستییەکان، پێویستی جێگیرکردنی بیردۆزەی پێومانی بە ئەوی گەلالە کردبوو. بوونی بنچینەی نەسپێردراو و بێ بەڵگە لە بنچینەکانی ئەم زمانە نوێیە و نەبوونی توانای نۆژەنکردنەوەی لە لایەن بیرکارەکانەوە بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ، بە ڕای نووسەر هۆی سەرەکی ئاوڕنەدانەوە بە پێویستی پێشخستن لە گەوتنە. بوونی وەها دۆخێک، بێویستی گەوتنزانانی ئەوروپا لە پێناو تۆمارکردنی بیردۆزەیەکی نوێ لە گەوتن، و بەردەوام بوون لە پەیڕەوی لە بیردۆزی پێومانی ڕێبەدێی دەکات. دەستکەتەکەی وایێرشتراس بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم کێسە بۆنیادیانەی بیرکاری، لە لایەک بووە خاڵێکی هەڵسووڕاندن لەو ڕێچکە. بەدوای ئەو ئیتر خۆلادان لە پەژێرانی زمانی بیرکاری وەک زمانی ڕاستەقینەی ڕاستییەکان نەدەکرا. لە لایەکترەوە، گەشە سەندنی ڕێچکە بیرکارانییەکان بۆ بیردۆزینەوە لە بواری کانیتری فیزیا، وک بواری غاز، گەرما، کارەبا، و ڕاکێشە(مەگنەتیس) و دەستکەوتەکانی ئەم ڕێچکە، بوو بە بەڵگەی زۆر و بەهێز بۆ سەلماندنی ئەوە کە زمانی بیرکاری لە پەیوەندییەکی نزیکە لەگەڵ زمانی ڕاستییەکان.

بەم شێوازە لە دەهە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دوو تەوەر بە شێوازێک کۆششکارانە خرانە ژێر لێکۆڵینەوە گەوتنییەکان.

تەوەری یەکەم تایبەت بوو بە بەڵگە بەهێز و دانپێنراوانێک کە گۆزارشتیان لە کەم و کۆرتییەکانی بیردۆزەی پێومانی لە نیشاندانی بۆنیادی گەوتنی بڕیار و بنەڕەتی ئەنجامگرییە دانپێنراوەکان، دەکرد. ئیتر بۆیان نەدەکرا کە بەڵگە بیرکارانییەکان لە چارچێوێک کە بیردۆزەی پێومانی بۆ بیرکردنەوە پێویستی دەزانی، بە بیانووی نەبوونی بایەخی زانستی لە بیرکاری، هەڕەشەیەکی

مەترسیدار بۆ ڕاستبوونی ئەم بیردۆزە نەزانن. ئەم هەڕەشە پێویستی تۆمارکردنی بیردۆزەیەکی نویێ لە گەوتن گەلاڵە دەکات، کە کۆی گشتی تەوژمە بیرییەکان بۆ گەییشتن بە ڕاستییەکان لە خۆبگرێت. تەوەری دووەم لە بارەی چۆنیەتی وێنەیی بیردۆز بۆنیادییەکانی بیرکارییە، کە پرسەی شێوازی هاوسانی و لێک گەییشتنی بیرکاری و گەوتنی گەلاڵە دەکرد. لەبارە هەر دوو تەوەر، لێکۆڵینەوەکانی فریگێ و ڕاسڵ بە شێوازێک جیاواز و سەربەخۆ دەستکەوتی یەکسانیان هەبوو. ڕای ئەم دوو بیروانە لەبارەی لێک چوونی بیرکاری و گەوتن بە کورتی لە یەک ڕستەدا ئەمەیە: بیرکاری وێنەی گەوتنە. ئەمە بەو مانایە دێت کە: (١) بنەمای تەوەر و بەڵگە هێنانی بیرکارانەکان هەر کام نیشاندەری ڕاستییەکە. (٢) ڕاستییەکانی بیرکاری هەر ئەو ڕاستییانەی گەوتنن. ڕای ئەم دوو کەسایەتییە لەبارەی پەیوەندی گەوتن و بیرکاری بە "گەوتنخوازی"[12] ناسراوە و ئێمە لێرەدا لەسەری ورد نابینەوە. لەبارەی کۆگرترین شێوازی بۆنیادی گەوتنی، بڕیارە هەواڵییەکان ئەوەندە بەس کە وترا هەم فریگێ و هەم ڕاسڵ بنچەکییان لە پەیوەندی گوێڕایەڵ و بگۆڕەکان دۆزییەوە. ئەم پەویوەندییە بنەمای بیردۆزەی تەواوکراوی شیکاری پێک دەهێنێت و بە ئاماژە پێی، لەگەڵ (١) ناساندنی ئامێرانێک کە بە "چۆنیەتیپێو"[13] ناسراون. (٢) ناساندنی گوێڕایەلانێک کە بە "گوێڕایەڵی ڕاستی" ناسراون. (٣) کۆمەڵێک ناوی تایبەت، دەکرێت بۆنیادێکی گەوتنی هەموو ڕستە واتادارەکان لە هەر زمانێک کە بۆ ڕاستخوازی شیاوە، دەست نیشان کرد.

*(ج) بیر، مەژۆیەتی و ئەگەری ناساندن*

لە سەردەمێک کە فریگێ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی گەوتنی بوو، تەوژمێک لە گەوتن، لە نێو فەلسەفەوانەکانی بوو کە گەوتن زانستێکە کە ڕوونکردنەوەی

logicism [12]
Quantifier [13]

یاساکانی بیرکردنەوە لە خۆ دەگرێت. لەم بیرۆکەدا بیرکردنەوە کردارێک زانراوە کە لە مەژۆ و لە لایەن نێوەڕۆکی مەژۆوە ئەنجام دەگرێت. و ئەنجامی ئەم کردارەیان "داوەری کردن" دەزانی، کە لە تێڕوانینی گەوتنی بە پێناوێک کە بیر بە ڕاستییەکان دەبەسرێتەوە، سنووردار کراوە. بەم شێوازە ئەو یاسانە کە گەوتن لە پێناو دۆزینەوە و ئاشکراکردنیان کۆششی دەکرد لە هێم و بنواشانێک سازکراوە کە لە گەییشتن بە ڕاستییەکان ئەرکێکی ڕێنماییکەرانەی هەیە. ئەگەر لە ویاری بیر لە داوەرییەک بۆ داوەرییەکتر ئەم هێم و بنواشانە بەرچاو بگیریێن، ئەگەری ڕوودانی هەڵەیەک جودا لە هەڵەی شیمانەیی پەژێرانی داوەری یەکەم، نییە. بۆیە "یاساکانی بیرکردنەوە" لە گەوتن دەتوانن مەژۆ لە هەڵەچوون بپارێزن. ئەم یاسانە بە تەنهایی توانای ڕێنمایی کردنی مەژۆیان بۆ هەڵبژاردنی داوەرییەک بۆ سەرەتای بیردکردنەوە نییە. ئاشکرایە کە هەتا پێوسەنگێکی شیاو بۆ وەها هەڵبژاردنێک بە یاساکانی بیرکردنەوە زیاد نەکرێت، پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و ڕاستییەکان بەرقەرار ناکرێت. لەوە کە مەرج گەییشتن بە ڕاستییەکان، پەیوەندی بیرکردنەوە و ڕاستییەکانە، گەڕان بە دوای وەها پێوسەنگێک پرسێکە کە لە زانستناسی چارەسەر دەکرێت. هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم لە بیردۆزەکان کە قووتابخانە جیاوازەکانی فەلسەفە لە زانستناسی تۆمار و دەرکران، تەنها لێکگەییشتنێک لە چۆنیەتی زانست دێتە بەرچاو. لەم لێکگەییششتنە، زانست کە کۆمەڵێک داوەری ڕاست پێکهاتووە و نێوەوەی هەر داوەرییەک بوونێکی تەواو مەژۆیی هەیە؛ واتە تەنە و لاشانێک لە خۆ دەگرێت کە تەنها لە وێنە، یان دیمەنێک وێنەیی کە تەنها لە مەژۆ سازدەکرێت. لە دواگرەکانی ئەم لێکگەییشتنە بۆ بیرکاری ئەمەیە لە بنچینەی تەوەر و هێمە کانی بیردۆزەکانی بیرکاری، ڕاستییانێک تەنها لەبارەی مەژۆیەتییەکان ئاشکرا دەکەن. فریگێ خێرا سەرنجی بۆ ئەمە کە ئەم بیرۆکە ناتوانێت لەگەڵ ڕاستییەکان هاونووس و یەکسان بێت، ڕاکێشرا و لە ئەنجامدا ئەم بیرۆکەیە داڕێژراو لە سەر بنەمایەکی هەڵە ناساند. توێژینەوەکانی فریگێ لەم بارەوە لە سەر بنەمای تایبەتمەندییانێک ئەنجام دران، کە ئەو لەبارەی

مەژۆیەتییەکان لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی دۆزیبوونەتەوە، و دەرئەنجامەکەی لە ساڵی ١٩١٨ بڵاوی کردبووە، ئەم تایبەتمەندییانە بە گشتی لە یەک ڕستەدا کۆ دەبنەوە: مەژۆیەتییەکان تایبەتن بە مەژۆیەکی تایبەت کە خۆیان لەوێ ڕوو دەدەن. ئەمە بە واتەی ئەوە دێت کە چلۆنایەتی مەژۆیەتییەکان (١) تەنها بۆ ئەو مەژۆ کە لەوێ دێنە ئاراوە، ڕوون دەبێتەوە.( ٢) لەو مەژۆوە بۆ مەژۆیەک تر ناگوێزرێنەوە. ئەمە لەبارەی هەست، ژان و دەردەکان ڕوونە. تەنها من هەستێکی تایبەتم هەیە لە بەرانبەر دیمەنێک کە لە کاتێک سەیرم کردووە، بە شێوازێک کە ئەم هەستە بۆ یەکێکتر ناگوێزرێتەوە. دەتوانم تێبکۆشم کە ئەو هەستە بە زمانێک دەربېڕم، یان لە ڕێی وێنە نیشانی بدەم؛ بەڵام هیچ کام لەو ڕستە یان وێنانە وەک هەستی من نین و ئەو شتە کە ئەوانیتر لەوانە تێدەگەن، وەک تێگەییشتنەکەی من نییە، و تەنها تێگەییشتنی خۆیانە. و هیچ ڕێگایەک نییە کە ئەو تێگەییشتنەی مەژۆی من و تێگەییشتنی ئەوانیتر هەڵبسەنگێنرێن. بە بیروڕای فریگێ ئەمە تەنها تایبەت بە بەشێک لە مەژۆیەتییەکان نییە و هەموویان لە خۆ دەگرێت.

ئەگەر ڕێگەیەک بدزرێتەوە کە توانای ئەوەم پێبدات کە ڕاستەوخۆ بە نێوەڕۆکی مەژۆیەتییەکانی بیری تاکێک دەست بگەیێنم، کە لە ڕێگای بتوانم تێگەییشتنەکانی خۆم لە نێوەڕۆکی مەژۆی ئەو، لەگەڵ ئەو شتە کە لە ڕاستیدا لە مەژۆیدایە هەڵبسەنگێنم.

"دەست گەییشتنی ڕاستەوخۆی من" بە نێوەڕۆکی مەژۆی ئەو تەنها بەم شێوازە دەبێت کە بێ کەڵک وەرگرتن لە هیچ ئامێر و نێوگرێک وەک لێکگەییشتوویک یان وێنەیەک لەو نێوەڕۆکە، بێت. بۆیە بوونی ئەمە پێویستی بە هاتنە ئاراوەی وێنەیەک لە نێو مەژۆی منە ، کە هاوسانی لەگەڵ ڕاستییەکانی نێو مەژۆی ئەویتر جێی پرسیاری هەیە.

هـۆی نـەگوێزانـەوەبـوونی ئـەم نێـوەڕۆکـە مـەژۆییـە، بـە ڕای فریگـێ، لـە ڕاستییەکانی مەژۆ سەرچاوە دەگرێت. مەژۆ لە ڕاستی‌دا شوێنێکە پاڕێوراو کە کلیلەکەی تەنها لە لایەن ئەو کەسایەتییە کە مـەژۆ هـی ئـەوە، و ڕێگـەیـەک بۆ دانی کلیلەکە بۆ تاکێکی‌تر نییە. هەر ڕێگەیەک بۆ ئەم کارە بێتە ئاراوە، خۆی وەک دژێکە لـەبـەرانبـەر ئـەم کـارە. و دەرئـەنجـامێکی باشـی بـۆ زانـست نییـە. ئـەگـەر (١) داوەری لـە بنچینـەکـانی زانـست بژمێـرین. (٢) بـۆ نێـوەڕۆکـی داوەرییەکان، بوونێکی مەژۆیی بەرچاو بگرین، ئەو کاتە دەبێت دان بـەمـە بنێن کە زانست (ناساندن) شتێکی نەکراوەیە.

لـە بـارەی (١) فریگـێ هـیچ خـۆلادانێکی نییـە، بـەڵام ئـەگـەر (٢) بـە ڕاسـت بژمێردرێـت، پێویـستە داوەری تایبـەت بـە مـەژۆیـەکـی تـاک بـزانین کـە لـەوی سـەرچـاوە دەگرێـت. بـەم بۆنـەوە داوەری تاکێـک لـەگـەڵ داوەری تاکێـکـتـر جیـاوازە، و داوەری کراسـێکی چڵۆنایـەتـی تـەواو کـەسـایەتـی لـە بـەر دەکـات. ئـەگـەر ئـەو شـتە کـە مـن بـە ڕاسـتی دەزانـم، لـەگـەڵ ئـەو شـتە کـە ئـەوانـی‌تـر بەڕاستی دەزانن، تەنانەت هەڵنەسەنگرێن، داوەرییـەک کـە هـەمـووان بـەشـداری بن ناکرێت و لە ئەنجام‌دا زانست، بە شێوازێک کە زانستمەندەکان بڕوایان پێـی هەیە، شتێکی نەکراوەیە.

*(د) واتا و ڕاستی:*

بـەڵام فریگـێ نـەتـەنها زانـستی گـشتی و چـاوپێکی کـراوە دەزانێـت، بـەڵکو بیرکاری پێشکەوتوو لە سەردەمی خۆی هاتنەدی کۆتاییەکی گۆنجاو دەزانی. لـەم بیرکارییـەدا هـەر بیـردۆزەیـەک بـە بـەڵگـەی گۆنجـاو دەپـەژێرییێت و هـەر سـەلماندنێک ڕاسـتبـوونی شـتێک بـە شـێوازێکی ڕوون کـە بـۆ هـەمـوو تاکێـک یـەکـسانە، نیـشان دەدات. بۆیـە لـە بیرکـاری دادوەری هـەیـە کـە هـیچ تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی مەژۆییەکانی نییە. فریگێ ئەم دەستکەوتە

پەرەدەدات: زانست تەنها لە بوارێک ڕوودەدات کە دادوەری وێنەیی کراو بێت. و دادوەری بە مەرجێک وێنەییە کە نێوەڕۆکی بۆ هەموو تاکێک یەکسان و لە بەر دەستدا بێت. بەڵام نێوەڕۆکی دادوەرییەک چلۆن بێت کە لە کاتێک کە مەژۆیی نییە، بۆ هەمووان یەکسان بێت؟ گەڵاڵە کردنی ئەم پرسیارە زیرەکی فریگێ لە هەڵبژاردنی ڕێ گەییشتن بە وەڵامی ڕاست نیشان دەدات. کە زمان ئەم پرسیارەیە بۆ فریگێ هێناوە ئاراوە. هۆی هەڵبژاردنی زمان بۆ گەییشتن بە وەڵام بەم شێوازەی خوار ڕوون دەبێتەوە: لە هەر بوارێک لە بوارەکانی بیرمەندی کە بە دوای ڕاستییەکان دەگەڕن، ئەنجامەکان بە ڕستەکان بەیان دەکرێن کە لە چارچێوی زمانێک نووسراون. ڕخنەگری و پێداچوونەوەی ئەم دەستکەوتانە تەنها لە ڕێ تێگەییشتنی ڕستەکان و هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکان دەکرێت، کە بۆ سەلماندنی هەر باوەڕێک نراون. هەر کام لەم هەنگاوانە، بە نۆرەی خۆی، بە ڕستەکان بەیان دەکرێت و ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان لە چارچێوی ڕستەکان بەیان دەکرێت و دیسان هەر بە ڕستەکان لە لایەن کۆمەڵگا داوەرییان لەسەر دەکرێت، کاتێک ئەم ڕووداوانە دەگەیێتە شوێنێک کە ڕخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی پتر لە خۆ نەگرێت، ئەوا زانست و باوەڕێک بە دەست هاتووە. بۆیە لە گەڕان بە دوای ڕاستییەکان و گەییشتن بە باوەڕێک، زمان ئەرکێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە.

بەڵام ئەو شتە کە لە ڕستەکانی زمانێک، لە بارەی ڕاستییەکان دەکەوێتە بەر ڕخنە و هەڵسەنگاندن واتایە. زمان لە ڕاستیدا "کەژاوە"یەکە کە "واتا" دەگوازرێتەوە. لە لایەکەوە زمانی ڕاستییەکان بە شێوازێک یەکسان تێگەییشتنییە: بەم واتا کە هەموو ئەو کەسانە کە لە کەڵک وەرگرتن لە زمانێک کە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی شیاوە، توانایەکی باشیان هەبێت، دەتوانن بە شێوازێک یەکسان لە ڕستە ساکار و ڕوونەکانی زمان تێبگەن، بۆ نموونە هەر تاکێک کە زمانی ئەندازەیی ئۆقلیدۆسی بە باشی بزانێت، لە بیردۆزەکان بەو ڕادە تێدەگات کە ئۆقلیدۆس یا دی ئەندازەوانەکان تێگەییشتوون. بەڵام دوو

مەرج بۆ ئەوەی کە زمانێک بۆ هەمووان یەکسان بێت پێویستن: یەکێک ئەوە کە واتا دەبێت ئاشکرا و نەگۆڕ بێت، ئەگەر واتا بگۆڕ و ناڕوون بێت تێگەییشتنی یەکسان لە زمان شتێکی نەکراوەیە. یەکێکتر ئەوەیە کە واتایەکی یەکسان لە مەژۆیەک بۆ مەژۆیەکتر بگوازرێتەوە، ئەگەر مەژۆ هەر ئەو واتا کە مەژۆیەکتر تێگەییشتووە نەگرێتەوە، نە تەنها ناردنی پەیغام و بۆچوون بە زمان شتێکە نەکراوە دەبوو، دیسان فێربوونی زانست و باوەڕەکان شتێکی نەکراوە دەبوو. ڕوونی و گوێزانراوەبوونی واتا سەربەخۆیی و ئازادبوونی واتا لە مەژۆ و بیر نیشان دەدات. مەژۆ واتاکان دەدۆزرێتەوە و لێی تێدەگات، بەڵام ناتوانێت واتا بخوڵقێنێت. بۆیە جیاوازییەکی بەرچاو نێوان واتا و وێنە مەژۆییەکان دێتە بەرچاو. وێنەمەژۆییەکان و بیرەکان سازکراوی مەژۆ و زیندانی کراوی مەژۆن، و هیچ کەژاوەیەک نییە کە بتوانێت بۆ مەژۆیەکتر بگوازرێیانەوە. واتا لە زیندانی مەژۆ ئازادە و چ مەژۆیەک بوونی هەبێت و چ نەبێت، واتا بوونی هەیە و لە بەرانبەر دیدەی هەمووان بڵاوە.

لێرەدا قووڵترین پرسیار دێتە ئاراوە کە کۆششەکانی فرێگێ لە پێناو گەییشتن بە وەڵامی ئەژمار دەکرێن: پرسیارێک کە سەبارەت بە ڕاستیی زمان دێتە ئاراوە. ئەو شتانە کە باسیان لەسەر کرا، لە سێ خاڵ کۆرت دەبنەوە: (١) نزیکییەک نێوان مەژۆییەکان و ڕاستییەکان بوونی نییە؛ (٢) لە گەییشتن بە ڕاستی و زانستەکان، زمان ئەرکێکێ گرنگی هەیە؛ و (٣) زمانی ڕاستییەکان هەڵگری واتایەکی ڕوون و نەگۆڕە کە بوونی پەیوەندی بە مەژۆ و مەژۆییەکان نییە. ئەم سێ خاڵە نیشان دەدەن کە نێوان واتا و ڕاستی پەیوەندییەکی نزیک و گرنگ بوونی هەیە، واتاکان هەڵگری ڕاستییەکانن و تەنها لە ڕێ گەییشتن بە واتاکان، ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن. و چۆنیەتی ڕاستییەکان لە ڕێگای پەی بردن بە چۆنیەتی واتاکان، ڕوون دەبێتەوە. بۆیە دەپرسین: چۆنیەتی واتاکان چۆن دەناسرێت؟ وەڵامی فرێگێ بۆ ئەم پرسیارە لە یەک ڕستە کۆرت کراوەتەوە: لە ڕێگای ناساندنی چۆنیەتی زمان. بۆ ئەوە زمانێک هەڵگری

واتایەک بێت کە ڕاستییەکان نیشان بدات، پێویستە نێوان زمان و واتاکانی دیوێکی یەکسان و هاوبەش بوونی بێت. فریگێ ئەم دیوە لە سازمانی گەوتنی دەبینێت و لەم بوارەدا ڕای فریگێ هاوسانییەکی ڕوونی هەیە لەگەڵ ڕای مامۆستای یەکەمی گەوتن، ئەرەستوو.

گەڕان بە دوای سازمانی گەوتنی لە لایەن ئەرەستوو بە هۆی ئەمە بوو کە بتوانێت لە ڕێ دۆزینەوەوی، بە ڕاستییەکان بگەیێت. ڕێگایەک کە ئەرەستوو بۆ ئەم گەڕانە بەکاری دەبرت، لە سەر بنەمای شیکردنەوەی سازمانی زمان بوو، کە بە ڕای ئەو تەنها شتی پێویستە بۆ گەییشتن بە ڕاستییەکان. بۆیە ڕووکردن لە زمان و لێکۆڵینەوە لە چلۆنایەتی زمان، بۆ گەییشتن بە بنەڕەتی ڕاستییەکان نە تەنها لە فەلسەفە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو دژ بە باوەڕێک کە لە سەرەتا باسمان لێی کرد، نەبووە هۆی لادان و لێکترازانێک لە فەلسەفە.

*هـ) دەزگای زمانی ڕاستییەکان:*

بەڵام هەروەها کە وترا ئەو شتانە کە فریگێ و ئەرەستوو وەک زمانی ڕاستی هەڵیانبژاردبوون، جیاوازییان هەبوو. و بیروڕای هەر دوو لە بارەی دەزگای گەوتنی یەکسان نەبوو. ئەرەستوو سازمانی زمان تەنها لە ڕستەکانی زمانەکان دەزانی و لەوێ گەییشت بە چارچێوی تەوەر-کەژاو بۆ بڕیارەکان. ئەو شتە کە لە دوایین قۆناغ وەک تەوەر یان کەژاوە دەناسرێت بە نیوڕستە یان دەستەواژە نیشان دەدرێت کە ئەو نیوڕستە خۆی لە سازمانێکی گەوتنی نییە. لە بیردۆزەی ئەرەستوو، تەنها ڕستەکان سازمانێکی گەوتنییان هەیە. و ئەمە پەیوەندی نێوان تەوەر و کەژاوە (گەوهەری یەکەم و چۆنایەتی) نیشان دەدات. فریگێ لە لایەکترەوە، لێکۆڵینەوەی خۆی لەبارەی سازمانی زمان، لە زمانی بیرکارییەوە دەست پێکرد، و ئەو درۆشمانە کە واتا دەگرن بە سێ دەستە دابەش دەکات: (١) درۆشمێک کە واتای تەواوی هەیە، وەک: 4،8،6،...

(۲) ڕستانێک کە شتێک نیشان دەدەن کە یا ڕاستە یا ناڕاست: 3+2=5، 4<9.
(۳) ئەو ڕستانە کە بگۆڕێکیان هەیە، ئەم بگۆڕانە خۆیان دەستنیشان نەکراون و دەتوانین ژمارەیەک لە جێیان دابنێن، ئەم ڕستانە خۆیان تەواو نین و تەنها بە جێگۆڕەکی واتای تایبەت پەیدا دەکەن، بۆیە فرێگێ بە " دەستەواژەی برسی"[14] ناویان دەبات. و بە جێگۆڕەکی بگۆڕەکە بە هەر ژمارەیەک، ئەو دەستەواژە "سێر" دەکرێت و ئەنجامەکە دەبێتە ڕستەیەک تەواو. (وەک x<34). ئەم دەستەواژانە لە بیرکاری بە "گوێڕایەڵ" دەناسرێن.

"گوێڕایەڵەکان" بۆ یەکەم جار ڕاستترین واتای خۆیان لە بیردۆزەی کۆمەڵەکانی کانتۆر دۆزییەوە. لەم بیردۆزەدا "گوێڕایەڵەکان" وەک بووندارێک کە هەر یەک هاو یەکییەک نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵێک لەگەڵ کۆمەڵێکتر نیشان دەدەن. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم لێکدانەوە، فرێگێ خۆی ناچار دەکات بەمە کە "ڕاست بوون" و "هەڵەبوون" وەک قەرە بەرچاو بگرێت کە لەگەڵ یەک کۆمەڵێک دوو ئەندامی ساز دەکەن. ئەم قەرانە لە "جەبری بوولی" بە 1 و 0 ؛ و لە گەوتن بە تیپەکانی T و F نیشان دەدرێن و ڕستانێک وەک 2*3=6 و x>y هاویەکییەک لەگەڵ F و T ساز دەدەن. ئەو شتە کە لێرە گرنگە ئەمەیە کە ئەم ڕوانینە، ڕاست یان هەڵە، بوون وەک ژمارەکان لە بیرکاری بە شێوازی "تەوایی" نیشان دەدات. بەڵام ئەم تەوانە لەگەڵ ژمارەکانی بیرکاری جیاوازن و دیاردەیەکی بیرکارانەیی نین و پەیوەندییان بە ڕاستییەکانی دۆخێک هەیە. "ڕاست" ئەو شتەیە کە ڕاستییەک نیشان دەدات و "هەڵە" ئەو شتەیە کە لە دژی ڕاستییە و بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم جیاوازییە، فرێگێ ئەم قەرانە "قەرەڕاستوێژەکان"[15] ناو دەنێت.

---

[14] Unsaturated
[15] truthvalue

بە کەڵک وەرگرتن لەو شتانە کە ئاماژەیان پێ کرا، فریگێ ناوەڕۆک و پەیوەندییەکان وەک جۆرە گوێڕایەڵێک دەزانێت: (لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی گوێڕایەڵانێکین کە قەرەیان هەتاهەتایە قەرەیەکی ڕاستەقینەیە و تەنها یەک بگۆڕ لە خۆ دەگرن).

بەم ڕوانینە ڕێگە بۆ پەرەپێدانی بەکاربردنی ئەو دستکەوتانە کە بە شیکردنەوەی زمانی بیرکاری بەدی هاتوون، لە دی زمانەکان کە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکان شیاون (بەتایبەت زمانە سروشتییەکان) و دەکرێتەوە. لە ڕوانگەی فریگێ ناوەڕۆکەکان دیاردەیەکن کە لە هەر زمانێک بە ڕستە و نیوڕستانێک ئاشکرا دەبن و وەک گوێڕایەڵێک تاک بگۆڕین و گۆزارشت لە هاویەکییەک نێوان ئەندامانی کۆمەڵە و کۆمەڵەی ژمارە ڕاستەقینییەکان دەکەن. فریگێ ئەم نیوڕستانە بە "بارهەڵگر"[16] ناو دەبات، بۆ نموونە ڕستانێک وەک: x مرۆڤە، y سەوزە، z بزوێنەرە؛ هەر کامیان زانیارییەک کۆرت لە سەر واتاکانی مرۆڤ، سەوز، بزوێنەر لە زمانی کوردی هەڵگرتووە. هەر بەم شێوازە و بە پێ ڕاسپاردەکانی فریگێ، ئەو دەستەواژانە کە نیشاندەری پەیوەنییەکانن دەست نیشان دەکرێن. لەم ڕوانینەدا ڕوون دەبێتەوە کە لە مەژی فریگێ، واتاکان دیاردەیەکن کە بنەمای تایبەتییان هەیە.

"بار هەڵگرەکان" وەک دەستەواژەیەکن کە لەگەڵ ئەوە کە دەزگای تایبەتییان هەیە، بە هۆی نزیکی بە واتاکانەوە، توانای تیشکدانەوەی واتاکانیان لە زمان هەیە. بۆ بوونی واتاکان لە ڕوانگەی فریگێ دوو کۆمەڵ پێویست: کۆمەڵەی ژمارە ڕاستەقینییەکان و کۆمەڵێک کە پووچ نەبێت. بە بوونی ئەم دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەیەک لە هاویەکییەکانی نێوان ئەندامەکانیان سازدەکرێت. کە بە دۆزینەوەی ئەم هاویەکییانە. واتا دۆزراوەکان لە ڕێگەی دانانی

---

[16] predicate

دەستەواژەیەک کە بۆ نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی ئەوان شیاون لە زمان ئاشکرا دەبن.

هەر ئەندامێکی کۆمەڵ دەکرێت ناوێکی هەبێت. ناونانی هەر شتێک لە ڕێگای ڕوودانی هاویەکییەک نێوان دەنگەکانی زمان و ئەو شتە دەستنیشان کراوە ئەنجام دەگرێت. ئەو درۆشم و دەنگانەی زمان کە لەم هاویەکییە بەشداری دەکەن، لە چاوی فریگێ وەک ناوی تایبەت لەو زمانە دەناسرێن. پێش لە فریگێ بیردۆزەی جۆن س. میل[17] لەبارەی ناوی تایبەت هەیە کە لەوێ ناوە تایبەتەکان وەک نیشانەیەک بێ هیچ تایبەتمەندیەک دەناسرێن و واتاکەیان لەو شتە کە ئاماژەی پێ دەکەن کۆکراوەتەوە. بەڵگەی فریگێ لەسەر ناتەواوی پەیوەندی نێوان ناونان و واتاکەیان ئەمەیە کە ئەگەر ئەم پەیوەندییە تەواو بوایا ئەوە ئەم دوو ڕستە یەکسانن: "ئەستێرەی دەمەو بەیانیو هەر ئەو ئەستێرەی دەمەوبەیانییە." و " ئەستێرەی دەمەوبەیانی هەر ئەو ئەستێرەی شەوێیە." (لەبەر ئەوە کە ئەستێرەی شەو و ئەستێرەی دەمەو بەیانی لە یەک شت گۆزارشت دەکە). بەڵام ئەو دوو ڕستە جیاوازن و جیاوازییان ڕوونە. ڕستەی یەکەم ڕستەیەکی "شی کردنەوەییە" کە هێچ زانیارییەکی نوێ لەگەڵ نییە، لە کاتێک کە ڕستەی دووەم نووسراوێکە کە زانیارییەک لە خۆ دەگرێت و ڕاستییەک نیشان دەدات کە یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەستێرە ناسییە. فریگێ جیاوازی نێوان ئەم ڕستانە نیشاندەری تایبەتمەندییەکانی ناوی تایبەتە. ئەو دوو وشە کە گوزارشت لە یەک شتن، لە ڕستەکاندا جیاوازییان هێناوە ئاراوە و ئەمە نیشاندەری جیاوازیی نێوانیانە.

بۆ باشتر ڕوون کردنەوەی ئەمە کە بنەمای گەوتنی ناوی تایبەت دەتوانێت چلۆن بێت. هەر ناوێکی تایبەت لە یەک زمان لە چاوی گەوتنی نیشاندەری تایبەتمەندیەکی ئەو شتەیە کە ئاماژەی پێ دەکات. بۆ نمونە ناوی "ئەرەستوو"

---

[17] John Sturat Mill

بەرچاو بگرن. وابزانین کە "شاگردی ئەفلاتوون و مامۆستای ئەسکەندەر" دیوێک لە یەکی ئەرەستوو نیشان دەدات. ئیستا ئەگەر ڕستەیەک کە وشەی "ئەرەستوو"ی تێدایە بۆ نیشاندانی ئەو زاتە بەرچاو بگرین و تەنها "ئەرەستوو" لە جێ ئەو دەستەواژە دابنێن، ڕستانێک بە دەست دێن کە لەگەڵ ئەو ڕستانە کە لە دەستەواژەکە سازکراون جیاوازییەکیان نییە. ئەگەر ڕستەی یەکەم نیشاندەری ڕاستییەک بێت ئەوە ڕستەی دووەمیش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. ئاکاری ئاماژە پێ کراو دارای بنەمایە: بنەمای بە دەستەواژەی "شاگردی x و مامۆستای y" نیشان دەدرێت. هاوسانی ئەم ئاکارە لە بواری گەوتنی لەگەڵ "ئەرەستوو"، وەهادەسەلمێنێت کە ئەم ناوەیش هەر ئەو بنەمای بێت.

ئیستا ئەگەر بە دەستەواژەیەک کە نیشاندەری قەوارەی گەوتنی ناوی "ئەرەستوو" بێت، بنوارین؛ ئەو دەستەواژەیە وەک نیشاندەری گوێڕایەڵێک دەزانین. ئەگەر کەمێک سەرنج بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گوێڕایەڵی دەستنیشان کراو لەو گوێڕایەڵانە کە "واتا" یان "پەیوەندی" نیشاندەدەن نیە. "واتاکان" گوێڕایەڵانێکن کە نێوان کۆمەڵێک لە تەواکان و کۆمەڵەی قەرە ڕاستەقینییەکان سازدەبن. لێرەدا گوێڕایەڵی ئاماژە پێ کراو نێوان کۆمەڵێک لە تەواکان و کۆمەڵێکتر لە تەواکان سازدەکرێت. ئەگەر لە شوێنی x و y "قەرەکانی" ئەفلاتوون و ئەسکەندەر دابنێن، قەرەی گوێڕایەڵەکە دەبێتە "ئەرەستوو". ئەگەر لە شوێن ئەو بگۆڕانە بێرنتانۆ و هایدێگر بنێن، گوێڕایەڵەکە "هۆسرل"مان پێ دەدات. و ئەگەر "میرداماد" و ""مەلا فەیزی کاشانی" وەک قەرەی بگۆڕەکان دابنێنو گوێڕایەڵەکە ئەنجامی دەبێتە "مەلا سەدرەدینی شیرازی". ئەو هاویەکییە کە لێرەدا سازکراوە نێوا دوو ئەندام لە کۆمەڵێک (کە هەموو ئەو کەسانە کە شاگرد و مامۆستای تاکێکن) لەگەڵ ئەندامێک لە کۆمەڵێکترە.

بە بەرچاو گرتنی وەها قەوارەیەک بۆ ناوی تایبەت، فرێگێ بە بیرۆکەیەک نوێ دەگات کە ئەوەندە بایەخی پێ نەدراوە. مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا و لە

نێو ئاوەزی‌دا ئاماژە بە تەواکان دەکەن، و ناویان دەبەن. ڕۆانینە مەژۆیەتی خوازەکان ئەم توانایيە یان لە ڕێگەی بەخشینی چلۆنایەتییەکی گەڕاندنەوەیی بە مەژۆییەکان یان ئەم چلۆنایەتییە بە یەکەی هەندێ لە کرداره ئاوەزییەکان و هەندێک لە شێوازەکانی ئاگاداربوون دەگەڕنەوە. پشت گوێ خستنی ئەم بیردۆزانە و پاڵپشتی لە بیردۆزە ڕاستی خوازەکان کە مەژۆ و مەژۆییەکان دەخەنە پشت گوێ، ئەم پرسایرە دێتە ئاراوە کە هۆی بوونی ئەم توانایە لە ئاوەز و بیری مرۆڤ چییە؟ بیردۆزەی فرێگێ لەبارەی ناوی تایبەت ئەم مەبەستە لە ڕێگای بەرچاو گرتنی قەوارەیەکی گەوتنی بۆیان، ڕوون دەکاتەوە. بەداخەوە فرێگێ لە هێچ یەک لە ئیشەکانی بە ڕوونی ئاوەڕی لەم پرسیارە نەداوەتەوە و هێچ کاتێک ئەو شتە کە ئێمە لێرەدا وەک قەوارەی گەوتنی ناوەکان، ناوی دەبەین باسی لێ نەکردووە. و تەنها چەند نموونەیەکی بە پرژوبڵاوی هێناون. بۆیە بە باوەڕی ئێمە ئەم واتا لە ئیشەکانی ئەو هەیە و بە ڕوونکردنەوەیان نە تەنها وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە. بەڵکوو بە کارزانی فرێگێ لە فەلسەفە و نوێکارییەکانی باوەڕ پەیدا دەکەین.

گوێڕایەڵی کردنی بنەمای گەوتنی ناوی تایبەت دوو دەستکەوتی هەیە: یەکەم ئەمە کە لە ڕێگای بگۆڕەکان ئەگەر قەرەی شیاو بێنین، تەنها یەک ئەنجامی هەیە؛ ئەوی تر ئەوەیە کە بە دانی ئەو قەرانە بە گوێڕایەڵەکە، ناوی تایبەت دۆخێکی ئاگادارمردنەوە پەیدا دەکات. شاگردی ئەفلاتوون و مامۆستای ئەسکەندەر بوون زانیارییەکمان لە بارەی "ئەرەستوو" دەداتێ. کە بە زانینی تەنها ئەرەستوو لە نێو کۆمەڵێک تاک دەناسرێت. کرداری ناساندن لە لایەنی گوێڕایەڵێک کە قەوارەی گەوتنی ناوی تایبەت نیشان دەدات، لە ڕێگای هاویەکییەک کە نێوان کۆمەڵانێک کە بوونیان هەیە و ووچ نین ئەنجام دەگرێت. بوونی ئەم کۆمەڵانە نیشاندەری ئەم هاویەکییانەیە بە شێوازێک تایبەت و نەگۆڕ، لەبەر ئەوە کە هەر کۆمەڵە خۆی دیاردەیەکی نەگۆڕ و ڕوونی هەیە. بەم شێوازە(١) قەواری گەوتنی ناوی تایبەت وەک گوێڕایەڵێکە کە بە بوونی

ئەو قەوارە، ناوی تایبەت چلۆنایەتییەکی گەڕاندنەوەیی و ئاماژەیی پەیدا دەکات؛ و (٢) بە (تێرکردنی) ئەم قەوارە، ناوەڕۆکێک نەگۆڕ و پابەجێ سازدەکرێت کە دەتوانێت زانیارییەک تایبەت لە شتێک(تەوایەک) نیشان بدات. (لە کاتێکدا کە ئەو شتە دەتوانێت لە بەردەستدا نەبێت. بۆ نموونە لەبارەی ئەرەستوو یا هەر تاکێکتر کە ڕۆژگارێک بوونی بووە و ئێستا نەماوە. تەنها بە تێگەییشتن لە ناوی و بێ ئەوەی گەییشتنی ئەو تاکە پێویست بێت، دەکرێت بزانین مەبەست کێیە.) هەر بۆیە پێویست نییە کە لە ڕێگای مەژۆ و مەژۆییەکان چلۆنایەتی گەڕاندنەوەبوونی بیر و وتراوەکان شی بکرێتەوە؛ زمان و چلۆنایەتی پێکهاتەکانی ئەم کارە ئەنجام دەدەن. ڕوونە کە لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم ڕوانینە یەکێک ئەمەیە کە بیرکردنەوە نە بە ئاوەز و مەژۆییەکان بەڵکوو بە زمان و واتا دەکرێت. بەم شێوازە زمان شوێنی ئاوەز لە بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای ڕاستییەکان دەگرێت و ئەگەر واتای "یاساکانی بیرکردنەوە" لە بیردۆزەی نەریتی گەوتن بەردەوام بپارێزرێت، ڕاستییەکەی لە ڕاستی زمان ئاشکرا دەبێت.

# زمان، مێژوو و خەباتی چینایەتی

**دەیوید مک نالی**

(مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانکۆی یۆرک لە تۆرینتۆی کانادا)
وەرگێر: ناسر حەقپەرەست

**زمان واقعییەتی جیانەبووەی بیرکردنەوەیە،**

**فەیلسوفان، دروست هەر وەک چۆن بوونێکی**

**سەربەخۆیان بە بیرکردنەوە بەخشیوە، ناچارن**

**زمانیش لە کەوشەنێکی سەربەخۆدا جێ بکەنەوە.**

مارکس و ئێنگڵس (ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی)

ئەمرۆکە شاهیدی ئایدەئالیسمێکی نوێین کە بەشێکی بەرین لە روناکبیرانی گەلی گیرۆدە کردووە. ئەو ئایدەئالیسمە نوێیە نەک هەر زمانی لە کەوشەنێکی سەربەخۆدا جێ کردۆتەوە، بەڵکوو کردوویەتە هێزێکی وەها هەمەگیر لە هەر شوێن حازر و ئامادە کە هۆکاری بوونی مرۆڤی تەقریبەن تێیدا بەگشتی سڕدراوەتەوە. واتان بۆ دەردەکەوێ کە هەر شتێک ئاخافتن و ئاخافتن هەموو شتێکە. چوونکە بوونەوەرە مرۆییەکان خوڵقێندراوەکانی زمانن، لەو جێیەوە کردەوەکانمان لە جیهانێکدایە کە دەیناسین و بە بەکارهێنانی زمان تەوسیفی دەکەین، ئیدعای ئەوە دەکرێ کە شتێک لە سەروو زمانەوە بوونی نییە. زمان

یا "ئاخافتن"، یا "دەق" (زمانی تایبەت دەگۆردرێ بەڵام پەیام نا) ئەوەیکە دەیزانین، ئەوەیە کە دەتوانین بیری لێ بکەینەوە و بە کردەوەی دەربێنین، دەناسێنێ و بەرتەسکی دەکاتەوە. لێرەدا بۆچوونێکی سیاسیش هەیە. دەڵێن: زوڵم لە کۆتاییدا ریشەی لە شێوازێک دایە کە لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە و ئەوانی تر بە لایەنی زماننناسیەوە پێناسە دەکرێن. بوونی ئێمە، پێناسەی ئێمە و "زەینیەتەکانمان" لە ریگەی ئاخافتنەوە دروست دەبێ. هەر وەک خاوەن بۆچوونێکی ئەدەبی ناسراو لە بابەت رۆمانی ***کاری باش***-ی دەیوید لاج جەخت دەکاتەوە، مەسەلەکە بەس ئەوە نییە کە دەڵێی چی، بە هیچ شێوەیەک. بە پێی ئیدەئالیسمی نوێ((تۆ بریتیت لەو شتەی کە پێت دەوترێ)). کەواتە، زمان ((بەندیخانەی)) کۆتاییە. (ئاماژەیەکە بە کتێبی بەندیخانەی زمان لە نوسینی فریدریک جیمس). جەخزێک کە بەسەرماندا حاکمە و جیایە لە پایەداریمان، محاڵە لە شتێک راکەین کە ئێمە هەر وەک هەین دروست دەکات.

ئەم ئیدەئالیسمە نوێیە هاوتەریبە لەگەڵ دارمانی قوڵی روانگە سیاسیەکان. هاو شێوەی رادیکالیسمی سەردەمی پاشە کشێی ڤەپ، رادیکالیسمی گوتاریی کەلامی بێ کردەوەیە، یا باشتر وایە بڵێین، کەلام لەجیاتی کردەوەیە. ئیدەئالیسمی نوێ، لە کاردانەوە بە پێکهاتەکان و شێوازەکانی واقعی ستەم و چەوساندنەوە، ژێستی لەفزیانە و وەرسوڕانی تەنزاوی واتا پێشکەش دەکات. کەوایە زۆر سەیر نییە ذاک دریدا، یەکێک لە فەیلەسوفانی سەرەکی ئیدەئالیسمی نوێ پێمان دەڵێ کە ناوبراو((لە بەکارهێنانی وشی گەلێکی لە چەشنی (رەهایی) گومانی هەیە))

لەناو بەندی زماندا دەکرێ کایە بە وشەکان بکرێت، بەڵام هەرگیز ناکرێ هیوادار بیت کە خۆت لە پیکهاتە نەگۆڕەکانی ستەم کە ریشەی لە خوددی زماندایە دەرباز بکەیت. ئاوا روانگە گەلێک بە مەبەستی ستاندنەوەی بەرپرسیارێتی سیاسیە، بە تایبەتی لە سەردەمی بێ سوباتی لە ئابووری سەرمایەداری جیهانی، بەرینتر بوونەوەی کە لە بەرەکانی نێوان هەژاران و

خاوەن سەرمایەکان و هێرشی چینی دەسەڵاتدار بۆسەر پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ئیدەئالیسمی نوێ و سیاسەتە پاشکپکانی تەنیا خۆ تێ هەڵقوتاندن- گەلێکی بێ خەسار بە ئەژمار نایەت نایەت: ئەوانە، سەرەڕای ئەوە، نیشانەی لەمپەرێکە لەسەررێگەی خۆسازدانەوەی بزوتنەوە نارەزایەتی و خۆراگریە جەماوەریەکان. وێڕای ئەمانە، مەبەستی ئەم بابەتە رەخنەیەکی تر لە ئایدەئالیسمی زمانی نییە-جارێ بە ناوی پۆست پێکهاتە گەرایی و پۆست مۆدێرنە پێشکەشکرێ و جارێ بە ناوی پۆست مارکسیسم- لە بەرانبەردا دەمهەوێ بە نیشاندانی ئەوەیکە مارکسیسم دەتوانێ زیاتر هێرش بردنە سەر ناوەرۆکی ئیدەئالیسمی ئەم رەوتە روناکبیرانەیە لێهاتویی هەبێت، بچینە ناو بەشێکی تر لە باسەکە. دەمهەوێ نیشانی بدەم کە مارکسیسم خاوەنی سەرچاوە گەلێکە کە تێیدا لەبەرچاو گرتنی زمان و پێگەی ئەو لە کۆمەڵە کردەوەکانی مرۆڤدا پڕتر و قوڵترە لە روانگە ئیدەئالیستیەکان، هەروەها ئەم روانگە مارکسیستیة لە توانایدا هەیە زمان لە نێوان هۆکارەکانیتردا لە زمان وەک پێگەیەک لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی تێ بگا و دەرکی بکات کە لێبڕاوانە لە رێگوزەری پێوەندی کار و نەبەرد، یانی خەباتی چینایەتیدا شکڵ دەگرێت.

## کاری کۆمەلایەتی و ((زمان ژیانی راستەقینە))

مارکس و ئێنگێڵس بۆچونێکیان سەبارەت بە زمان دەرنەبڕی. سەرەڕای ئەوە، لەم سەردەمەدا کە سەرلێ شێواوییەکی بەرین لە بابەت هێندێک لە باوەڕە سەرەکییەکانی ماتریالیسمی مێژوویی هاتۆتە گۆڕێ، ئەو بڕە کارەش کە لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە ئەنجامیان داوە، شیاوی زەق کردنەوەیە.

لە سەرەتادا دەبێ وەبیری بێنینەوە کە هەڵسەنگاندنی ماتریالیستی لە مێژوو کە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی وەک ئایدۆلۆژی ئاڵمانیدا باس کرا، حاشا لەرۆڵی هۆشیاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناکات. بە پێچەوانەوە، هەڵسەنگاندنی ماتریالیستی لە مێژوو، نەیاری جیاکردنەوەی هۆشیاری، بیرکردنەوە و کەوشەنی ئیدەکانە لەکار، بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و چالاکی بە کردەوەی مرۆڤ. مارکس و ئێنگێڵس لەم رووەوە ئیدەئالیسمیان رەد نەکردۆتەوە کە بیرکردنەوە و زمانی بە جیددی گرتووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە وتەیەک کە لە دەستپێکی ئەم بابەتەدا لەوان هێنراوەتەوە، نیشاندەری ئەوەیە کە دژایەتی ئەوان لەگەڵ ئیدەئالیسم لەو روویەوەبوو کە ((بوونێکی سەربەخۆی)) بە بیرکردنەوە و زمان داوە. ئەوان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بوونەوەرە مرۆیەکان، ئیدەکان وەک بەشێک لە بەرهەمی گشتی هەل و مەرجی ژیانیان بەرهەم دێنن. بەم پێیە بەرهەمهێنانی ئیدە و ماناکان ((راستەوخۆ لە گەڵ چالاکی مادی و گۆرینەوەی مادی (کە لە نێو خەڵکدا ئەنجام دەدرێت) گرێی خواردووە)). لەراستیدا، ئەوان دەڵێن: ((ئەم (بەرهەم هێنانی ئیدە و مانایە) زمانی ژیانی راستەقینە))یە.

تایبەتمەندی دیاریکەری ژیانی مرۆڤ، ژیانی بە کۆمەڵە. شێوازێک کە لەودا چالاکیەکانی بەرهەمهێنانی بەیەکەوە پێوەندیداری تاکەکان، بۆ دیسانەوە بەرهەم هێنانی خۆمان رێکدەخەین. هەروەک چۆن کاری مرۆیی لە خۆگری هۆشیارییە، بەهەمان شێوەش پێویستی بە پێوەندی نێوان تاکەکان، واتە توانایی بەشداریو گۆرینەوەی ئیدەکان بە مەبەستی هاوئاهەنگی کاری کۆمەڵایەتی هەیە. وە زمان واسیتەی وەها پێوەندیەک، واتە مادەی خالسی هۆشیاری مرۆڤە. زمان شکڵی هۆشیاری تایبەتی مرۆڤە، هۆشیاری بوونەوەرە کۆمەڵایەتیەکان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. ئاکامەکە دەبێتە ئەوەیکە ((زمان و هۆشیاری هاومێژوون، زمان هۆشیاریەکی بەکردەوە و واقعییەکە بۆ مرۆڤەکانیتریش بوونی هەیە)). ئەگەرچی ئەم چەشنە ناساندنە تەنیا

گەلاڵەیەکە، بەڵام بۆ هەر روانگەیەک کەلە هەوڵدایە زمان بەشێوەیەکی جیددی و بەبێ جیاکردنەوە لە گشتیەتی چالاکیەکانی بەکردەوەی مرۆڤ لەبەرچاو گرێ، بە تەواوی پێویستە. بەم پێیە، مارکس و ئێنگڵس شتێکی زیاتریان لە چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە زمان پێک نەهێناوە. بەختەوەرانە نووسەرانی دواتری پەیرەو لە سوننەتی مارکسیستی، ئەم روانگەیەیان بە چەشنێکی بەرین گەشە پێداوە کە هەنووکە ئێمە بۆچوونێکی گەلێک بە ئەزمونمان لە بابەت زمانەوە لەبەر دەستدایە.

## نیشانەکان، وتنەکان و خەباتی چینایەتی

بەرهەمی رێگە نیشاندەری و.ن. ولۆشینف بە ناوی مارکسیسم و فەلسەفەی زمان (١٩٢٩) لە جوملەی گرنگترین ئەو هەوڵانەیە. ئەم بەرهەمەی ولۆشینف لە سەردەمی جەدەلی توند لەمەر ئەدەبیات، هونەر، زمان و کلتور پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری (١٩١٧) هاتە دی. ئەم باسە لەو سەردەمەدا کە ستالین دیکتاتۆریەتەکەی خۆی داسەپاند، وەستێنرا. ولۆشینف خۆشی لە رەوتی تەسفییەکانی دەیەی ١٩٣٠دا بێ سەر و شوێن کرا. بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا نوسراوەکانی ولۆشینف و میخائیل باختین، روناکبیرێک کە زیاترین کاریگەری لەسەر ولۆشینف دانا، بوونەتە خاوەنی جۆرێک لە رۆنێسانس.

لە روانگەی ولۆشینفدا سەبارەت بە زمان سێ هێڵی پێشەکیانە رۆڵی بنەمایی دەبینن. سەرەتا، گشت نیشانەکان- لە وشەکانەوە تا ئاماژەکانی ترافیک-ماددین، بەم یا ئەو شکڵی فیزیکی رازاونەتەوە، دووهەم: نیشانەکان خاوەن ماهیەتێکی کۆرمەڵایەتین، لە سنورەکانی نێوان تاکەکاندا بوونیان هەیە و مانایەکیان جیا لە پێکەوە گرێدانی پەیوەندیەکان نییە، سێهەم: چوونکە خاوەن نیشانە گەلێکی کۆمەڵایەتین، هەر روو تێکردنێکی زانستی لەبابەت زمان، دەبێ لەسەر وتنەکان ژر بێتەوە.

بەدەر لە وتنەکان زمان لە ژیان بێبەشە. واتە کۆمەڵەیەکە لە ئامرازەکانی پێوەندی گرتن کە بەبێ خوددی کردەوەی پەیوەندی گرتن، شکڵێکی بێ ناوەرۆکە.

بەم پێیە مانی زمان و خالسی ئەو لە وتنەکان و هەڵس و کەوتی کەلامیی نێوان خەڵکدا جێ دیگرێت.

بەڵام هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی تەنیا بریتی نییە لە ئاخافتن. وتنەکان کەوشەنێک نییە لەگەڵ ((بوونێکی سەربەخۆ))دا بەڵکوو لایەنێکە لە رایەڵەی چەند لایەنەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. لە ئاکامدا نیشانەکان دەرژێنە ناو پەیوەندی گەلێکەوە کە لە مابەینی بوونەوەرە مرۆییەکاندا حاکمە. بەتایبەت ئەو پەیوەندیانەی لەسەر بنەمای پلەبەندیەکانی نێوان تاکەکانە، کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر زمان و وتنەکان هەیە. ولۆشینف دەنوسێ: ((شێوازەکانی نیشانەکان زیاتر لەهەر شتێک لەگەڵ رێکخراوی کۆمەڵایەتی بەشداربووان لەودا پێکدێن)). بەم پێیە، وتنەکان مەرجدارە بە پلەبەندیەکان و دەسەڵات- وە خۆراگری لە بەرامبەر ئەواندا. گروپە جۆراوجۆرەکان لە هەوڵدان لەفزکردنی وشەکان بەشێواز گەلێکی هاو چەشن بێت لەگەڵ ئەزمونیان لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و ئارمانجە کۆمەڵایەتیەکانیان. ئەم کردەوەیە بەتایبەت لە پەیوەندیە جیاوازەکانی چینایەتی تاکەکاندا بەکار دەبرێ.

لە ئاکامدا ((نیشانەکان دێنە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتیەوە)).

پێویستە لێرەدا تەئکید بکرێتەوە کە ئەم باسە لەگەڵ روانگە پۆست پێکهاتە گەرایانەکان (کە رەنگە لە هێندێک لایەنەوە وەک یەک بێنە بەرچاو) ناوەرۆکەن جیاوازە. بۆ وێنە میشێل فۆکۆ بەلایەنی پێناسە- کردنی زمان وەک ناوەندی دەسەڵات، زاڵ بوون و سەرکوت، کە بە رواڵەت لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان- لە چەشنی شێتخانەکان و بەندیخانەکان-وێناکراوە، بەناو

بانگە. ئەو تەنانەت لانی کەم هێندێک جار، جێگایەک بۆ خۆراگری بەرامبەر بە دەسەڵاتە زاڵەکان لە بەر چاو دەگرێ.

لە راستیدا، جەختکردنەوەی ئەو لەسەر دەسەڵات، بە شێوەی ئاشکرا هەوڵێک بوو بۆ راستکردنەوەی پوچی ئەو بۆچوونانەی کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەکانی زماننناسی خالیس دادەکشێن.

سەرەرای ئەمانە، لە راستیدا ئەو هیچکات لە بازنەی زماننناسی راینەکرد. لای ئەو، پەیوەندیەکانی دەسەڵات، پەیوەندی گەلێکی زماننناسانە یان ((ئاخافتنیی)) باقی دەمێنێتەوە. لە واقعدا ئەوە بەو مانایەیە کە دەسەڵات لە هەمانکاتدا کە پەرەگر، خواستگەیەکی جێگەی ناسینی لە کۆمەڵگەدا نییە، وە لەو جێگەیەوە کە دەسەڵات بە بەکارهێنانی زمان بەرپادەکرێ، بەو مانایەیە دەسەڵات لە ئاکامدا خۆراگری بۆ ناکرێ. ئەگەر کۆمەڵگە ((لەسەر ئاخافتن دروست کراوە))، جیا لە زمان هیچ بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بۆ هیچ جۆرە خۆراگریەکی واقعی لە گۆرێدا نییە. هێندێک جار فۆکۆ لە مابەینی پێداگری لەسەر پێشگریمانە بنەماییە بۆچوونیەکانی و پێ کێشانەوە لێیان، بۆ ئەوەی نیشانیدا رێگە بۆ کرانەوەی فەزا یەک بۆ خۆراگری لە بەرامبەر دەسەڵاتدا هەیە، داماوە، بەڵام لە ئاکامدا، هەروەک وا پێدەچێ خۆشی دێتە سەر ئەوەیکە بەچوونەکەی هیچ بنەمایەک بۆ سیاسەتە نارەزایەکان (یا رەنگە هەر چەشنە سیاسەتێک) پێک ناهێنێ.

کەواتە، دەگەرێینەوە لای ولۆشینف. ئەگەر (نیشانەکان) گۆرەپانی خەباتی چینایەتی بێت، ئەوە بەو مانایە نییە کە وشەکان (یا بە عام، نیشانەکان) مانایەکی بە گشتی جیاوازیان بۆ ئەندامانی چینە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان هەیە. ولۆشینف لەگەڵ رێژەگەایی ساکارانەدا دژایەتی دەکات. لە هەمان کاتدا، هەڵدەکوتێتە سەر ئەو کەسانەی کە شتایەتی دەبەخشنە وشە و ماناکان، کەسانێک کە ئەوان لە پانتایی زیندوویی هەڵس و کەوت و هێرشی کۆمەڵایەتی

دەبەنە دەر. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات وشەکان بە شێوەی مەنتیقی مانا گەلێکی پایەدار و بە تاک یان بە وەها چەشنێک هەیە کە لە فەرهەنگۆکێکی وشەدا دەست دەکەوێ. بەڵام وتنەکان هەم پێویستیان بە مانا و هەم بە دەرونمایەکان هەیە. دەروونمایەکان لەگەڵ ئەو لەحن و تەئکیدانەدا سەر وکاریان هەیە کە ئەندامانی گروپە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان تێدەکۆشن بە وشەکانی بدەن، تا ئەزمونەکانی خۆیانی پێ بگوازنەوە. لە راستیدا، تاکەکان لە تان و پۆ جیاوازەکاندا لەجۆرەکانی لێک جیای وتنەکاندا بەشدارن کە خاوەنی لەحنەکان، ئەزمونەکان، وشەکان، پەیچەکان و بابەتگەلێکی تری تایبەت بەوانە. لەم رووەوە سکرتێر (مۆنشی) دایرەیەکی گەورە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ بەرپرسەکەیدا بە جۆرێکی جیاواز قسە دەکات، تا لەگەڵ دەستەیەک لە هاوکارانی لەکاتی نانی نیوەرۆدا، یا لە کۆبوونەوەیەکی یەکێتیدا پاش تەواوبوونی کار. پێناسەی جۆری یەکەم پەیرەوی و رێزلێگرتنی روالەتیانەیە. دوهەمیان، لەوانەیە لە خۆگری جۆرێک لێدوانی یەکسانی خوازانە هاورێ لەگەڵ هێرشگەلێکی رەخنە گرانە بۆسەر رەئیسەکان و بەرپرسان بێت. لە کۆتایدا پێکهاتەی سێیەم بەرەو ئەوە دەچێ لە خۆگری ئاخافتنێکی ریسامەندی نارەزایەتییانە بێت کە دیاریکەری ئەو یەکگرتوویەی (خوشکان و برایان) وە خۆراگری لە بەرانبەر خاوەن کاردایە.

لەم تێروانینەدا بە زمان و وتنەکان، تاکەکان بە دەرگیر لەگەڵ جۆر گەلێکی جیاواز لە پەیوەندیەکان و چالاکیەکان چاو لێدەکرێن کە لەو پەیوەندی و چالاکیانەدا جۆر گەلێکی جیاواز، سەرچاوە گەلێکی لێک جیا بە تاکەکان دەدەن بۆ تێگەیشتن و دەربرینی ئەزمونەکانیان.

ئاخافتنێکی بەرین کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆ بگرێ وجوودی نییە، هەرچەند کە بەرێوەبەرانی دەسەڵات رەنگە بیانهەوێ شێوە وتنێکی یەکدەست بەسەر ژێردەستەکانیاندا داسەپێنن.

بەم پێیە، زۆر لێکراو و چەوساوەکان چوونکە کردەوەی بەرانبەر یەکیان هەیە، جۆر گەلێکی پەیوەندیدار بەخۆیان دروست دەکەن کە لەسەرلایەنگەلێک لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیان، بۆچوونە نەیارییەتییەکانیان و بابەتگەلی تری لەم چەشنە تەئکید دەکاتەوە؛ وە وتنە فەرمیەکان هەوڵدەدەن حاشایان لێ بکەن. لەم رووەوە، بە پێی بۆچوونی ولۆشینف نیشانەکان چەند لەحنین و لەحنی ئەوان دەکرێ بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر کە هاوتای ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی گروپە جیاوازەکان بێت، جەختی لەسەر بکرێتەوە. بەڵام وتنە فەرمییەکان و سیستمە وتە بێژیەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان لە هەوڵدان حاشا لە چەند لەحنی بوونی نیشانەکان بکەن. چینە دەسەڵاتدارەکان دەیانهەوێ لە رێگای وتنەکانەوە جیهانێکی یەکدەست بە دەستەوە بدەن. لە ئاکامیشدا هەوڵ دەدەن کۆمەڵەیەکی یەکسان لە ماناکان و دەروونمایەکان، وەک تاکەرێگەی مومکین بۆ ناساندنی کاروبار، بخەنە روو. ولۆشینف دەنوسێ: ((چینی دەسەڵاتدار لە هەوڵدایە تایبەتمەندیەکی هەمیشەیی و بان چینایەتی ببەخشێتە نیشانەکانی ئایدۆلۆژیک)). بە واتایەکی تر چینی دەسەڵاتدار لە هەوڵدایە، نیشانەکان بکاتە شتئاسا و ئەوان وەک دیاردەگەلێکی بەرقەرار و نەگۆر بە هەڵگرتنی مانایەکی یەکدەست، یەکسان و هەمیشەیی لەبەر چاو بگرێ.

بەڵام چینی دەسەڵاتدار وێرای ئەو هەموو هەوڵانەی لە توانایدا نییە جەخت کردنەوە لەسەر لایەنێکی تایبەت لە نیشانەکان، بە چەشنێک کە لە دەرەوەی وتنە فەرمییەکانەوە بێت، بە تەواوەتی سەرکوت بکات. هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ ولۆشینف بە جوانی روونە. بەڵام وا پێدەچێت وڵامێکی روون لە گۆرێدا بێت. نموونەی بنەمای پەیوەندیەکانی نێوان چینە دەسەڵاتدارەکان و بەرهەم هێنەرانی چەوساوە لەبەر چاو بگرن. گشت سیستمەکانی کاری مرۆیی تا رادە و پلەگەلێک کۆمەڵایەتین. مێژوو هیچ سیستمێکی بەرهەم هێنەرانەی تاکە گۆشەگیرەکانی نیشان نەداوە. بەرهەم هێنەرانی راستەوخۆ جا داچێنەران، کۆیلەی کێڵگەکان و یان کرێکارانی موچەخۆر، لە پێکهاتەی کار و

پەیوەندیەکانی دەرەوەی شوێنی کاردا لەگەڵ یەکتردا بەشدارن و هاوکاریان هەیە. وە لەم چوار چێوەیەدا بە شێوازگەلێک پێکەوە پەیوەند دەدرێن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵ و چاودێری راستەوخۆی چەوسێنەران دایە. بە واتایەکی تر، وتنە بەدیلەکان شکڵ دەگرن، چوونکە وتنە فەرمیەکان گشت ئەزمونەکانی ژیانی زۆر لێکراوان لەخۆ ناگرێ. ئەم وتنانە خاوەن زەمینەیەک لە هەلس و کەوتی کۆمەڵایەتین کە بە گشتی یا کەرتەن لە دەخاڵەتی راستەوخۆی دەسەڵاتدارەکانیان بەدەرن. وە لەم((بۆشایی)) یانە دایە کە ئەوان شێوەیەک لە وتنەکان یا جۆرگەلێک بەدی دێنن کە دەربری هەستەکان، سۆزەکان، ئیدەکان، بۆچوونەکان و سومبولگەلێک کە لە ناسینی وتنە فەرمیەکان واوەتر دەچێت.

نیشانەکان نەوەک یەکپارچە بەڵکوو لێوانلێون لە لەحنگەلێکی ناتەبا، بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەم مەسەلەیە بەسانایی ئاشکرا نابێت. ولۆشینف دەڵێت: ((لە هەل و مەرجی ئاسایی ژیاندا، ناکۆکی شاراوەی هەر نیشانەیەکی ئایدۆلۆژیک بە تەواوەتی ناتوانێت دەرکەوێ)). بەڵام لە سەردەمە قەیراناویە کۆمەڵایەتیەکان یا راپەرینی شۆرشگێرانە، کاتێک کە شەرعیەتی چینە دەسەڵاتدارەکان دەکەوێتە ژێر زەربە، بە هەمان شێوە کە جەماوەری راپەریو خوازیاری کەش و هەوایەکی گشتی هەرچی ئاواڵەتر دەبن بۆ وتنە بەدیل و نەیارەکان، وە وتنە زاڵەکان دەکێشنە ژێر پرسیار، ئەم ناکۆکیانەش زیاتر ئاشکرا دەبێت. ئەمە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ئەگەرکو واتاکەی *لێنین* بەکار بێنین، راپەرینە گشتیەکان ناوەرۆکی ((جەژنەکانی زۆر لێکراوان)) دەستەبەر دەکات، کاتێک کە پێکهاتەکانی کۆنترۆڵ و سانسۆر لێک بڵاو دەبێت، شێوازەکان وتنەکانی خۆراگری و نەیارییەتی پێگەیەکی گەلێک بەرینتر بۆ دەربرین دەبیننەوە. وە بەم پێیە، وێنە جیهانیە سەر و ژێرکراوەکان کە لە بۆشایی کەرنەڤاڵەکانی شۆرشدا خۆ دەردەخات، خولقێنراوگەلێکی کاتی نین، ئەوان لە نوێنگەی ئەو جۆرانەی کە گروپە زۆر لێکراوەکان و چەوساوەکان لە بۆشاییەکانی مێژوودا بۆ دەربرینی ئەزموونەکانیان خولقاندوویانە

قەدهەڵدەبرن، هەر چەند بە جۆرێکی ناهەڵسەنگێندراو، شێوازەکانی خۆراگری ئەوان یەکگرتوو دەکەن.

کەواتە، بۆچوونی ولۆشینف لە بابەت زمان، زیاتر لە هەر شتێک مێژووییە. لێرەدا دیسانەوەش جیاوازیەکی بنەمایی لەگەڵ ئایدەئالیسمی نوێ بوونی هەیە. خاڵێکی جێگای سەرنج لە بابەت بۆچوونە ئایدەئالیستیەکانی زمان ئەوەیە کە تەنانەت ئەو کاتەی کەوا پێدەچێ لەسەر مێژوویی بوونی ((وتنەکان)) پێداگری دەکەن، هەر وەک فۆکۆ لەم بارەیەوە ناسراوە، بە قوڵی نا مێژووین. مێژوو بۆ ئەوان تەنیا زنجیرەیەکە لە جیاوازیەکانی ((وتنەکان)) و بە شوێن یەکتردا هاتنی بۆ پەیوەندی پارادایمەکانی مانناسی. ولۆشینف ئێمە بۆ ناوەندی زیندووی پەیوەندیەکان دەگوازرێتەو، ناوەندی نێوان کردەوە کەلامیەکانی مابەینی ئەو تاکانەی کە کەوتونەتە تەنگەبەریەکانی گرژیەکان و ناکۆکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەو بۆ بەرێوەبردنی ئەم کارە، مێژووی هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتی و شەری چینایەتی دەکێشێتە بەردەم خوێندنەوەی زمان. بەم پێیە لێکدانەوەکانی ئەو لە ئاستێکی تەواوەن گشتیدا دەمێنێتەوە و پێویستە بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لە دوو لایەنی گرنگ چڕ و پرتر بکرێتەوە: سەرەتا، لە بواری ناوەرۆکی ئەو کردەوە کۆمەڵایەتیانەی کە زۆر لێکراو و سەرکوتکراوەکان جۆرەکانی وتنەکانی خۆیان لەو پێکدێنن، وە دووهەم، لە بابەت لێهاتوییەکانی لێکدانەوەی ئەو بۆ کردەوەی سیاسی. لە گەڵاڵەکردنی مەسەلەی سەرەتادا دەخوازم نیشان بدەم کە چلۆن کۆمەڵەیەکی چڕوپڕ لەنوسراوە مێژوویەکان دەتوانێ یارمەتی تێگەیشتنی دیالکتیکی خۆراگری لە کردەوە و وتنەکاندا بکات. ئەوکات، لە بابەت مەسەلەی دووهەم، دەخوازم سەرنج بدەینە هێندێک لەباسە بنەماییەکانی سەبارەت بە زمان، هۆشیاری و رێکخراوی سیاسی کە *ئانتۆنیۆ گرامشی* لە دەفتەرەکانی زیندانا دایرشت.

## چەوساندنەوە و کلتورەکانی خۆراگری

هێندێک تەعبیرێکی هەڵەیان لە مانای نیشانەی چەند لەحنی ولۆشینف هەیە، بەو مانایەی کە ماناگەلێکی وەها ناپایەدارن کە بە تەواوەتی بە هەڵکەوتن و لە کۆتایشدا فرە چەشنین. ئاوا تەعبیرێک خوازیاری جیاکردنەوەی ئایدەئالیسمی زمان و وتنەکان لە کۆمەڵەی ئاڵۆزی ئەو پەیوەندیانەیە کە تاکەکان لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی هەل و مەرجی ژیاندا لەگەڵی دەرگیردەبن. تا ئێستا سەرنجم داوەتە کەم و کورتیەکانی ئاوا روانگیەک. ناکامی ئەو لە ناسینی وتنە فەرمی یا بەدیلەکان، سەرچاوە لە ئەزمونە بەکردەوە دەرهاتووەکانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت ئەزمونەکانی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانەوە دەگرێت. بۆ بەرگری کردنێکی بەهێزتر لە هەڵوێستی ولۆشینف لەم بوارەدا، دەتوانی سەرچاوە گەلێکی گرنگ لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا بدۆزیتەوە.

چوونکە هەروەک لە زۆرێک لە تاووتوێ کردنە گەورەکانی مێژووییدا دەرکەوتووە، وتنە بەدیلەکان لەناو رەوتەکانی خۆراگری، بە تایبەت خۆراگری لە بەرانبەر دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمی زیادە لە لایەن چینی چەوسێنەرەوە و نوێنەرانیان، قەد هەڵدەبرێ.

یەکێک لە سەرنج راکێشترینی ئەو شتانەی کە لە خەیاڵ و پێوا بوونەکانی خۆراگریدا لە چیرۆکەکان، گۆرانیەکان، بۆنەکان، وتەکان و هاوچەشنەکانیاندا بوونی هەیە، پێچەوانە کردنەوەی ئەزموونی چەوساندنەوە، لەوان دایە. راستیەکەی ئەوەیە کە لەناو جەرگەی چەوساندنەوەدا مانای دزی لە گۆرێ دایە، دزیەتی لە دز، جا خاوەنکار، ئەرباب، وە یا بەرپرس بێت، دەروونمایەی هەمیشەیی کلتووری عامەیە. ئەمە، بە تایبەت، سەبارەت بەو چیرۆکە فیڵبازیانەی کە کۆیلەکانی وەرزێری لە باشوری ئەمریکا بەرهەمیان هێناوە، راستە. یەکێک لە مێژوونووسان دەنووسێت: ((یەکێک لە گەورەترین

لەزەتەکانی فێڵباز، خواردنی ئەو خۆراکەبوو کە لە دوژمنە دەست ڕۆشتووەکانی، دزیبوو)). ئەم چیرۆکانە، بە بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵان لەجیاتی ئەربابەکان و کۆیلەکان، گەلێک جار دەوترێت و دەوترێتەوە و بەم شێوەیە شەرعییەتی بە کلتوری سەرپێچی دەدا، کلتورێک کە لەودا دزیکردن لە ئەربابێک نەک هەر چاوپۆشی لێ ناکرێ، بەڵکوو ستایش دەکرێت. وە هێندێک جار ئەم چیرۆکانە بەس خەیاڵات نین، بەشێک لە شێوازە واقعیەکانی دزین کە کۆیلەکان لە هەوڵدابوون درێژەیان پێبدەن. لە بابەت وەرزێرە ئاوارەکان، چارداخنشینەکان، هەژارەکان و ئەو جوتیارانەی لەسەر زەوی و زاری خاوەن موڵکەکانی ئینگلیس لە سەرەتای سەدەی ١٨دا کاریان دەکرد، دەتوانرێ لە دیاردەگەلێکی هاوشێوە دەستەبەر کرێن. بەهەمان شێوە کە ئەی.پی. تامپسۆن لە بەرهەمە سەرسام- کەرەکانی خۆیدا وەک لیبراڵەکان، ڕاوچیەکان و داب و نەریتی ها شێوە نیشانی داوە، ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە کارگەلێکی قاچاغی وەک ڕاوی قاچاغ-((دزیەتی)) بزنەکێوی، کەروێشک، ماسی و شتی لەم چەشنە لەو زەویە دەست نیشان کراوانەی کە تازە دەور گیراون، لەگەڵ پێناسە نوێیەکانی موڵکداریێتی و بەر تەسکیە نوێیەکانی مافنامەکانیان لە شەردایە، وە کلتورێکی چرەوە بووی جەماوەریش پشتگیری ئەم سەرپێچیانە دەکات، کلتورێک کە لە هەوڵی ناشەرعی کردنی شێوازەکانی خاوەن سامانەکان دایە و لە هەمان کاتیشدا هانی ژێرپێنانی بێ پەروای یاسا دەدات. ئەم کلتورە جەماوەریەی زمان، خاوەنی نەریت و هێماکانی خۆیەتی و مێژوویەکی واقعی لە شێوەی نووسینی دیوارەکان، نامە هەرەشە ئامێزەکان و شتی لەم چەشنە لە خۆی جێ هێشتووە.

سەرەرای ئەوەیکە پێکهاتەی ئاوا شێوازگەلێک جیاوازە، لە بابەت کرێکارانی کارخانەمۆدێرنەکانیش دا دەکرێ هەر ئەم بابەتانە بەدی بکەیت. دوو نموونە دەهێنمەوە: یەکەم لە مەجارستان لە دەیەی ١٩٧٠ و دووهەم لە فلینتی میشیگمان لە چەند ساڵ دواتردا. میکلۆش هاراچی لە کتێبی کرێکارێک لە

حکومەتی کرێکاریدا به دانەبەرباسی ژیان لە کارخانەیەکی مەجارستاندا، ئێمە دەباتە جیهانێکەوە لە ((ئێمە)) و ((ئەوان))، جیهانێک کەلەودا ئەو کاتانەی تاک بۆکاری شەخسی تەرخان دەکات، دواهەمین شێوازی خۆراگرییە. ئەو خۆراگرییە لە زمانی خودی کرێکارانەوە گەشە پێدەدرێت.

***ئەوان، بە ئەوان، هی ئەوان***، پێم وانییە تا ئێستا کەسێک کە لە کارخانەیەکدا کاری کردووە، یا تەنانەت باسێکی کەم تا کورت و سەرەتایشی لەگەڵ کرێکاراندا بووبێت لە بابەت مانای ئەم وشانەوە گومان بکات... ئەوان مانایەکی یەکسانیان هەیە: بەرێوەبەریەتی و ئەوانەی کە دەستور دەدەن و تەسمیم دەگرن، کەسەکانیان و کار بەرێوەبەرەکانیان کە بەرپرسیاریەتیەکیان هەیە- ئەوانەی کە دوورن لە دەست پێراگەیشتن – تەنانەت ئەو کاتەی لەرووبەروومان‌دا وەستاون. ل ٧١.

ئەو کرێکارانەی کە کاراچی باسیان دەکات. قەتعەکارن. ئەوان سەرەرای ئەوەیکە دەبێ بەرهەمی بێنن، کاتی ئەوەیان هەیە هێندێکیش بۆخۆیان بەرهەم بێنن، ئەو شتانەی کە بە نهێنی لە کارخانە دەیبەنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەوان بۆ ئەو کارانەیان لەکاتی چالاکی ئازاددا وشەگەلێکیان داهێناوە-((کۆترە بەهێزەکان))- وە ئەم وشە نوێیە رەنگدانەوەی کۆمەڵەیەکی تەواو لە پەیوەندی و رەوتە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەوە ((کۆترە بەهێزەکانن)) کە زیاترین شادی بۆ کاری رۆژانەیان بە دیاری دێنن. ((ئەو کۆترە بەهێزە چکۆلە و کەمانە کە بە شاراوەیی و گەلێک فیداکاری و بێ هیچ مەبەستێکی خراپ دروست بوون، تاکە شکڵی کاری داهێنەرانە و ئازادن)). ل١٤٢ ((بەدروست کردنی کۆترە بەهێزەکان، ئێمە هێزمان بەسەر مەکینە و ئازادیمان لە قەید و بەندەکانی نیشاندەدەین)). ل١٤٢ بەڵام کۆترە بەهێزەکان لە حاڵێکدا کە زۆرجار بە شێوەی تاکە کەسی دروست دەکرێن، پێویستیان بە کلتورێکی هاوکاری هەیە: هێندێک لە جۆرەکانی برین و شکڵ پێدانەکان بە دەستی کرێکاران بە مەکینەکانیان، قاچاغ کردنی ((کۆترە بەهێزەکان)) بۆ دەرەوە، زۆربەی کات،

پێویستی بە کلتورێکی هاوکاری کەسانیتر هەیە. ((دروست کردنی کۆترە بەهێزەکان...پێویستی بە هاوکاری خوازیارانەیە)). لە راستیدا، ((زۆرێک لە هاورێیەتیەکان بە دروست کردنی کۆترێکی بەهێزی هاوبەش دەست پێدەکات)). ل١٤٤,١٤٣

هاوکاری، هاورێیەتی، یەکگرتوویی، چالاکی داهێنەرانەی ئازاد: هەمووی ئەوانە بۆ دروست کردنی کۆترە بەهێزەکان پێویستە. ئەم ئاخافتنە نارەزایەتییە نەشیاو نییە؛ دروست کردنی کۆترە بەهێزەکان پێویستی بە نەریتەکانی خۆراگریە. کۆترە بەهێزەکان وێناکەری ماددی بایەخەکان و بۆچوونە نارەزایەتییەکانن، ئەوان نیشاندەری هاوکاری کەمەڵایەتی و کۆنترۆڵی کرێکاری بەسەر بەرهەمهێناندان. هەر وەک هاراچی وەبیر دێنێتەوە، ((کۆترە بەهێزەکان نموونەیەکن بۆ هەموو بزوتنەوە نارةزایەتیەکان)).

داهەمین کۆمەڵەی نموونەکان لە کتێبە سەرسام هێنەرەکەی *بێن هاپێر* بە ناوی سەری میخ پەرچ (*Rivet head*) دێنمەوە کە بریتیە لە رووداوەکانی ئەزموونی کرێکارانی هێڵی مونتاژ لە کارخانەی ئۆتۆمبیل و ترۆمبیل سازی جنراڵ مۆتۆرز لە فلینت. هامپێر-یش رۆڵی سەرەکی خەبات لەسەر کات-مان پێ نیشان دەدات. کاتێک کە دەنرێتە خزمەت جنراڵ مۆتۆرز کاتێکە کە لە ژیان ئەستێندراوەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە.

یەکێک لەو شێوازانەی کە هامپێر باسی دەکات، شتێکە کە کرێکارەکان بە ((رێکەوتنی دوو لایەنە))ناوی دەبەن، لەودا دووکرێکار رێکدیکەون هەر کامەیان لە نیوەی شیفتێکدا لە جیاتی دوو کەسەکە کاربکات. ماوەی کاتەکەی تری دەتوانێ بۆ خەو، خوێندنەوە، نووسین وە یا تەنانەت بە نهێنی چوونە دەرەوە لە کارخانە و کەوتنە شوێن کاری دڵخوازی خۆی، بەکاربێنێ. بە خوێندنەوەی پێناسەی *هامپێر* روون دەبێتەوە کە ئەو کرێکارەو هاوکارەکانی بۆیان شانازیە کە بەشێک لەو کاتەی کە شەریکە لێیان دەدزێت ((دیسان

ددەیدەزنەوە)). هامپێر سەبارەت بەوەیکە چۆن لەپاش گواستنەوەی بۆ هێڵی پەرچ ئەم ڕێککەوتنە دوو لایەنەیە لەگەڵ هاوکارێکی نوێدا سەر لە نوێ جێ دەخات، دەنوسێ:

دیسانەوەش هەموو شتێک وەک ١٩٧٨بوو. چوار سەعات ئیش، هەشت سەعات موچە. جارێکیتریش شادی بوونی هەیە. شادی، لەوە گەیشتنی ئەوەیکە دەستانێکی بەهێز ئاگاداری کارەکەت دەکات، لە کاتێکدا تۆ لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەتدا چاو لە بەیسباڵ بکەیت. وا پێدەچێت کە ئاوا شتگەلێک لە ئیشی دەستی مانادارترە.

درێژەی پێدەدات: ((زیاتر لە هەر شتێک حەزدەکەم فێڵ لە هەموو ئەو بەرەڕێوەبەرانە بە نینۆکە خاوێنەکانیان و ئیمتیازە چەپەڵەکانیانەوە بکەم)). ل١٦١

هامپێر-یش کلتورێکی بەپیتی خۆراگریمان پێ نیشان دەدات. ئەو دیمەنێکی سەمبولیک بەم کارانە نادات، نیشانەکانی دووبەرەکی و دواکەوتوویی (کرێکاران) لە تاوتوێکردنی ئەوا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هاوکارییش هەیە. هاوکاری بۆ زاڵ بوون بەسەرکاتدا بۆ شکستی سەر کرێکار یا بەرێوەبەری زۆروێژ، بۆ ئەستاندنەوەی بەشێکی چکۆلە لە مرۆڤایەتی هاوبەشیان، تەنانەت بۆ ئاوێتەکردنی هێندێک شۆخ تەبعی بە ژیانی یەک جۆرەییانەوە لە هێڵی مونتاژدا. ئەو نموونانەی کە هەڵمبژاردوون و دەکرێت دیسانەوەش زیاتربکرێن، شوێن پێیکە لە مەنتقی خۆراگری. ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە بەرهەمهێنەران لە هەوڵدان ئەزموونی چەوساندنەوە پێچەوانە کەنەوە، لە هەوڵدان لەو کەسانەی کە بەرهەمی ماندوێتی، ئازادی و چالاکی ژیانیان لێ زەوت دەکەن، شتێک بۆخۆیان بستێننەوە، وە هێندێک جاریش زمانێک دابهێنن کە نەریتی خۆراگریان بگوازێتەوە و بە کردەوەی دەربێنێت.

بەم پێیە گوفتارەکانی خۆراگری، هەرچییەک بن بە هەڵکەوت یا دڵخوازنین. زۆریک لە بەهێزترین و بەردەوامترین وتنەکان، وڵامگەلێکن – زۆربەی کات کاردانەوەگەلێکی بەتوندی داهێنەرانە- بە پێکهاتەکانی کار و چەوساندنەوە. ئەگەر لێرەشدا واتای جێگا پەسەندی پێکهاتە شکێنەکان بەکار بێنن، ((گەمە)) هەیە، تەنز، شۆخی و دەڵقەک بازی بوونی هەیە. بەڵام خەباتیش لەگۆڕێدایە خەباتێکی جیددی و پەرەسەندوو لەسەر مەعاش، لەسەر گیان و جەستە و لەسەر رزگاری.

## گرامشی لەبابەت زمان و سەرکردەیی (هێژمۆنی)

بەم پێیە، ئەگەر زۆر لێکراوان بەتەواوی نەکەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ئاخافتنە فەرمییەکان، ئەگەرکوو رەوت و ئاخافتنگەلێکی بەپیت بۆ خۆراگری لە بەرانبەر دەسەڵاتدارەکانیان دادەهێنن، ئەم رەوت و ئاخافتنانە چلۆن لەگەڵ هەل و مەرجی بەردەوامی سوڵتە و چەوساندنەوە پەیوەند دەخوات؟ لەم بارەیەوە تێبینیەکانی *ئانتۆنیۆ گرامشی*، شۆڕشگێڕی ئیتالیایی، لە بابەت زمان و سەرکردەییەوە دەتوانێ گەلێک یارمەتیدەر بێت.

گرامشی بەشوێن دارشتنی روانگەیەکەوەیە کە هۆکاری ناساندنی واقعییەتی سەرکردەیی و ئیدە زاڵەکان و ئیدەکانی چینی زاڵە، تا ئەو جێگەیەی کە ئەم جۆرە سەرکردەییانەی هیچکات گشتیەتیان نییە، بەڵکوو لە بەرانبەردا بەردەوام دەکەونە بەر پەیوەندیەکی دژ بەیەک لەگەڵ ئیدەکان و بۆچوونەکانی ((دژە سەرکردەیی)) کە نەیاری بایەخ و ئیدە زاڵەکانە. گرامشی لە دژایەتی لەگەڵ بلیمەتگەرایی روناکبیرانەدا دەڵێ: ((گشت مرۆڤەکان فەیلەسوفن)). چوونکە هەر تاکێک لە رێگەی زمانەوە کە پێویستی بە (گشتیەتێک لە بۆچوونەکان و مانا دیاریکراوەکان) هەیە، مانایەک لەو کۆمەڵگە و جیهانەی تێیدا دەژی بەکار دێنێت. زۆربەی کات ئەم جۆرە جیهانبینیە بە شێوەیەکی نیزاممەند بەپێی بنەما

سەرەکیەکانی ئەو شەرح و شرۆڤە نەکراوە. بەڵام لە ریگەی وتنەکانەوە ئێمە نوقمی جیهانێک لە ماناکان دەبین کە روانگەیەکی گشتی بەسەر کار و باردا دەکاتە پێش گریمانە. بەڵام ئەم جۆرە جیهان بینیانە بە کەمی یەکانگیرن، ئەوان دواتر پێویستیان بە تێکەڵاوکردنی ناکۆکاوی ئیدەکان دەبێت. بەم پێیە زۆربەی کەسەکانی چینی کرێکار جۆر گەلێکی لێک جیاواز لە ئیدەکان و بۆچوونەکان بەخۆوە دەگرن کە سەرچاوەکەیان ئایدۆلۆژی زاڵە. لە هەمان کاتدا، هەر وەک دیتمان، چالاکی زەروری رۆژانەیان، ئەوان لەگەڵ رەوتگەلێک دەرگیر دەکات کە لانیکەم لەگەڵ هێندێک لە لایەنەکانی جیهانبینی زاڵدا ناتەبایە. لەم رووەوە، لە کاتی بینینی ئەندامێک لە چینە بەرهەمهێنەرەکان، زۆربەی کات بار و دۆخێک حاکمە کە لەودا شعووری بۆچوونیی ئەو بەلایەنی مێژووییەو دەتوانێ لە بەرانبەر چالاکیەکانیدا قەرار بگرێ. کەم تا زۆر دەکرێ بگوترێ کە ئەو خاوەنی دوو شعوری بۆچوونیی (یا شعورێکی ناکۆکاوی)یە: یەکیان بە شێوەی ئاوێنە لە چالاکیەکاندا بوونی هەیە و هەموو کرێکارە هاوتاکانی لە گۆرانی بە کردەوەی جیهانی واقعیدا یەکگرتوو دەکات، ئەوەی تریشیان، بەشێوەیەکی ئاستیی، ئاشکرا یا کەلامییە کە لە رابردوو بە میرات پێی براوە و بە شێوەیەکی نا رەخنەگرانە وەریدەگرێ.

تایبەتمەندی ناکۆکاوی شعوری چینی کرێکار دیاردەیەکی بە توندی روو لە گەشەیە. لە سەرەتادا شعوری هاوشێوە لە نێوان چینی کرێکاردا بوونی نییە. لە نێوان دەستەیەک لە کرێکاراندا، هێندێکیان تا رادەیەک بەرەو فێربوون و وەرگرتنی ئیدەکانی بەرێوەبەران، رەئیسەکان، سەرانی حکومەت و لە چەشنی ئەوان دەچن، لە حاڵێکدا کە ئەوانەی تر مەیلیان بە رووبەروو بوونەوەیەکی تەواو لەگەڵ وەها کەسانێک هەیە. دەکرێ زۆربەی کرێکاران لەنێوان ئەو دوو پێگەیەدا بەدی بکەیت. بەڵام شعوری ئەوان لەیەک ئاستدا نامێنێتەوە. رووداوە گرینگەکان- مانگرتنەکان، خۆپێشاندانە جەماوەریەکان، جوڵانەوەکانی یەکیەتیەکان و لەم چەشنە- هاورێ لەگەڵ پڕ و پاگەندەی رێکخراوی ئیدە

نەیارەکان دەتوانێ لە رادیکاڵ کردنی (شعوری چینی کرێکاردا) دەور و نەخشی هەبێت، لە حاڵێکدا شکستەکان، پاشەکشەکان و لە کژی دانی ئاخافتنە نارەزاییەکان دەتوانێ کاریگەریەکی میانرەوانەی قوڵی هەبێت. بەڵام گرامشی دەزانێ کە بارودۆخەکە لە هەرکاتێکدا هەر چۆنێک بێت، ناکرێ ناوەرۆکی ناکۆکاوی چینی کرێکار لەناو ببردرێت. ئەوە تایبەتمەندیەکی زاتی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە کە چینی باڵا دەست لە هەوڵدایە رەزامەندی ئایدۆلۆژیک بۆ دەسەڵاتەکەی خۆی دەستەبەر بکات (وە ئاوا هەوڵدانگەلێک زۆربەی کات تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتن بەدەست دێنێت) وە ئەزموونەکانی ژیانی کرێکاران، خۆراگری ئەوان لە بەرانبەر چەوساندنەوە و دەسەڵات، نەریتگەلێک لەگەڵ خۆیدا دێنێ کە لەگەڵ ئیدە زاڵەکان هاوتەریب نییە و لە راستیدا جیهانبینیەک لە خۆیدا دروست دەکات کە دەکەوێتە بەرەی دژ بەو ئیدانە. لە راستیدا لای گرامشی یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی حیزبی سۆسیالیستی شۆرشگێر هەوڵدانە بۆ وێناکردن و نیزاممەند کردنی جیهانبینیەک کە بە شێوەی دەرونی لەناو ئەم جۆرە نەریتانەی خۆراگردا هەیە.

ئەم بۆچوونە گرامشی بەو توانایيە دەگەیەنێت تا لەسەر ئەساسی ئەو ناکۆکیانەی کە لە ئەزموون، چالاکی و زمانی ئەندامانی زۆرلێکراوی کۆمەڵگەدا بڵاوە، رێگە برێتە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەوە. ئەو دەڵێ: سیاسەتی شۆڕشگێڕانە لە هزری سەلیمی چینی کرێکارەوە سەر هەڵدەدات. ئەو هزرە سەلیمە (تەندروستە)، بەزۆری لە شکڵێکی ئاماژەییدا هەموو ئەو بۆچوونە نەیارییەتیانەی چینی کرێکار لەخۆۆە دەگرێت. لەو جێگەیەوە کە سۆسیالیسم، هەروەک مارکس دەڵێ، رزگاری چینی کرێکار بە دەستی چینی کرێکار خۆیەتی، ئیدە شۆرشگێڕانەکان ناتوانێ ئاخافتنێکی دەرەکی بێت کە لە دەرەوە بە ناوەوەی چینی کرێکار پەیوەند بدرێت.

بە پێچەوانەوە، پەیوەندیەکانی نێوان ئیدە شۆڕشگێڕانەکان و چینی کرێکار دەبێت ئۆرگانێک بێت، وە ئەوە ئەرکی مارکسیستەکانە کە نیشان بدەن

سۆسیالیسم کۆی ئەو مەنتق و یەکانگیریەی نەریتەکانی خۆراگری چینی کرێکارە. بەم پێیە دەبێت حیزبی شۆڕشگێڕ بەشی زەروری بزوتنەوەی چینی کرێکار بێت، دەبێت لە ئەزموونەکانیاندا بەشدار بێ و بە زمانی ئەوان بدوێ. لە هەمان کاتدا، حیزبی شۆڕشگێڕ دەبێ ئەو هێزە بێ کە ئەزموونەکانی نەیاران لە پرۆگرامێکدا بە شێوەیەکی بەرین و نیزاممەند گشتی بکاتەوە، هێزێک کە ئەوە نیشان بدات چلۆن ئەو ئیدە سوننەتی و زاڵانەی بە میرات بە کرێکاران براوە (نیشتمان پەرەستی، هەڵاواردنی رەگەزی، هەڵاواردنی نژادی،...) لە شەردایە لەگەڵ بەرژەوەندی و ئەو ئارمانانەی بە شێوەی دەروونی لە شێوازەکانی خۆراگری چینی کرێکاردایە بەرانبەر چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر، وە لە دژی ئەو ئیدانە خەبات بکەن. بە پێچەوانەی هێندێک لێکدانەوەی ئایدەئالیستیانە لە گرامشی کە لە ساڵەکانی رابردوودا بۆتە باو، ئەو پێداگری لەسەر ئەوەبوو کە دروست کردنی ئەم جۆرە بزوتنەوە جەماوەریانەی دژە سەرکردیی لە ئاستێکی بە تەنیا کلتوری یا وەک پێکهاتووی تایبەتی روناکبیرانەی نەیاری ئایدۆلۆژیکدا روونادات. وە جەختی دەکردەوە کە دژایەتی لەگەڵ سەرکردەیی لە رێگەی خەباتی سیاسی و بزوتنەوە جەماوەریەکانەوە دەکرێ کە لەودا خۆراگری ئابوری و خەباتی ئایدۆلۆژیک هاو هەنگاوی یەکتر دەچنە پێش. بەم پێیە، بە واتایەکی تر، بۆ زۆرلێکراوان (درکی رەخنەگرانە لە خۆیان لە رێگەی خەباتی سەرکردایەتی سیاسیەوە روودەدات). ئەو تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ((حیزبە سیاسیەکان)) هەر وەک ((تاقیگە مێژوویەکان)) جیهان بینیەکی دژە سەرکردەیی کار دەکەن، ئەوان ئەو کۆڕانەن کە لەواندا یەکیەتی بۆچوون و کردەوە، کە وەک پێکهاتوویەکی مێژوویی راستەقینە درک دەکرێت، روو دەدات.

کەواتە، بۆچوونی گرامشی لە بابەت زمان، سەرکردەیی و خەباتی سیاسی لەلێکدانەوەی مانای جۆرەکانی وتنەکانی ولۆنشیف لە کەوشەنی سیاسەتی بە

کردەوەدا یارمەتی دەکات. گرامشی دەڵێت کە مەسەلەی ناوەندی سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی، هەوڵدانە بۆ یەکخستنی ئەو شێوازە نارەزایەتیانە- کە بابەتی خەباتی واقعی لە دەوری مەسەلەگەلێکی دیاری کراو و بابەتی هەولگەلیکە بۆ دارشتن و نیزاممەند کردنی ئەو جیهانبینیەی کە بە شێوەی ئاشکرا لەم جۆرە گشتیانەدا هەیە و هۆکاری یەکگرتوویی، هاوکاری و یەکسانی خوازیە.

## زمان و ئازادی

دەتوانین چ ئەنجامێک لەم باسە گشتیە لە بابەت هێندێک لە بۆچوونە مارکسیستیەکان لە بواری زمان، وەربگرین؟ سەرەتا بۆمان دەرکەوت کە مارکسیسم لەسەر یەکیەتی ئەزموون- ژیان تەئکید دەکاتەوە. زمان وەک شعور، کەوشەنێکی جیاواز لە بوونی مرۆیی نییە، بەڵکوو لایەنی شیکەرەوە و شەرحدەری ئەو بوونەیە. وە بەم شێوەیە لەژێر دزەی کێشەکان، ئاڵۆزیەکان و ناکۆکییەکانی ژیانی واقعی دایە. بەوتەی باختین، ئیدەئالیسم بە دانە بەر باسی زمان وەک ((نیزامێک لە چەمکە بە تاکەکانی دەستوور زمانیی)) نەوەک درکی زمان وەک ((پاراو بوو لە ئایدۆلۆژی))، ((پڕلەناکۆکی))و ((پڕ لە کێشمەکێش)) تێگەیشتنمان لة پەیۆوەندیەکانی نێوان زمان، ژیان، مێژوو و کۆمەڵگە، لاواز دەکات.

ئیدەئالیسمی نوێ لەوانەیە ئیدعای درک کردنی ئایدۆلۆژی و کێشە و ناکۆکی بکات، بەڵام بە مانایەک تەنانەت هەنگاوێکی واوەتر لە ئیدەئالیسمی کۆن هەڵگرتووە، نەک تەنیا بەهۆی جیاکردنەوەی زمان، بەڵکوو لە راستیدا بەهۆی گۆرانی شکڵی کۆمەڵگە بە نیزامێک لە چەمکە زماننناسیەکان. باختین با لەوە دەکات کە وشە لە ((شوێنێکی گوفت و گۆیی پڕ لە کێشە و ئاخندراو بە وشەگەلێکی بێگانە لەگەڵ بایەخی حەکەمیەکان و لەحنەکان دێتە گۆڕێ کە

لەگەڵ پەیوەندیگەلێکی بەرانبەرانەی ئالۆزدا گرێی خواردووە، لە هێندێکیاندا تێکەڵ بووە و لە هێندێکی تریش پاشەکشەی کردووە)). وشەکان و وتنەکان هەرگیز پاسیف نین. بەردەوام لە پێکهاتەیەکدا جێگەیان هەیە کە لێوانلێوە لە کێشمەکێشەکان، خەباتەکان و کێشەکان. زمان بە هاوشێوەی ((نیزامێکی بە تەنیای دەستوور زمانی)) دەکرێ وەک یەکیەکە، بابەتێکی داخراوی لێکۆڵینەوە لەبەر چاو بگیرێ. بەڵام ئەم کارە لەبەر چاو نەگرتنی زمان ((جیایە لە پێکهاتووی لێک نەترازاوەیی گۆڕانکاری مێژوویی کە پێناسەی هەموو زمانە زیندووەکانە)).

بەم پێیە زمان کۆمەڵایەتی و مێژووییە. مانایەک بۆ من تەنیا لە پەیوەندیەکانم لەگەڵ ئەوانیتردا بوونی هەیە، وە ئەو ئەوانی ترە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکان و پێکهێندراودا لە گۆڕێدایە. وە ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانە خۆی گەشاوەیە، ئەم پەیوەندیانە کە خەبات لە بابەت سوڵتە و خۆراگری لەخۆ دەگرێ، هاوسەنگی هێز و دەسەڵات دەگۆڕێ. کەواتە ماناکان مێژوویی-شن، ئەوان نوقمن لە پێکهاتوویەک لە ((گۆرانکاری مێژوویی)) کە لەودا پەیوەندیەکان نەگۆڕ نین، وە بە جیهەتگیرمان بەرەو داهاتوو، رابردوو و ئێستاکە گرێی خواردووە.

زمان، پێکهاتەیەک لە پەیوەندیەکانی دەستور زمانی و ماناکان پێشکەش بە من ناکات. بە پێشەوانە، دەرگیربوونم لەگەڵ زماندا پێویستی بە ئاوێتەبوونی من لە ناوەندێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە دەروون مایەکان، لەحنەکان و ماناکاندا هەیە کە بەردەوام جێگای موناقشەیە و هەرگیز داخراو نییە، ئەو وشانەی کە هەڵیان دەبژێرم، وە ئەو گوتانەی کە ئەدایان دەکەم، پێویستی بە هەڵوێست گرتن لەدەروونی ئەو ناوەندەدا هەیە.

بەردەوام شێوازگەلێکی بەدیلی بۆ دەربرین و گوتنی ئەزموونەکانم، هەڵوێستەکانم و داخوازیەکانم لە گۆرێدایە. کاتێک باختین دەنووسێ: ((شعور

به ناچار خۆی له رووبەرووی زەرووڕەتی پێویست بۆ هەڵبژاردنی زمانێک دەبینێتەوە)) ئەمە مانای جێگا مەبەستی ئەوە.

نموونەیەکی ئاسایی له راپۆرتی رابردووی رۆژنامەیەک له بابەت مانگرتنی یاریزانانی یەکیەتیەکی حیرفەیی بەیسباڵ دێنمەوە. راپۆرتێری وەرزشی دەنوسێ: ((یاریزانە دانیشتووەکان (پاشکەوتەکان)- ئەگەر تەمایولێکتان به حوسنی تەعبیر نییە، موختارن لەوەیکە ئەوان به هاورێی نیوەی رێ یا مانگرتن شکێن ناوبەرن- یەکەمین تەدریبە نادڵنیایەکانی خۆیان دەسپێکرد)). لیرەدا رۆژنامەوان هەڵبژاردەیەک به خوێنەران پێشکەش دەکات. ئەو بەدیلانەمان پێشکەش دەکرێت: یاریزانە پاشکەوتەکان، هاورێیانی نیوەی رێ، مانگرتن شکێنەکان. روونە کە هەڵبژاردنمان بێ لایەنانە نییە و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. له باسێکدا که له بابەت سوننەتی مارکسیستی پێشکەشم کرد، ئەم مەسەلە له هەموو وتەکاندا، وە به شێوەی گشتی له گوفتار (زمانی زیندوو) سێدق دەکات. وە هێندێک جار، زمان سەرچاوەگەلێکمان بۆ دروست کردنی ماناکان پێشکەش دەکات کە له ئەزموونی ئێستاکەی ئێمە واوەتر دەچێت.

زۆرێک لەو سەرچاوانەی کە زمان پێشکەشمان دەکات، هەڵقوڵاوی ئەو مانایانەی رابردوویە کە بۆ ئێمە بێ کۆتایی نییە، ئەوانە له زمانی ئێمە، له کلتوری ئێمە و له ئەزموونی ئێمەدا دەژین. چوونکە مرۆڤ، هەروەک زمان، له چوارچێوەیەک له ((ئاڵ و گۆڕی مێژوویی))دا بوونی هەیە.

لەم روویەوەیە کە زمان ئەو توانایەمان پێدەدات دەستمان به رابردوو رابگات له حاڵێکدا کە رووبە داهاتووین.

ئەزموونەکانی رابردوو- بەرژەوەندی، خەسارەکان، سەرکەوتنەکان، شکستەکان، چێژەکان و خەمەکان- دەتوانێ دەربری بار و دۆخی مەزنی هەنوکەیی بێت، دەتوانێ پێشکەشکەری ئارمانەکان و دەرس و سەرچاوە

گەلێک لە هیوا لێرە و ئێستا بێت. لە حاڵی دەست ڕاگەیشتن بە داهاتوو، دەتوانم هاوکات بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو، وە زمان لە بەڕێوەبردنی ئەو کارەدا هاریکاری دەکات. چوونکە زمان نەک هەر ماددەی خامی یادگەی شەخسی و یادگەی مێژوویە، زمان نەک هەر ئەو توانایە دەبەخشێ کە هەستێکی پایەدارمان لە ماوەی ساڵیانی ساڵ لە خۆمان هەبێت، هەروەها ئەو یارمەتییەش دەکات کە لەو یادگە مێژوویە سودمەند بم تا پیگەی خۆم لە ڕاستای داهاتوودا دیاری بکەم. بەم جۆرە دەکرێ *توسن لووتور* (ڕیبەری سیاسی- نیزامی سیاسی هائیتی کە لە ساڵی ١٧٩١ لە دژی بریتانیا بە ڕەشپێستە شۆڕشگێڕەکانی هائیتیەوە پەیوەست بوو) و خێڵی ئەو کۆیلانەی کە لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرکانی سەنپێتێرز بۆرگ، مانگرتووەکانی فلینت لە ١٩٣٧، ڕاپەریوەکانی مەجار ١٩٦٥، خوێندکاران و کرێکارانی فەرانسەیی ١٩٦٨، ... وەبیر بێنینەوە.

کەواتە، بۆ ماتریالیسمی مێژوویی، لە ((جەغزی))زماندا مانەوە بلوورین بوون لە مێژوو و ((گۆرانکاری مێژووییە)).

لەجیاتی بەربەست کردنی ئیمکاناتی بەدیل، ئەزموونی ئێمە وە بوونە مێژوویەکان بەو مانایەیە کە دەتوانین بانگەوازی مێژوو بکەین و داهاتوویەک وێنا بکەین کە جیایە لە ئێستا. چوونکە زمان تەنیا ئەنباری ئیدە زاڵەکان نییە، زمان هەروەها لایەنێکیشە کە لەودا دەتوانری خەبات دژ بە دەسەڵاتی زاڵم بهێندرێتەوە یاد و بپارێزرێ، کە لەودا دەتوانرێ خۆراگری وێنا بکرێ و ڕێکبخرێت.

درکی زمان بەم جۆرە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە بە پێچەوانەی ئیدەئالیستە نوێیەکان، دەکرێ ڕزگاری وەک ئیدەیەکی پڕمانا بکرێتە چوارچێوەی بۆچوون. بەو مانایەیە کە سەرەرای دڵسەردکەرەوە بوونی هەل و مەرج، ڕزگاری هەروا ئیمکانی هەیە، ئەویش دروست لەو ڕویەوە کە چالاکی بەکردەوەی ئێمە و

زمانی ئێمە هەڵگری ناوەرۆکەکان، لەحنەکان و ئیلهاماتێکن کە بەیانگەری جۆرگەلێکی جیاواز لە پەیوەندیەکانی نێوان خەڵک و کارێکە کە بەرێوەی دەبەن. مادام کە ریزبەندی پلەکانی دەسەڵات و زاڵگەریی و چەوساندنەوە لە گۆڕێدا بێت، شێوازەکانی خۆراگری و خەباتیش بوونی هەیە کە کاریگەری خۆی لەسەر زمان دادەنێت. زمان زیندان نییە، بەڵکوو مەکۆی خەباتە. بێگومان خەبات بەرێوە دەبرێت و لە کۆتایدا لە ناوەندی پێکهاتە مادییەکانی تەواوەن واقعی-شوێنی کار، زیندان، ئەرتەش و ...- حەل و فەسڵ دەکرێت. بەڵام لەهەر کوێیەک خەبات بێتە گۆرێ، لە هەمان شوێن دەبێ زمان بدۆزریتەوە، وە ئەوانەی کە لە پیناو رزگاری لە زوڵم و چەوساندنەوە لە شەردان، بەردەوام لە زمان و وشەکاندا مانا و ناورۆک گەلێک بۆ دەربڕین، شی کردنەوە و هاوئاهەنگ کردنی خەباتەکەیان بۆ دونیایەکی باشتر دەدۆزنەوە.

## تێ بینیەکان:

1- ژاک دریدا، ((دکانسترلکش و هیتر)) لە باس و خواسێکدا لەگەڵ بیرمەندانی هاوچەرخی ئورووپا، کۆکردنەوەی ریچارد کرنی.

(Moscow: Manchester university pvees١٩٨٤) , P. ١٢١

2- کارێل مارکس و فریدریش ئێنگێڵس، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی.

3- ناخوازم بچمە ناو باسێکەوە کە باختین بەشێک یا هەموو مارکسیسم و فەلسەفەی زمانی نووسیوە. من لە بنەرەتدا ئەم کتێبە بە ولۆشینف رەبت دەدەم، هەڵبەت ئەوەشم قەبووڵە کە باختین روخسارێکی ناسراوتری روناکبیری بوو. ئەو ژمارە لاپەرانەش هی دێرگەلێکن لە کتێبی و.ن ولۆشینف، مارکسیسم و فەلسەفەی زمان.

4- ئانتۆنیۆ گرامشی، هەڵبژاردەگەلێک لە دەفتەرەکانی زیندان.

5- هەموو نموونە هێنانەوەکان لە باختین لە کتێبی (The Diaogic lmoginotion)

وەرگێرانی کریل ئێمرلۆن و مایکڵ هالکوست لاپەرەکانی ٢٧١, ٢٧٢, ٢٧٦, ٢٧٨, ٢٩٥.

# فەلسەفەی لێکدانەوەیی و فەلسەفەی زمان

**ک.س. دانلان**

**وەرگێراوە لە فارسییەوە: ئازاد بەهین**

ئەو میتۆدانەی کە لە ماوەی بەشێکی زۆری سەدەی بیستەم بەسەر فەلسەفە لە بەریتانیا و لە دەیەکانی دواییدا بەسەر فەلسەفە لە ئەمریکادا زاڵ بووە، بەم هۆیە بە لێکدانەوەیی و گرێدراو بە زمانەوە ناو بردراوە کە لێکدانەوەی چۆنییەتی دەربڕینی چەمکەکان لە زماندا، پرسی سەرەکی ئەم دوو سونەتە فەلسەفییە بووە. سەرەڕای ئەوەی کە ئۆستراليا و وڵاتانی ئیسکاندیناویش بەشێکیان هەبووە لە گەشەی ئەم بزووتنەوە فەلسەفییە، بەڵام بەدەر لەو وڵاتانەی کە باسکران، ئەم سونەتە فەلسەفییە لایەنگرانێکی کەمی هەبووە. بە پێچەوانەی هاوڕایی ئەم سونەتە، تاکە تاکی فەیلەسوفەکان و ئەو بزووتنەوانەی کە پەیڕەوی ئەون، لە مەڕ ئامانج و میتۆد ناسی فەلسەفە، زۆرتر بە شێوەیەکی تاک، پێچەوانەی بۆچوونی یەکتر بوون و رای جیاوازیان هەبووە. بۆ نموونە، لۆدویک ویتگنشتاین (فەیلەسووفی کەمبریجی ئۆتریشی) کە پێش نیوەی سەدەی بیستەم یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی ئەم سونەتە بوو، لە مێژووی فەلسەفەدا بە نموونەیەکی بێ وێنە دەژمێردرێ. ئەو لە ماوەی دوو دەورە لە داهێنانی فەلسەفیی زۆر کاریگەریی خۆی، توانی دوو سیستەمی فەلسەفی جیاواز دابمەزرێنێ کە ناوەرۆکی سەرەکی دووهەمیان نەفی کردن و بەڵگاندنی یەکگرتوویی بوو بە دژی سیستەمی یەکەم. هەر بۆیە هەم بەرهەمی سەرەکی قۆناغی یەکەم (نامیلکەی لۆژیکی فەلسەفی ١٩٢٢) و هەم بەرهەمی سەرەکی قۆناغی دووهەمی ویتگنشتاین (توێژینەوە و

لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ١٩٥٣) بە یەکێک لە نموونە هەڵکەوتووەکانی فەلسەفەی لێکدانەوەیی دەژمێردرێن.

سەرەڕای ئەوە، زۆرجار ئامانجێکی جیاواز هەبووە بۆ توێژینەوە و خوێندنەوەی فەلسەفی زمان. هەندێک لە فەیلەسووفەکان، لەوانە براتراند راسل و ویتگنشتاین قۆناغی یەکەم لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە پێکهاتەی پاڵەکی، زمانی پێکهاتەی جیهان دروست دەکاتەوە. بەم پێیە، فەیلەسووف دەتوانێ بە لێکدانەوەی زمان بە حەقیقەت گەلێکی گرینگ بگات سەبارەت بە راستی. ئەم تیۆرییە وێنەییەی زمان، بە پێچەوانەی کاریگەرییەکەی، ئەمڕۆکە لە لایەن فەیلەسوفانی لێکدانەوەییەوە بە گشتی بە بەسەرچوو لە قەڵەم دەدرێ.

یەکێکیتر لە مشت و مڕە سەرەکییەکان ئەوەیە کە ئایا زمانی رۆژمەڕە (رۆژانە)، ناتەواو، نادیار، بە لاڕێدابەر و تەنانەت هەندێ جار پێچەوانە و دژە یان نا. لەم ڕووەوە هەندێک لە فەیلەسوفانی لێکدانەوەیی بە هیوای دامەزراندنی زمانێکی "ئیدەئال"ن.: زمانێکی پاراو، روون و ئاشکرا و خاوەنی پێکهاتەیەکی روون. ئۆلگووی گشتی وەها زمانێک زۆرتر (زمانی) لۆژیکی نمادی بووە کە گەشەسەندنی لە سەدەی بیستەمدا رۆڵێکی تەوەری گێڕاوە لە فەلسەفەی لێکدانەوەییدا. بڕیار وابوو کە دامەزراندنی وەها زمانێک دەتوانێ کۆتایی بە زۆرێک لە مشت و مڕە سونەتییەکانی فەلسەفە بێنێ، ئەو مشت و مڕانەی کە سەرچاوەکەیان بە پێکهاتەی ئاڵۆز و بەلاڕێدا بەری زمانە سروشتییەکان لە قەلەم دەدرا. بەڵام لە جەمسەرەکەی تردا، هەندێک لە فەیلەسووفان باوەڕیان وابوو کە زۆرێک لە مەسەلە فەلسەفییەکان لە کەم سەرنجدان بەوەی کە خەڵک رۆژانە لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا باسی دەکەن، سەرچاوە دەگرێ.

فەیلەسوفانی لێکدانەوەیی بە پێچەوانەی ئەم را جیاوازانە لە زۆرێک خاڵدا هاوڕا و هاوبۆچوونن. بۆ نموونە، زۆربەی ئەم فەیلەسووفانە سەرنجیان داوەتە مەسەلە فەلسەفییە تایبەتەکان لەوانە مەسەلەی گەڕان، یان ئەوەیکە

توێژینەوەیان لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی وەکوو چەمکی بیر و هۆش یان شوناسی تاکەکەسی کردووە بە بێ ئەوەی کە سیستمەکانی میتافیزیکی کۆیی دابمەزرێنن_ ئەم روانگەیە بەهەمان تەمەن میتۆدی سۆقراتییە، میتۆدێک کە لە نامیلکەکانی ئەفلاتۆندا وێنا کراوە. ئەفلاتۆن کاری خۆی هەمیشە بە پرسیارگەلێکی دیاریکراوی وەکوو "زانست چییە؟" یان "عەداڵەت چییە؟" دەست پێدەکرد و بە شێوەیەک بە دوای ئەم پرسیارانەدا دەچوو کە بە واتای نوێی وشە بە ئاسانی دەکرێ بە نموونەی لێکدانەوەی فەلسەفی بزانین.

بەهەر حاڵ، لێکدانەوەی فەلسەفی دەبێ هەندێ چەمکی گرینگ روون بکاتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفیانە بداتەوە کە پەیوەندیان بەم چەمکانەوە هەیە. نموونەی دیار و ئاشکرای وەها لێکدانەوەیەک دەکرێ لە تیۆری وەسفە دیاریکراوەکانی راسێل بەدی بکەین. بە وتەی راسێل هەر حوکمێکی سادەی بابەت وەکوو "سۆقرات حەکیمە" لە رواڵەتدا دوو بەشی هەیە. یەکیان "مسند" یان بابەتی ئاماژەی (سۆقرات)، ئەوی‌تر (مسند الیە) یان ئەوەی کە سەربارەت بە بابەتە (حەکیمبوونی سۆقرات). بەڵام ئەگەر وەسفی دیاریکراو بێتە جێگەی ناوی تایبەت، وەکوو حوکمی "سەرۆک کۆماری ویلاتە یەکگرتووەکان حەکیمە"، لە رواڵەتدا ئێمە هەروا سەرو کارمان لەگەڵ ئەو کارە و ئەوە هەیە کە سەبارەت بەوە باس دەکرێ. بەڵام ئەگەر هیچ مابازاییەک بۆ ئەم وەسفە نەبێ مەسەلەیەک دێتە ئاراوە_ هەر وەکوو ئەم حوکمە: "پاشای ئێستای فەرانسە حەکیمە". سەرەڕای ئەوەیکە ئەم حوکمە لە رواڵەتدا سەبارەت بە هیچ کارێک نییە بەڵام ناوەرۆکەکەی شیاوی تێگەیشتنە. بە هۆی بوونی ئەم مەسەلەیە، ئا. ماینۆنگ (یەکێک لە فەیلەسووفە هەڵکەوتووەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم) کە بە "تیۆری ئەعیان" ناسراوە، ناچار بوو بۆ دیاریکردنی وەها نموونە گەلێک لە نێوان ئەو شتانەی کە بوونی راستەقینەیان هەیە و ئەو شتانەی کە بوونیان لە جۆرێکی ترە، جیاوازی دابنێ. لەبەر ئەوەی (بە باوەڕ

ئەو) ئەمجۆرە حوکمانە دەرک ناکرێن مەگەر ئەوەی کە بە کارێکەوە گرێ بدرێن.

بە باوەڕی راسێل فەیلەسوفێکی وەکوو ماینۆنگ بە متمانەی رواڵەتی شکڵی دەستووری (ئەم رستەیە) بە هەڵە و نادروستیان زانی کە گۆیا ئەمجۆرە حوکمانە بە تەواوی ئەحکامێکی سادەی بابەت_ هەڵگیراون. لە راستیدا، ئەوانە حوکم گەلێکی تێکەڵن، لەبەر ئەوەیکە لێکدانەوەی ئەو نموونەیەی سەرەوە ئاشکرای دەکات کە وەسفی دیاریکراوی "پاشای ئێستای فەرانسە" بە هیچ شێوەیەک بەشێکی سەربەخۆ لە حوکم پێک ناهێنێ. لێکدانەوەی زمان نیشانی دەدا کە ئەم حوکمە پێکهاتەیەکی هەڵگەڕاوی ئاڵۆزە لە چەند حوکم. (۱) "کەسێک پاشای ئێستای فەرانسەیە". (۲) "بە لانی زۆرەوە کەسێک پاشای ئێستای فەرانسەیە". (۳) "ئەگەر کەسێک پاشای ئێستای فەرانسە بێ حەکیمە". بەڵام خاڵی گرینگتر ئەوەیە کە هەر کام لەم سێ بەشە بە تەنیایی حوکمێکی گشتییە کە بە کەسێک یان بە شتێکی تایبەتەوە گرێ نەدراوە. ((۱)، (۲)، (۳) بە لێکدانەوەی تەواوی ئەو حوکمەی سەرەوە دەژمێردرێن). لەم لێکدانەوە تەواوەدا، هیچ بەشێک بە واتای "پاشای ئێستای فەرانسە" بوونی نییە. ئەم کارە نیشان دەدا کە هیچ بەشێک لەو حوکمەی سەرەوە ناکرێ بە رێکەوەندێک بزانرێ کە وەکوو ناوە تایبەتەکان بەسەر شتێکدا دەلالەت بکات، شتێک کە گۆیا هەر ئەو بابەتە گشتییەی حوکمە کە ئاماژەی پێکرا. هەربۆیە جیاوازی دانانی ماینۆنگ لە نێوان ئەو شتانەی کە بوونێکی راستەقینەیان هەیە و ئەو شتانەی کە بوونیان لە جۆرێکی ترە، ناڕەوایە.

## روانگەی گشتی فەلسەفەی لێکدانەوەیی

## ناوەرۆک و رۆڵ و شێوەی لێکدانەوە

**ئامانجی فەلسەفەی لێکدانەوەیی شیکردنەوەی وردبیانە و توێژینەوەی چەمکەکانە.**

**پایەی فەلسەفە لە سونەتەی ئەزموونخوازدا**

رۆح و شێوازی فەلسەفەی لێکدانەوەیی لە گەڵ سونەتی ئەزموون خوازدا دێتەوە، سونەتێک کە جەخت لەسەر دادەکانی هەست دەکاتەوە و گەلێک سەدەیە کە تایبەتمەندی قۆناغی کورتی خەسڵەتە باشەکانی فەلسەفەی بەریتانیایی بووە و ئەم فەلسەفەیەی لە شاڵاو و تەوژمی عەقڵگەرای فەلسەفەی قارەی ئەورووپا جیا کردووەتەوە. لەم روەوە هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کە فەلسەفەی لێکدانەوەیی بە گشتی لە وڵاتانی ئانگلۆساکسۆندا رەگی داکوتاوە. لە راستیدا، بە گشتی سەرەتا و دەسپێکی فەلسەفەی لێکدانەوەیی نوێ بە سەردەمێکەوە گرێ دەدەن کە دوو سیمای هەڵکەوتووی ئەم سونەتە، راسێل و موور (کە هەر دووکیان فەیلەسووفانی زانکۆی کمبریج بوون) راپەڕینیان بە دژی جۆرێک ئیدەئالیزمی دژە ئەزموونخواز بەرپا کرد کە بۆ ماوەیەک بواری فەلسەفەی لە ئینگلیس قەبزە کرد بوو. ناسراوترین و ناودارترین ئەزموونخوازانی بریتانیا_ژان لاک، جۆرج برێکلی، دیوید هیۆم و ژان ئێستوارت میل_ لە زۆرێک لە حەزەکان و فێرکردنەکان و شێوەکاندا لە گەڵ فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی هاوچەرخ هاوبەش بوون. سەرەڕای ئەوەیکە زۆرێک لە فێرکردنە تایبەتەکانی ئەم ناودارانە ئەمڕۆکە ئامانجی هێرشی فەیلەسووفانی لێکدانەوەییە، ئاوا دێتە بەرچاو کە ئەم کارە زۆرتر ئەنجامی سەرەنج دانی هەر دوو گروپە بە مەسەلە فەلسەفییە دیاریکراوەکان و جیاوازییەک لە روانگەی گشتی فەلسەفەی ئەواندا بوونی نییە.

زۆربەی ئەزموونخوازان، بە پێچەوانەی وەرگرتنی بێ توانایی هەستەکان لە بەدەستهێنانی دڵنیاییەک کە بە کەڵکی زانست بێت، لەسەر ئەو باوەڕەن کە

گەیشتن بە باوەڕە هۆدارەکان سەبارەت بە جیهان تەنیا لە ڕێگەی بینین و ئەزموونەوە ئەگەری هەیە. واتە بەڵگاندنی پێشوو لەسەر بنەمای پێشەکییە ساکارەکان ناتوانێ ڕاستییەکانی جیهانمان بۆ ئاشکرا بکات. ئەم بۆچوونە بووە بە دوو باڵی دیار و دەرکەوتووی نێوان زانست. جیاوازی و دژایەتی نێوان زانستی فیزیکی، کە لە کۆتاییدا دەبێ تیۆرییەکانی خۆیان بە هاوکاری بینین ڕاست بکەنەوە، و زانستە پێوانەیی یان پێشووییەکان_ بۆ نموونە، بیرکارییەکان و لۆژیک_ کە میتۆدی ئەوانە ئەنجام وەرگرتنی کێشەکەیە لە بنەمای بابەتەکە، لەبەر ئەوەیکە زانستە پێوانەییەکان ناتوانن باوەڕە هۆدارەکان یان تەنانەت زانست سەبارەت بە جیهان بۆ ئێمە بخەنە ڕوو. ئەم دەرئەنجامە بەردی بناغەی دوو بزووتنەوەی گرینگ بووە لە دەقی فەلسەفەی لێکدانەوەییدا: ئۆتۆمیزمی لۆژیکی و پۆزیتیۆیزمی لۆژیکی. بۆ نموونە، لە ڕوانگەی پۆزیتیۆیستییەوە، کێشەی بیرکاری تەنیا دەرئەنجامەکانی بنەمای دۆخی یان ئەو پەیمانانەن کە بۆ دیاریکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانی نمادە بیرکارییەکان تۆمار کراون.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا خودی فەلسەفە دەبێ بە بەشێک لە زانستە ئەزموونییەکان یان زانستە پێشووییەکان بزانین؟ ئەزموونخوازانی دەسپێکەکان فەلسەفەیان بە بەشێک لە زانستە ئەزموونییەکان لە قەڵەم دەدا. ئەوان بە بەراوەرد لە گەڵ فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی هاوچەرخ ئەوەندە شەیدای تێڕامان نەبوون لە ناوەرۆکی میتۆدی فەلسەفی. ئەزموونخوازانی دەسپێکەکان زۆرتر بەدوای چارەسەری مەسەلەی زانست ناسی (تیۆری ناسین) و فەلسەفەی زەینەوە بوون و باوەڕیان وابوو کە لە ڕێی دەروونخوازییەوە دەتوانرێ بە ڕاستییە ئەساسییەکانی ئەم باسانە بگەی. لەم ڕووەوە کاری خۆیان بە جۆرێک لە دەروونناسی دەرونخواز دەزانی. لە کاتێکدا کە فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی سەدەی بیستەم ئەوەندە حەزیان نەدەکرد کە دەروونگەری بێ نێونجی بە بنەمای کۆتایی دیاریکردنی کارو بار بزانن.

سەرەڕای ئەوە وادەهاتە بەرچاو کە گەشەسەندنی میتۆدە دروستەکان لە لۆژیکی رۆاڵەتیدا دەتوانێ یارمەتی چارەسەرکردنی مەسەلە فەلسەفییەکان بدات و لۆژیکیش بێ گومان لە نموونە دەرکەوتووەکانی زانستە پێشووەکانە. بەم جۆرە، ئەم بۆچوونە برەوی پەیدا کرد کە فەلسەفە دەبێ لەگەڵ لۆژیک و بیرکارییەکان پۆلێن بەندی بکرێت.

لێکدانەوەی واتایی، لێکدانەوەی زمانی، لێکدانەوەی زانستی. هەربۆیە ئەم پرسیارە هەروا مایەوە کە رۆڵ و میتۆدی فەلسەفە چییە. لە روانگەی زۆرێک لە فەیلەسووفانی لێکدانەوەییەوە کە بە شێوەیەکی توێژینەوانە و وردبینانەی مور سەرقاڵی فەلسەفەن و بە تایبەت لە روانگەی گروپێکەوە کە زانکۆی ئاکسفۆردیان کردووەتە ناوەندی فەلسەفەی لێکدانەوەیی، کاری فەلسەفە لێکدانەوەی چەمکەکانە. بە باوەڕی ئەم گروپە، فەلسەفە باسێکی پێشوویە، لەبەر ئەوەی فەیلەسووف بە مانایەکی تایبەت لە پێشدا خاوەنی چەمکێکە کە دەیهەوێ لێکدانەوەی لەسەر بکات و لە ئاکامدا نیازی بە هیچ چەشنە بینینێکی ئەزموونی نییە.

دەکرێ فەلسەفە وەک لێکدانەوەی واتایی یان لێکدانەوەی زمانی لە قەڵەم بدەین. بۆ نموونە، فەیلەسووف لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی چەمکی "دیتن" تەنیا تێبینی زمانناسی دەرنابڕێ ـ وەک لێکدانەوەی کرداری "دیتن"ـ هەر چەند کە شیکردنەوەی ئەوەی کە دەتوانرێ بە یارمەتی ئەم کردارە دەربڕدرێ پەیوەندی بە ئەنجامی لێکدانەوەکانی ئەوەوە هەیە، لە بەر ئەوەیکە چەمکەکان بە هیچ زمانێکی تایبەتەوە گرێ نەدراون. هەر چەمکێک لایەنی هاوبەشی هەموو ئەو زمانانەیە کە توانای دەربڕینیان هەیە. بەم پێیە، ئەو فەیلەسووفانەی کە باوەڕیان وایە کاریان لێکدانەوەی چەمکەکانە بەردەوام لە پێناو نەهێشتنی ئەم تۆمەتە هەوڵیان داوە کە مەسەلە و رێگە چارەکانیان تەنیا تایبەتە بە وێژە.

لە لایەکی ترەوە، زۆربەی فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئەم کارە کە هەر ڕێکەوەندێک چۆن لە زمانی رۆژانەی نا تەکنیکی بەکار دەهێنرێ. لەم روەوە، هەندێک رەخنەگران، بە مەبەستی سووکایەتی، دەستەواژەی فەلسەفەی زمانی ئاساییان بەم چەشنە لێکدانەوانە بەستووەتەوە. کتێبی بەکەڵکی چەمکی زەین بەرهەمی گیلبێرت رایڵ (فەیلەسووفی هەڵکەوتووی ئاکسفۆردی) نموونەی بەرچاوی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەیە کە بە ڕای هەندێک رەخنەگران بنەما گشتییەکەی سەرنج دانێکی لۆکاڵە بە چۆنییەتی ئاخافاتنی ئینگلیزی زمانەکان. بەڵام ئەو دەستە فەیلەسووفە لێکدانەوەییانەش بە ترسەوە دەڕواننە دەستەواژەی زمانی ئاسایی چ دەگا بەڵگاندن گەلێکیتر ئیقامە بکەن.

پرسی تێگەیشتن نیشان دەدا کە فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی پابەندی لێکدانەوەی واتایی ئامانجن و مەبەست و ئامانجی فەلسەفە بە جیاواز لە زانست و لە هەمان کاتدا بە تەواوکەری ئەو دەزانن. فیزیۆلۆژیستەکان، دەروونناسان و فیزیک زانەکانیش ـ لە ڕێی تاقیکردنەوەکان و بینین و تیۆری ئەزموونانەوە ـ هاوبەش بوون لە بەرین بوونەوەی تێگەیشتنمان لە پرسی تێگەیشتن. هەربۆیە ئاوا دێتە بەرچاو کە زانستەکان بەردەوام دەخوازن هەڵوێستەکانی پێشووی خۆیان بخەنە لاوە، خواستێک کە لە ڕواڵەتدا فەلسەفە ناتوانێ ئەنجامی بدات. بۆ نموونە، لە دەسەڵاتگەی فەلسەفەدا، دیاریکردنێک کە فەیلەسووفێکی لێکدانەوەیی وەکوو مۆر و پۆزیتیۆیستی، وەکوو ئایێر لە سەدەی بیستەمدا لەسەر تێگەیشتن دەیکەن پەیوەندییەکی نزیکیان لە گەڵ دیاریکردنی لاک لە سەدەی هەڤدەهەمدا هەیە.

جیاوازی نێوان فەلسەفە و زانست لەوەدایە کە دونیای رووداوی ڕاستەقینە وەکوو دیتن شی دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە فەیلەسووف توێژینەوە لەسەر چەمکێک دەکات کە هەر چەشنە دۆزینەوەیەکی ئەزموونی لەبەر دەست دایە و سەربەخۆیە لێی. ئەگەر کارەکەی خۆی بەم گریمانە دەست پێدەکات کە

دەتوانێ نموونەکانی (چەمکی) دیتن لە کاتی بەکارهێنای ئەم چەمکەدا جیا بکاتەوە، فەیلەسووف دەیهەوێ بزانێ کە دیتن چ کارێک گشتگیر و مسۆگەر دەکات، یان بە واتایەکی‌تر چ مەرجێک دەکرێ بۆ پۆلێن بەندی ئەو خاڵانەی دیتن دابندرێ. بۆ  نموونە، ئەو دەیهەوێ بزانێ کام مەرج پێویست یان تەواوە. لە کاتی تاقیکردنەوەی ئەم تیۆرە فەلسەفییە کە دیتنی هەر شتێک پێویستی پێیەتی کە ئەم شتە لە تاکی بینەردا ببێتە هۆی ئەزموونێکی دیتنانە (تیۆری دژی تێگەیشتن) پێویستی بە تاقیکردنەوەی زانستی نییە. رەخساندنی دەرفەتی تایبەت کە تیایاندا شتە فیزیکییە جۆراوجۆرەکان نابنە هۆی هیچ چەشنە ئەزموونێکی دیتنانە، ئەویش بە مەبەستی سەلماندنی نەدیتنی ئەم شتانە کارێکی بێهودەیە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم تیۆرییە دروست بێ، ئەمجۆرە دەرفەتە تاقیکردنەوانە نابینرێ، و ئەگەر ئەم تیۆرییە نادروست بێ تەنیا بە وەسفی دەرفەتێکی پاڵەکی دەبێ رەزامەند بێ. پرسی سەرەکی چۆنییەتی پۆلێن بەندی دەرفەتەکانە و بۆ ئەم مەبەستە دەرفەتە پاڵەکییەکان بە رادەی دەرفەتە راستەقینەکان گونجاون .

## رۆڵی دەرمانیی لێکدانەوە

لە روانگەی هەندێ فەیلەسووفانی سونەتی لێکدانەوەییەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری وێتگنشتاینەوە، لێکدانەوەی چەمکەکان سەرەرای ئەوەی کە خۆی لە خۆیدا کارێکی چێژ بەخشە، بەهای دەرمانیشی هەیە. تەنانەت زانایان و بیرمەندانیش لە ساتە فەلسەفییەکانی خۆیاندا بەهۆی تێنەگەیشتنی لێکدانەوەی گونجاوی ئەو چەمکانەی کە بەکاری دەهێنن، مەسەلەی فەلسەفی دروست دەکەن. ئەم کەسانە دوو دڵ دەبن تا بۆ دیاریکردنی ئەم دژواریانە تیۆری گەلێک فۆرمۆلە بکەن، لە کاتێکدا کە دەبوایە رۆڵی چەمکەکان لە یەکتر جیابکەنەوە، کارێک کە پێیانی دەسەلماند کە

مەسەلەیەک لە ئارادا نییە. بەمجۆرە، بێ توانایی لە تێگەیشتنی چۆنییەتی بەکارهێنانی چەمکە دەروونناسییەکان ـ لەوانە ئێحساسات، سۆزداری و حەزەکان ـ سەرنجی فەیلەسووفانی بەرەو لای مەسەلەگەلێکی تایبەتی راکێشاوە، مەسەلە گەلێکی وەکوو زانست بە بیرۆکەیەکی تر یان ئەوەیکە چۆن سۆز و حەزەکان دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانی فیزیکی لە قەوارەدا و بە پێچەوانەوە. بەم بیرکردنەوەیە لە فەلسەفە، لێکدانەوەی ئەو چەمکانە لە جیاتی چارەسەر، (مەسەلەکان، "خەوشدریان" دەکات، لەبەر ئەوەیکە فەیلەسووفان بەم کارە تێدەگەن کە ئەو فۆرمۆلبەندییەی ئەوان لەسەر خودی ئەم چەمکانە تووشی کۆمەڵێک هەڵە بووە.

زۆرجار رەخنە لەم چەشنە روانیینە دەگرن بە فەلسەفە کە بۆچی کاری فەلسەفە تایبەت دەکات بە سەر لێ شێواوییەکانی تری فەیلەسووفان و لەم روەوە دەیکا بە کارێکی نەزۆک و بێهوودە. هەڵبەت پێویست ناکات کە ئەم سەر لێشێواویانە تەنیا بە فەیلەسووفاتی تر قەتیس بکرێت. بۆ نموونە، زانایانیش دەتوانن تیۆری فەلسەفی داڕێژن کە کاریگەری بێ لەسەر چۆنییەتی تاقیکردنەوەکانیان و لەم روەوە تیۆرە فەلسەفییەکانی ئەوانیش دەتوانێ ببێتە دەرمانی فەلسەفی. بۆ نموونە ئاکارخوازی لە دەروونناسیدا_ واتە هەر ئەو روانگەیەی کە سۆز و حەز و روانگە زەینییەکان بە مەیلە ئاکارییەکان لە قەڵەم دەدات_ لە رواڵەتدا تیۆرییەکی فەلسەفییە، و ئەویش ئەگەر زاڵ بێ بەسەر جۆرێک سەر لێشێواویدا سەبارەت بە لێکدانەوەی چەمکە دەروونناسییەکان. هەر بۆیە ئاکارخوازی لە بیچم گرتنی رێگاکانی دەروونناسان بەرەو زانست کاریگەر بووە. بەمجۆرە، فەلسەفە لەم روانگەیەوە دەتوانێ ئەو دیوی بواری یارییە فەلسەفییەکانی بەهای دەرمانی بێ.

فەلسەفە بە پێچەوانەی تایبەتمەندی ئەبستراکتی خۆی، هەمیشە بە نیازە مرۆییەکانەوە گرێ دراوە و رەنگە ئۆلگوی دەرمانی (فەلسەفە) باشترین شێوەی لێکۆڵینەوەی ئەم ئامانجە بێ. بۆ نموونە، خەڵکی ئاساییش هەروەک

فەیلەسووفان لەگەڵ ئەم پرسیارە بەرەوڕوون کە ئایا کردارەکان بە هەلومەرجی پێشوویی دیاری دەکرێ یان نا. بەڵام ئەم مەسەلەیە، بە مەرجی راستی روانگەی درەمانی لە فەلسەفە، ئەنجامی خراپ تێگەیشتنە سەبارەت بە چەمک گەلێکی وەکوو هۆیەتی و بەرپرسیارێتی و کردار کە هەرکامەیان پێویستیان بە روونکردنەوە و باسکردن هەیە.

## زمانی رواڵەتی لە بەرابەر زمانی ئاساییدا

لە روانگەی تەوەری میتۆد ناسییەوە، رۆڵی زمان یەکێک بووە لە گرینگترین تێبینییەکانی فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی و لە هەموو کێشە و مشت و مڕەکانیاندا رەهەندی سەرەکی باس بووە. فەیلەسووف بەدەر لە ئایینی لێکدانەوەیی بە گشتی رایان وایە کە کەڵکەڵەی ئەم سونەتە فەلسەفییە لە گەڵ زمان لە حوکمدا بە لێکدانەوە کلاسیکییەکەی جۆرێک دوورییە لە فەلسەفە. لە کاتێکدا کە ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ، فەیلەسووفانی سەدەی ناوەڕاست، ئەزموونخوازانی ئینگلیزی ـ و لە راستیدا زۆربەی ئەو فەیلەسووفانەی کە بە خاوەن بەرهەم دەژمێردرێن ـ هەموویان گرینگیدان بە زمانیان بە کارێکی سەرەکی زانیوە. هەر بۆیە سەبارەت بەوەیکە زمان دەبێ چ رۆڵێک بگێرێ ڕاجیاوازی بنەمایی هەیە. یەکێک لەم ڕاجیاوازییانە پەیوەندی هەیە بە گرینگی زمانە رواڵەتییەکان (بە واتای رەوان لە لۆژیکی نمادیدا) بۆ پرسیارە فەلسەفییەکان.

## ئاڵوگۆڕی لۆژیکی بیرکاری

لە سەردەمی ئەرەستۆدا لۆژیک لە گەڵ فەلسەفە هەمیشە هاوئاهەنگ بووە. بەڵام تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لۆژیک زۆرتر تایبەت بووە بە تۆمارکردنی

ڕێزمانێکی دروست بۆ شکڵێکی سادە لە بەڵگە، پێوانە. هەڵبەت لەم ماوەیەدا لۆژیک هیچ کات بە شێوەیەکی ڕێک و پێک لە درێژەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە زانستی بیرکاری لەسەرەتاوە ئاگاداری بوو، بڵاو و بەرین نەبوەوە.

لە سەرەتادا بیرکاری دانەران بە دروستی کەڵکیان لەم دوو میتۆدە گرینگە وەرگرتووە: (١) بەکارهێنانی میتۆدی بابەتەکە (وەک هندسەی ئەقلیدۆسی) لە بەرینبوونەوەی تەوەری بیرکاری: و (٢) کاربردی نمادەکان یان گۆڕاوە ڕۆاڵەتییەکان بۆ باسکردنی ئەحکامی گشتی و دروستی ئەم باسە (بە وەها میتۆدێک دەکرێ بوترێ A+BB+A هاوکێشەیەکە کە تیایدا دەکرێ هەر ناوێک یان هەر ژمارەیەک بخرێتە جێی A و B و ئەنجامەکە هەروا بە دروستی دەمێنێتەوە.)

سەیر ئەوەیە کە لۆژیک دانەران لە ماوەی سەدەکان و چاخەکاندا هیچ کات نەیانتوانی پەی بە هێزی بەکارهێنانی نەمادە رواڵەتییەکان بەرن. لە ئاکامدا کاتێک بەکارهێنانی وەها نمادگەلێک و شێوەکانی تری بیرکاریان دەست پێکرد، توانیان تێگەیشتنی ئێمە لەم باسە زۆر بەربڵاو بکەنەوە. لە نێوان هەموو ئاڵوگۆڕە زانستییەکان کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەگشتی لە ڕێی بەرهەمەکانی بیرکاری دانەرانەوە روویدا، داهێنانەکانی جۆرج بۆلی ئینگلیزی، دانەری جەبەر بۆل، و گئۆرک کانتۆری رووسی، دانەری تیۆری کۆمەڵەکان، گرینگییەکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم داهێنانە مزگێنی دەری نزیکی زۆرتری لۆژیک و بیرکارییەکان بوو. کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو کە هەم بیرکاری زان بوو و هەم فیلسووف و هەر بەم بۆنەیەوە دەکرێ بە هۆکاری سەرەکی زەواجی لۆژیکی بزانین (وەک باسێکی فەلسەفی) لەگەڵ میتۆدەکانی بیرکاری، ناوی گۆتلێب فۆرگە بوو.

فۆرگە کە لە مامۆستایانی زانکۆی یەنا بوو لە ئەڵمان، لە روانگەی مێژووییەوە بە گشتی بە بۆنەی بیرکردنەوەکانییەوە بە بێرتۆراند راسێل

ناوبانگی دەرکردبوو. هەرچەند کە ئەمڕۆکە بەبۆنەی متمانەی خۆیان ڕێز لە بەرهەمەکانی دەگیرێ. بەرهەمی گەورەی بێرتۆراند راسێل، پرینکیپیا ماتماتیکا (بنەمای بیرکاری) (١٩١٠-١٩١٣)، کە بە هاوکاری و یارمەتی ئالفێرد نۆرس وایتهێد نووسرابوو، لە گەڵ کتێبی پێشووی راسێل بە ناوی ئوسولی بیرکاری (١٩٣٠) فەیلەسووفانی لەم خاڵە وەئاگا هێناوە کە بەهارهێنانی میتۆدەکانی بیرکاری لە لۆژیکدا لەوانەیە لەبواری فەلسەفیدا گرینگییەکی شیاوی هەبێ. دەزگای نمادی (لۆژیکی رواڵەتی) ئەم گرینگییەی هەبوو کە هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زمانی ئاساییدا هەبوو، ڕێساکەی دەتوانرا بە وردی فۆرمۆلبەندی بکرێ. سەرەڕای ئەوە، ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بەستێنی لۆژیکی نمادیدا روویداوە جیاوازی و میتۆدگەلێکی زۆری هێناوەتە ئاراوە کە دەکرێ لە لێکدانەوەی زمانی ئاساییدا بەکار بهێنرێ.

## جیاوازییەکانی زمانی ئاسایی لە گەڵ لۆژیکی رواڵەتی

بەڵام ئاوا دێتە بەرچاو کە جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی لۆژیکی رواڵەتی تەنیا لەم خاڵەدا کورت ناکرێتەوە کە یەکەم ڕێسایەکی دروستی نییە. ئەوەی کە هەر لە یەکەم روانینەوە دیارە ئەوەیە کە زمانی ئاسایی زۆربەی کات ڕێسای لۆژیکی نمادی لە رواڵەتدا پێشێل دەکات. بۆ نموونە ئەم حوکمەی خوارەوە لەبەرچاو بگرن: "ئەگەر ئەمە زێڕە (کە بە هێمای P نیشان دەدرێ)، ئەوکات لە تێزاودا دەتوێتەوە (کە بە هێمای q نیشان دەدرێ)." وەها حوکمێک لە لۆژیکی نمادیدا لەگەڵ شکڵی لۆژیکیی ناسراو بە مەرجێک ملکەچی بەها،) p?qکە تیایدا؟ بە واتای "ئەگەر....، ئەو کات..."ــە،. دەر دەبڕدرێ. بە پێی یەکێک لە ڕێساکانی لۆژیک هەرکاتێ "ئەمە زێڕە" درۆ بێ ئەو حوکمەی سەرەوە راستە. لە کاتێکدا کە لە زمانی ئاساییدا ئەم حوکمە تەنیا لەسەر بنەمای هۆکاری لۆژیکیی رواڵەتی بە دروست ناژمێردرێ، بەڵکوو دروستییەکەی بەستراوەتەوە بە پێوەندی راستەقینە لە جیهانی پەرچەکردارە

کیمیاییەکان، پێوەندی نێوان زێڕ بوون و شیاوی توانەوە لە تێزاودا کە هیچ پێوەندییەکی بە لۆژیکی نمادییەوە نییە .

لە نێوان فەیلەسووفانی لێکدانەوەییدا بوونی زۆرێک لەم چەشنە جیاوازییە ڕواڵەتیانەی نێوان لۆژیکی نمادی و زمانی ئاسایی ڕوانگەی جۆراوجۆری لێ کەوتووەتەوە، لە بە چاوی سووک ڕوانینی لۆژیکی نمادی بە زمانە نا دروستکراوەکانەوە بگرە تا ڕوانینێک کە زمانی ئاسایی بە هەڵگرێکی گونجاو لە قەڵەم نادات بۆ دروست دەربڕینی ڕاستییە زانستییەکان .

## ڕاڤەی جۆراوجۆر لە پێوەندی لۆژێک و زمان

زۆرێک لە فەیلەسووفانی لێکدانەوەیی باوەڕیان وایە کە لۆژیکی نمادی دەتوانێ چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ زمانێکی ئیدەئاڵ یان تەواو دەستەبەر بکات. ئەم حوکمە بە دوو شێوەی جۆراوجۆر دەکرێ لێکبدرێتەوە:

1- ڕاسێل و ویتگنشتاین دەورەی یەکەم باوەڕیان وابوو کە لۆژیک دەتوانێ بە شێوەیەکی وردبینانە پێکهاتەی ڕاستەقینەی هەموو زمانەکان ئاشکرا بکات. لە ئەنجامدا هەر چەشنە لادانێکی ڕواڵەتی لەم پێکهاتەیە لە زمانی ئاساییدا دەبێ بیگەڕێنینەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە دەستووری ڕواڵەتیی زمانی ئاسایی ناتوانێ پێکهاتە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکات و هەر بۆیە دەتوانێ کارێکی بەلاڕێدا بەر بێ. ئەو فەیلەسووفانەی کە داکۆکیان لەم بۆچوونە کردووە، بە مەبەستی تەواوکردنی، زۆرجار هەوڵیان داوە تا سەرهەڵدانی مەسەلە فەسلەفییەکان گرێدەنەوە بە سیحراوی بوون لە لایەن تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی زمانەوە. بۆ نموونە بە هۆی هاوشێوە بوونی نێوان دوو ڕستەی "بەبرەکان قەپ دەگرن" و "بەبرەکان بوونیان هەیە"، لەوانەیە ئاوا بێتە بەرچاو کە کرداری " هەبوون"، هەر وەک کردارەکانیتر، هەڵگیراوێک لەسەر بابەت هەڵدەگرێ .

# گفتوگۆی جەیمس پێک لەگەڵ نووام چۆمسکی

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف

## من هەمیشە لە بەرەی دۆڕاوەکان بووم

**جەیمس پێک:** تۆ هێندەت لەبارەی ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونە تایبەتانەی خۆتەوە نەنووسیوە کە بوون بە بنچینە بۆ قەناعەتی سیاسیت، ئەگەرچی من وا هەست ئەکەم کە ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانە کاریگەرییان لەسەر قەناعەتی سیاسیی تۆ هەبووە و جێیان لەسەر ئەو قەناعەتە داناوە.

**نووام چۆمسکی:** نا، من زۆر بیرم لەوە نەکردۆتەوە...

**ج. پ.** من پێم وایە، بۆ نموونە، ئەوە سەرنجراکێشە کە تۆ بە دەگمەن ناوی ئەدەبیات، یان فەرهەنگێک ئەهێنیت، فەرهەنگ بەو مانایەی کە جۆرێکە لە خەباتکردن بۆ ئەوەی لە ڕێگای کەرەسەی هونەرییەوە شێوەژیانێکی بەدیل بدۆزیتەوە، تۆ بە دەگمەن ناوی ڕۆمانێک ئەهێنیت کە کاریگەریی لەسەرت هەبووە. ئەمە بۆ چی ئەگەڕێتەوە؟ ئایا چەند بەرهەمێک هەن کە کاریگەرییان لەسەرت هەبووبێت؟

**ن. چ.** بێگومان بەرهەمی لەو چەشنە هەبوون، بەڵام ئەوەیش ڕاستە کە بە دەگمەن لەبارەی ئەو جۆرە بەرهەمانەوە ئەنووسم. من لەبارەی خۆمەوە

نانووسم، هێندەیش کە پێوەندی بەو بابەتانەوە هەیە من پێیانەوە خەریکم، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. جۆرێک لە بەرهەم هەن، کاتێک ئەیانخوێنمەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر من بە جێ ئەهێڵن، بەڵام لەو بڕوایەشدام کە جیۆرپێ و هەستەکانی من، زۆر پێش ئەوەیش کە دەست بە خوێندنەوەی ئەدەبیات بکەم، شێوە و ڕەنگوڕووی خۆیان وەرگرتبوو. من هەمیشە و بەهۆشیارییەوە ئەبم بە ئاستەنگ لە بەردەم ئەوەدا کە ئەدەبیات کاریگەریی لەسەر ڕاوبۆچوونەکانم هەبێت و جیۆرپێی من لە کۆمەڵگا و مێژوودا دیاری بکات.

**ج. پ.** جارێکیان وتت: "هیچ سەیر نابێت ئەگەر ئەدەبیات، لەمەودوا و لە داهاتوودا، زانیارییەکی زۆر قووڵتر، لە هەر شێوازێکی دیکەی زانست تا ئێستا، لەبارەی ئەوەوە کە بە (مرۆڤ) وەکو یەکەیەکی گشتگر ناو ئەهێنرێت بدات بە دەستەوە."

**ن. چ.** ئەوە ڕاستە و بەتەواویش باوەڕم پێی هەیە. تەنانەت ئەتوانم بڵێم ئەوە نەک هیچ سەیر نییە، بەڵکە لەوانەیە لە دڵنیایی تەواویش نزیکمان بخاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بۆ نموونە من بمەوێت لە چین و شۆڕشی چین تێبگەم، ئەبێت بەگومانەوە لەو ئەدەبیاتە بڕوانم کە ئەوەم پێشان ئەدەن. ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نییە، کاتێک کە لە منالێیدا لەبارەی چینەوە شتم خوێندەوە، بۆ نموونە خوێندنەوەی کتێبی (ڕێکشاو بۆی)، ئەو خوێندنەوەیە کاریگەریی خۆی لەسەر تێگەیشتنی من بەرانبەر بەو وڵاتە دانا. ئەو کتێبە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر من هەبوو. ئەمەش ئەوەندە دەمێکە ڕووی داوە کە من ئیتر شتێکی تری زیاتر لەو کاریگەرییەم لە بیردا نەماوە. هێندەی پێوەندی بە خۆمەوە هەبێت، وەک چۆن لەوانەیە بۆ کەسانی تریش هەر وا بێت، بە هیچ جۆرێکیش گومانم لەوە نییە کە هەر لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە، ئەدەبیاتی عیبری،

ڕووسی و هەموو جۆرە ئەدەبیاتێکی دیکەیش، جۆری تێڕوانین و بۆچوونەکانی من بەهێز بوون و بیروڕایەکانیشم گۆڕانیان بەسەردا هات. بەڵام لە ئاکامدا مرۆڤ ناچار ئەبێت جێوڕێی خۆی لە دنیادا وەکو ئەوەی کە هەیە و لە بەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەدا دیاری بکات کە ئەتوانن بۆ خۆی هەڵیانبسەنگێنێت. ئەدەبیات ئەتوانێت جۆری تێگەیشتن، زانیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ ڕۆشنتر بکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ناتوانێت لە بەدەستهێنانی ئەو فاکتانەدا یارمەتیدەر بێت کە مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە، تا بتوانێت بڕیارگەلێک بە دەست بهێنێت کە لەسەر بنچینەیەکی پتەو هەڵچنراون.

**ج. پ.** بەڵام لەوانەیە گرنگیی گەورەی ئەدەبیات لەوەدا بێت کە کەسێک لەسەر ئەوە ڕابهێنێت بە ڕووی گۆشەنیگا جیاوازەکانی بوونی مرۆڤایەتیدا کراوە بێت، کە لە بارێکی تردا تەنانەت بە دواشیاندا ناگەڕێت.

**ن. چ.** زۆر شت هەن بیر و بۆچوونەکانی خەڵک ئەخەنە کارکردن و ئەبێت هەر واش بێت.

**ج. پ.** لەوە ئەچێت نەتەوێت لەبارەی ئەمەوە بدوێیت.

**ن. چ.** لەوە ئەچێت! چونکە لەو باوەڕەدام کە ناتوانم بە بەڵگەوە چەند پێوەندییەکی دیار و ئاشکرا لەنێوانیاندا بسەلمێنم. ئەتوانم بەشێک لەوەی خوێندوومەتەوە و کاریگەرییەکی تەواویان لەسەرم هەبووە بە بیر خۆم بهێنمەوە، بەڵام ئەوەی کە بە چ شێوەیەک جێوڕێی من و بیروڕاکانی منیان سەرلەبەر گۆڕیوە و چۆن کاریگەرییەکی بنبڕیان لەسەریان هەبووە، لەڕاستیدا نازانم.

**ج. پ.** بە منداڵی لە چ خوێندنگایەک خوێندووتە؟

**ن. چ.** کە بچووک بووم، بەر لە تەمەنی دوو ساڵان، خرامە خوێندنگایەکی تایبەت و هەر لەوێش تا تەمەنی دوانزە ساڵان لەسەر خوێندن بەردەوام بووم، ئەمجا هەر لە هەمان شار و بە ئاڕاستەی تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە ئامادەییەک بەشی تیۆریم خوێند.

**ج. پ.** لە نیویۆرک؟

**ن. چ.** لە فیلادێلفیا. ئەو تاقیکردنەوانە، هەردووکیان، ئەوەی پێشتر لەو خوێندنگا تایبەتە و ئەوی دواییش لەو ئامادەییە کە خوێندن تێیدا بە ئاڕاستەی تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی بوو لە داهاتوودا، زۆر شتیان فێر کردم. بۆ نموونە هەتا بەر لە قۆناغی ئامادەییش لە لام ڕوون نەبووبووەوە کە من زیرەک بووم. لەوەوبەر هەرگیز ئەو پرسیارەم لێ نەکرابوو. گەلێک سەرم لەوە سووڕ ما کاتێک کە چوومە ئامادەیی و لە هەموو بابەتەکاندا باشترین پلەم بە دەست هێنا و ئەمەش لەلایەن ئەوانی ترەوە گرنگییەکی تایبەتی پێ درا. کورت و ئاسان ئەو پرسیارە هەرگیز پێشتر و لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانی پێشووتری خوێندندا نەهاتبووە پێش. نەخێر، لەو خوێندنگایەدا کە من پێشتر تێیدا ئەمخوێند، هەموو خوێندکارەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە زیرەک تەماشا ئەکران. بەکورتییەکەی خوێندکارەکان بە یەکتر بەراورد نەئەکران. بەهەرحاڵ! لەو خوێندنگایەدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بیر و تێڕوانینەکانی (جۆن دێوی) دامەزرێنرابوو و ئەتوانم لەبەر ڕۆشنایی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆمدا وەک خوێندنگایەکی زۆر باش ئاماژەی بۆ بکەم، گرنگییەکی بێپایان بە توانای خولْقێنەرانەی هەریەک لە خوێندکارەکان ئەدرا، ئەمەش نەک بەو مانایەی بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ پەڕەکانی بەردەمت ڕەنگین بکەیت، بەڵکو بەو مانایە کە ئەو کار و بیروڕایانە جێبەجێ بکەیت کە

بەلاتەوە گرنگن. لەوێ زەمینە بۆ خولیای خوێندکارەکان خۆش ئەکرا و منالان هان ئەدران تۆوی ئەو خولیایانە بچێنن. ئەوان یان پێکەوە کاریان ئەکرد، یان هەریەک بۆ خۆی خەریک بوو. کەشوهەوایەکی پڕ لە ژیان و زیندوویێتی بوو و هەستی هەریەکێکیش ئەوە بوو کە شتێکی گرنگ و بەبەها ئەنجام ئەدات.

ئەو خوێندکارانە هەڵبژاردە نەبوون. نەخێر! ئەوان تێکەڵەیەکی ئاسایی بوون، وەکو خوێندکارانی هەر خوێندنگایەکی دیکە: بەشێکیان خوێندکارانی لێهاتوو و بەتوانا و بەشێکیشیان ئەو خوێندکارانە بوون کە لەبەر گرفت و کێشەی ژیان لە خوێندنگا ڕەسمییەکاندا سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنابوو، بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەو هەستەی لە هەر منالێکدا هەبوو ئەوە بوو کە ئەگەر کەسێک هەبێت بتوانیت پێشبڕکێی لەگەڵدا بکەیت ئەوە خۆتیت و کەسی دیکە نییە. پرسی سەرەکی، لەوێ، ئەمە بوو: ئەتوانم چی بکەم؟ بەڵام ئەم هەستەش لەژێر هیچ پاڵەپەستۆیەکدا نەبوو و هەروەها بە هیچ جۆرێک هەستی دابەشکردنی پلەوپایەکان لە ئارادا نەبوو. زۆر جیاوازتر لەوەی کە پاشان منالەکانی خۆم ڕووبەڕووی بوونەوە، کە هەر لە پۆلی دووەمەوە لەوە بەئاگا بوون کێ لە پۆلدا (زیرەک) و کێ (دەبەنگ) بوو، کێ بەباشی ئەرکەکانی بە جێ ئەهێنا و کێ کەمتر لەوان بەسەر ئەرکەکانیدا زاڵ بوو. ئەم دابەشکردنە بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو.

بەهەرحاڵ! پاشان گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی، بەشی خوێندنی تیۆرییەکانی سەر بە سیستەمی خوێندنگا گشتییەکان، کە وەکو خوێندنگایەکی زۆر باش تەماشا ئەکرا و ئەمەش بووە مایەی داچڵەکانێکی تەواو بۆ من. بەر لە هەر شتێک، وەکو پێشتریش باسم کرد، ئەوە داچڵەکانێک بوو بۆ من کە بۆم دەرکەوت (زیرەک)م. ئەوە شتێک بوو کە هەرگیز پێشتر بە بیر و خەیاڵمدا نەهاتبوو. بێجگە لەوەیش سیستەمی بەرزهەڵسەنگاندن و گرنگیدانێکی تایبەت بە جیاوازیی بەها مرۆییەکان کە تێکەڵ بەو دابەشکردنە کرابوو، لە ئارادا هەبوو. هەروەها گیانی پێشبڕکێی یەکتر بە شێوەیەکی بێپایان و تەیار و

ئامادەکردنی هەمووانیش بەرەو یەک ئاڕاستە پێڕەو ئەکرا. لەڕاستیدا حاڵەتەکە ئەوەیە کە من تائێستاش زۆر لەو شتانەی لە قۆناغی ناوەندیدا پێیانەوە خەریک بووم و ئەوانەی ئەمخوێندنەوە و شتی دیکەش، بە بیرمدا دێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هیچ شتێکی قۆناغی ئامادەییم لە بیردا نەماوە. بێجگە لە کەشوهەوای گشتی، نزیکەی سەرلەبەری شتەکانی ئەو قۆناغەم لە بیردا نەماون و ئەو کەشوهەوایەش بۆ خۆی شتێکی (نێگەتیڤ) بوو.

کاتێک کە بیر لە سەردەمی پێگەیین و گەورەبوونم ئەکەمەوە، دەلاقەیەکی تاریک و ڕەش لەوێدا هەیە. بەڵام دیارە ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیەکە بەو بارەی بە شێوەیەکی گشتی خوێندنگای تێدایە. سەردەمی خوێندنگا سەردەمێکە لە کۆنترۆڵکردن و تەیارکردنی هەمووان پێکەوە و بەرەو یەک ئاڕاستە. سەردەمێکە کە تێیدا هەوڵ ئەدرێت زانیاریی زاڵ و جلەوکراو کاریگەریی لەسەر هەمووان دابنێت، سەردەمێکە کە سیستەمێکی پڕ لە زانیاریی چەوت و چەوێڵی تێدا پێشکەش ئەکرێت. بەڵام لەمەش گرنگتر، بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆم، ئەو جۆرە و شێوازەی بۆیە تێدا بە کار ئەهێنرێت تا ڕێ لە هەر بیرکردنەوەیەکی خۆبەخۆیی و خوڵقێنەرانە بگیرێت و گیانی پێشبڕکێی یەکتر و دیاریکردنی پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان لە بیر و هۆشدا بچەسپێنرێت، هەروەها پێویستیی ئەوەی کە (زیرەکیی خۆت)ی تێدا بنوێنیت، نەک بەوەی هەوڵ بدەیت کارەکانت بە شێوەیەک کە دڵخوازی خۆتە و حەزیان لی ئەکەیت تێیدا بە ئەنجام بگەیەنیت، بەڵکو بەوەی کە پێشان بدەیت تۆ لە یەکێکی تر (باشتر)یت. بێگومان خوێندنگاکان لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لەو باوەڕەشدام کە ئەم خەسڵەتانە لە زۆربەیاندا باون و هەن. ئەوەش ئەزانم کە مەرج نییە بەو جۆرە بێت، بۆ نموونە: ئەو خوێندنگایەی من بە منالّی تێیدا ئەمخوێند وا نەبوو.

من لەو بڕوایەدام کە ئەبوو و ئەکرا خوێندنگاکان بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە ببرانایە. ئەگەر وا بووایە زۆر گرنگ و بایەخدار ئەبوون، بەڵام لەو باوەڕەشدا

نیم کۆمەڵێک کە لەسەر ئەو دامەزراوانە دامەزرێنرابێت کە پلەوپایە و دابەشکردنی دەسەڵات تێیدا جڵەوگرە، بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەردەم سیستەمێکی خوێندنی ئاوهادا خۆی ڕابگرێت. وەکو (سام بۆولێس) و (هێرب گینتس)یش ئاماژەیان بۆ کردووە کۆمەڵ ئەتوانێت بۆ دەستەیەکی هەڵبژاردە خۆ لەگەڵ خوێندنگایەکی لەو جۆرەدا ڕابهێنێت، چونکە لەوێدا ناچار ئەکرێت خۆی فێری بیرکردنەوە و خولقاندن و شتی دیکەی لەو جۆرە بکات، بەڵام نەک بۆ گشتیی خەڵک. ئەکرێت بەشێک لەو ئەرکانەی سیستەمی خوێندنی ڕەسمی لە کۆمەڵدا هەیەتی زۆر زیانبەخش و ڕووخێنەر بن.

**ج. پ.** سەردەمی خوێندنی زانکۆت چۆن بوو؟

**ن. چ.** لە ئەمیاندا بەختم هەبوو، چونکە من لەڕاستیدا قەت لە زانکۆ نەمخوێند. لەکۆتاییدا پلەی دوکتۆرام وەرگرت و من تەنیا دوو ساڵی یەکەم لە زانکۆ بووم، بەڵام دواتر لەسەر خوێندنی ئاسایی لە زانکۆ بەردەوام نەبووم.

لە زانکۆی پەنسلڤانیا ئەمخوێند و بێگومان لە ماڵی خۆشماندا ئەژیام، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ئەبوو ڕۆژانە چەند سەعاتێک بۆ هاتوچۆی نێوان ماڵەوە و زانکۆ تەرخان بکەم. بێجگە لەوەش کارم ئەکرد، بەزۆری پاشنیوەڕوان دەرسی زمانی عیبریم ئەگوتەوە و یەکشەممان و ئێوارانیش هەروەها. لەنێو خەڵکانی خۆمئاساییدا کەسی دیکە نەبوو لەوە زیاتر شتێکی دیکەی لە دەسەڵاتدا هەبێت تا بتوانێت کاروباری خوێندنەکەی بە جێ بهێنێت و کەسیش لە باری دارایییەوە نەیئەتوانی بە جۆرێکی دیکە بکات. دوو ساڵی یەکەمی زانکۆ، بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕوویەکەوە نەبێت، بەردەوامیی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی بوو. کە دەستم بە خوێندن کرد، بەپەرۆشەوە دەستم پێ کرد و بە هیوا و چاوەڕوانی ڕوودانی زۆر شتیش بووم، چاوەڕوان بووم دەرگای گەلێک هەلومەرجی هاندەر بە ڕوومدا بکرێتەوە. بەڵام ئەو

هیوایانەم، لە هەندێ حاڵەتدا نەبێت، کورتخایەن بوون و نەهاتنە دی ـ بۆ نموونە: بەشداربوون لە کۆرسێکی سەرنجڕاکێش بۆ چوونە ناو دنیای بەرفراوانی فەلسەفەوە لەلایەن (س. وێست چەرچمان) و هەروەها کۆرسی تایبەت بۆ فێربوون و قووڵبوونەوە لە زمانی عەرەبیدا کە پڕ بە دڵ تێیاندا بەشدار بووم، ئەمەش لەلایەکەوە لەبەر هۆکاری سیاسی و لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر گرنگیدان بە زانستی زمانەوانیی سامییەکان کە لە هەوڵ و کۆششەکانی باوکمەوە لەو بوارەدا سەرچاوەی گرتبوو و هەروەهاش لەبەر ئەو کاریگەرییەی لەلایەن (جیۆرجیۆ لیڤی دێلا ڤیدا)وە لەسەرم بوو، کە ئەنتیفاشیستێکی ئیتالیایی بوو. ئەو هەم مرۆڤێکی بەرز و بەڕێز و هەمیش زانایەکی لێهاتوو و بەتوانا بوو. کە دوو ساڵی یەکەم لە زانکۆ تێ پەڕین، بەو نیازەی بەو شتانەوە کە لەلام گرنگ بوون خەریک بم، بیرم کردەوە دەست لە خوێندن هەڵبگرم، خوێندنێک کە لەو سەردەمەدا بەشی هەرەزۆری بە سیاسەتەوە پەیوەست بوو. ئەوسا ساڵی ١٩٤٧ بوو و منیش هەژدەساڵانم پڕ نەکردبووەوە. چەند ساڵێک بوو کەوتبوومە نێو دنیای سیاسەتێکی ڕادیکالانەوە و بەتەواوی تواناوە پێوەی خەریک بووم، سیاسەتێکی ڕادیکالانە کە لەنێو بۆتەیەکی ئەنارکیستانە، یان بە ئاڕاستەی مارکسیزمی چەپڕەوانەی (دژەـ لینینی) خۆی ئەبینیەوە و لەوەش زیاتر بە چالاکی و ڕووداوە سەهیۆنیستەکانەوە خەریک بووم، یان ئەوەی کە ئەوسا بە (سەهیۆنیزم) ناو ئەبرا، ئەگەرچی هەمان ئایدیا و بیر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە بیر و ئایدیا (دژە ـ سەهیۆنیستییەکان) ناو ئەبرێن. بەو چارەسەرە سۆشیالیستییانەوە خەریک بووم کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی دوو نەتەوەی لە فەلەستیندا ئەدا، خەریک بووم بە (کیبووتزەکان) و سەرجەم بزووتنەوەی هاوبەشخوازانەی کرێکارانەوە کە ئەوسا لەوێ، لەنێو جوولەکەکاندا، سەری هەڵدابوو و لە گەشەکردندا بوو، بەڵام قەت سەرکەوتنم لە پێوەندیمدا بەو گرۆ سەهیۆنیستییە لاوانەوە بە دەست نەهێنا کە بە هەمان ئاڕاستەی من بیریان ئەکردەوە و کاریان ئەکرد، چونکە ئەوان یان ستالینیست یان ترۆتسکیست

بوون. منیش هەمیشە بە بڕوایەکی تەواوەوە بەرەنگاریی بۆلشەفیستەکانم ئەکرد. ئەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین کە ئەم پرسیارانە لە دوادوایی نوشستی ئابووریدا (١٩٣٠)، کە ساڵانی پێگەیشتن و گەورەبوونی منیش بوون و بگرە لە ساڵانی دواتریشدا، زۆر بەگەرموگوڕی قسەوباسیان لێوە ئەکرا.

ئەوسا بیرم لەوە ئەکردەوە دەست لە خوێندن هەڵبگرم و خۆ بۆ ئەو شتانە تەرخان بکەم. هەر بەئاستەمیش بە بیرمدا نەئەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ فەلەستین، ڕەنگە بۆ کیبۆتزێک، گەشت بکەم و لەوێ بەشداری لە کاری پێکەوەژیان و هەڵکردنی فەلەستینی و جوولەکەکاندا، کە بەقووڵی بیرێکی دژەدیموکراتانەیە، کار بکەم. [لەو سەردەمەدا بیری پێکهێنانی دەوڵەتێک بۆ جوولەکەکان وا سەیر ئەکرا کە سەر بە ڕێچکەی سەرەکیی سەهیۆنیزمە.] هەر لەم ئاڕاستەیەشدا بوو بەرێکەوت بە (زێلگ هەریس) گەیشتم ، کە کەسێکی تا بڵێیت نائاسایی بوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لاوانی ئەو سەردەمە هەبوو. ئەو بەپێچەوانەی منەوە بەسەر تەواوی ئەو پرسیارانەدا زاڵ بوو و لێیان حاڵی بووبوو و خۆی و چۆنێتیی قسەکردن و لێکدانەوەی ئەو پرسیارانەش زێدەتر بەرچاوی منیان ڕۆشن کردەوە و هەروەها ئەو کەسانەش کە لە ڕێگای ئەوەوە ناسیمن، هاوکاری گرنگ بوون بۆ من. ئەو یەکێک بوو لە پێشەنگترین زمانەوانەکانی بواری زمانەوانی و لە زانکۆی پەنسلڤانیا وانەی ئەوتەوە. ئاڕاستەی زانستیی ئەو زۆر بەرفراوان بوو و زمانەوانی تەنیا سووچێکی بچووکی لەو بەرفراوانییە گرتبوو. ئەو کەسێکی ڕەسەن بوو و بەئاسانی دەوروبەری خۆی ڕووناک ئەکردەوە. سەرەتا لەو کۆرسانەی کە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا بوون دەستم پێ کرد و یەکەم شتێکیش کە لە بواری زمانەوانیدا خوێندمەوە، کتێبەکەی ئەو (مێتۆدەکانی زمانەوانیی پێکهاتەیی) (Methods in Structural Linguistics) بوو بە نیازی پاکنووسکردنەوەی، کە ساڵانێکی زۆر درەنگتر دوای ئەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. هەر لەسەر پێشنیازی ئەویش لەو کۆرسە فەلسەفییانەدا کە بە

پێشەنگیی (نێلسۆن گودمان)، (مۆرتۆن وایت) و چەندانێکی دیکە بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا ئامادە کرابوون، دەستم بە خوێندنی فەلسەفە و هەروەها خوێندنی ماتماتیکیش لەژێر چاودێریی (ناتان فاین)دا کرد. ئەوانە ئەو بوارانەی خوێندن بوون کە من هیچ پێشینەیەکم تێیاندا نەبوو، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێش بوون و بێگومانیش بەشێکی ئەگەڕایەوە بۆ ئەو مامۆستایانە کە بە شێوەیەکی نائاسایی تامەزرۆیان ئەشکاند. لەوانەیە ئەمە نیازی (هەریس) بووبێت کە لەو ڕێیەوە وام لێ بکات دەست بە خوێندنی باڵا بکەمەوە، ئەگەرچی لەئێستادا بە بیرمدا نایەت ئەگەر تایبەت لەم بارەیەوە لەگەڵ یەکتردا قسەیەکمان کردبێت. هەموو شتێک، بێ ئەوەی پلانێکی تایبەتی بۆ داڕێژرابێت، ڕەوتی خۆی ئەگرتە بەر.

هەر چۆنێک بوو ئەمە سەری گرت، بەڵام بۆ من سەردەمی خوێندنی زانکۆ لەڕادەبەدەر ناباو و نائاسایی بوو. ئامۆژگای زمانناسی ژمارەیەکی کەم لەو خوێندکارانەی لە خۆ گرتبوو کە خەریکی خوێندنی دۆکتۆرا بوون لەو بوارەدا و ئەو چەند کەسەش کە لە دەوری (هەریس) کۆ بووبووینەوە، بێجگە لە زمانناسی، خەم و خولیایەکی هاوبەش بۆ سیاسەت و شتی دیکە کۆی کردبووینەوە، کە بە کەشوهەوای گشتیی ئەو ڕۆژگارەی زانکۆ نامۆ و نائاشنا بوو. (خوێندن و وانەکان)ی ئێمە، یان لە چێشتخانەی (هۆرن و هاردێت) کە کەوتبووە بەری ئەوبەری ڕاستەشەقامی زانکۆوە، یان لە ماڵی (هەریس) لە (پرینستۆن) یان لە (نیویۆرک) بوو. ئەمەش بەو جۆرەی کە بەدرێژایی ڕۆژ لە دەوری بابەتی جۆراوجۆر کۆ ئەبووینەوە، کە هەم لە باری ڕۆشنبیرییەوە گرنگ و هەم بۆ من بەتایبەتی گرنگی و بەهای تایبەتی خۆیان هەبوو. بێجگە لەمەش، بە هیچ جۆرێکی تر، هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ زانکۆ نەبوو. هەر ئەوساش بوو کە بەتەواوی خۆم بە زمانناسی، فەلسەفە و لۆژیکەوە خەریک کردبوو ـ هەر زۆر نائاسایی و سەیریش ـ تاقیکردنەوەکانی خوێندنی باڵام بە ئەنجام گەیاند. (نێلسۆن گودمان) پێشنیاری (Society of Fellows)ی لە

(هارڤارد) بۆ کردم و له ساڵی ١٩٥١دا لەوێ وەرگیرام. ئەمەش بەو مانایە بوو کە یارمەتیی داراییش درام و هەر بەو جۆرەش بۆ یەکەم جار بوو، بەبێ ئەوەی ناچار بم لەلاوە و لەگەڵ خوێندنەکەمدا کار بکەم، بتوانم بەتەواوی خۆ بە خوێندن و توێژینەوەوە خەریک بکەم. هەموو کەرەسەکانی زانکۆی (هارڤارد)م لەبەر دەستدا بوون و هیچ مەرج و داوایەکی ڕەسمیشم لەسەر نەبوو و ئەمەش بۆلوانێکی لەڕادەبەدەر چاک بوو. له ڕووی تەکنیکییشەوە پلەی دۆکتۆرام له زانکۆی (پێن) له ساڵی ١٩٥٥ وەرگرت، ئەمەش لەڕێی ئەوەوە بوو بەشێکم له کتێبێک که ئەوسا پێوەی خەریک بووم پێشکەش کرد ـ ئەمەش تا ڕادەیەک شتێکی نائاسایی بوو، چونکه ئەگەرچی بەشی زۆری کتێبەکە له ساڵی ١٩٥٥-١٩٥٦دا ئامادە و تەواو بووبوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٥ چاپ و بڵاو نەکرایەوە و کاتێکیش به ناوونیشانی (پێکهاتە لۆژیکییەکانی تیۆریی زمانەوانی) (Logical Structure of Linguistic Theory) بڵاو کرایەوە، بەشێک له کتێبەکە بڵاو کرایەوە نەک هەمووی. بەڵام لەڕاستیدا من له ساڵی ١٩٥١ەوە لەوێ نەبووم و بێجگە له (هەریس) و (گودمان) هیچ پەیوەندییەکم به زانکۆوە نەبوو. کەواتە سەردەمی خوێندنی من له زانکۆ زۆر نائاسایی بوو.

**ج. پ.** ئەی دوای زانکۆ بوو که چوویتە ئیسرائیل و له کیبۆتز ژیایت؟

**ن. چ.** هەر ئەوکاتەی که له زانکۆی (هارڤارد) بووم، واته له ساڵی ١٩٥٣دا، بۆ چەند مانگێک چووم بۆ ئیسرائیل. ئەو کیبۆتزەی ئێمە لێی ئەژیاین نزیکەی بیست ساڵێک کۆن بوو و بۆ ئەو سەردەمەش زۆر دەستکورت و هەژار بوو. خواردن بەئاسانی دەست نەئەکەوت و ناچار بووین زۆر کار بکەین. بەڵام له زۆر ڕووەوە ژیانی ئەوێم پێ خۆش بوو. ئەگەر مرۆڤ ئەو کیبۆتزەی له باری ئاسایی خۆی و لەو پەیوەندییانە دابڕیایە که ئەودەمە بەرقەرار بوون، ئەوا

ئەکرا وەک یەکەیەکی هەرەوەزیی سەربەست تەماشا بکرێت. ئەمە بیر و بۆچوونی ئەوسام بوو. هەروەها پێیشم وا بوو کە ئەکرێت هەر لەوێدا هەم بە کارێکەوە کە بە لەش ئەکرێت خەریک بم و هەمیش بە کاری ڕۆشنبیرییەوە.

پاشانیش، دوای ئەو چەند مانگە، خەریک بوو بۆ ئەوێ بگەڕێمەوە و بەیەکجاری لەوێ نیشتەجێ بم. ژنەکەم پڕ بە دڵ ئەیویست بگەڕێتەوە. هیچ شتێکیش نەبوو کە لێرە ـ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ـ ڕامبگرێت و ناچارم بکات بۆی بمێنمەوە. پێم وا نەبوو لێرە بتوانم هیچ پلەوپایەیەکی ئەکادیمی بە دەست بهێنم و زۆریش بەلامەوە گرنگ نەبوو. هیچ شتێک نەبوو کە ببێت بە هۆکاری سەرەکیی مانەوەم لێرە. بەپێچەوانەوە ژیانی ئەو کیبۆتزەم زۆر لا پەسەند بوو و بەگشتیش ژیانی ئەوێم پێ خۆش بوو، بەلام هەندێ شتیش لە ئارادا بوون کە حەزم لێیان نەئەکرد. بەر لە هەموویانیش ئەو ئاڕاستە ئایدیۆلۆییەی لە ئارادا بوو، تۆقێنەر بوو. نازانم ئاخۆ ئەمتوانی ماوەیەکی درێژتر لەنێویاندا بمێنمەوە یان نا، چونکە من زۆر بەتوندی دژی ئایدیۆلۆژیای لینینیستانەی ئەوان و هەروەها دژی ئەو خۆبەستنەوە یەکلایەن و یەکڕەنگییە گشتییە بووم کە بەگشتی و لە هەر جێیەک پیادە ئەکرا. بێجگە لەوەش ئەو خۆتەریککردن و خۆدابڕانەی بە خواستی خۆمان هەڵمانبژاردبوو و هەروەها ئەو چوارچێوە ڕەگەزپەرستییەی کە بووبوو بە دەستوورێک بۆمان، بێزاریان ئەکردم .

ئەوەش کە لەو ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە خۆم لە شەنوکەوکردن و سەرلێدەرکردنی نەبان ئەکرد، ئەو هۆکارە حاشاهەڵنەگر و ئاشکرایە بوو کە کیبۆتزەکان، هەروەک هەر دامەزراوەیەکی یاسایی و کارگێڕیی تری ئەوسا، دامەزراوەی سەر بە جوولەکەکان بوون. بۆ نموونە تائێستاش لە بیرەبیرەی ئەوەدام کە ئاخۆ هیچ عەرەبێک لە هیچ یەکێک لەو کیبۆتزانەدا هەبووبێت. هەر لەبەر ئەو یاسایانەش کە لەسەر خاوەندێتیی زەویوزاری کیبووتزەکان هەبوون و هەروەهاش لەبەر ئەو ڕۆڵەی

سەرلەبەری کیبووتزەکان لە سەرجەم سیستێمی ئیسرائیلدا هەیانبوو، نابێت لە هیچیاندا عەرەب هەبووبێت.

هەروەها ئەو جوولەکە خۆرهەڵاتییانەی کە لە پەراوێزی کیبووتزەکان یان لەو شارەدا کە بۆ پەناهێنە جوولەکەکان ئامادە کرابوو هەبوون و زۆرجار بە شێوەیەکی ناجۆر و نالەبار ڕەفتاریان لەگەڵدا ئەکرا و ڕووبەڕووی ڕق و ترس ئەکرانەوە. هەروەها سەردانی بەشێکیش لە گوندە عەرەبنشینەکانم کرد و لەنزیکەوە بە زۆر کار و کردەوەی ناخۆش ئاشنا بووم کە عەرەبەکان لە سایەی دەسەڵاتی سەربازیی ئەوسادا دووچاری بووبوون، ئەو کار و کردەوە ناخۆشانەی کە هەرگیزاوهەرگیز لە هیچ جێیەک لەسەریان نەنووسراوە.

من ئەوسا بیروبۆچوونی زۆر ڕوون و ئاشکرای خۆم هەبوون. هەروەکو لەمەوبەریش بۆم باس کردیت بە بڕوای تەواوەوە، هەر لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ەوە، دژی بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی جوولەکە بووم. دڵنیاش بووم کە ئەو ئامۆژگا سۆشیالیستییانەی لە (یشوڤ) هەبوون ـ لەنێو جوولەکەکانی فەلەستیندا بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ـ ناتوانن خۆ لە بەردەم سیستەمی دەوڵەتیدا بگرن و لەنێو جۆرێک لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتیدا ئەتوێنرێنەوە و بەو جۆرەش ئەو لایەنانەی (یشوڤ) لەنێو ئەچن کە من زۆر حەزم لێیان ئەکرد.

بەڵام بە چاوپۆشی و لەبیرکردنی ئەو هەموو هۆکارانە و هەروەها ئەو شتانەی کە دەوروبەری کیبووتزەکانیان دابوو، ژیان لەوێدا جۆرێک بوو لە هەرەوەزیی ئەنارکیستانە.

**ج. پ.** لە کیبووتزەکاندا خەریکی چی بوویت؟ ئایا ژیانی ڕۆشنیریی ئەوێ تینوویێتیی ئەشکاندیت؟ بۆ بە جێت هێشت؟

**ن. چ.** جاریَ بەر لە هەرشتێک تەنیا شەش هەفتە لەویَ بووم. بە هیچ جۆرێکیش لە هیچ کارێکدا شارەزا نەبووم، هەر لەبەرئەوەش هەندیَ کاری کشتیاریی سادە و ساکارم بە ڕێنمایی و لەژێر چاودێریی ئەندامەکانی کیبووتزەکەدا ئەنجام ئەدا. لەڕاستیشدا زۆریش لەگەڵ کارەکەمدا هاوئاهەنگ و گونجاو بووم، بەڵام لەئێستادا نازانم ئایا تا چەند ئەکرا بەو کارەوە خەریک و بەردەوام بم. سەبارەت بە ژیانی ڕۆشنبیرییش بەو جۆرە بوو کە ڕەگوڕیشەی کیبووتزەکە ئەگەڕایەوە سەر بیروبۆچوونەکانی (مارتین بوبەر)، زۆربەی ئەندامانیش جوولەکەی ئەڵمانیا بوون و خوێندن و ڕۆشنبیریی باڵایان هەبوو. بەڵام یەکێک لەوانەی کە بەباشی و لەنزیکەوە ناسیم دیانێکی پەناهێن بوو کە لە ڕقی ئەو کۆمەڵە ڕەگەزپەرستەی لە ڕۆدیسیای ئەوسا هەبوو، کێڵگە و باخوباخاتێکی گەورەی لە پاش خۆی لەویَ بە جیَ هێشتبوو و شارەزاییەکی تەواوی لە کشتیاریدا هەبوو و خاوەنی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی دەوڵەمەند بوو لەو بوارەدا. چەندان مرۆڤی سەرنجڕاکێش و لێهاتوو لەویَ هەبوون، بەڵام تێگەیشتنیش لەو جۆرە ژیانە ئاسان نەبوو و لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ژیانی باوی ئەو ڕۆژگارەدا نەئەهاتەوە. ئەمە ساڵی ١٩٥٠ بوو، ڕێک لەو کاتەدا کە لە چیکوسلۆڤاکیا کێشە و لێپرسینەوەی (سلانسکی)، کێشە و گرفتی سەرەکی بوو و گەوجێتیی ستالینیستانە بەر دەرگای بە هەموو کەس گرتبوو. بەئاشکراش دژایەتیکردنی جوولەکە بەو پاکژکردنەوە ستالینیستانەوە ئەبینرا، کەچی ئەندامانی کیبووتزەکەی ئێمە پارێزگارییان لیَ ئەکرد و لێی بە دەنگ نەئەهاتن. تەنانەت دژی ئەو تاوانەش بە دەنگ نەهاتن کە درابووە پاڵ یەکێک لە ئەندامانی کیبووتزەکە کە لەلایەن بزووتنەوەی کیبووتزەکانەوە نێردرابوو بۆ ئەویَ و بە تاوانی جاسووسیکردن دەستگیر کرابوو. ئەشیانزانی تاوانێکی ناڕاستە و بە ناڕەوا دراوەتە پاڵ ئەو ئەندامە. بێگومان سەرلەبەر و هەموویان لە ئاست ئەو دادگاییکردنانەدا بێدەنگ نەبوون. ئەوانەش کە بەو کێشەیەوە خەریک بوون و مێشکیانی خەریک کردبوو [زۆریش هەبوون کە بە هیچ جۆرێک کاریان بەو کێشانەوە نەبوو و خۆیان پێوە خەریک نەئەکردن]،

مارکسیسته ـ لینینیسته گوێلەمست و ڕاهێنراوەکان بوون و منیش ئەوکاتە هیچ لادانێکی ئاشکرا و بەرچاوم لە ڕێڕەو و پێڕەوی پەسەندکراوی پارتییەکەیاندا نەئەبینی. بەڵام ڕەنگە زۆر شتیش هەبووبن و لە ئارادا بووبن، کە من نەمئەبینین.

مانەوەیەکی کەمخایەن بوو و پاشان بە نیازی گەڕانەوە بۆ کیبووتزەکە و مانەوە لەویَ بۆ ماوەی چەند ساڵێک بۆ (هارڤارد) گەڕامەوە. کاتی مانەوەم لە (Society of Fellows) لە ساڵی ١٩٥٤دا تەواو ئەبوو، بەڵام هیچ پلانێکی تریشم بۆ بەدەستهێنانی کارێکی دیکە نەبوو و داوام کرد ماوەکەم ساڵێکی تریش بۆ درێژ بکرێتەوە و قەبووڵیشیان کرد. هەر لەو سەروەختەدا ژنەکەم گەڕایەوە بۆ کیبووتزەکە و بۆ ماوەیەکی درێژتر لەویَ مایەوە. پلانی ئێمە ئەوە بوو کە بگوێزینەوە بۆ ئەویَ و لەویَ نیشتەجیَ ببین، بەڵام کە کاتی گواستنەوە نزیک بووەوە، من لە (ئامۆژگای تەکنۆلۆژی ماساشوسێتس ـ Massachusetts Institute of Technology) وەک توێژەرەوە کارێکم وەرگرتبوو و بەتەواوییش بە کاروبارەکانی لێکۆڵینەوەی زمانناسییەوە خەریک و سەرقاڵ بووم. بە هەر هۆیەک بێت، بەبیَ ئەوەی لەسەر هیچ بڕیارێک ڕێک کەوتبین، نەگەڕاینەوە بۆ ئەویَ.

**ج. پ. ئایا لە سەردەمی لاوێتیدا، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەر بە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوویت؟**

**ن. چ.** ئەندامی هیچ گرۆیەک نەبووم، نە ئەندامی چەپڕەوانی سەهیۆنیست (زایۆنیست) و نە ئەندامی هیچ جێیەکی تر. بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من لەو جۆرە کەسانە نیم کە خۆ لەگەڵ گرۆیان یەک ئەخەن. بێجگە لەوەش هەموو ئەو ڕێکخراوانەی ئەوسا ئەمناسین، هەر نەبێت ڕێکخراوە چەپڕەوەکان، ڕێکخراوەی لینینیست، لینینیست ـ ستالینیست، یان لینینیست ـ

ترۆتسکیست بوون. من هەمیشە و لە بڕوای تەواوە دژەلینینیست بووم و سووک و ئاسانیش هیچ گرۆیەکم نەئەناسی هەڵگری هەمان بیروبۆچوونی من بێت. ئەمەش ئەوەندەی ئاگادار بم، هەردووکیان، هەم چەپڕەوانی سەهیۆنیست و هەم بەشێکی هەرەزۆری بەرەی چەپڕەوانی ئەوساکەی ئەمریکا، ئەگرێتەوە. ئێمە، ئێستا، باس لە ساڵانی چلەکان ئەکەین. لەڕاستیشدا من هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتیم لەنێوان ترۆتسکیستەکان و ستالینیستەکاندا بە دی نەئەکرد، لەوە زیاتر کە ترۆتسکیستەکان دۆڕاندبوویان. بێگومان ئەوان بۆ خۆیان پێیان وا بوو کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەوان و ستالینیستەکاندا هەبوو. ـ بێگومان چەند خاڵی لێکنەچوونیش لەنێوانیاندا هەبووـ بەڵام من پێم وا بوو لە بنەڕەتدا هەردوولا هەر زێدەڕۆییان پێوە ئەکردن. ئەوسا لەو باوەڕەدا بووم و ئێستاش بە شێوەیەکی گشتی هەر لەسەر هەمان باوەڕم. کەواتە من گرۆیەکم نەئەناسی لێی نزیک ببمەوە و هاریکاریی بکەم. بەڵام بۆ خۆم بەتەواوی بەو ڕووداوانەوە خەریک و سەرقاڵ بووم کە ڕوویان ئەدا.

**ج. پ. ئایا تۆ سەر بە خێزانێکیت کە ئاڕاستەیەکی سیاسیی تایبەتی هەبێت؟ لە خێزانەکەی ئێوەدا باسی سیاسەت ئەکرا؟**

**ن. چ.** نزیکترین ئەندامانی خێزانەکەم، باوک و دایکم، دیموکراتیخوازانی سەر بە (ڕۆزڤێلت) بوون، بەتەواوییش خۆیان بە کێشەی جوولەکەوە خەریک کردبوو، تا ئەوپەڕیش سەهیۆنیست بوون و کولتووری جوولەکەکان سەرقاڵ و خەریکی کردبوون، زۆر بە کێشەی ژیانەوەی زمانی عیبرییەوە و بەگشتیش بەو کولتووری سەهیۆنیزمەوە کە ڕەگوڕیشەی ئەگەڕێتەوە بۆ بیرو-بۆچوونەکانی (ئاحاد حائام) خەریک بوون و بەڵام وردەوردە و تا ئەهات زیاتر بە کێشەی سەرەکیی سەهیۆنیزمەوە خەریک ئەبوون. لەوان بەولاوەتر، لەنێو خزماندا، خاڵوان و مامەکان و ئامۆزاکانم و هەروەها ئەوانی تریش یان

سەر بە چینی کرێکارانی جوولەکە، یان توێژی کۆمەڵایەتیی نزیک لەو چینە بوون. هەندێکیان یان کۆمۆنیست یان زۆر نزیک لە کۆمۆنیستەکانەوە بوون و هەمووشیان زۆر بە سیاسەتی سەردەمی داشکان و داکەوتنی ئابووریی ئەوساوە خەریک و سەرقاڵ بوون. لەنێو خزمانیشدا بەتایبەت پیاوێکی بەتەمەن هەبوو کە بۆ ئەوکاتە و لە کۆتایی ساڵانی سییەکاندا و بگرە دواتریش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو. ئەوسا ئەو دوکانێکی ڕۆژنامەفرۆشیی بچووکی لە نیویۆرک هەبوو و بووبووە ناوەندێکی ڕادیکال بۆ هەموومان. شەوانە لەوێ دائەنیشتین و، یان لە دوکانە بچکۆلەکەی یان لە ماڵەکەی کە کەوتبووە نزیک دوکانەکەوە، بە گفتوگۆ و دەمەقاڵێوە خەریک ئەبووین. خۆشترین کاتەکانی ژیانی ئەو ڕۆژگارەشم ئەوانە بوون کە بۆم هەبوو شەوانە لەو دوکانە بچکۆلەیەدا کار بکەم و گوێ لەو هەموو شتانە بگرم کە باس ئەکران.

**ج. پ. کەوتبووە کوێوە؟**

**ن. چ.** دوکانی سەرسووچی شەقامی ژمارە ٧٠٠ و شەقامی (برۆدوەی) بوو. ڕەنگە تائێستاش هەر مابێت. لەو دەوربەرە چوار دوکانی ڕۆژنامەفرۆشی هەبوون. دووانیان کەوتبوونە سەر ئەو شەقامەی کە ڕێڕەوی زۆربەی ئەو پیادەڕۆیانە بوو لە وێستگەی (میترۆ) ئەهاتنە دەرەوە، واتە بە ڕووی شەقامی ژمارە ٧٠٠دا و دووانیشیان کەوتبوونە سەری ئەوسەری وێستگەکەوە و زۆر بەدەگمەن خەڵک لێی ئەهاتنە دەرەوە. ئەو یەکێک لەو دوو دوکانەی هەبوو. لە باری ڕۆشنبیرییەوە بۆ هەموومان لەبار و تینوویێتیشکێن بوو، بەڵام پێم وایە شتێکی ئەوتۆی لە ڕۆژنامەفرۆشییەکە دەست نەئەکەوت. لە کۆتاییی سییەکاندا دوکانەکەی بووبوو بە ناوەندی ئەورووپاییە پەناهێنەکان و خەڵکی دیکەش و بەتەواوی جموجووڵ و چالاکیی تێ کەوتبوو. خزمەکەم نزیک و دوور

پێوەندی و تێکەڵاویی لەگەڵ گشت گرۆ مارکسیستە جۆربەجۆرەکانی ئەوسادا هەبوو، هەر لە گرۆ ستالینیستەکان، ترۆتسکیستەکان و دژەلینینیستەکانەوە تا هەموو جۆرەکانی تر و شارەزاییەکی باشیشی پەیدا کردبوو. هەر لەو ڕێیەشەوە بوو من شتێک لەوانە حاڵی بووم و بەڕاستییش هەرەوەزییەکی ڕۆشنبیریی پڕ لە ژیان و جموجووڵ بوو. فەرهەنگی چینی کرێکارانی جوولەکە لە نیویۆرک زۆر ناباو و نائاسایی بوو. لەڕادەبەدەر ڕۆشنبیرانە، بەڵام زۆر دەستکورت و هەژارانەش بوو. زۆر بوون ئەوانەی تەنانەت کارێکیشیان نەبوو، تیاشیاندا هەبوو لە کووچە و گەڕەکە هەرەهەژارەکاندا ئەژیان و لەوەش زیاتر. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و پڕ لە بزاڤ و ژیان بوو. بیروبۆچوونەکانی فرۆید و مارکس، تیپی مۆسیقای بوداپێست و ئەدەبیات و لەوانەش زیاتر ئەو فەرهەنگەیان پێک ئەهێنا. هەر ئەمەش ئەو فەرهەنگە ڕۆشنبیرانەیە بوو کە لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیمدا لە گشت شتێکی تر گرنگتر بوو بۆ من.

**ج. پ. ئایا تۆش هەر لەنێو بەشێک لەو دابونەریتە فەرهەنگییە جوولەکانەیەدا پێ گەیشتیت و گەورە بوویت؟**

**ن. چ.** بەڵی، بەتەواوی ماناوە. لەڕاستیدا زۆربەی خوێندنەوەکانیشم، بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی دیکەدا، تا تەمەنم گەیشتە پانزە شانزەساڵان، هەر لەو بوارەدا بوو.

**ج. پ. بەدەگمەن لە نووسینەکانتدا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەیت، لەبەر چی؟**

**ن. چ.** لە پەیوەندی لەگەڵ نووسینەکانمدا باسوخواسی ئەوە نەهاتووەتە پێش، هەر لەبەرئەوەشە و هیچی تر. بێگومان ئەو فەرهەنگە بە جێی خۆی

گرنگییەکی زۆری بۆ من هەبووە. ئەگەر نموونەیەک بهێنینەوە: (مێندێلە مۆشەر سفاریم)؛ ئەو نووسەرە لێهاتووەی سەدەی نۆزدەیەم، کە بە زمانی (جویش) و عیبری لەبارەی ژیانی جوولەکەکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپاوە نووسیویەتی، زیرەکی و خواست و ئاواتێکی زۆر بە شەوق و ڕەونەق ئەبەخشێت. ئەوە سادەکردنەوە و بەهێندنەگرتنە ئەگەر نووسینەکانی ئەو بە ئەدەبیاتی کرێکارانە ناو ببرێت، بەڵام جۆرێک لە تێگەیشتن لە باری ژیانی هەژارانەوە ئەبەخشن و هەروەهاش تێکەڵەیەکن لە گاڵتەوگەپ و هەستی نزیکبوون لە ژیانی هەژارانەوە کە بەڕاستی سەرنجڕاکێش و سەرسوورهێنن. هەروەها، هەر ئەوسا، زۆر لە بەرهەمی سەردەمی ڕۆشنگەریی عیبرییەکانم، کە بەرانبەر بە سەدەی حەڤدەیەمە، چ ڕۆمان و چ شیعر و چ گوتار، خوێندەوە. ئێستا ناتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو کتێبانە چ کاریگەرییەکی درێژخایەنیان لەسەر من هەبووە. بەڵام، هەر چۆنێک بێت، بەتوندی لە لایەنی هەستییەوە کاریگەریی خۆیان لەسەرم هەبوو.

**ج. پ. وا پێ ئەچێت لە بیروبۆچوونەکانتدا جۆرە تێگەیشتنێکی تایبەتت لەبارەی کۆمەڵ بەگشتی و هەروەها ڕۆشنبیرانەوە هەبێت، کە بە درێژایی سەردەمی پێگەیشتن و گەورەبوونیشت هەر ئامادەییان هەبووە و هەیە. ئەمانە وا ئەکەن تۆ بەو شتانەش داناچڵەکێیت، کە زۆرجاران خەڵکانی تر تووشی حەپەسان و واقوڕمان ئەکەن. تۆ کە ئەبینیت ڕۆشنبیران هەندێک جێوڕێی ئایدیۆلۆژی پڕ ئەکەنەوە ناحەپەسێیت و ـ چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ئەکەیت. تۆ ناحەپەسێیت و وەکو ئەوانی تر سەرت لێ نایەتەوە یەک، کاتێک ئەبینیت دەسەڵات و هێزی ئەمەریکایی، کاتێک بە پیادەکردنی بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە خەریکە، پەنا بۆ چەمکی خۆخزاندنە نێو بەرگێکی ئایدیالیستانە ئەبات و لەو بەرگەدا خۆی پێشان ئەدات ـ ئەمە کتومت ئەوەیە کە تۆ لە دەسەڵاتێکی ئاوها چاوەڕێی ئەکەیت و... هەروەها شتی لەم بابەتە. وا**

**پێ ناچێت ئەم بیروبۆچوونانەت لە ڕامان و سەرنجدانێکی مێژوویی درێژخایەنەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەڵکو لەوە ئەچێت لە هەستێکەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە وا لە مرۆڤ ئەکات چاوەڕوانی ئەوە بێت شت و کردەکان چۆن هەن هەرئاوهاش لە گەڕ و کاری سروشتیی خۆیاندا بن.**

**ن. چ.** هەر ئاوهاشە و منیش هەر لەوێوە پێم هەڵگرتووە. بەپێی تێگەیشتنی من ئەمە دەرئەنجامی سادەترین و بێ گێرە و کێشەترین گریمانەیە کە لە ئاست بەڕێوەچوونی بەرژەوەندییەکان و هۆکارەکان و پێکهاتەی دەسەڵاتەوە هەمانبێت.

**ج. پ. هەر ئەو گریمانانەشن کە ئەبن بە ناوەڕۆکی ئەوەی خەڵک لە بیروبۆچوون و نووسینەکانت تووڕە بن. ئەبێت ئەو بیروبۆچوونانە بەریان پێ بگیرێت، چونکە ئەگەر خەڵک پەسەندیان بکەن و وەریانبگرن، ئەوا ئەبێت بە جۆرێکی دیکە لەبارەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بنووسرێت.**

**ن. چ.** وایە! ئەوەش گرنگە کە هیچ کەسێک بەو شتانەی لەبارەی دوژمنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ئەیانڵێم تووڕە نابێت، ئەو شتانەی کتومت لەوانە ئەچن کە بەرانبەر وڵاتە یەکگرتووەکان ئەیانڵێم. ئەوەی وا ئەکات خەڵک تووڕە و سەرشێت بن، ئەوەیە من هەوڵ ئەدەم ئەوە پیشان بدەم کە هەمان شت لەنێو کۆمەڵی خۆماندا خۆی ئەنوێنێت و ڕاستییەکەش هەر ئەوەیە. ئەگەر من لەگەڵ دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی ڕووسیادا بکەوتمایەتە قسەوباس، دیار بوو ئەوانیش لەوە تووڕە ئەبوون کە من لە تێگەکانمدا هیچ کێشێک بۆ ئایدیالیزم و خۆخەریکردن بە چەمکی برایەتی و ئاشتییەوە لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتی ڕووسیادا دانانێم. هەر بەو شێوەیەشە کە سیستێمی پڕوپاگەندە بە ڕێوە ئەچێت.

**ج. پ. بەڵام ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە کە زۆرن ئەوانەی بەشداریی ئەم بیر و تێگەیشتنە ڕەسمییانە ئەکەن و وەک تۆ بیر ناکەنەوە و لە تۆ ناچن؟**

**ن. چ.** بیرم لێ کردووەتەوە و لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان من لەنێو کولتوورێکی نامۆدا، لەنێو دابونەریتی کولتووریی تێکەڵ لە کولتووری جوولەکەکان و سەهیۆنیستەکاندا گەورە بووم، یان بە واتایەکی تر لەنێو کولتوورێکی هاوبەشی پەناهێنەکاندا پێگەیشتووم و گەورە بووم، ئەگەرچی خەڵکی تریش هەبوون گۆشکراوی هەمان کولتوور، بەڵام بە شێوەیەکی تریش ڕەفتاریان ئەکرد. هەروەها من منداڵی نێو ساڵانی کلۆڵی و داشکانی ئابووریم. بەشێک لە یادەوەرییە هەرەپێشینەکان و ئەوانەش کە تائێستا بەزیندوویی لە بیرمدا ماونەتەوە، یادەوەریی ئەو کەسانەن کە ئەهاتنە بەر دەرگامان و ئەیانویست پەڕۆوپاتاڵ و شڕەوپڕەی خۆیانمان پێ بفرۆشن، یادەوەریی ئەو پەلامار و هێرشانەن کە پۆلیس ئەیکردنە سەر کرێکارانی مانگرتوو و هەروەها یادەوەریی تریش، یادەوەریی ساڵانی کلۆڵی و دارمانی ئابووری. هۆیەکان هەرچییەک بووبێتن، بەتوندی ڕووداوەکانی ساڵانی سییەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر دانام، بۆ نموونە شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا، ئەگەرچی من ئەوسا هێشتا بەتەواوی فێری خوێندنەوە نەبووبووم. یەکەم وتارێک کە نووسیم، سەروتارێک بوو بۆ ڕۆژنامەی خوێندنگەکەمان لەبارەی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی (بەرشلۆنە)وە. ئەمە چەند هەفتەیەک دوای ئەوە بوو کە بووم بە دە ساڵان. سەرهەڵدانی نازیزمیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانام. ڕەنگە ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بووبێت کە ئێمە تاکەخێزانی جوولەکە بووبێتین لەو شوێنەدا لێی ئەژیاین و ماڵ و خێزانەکانی تر گشتیان خێزانی ڕووس و ئیرلاندیی کاتۆلیک بوون و بەئاشکرا و ڕاشکاوییش، تا مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٤١، پشتگیرییان لە نازیستەکان ئەکرد.

**ج. پ. لەگەڵ ئەمەشدا (ڕۆشنبیرەکانی نیویۆرک) بوون بە نوێنەرە هەرە پێشەنگەکانی دژایەتیکردنێکی سەرسەختانەی کۆمۆنیزم کە زۆریش دوورن لەو بیر و تێڕوانیانەوە تۆ بە "عەقڵی سەلیم"ی ناو ئەبەیت؟**

**ن. چ.** لەوانەیە تا ڕادەیەک، لە حاڵەتی مندا، تەمەن ڕۆڵێکی بەختەوەرانەی بینیبێت. من نەختێک لەوە گەنجتر بووم حەزی بوون بە لینینیستێکی ئەڵقەلەگوێ بۆ لای خۆی ڕاپێچم بکات. هەر لەبەرئەمەش هەرگیز بڕوایەکی ئاوهام لا دروست نەبوو کە هەق بکەمەوە و هەرگیزاوهەرگیزیش هەستی خۆ بە گوناهبار زانین و فریودانم لا دروست نەبوو. من هەمیشە لە بەرەی دۆڕاوەکان بووم. بۆ نموونە: لە بەرەی ئەنارکیستە ئیسپانیاییەکان بووم.

**ج. پ. کە بیر لە ڕابوردوو ئەکەیتەوە، لەو بڕوایەدایت ئەمە حاڵەتێکی نائاسایی بووبێت؟**

**ن. چ.** بێگومان! من هەمیشە هەر پێم وا بووە لە دەرەوەی ئەو شتانەدا کە دەوریان داوم، ڕاوەستاوم و ماومەتەوە. وەک پێشووتریش وتم، من قەت لەگەڵ گرۆیەکی ڕێکخراودا نەبووم، ئەمەش لەبەر نەگونجانێکی پڕ لە گرفت و کێشە لەگەڵ ئەو گرۆیانەدا کە لە ئارادا بوون و هەروەهاش لەبەر گومانکردن لێیان. ئەوە ڕاستە من هەستونەستم بەرەو لای گرۆ گەنجەکان ڕائەکێشرا، وەکو گرۆی (هاشومێر هاتزایر)، کە لەو ڕۆژگارەدا لە لایەنگرانی چارەسەرێکی سۆشیالیستانە بوو بەرانبەر بە هەبوونی دوو گەل لە فەلەستیندا، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە هەستونەستم بەرەو لای بەها و هەڵسەنگاندنەکانی کیبۆتزەکان و فەرهەنگی عیبریش ڕائەکێشرا و هێندەی لە تواناشدا بێت بەشداریم کردن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە من تا ڕادەیەک بە گومان و دوودڵییەوە لە جەنگی دووەمی جیهانم دەڕوانی. کەسیشم شک نەئەبرد، تەنانەت یەک کەسیش، کە هاوبەشی ئەو گومان و دوودڵییەم بێت. بەڵام کردبووم بە خوو و ئەڕۆیشتم بۆ کتێبخانەی شاری فیلادێلڤیا و ـ ئەبێت ساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥ بووبێت و ئەوسا یان پانزە یان شانزە ساڵان بووم ـ ئەو ئەدەبیاتە چەپڕەوە تایبەتانەم ئەخوێندەوە کە تایبەت بوون بەو کۆمەڵە چەپڕەوانەی بیر و بۆچوونەکانیان زۆر نائاشنا و تایبەت بوون و ئاڕاستەی زۆر سەیر و تایبەتیان هەبوو. ئەو گرۆیانە، بۆ نموونە: گرۆی (مالێتتەکان)، کە لەوانەیە تۆ قەت ناویشت نەبیستبێت، ئەندامانی ئەو گرووپە هەوڵیان ئەدا بەبەڵگەوە بیسەلمێنن ئەو جەنگە، جەنگی فشەگاڵتینەیە و ڕاستەقینە نییە و جەنگێکە سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ سەرمایەدارە دەوڵەتییەکانی ڕێژیمی سۆڤیەتیدا لەسەری ڕێک کەوتوون بە ئامانجی تێکوپێکشکاندنی کرێکارانی ئەوروپا و هیچی تر. لەڕاستییشدا من هەرگیز باوەڕم بەو تیۆرییەیان نەئەکرد، بەڵام پێم وا بوو ئەوەندەش سەرنجڕاکێش و گرنگە کە هەوڵی تێگەیشتن لە قسەکانیان بدەم. هێندەش شتی ڕاست لەو کەرەسانەیاندا کە لە بەردەستمدا بوون هەبوون، وام لێ بکەن بەتەواوی بەگومان و دوودڵ بم بەرانبەر بەو ڕاڤەکردنە نیشتمانپەروەرییەی بۆ ئەو جەنگە ئەکرا. هەروەها دێتەوە بیریشم لە ئاست ئەو مامەڵەکردنەدا کە بەرانبەر بە دیلە ئەڵمانیاییەکان ئەکرا زۆر ناڕەحەت ئەبووم. بە هەر هۆیەکیشەوە بووبێت، چەند ئەڵمانیاییەکی دیلی جەنگ لە جێیەک لە نزیک قوتابخانەکەمانەوە زیندانی کرابوون و لەلای زۆربەی خەڵکیش بووبوو بە "نیشانەی پیاوەتی!" کە جوێنیان پێ بدرێت، کاتێک بە لای دیوارە لە تەلی دڕکاوی دروستکراوەکەی زیندانەکەیاندا تێپەڕینایە. من ئەوساش، ئەگەرچی من زۆر زیاتر لەو کوڕانەی کە خۆیان بەو وەرزشەوە خەریک کردبوو دژ بە نازیزم بووم، ئەمەم بە هەڵوێستێکی بێشەرمانەی ئەوان ئەزانی لە ئاست ئەو زیندانییانەدا. ئێستاش بیرمە کە زۆرجار لەسەر ئەوە، لەگەڵ یەکتردا، تووشی دەمەقاڵێ ئەبووین. ئێستاش لە بیرمە ئەو ڕۆژەی

(هیرۆشیما) بۆمباران کرا، دوای ئەوەی گوێم لە بیستنی ئەو ڕووداوە بووبوو، هیچ کەسێکم نەبوو، هیچ کەسێک، قسەی لەگەڵدا بکەم. هەر ئەوەندەم پێ کرا خۆم پەنا بگرم و لەو کاتەدا لە هەوارگەیەکی هاوینە بووم و بەرەو دارستانێکی نزیک ڕۆیشتم و بۆ ماوەی یەک دوو سەعات بەتەنیا و دوور لە هەمووان و هەموو شتێک لەو دارستانەدا مامەوە،. هەرگیزاوهەرگیز نەمتوانی لەبارەی ئەو ڕووداوەوە لەگەڵ کەسێکدا بدوێم و قەتیش لە گفت و ڕەفتاری ئەوانی تر تێنەگەیشتم. بەتەواوی هەستم بە تەنیایی و لاتەریکی ئەکرد.

سەبارەت بەو شتانەش کە ڕاستەخۆ پێیانەوە خەریک بووم، بۆ نموونە سەهیۆنیزم، هەڵوەستەیەکم هەبوو کە ڕەنگە لەو هەڵوەستەیەدا تەنیا نەبووم و خەڵکی تریش هەبووبن، بەڵام هەرچۆنێک بێت، خۆم زۆر دوور لەو ڕێڕەوە پەسەندکراو و باوە ئەبینییەوە کە ئەوساکە ڕێڕەوی زاڵ بوو. ئەوەش بیروتێڕوانێک بوو کە تاڕادەیەک ڕێزی لێ ئەگیرا و تاڕادەیەکیش لەنێو بزووتنەوەی سەهیۆنیزمدا پشتگیریی لێ ئەکرا. بەڵام بیروتێڕوانینێکیش بوو کە لە بیر و تێڕوانینی ئەو بزووتنەوانەی ئەوسا لە ئارادا بوون جیاواز بوو، بێجگە لەو بزووتنەوانە کە سەر بە ترۆتسکیستەکان و ستالینیستەکان بوون و ئەوانیش بۆ من هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو. نەمئەتوانی دوای بزووتنەوەی ئەمان بکەوم. نازانم ئەمە تا کەی بەو جۆرە مایەوە و بەردەوام بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەو کاتەوە کە هۆشیاریی سیاسیم بە دەست هێناوە، یان خۆم تەنیا و لاتەریک بینیوەتەوە، یان هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە سەر بە کەمایەتییەکی بچووکم.

**ج. پ. وا پێ ئەچێت، کارەکانت لە بواری زمانناسیدا، بە هۆی ئەو بیروڕایانەوە کە پێشکەشیان ئەکەیت، زۆرجار، ببن بە مایەی مشتومڕێکی گەرموگوڕ. پێت وایە کە بە هەمان شێوە گفت و ڕەفتار لەگەڵ ئەو وتارانەشتدا**

**ئەکرێت کە لەبارەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا و ڕۆشنبیرانەوەن؟**

**ن. چ.** دیارە لەم ڕووەوە جیاوازی هەن و جیاوازییەکانیش پڕ لە گرفت و ئاڵۆزین. پێشووتر کەمێک باسی یەکەم کاری خۆمم لە بواری زمانناسیدا کرد؛ ئەو کارەی کە لە کاتی خوێندنی دۆکتۆردا لە پەنجاکاندا نووسیم. هەر ئەوساش بەشێکی بناغەی ئەو کارەم دانا کە دواتر پەرەم پێ دا و زیاتر بەرەوپێشم برد. ڕاستییەکەی ئەوەیە من هێندە بە خەمی ئەو کارەوە نەبووم، بەڵام نەختێک تەقەلا و کۆششم دا بۆ ئەوەی شێوەی ئاسایی و سروشتیی خۆی وەربگرێت، ئەویش لەو ڕێیەوە بەشێک لە کارەکە بخەمە بەردەم ئەو کەسانەی کە لەو بوارەدا شارەزا و لێهاتوو بوون. ئەوسا لە کۆرسێکی هاوینەدا، ساڵی ١٩٥٣ یان ١٩٥٤ کە بۆ زمانەوانی تەرخان کرابوو، کۆڕێکم لەسەر زمانناسی پێشکەش کرد، بەڵام قەت لە هیچ کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەو کەسانەی لە بواری زمانناسیدا بە لێکۆڵینەوەوە خەریک بوون، بەشداریم نەکرد. ئەو تاکە وتارەش کە لە گرنگترین و بەرچاوترین گۆڤاری تایبەت بەو بوارەدا نووسیومە، پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاڕاستەی سەرەکیی من لەم بوارەدا نییە. ئەو وتارە وەڵامێک بوو، دیارە بەپێی تێگەیشتنی من، بۆ ئەو ڕەخنە ناهەقەی لە دژی (هاریس) ئەنووسرا. بە پێشنیازی (ڕۆمان جاکوبسۆن)یش وتارێکی ترم بۆ گۆڤارێکی دیکە نارد، بەڵام یەکەوڕاست قەبووڵ نەکرا و بڵاو نەکرایەوە. بێجگە لەو کورتەوتارانە کە بۆ ناساندنی هەندێک لە کارەکان لە بواری زمانەوانیدا نووسیومن، لەو گۆڤارانەدا نووسینم بڵاو کردووەتەوە کە ڕاستەخۆ تایبەت بەو بوارە نەبوون، بۆ نموونە لە (Proceedings of the Institute of Radio Engineers). ئەو کتێبەش کە خەریکی نووسینی بووم، ناردم بۆ یەکێک لە پەخشخانەکانی ئەوسا، بەڵام قەبووڵ نەکرا و بڵاو نەکرایەوە. ئەو کتێبە بیست ساڵ دواتر، دوای ئەوەی سەرنجی هەندێک لە کەسانی شارەزای ئەو بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لە

ساڵی ١٩٥٧ و لە هۆڵاندا بڵاو کرایەوە و تایبەت بوو بە بابەتگەلێک لەسەر کێشەکانی بواری زمانەوانی بە ناوی (پێکهاتە سینتاکسییەکان) ( Syntactic Structures). ئەم کارەش لەڕاستیدا چەند بنگەیەک بوون بۆ ئەو موحازەرانەی لە (ئێم. ئای. تی.) پێشکەش بە خوێندکارانم ئەکرد. ڕێکخەر و ئامادەکاری ئەم زنجیرەوتارە پێشتر وتارەکانی بینیبوو و پاش هەندێک ڕێنوێنی لەلایەن (مۆریس هەیل)ی هاوڕێمەوە داوای کردبوو بڵاویان بکاتەوە. زۆر لەسەر ئەو بڕوایەش نەبووم کارەکە سەرنجی هەندێک لە زمانناسان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و گرنگیی پێ بدەن، من بە جۆرێک لەو کارەم ئەڕوانی کە بۆ کاروکردەی تایبەتی خۆم گرنگ و سەرنجڕاکێش بێت. من هەندێک لە بابەتەکانی ئەو کارەم لە ساڵانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩دا لە چەند کۆڕێکدا پێشکەش کرد. ئەمەش بووە جێی سەرنج و گرنگیپێدانی چەند زمانناسێک و بەس. موحازەرەکەی ساڵی ١٩٥٩یش، لەڕاستیدا، تائێستاش بڵاو نەکراوەتەوە. هەندێک لەو توێژینەوانەش کە لە کۆتایی چلەکاندا ئەنجامم دان، تا سی ساڵێکیش دوای ئەوە هەر بە دەستنووسی مانەوە و بڵاو نەکرانەوە.

کە من لە (ئێم. ئای. تی.) وانە ئەڵێمەوە، دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەمەیە و هیچی دیکە. من لە زانکۆیەکدا کە بە نەریتی بەدواداچوونی بەشێک لە بەشەکانی زمانناسییەوە خەریکە شتێکی ئەوتۆم نەبوو بە دەستی بهێنم، ئەمە چ لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا بووبێت یان هەر بوارێکی تر، چونکە ئەوەی من لەگەڵیدا خەریک بووم تەنانەت وەکو بابەتێک بۆ خوێندنیش لە زانکۆکاندا چاوی لێ نەئەکرا. بێجگە لەوەش من بۆ خۆم و ـ خۆیشم یەکەم کەسم کە دانی پێدا ئەنێم ـ هیچ خەسڵەتی کەسێکم نەبوو بە کارێکی وا و لە بوارێکی وادا خەریکە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە من لە لابۆرێکی ئەلەکترۆنیدا ـ جیا لە جێگایەکی دیکە ـ کار بکەم. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، من سەر لە شتێک دەرناکەم پێکهاتەکەی لە پێکهاتەی تەسجیلێک ئاڵۆزتر بێت و تەنانەت بەئاسانیش سەر لە ئەمەشیان دەرناکەم، بەڵام ئەم سی ساڵانەی دوایی کاری

من لە لابۆرێکی ئەلەکترۆنیدا بووە، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بەوەوە هەیە کە لەوێدا چ جێوڕییەکی دیاریکراو بۆ ئەو کەسانەی لەوێدا کاران نییە و (جێرۆمی ڤایسنەر)ی بەڕێوەبەریشی ئامادە بوو گرەو لەسەر ئەو بیروڕا سەیروسەمەرانە بکات کە وا ئەهاتنە پێش چاو گرنگن و شایانی سەرنجلێدانن. چەندان ساڵیشی خایاند تا لەڕاستیدا گرۆیەکی گشتی یان کۆمەڵەیەکی شارەزای لەو بوارەدا تێدا پەیدا بوو، بێجگە لەو هاوڕێیانەی خۆم کە ئەمتوانی هەندێک ڕاوبۆچوونیان لەگەڵدا بگۆڕمەوە. موحازەرەکانی من لە پەنجاکاندا لەو جێیانەدا بوون و بە کەسانێک پێشکەش ئەکران کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەخۆیان بەو بابەتەوە نەبوو کە بابەتی تایبەتی من بوو بۆ خوێندن و توێژینەوە. چەند کەسانێکی بواری زمانناسی، بۆ نموونە کارەکەی من سەرنجی (بێرنارد بلۆخ)ی لە زانکۆی (یەیڵ)، بە لای خۆیدا ڕاکێشابوو و گرنگی پێ ئەدا. بلۆخ نموونەیەکی لە کتێبە بڵاونەکراوەکەم بۆ کتێبخانەی ئامۆژگاکەی خۆی بە دەست خست و لە کۆتاییی پەنجاکانیشدا داوەتی کردم چەند وتارێک لە ئامۆژگاکەیدا پێشکەش بکەم. هەر هاوکاتیش لەگەڵ ئەوەدا بوو چەند جارێک بۆ (کۆڵۆمبیا) و (پێن) داوا کرام بۆ ئەوەی چەند کۆرسێک بۆ خوێندکاران ئامادە بکەم. لەمەش زیاتر نەبوو.

بەڵام لە سەرەتای شەستەکاندا ئەم بارودۆخە دەستی بە گۆڕان کرد. هۆکاری سەرەکییش ئەوە بوو ئێمە لە (ئێم. ئای. تی.) پرۆگرامێکی تایبەت بە خۆمان بۆ ئەو خوێندکارانە هێنایە ئاراوە کە خوازیاری خوێندنی دۆکتۆرا بوون. خوێندکاران هاتن و پرۆگرامەکەش لەبەرەوە بەرەو گەشەسەندن چوو. ئەمە نەک تەنیا لە (ئێم. ئای. تی.)، بەڵکو لە هەندێ جێگای دیکەش هەر ئاوها بوو. لە ماوەی چەند ساڵێکدا بابەتێکی نوێ بۆ خوێندن سەری هەڵدا. هەر ئەوساش کۆمەڵەکەسانێک کە لە بوارەکەدا شارەزا و لێهاتوو بوون هەبوون و ئەتتوانی لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەیت و بیروڕا بگۆڕیتەوە، هەروەک چۆن لە بوارەکانی زانستە سروشتییەکاندا گفتوگۆ ئەکرێت و بیروڕا ئەگۆڕدرێتەوە.

بێگومان، وەکو هەر جێگایەکی تریش، ناعەقڵانییەت لەو بوارەشدا کە ئێمە پێوەی خەریکین هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێمە پێڕەوی ئەو یاساوڕێسایانە ئەکەین کە بۆ بەئەنجامگەیاندنی گفتوگۆیەکی عەقڵانی پێویستن. کەسێک کتێبێکی خۆی، یان وتارێکی خۆی، بڵاو ئەکاتەوە و لە بەرانبەریش چاوەڕوان ئەکرێت قسە لەسەر ئەرگومێنتەکانی نێو کتێب یان وتارەکە بکات و شەنوکەویان بکات، بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ لەگەڵ فاکتدا چەند بەرانبەرن، لەگەڵیدا ئەگونجێن یان نا و ئەوجاریش ئەگەر دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە شایان بوون، شیکارییەکی ڕەخنەگرانە پێشکەش بکات، یان چاککاری یان گۆڕانکاری بخاتە ڕوو. ئەمەش لەو کاریگەرییەدا پێڕەو ئەکرێت کە لە توانادایە. بەڵام ئەمە، هەرچۆنێک بێت، ئەو هەلومەرجانەن کە لە بوارەکەدا لە ئارادان و لەگەڵیدا ئەگونجێن.

**ج. پ. ئەو هەلومەرجانە ـ ئاخۆ بە بڕوای تۆ ئەو هەلومەرجانە چەند باو و ئاساییین؟**

**ن. چ.** زەحمەتە، لە ڕووی چەندایەتییەوە، بنرخێنرێن. لەو باوەڕەشدا نیم، لە ڕووی پرنسیپەوە، جیاوازتر بن لەوەی لەنێو زانستە سروشتییەکاندا هەن. لە بواری زانستە سروشتییەکاندا، لەئێستادا و لە هەلومەرجێکدا کە لە ئارادایە، مێژوویەکی بەرەوپێشچوون هەیە و هەروەها ئەو بەرەوپێشچوونانەش تۆمار کراون و کۆ کراونەتەوە و بۆ خۆیان بەشێک لە بوارەکە پێک ئەهێنن. کەس مافی ئەوەی نییە خۆ تێکەڵی گفتوگۆیەک بکات، ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا نەشکێت چ بەرەوپێشچوونێک لە ڕووی مێژووییەوە لە بوارەکەدا ئەنجام دراوە. بەڵام هەرکەس ئەتوانێت بەرەوپێشچوونەکان بخاتە بەر پرسیار، دیارە ئەمەش خواکرد نییە و لە ئاسمانەوە نەباریوە، بەڵام بە لانی کەمەوە پێویستە ئەو کەسە لێی تێ بگات و لەوەش تێ بگات کە بۆچی

تیۆرییەکانی ئەو بوارە بەو جۆرە گەشەیان کردووە، یان لەسەر چ بنەمایەک هەڵچنراون و هەروەها شتی دیکەش. ئەگەرنا، سووک و ئاسان، لە گفتوگۆکەدا بەشدار نییت، کە دیارە ئەمەش ڕێک ئەبێت هەر ئاوەها بێت. بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکی زۆر سنووورداری ئەو بوارانە ئەگرێتەوە کە بە توێژینەوە ئینسانییەکانەوە خەریکن. هەندێ جار وا ڕوو ئەدات بواری نوێ ڕێچکە ئەشکێنن و پێڕەوی ئەو ڕێسایە ناکەن، وەک کە بەر لە سی سیوپێنج ساڵێک لە بواری (مۆلیکولاربایۆلۆژی)دا ڕووی دا. بەڵام لە بەشی زۆری بوارەکاندا و زمانناسییش سەر بە بوارێکی پەراوێزکراوی ئەو بوارانەیە، ئەو مێژووەی نییە کە لە بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیری و قووڵیی ڕۆشنبیری پێک هاتبێت. بێگومان زۆر شت هەن ئەکرێت توانای زانستییان لەسەر کۆ بکرێتەوە. ئەو چەندێتییەش کە کەسێک پێویستە لە بوارێکدا بیزانێت، پێوەندی بە بەرەوپێشچوونی بوارەکەوە نییە. ڕەنگە، ڕێک، پێوەندییەکی پێچەوانەی هەبێت، چونکە چەندە کەسێک لە پێشتر بێت و سەرکەوتنی لە بوارەکەدا بە دەست هێنابێت، هێندە پێویستی بە زانین کەمتر ئەبێتەوە. تێگەیشتن پێویستە و پێویستە زیاتر تێبگەیت، بەڵام ڕەنگە پێویستت بەوە هەبێت کەمتر بزانیت. بەڵام لەو بوارانەدا، کە تێگەیشتن و لێحاڵیبوون هێندە بە قووڵاییدا ڕۆ نەچوون، ئەبێت زانیاریی تەواوت هەبێت تا بتوانیت دەسەڵاتت بەسەر فاکتاکاندا بشکێت و بیانخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە. لەو بوارانەدا کە لەو چەشنەن گۆڕینەوەی بیروڕای ڕۆشنبیری لە ڕووی ناچارییەوە ئەبێت لە ئارادا هەبێت، بەتەواوی لەو ئایدیالە جیاوازە کە لەنێو زانستە سروشتییەکاندا هەیە و لە ئارادایە. زەحمەتە ئەرگومێنتەکان بنرخێنرێن، چونکە بە شێوەیەکی تایبەت سەرومڕ و پربەپڕ نین، چونکە گرنگییەکی هێندە گەورەیان نییە و هەربۆیەش پشتگیرییەکی پەراوێزکارانەیان لە فاکتدا هەیە. زمانناسی خۆی لە جێیەک لەنێوانی ئەو دوو سنوورەدا ئەبینێتەوە کە ڕێک بە پێچەوانەی یەکترەوەن.

بەڵام، بەهەرحاڵ، ئەوەی بە بیرمدا هات بیڵێم ئەوە بوو هەلومەرجەکانی نێو بوارەکە ئەوەیە کە قسەلێکردن و فاکتەکان ئەبێت بنرخێنرێن. ڕەنگە ئەو نرخاندنەش بە جۆرێکی زۆر کارا، یان کەمتر کارا، بکرێت، ڕەنگە نرخاندنەکە باشتر، یان خراپتر بکرێت؛ بەڵام بە لانی کەمەوە لە سنووری ئەو هەلومەرجانە دەرناچن. لە بوارەکانی تردا، بۆ نموونە کاتێک پێوەندی بە تێگەیشتن لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و لە پێش هەر شتێکی دیکەشەوە کاتێک پێوەندی بە سیاسەتی سەردەم و ڕۆژانەوە هەیە، پێم وا نییە ئەو هەلومەرجانە قەبووڵ ئەکرێن، یان لەوەش زیاتر تەنانەت وا پێشان ئەدەیت کە قەبووڵیان ئەکەیت، ڕەنگە بڕوات پێیان هەبێت، بەڵام بەدەگمەن وا ئەبێت پێڕەویان بکەیت و بە کاریان بهێنیت. کەواتە تۆ لەو کاردانەوەیە ئەپرسیت کە بەرانبەر کارەکانی من لەو بوارەدا هەبووە. ڕاستییەکەی، هیچ کاردانەوەیەک لە ئارادا نەبووە. هەر بۆ نموونە: بەگومانم لەوەی هیچ نووسراوەیەکی من لەسەر ئەو بابەتانە، تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەش، بخرێتە بەر باس لەو گۆڤارانەدا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەن و تایبەتن بە بوارەکە.

**ج. پ. ئایا هیچ کام لەو کتێبانەی لەگەڵ ڕۆژگاری کارکردنت لە بوارەکەدا نووسیوتن، لە هیچ یەکێک لە گۆڤارە گەورە و تایبەتمەندەکانی بوارەکەدا خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟**

**ن. چ.** نا! لێرە لەم وڵاتەدا، هێندەی بە بیرمدا بێت، نا! هیچ دەرفەتێک شک نابەم ئەمەی تێدا ڕوو دابێت، بەڵام لەودیو سنوور، لە کەنەدا، لە گۆڤارە تایبەتمەندەکانی بوارەکەدا ئەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە: پێم وایە هەر یەک لەو کتێبانەی لەبارەی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاوەیە لە (Pacific Affairs)دا، کە گۆڤاری تایبەتمەندی بوارەکەیە لە کەنەدا بۆ ئەو پرسانەی پێوەندییان بە ئاسیاوە هەیە، باس و هەڵسەنگاندنیان لەسەر نووسراوە. یان لە

ئوستورالیا و تەنانەت لە ئینگلتەراش؛ ئەو وڵاتەی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، تا ئەوپەڕی کۆلۆنی کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارێکی وەک (International Affairs) لەسەر کتێبەکانی من، یان کتێبەکانی (ئێدوارد هێرمان) کە جارجار پێکەوە کار ئەکەین و ئەنووسین، ئەنووسێت و باسیان لێوە ئەکات. هەموو کتێبەکان نا، بەڵام بەشێکیان. کەچی بەپێچەوانەوە بە بیرمدا نایەت هیچ کام لەو گۆڤارە ئەمەریکاییانەی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە خەریکە، کارێکی لەو چەشنە بکات. بە بیرمدا نایەت شتێکی وا ڕووی دابێت.

من پێم وایە ئەمە، بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کارەکانی من، هەر ئەوەندە نییە کە ڕەخنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سیاسەتەکەی ئەگرن ـ ئەمە خاڵی سەرەکی نییە ـ بەڵکو بەر لە هەرشتێک ئەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە وڵاتەکەدا. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی کارەکان کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری قەبوولکراوەوە. کاتێکیش ئەوەی من نووسیومە ئاماژەی بۆ ئەکرێت و وەک سەرچاوە وەرئەگیرێت، ڕووبەڕووی بەیەکجارەکی لەئارادانەبوونی کەمترین هۆکاری عەقڵانی، یان ڕێنوێنیکردنی بەڵگەهێنانەوە ئەبمەوە. هەمان شتیش سەبارەت بە هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەر ڕاستە. کتێبەکانی من دەربارەی پرسە سیاسییە گرنگەکان بە شێوەیەکی خێرا و بەرفراوان، بۆ نموونە: لە کەنەدا، بریتانیا و ئوسترالیا و هەندێ جێگای تر، لەسەریان ئەنووسریت و هەڵئەسەنگێنرێن، کەچی لێرە، لەم وڵاتەدا، بەدەگمەن و جارجار و لێرەولەوێ لەسەریان ئەنووسرێت. هەروەهاش من لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو تەلەڤیزیۆنانەدا کە لە سەرانسەری وڵاتێکدا پەخش ئەکەن، دەرئەکەوم و بەشداری لە بەرنامەی ڕادیۆدا ئەکەم و هەروەهاش لە گۆڤارەکاندا ئەنووسم. ئەگەرچی کە تا ئەوپەڕی ڕەخنەگرانە دژی سیاسەتی ئیسرائیل نووسیومە، کەچی سەرباری ئەوەش داوام لێ کراوە لە ڕۆژنامە گەورە و گرنگەکانی ئەو وڵاتەدا بنووسم. ئەمە شتێکە، بە کردەوە،

لەم وڵاتەدا بە بیروخەیاڵدا نایەت ڕوو بدات. بە ڕیزپەڕ لە بەرەی سەر بە سۆڤیەت، کە لەوێ هەر بەیەکجارەکی ڕیزبەدەر کراوم ـ تەنانەت لە بواری زماننناسییشدا ـ وا دێتە پێش چاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو وڵاتەیە کە بەیەکجارەکی و بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن و گۆڤارەکانی بە ڕوومدا داخراون. حاڵەتی من لەم ڕووەوە شتێک نییە تەنیا تایبەت بێت بە من و سەر و ڕووی کەسی دیکەی نەگرتبێتەوە. هەر هەمان شت سەبارەت بە زۆربەی ئەوانە ئەکرێت کە ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەگرن. ئەمە بە ڕێژەی لە سەدا سەد، یان لە سەدا سفر نییە، بەڵام حاڵەتەکان ئاشکران. ئەمەش بەپێی بیروبۆچوونی من بە شێوەیەکی تایبەت مایەی سەرسووڕمان نییە. لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، بە هۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە بزووتنەوە میللییەکان دروستیان کردبوو، کورتخایەن و لە هەندێ بەشی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا چەند پەنجەرەیەک کرانەوە، بەڵام هەر زوو ئەو پەنجەرە کراوانەش، لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو کاردانەوە پێچەوانە ئایدیۆلۆژییەی لە حەفتاکاندا ڕووی دا، داخرانەوە.

ئەگەر، جارێک لە جاران، شتێک ناو بهێنرێت کە من، یان ڕەخنەگرانی دیکە، وتوومانە، وا دێتە پێش چاو ئەوانەی قسەیەکیان لەبارەیەوە هەیە، هەر ناشزانن بیروبۆچوون و باسەکە لەسەر چ بنەمایەک هەڵچنراوە و چ بیروڕایەکە کە لەڕاستیدا قسەی لەبارەوە کراوە. ئەو جارە دەگمەنانەش کە دەرفەتم بۆ هەڵکەوتووە گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرسانەوە بکەم، یان لە چاپکراوەکاندا، یان بۆ خۆم لەگەڵ ئەکادیمییەکان و کەسانێکدا کە بە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە خەریکن، زیاتر ڕووبەڕووی لێنەهاتوویی لە گوێگرتندا بوومەتەوە، زیاتر لەوەی گوێم لە بەڵگەهێنانەوەیەکی دژ بە بەڵگەکانی خۆم بێت. من ڕووبەڕووی هەموو جۆرە لێتێگەیشتنێکی سەیروسەمەرەی مەحاڵ و نامەحاڵ بوومەتەوە. بۆ نموونە: سەبارەت بە بیروبۆچوون و تێگەیشتنی من

له جەنگی ڤێتنام، چونکه زۆرجاران دەستەی لەپێشەوەی ڕۆشنبیران، سووک و ئاسان، ناتوانن لەوە تێ بگەن چۆن کەسێک ئەتوانێت بیروڕای وەکو ئەو بیروڕایانەی منی هەبێت. بیروبۆچوونی سەرەکیی من لەبارەی جەنگی ئەمەریکاوە لە ڤێتنام لەسەر ئەو پرنسیپە هەڵچنرابوو کە زەبروزەنگ و هەستی توندڕۆیی دوژمنانە هەڵەیە و هەر هەمان بیروبۆچوونیش بوو سەبارەت بەو توندڕۆییە دوژمنانەیەی کە ئەمەریکا لە ڤێتنامی باشووردا پێڕەوی ئەکرد. کەسانێکی یەکجار زۆر کەم لە ئەڵقە ئەکادیمییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەبوون کە تەنانەت لەو وشانەش تێنەئەگەیشتن. نەیانئەتوانی لەوە حاڵی ببن من مەبەستم چی بوو، کاتێک لەبارەی توندڕۆیی دوژمنانەی ئەمەریکاییەوە لە ڤێتنامی باشوور قسەم ئەکرد. هیچ شتێکی لەو چەشنە لە مێژووی نووسراوەی ڕەسمیدا نەبوو، ئەگەرچی ئەوە بەتەواوی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر بوو کە لە جیهانی واقیعدا هەبوو. بۆ دەستەی لەپێشەوەی ڕۆشنبیران زۆر زەحمەت بوو بڕوا بەوە بهێنن بەرەنگاریی من بۆ هێرشی ئەمەریکا لە ڤێتنامی باشووردا لەسەر هەمان پرنسیپ هەڵچنرابوو کە وای کرد پاشتر هەمان هەڵوێستم سەبارەت بە چوونەناو سنوورەکانی چیکوسلۆڤاکیا و ئەفغانستانەوە هەبێت لەلایەن ڕووسیاوە. تێگەیشتن لەمە مەحاڵ بوو بۆ ئەوان. ئەوان پێیان وابوو من لە بەرانبەر ئەو خەرجانەدا کە لە جەنگەکەدا سەرف ئەکران وەستاومەتەوە، یان ڕەنگە لە بەرانبەر ئەو نرخەدا کە ڤێتنامییەکان، یان ئێمە، ئەبوو لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا بیدەین، یان لە بەرانبەر سەرنەکەوتن لە جەنگەکەدا، یان لەبەرئەوەی من پشتگیریی ڤێتنامی باکوورم ئەکرد، کە ئەمەش گریمانەیەکەی باو و قەبووڵکراو بوو، هەر بۆ نموونە: باس هەر هەمان باس بوو لە گفتوگۆیەکدا کە دەمێک نییە لەگەڵ (جۆزێف نێی)، لە (هارڤارد)، لەو بارەیەوە کردمان. بێجگە لەمانە شتی دیکە لە ئارادا نەبوو. ئەوە وەک پرنسیپ، هی قسەلەسەرکردن نەبوو، کە نەتوانیت بەرەنگاریکەری ئەو توندوتیژییە بیت کە ئەمریکا لە ڤێتنامی باشووردا بە کاری ئەهێنا، چونکە بەپێی لێحاڵیبوون و تێگەیشتنی ئەوان هەرگیز

زەبروزەنگ و توندڕۆییەک لە ڤێتنام ڕووی نەدابوو، هەر لەبەرئەوەش نەئەبوو لەبەر ڕۆشنایی ئەو فاکتەدا ڕووداوەکان لێک بدەیتەوە. مێژووی نووسراوەی ڕەسمیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پارێزگاریی لە ڤێتنامی باشوور ئەکرد و باس لە هیچ هێرش و دەستدرێژییەکیش نەبوو ـ کۆترەکان بانگاشەی ئەوە ئەکەن کە ئەمە بە عەقڵی کەسدا نایەت! ڕەنگە کۆتری سۆڤیەتییش هەبن بە هەمان شێوە ڕەخنە لە "پارێزگاریکردن لە ئەفغانستان" بگرن.

ئەمانە ئەو ئاستەنگانەن کە زۆر زەحمەتە بەسەریاندا سەر بکەویت. سیستەمێکی ئاڵۆز لە خەیاڵبڵاوی و خۆهەڵخەڵەتاندن هەیە و ئەو چوارچێوە حاشاهەڵنەگرەیان بە دەوری زۆربەی گفتوگۆ و باسوخواسەکاندا کێشاوە. ئەگەر خۆیشت نەخەیتە ناو ئەو سیستەمی خەیاڵبڵاوی و خۆهەڵخەڵەتاندنەوە و بەشداریی تێدا نەکەیت، ئەوەی ئەیڵێیت کەس لێی حاڵی نابێت و تێی ناگات.

**ج. پ. وا دێتە پێش چاو کە یەکێک لە لایەنە هەرە بەهێزەکانی نەریتە ئەنارکیستییەکان ئەو ڕەخنەیە بێت لە دەوڵەت و ڕۆڵی ڕۆشنبیران ئەگیرێت و یەکێکی دیکەشی ڕوانگەی یۆتۆپیایانەی بێت بۆ چۆنێتیی زاڵبوون بەسەر گرفت و ئاستەنگەکانی نێو کۆمەڵە باشرێکخراو و ئاڵۆزەکان، لە چوارچێوەی دامودەسگا ئازادەکان و پێڕەوکردنی گیانی هاوکاریکردن و پێکەوەکارکردنی ڕاستەقینەدا. یەکێک لە لایەنە بەهێزەکانی مارکسیزمیش ئەو خەریکبوونە مەبدەئییە توندوتۆڵە ڕێژەییەی بووە بە پێکهاتەی دنیاگریی سەرمایەداری و دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە لە پێنج چەرخی ڕابوردوودا. هۆی چییە کە نەریتە ئەنارکیستییەکان لەم جۆرە پرسانەدا لاوازتر دێنە پێش چاو؟**

**ن. چ.** بە بڕوای من یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە دەستەیەکی ڕۆشنبیرانی ئەنارکیست کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووبێت لە ئارادا نەبووە. ئەنارکیزم ئەو تێڕوانین و بیروبۆچوونە نییە توانای ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆشنبیرانی بە لای

خۆیدا هەبێت. بەر لە هەرشتێک، بەرانبەر نییە لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی ڕۆشنبیراندا و خواستەکانی ئەوان دەستەبەر ناکات. لە کۆمەڵێکی مۆدێرنی پیشەسازیدا، دەسەڵات بە دەست دەوڵەت، یان لەژێر ڕکێفی ئابوورییەکدایە کە خاوەنداریێتیی تایبەت تێیدا دەسەڵاتە ـ دوو چەقی چڕبوونەوەی دەسەڵات کە بەتەواوی وابەستەی یەکترن لە دیموکراتییەتی سەرمایەداریدا. ئەوانەی ڕۆڵی ڕێبەری، یان ڕۆڵی پڕوپاگەندەکار ئەبینن، لە ئابوورییەکدا کە خاوەنداریێتیی تایبەت تێیدا باڵادەستە، شەرەفی ناوونیشانی "ڕۆشنبیران"یان پێ ڕەوا نابینرێت، بەڵکو زیاتر بە "ڕێبەری دامەزراو و کارگەکان" یان بە "تایبەتمەندانی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان دام و دەسگاکان و خەڵک" یان هەرشتێکی دیکەی لەو جۆرە ئەناسێنرێن. ئەوانەی ئێمە بە "ڕۆشنبیران" ناویان ئەبەین، هەمیشە بەلای ئەو ڕەوتە باوەدا دایانشکاندووەتەوە کە دەوڵەت وەکو ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کاریگەری و پلەوپایەی نێو کۆمەڵ ئەبینن. لینینیزم دەربڕینێکە ڕێک لەگەڵ ئەم ڕەوتە باوەدا دێتەوە. ئەوەی کە لینینیزم جێی ڕەزامەندیی ڕۆشنبیرانە و بە شێوەیەکی تایبەت سەرنجیان بەلای خۆیدا ڕائەکێشێت، پێوەندی بەوەوە هەیە لینینیزم لەنێو خۆیدا ئەو مافەی بە ڕەوا ناساندووە ڕۆشنبیران بە یارمەتیی شەڕ و پێکدادانە میللییەکان کە بۆ نیازی خۆیان سوودیان لێ وەرئەگرن و بە کاریان ئەهێنن، بە جێوڕێ و پلەوپایە چەواشە و باڵادەستەکان بگەن. کاتێکیش کە ئەوە بۆ ڕۆشنبیران دەرکەوتووە کە خواست و ئاواتەکانیان لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئەنارکیزمەوە بە هیچ سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونێک ناگەن و لە خەیاڵبڵاوی زیاتر شتێکی دیکە نین، ئاسانتر بووە بۆیان دەستبەرداری ئەم بەرەیە ببن و پاڵ بەو بەرەیەوە بدەن کە پەسنی سەرمایەداریی دەوڵەتیی لیبرالی ئەدات و بە شانوباڵیدا هەڵئەڵێت، یان ئاسانتر بووە پاڵ بدەن، یان ببن بە خزمەتکاری ئەو دەستەیەی کە زاڵ و باڵادەستە لە کۆمەڵدا.

ڕۆشنبیرانی ڕێکخراو، ئەو کەسانەی کە ئەیانتوانی بەو جۆرە تاوتوێکردن و شیکارییە هەڵسن کە تۆ باسیان لێ ئەکەیت، ئایدیۆلۆژییەکانی سۆشیالیزمی دەوڵەت، یان سەرمایەداریی دەوڵەتیان، هەڵبژاردووە. ئایدیۆلۆژیی سروشتیی ئەوان، ئەو ئایدیۆلۆژییەیە کە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ بە دەوڵەت ئەبەخشێت، ئەوجا ئەو دەوڵەتە، دەوڵەتی سۆشیالیزمی دەوڵەت، دەوڵەتی سۆشیالیزمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، یان سەرمایەداریی دەوڵەتیی سوپایی بێت لە چەشنەکەی (ڕۆناڵد ڕەیگەن)، هیچ لە مەبەستەکە ناگۆڕێت. ئا لەم پێوەندییانەدا بووە کە زۆربەی دەستەی ڕۆشنبیران جێوڕێ و مەکانەی خۆیان بینیوەتەوە.

ئەنارکیزمی نوێ، بە لانی کەمەوە لە سەردەمی (باکۆنین)ەوە، لەو ڕەخنە توندوتیژەوە پەیدا بووە کە ئەو ئاڕاستەی ڕۆشنبیرانی کرد و بە "ڕۆشنبیرانی خاوەنپیشەی ڕۆشنبیری!" ـ بەتایبەت مارکسیستەکان ـ ناویان ئەهێنێت و هەروەها توندوتیژیی ئەو بەرانبەر بە بەرژەوەندیی چینایەتیشیان کە وەک نوێنەری سیستێمی دەوڵەتێکی چەوسێنەر لە خزمەتی دەوڵەتدان. ئەمە ئەوە بوو (باکۆنین) ناوی لێ نابوو "چینە نوێیەکە"، یان "بیرۆکراتە سوورەکان" و هەروەها هاوتاکانیشیان لە کۆمەڵی سەرمایەداریی دەوڵەتدا کە ئەوسا لە قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەسەندندا بوو.

لە سۆنگەی چەند هۆیەکەوە کە تێگەیشتن لێیان زەحمەت نییە، هەمیشە دوژمنایەتی و بە ڕووی یەکدا هەڵشاخانێکی زۆر لەنێوان بزووتنەوە ئەنارکیستییەکان و ڕۆشنبیراندا لە ئارادا هەبووە. ئەنارکیزم هیچ جێوڕێیەکی جیاواز و تایبەت، یان زاڵ و باڵادەست، بە شایانی ڕۆشنبیران نازانێت، بەڵکو لە هەوڵی لەناوبردنی ئەو جێوڕێ جیاواز و تایبەتەشدایە کە بە ڕۆشنبیران ڕەوا بینراوە. لە دەرئەنجامی ئەمەشدا زۆر نین ئەو ڕۆشنبیرانەی ئەنارکیزم بەرەو خۆی بە کێشیان ئەکات. بەدڵنیاییەوە ڕۆشنبیرانی ئەنارکیست هەبوون، بەڵام ژمارەیان تا ڕادەیەک سنووردار بووە لەچاو ئەو ڕۆشنبیرانەدا کە

چوونەتە نێو ئەم یان ئەو جۆرە لە ڕیزەکانی ئەو شتەوە کە بە مارکسییەت، یان سۆشیالیزمی دەوڵەت، ناو ئەبرێت. ئەمە یەکێک لە هۆیەکان.

هۆیەکی دیکە ئەوەیە زۆر لە ڕۆشنبیرە ئەنارکیستەکان، بە شێوەیەکی گشتی، توێکاری و شیکردنەوەی مارکسیستانەیان بۆ سەرمایەداری قەبووڵ کردووە. مارکس، هەرچۆنێک بێت، دامەزرێنەری تیۆریی سەرمایەداری بوو. ئەو زۆری لەبارەی سۆشیالیزمەوە نەنووسیوە. باسکردن و شیکردنەوە تیۆرییەکانی ئەو لەمەڕ سەرمایەدارییەوە، بە شێوەیەکی گشتی، لەلایەن زۆر لە ئەنارکیستەکانەوە، قەبووڵ کران. ئەگەرچی ئەوان لە بەرانبەر ئەوەدا ڕاوەستانەوە کە بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان بەلای مەیلی دژ بە سۆشیالیزمدا لە هەڵسوکەت و بیرکردنەوەکانی مارکسدا دایئەشکاندەوە. بە بیروڕای من، ئەمەش ڕەخنەیەکی ڕەوا و ڕاست بوو، بەتایبەت کاتێک کە پێوەندی بە جۆری لینینیستانەی مارکسیزمەوە هەیە، ئەو جۆرەی کە بەتەواوی لەلایەن مارکسیستەکانی وەکو (ئەنتۆن پانەکۆوک)ەوە ڕەد ئەکرێتەوە و ڕەخنەی لێ ئەگیرێت.

با حاڵەتی (باکۆنین) وەربگرین. (باکۆنین) هەوڵ و بەشدارییەکانی مارکسی وەکو مێژوونووسێک و توێژەرەوەیەک بەرز نرخاند، چونکە مارکس زۆر شتی بەهاداری هەبوو لەبارەی سەرهەڵدان و سروشتی سەرمایەدارییەوە. لەو ڕووەوە زۆر بوون ئەو ڕۆشنبیرە سۆشیالیست ـ ئەنارکیستانەی پێیان وا بوو مارکسیستەکان تێگەیشتن و لێحاڵیبوونێکی شایان و گرنگیان سەبارەت بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی سەرمایەداری هێناوەتە گۆڕێ و گەشەیان پێ داوە. بەڵام پێشیان وا بوو کە مارکسیستەکان سەرلەبەر چەواشە لە ئیمکانەتەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵی سۆشیالیستیی ئازاد حاڵی بوون، یان لەوەش خراپتر، کە ئەوان لە سۆنگەی بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیانەوە وەکو ڕێبەرانی دەوڵەتی و پێڕەوکەرانی ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت ئەبوون بە لەنێوبەرانی ئەو ئیمکاناتەی کە پێکهێنەری کۆمەڵی لەو چەشنە بوون. ڕێک

لێرەدا بوو ئەنارکیستەکان سنووری جیاوازیی خۆیانیان لەگەڵ مارکسیستەکاندا دیاری کرد.

ئەوان زۆربەی جاران زیاتر لە مارکسیستەکان چاویان لە ئامانجەکانی داهاتوو بڕیبوو. بەڵام هەر بە تەنیا ئەمە نییە. (کرۆپۆتکین) لەبارەی شۆڕشی فرانساوە) نووسیی و لەبارەی هاریکاریی هاوبەشەوەش نووسیی وەکو هۆکارێک بۆ گەشەسەندن و نەشونماکردن ـ ڕەنگە ئەوەش یەکەم هەوڵ و بەشداریکردنی گرنگ و شایان بێت بۆ "سۆشیال بایۆلۆژی" و هەندێ شتی دیکەش. (ڕۆدۆڵف ڕۆکەر)یش لەبارەی بیری نەتەوایەتی و فەرهەنگەوە، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، نووسیی. بەڵام نووسراوە و ئەدەبیاتی مارکسیستانە زۆر بەرفراوان و گشتگرترن.

**ج. پ. ئایا ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵی ئەنارکیستدا چی ئەبێت؟**

**ن. چ.** ڕۆڵی ئەو کرێکارانە ئەبێت لەگەڵ کاری بیرکردنەوەدا خەریکن. ئەو کەسانە ئەبن کە کارەکانیان بە بەکارهێنانی سەریان زیاتر لە دەستیان ئەنجام ئەدەن. بەڵام من پێم وایە لە کۆمەڵێکی باشدا ئەبێت بەجێهێنانی ئەرکە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵ خەسڵەتی تێکەڵ، هەم بەکارهێنانی سەر و هەم بەکارهێنانی دەستیشی تێدا هەبێت. لەوانەیە ئەم پرنسیپە لای (مارکس)یش جێی ڕەزامەندی و قەبووڵکراو بێت. دیمەنی ئەنارکیستانە بۆ کۆمەڵ، یاخود مەیلە ئەنارکیستییەکان لەنێو کۆمەڵدا، هیچ ڕۆڵ و ئیمتیازێک بە ڕۆشنبیرانی ڕێکخراو، یان ئەو ڕۆشنبیرانەی تەنیا بە کاری ڕۆشنبیرییەوە خەریکن، نابەخشێت. لەباتی ئەوە ئەنارکیزم خوازیاری ئەوەیە جیاوازییەکانی نێوان کرێکاران و ڕۆشنبیران بسڕێتەوە، تا لەو ڕێیەوە کرێکاران بتوانن ڕۆڵێکی کارا لە دیاریکردنی لایەنی ڕۆحیی ئەو کارەدا ببینن کە ئەنجامی ئەدەن، هەروەها ڕۆڵ لە ڕێکخستن و پلاندانان و دیاریکردنی مەبەست و مەرامی کارەکانیان و

شتی دیکەی پێوەندداریش بەوانەوە ببینن. ئەو کەسانەی مەرامی سەرەکیی کارەکەیان زانست یان جێبەجێکردنی زانستە، نابێت ئەو ئیمکاناتە تایبەتەیان هەبێت کە ڕابەرایەتیی کۆمەڵ بکەن، یان بە هۆی توانست و زانیاریی تایبەتیانەوە، بە نفوز و جیۆرێی دەسەڵات بگەن. ئەمانەش ئەو شتانە نین کە سەرنجی ڕۆشنبیران، بە شێوەیەکی سروشتی، بۆ لای خۆیان ڕائەکێشن.

من پێم وایە کۆمێنتارەکانی (باکۆنین) لەمەڕ ئەم بابەتەوە ژیرانەن: ڕۆشنبیران خوازیاری ئەوەن خۆیان لەو دیمەنانەدا ببیننەوە کە سۆشیالیستیی دەوڵەت یان سەرمایەداریی دەوڵەت پێناسەی ڕۆشنبیرانی پێ ئەکات، بەوەی کە ڕۆڵێکی پێشەنگ بە ڕۆشنبیران ئەدات. بۆ نموونە: ڕۆڵێکی ئایدۆلۆژی، ئەو ڕۆڵەی تیۆریستەکانی بیروڕای دیموکراتی، بە "ئەفراندنی بیروڕای چونیەک" ناوی ئەبەن. سەرباری ئەوەش بێگومان زۆرجار کۆمەڵە مۆدێرنەکان بەشێکی زۆر لە ئیمتیازاتیان بۆ ڕۆشنبیران دەستەبەر کردووە.

**ج. پ. تۆ لەو بارەیەوە نووسیوتە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان زانستێک لەبارەی هەندێک لە بەشەکانی سروشتی مرۆڤەوە بە دەست ئەهێنین کە ئەتوانێت تێگەیشتنمان پێ ببەخشێت چۆن مامەڵە و ڕەفتار بکەین بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵێکی باشتر. کاتێکیش مەسەلەکە پێوەندی بەم کۆششەوە هەیە، ئەگەر بێت و لە ڕوانگەی مێژووییەوە تێی بڕوانین، پێوەندیی نێوان زانست و ئەنارکیزم، زۆرجاران، پێوەندییەک بووە کە بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانەی یەکتر کاریان کردووە. ئاخۆ زۆرێک لە ئەنارکیستە ئەوروپاییەکان، لە هەردوو باردا کە زانست چییە و زانست چۆن بە کار ئەهێنرێت، پشێو و نیگەران نەبوون؟**

**ن. چ.** هەروەها لەم خاڵەشدا پێوەندییەکە زۆر ئاڵۆسکاوە. بۆ نموونە: (کرۆپۆتکین) زانیارێکی زانستی سروشت بوو، لە یەکێک لە بەشە

قەشەنگەکانی زانستە سروشتییەکاندا نا! بەڵام، بێ هیچ دوودڵییەک، ئەو پێی وا بوو هەست و پێشینە و خولیای زانیارێکی سروشتی هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە تۆ ڕاستیت. لە نەریتی ئەنارکیستانەدا هەستێکی دیار و ئاشکرا هەبووە کە لەنێو زانست خۆیدا بەرەیەکی توندوتۆڵ و وێکچوو، یان بەرەیەکی چەوسێنەرانە، هەبووە؛ کە ئەبوو ئێمە خۆمان لە بنەما چەوسینەرەکانی بیرکردنەوەی زانستییانە دەرباز بکەین. من هیچ تێگەیشتنێکم بۆ ئەو هەڵوەستەیە نییە. ئەوەی من ئەیزانم ئەوەیە کە هیچ ئەرگومێنتێک بۆ وەرگرتنی لاگرییەکی ناعەقلانی نییە. من لەو بڕوایەدا نیم شێوازە زانستییەکان لەوە بەدەر بن کە ژیرانە بن و لەوەش تێ ناگەم بۆ ئەبێت ئەنارکیستەکان ژیر و عەقلانی نەبن. لەو باوەڕەدا نیم ئەمە لەوە بچێت کە خۆ لەبەر چەوساندنەوەدا ڕانەگرین و سەری بۆ نەوی بکەین، یان لەوە بچێت هەر هەمووومان یەک ئاڕاستەی ژیرێتی وەربگرین. من بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پێشینەی ئەم جۆرە هەستانە تێ ئەگەم، بەڵام هیچ هاوسۆزییەکم لەگەڵیاندا نییە.

**ج. پ. بەڵگەیەکی زانستانە لە ئەمڕۆدا ئەتوانێت چیی لەنێو خۆیدا هەڵگرتبێت، تا شتێکمان لەبارەی ئاکاری سەربەستانەی مرۆڤەکانەوە پێ بڵێت؟**

**ن. چ.** لەئێستادا، ئەوەندەی من بزانم، یەکجار کەم. ڕەنگە بتوانیت هەندێ پرنسیپی تیۆری بهێنیتە پێش چاو کە بتوانن ڕێنوێنیی کەسێک بکەن بەرەو جۆرێک لە پێشبینییەکان لەبارەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەوە لە هەندێ لە پێوەندییە سنووردارەکاندا. دوور لەوەی کە بتوانێت ئەو کەسە بگەیەنێتە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە سەبارەت بە ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی.

ئەگەرچی بشتوانین دەستبەرداری ڕێنوێنییە ئێتیکییەکان ببین، بەڵام من پێم وا نییە بتوانین بە لەقاڵبدانی تاقیکردنەوەی بەنرخ و پڕمانا بگەین، چونکە ئێمە زۆر کەم لەبارەی ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانەوە ئەزانین کە بە شێوازێکی ئازادانە هەڵبژێردراون. بۆ ئەوەی بتوانین تاقیکردنەوەکان لە قاڵب بدەین، ئەبێت لە جۆرێک گریمانەی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەین، جۆرێک لە تێگەیشتنی سنووردار کە چییە ئەتوانێت کە، یان کە چییە گومانی لێ ئەکەین لە پشت جۆرە دیاردەیەکەوە بێت. کاتێک کە ئەمە پێوەندی بە خواستی ئازاد و هەڵبژاردەی ئازادەوە هەیە، پێم وایە ئێمە هێشتا هێمایەکی سەرەتایی ئەو جۆرە تێگەیشتنەمان لا نییە. ئەمەش ئەو گۆشەنیگایانەن لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤانەدا کە ئێمە سووک و ئاسان ناتوانین، لە حاڵی حازردا، ڕۆشنبیرانە لێی تێ بگەین و لەوانەشە هەرگیزاوهەرگیز لێی تێ نەگەین.

**ج. پ. تۆ زۆرجار لە نووسینەکانتدا ئاماژە بە ئەنارکیستە ئەوروپاییەکان ئەکەیت، بەڵام بەدەگمەن دەست بۆ ئەنارکیستە ئەمریکاییەکان ڕائەکێشیت، ئەگەرچی (ڕۆکەر) لێرە، لەم وڵاتەدا، ئەژیا.**

**ن. چ.** ڕەنگە بەشێکی پێوەندی بە پێشینە و ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەبێت. بەڵام لەوانەیە بەشێکیشی پێوەندی بە نەریتی ئەنارکیستانەی ئەمەریکاییەوە هەبێت، بە لانی کەمەوە ئەو بەشەی بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕی ئەو نەریتەن لەو نووسەرانە پێکهاتووە کە لە نەریتێکی تاکەکەسییانەوە ئەنووسن. دیارە ناکرێت ئەو دەربڕینانە پشتگوی بخرێن، بەڵام ئەوان هێندە لەبارەی ئەو گرفتانەوە نادوێن کە بە لای منەوە گرنگن. ئەوەی لەنێو ئەنارکیزمدا بەتایبەت سەرنجی من بە لای خۆیدا ڕائەکێشێت، ئەو مەیلانەی نێو ئەنارکیزم خۆین کە هەوڵ ئەدەن چارەسەر بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە کە ئەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا بکرێت لەنێو

پێگە و ئامۆژگا ئازاد و سەربەستەکاندا و ئەنارکیستە ئەمەریکاییەکانیش، بەدەگمەن نەبێت، ئەم جۆرە پرسانەیان تاووتوێ نەکردووە.

**ج. پ. کاتێک بە دوای ئەو کەسانەدا ئەگەڕێیت کە ئەم جۆرە گرفتانەیان تاووتوێ کردووە، کێ ئەبینیتەوە؟**

**ن. چ.** لەنێو ئەنارکیستەکاندا، بۆ نموونە، ڕدۆڵف ڕۆکەر و هەندێک لە ئەنارکیستە ئیسپانیاییەکان، هەندێک لەوان هەوڵیان داوە تا ڕادەیەک بەدوورودرێژی پلانی جۆرێک لە کۆمەڵی سەربەخۆ دابڕێژن ـ بۆ نموونە دییێگۆ ئاباد دۆ سانتیلان، کە لە ١٩٣٧ و لە گەرمەی شۆڕشی ئیسپانیادا کتێبێکی بە ناوی (دوای شۆڕش)ەوە نووسی. دۆ سانتیلان تا ڕادەیەک لەوەدا کە شۆڕشی ئەنارکییانە گرتبوویە بەر، بەدبەخت بوو. ئەو پرۆگرامێکی گرنگی بۆ گەشەکردنی ئەنارکیستانە، بەتایبەت بۆ ئیسپانیا، ئامادە کرد. من ئەو کتێبەم لە سەرەتای چلەکاندا دۆزییەوە کاتێک بەنێو کتێبفرۆشی و کتێبخانە ئەنارکیستەکاندا لەو جۆرە بابەتانە ئەگەڕام و بەپەرۆشەوە کتێبەکەشم خوێندەوە. هەروەها بابەتگەلێکی بەرفراوان و گرنگ لەبارەی ڕێبەرایەتیی کرێکارانەوە هەیە و بە ئاڕاستەی مارکسییانەش کۆمەڵەبابەتی زۆر هەن.

**ج. پ. پێت وایە لێکۆڵینەوەیەکی شایان بۆ ئەم جۆرە بابەت و بیرکردنەوانە بە ئاڕاستەی ئەنارکیستانە ئەمڕۆ لە خۆرئاوادا لە ئارادا بێت؟**

**ن. چ.** نا، پێم وا نییە هیچ هەوڵێکی گرنگ بۆ پاڵپشتیی ئەم جۆرە بیروبۆچوونانە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئارادا بێت بەڵام، بیرکردنەوەی ئەنارکیستانە هەندێک بەرفراوانیی دیکەی لە هەندێک لە پرس و کێشەکانی تردا بە خۆوە بینیوە، بۆ نموونە: لە باری ئیکۆلۆژیدا. لەنێو هەندێک لە

لایەنەکانی بزووتنەوەی (چەپی نویَ)شدا، لە شەستەکاندا، جۆرێک لە هەستی بەرزنرخاندنی هەندێک لە خەسڵەتەکانی بیرکردنەوەی ئەنارکیستانە هەبوو. ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی پێچەڵپێچ و ئاڵۆزە و تا ڕادەیەک بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە کاریگەریی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی، هەر نەبێت، لە هەندێک لە لایەنەکانی بزووتنەوەی چەپڕەویدا، لاوازتر بوو و ئەمەش خۆی لە خۆیدا بارێکی باش و تەندروست بوو بۆ بزووتنەوەکە.

**ج. پ. ئاڕاستەی بیرکردنەوەی تۆ سەبارەت بە دەسەڵات و پێکهاتەی جیهانگریی ئیمپراتۆریەتەکان و هەروەها سەبارەت بە "سۆسیالیزمی ئازادیخواز" و نەریتە ئەنارکیستییەکان تا ڕادەیەک ڕیزپەڕە و لە ئاڕاستە و بیرکردنەوەکانی دیکەی ئەم بوارە ناچێت. چییە وای کردووە زەحمەت بێت بۆ ئەنارکیستەکان لە یەک کاتدا لە هەردوو بابەتەکە پێکەوە بڕوانن؟**

**ن. چ.** سۆسیالیستە ئازادیخوازەکان، زۆربەی کات، ئەوەیان لا زەحمەت بووە کە چالاکانە خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی و خەباتی دژ بە هەوڵە ئیمپریالیستییەکان خەریک بکەن. ئەمەش، بەداخەوە، بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لە دنیایەکدا تێیدا دەسەڵات بیَ سنوور چڕ بووەتەوە و تێیدا دەسەڵات وابەستەی ئەو باوەڕەیە کە هەموو ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییانەی لە بەرژەوەندیی زۆربەی زۆری دانیشتووانن و زیان بە بەرژەوەندیی هەندێک لە لایەنەکانی نێو دەوڵەتە بەهێزەکان ئەگەیەنن، لە گۆڕ بنێت. بۆ نموونە، ئەو کۆمپانیا بێگانانەی کە ئەیانەوێت سامان و دارایی خۆیان لەنێو وڵاتێکدا بخەنە گەڕ ـ لە دنیایەکی ئاوهادا تەنانەت هێزە بەتەواوی ئازادیخوازەکانیش ـ ئەمجا ئەگەر ئەم جۆرە هێزانە لە ئارادا هەبن ـ هێندەیان لە بەردەمدا نییە کە بتوانن تێیاندا هەڵبژێرن. شۆڕشێکی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینە پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی بەرفراوان و گشتگر هەیە بۆ زۆربەی هەرەزۆری توێژ و

چینەکانی کۆمەڵ. ئەبێت ئەوان ئامادە بن بۆ ئەوەی ڕێنوێنیکردنی بەرهەمهێنان، گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تری نێو کۆمەڵ بگرنە دەست، ئەبێت ئامادە بن بۆ ئەوەی بریکارێک بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی گەشە پێ بدەن و بە شێوەیەکی گشتییش ئامادە بن بۆ ئەوەی ئەو دامودەستگایانە دابمەزرێنن کە بەتەواوی شایستەی دیموکراتییەکی ڕاستەقینەن. ئەو دامودەستگایانەش ئەبێت ئەو کەرەسانە دەستەبەر بکەن بۆ تەواوی دانیشتووان، تا بتوانن بە هۆیانەوە بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان و شتە هاوبەشەکانی نێوانیان و کارەکانیان بدەن و هەروەهاش لە دارِشتنی سیاسەتی گشتی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن. دیارە هەموو ئەم جۆرە هەوڵ و تەقەلایانەش گەرماوگەرم لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە تێکوپێک ئەشکێنرێن. بیهێنەرەوە یادی خۆت چییان بەسەر شۆڕشی ئەنارکیستانەی ئیسپانیادا هێنا و چۆن لەلایەن کۆمۆنیستەکان، فاشیستەکان و سەرجەمی هێزە دیموکراتە لیبراڵەکانەوە تێکوپێک شکێنرا، ئەو هێزانەی کە دوای ئەوەی هەڕەشەی ئازادییەکی ڕاستەقینەیان لە پێش خۆیاندا نەهێشت، ئەوجا لەنێوان خۆیاندا کەوتنە وێزە و بەربەرەکانیکردنی یەکتر.

ئەمجا ئەگەر لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم ورد بینەوە، ئەگەر لە باری ئێستای ڕۆژگارەوە سەیر بکەین و ئەوە بهێنینە پێش چاوی خۆمان کە لەوانەیە ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕانە لەو وڵاتانەدا بێتە پێشەوە کە بەڕاستی بیر لەوە بکاتەوە ئەو سامانە کەمەی لە وڵاتێکدا هەیە و خۆی لە خۆیدا بەشی دانیشتووان ناکات، بگوێزێتەوە بۆ زۆربەی زۆری دانیشتووانی هەژاری ئەو وڵاتە، لەوانەیە ئەمە لە چوارچێوەی سیستەمی وڵاتێکی ئەکتۆریتاریشدا ڕوو بدات. بەڵام لە بارێکی ئاوهادا گەورەترین گرفتێک کە مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، گرفتی "مانگرتنی سەرمایە" و سنووربەزاندن و هەڵهاتنی سەرمایەیە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بڕیار لەسەر خستنەگەڕی دارایی و بەرهەمهێنان

ئەدەن لە ئابووریی تاکەکەسیدا. لەوانەیە، هەر لە سۆنگەی ئەوەشدا، ڕێبەرانی ئەو وڵاتە لە بەرانبەر هەوڵی خۆڕزگارکردنی سەرمایەدا ببەزێن و وڵات بگەڕێننەوە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی پێشووی خۆی، یان لەوانەیە، لە وڵاتێکدا، هەوڵ بدرێت دەست بەسەر ئابووریی تاکەکەسیدا بگیرێت و بخرێتە ژێر ڕکێفی دامودەستگا دەوڵەتییەکانەوە، بەڵام ئەمەش ئەو گریمانەیە ئەهێنێتە پێش کە لەو پێوەندییانەدا کە لەئێستادا لە ئارادان، وڵاتەکە بەرەو شێوازێک لە شێوازەکانی سۆسیالیزمی دەوڵەتی ڕێبەرایەتی بکات. دیارە بەدیلە ئازادیخوازەکانیش لەئێستادا هێندە ناکامڵن کە لەگەڵ باری واقیعیی ئێستادا بە خەیاڵدا بێن. ڕێبەران لە وڵاتێک لە وڵاتاندا، لەوانەیە بە هەوڵی دانیشتووانی وڵاتەکە خۆی، بکەونە کار و دەست بەسەر زەویوزار و بەرهەمهێناندا بگرن؛ لەوانەیە ئەوان ئەم کارە بۆ دانیشتووان ئاسان بکەن، یان هەر نەبێت، بە لانی کەمەوە، نەبن بە بەرگر لە بەردەم خۆکۆکردنەوە و خۆئامادەکردنێکی میللییانەی خەڵکی وڵاتەکەدا لە بوارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا. بەڵام بەدبەختییەکە ئەوەیە کە سەرجەمی ئەم گەشەسەندنە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گەشەسەندنێکی ئازادیخوازانەیە یان ئەکتۆریتارییانە ـ بەڵام بەتایبەت ئەگەر ئازادیخوازانە بێت! ـ بێ هیچ بیانووبۆهێنانەوە و چەندوچۆنێک ببێت بە مایەی دوژمنایەتیکردن لەلایەن زلهێزەکانەوە و ـ لەو بوارانەشدا کە لەنێو سنووری دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدان ببێت بە مایەی پەلاماردان و هێرشبۆبردنی ڕاستەوخۆ. ئامانجی سەرەکییش لەمەدا ئەوەیە ڕێ بگیرێت لە هەر سووکایەتیپێکردنێکی ئەو سامانە تاکەکەسییەی پێوەستە بە دەسەڵاتی ئەمەریکاییەوە، کە هەموو هەوڵ و تەقەلایەک کە بەو ئاڕاستەیەن لە ڕێگای جموجووڵ و چالاکیی تێکدەرانەوە، یان لە ڕێگای هەڵکوتانەسەر و هێرشکردنی ڕاستەوخۆوە، یان لە ڕێگای پاڵەپەستۆی ئابوورییەوە کە هیچ وڵاتێکی لاواز و گەشەنەکردوو نەتوانێت خۆی لە بەردەمدا بگرێت، تێکوپێک بشکێنرێن. یان وەک بەدیلێکی دیکە کە بریتییە لەوەی: ئەوانەی بەم کارە ناحەز و نابەجێیە هەڵساون فڕێ بدرێنە نێو

باوەشی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، تا پاشان ئاسانتر بتوانن پاساو بۆ ڕەوایی هەر پەلاماردانێک لە داهاتوودا بهێننەوە و ناوی "پاریزگاریلەخۆکردن"ی لێ بنێن و، ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانیش لەسەر بنەمای ئەو پاڵەپەستۆیە ناچار بکرێن ڕێگای بەکارهێنانی شێوازی زەبروزەنگ و ئەکتۆریتارییانە بگرنە بەر، کە ئەمەش ئەبێت بە هۆی زۆربوونی ناڕەزایی دانیشتووان و ئەمیش بە نۆرەی خۆی وا ئەکات هەموو هەوڵ و تەقەلاکان نشوستی بهێنن. بەدیلە واقعییەکانیش، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی دنیادا، زۆر نین ئەگەر دانیشتووانی وڵاتە زلهێزەکان نەگەن بە ئاستی شارستانییەتێکی بەرزتر لەوەی لە ئەمڕۆدا پێشبینی ئەکرێت، تا بتوانرێت لەو ڕێگایەوە ئەو زەبروزەنگی دەوڵەتییە سنووردار بکرێت کە ئەمڕۆ باڵی بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کێشاوە.

لە وڵاتانێکیشدا کە ئاستی گەشەسەندنێکی مامناوەندییان هەیە، وەکو چیللی، ئەتوانرێت ئەوە بهێنرێتە پێش چاو کە هەوڵێکی وەکو ڕێگاکەی (سلڤادۆر ئەلێندە)، کە هەرچۆنێک بێت ئەوسا سەری نەگرت و لەوانەیە ئێستاش، هەر بەو هۆیانەوە کە نەختێک لەمەوبەر بە کورتی باسم کردن، هەوڵێکی لەو جۆرە سەرکەوتن بە دەست نەهێنێت. ئەوەش ئاشکرایە کە هەر بارێکی تایبەت و دانسقە لەوەی دیکە جیاوازە، بەڵام لەوانەیە هەر نەبێت لە هەر یەکێکیانەوە کەمێک فێر ببین. بە شێوەیەکی گشتی هێندەمان بۆ لێهەڵبژاردن لەبەر دەستدا نییە. ئێستا چەرخی حەڤدەیەمین نییە تا کۆلۆنیالیستە ئەمەریکاییەکان بتوانن، کە لەوانەیە ئەوسا خاوەنی دەوڵەمەنترین وڵات بووبێتن لە دنیادا، بەردەوام بن لەسەر قڕکردنی دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون، یان لە ڕێی داگیرکردنەوە بتوانن سنوورەکانیان بەرفراوانتر بکەن، یان هێزی کارێکی گەورە، کاتێک پێویستیان پێی هەبوو، لە دەست کۆیلایەتی ئازاد بکەن، یان تەوژمێک لە هێزی کاری هەرزان و سەرمایەیەک کە دەمێک بوو چاولەدووی بەدەستهێنانی بوون بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و هاوکاتیش ئەو سامانە سروشتییە زۆروزەبەندە گەشە پێ بدەن کە لە ناوچەکانی ژێر

دەستەڵاتی خۆیاندا بوون بەبێ ئەوەی زلهێزەکانی ئەورووپا، کە بەتەواوی سەرقاڵ و خەریکی گرفت و کێشەکانی خۆیان بوون، لێیان تێک بدەن و، پاش چەرخێکیش ببن بە بەهێزترین و دەوڵەمەنترین دەوڵەت لە دنیادا. ئەو هەلومەرجە لەبارەی ئەوسا بۆ ئەوان ڕەخسابوو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گەشەکردندان مەحاڵە بە دەست بهێنرێت.

ئێستا کە واقعەکە بەو جۆرەیە، زەحمەتە بۆ ئەوانەی لە بواری سۆسیالیزمی ئازادیخوازدا چالاکن و خەریکی کارکردنن پشتگیری لە خەبات و تێکۆشانەکانی گەلانی جیهانی سێیەم بکەن. من لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە لەئارادانەبوونی ئەو پشتگیرییە، *هەر ئەوەندە بتوانیت لێی تێ بگەیت*، لە جێی خۆیدایەتی و ڕەوایە. ئەوەی مرۆڤ بە هەموو هەقێک لە بەرانبەر ئەمەدا لە خۆی ئەپرسێت ئەوەیە کە ئاخۆ هیچ زەمینەیەکی لەبار و بەدیلێکی گونجاو بۆ بیروڕای سۆسیالیزمی ئازادیخوازانە هەیە یان نا. ئایا ئەو دامودەستگا میللییانەی کە هەمیشە لە سەردەمی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا سەر دەردێنن و پەیدا ئەبن؛ ئەتوانن هەروەک لە سەرەتا چۆن بوون وەها بمێننەوە، ئایا ئەتوانن بەردەوامی بە بوون و مانەوەی خۆیان بدەن و چوارچێوەیەکی پتەو و خۆڕاگر بۆ خۆیان بهێننە کایەوە، تا بتوانن بەرەنگاری ئەو هێرش و چالاکییە دەرەکییانە بکەن کە لە هەوڵی لەناوبردنیاندان، یان ئایا خۆیان لە بەر هێرش و چالاکییە ناوخۆییەکاندا ئەگرن، ئەو هێرش و چالاکییانەی کە لە جۆری هێرش و چالاکییە لینینیستییە ـ ترۆتسکیستییەکانی ڕۆژگاری کودەتای بەلشەفیکییەکانی ساڵی ١٩١٧ن؟ من پێم وا نییە، لە دنیایەکدا کە ئێمە ئەمڕۆ تێیدا ئەژیین، ئاسۆی ئەو جۆرە چالاکی و جموجووڵانە هێندە ڕوون بێت. دیارە ئەوەش ئاسانە کە بوترێت ئاسۆی ئەو چالاکی و جموجووڵانە ڕوونە، بەڵام زەحمەتیشە بتوانرێت کلێشەیەکی واقیعییانە بۆ زەمینە و لەئارادابوونی ئەو هەلومەرجە گونجاوانە بکێشرێت. دیارە ئاسانە کە بوترێت ئەوەی پێویستە دیموکراتییەتە، بەڵام زەحمەتتر ئەوەیە لەوە تێ بگەیت کە دیموکراتییەتێکی

پڕمانا و ڕاستەقینە، لە باشترین حاڵەتدا، دیموکراتییەتێکی سنووردار ئەبێت کاتێک کەرەسەکانی فەراهەمکردنی ئەو دیموکراتییەتە بەتەواوی سنووردارن و هەروەهاش بڕیاری خستنەگەڕی دارایی و ماڵ و سامان بەتەواوی بە دەست تاکەکەسانەوەن، بە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی ئەمە لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێتە ئاراوە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سیاسی و کاریگەری و کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆژیدا. لەم مانایەیاندا، مارکسیزمی کلاسیکی بەتەواوی لەسەر هەقە کاتێک بانگەشەی ئەوە ئەکات کە هەموو بەرەوپێشەوەچوونێک بەرەو کۆمەڵێکی ئازاد و دیموکراتی، بەرەو کۆمەڵێکی بەڕاستی سۆسیالیست، تەنیا ئەتوانرێت لە کۆمەڵە پێشەسازییە پێشکەوتووەکاندا بە دەست بهێنرێت. کاتێکیش، ئەنارکیستەکان، یان ئەوانەی سەر بە ئاڕاستەی بیروڕای ئازادیخوازانەن، هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێیەمدا وەرئەگرن ـ کە ئەمەش بەڕاستی مافێکی ڕەوای خۆیانە ـ ئەبێت لە ڕەخنەگرتنەکەیاندا ئەم جۆرە پرس و کێشانە ڕەچاو بکەن و زیاتر ئەو گیروگرفتە تایبەتانە بخەنە ڕوو کە ئێمە، لە دنیایەکدا کە ئێستاکە تێیدا ئەژیین، لە شێوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی و زەبروزەنگدا ڕووبەڕوویان ئەبینەوە.

**ج. پ. سەردەمانێک، هەر نەبێت لە ساڵانی شەستەکاندا، خەڵکی لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا هیوای ئەوەیان هەبوو بتوانن، سەرەڕای کاروکردەوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری دنیادا، شتێک لە گەل و وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە فێر ببن. پێت وایە ئەمە تا ئەمڕۆش هەر وایە؟**

**ن. چ.** بەڵێ، ئێمە ئەتوانین لە هەر کەس و لایەکەوە فێر ببین. من پێم وایە، بۆ نموونە، ئێمە ئەتوانین تا ڕادەیەکی باش لە جووتیار و کرێکارەکانی شۆڕشی ئیسپانیاوە فێر ببین، کە لە زۆر ڕووەوە ئیسپانیا، ئەوسا لە ساڵانی سییەکاندا، بەشێک بوو لە جیهانی سێیەم. ئەوەندەش کە پێوەندی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی دنیای سێیەمەوە هەیە لە ساڵانی شەستەکاندا، هەرگیز لەو

باوەڕەدا نەبووم شتێکی گرنگیان بۆ فێربوون بۆ سۆسیالیستەکانی خۆرئاوا پێ بووبێت. ئەوان، بەدەر لەو گیروگرفتانەی بە هۆی هێرش و پەلاماری دەرەکی و بە هۆی بەهێزبوون و چڕکردنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی نێوخۆوە گیرۆدەی بووبوون، ڕووبەڕووی زۆر گیروگرفتیش بووبوونەوە کە ئێمە لێرە لە خۆرئاوا ڕووبەڕوویان نابینەوە. ئێمە، لێرە، لەنێو ئەو پەیوەندییە پڕ لە گێرمەوکێشانەدا کە لە سەرانسەری وڵاتانی دنیای سێیەمدا هەن، پێویستمان بە گەشەپێدانی هیچ کۆمەڵێکی پیشەسازی نییە.

بۆ نموونە، سەیرێکی جەنگی ڤێتنام بکە. لە کۆتاییی شەستەکاندا هیچ قسەیەک لەسەر ئەوە نەمابووەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتەواوی لەو وڵاتەدا بە ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆی گەیشتبوو. ئەمەریکاییەکان ئەوسا بەیەکجارەکی بەرەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییان لە ڤێتنامی خواروو و (پاسێت لاو)یان لە (لاوس)دا تێکوپێک شکاندبوو و، هەروەکو ئەوساش لە نووسینێکدا ئاماژەم بۆ کردووە، ئەوان بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە و پلانبۆداڕێژراو ڕێنوێنیی ئەو سیاسەتەیان ئەکرد کە بە تەنیا هەر لە بەردەمی هێزە سیاسییە هەرە ئەکتۆریتارەکان لە هیندی ـ چینیدا بوار بهێڵنەوە تا بتوانن بمێننەوە و بەردەوامی بە کار و چالاکییەکانیان بدەن. ئەمەش سەرکەوتنێکی بێ چەندوچۆن بوو بۆ پەلامار و هێرشکردنە ئەمەریکاییەکان. هەربۆیە ئەوانەش کە خاوەنی بڕوایەکی پتەو بوون لە بەرەنگاریی جەنگی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا خۆیان لەو حاڵەتەدا بینییەوە کە لەڕاستیدا ببن بە هاریکار و یارمەتیدەری پاریزگاریکردن لەو تاکە بەرهەڵستکارییەی لە ڤێتنامدا مابووەوە و ئەویش پێکهاتبوو لەو گرۆیانەی کە سەروبەریان لە بەرەی پێکهێنانی سۆسیالیزمێکی دەوڵەتیی ئەکتۆریتاردا بوون. ئەگەرچی من پێم وایە ئەمە هۆ نەبوو بۆ هیچ کەسێک تا دەست لە بەربەرەکانێکردنی جەنگی ئەمەریکاییەکان لە ڤێتنامدا هەڵبگرێت، بەڵام هاوکاتیش پێم وایە هۆیەک بوو کە بووە ڕێگر لە بەردەمی زۆر لە ئەنارکیستەکاندا تا نەتوانن بەو بڕست و توانا و بەدەنگەوەهاتنەوانەی

کە پێویست بوون تێکەڵ بەو جەنگە ببن. سەرباری ئەمەش هەندێک ئەمەیان کرد و هەندێکیش دوودڵ بوون، من بۆ خۆم لەمانەی دوایی بووم، لەبەرئەوەی ڕەخنەیەکی زۆریان هەبوو لەو ڕژێمەی کە بەڕێوە بوو دەسەڵات لەو وڵاتەدا بگرێتە دەست. لەنێو بزووتنەوەی ئاشتیدا کە ئەوساکە لە گەرمەی تێکۆشان و خەباتدا بوو، من هەوڵم ئەدا و بێگومانیشم زۆر کەس تا ئێستاش ئەمەیان لە یاد ماوە، کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی دژ بە جەنگی ئەمریکا لە ڤێتنامدا هەبوو، لە پشتگیریکردن بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە ڤێتنامدا جیا بکەمەوە. بەڵام ئاسان نەبوو، لەسەر ئەو بنەمایانە و ئەو گشت خەرجییانەی کە وەکو تاکەکەس، بەناچاری بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارە، دووچاری ئەبوویت، بتوانیت بەرەنگاربوونەوەیەکی شایان و دروست دژی ئەو تووڕەوتڕۆییە ئیمپریالیستانەیە بە جێ بگەیەنیت. دیارە بێگومان ئەمە بۆ ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بزووتنەوەکە بوون و تەنیا دەربڕی نەویستیی خۆیان بوون بۆ ئەو جەنگە ئاسانتر بوو، بەڵام بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی لە هەوڵی ڕاگرتنی ئەو خوێنڕێژییەدا بوون و ـ بەتایبەت بۆ گەنجەکان ـ گەلێک سەختتر بوو.

بزووتنەوەی ئەمەریکاییەکان دژی جەنگی ڤێتنام و بە لانی کەمەوە هەر نەبێت چەند بەشێک لە بزووتنەوەکە، خەریک بوو ئەبوو بە ڕێکخراوەیەکی پشتگیریکردن بۆ ڤێتنامی باکوور. ئەوان خۆیان تەنیا هەر وەکو ئەوە نەئەبینییەوە بەرەنگاریکەرانی جەنگی ئەمریکا بن لە ڤێتنامدا، بەڵکو وەکو ئەوەش خۆیان ئەبینییەوە کە بووبوون بە پارێزگاریکەرانی ئەو ڕوانگەیەی ڤێتنامییە باکوورییەکان هەیانبوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵی داهاتوو لەو وڵاتەدا.

**ج. پ. پێم وایە لای هەندێک کەس ئەو خواستەش هەبوو بەدیلی کۆمەڵێکی مرۆڤپەروەرانەی ڕاستەقینە لەو وڵاتەدا ببینن.**

**ن. چ.** ڕاسته و زۆر کەسیش پێیان وا بوو ئەبێت خولقێنەری ئەو کۆمەڵە، ڤێتنامییەکانی باکوور خۆیان، واته بیرۆکراته سۆسیالیسته دەوڵەتییەکان، بن و ئەمەش بەتەواوی هی ئەوە نەبوو ببێته جێی باوەڕ و دڵنیایی، بەتایبەتیش که شانبەشانی درێژخایەنیی جەنگەکە تا ئەهات وێرانکردن و تیرۆریش زیادی ئەکرد.

لەوانەیە ئەم پرس و کێشانە هێندە بهێنن زیاتر تاووتوێ بکرێن، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و بەتایبەتیش لەبەرئەوە ئاسان نییە که ئێمە له بۆشاییدا ئەم کاره ناکەین و له وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەم کاره دەکەین؛ له نێوجەرگەی کۆمەڵێکدا که هەرچییەکی له توانادا بێت درێغی ناکات بۆ ئەوەی کەرەسه هەره ئەکتۆریتار و چەوسێنەر و پڕ له زەبروزەنگەکانی نێو ڕێژیمەکه بەهێزتر بکات، یان هەر نەبێت سووک و ئاسان وڵاتەکه بەرەو تێکشکان ببات. ئێمە له کۆمەڵێکدا ئەو کاره دەکەین که ڕەخنەکانمان سەبارەت به ڤێتنامی باکوور بەتایبەت بۆ ئەم نیازه ڕووخێنەرانەیە به کار ئەهێنرێت. ئەمە ئەو جۆره پێوەندییانەن که هیچ مرۆڤێکی بەویژدان ناتوانێت نکۆڵییان لێ بکات، یان هەر نەبێت خۆ له ڕەچاوکردنیان ببوێرێت. ئەمەش به هەمان شێوەی ڕۆژگاری جەنگ ڕاستییەکه ئاو لێڵ ناکات. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەرگیز دەستی له هەوڵی خۆی بۆ بردنەوەی جەنگ له ڤێتنام هەڵنەگرتووه و تائێستاش له هەوڵدایه بۆ بردنەوەی ئەو جەنگه و به زۆر شێوەش سەرکەوتنی تێیدا به دەست هێناوه. یەکێک له شێوەکانی بردنەوەی ئەو جەنگەش ئەوەیه ئەو پێوەندییانه بهێنێته ئاراوه که ڕێخۆشکەر و بەهێزکەری ئەو کەرەسه سەرکوتکەرانەن که هەمیشه لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستانەدا له ڤێتنام هەبوون. ئا لێرەدا ئەو کەسه ئەمەریکاییانەی تێڕوانینێکی دیکەیان هەیه و به جۆرێکی جیاواز بیر ئەکەنەوه خۆ له بەردەم گرفتێکی گەورەدا ئەبیننەوه و ناچارن لەوه تێ بگەن که ئەوان له سایەی دەوڵەتێکدا ئەژین دەسەڵاتێکی لەڕادەبەدەر بەهێزی هەیه و بۆ گەیشتن به نیاز

و مەبەستە ڕووخێنەر و قڕکەرەکانی بە کاری ئەهێنێت. هەر ئەمەشە ئێمە ئەیکەین و ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەش کە ئێمە ئەنجامیان ئەدەین، کاتێک کە هەل ئەڕەخسێت، بۆ ئەو نیاز و مەبەستانەی دەوڵەت بە کار ئەهێنرێن. مرۆڤە ڕاستگۆکان ئەبێت لەوە تێبگەن کە ئەوان لە ڕووی ئاکارەوە بەرپرسیارن لەو دەرئەنجامە پێشبینینەکراوانەی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیان ئەکەونەوە. یەکێک لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانە، ڕەخنەگرتنێکی ڕاست و دروست و هەروەها شیکارییەکی ڕەخنەگرانەی ڕاست و دروستە بۆ ئەو سۆسیالیستە دەوڵەتییە ئەکتۆریتارانەی لە ڤێتنامی باکوور و کوبا، یان وڵاتانی دیکەدا هەیە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەوڵی لەگۆڕنان و تێکدانیاندایە. دەرئەنجامی شیکارییەکی ڕەخنەگرانەی ڕاست و دروستیش ئەوەیە کە ئەبێت بە پاڵپشتێک بۆ ئەو جۆرە هەوڵانە و هەر لەو ڕێیەشەوە یارمەتیی زیاتربوونی ئازار و چەوسانەوە ئەدات. ئەمانە ئەو گرفتە سەختانەن کە مامەڵەکردنیان کارێکی ئاسان نییە و دانسقەش نین تەنیا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆ نموونە، ئایا ڕووسێک کە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە تێڕوانین و بیرکردنەوەی باوی هەیە لە توانایدا هەیە خۆ دوورەپەرێز بگرێت لە بەرانبەر ئەو زەبروزەنگانەی بزووتنەوەی بەرەنگاری لە ئەفغانستاندا پەنایان ئەباتە بەر؟ ئایا ئەو ڕووسە ئەتوانێت خۆ دوورەپەرێز بگرێت لە خەسڵەتی ئەکتۆریتارانەی ئەو بزووتنەوەیە کاتێک دڵنیایە لەوەی ڕەخنەیەکی ڕاست و دروستی لەو چەشنە وەکو پشتگیرییەک بۆ ئەو زەبروزەنگ و هێرشانە بە کار ئەهێنرێت کە سۆڤیەت لەو وڵاتەدا پێڕەویان ئەکات؟

با وا دابنێین کە ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پێڕەوکردنی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا، بەبێ ئەوەی ببێت بە یارمەتیدەری نەخشە و پلانی دەسەڵاتی ئیمپریالیستانە، سەرکەوتن بە دەست ئەهێنین! لە بارێکی ئاوها پرس و کێشەیەکی هەرە سەخت و قورسمان ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. چونکە خۆ ئەوە

هیچ هونەرێکی تێدا نییە بڵێیت ئەمانە ڕێژیمە چەوسێنەرە سۆسیالیستییە دەوڵەتییەکانن و ئەمەش ڕاستییەکی بێ گرێ و گۆلە. بەڵام دیسان ئەو پرس و کێشە سەختە خۆی لە بەردەمماندا قوت ئەکاتەوە کە ئاخۆ چی لە تواناداىیە بکرێت، بۆ نموونە لە هیندی چینیدا، لە کۆمەڵێکدا کە لەڕادەبەدەر و تا ڕادەی گیانەڵا بە جەنگێکی ڕووخێنەر و تێکدەرانە و میراتێکی کۆلۆنیالیستانە کە دەرئەنجامی زۆر تۆقینەرانەی لێ کەوتووەتەوە و بەتەواوی ئێمە لە خۆرئاوا لێیان بێئاگاین، کەلەلا بووە. ئەوەش جێی قسەیەک نییە کە هیچ کەسێک هێندەی پێویست گوێ بەوە نادات کە ئاخۆ چی لە هاووڵاتە ڕەسەنەکانی هیندی چین هات.

ئەگەرچی چاو لەو کارەساتە گەورانەش بپۆشین کە لە دەستی مرۆڤ کەوتوونەتەوە بەڵام، ناچارین لە خۆمان بپرسین ئاخۆ ئاسۆ داهاتوویییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵانە چین و کامانەن. وەڵامی حازربەدەست و هەرزان بۆ ئەم پرسە کەم نین، بەڵام ئەو جۆرە وەڵامانە هیچ هاریکارییەکمان ناکەن.

**ج. پ. ئایا لەڕاستیدا هێندە شتی دروستکەرانە سەبارەت بەم پرس و کێشانە وتراون؟**

**ن. چ.** لەم بارەیەوە بیرکردنەوەی دروستکارانە زۆر کەمن. بۆ نموونە، بەپێی بیروبۆچوونی من، هەوڵی زۆر کەم هەن بۆ هەڵوێستوەرگرتن لە بەرانبەر ئەو پێوەندی و هەلومەرجەی کە کۆمەڵەکانی دنیای سێیەم، ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی، خۆیان تێیاندا ئەبیننەوە؛ بەتایبەت لەوەدا کە ئەمڕۆ ئەو کۆمەڵانە خۆیان لە ئاستێکی نزمتری گەشەسەندندا ئەبیننەوە لەچاو ئەو ئاستەدا کە کۆمەڵە ئەوروپاییەکانی سەرەتاکانی گەشەسەندنی پیشەسازی لە ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە چەرخی حەڤدەیەمیندا، خۆیان تێدا ئەبینییەوە. بێجگە لەمەش ئەو پیشەسازییەی کە ئەوسا لە ئەوروپا و

ئەمەریکادا لە سەرەتاکانی گەشەسەندندا بوو هیچ هەڕەشەیەکی لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە لەسەر نەبوو؛ دەوروبەرێک کە سامانە سروشتییە گرنگەکانی هەر ئەوسا لەلایەن وڵاتانی دیکەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو. زۆر گرنگە بیر لەمە بکرێتەوە و هەر ئەمەش ڕووبەڕووی ئەو پرسەمان ئەکاتەوە کە ئاخۆ لە تواناداا هەیە جۆرێک لە جۆرەکانی گەشەسەندن لە وڵاتانی دنیای سێیەمدا ئەنجام بدرێت!

**ج. پ. تۆ جارێک لە بارەی ئەوەوە نووسیت کە وڵاتە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوا لەپڕێکدا بڕیاریان دا بیر لە یارمەتیدان و دەستگیرۆییەکی ڕاستەقینەی وڵاتانی دنیای سێیەم بکەنەوە، تا لەو ڕێگایەوە وا لەو وڵاتانە بکەن بۆیان ئاسان نەبێت بزانن چی ئەکەن و چۆن ئەکەن.**

**ن. چ.** ئەمە ڕاستە و ئەو وڵاتانە ئەتوانن ببن بە بەشە پێکهێنەرەکانی سەرمایەداریی خۆرئاوا. ئێمە تاقیکردنەوەیەکی بەرفراوانمان لەوەدا هەیە کە لەوە تێ بگەین کامانەن دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بەدیلە. ئەمجا نموونەکانی دیکەی گەشەکردن کامانەن؟ دیارە نموونەی سەرمایەداریی دەوڵەتیی ئەکتۆریتار یەکێک لەو نموونانەیە کە لە کۆریای باشووردا جێبەجێ ئەکرێت و نموونەیەکی دیکەش، سۆسیالیستی دەوڵەتیی ئەکتۆریتارە و ئەمانەش، لە زۆر ڕووەوە، سەرنج بە لای خۆیاندا ڕاناکێشن. بەڵام ئاخۆ لەڕاستیدا نموونەیەکی گەشەکردنی ئازادیخوازانە لە ئارادا هەیە؟ ڕەنگە هەبێت، بەڵام پێشاندان و خستنەڕووی ئەمیان پێویستی بە هەوڵ و تەقەلا و بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە و هەر ئەوەندە بەس نییە بانگ و هاواری بۆ بکەیت و ئەم پرس و کێشانەش لەلایەن ئەنارکیستەکانەوە، هێندەی پێویست بێت، بە هێند وەرنەگیراون و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە.

**ج. پ. بە چ شێوەیەک، مارکس، بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی تۆ بە دەستت هێناون، گرنگ بووە؟ ئایا بەشێکی زۆری ئەو شتانەت خوێندووەتەوە کە بە "نەریتی مارکسیستانە!" ناو ئەبرێت؟**

**ن. چ.** زۆربەیان نا، بەڵام بەشێکیانم خوێندووەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە من پێم وایە خوێندنەوەی نووسراوە مارکسیستییەکان تا ڕادەیەک بێزارکەرن و هێندە خۆش نین و منیش لێکۆڵەرەوەیەکی مارکسیست نیم. لەم ڕووەوە، تا ڕادەیەک، خوێندنەوەی نەریتی مارکسیستانەی چەپڕەوانە: پانەکۆک، کۆرش، لوکسمبۆرگ، ماتیک، بۆ من گرنگتر بووە و هەڵبژاردەیەکیش لە کار و نووسراوەکانی مارکسم خوێندووەتەوە. بۆ من خەم نییە و هەوڵ نادەم فریای تەوژمی نووسراوە مارکسیستەکان، ئەوەی بە مارکسیزم ناو ئەبرێت، بکەوم. جارجار، هەندێک شت کە لەلایەن کەسانێکەوە نووسراوە بە گرنگ ئەبینم و ئەیخوێنمەوە. بەڵام وەکو نەریتێکی ڕۆشنبیرانە هێندە گرنگ و سەرنجڕاکێش نییە.

**ج. پ. ڕۆشنبیرەکان زۆربەی کات بەتەواوی سەرقاڵ و خەریکن بە "نەریتەکان"ەوە ـ "نەریتی مارکسیستانە" یان "نەریتی فرۆیدییانە!" و یەکێک لە لایەنەکانی ئەنارکیزمیش بە گومانەوە سەیرکردنی هەموو جۆرەکانی "بیروباوەڕی چەسپاو و جێی خۆ گرتووە!"؟**

**ن. چ.** ئەمە ڕاستە و ئەنارکیزم "بیرباوەڕێکی چەسپاو و جێی خۆ گرتوو نییە! و لە باشترین حاڵەتیدا، هەوڵدانە بۆ ئاڕاستەکردنێکی مێژوویی. ئاڕاستەکردنێک بۆ ئەو بیر و هەڵسوکەت و ڕەفتارانەی بە زۆر شێوە گەشەیان کردووە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لە بەردەوامیشیاندا ئەبن بە خەسڵەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ئەمێننەوە. با بیر لەم گریمانەیە بکەینەوە کە هیوا و ڕووناکییەکی زۆری لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە: ئەوەی ئێمە لە خۆمانی چاوەڕێ

ئەکەین، ئەوەیە لە شێوازێکی نوێ و چاکتری کۆمەڵ لە داهاتوودا، کە چەند بەشێک لە پێکهاتەکانی چەوساندنەوە تێیدا لەنێو براوە، دێین و هەست بە هەندێک گرفت و کێشەی نوێ ئەکەین کە لەوەوپێشتر هێندە ڕوون و ئاشکرا لە ئارادا نەبوون و هەستمان پێ نەکردوون. لە کۆمەڵێکی ئاوهادا ئەنارکیستەکان ئەبن بەو شۆڕشگێڕانەی کە هەوڵ ئەدەن بۆ دوورخستنەوەی ئەو شێوازە نوێیانەی چەوساندنەوە و خەبات ئەکەن دژی ئەو نایەکسانی و سنووردارییانەی ئێمە پێشتر لێیان بەئاگا نەبووین. ئێستا ئەگەر تەماشایەکی ڕابوردووی خۆمان بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوونتر ئەبێتەوە کە ئەوساش هەر هەمان شت ڕووی داوە. تۆ سەیرێکی ژیانی ئێستای خۆمان بکە! بۆ نموونە، پرسی سێکسیزم. بیست ساڵێک لەمەوبەر ئەو کەسانە هێندە زۆر نەبوون کە تەماشای سێکسیزمیان وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی چەوساندنەوە ئەکرد، بەڵام ئێستا ئەم پرسە بووەتە پرسێکی گرنگ و تێکەڵ بووە بە هەوڵ و تەقەلا و هۆشیاریی گشتیی خەڵک. دیارە گرفتەکانی ئەم پرسە تائێستاش هەر ماونەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بوون بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و ئەگەر چارەشیان بۆ بدۆزرێتەوە، دیارە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی گرفتی دیکە ئەبینەوە و گرفتی نوێ پەیدا ئەبن.

**ج. پ. چۆن ئەڕوانیتە ئەوانەی وشەکانی "نەریتی مارکسیستانە یان نەریتی فرۆیدییانە!" بۆ قسەکردن و خۆدەربڕین بە کار ئەهێنن؟**

**ن. چ.** من ئەمەم بە لاوە سەیروسەمەرەیە. سەرجەمی چەمکە مارکسیستییەکان یان فرۆیدییەکان یان هەر شتێکی دیکەی لەو جۆرە سەیرن و ئەم جۆرە چەمکانە خۆیان بە تەنیا لەنێو مێژووی ئایینیی ڕێکخراودا ئەبیننەوە و هیچی دیکە. تەماشای هەوڵ و تەقەلای هەر مرۆڤێکی زیندوو بکەیت، ئەبینیت دەرئەنجام بە کەموکووڕی و بەهەڵەلێتێگەیشتن کۆتایی پێ

ئەهێنرێت. ئەمجا ئەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە ئەو مرۆڤە چەند شارەزا و لێهاتوو بووە. ئێمە هەوڵ ئەدەین لە هەوڵ و تەقەلای ئەو مرۆڤانە تێ بگەین و باشتریان بکەین و هەڵەکانیشیان لە نێو بەرین، بەڵام چۆن کەسێک ئەتوانێت باس لە خۆی وەکو مارکسیستێک، یان فرۆیدییەک یا هەر(ئیست)ێکی دیکە بکات؟ ئەمە تەنیا ئەوە ئەگەیەنێت ئەو کەسە وەکو خوایەک کە ئەبێت بپەرسترێت تەماشا بکرێت، نەک وەکو مرۆڤێک کە بەرهەم و کارەکانی ئەبێت وەربگیرێن و وەکو سەرەتایەک بۆ هەنگاونانی تر بە کار بهێنرێن. ئەمە بیرکردنەوەیەکی شێتانەیە و جۆرێکە لە پەرستن کە من بەتەواوی گومانەوە لێی ورد ئەبمەوە...

**ج. پ. لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی زۆر لە ڕۆشنبیرەکان بەرەو ئەم جۆری بیرکردنەوەیە ڕاکێشراوە.**

**ن. چ.** ڕاستە ... کاتێک پێوەندی بەو بابەتانەوە هەیە کە پێویستیان بە ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان و قووڵ نییە، یان ئەو بابەتانەی پێویستیان بە زەبتوڕەبتێکی ڕۆشنبیرانەی زیندوو نییە تا تاووتوێی گرفت و کێشەکانی پێ بکرێت و هەوڵ بدرێت چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و بە تەواوی تواناوە پێشکەوتنیان تێدا بە دەست بهێنرێت، دیارە کە هەمیشە ئەتوانرێت چەمکەکانی بیروبڕوایەکی ئامادە بوترێنەوە و دووبارە بکرێنەوە. من لێرەدا نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەمە وەسفکردنێکی ڕاست و عادلانەیە بۆ هەوڵ و تەقەلای کەسانێکی تایبەت کە خۆیان بە "مارکسیست" یان "فرۆیدیست" ناو ئەبەن. بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەم چەمکانە تائێستاش زیندوون و بە کار ئەهێنرێن ئاماژە بۆ ناکامڵیی نەریتە ڕۆشنبیرییەکان ئەکەن و ئەمەش لەوانەیە ڕێگا لە بەردەم هەوڵدانی گەشەکردنی ئەو ڕۆشنبیرییانەدا بگرێت. ئێمە نابێت خۆ بۆ پەرستنی جێگا پیرۆزەکان تەرخان بکەین، بەڵکو ئەبێت هەوڵ بدەین

خۆمان لەو کەسانەوە فێر بکەین کە لە ژیانیاندا شتی گرنگیان پێ بووە، بەڵام هاوکاتیش ئەبێت کار بکەین بۆ ئەوەی ئەو هەڵە و ناتەواوییانە بژار بکەین کە ئەوان بەناچاری تووشیان بوون.

**ج. پ. ئەمە لەگەڵ تێڕوانینی تایبەتی تۆ بۆ شارەزا و لێزانانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان چۆن بەراورد ئەکرێت؟**

**ن. چ.** بە بڕوای من، لێزان و شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زۆربەی کات، خۆیان بوونەتە ڕێگر و چاوبەست تا خەڵک تێگەیشتن و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بە دەست بهێنن، هەروەها لە خزمەتدا بوون بۆ بژارکردن و هەلاواردنی ئەوانەی کە پرسە "قەبوولنەکراوەکان" ئەورووژێنن، بۆ ئەوەی ـ نەک لە ڕێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە، بەڵکو لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرجەمی ئەو کەرەسانەوە کە بەئاستەم هەستیان پێ ئەکرێت ـ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارە بەو پرسانەوە خەریک و سنووردار بکەن کە "قەبوولکراون" و خەتەرناک نین. سەرنج لە هەر کۆمەڵێک بدەین، ئەبینین کۆڕ و کۆمەڵانی شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەم تا زۆر، لەو کەسانە پێکهاتوون کە بە لێکۆڵینەوەی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەوە خەریکن کە کۆمەڵ بەرەوپێش ئەبەن و بەڵام هێشتاش هەندێک شت ئەبینینەوە کە ئەوان بە هیچ جۆرێک ناخوازن لێیان بکۆڵنەوە و توێژینەوەیان لە بارەوە بکەن و لەو ڕوانگەیەشەوە کە ئەبێت لە چ پرسێک بکۆڵرێتەوە یان نا! زۆر چەمک هەن کە بەتەواوی "بڤەن" و پەردەپۆش کراون. پرسێک کە بەتایبەت بۆ ئەو شارەزا و لێزانانە زەحمەتە خۆیانی پێوە خەریک بکەن و بەوردی لێی بکۆڵنەوە، ئەو پرسەیە کە لەڕاستیدا دەسەڵات لە کۆمەڵەکەی خۆیاندا چۆن پێڕەو ئەکرێت و بە ڕێوە ئەچێت، یان پرسی خۆیان و پێوەندیی خۆیان بە

دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵەکەی خۆیاندا. ئەمانە ئەو بابەتانەن کە تێیان ناگەن و ناشیانەوێت لێیان بکۆڵنەوە.

**ج. پ. پێت وایە مارکسیستەکان پێشنیازێکی بەهێز و زیندوویان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە پیشەسازییەکان پێشکەش کردبێت؟**

**ن. چ.** لە بارێکی ئاوهادا بەو چاوە سەیری مارکسیزم ئەکەین کە تیۆرییەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، نەک تیۆرییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرمایەداری، کەچی ئەبینین تیۆرییەکانی مارکس، بە شێوەیەکی گشتی، سەبارەت بە سەرمایەداری و گەشەسەندنی سەرمایەداری بوون. هەروەهاش خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆش لەو تیۆرییەدا هەیە کە چاوی لە پێکهێنانی کۆمەڵێکی داهاتووییە کە وا دائەنرێت بەپێی هەندێک یاسا و ڕێسای مێژوویی گەشە بسێنێت و ئەمەش شتێکی گرنگی ئەوتۆی لێ بە دەست ناخرێت. مارکس لەبارەی کۆمەڵی داهاتووەوە زۆر شتی نەوتووە. جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرای نێوان مارکس و ئەنارکیستەکان بەم شێوەیە لەلایەن (باکۆنین)ەوە داڕێژراوە کە ئەڵێت: شۆڕشگێڕ ئەبێت پێکهاتەکانی کۆمەڵی داهاتوویی لەسەر بنەماکانی کۆمەڵی لە ئێستادا لە ئارادا بوو بینا بکات! و لە زۆربەی بەشەکانی نەریتە ئەنارکیستەکان و بەتایبەت لە بەشە زیندوو و بەهێزەکانیدا، هەندێک چالاکیی بیرکردنەوە لەبارەی ئەو کۆمەڵەوە هەیە کە ئەمانەوێت لە داهاتوودا بە دەستی بهێنین، هەروەها هەوڵیش هەبوون، هەر نەبێت بە لانی کەمەوە، بۆ بەدەستهێنانی هەندێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵە، یان بۆ گەشەپێکردنی جۆرە هۆشیارییەک کە خەڵک چۆن ئەتوانن ئازادتر بن لەوەی هەن. ئەگەر سەیری مارکس بکەین وەکو کەسێکی چالاکی ئەم بوارە، زۆر کەموکووڕی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا ئەبینینەوە، بۆ نموونە لە ڕۆژگاری ئینتەرناسیۆنالی یەکەمدا.

**ج. پ. کەواتە زۆر زەحمەت بوو بیری بەها جێگرەوەکان تەنانەت بۆ کۆمەڵێکی ئاوها بدۆزرێتەوە؟**

**ن. چ.** ڕاستە زەحمەت بوو. مارکس قسەیەکی بەناوبانگی لەو بارەیەوە کردووە کە خەڵکی ئەتوانن ژیانی خۆیان بەیانیان بۆ ڕاو و دوای نیوەڕوان بۆ ڕاوەماسی و ئێوارانیش بۆ خۆخەریکردن بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە و هەروەها شتی دیکەوە تەرخان بکەن - واتە ژیانێکی بەتەواوی پڕ مانا! ئەتوانرێت سەرەتاکانی ئەو بیرکردنەوانە کە پێوەندن بە خۆبەڕێوەبردنی کرێکاران و هەروەها بە دەستبەسەرداڕاگەیشتنی بەرهەمهێنەران بەسەر بەرهەمهێناندا و شتێکی دیکەش لەلای ئەو ببینێتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە دڵی ئەو بەتەواوەتی لای ئەو بیرکردنەوانە نەبوو، بەڵکو من لەو باوەڕەدام دڵی ئەو بە شێوەیەکی سەرەکی لای کێشە و پرسی تر بوون! ئەو پێی وا بوو سۆسیالیزم ئەو کاتە دێتە ئاراوە کە سیستەمی سەرمایەداری بەتەواوی لە کار و کردەکانی خۆی بووبێتەوە و ئەوساش ئەو پرۆسە مێژووییانەی کە هی خۆلێبواردن نین ئەو بنەما سەرەکییانە ئەخوڵقێنن کە پێویستن بۆ ئەو کۆمەڵە نوێیە و دامودەستگاکانی. دیارە، ئەمەش نە ڕوانگەیەکی زۆر جددی بە مرۆڤ ئەبەخشێت سەبارەت بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و نە بەرانبەر بە ئامانجەکانی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەش.

مارکس بە شێوەیەک لە شێوەکان کەسێکی هەلپەرست بوو. لەمەدا مەبەستم لە ڕەخنەلێگرتنی نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەوەیە کە لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەکرد کەرەسە جیاوازەکان ئەتوانرێت لە پێوەندییەکانی نێوانیاندا بە کار بهێنرێت بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. واتە لە هەندێک باردا بەکارهێنانی شێوازە چاکسازییەکان و لە هەندێک باری دیکەشدا شێوازە شۆڕشگێڕییەکان. من لەو باوەڕەدام ئەو بۆ خۆیشی دیمەنێکی تەواو ڕوونی بۆ ئەوەی کە چی ئەتوانرێت بکرێت لە پێش

چاودا نەبووە و ئەگەر ئەو دیمەنەش لە ئارادا بووبێت، ئەوا ئەو زیاتر باوەڕی بە هەلە مێژووییەکان هەبووە.

**ج. پ. ئەی سەبارەت بە مارکسیزم لە جیهانی سێیەمدا؟**

**ن. چ.** پێم وایە مارکسیزم مانایەکی دیکەی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەیە و مارکسیزم لەو وڵاتانەدا، بە شێوەیەکی گشتی، ئایدیۆلۆژیی دەستەی ڕۆشنبیرە (ئینتێلیگێنسیا) ڕادیکالەکانە و ئەم دەستە ڕۆشنبیرانەش بە یارمەتیی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە هەوڵ و تەقەلای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتدان و ئەمەش پاڵنەرێکی بەتەواوی ئاساییە بۆ ئەوان و لە ئایدیۆلۆژییەکە خۆیەوە بە دەستیان هێناوە. نیاز و مەرامەکانی مارکس هەرچییەک بووبێتن با ببن، بەڵام مارکسیزم لە بەردەم ئەم جۆرە تێگەیشتنانەدا خۆ بە دەستەوە ئەدات و ئێمە ئەتوانین لە نووسراوە و هەڵسوکەوتەکانی ئەو ڕێبەرە خۆیدا هەندێک شت بدۆزینەوە کە کۆمەک و پاڵپشتی ئەم جۆرە تێگەیشتنە ئەکەن. گرنگترین کۆمەکی لینینیش ئەوە بوو هەوڵی دارشتنی ئەم وانە فێرکارییەی دا بە سوودوەرگرتن و پێکەوەلکاندنی هەندێک شت و بابەتی نێو بیروبۆچوونە مارکسیستەکان. ئەم وانەیەش بەئاسانی لەگەڵ تەوژمە نەتەوەییە ڕادیکالەکاندا یەکانگیرە و بە یەکتر ئەگەنەوە.

**ج. پ. هیچ هەوڵێکی تایبەت بۆ پێکهێنانی بنەمایەکی بەدیل لە ئەمڕۆدا و لەناو کۆمەڵە خۆرئاواییەکاندا هەیە کە پێت وا بێت مژدەهێن بن و دەرئەنجامی باشیان لێ چاوەڕوان بکرێت؟**

**ن. چ.** پرسێکی ئاڵۆزە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەو گەشەسەندنە بکەین کە لە دژی خۆکارگێڕیی کارگەران لە ئەوروپادا و هەندێک جاریش لێرە هەیە کە

به زەحمەتێکی یەکجار زۆر نەبێت هەستی پێ ناکرێت، ئەبینین لەلایەکەوە ئەمە ئەبێت بە هۆی ئەوەی هێزی کار لەگەڵ سیستەمەکەدا بەگشتی خۆی بگونجێنێت و تێکەڵی ببێت، کە دوور نییە دەرئەنجامەکەی ببێت بە هاوکاریی چینایەتی، بەوەی جەخت لەسەر هەبوونی جیاوازی و ململانێی بازاڕی کار بکرێت، یان مووچەیەکی کەمتر و قازانجێکی زۆرتر قەبووڵ بکرێن. بەو شێوەیە ئەم پێکهاتانە وەکو کەرەسەیەک بۆ گونجاندنی هێزی کار لەگەڵ ئەو سیستەمی چەوساندنەوەی لە ئێستادا لە ئارادا هەیە بە کار بهێنرێن. لە لایەکی ترەوە ئەوانە ئەتوانن یارمەتیی هەڵچوون و بەرزبوونەوەی هۆشیارییەک بدەن سەبارەت و دەربارەی تێگەیشتنێک کە لە تواناداا هەیە کارگەران خۆیان، بەبێ هەبوونی پێکهاتەیەکەی دەسەڵاتدار لەسەرەوە، کارگە و کۆمپانیاکان بەڕێوە ببەن، بەوەی کە پێویست بە هیچ سەرکارێک نییە، یان بەوەی کە پێویستییەکی خواکردە نییە کە ئەبێت لەسەر جێگاکانی کارکردن ئەو جۆرە پێکهاتە ڕێکخراوەییانە هەبن کە ئێستا هەن بۆ ئەوەی کار بەڕێوە بچێت، ئەو پێکهاتە ڕێکخراوەییانەی کە ئەتوانین بە ئاسانی لە بواری سیاسەتدا بە پێکهاتە فاشیستییەکان ناویان ببەین. دوور نییە گەشەسەندنێکی لەو جۆرە سەر لەمەوە دەربهێنێت کە باسمان کرد. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ پێوەندیی ئەم ئاڕاستەی گەشەکردنانە لەگەڵ یەکتریدا چییە و چۆنە. بێگومان، لە ڕوانگەی سەرمایەداری خۆیەوە، لە ڕوانگەی ڕێبەرانی کۆمپانیا و کارگەکان و ڕێبەرایەتیی دەوڵەتەوە ئەم جۆرە شێوازانەی پێکەوەکارکردن و کاریگەریدانان لەلایەن ئەوانەوە کە کار ئەکەن ئەوەیە کە ئەوەندەی لە توانادا هەبێت و برەخسێت وەک کەرەسەیەک بە کار بهێنرێت بۆ ئەوەی وا بکات هێزی کار سەر نەوی بکات و تەپەسەر بێت. ئەمجا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ تا چ ڕادەیەک و لە چ ئاست و پلەیەکدا گرۆ لەخۆهۆشیارەکانی چینی کارگەران ئەتوانن لە دژی ئەمە بجەنگن و خەبات بکەن و هەوڵ بدەن ڕووی بە لایەکی دیکەدا وەربگێڕن.

تا ئەو جێیەی کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز، کەم تا زۆر و هێندەی پێویست کارا بێت و هەر نەبێت بتوانێت پێویستییە بنەڕەتییەکان بۆ زۆرینەی خەڵک بە دەست بهێنێت، هەندێ جاریش لەو پێویستییە بنەڕەتییانەش زیاتریان بۆ بە دەست بهێنێت و نەبێت بە هۆی خولْقاندنی ئەو پێوەندی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی ژیانی زۆرینەی خەڵک سەختتر ئەکەن، ئەوا لەو باوەڕەدام کە ئەو سستەمە ئەمێنێتەوە. ئەگەر وردتریش سەرنج بدەین ئەمە بە شێوەیەکی گشتی حاڵی سەرمایەداریی پیشەسازی بووە.

**ج. پ. تۆ لە بارەی ئەوەوە کە چۆن کارمەندانی سەر بە دەوڵەت و بیریارە پرۆفیشنەڵەکان واقیع ئەشێوێنن نووسیوتە. لە بارەی ئەوەشەوە کە هەندێک جار بە "عەقڵی سەلیمی کارتێسیانە!" ناوی ئەبەیت قسەت کردووە، ـ سەبارەت بە توانای خەڵک کە بتوانن "عەقڵ سەلیم" بن. تۆ لەڕاستیدا، کاتێک پەردە لەسەر نێوەڕۆکی ئەو بیروبۆچوونانەی لەم مەیدانەدا کاران هەڵئەدەیتەوە، گرنگییەکی تایبەت بەم "عەقڵە سەلیمە!" ئەدەیت، بەتایبەت بەر لە هەر شتێکیش کاتێک باس لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ ئەکەیت. مەبەستت لە "عەقڵی سەلیم" چییە؟ لە کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی ئێمەدا "عەقڵی سەلیم" چ مانایەکی هەیە؟ تۆ بۆ نموونە نووسیوتە لە کۆمەڵێکی دابەشکراودا کە لەسەر بنەمای بەرابەرکێیەکی بەهێزی یەکتر هەڵچنراوە زۆر سەختە بۆ خەڵک سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هۆشیار بن. کە نەتوانیت بە شێوەیەکی شایان لە سیستەمی سیاسیدا بەشداری بکەیت، کە ناچار بیت بەوەی خۆت وەکو بینەرێکی ناکارا ببینیتەوە، چ زانیارییەکت هەیە؟ چۆن ئەکرێت لە ژینگەی لەم جۆرەدا "عەقڵی سەلیم" بێتە ئاراوە؟**

**ن. چ.** ئەتوانم نموونەیەک بهێنمەوە. کە لە دەرەوەم و ئۆتۆمۆبیل لێ ئەخوڕم هەندێک جار ڕادیۆ ئەکەمەوە و هێندە نابات خۆم لەناو گفتوگۆیەکدا ئەبینمەوە

دەربارەی وەرزش. خەڵکی بە تەلەفۆن قسە ئەکەن و زۆرجاریش زۆر لەو بارەیەوە قسە ئەکەن. ڕوون و ئاشکراشە کە ئەو جۆرە گفتوگۆیانە پێویستیان بە چالاکییەکی تایبەتی بیرکردنەوە و ئاستێکی بەرزی شیکاری هەیە. خەڵک لەڕادەبەدەر شت ئەزانن. ئاگاداری هەموو کونجوکەلەبەرێکی ئاڵۆزن و بەشدارییش لەو گفتوگۆیانەدا ئەکەن کە هەموو کونج و لایەنێک ئەگرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ "حەکەم"ی یارییەکەی دوێنێ بڕیاریکی ڕاستی دا یان نا و شتی تریش. ئەوانە شارەزا و لێزانی بوارەکە نین و خەڵکی ئاسایین و بیر و زیرەکی و توانای شیکارانەی خۆیان بەم بوارانەوە خەریک ئەکەن و زانیارییەکی یەکجار زۆریش تێیاندا بە دەست ئەهێنن و، هێندەی منیش لێی تێ بگەم، زیرەکییەکی تەواوی تێدا پەیدا ئەکەن. بەڵام ئەگەر لە لایەکی دیکەوە بڕوانین و، بۆ نموونە، ئەگەر گوێ لە خەڵک بگرم کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە یان سیاسەتی ناوەوە قسە ئەکەن ئەوا لە ئاستێکی لەڕادەبەدەر ڕووکەشدا قسە لەو بارانەوە ئەکەن.

لەوانەیە بەشێک لەم کاردانەوەیەی من لەم ڕووەوە پێوەندی بەوەوە هەبێت کە من خۆم گرنگی بە چ شتێک ئەدەم، بەڵام پێم وایە لە بن و بنچینەوە ڕاستە و پێم وایە ئەو ئاڕاستەیە سەبارەت بەو بابەتانە، بۆ نموونە، وەک وەرزش تا ڕادەیەک "عاقڵانە"یە. بەو شێوەیەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەئێستادا هەیە، بە هەر حاڵ، خەڵک زۆر بەزەحمەت ئەتوانن، بەبێ لەبەردەستدابوونی ئاستێکی ڕێکخستن کە ساڵەڕووناکییەک لە ئێستامانەوە دوورە، شتێک بکەن کە کار بکاتە سەر دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی تێیدا ئەژین. ئەوان لەبری ئەوە ئەتوانن لە دنیایەکی فەنتازیدا بژین و ئەمەش کتومت ئەوەیە کە ئەیکەن. من دڵنیام ئەوان "عەقڵی سەلیم" و توانای زیرەکی و هۆشیاریی خۆیان بە کار ئەهێنن، بەڵام لە بوارێکدا کە هیچ گرنگییەکی نییە و لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش کە هیچ گرنگییەکی نییە، بۆیە هەردەم لە گەشەسەندن و بەرفراوانبووندایە ـ ئەمەش وەک جێگرەوەیەک بۆ ئەو گرفتە

گرنگانەی کە ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان لەسەریان هەبێت و چارەیان بۆ بدۆزنەوە، چونکە دەسەڵات لای ئەمان نییە و لە جێیەکی دیکەیە.

من پێم وایە کە هەمان توانا و بڕستی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی هۆشیاری و ڕۆشنبیری، هەروەها هەوڵی بەردەوامی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی ئاگاداری زیاتر و زانیاریی زیاتر، ئەتوانرێت لە سایەی سیستەمێکی جیاوازدا کە تێیدا بەشداریی خەڵک لەو بڕیارە گرنگانەدا کە پێوەندیی ڕاستەقینەیان بە ژیانیانەوە و گرنگییان بۆ ژیانیان هەیە بە کار بهێنرێت و ئەشبێت بە کار بهێنرێت.

پرسیاری ئاڵۆز و گران کەم نین. هەندێک بوار هەن پێویستی بە زانیاریی تایبەت هەیە. من داوای "دژەڕۆشنبیرایەتی ـ ئەنتی ئینتێلەکتوالیزم" ناکەم. بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە هەر کەسێک لە ئێمە ئەتوانێت تا ڕادەیەکی باش لە زۆر شت بگات، بەبێ ئەوە زانیارییەکی زۆر تایبەتیشی لە بارەی ئەو شتەوە هەبێت. بێجگە لەمەش زانیاریی تایبەت دەربارەی هەر بوارێک لە بوارەکان، ئەگەر کەسێک مەبەستی بێت و بەدەستهێنانی ئەو زانیارییەی بەلاوە گرنگ بێت، هێندە دوورەدەست نییە کەس دەستی پێیدا نەگات.

با هەندێک حاڵەتی ئاسان و ئاسایی بهێنینەوە. با سەیری داگیرکردنی ئەفغانستان بکەین لەلایەن ڕووسەکانەوە ـ کێشەیەکی ئاسان و ئاسایی. هەموو کەسێک ڕاستەوڕاست و بەبێ هەبوونی زانیاریی تایبەت تێئەگات کە یەکێتیی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد. کتومتیش هەر ئەوە بوو و هیچی تر. کەس ئەمە ناخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەمە شتێکی سەخت و ئاڵۆز نییە کەس تێی نەگات. تێگەیشتن لەمە پێویستی بەوە نییە دەربارەی مێژووی ئەفغانستان بزانیت. ئەمجا با سەیری داگیرکردنی ڤێتنامی باشوور بکەین لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە. هەر ئێستا ئەم دێڕی ـ داگیرکردنی ڤێتنامی باشووره لەلایەن... ـ بۆ خۆی سەیروسەمەرەیە. من پێم وا نییە بتوانرێت ئەم دەربڕینە لە هیچ جێیەکدا بدۆزرێتەوە ـ بەگومانم لەوەش بتوانرێت هیچ

حاڵەتێک بدۆزرێتەوە ئەم دەربڕینەی لە یەکێک لە گۆڤارە پێشەنگەکاندا تێدا بە کار هێنرابێت، لەوەش زیاتر تەنانەت لە یەکێک لە گۆڤارە چەپڕەوەکانیشدا بە کار هێنرابێت، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە جەنگ لە گەرمەیدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا کە پرسەکە هەر داگیرکردن و هەر هەمان پرس بوو چ لەبارەی داگیرکردنی ئەفغانستانەوە لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە و چ لەبارەی داگیرکردنی ڤێتنامی باشوورەوە لەلایەن ئەمەریکاوە. ساڵی ١٩٦٢ کە سەرنجی هیچ کەسێک بۆ لای ئەم کێشەیە ڕانەکێشرابوو، فڕۆکەوانە ئەمەریکاییەکان ـ نەک تەنیا هەر سەربازە بەکرێگیراوەکانی ناو سوپای ئەمریکا، بەڵکو فڕۆکەوانە ئاساییەکانی ئەمەریکا خۆیان ـ بە شێوەیەکی وێرانکارانە و دڕندانە بۆمبارانی گوندەکانی ڤێتنامیان ئەکرد. ئەمە داگیرکردنی ڤێتنامی باشوور بوو لەلایەن ئەمەریکاوە. نیازیش لەم پەلامار و هێرشە ئەوە بوو کە بنەمای کۆمەڵی گوندنشینی ڤێتنامی باشوور تەفروتونا بکرێت تا لەو ڕێگایەوە ئەو بەرەنگارییەی لە ئەنجامی سیاسەتی چەوسێنەرانەی حکوومەتی ڤێتنامەوە هاتبووە ئاراوە سەرکوت بکرێت، ئەو حکوومەتەی کە بۆ خۆی دەستیاوی ئەمەریکا بوو و بووبووە هۆکاری ئەو بەرەنگارییە و بەڵام ئیتر لەتوانایدا نەمابوو بەتەنیا لە بەرانبەر ئەو بەرەنگارییەدا بوەستێتەوە. ئەمە پاش ئەوەی کە لە دژی ئەو چارەسەرییە سیاسییە وەستانەوە کە لە ساڵی ١٩٥٤دا خرابووە نێو بەندەکانی پەیماننامەی (ژنێڤ)ەوە.

کەواتە ئەگەر باس لەوەش نەکەین کە دواتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستەیەکی هەڵبژاردەی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەو وڵاتە و داگیرکردن و هەروەهاش تێکوپێکشکاندنی ئەو بەرەنگارییەی کە لەوێ هەبوو، پێکهێنا؛ ئەوا پەلامار و هێرشێکی ئەمەریکاییانە بۆ سەر ڤێتنامی باشوور لە سەرەتای شەستەکاندا ڕووی دا و لە ئارادا هەبوو. بەڵام کەس باسی ئەمەی وەکو داگیرکردنی ڤێتنامی باشوور نەئەکرد لەلایەن ئەمەریکاوە.

من شارەزاییەکی زۆرم لەبارەی ڕاوبۆچوونی گشتییەوە لە ڕووسیا نییە، بەڵام هیچ بە دووریشی نازانم ئەگەر بێت و لەبارەی داگیرکردنی ئەفغانسانەوە لەلایەن ڕووسیاوە لەگەڵ ڕووسێکدا قسە بکەیت سەری لە قسەکانت سووڕ بمێنێت، چونکە یەکێتیی سۆڤیەت ئەفغانستان لە دەستی گەلەکۆمەکێ و چەتەکانی سەرمایەداری ئەپارێزێت، کە لەلایەن دامودەستگای (سی. ئای. ئەی.) و لایەنەکانی ترەوە پشتگیرییان لێ ئەکرێت. بەڵام من پێم وا نییە ئەو ڕووسە هیچ زەحمەتییەک لەو تێگەیشتنەدا ببینێتەوە کە ڤێتنام لەلایەن ئەمەریکاوە داگیر کرابوو.

ئەمانە (کۆمەڵی ئەمەریکا و ڕووسیا) دوو کۆمەڵی زۆر لە یەکتر جیاوازن، کە تێیاندا پێکهاتەکانی کۆنترۆڵ و خۆشەکردنی خەڵک و ڕاهێنانیان لەسەر باوەڕی باو و باڵادەست بە شێوەی جیاواز کار ئەکەن. جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەوەدا هەیە پەنا بۆ زەبروزەنگ یان پەنا بۆ شێوازی تر ببرێت، بەڵام دەرئەنجامەکان زۆر لە یەکتر ئەچن و دەستەی هەڵبژاردە و لەپێشەوەی ڕۆشنبیرانیش لە کاریگەریی ئەم دەرئەنجامانە بەدەر نییە. لەڕاستیدا ئەمەوێت باوەڕ بەوە بهێنم کە دەستەی هەڵبژاردەی ڕۆشنبیران لە هەر دەستە و توێژێکی تری ناو کۆمەڵ زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەو بیروباوەڕەدان کە خەڵک لەسەر باوەڕی باو و باڵادەست ڕابهێنرێت و ئەمەش بێ هۆ نییە! ڕۆڵی ئەم دەستەیە وەکو "دەستەیەکی باش ڕاهێنراو و فێرکراوی نێو فێرگە هاوچەرخەکان!" لەڕاستییدا ئەوەیە باوەڕ بەو قسە هیچوپووچانە بهێنن کە ئەخرێنە بەردەم خەڵک و خەڵکیش هەر هەمان شت دووبارە بکەنەوە، بەڵام لە حاڵەتی ئەماندا ئەوە گرنگ نەبێت کە باوەڕ بەو قسانە بهێنن یان نا!، چونکە دەستەی ڕۆشنبیران پاسەوانانی بیروباوەڕن و خەڵک ئەو ڕۆڵەی ئەوانی نییە. بە چاوپۆشین لەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی و بەپێی یاساوڕێسا پێڕەوکراوەکان هەر خەریکی درۆهەڵبەستنن، زەحمەتە بتوانیت کەسانێک بدۆزیتەوە کە بە شێوەیەکی باوەڕهێنەر نوێنەرایەتیی بیروباوەڕێک بکات کە

خۆی هەڵگری نەبێت و خۆی بۆ تەرخان نەکردبێت. من لەو جۆرە "ڕۆشنبیران!"ەشم بینیوە کە ڕەنگ لە ڕوویان هەڵگیراوە و بە سەر-سووڕمانەوە تەماشایان کردووم کاتێ باسی داگیرکردنی باشووری ڤێتنامم کردووە لەلایەن ئەمەریکاوە. لە بارێکی تردا ئەمە جیاوازترە ئەگەر بۆ تێکەڵەیەک لە گوێگران قسە بکەم، چونکە وا پێ ئەچێت کە ئەوان، هەر هێندەی (فاکت)یان بخرێتە بەر دەست، چ زەحمەتییەکی ئەوتۆ لەوەدا نابیننەوە لە بەشە گرنگەکانی باسێکی لەو جۆرە تێبگەن. ئەمانەش لەڕاستیدا تەواوکەری یەکترن و ـ هەر ئەوەش لە کۆمەڵێک چاوەڕوان ئەکرێت کە سیفاتەکانی کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی ئێمەی هەبێت.

کاتێکیش کە باسی عەقڵی سەلیمی (کارتیسیانە) ئەکەم مەبەست لەوەیە بڵێم: بۆ تێگەیشتن لە داگیرکردنی باشووری ڤێتنام لەلایەن ئەمەریکاوە هیچ زانیارییەکی تایبەتی فراوان و گشتگر پێویست نییە. هەروەها لەبەریەکهەڵوەشاندنی سیستەمێک لە فڕوفێڵ و تەڵەکە و هیوا و ئامانجی بێسەروبەریش کە ئەرکی ئەوەیە ڕێ لە تێگەیشتنی ئەو واقیعە بگرێت تێیدا ئەژین، پێویستی بە زانیاری و زیرەکییەکی نائاسایی و فراوان نییە. ئەوەی پێویستە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی ئەو بەگومانبوونە ئاسایی و توانای شیکارییەیە کە لای زۆربەی خەڵک هەن. بەڵام جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کە خەڵک ئەو توانای شیکاری و بەگومانبوونەیان بۆ ئەوە بە کار ئەهێنن بزانن ئاخۆ یەکشەمەی داهاتوو (پاتریوتەکانی نیوئێنگلاند) چۆن و چی بکەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، نەک بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو کێشە و پرسانەی گرنگییان بۆ ژیانی خەڵکی دیکە و خۆیشیان هەیە.

**ج. پ. لەو باوەڕەدایت کە زانین و زانیاری لەبارەی شتە جیاوازەکانەوە بتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەمی هەندێ کەسدا؟**

**ن. چ.** لەنێو گرۆکانی فووتبۆڵیشدا لێزان و شارەزایان هەن، بەڵام خەڵک لەبەر ئەو شارەزایی و لێزانینەی ئەوان نابن بە ملکەچی زانیارییەکانیان. ئەوانەی کە تەلەفۆن بۆ وێستگەکانی ڕادیۆ ئەکەن، بە هیچ جۆرێک لە باری باوەڕبەخۆکردنەوە لە هیچیان کەم نییە و بە لاشیانەوە گرنگ نییە ئاخۆ ئەمان خاوەنی بیروڕایەکی جیاوازترن لە ڕاهێنەری یاریزانەکان، یان هەرکەسێکی دیکەی شارەزای بوارەکە لەو ناوچەیەدا لێی نیشتەجێن. ئەوان تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەڵگری گفتوگۆیەکی زانستیشن. ئەمە دیارەیەکی سەرنجڕاکێش و گرنگە. من پێم وا نییە سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوەش بە بەراورد لەگەڵ ئەمەدا زۆر ئاڵۆزتر بێت. ئەوەش کە لە نێوەندی ئەم کێشە و گرفتانەدا بە "گفتوگۆیەکی جیددیی زانستییانە" ناو ئەبرێت، هیچ ئاستێکی زانستیی باڵاتر یان تێڕوانینکی زیرەکانە پێچەوانە ناکاتەوە.

شتێکی ئا لەم جۆرە لەناو ئەو کولتوورانەشدا هەیە کە پێیان ئەوترێت کولتووره سەرەتاییەکان. ئەوەی لەناو ئەو کولتوورانەدا هەیە ئەوەیە کە چەند سیستمێکی بیرکردنەوەیان دروست کردووە و لێکۆڵینەوەیان گرانە و هەروەهاش کەسانێکی لێزان و شارەزایان هەن و لە گشت کونوکەلەبەرەکانی ئەو سیستەمانە ئەزانن، هەشن بەڕێکوپێکی لێیان تێ ناگەن و...تاد. بۆ نموونە سیستەمی خزمایەتی لەسەر پێکهاتەیەکی یەکجار ئاڵۆز هەڵچنراوە. زۆر لە ئەنترۆپۆلۆژەکان هەوڵیان داوە ئەوە پێشان بدەن کە ئەمە جۆرە ڕۆڵێکی بەسوودی لە کۆمەڵدا هەیە. بەڵام لەوانەیە یەکێک لە کردەکانی، ڕێکوڕەوان، پێوەند بێت بە بیرکردنەوەوە. ئەمە جۆرێکە لە بیریاری؛ بابەتێکە کە ئەتوانین بیرکردنەوەی خۆمانی تێدا بە کار بهێنین بۆ ئەوەی سیستەمی ئاڵۆز و هەروەها بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی سەخت و گرانیشی لێ بخوڵقێنین و هەروەهاش ئەتوانین خەسڵەتەکانیان، نزیک وەک ئەوەی لە بواری بیریاریدا ئەیکەین، گەشە پێ بدەین. ئەوان بیریاری و تەکنۆلۆژیایان نییە، بەڵام سیستەمی دیکەیان هەیە بۆ هەمەڕەنگیی فەرهەنگی و ئاڵۆزی! من نامەوێت

لێرەدا باس لە وێکچوونی لەڕادەبەدەر بکەم، بەڵام لەوانەیە هێندەی پێوەندی بە وەرزشیشەوە هەبێت ئەوەندە جیاواز نەبێت.

پیاوێک کە لە بەنزینخانەیەکدا کار ئەکات و سەری خۆی لە کارەکەیدا بە کار ئەهێنێت، نایەوێت کاتی خۆی بە سیاسەتی دەرەوەوە لە دەست بدات، چونکە ئەمە بێمانایییە، ئەو، بەهەرحاڵ، ناتوانێت هیچ شتێک لەو بارەیەوە بکات و بێجگە لەوەش لەوانەیە شتی ناخۆشی تووش ببێت و تەنانەت تووشی گیروگرفتیش ببێت. هەربۆیە باشترە خۆی بە شتێکی خۆش و لە مەترسی دوورەوە خەریک بکات ـ بۆ نموونە: فوتبۆڵێنی ئەمریکایی، باسکە یان هەر شتێکی دیکەی لەو جۆرە. بەڵام شارەزایی لێرەشدا هەر بە کار ئەهێنرێت و هەم وریایی و زیرەکی و هەم بیرکردنەوەشی پێوە خەریک ئەکرێت. یەکێک لە کردەکانی ئەم جۆرە خەریککردنانە، بۆ نموونە خەریکبوون بە وەرزشەوە بەو شێوەیەی لە کۆمەڵی ئێمەدا هەیە، ئەوەیە خەڵکی لە خزمەتی شتێکدا خەریک بکرێن کە لە پرس و شتە گرنگەکان دووریان بخاتەوە تا دەسەڵاتدارەکان، بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی خەڵک لە کارەکانیان، بەو شتانەوە خەریک بن کە گرنگن.

**ج. پ. بەر لە ماوەیەک پرسیارم لێ کردیت کە ئاخۆ خەڵک مۆرکی لێزانی و شارەزایی وەک ڕێگرێک چاو لێ ئەکات یان نا! ئێستا ئەتوانین پرسیارەکە ئاوەژوو بکەینەوە ـ ئایا بیریار و شارەزایان لەوە ئەترسن کە خەڵک بۆ نموونە بیر و شارەزاییەک سەبارەت بە وەرزش هەیانە، لە بوارە ئاڵۆزەکانی ئەواندا وەکو سیاسەتی دەرەوە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بواری دیکەی لەو جۆرەدا بە کاریان بهێنن؟**

**ن. چ.** وا گومان ئەکەم ئەمە تا ڕادەیەک باو بێت. ئەو بوارانەی توێژینەوە کە لەگەڵ ئەو کێشەوگرفتانەدا خەریکن ڕاستەوڕاست پێوەندییان بە مرۆڤەوە

هەیە، هێندە بە قووڵی ڕۆ نەچوون، یان هێندە دوورەدەست و سەختگیر نین بۆ کەسێکی ئاسایی تا بە ماندووبوون و خەریکبوون تێیان نەگات، با ئەو کەسە پلەیەکی خوێندنی تایبەتیشی نەبێت. ئەو قسە و قسەلۆکانەی لە ئەدەبیاتی ئاساییدا لەبارەی گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوەن، زۆربەی کات، سەرپێین و شتێکی نوێیان سەبارەت بەو گرفت و کێشانە پێ نییە. هەموو ئەوانەی لەو بارەیەوە ئەنووسن، یان قسە ئەکەن، ئەزانن کە ئەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر لە قسە و نووسینەکانیاندا لە سنوور دەربچن، بە مەرجێک لە چوارچێوەی بیروبۆچوونی باو و ڕێپێدراودا بمێننەوە. من دڵنیام کە هەموو ئەوانەی لەم بوارانەدا خەریکن، سوود لەمە و لەوەش کە بۆیان بارهێنراو و ڕەخسێنراوە وەرئەگرن و بە کاری ئەهێنن. بەهەرحاڵ، من بۆ خۆم ئەمە ئەکەم. بۆ نموونە: من کاتێک لەبارەی کارە نابەجێ و زوڵموزۆرەکانی نازیستەکان و یەکێتیی سۆڤیەتەوە ئەنووسم، ئەزانم کە داوای ئەوەم لێ ناکرێت بە بەڵگەوە ئەوەی کە ئەینووسم، یان ئەیڵێم، بسەلمێنم، بەڵام هەر بۆ هەمان شت، ئەگەر بێم و ڕەخنە بگرم لەوەی کە چۆن یەکێک لە وڵاتە "پیرۆز!"ەکان ـ ئەمەریکا یان ئیسراییل ـ هەڵسوکەوت و ڕەفتار ئەکات، داوای دامودەستگایەکی زانستانە ئەکرێت تا بەوردی لە ڕەخنە و قسەکانم بکۆڵرێتەوە، ئەمەش لەو کاتەوە ئەو شێوازەی وەرگرتووە کە "دەستەی بیریاران!" ئەم وڵاتە (ـ واتە: ئیسراییل)یان، دوابەدوای سەرکەوتنەکانی جەنگی ١٩٦٧، بە "پیرۆز!" ناساند. ئەم ئازادی و دەستوالاییە سەبارەت بە داوای بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن، یان تەنانەت سەبارەت بە بیرکردنەوەی پوخت و پلانبۆڕێژراو، تا ڕادەیەک، ئەرکی سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەی لە مەیدانەکە دوور خستۆتەوە، بە جۆرێک کە هەرکەسێکی بەئاگا کە بەردەوام شوێن هۆیەکانی ڕاگەیاندن، گۆڤارە سیاسییەکان و تەنانەت بەشێکی زۆریش لە ئەدەبیاتی زانستی کەوتووە، بەزوویی و بەئاسانی، هەستی پێ ئەکات. دیارە ئەوە ژیان ئاسانتر ئەکات و بوارەکانی ژیانیش ڕەخساوتر، ئەگەر لە خۆوە و بەبێ هیچ بنچینەیەکی زانستی کۆمەڵێک قسەی هیچوپووچ دەرپەڕێنیت، یان هەڵوێستی ناشیاو

وەربگریت، لەوەش زیاتر ئەگەر ببێت و کۆمەڵە بوختان و درۆیەک هەڵبەستیت. بۆ ئەنجامدانی ئەمانەش هیچ بەڵگەهێنانەوەیەک پێویست نییە و سەلماندن لێرەدا جێی نابێتەوە. بەڵام گوناهێک کە ئەخرێتە پاڵ و دژ بەو کەسانەی بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە ئەمەریکادا، یان تەنانەت پاڵ لیبرالە ئەمەریکاییەکانیش، ـ من بۆ خۆم سەبارەت بەمە زۆر شتم لە نووسینەکانمدا بە نموونە هێناوەتەوە و زۆری تریشم لەلای خۆم کۆ کردۆتەوە ـ لەبەرئەوەی ئەوان بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکەسەرچاوەی هەموو خراپەکارییەکە لەسەر زەوی و گشت قسەوقسەلۆکێکی گەوجانەی دیکەی لەم جۆرە، ئەوەی دەوڵەتان لەسەری ڕێکن ئەڵێت کە ئەو جۆرە گوناهبارکردنە هاوتای یاسایە لەکاتێکدا نیشان کەسێک بێت کە لەگەڵ ڕیزەکەدا ڕێ ناکات، هەربۆیە بەبێ هیچ هەوڵدانێک بۆ بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن لە ڕیز ئەکرێنە دەرەوە. گوێڕایەڵی و باوەڕهەبوون بە خەتی پارتی، ماف بە کەسێک ئەبەخشێت بە جۆرێک ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات کە لەڕاستیدا ئەبوو وەک ڕەفتارێکی شوورەییهێنەر تەماشا بکریت دژ بە هەرکەسێک کە ڕەخنە لە بیروبۆچوونی باو و قەبووڵکراو ئەگرێت. بەئاگایی و وریاییەکی زۆری خەڵک بەگشتی ئەتوانێت ببێت بە هۆی ئەوەی خەڵک داوای ئەوە بکەن کە پێڕەوی هەڵوێستوەرگرتن لە هەر کەسێک بە جیا بکرێت، ئەمەش بێگومان ئەبێت بە هۆی ڕزگارکردنی زۆربەی دارستانەکان و کەمکردنەوەی یەکجارەکیی ئەو هەموو پەڕە و کاغەزەی بە کار ئەهێنرێن و هەروەها زۆر ناو و ناوبانگیش کاڵ و کوێر ئەکاتەوە.

مافی درۆکردن لە خزمەتی دەسەڵاتدا بە هەموو حەز و ئارەزوو و هێزێکەوە ئەپارێزرێت. ئەمەش بەئاشکرا لەوەدا دەرئەکەوێت ئەگەر کەسێک بێت و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و ئەوە پیشان بدات کە ئەو گوناهانەی ئەخرێنە ملی "دوژمن!"ێک کە دامودەستگاکانی دەوڵەت ئاماژەی "دوژمن"ایەتی بۆ ئەکات ناڕاستن، یان هەندێک جار بۆهەڵبەستراویشن. ڕاوەستانەوەی

یەکسەری لەنێو "خزمەتکارەکانی دەسەڵات!"دا بە ڕووی ئەمەدا ئەوە ئەبێت کە ئەو کەسە پارێزگاری لەو تاوانە ڕاستەقینانە ئەکات کە ئەو "دوژمن!"ـەی دامودەسگاکانی دەوڵەت ئاماژەی بۆ کردووە، ئەکات. کێشەی کەمبۆدیا، لەم ڕووەوە، زۆر دروستکەرە! هیچ کەسێک، بێجگە لە چەند دەستەیەکی پەراوێزکراوی سەر بە ماویستەکان، گومانی لەوە نەبوو کە "خمێرە سوورەکان!" بە زۆڵموزۆر و بەدکارییەکی تۆقێنەر تاوانبار بوون. ئەوەش ڕاست بوو و هەروەها بەڵگەبۆهێنانەوەشی زۆر ئاسان بوو کە پرۆپاگاندەی وڵاتەکانی خۆرئاوا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەستیان بۆ ئەو تاوانانە درێژ ئەکرد و ئاماژەیان بۆ ئەکردن، تا لەو ڕێیەوە پاساو بۆ ئەو تاوان و ناهەقییانە بهێننەوە، کە سەردەمانێکی زووتر خۆیان لەو وڵاتەدا ئەنجامیان دابوون و هەر لەبەرئەوەش کە هیچ ڕێوڕەسمێک نییە بۆ بەجێگەیاندنی "ئامانجێکی ئاوها پیرۆز!" دنیایەک لە چاوبەست و بوختانبۆهەڵبەستن هێنرایە ئاراوە کە جێی تێڕامان و سەرسووڕمانە. ئاماژەکردنێک بۆ ئەو ڕاستییە، کە هیچ گومانێکی تێدا نییە و ڕاستییەکی سەلمێنراوە، دنیایەک گێرەوکێشە و هەراوهۆریا و تەوژمێک لە درۆی نوێ و ئاشکرای بە دوای خۆیدا هێنایە ئاراوە ـ ئەو ئاماژەپێکردنەش (ئێدوارد هێرمان) و من و چەند کەسێکی دیکە بە بەڵگەوە هێنامانە ناو ناوان! لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەوەش بکرێت کە مافی درۆکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا خرایە ژێر لێکۆڵینەوە و پرسیارەوە و دیارە ئەوەش تاوانێکی قێزەون و ڕقهەڵسێنە. هەروەها ئەوەش کە کاتێک کەسێک دێت و ئاماژە ئەکات بۆ گوناهبارییەک دژی کوبا، نیکاراگوا، ڤێتنام یان هەریەکێک لەو "دوژمن!"انە کە دەوڵەت و دامودەستگا پێوەندەکانی بە "دوژمن!"یان ئەزانن، بەوەی کە گوناهبارییەکە جێی گومان، یان گوناهبارییەکی ساختە و بۆهەڵبەستراوە، یەکسەر ئەو کەسە، هەرکەسێک بێت، مۆرکی ئەوەی لێ ئەدرێت کە بووە بە دەمڕاستی تاوانگەلێکی ڕاستەقینە یان بۆهەڵبەستراو، ئەمەش تەکنیکێکە کە زۆر بە کار ئەهێنرێت تا ئاگاداری ئەوە بکرێت کە "بیروبۆچوونی جیاواز!" لەو دامودەستگایانەدا کە ئەڵقەلەگوێی دەسەڵاتن جێ

نەگرێت و پێڕەو نەکرێت و هەروەهاش نەهێڵرێت هیچ ڕێگرێک لە بەردەمیاندا دابنرێت کە ڕێ لە "خزمەتکاری و دەستوپێوەندبوونیان!" لە ئاست دەوڵەتدا ئەگرێت. ڕەخنەگرەکان هیچیان بە دەستەوە نییە هاریکارییان بکات تا دەنگی خۆیان لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بگەیەنن و هەروەها ئەو دەرئەنجامانەی هەریەک لە ڕەخنەگران ڕووبەڕوویان ئەبنەوە ئەوەندە نابەجێ و تاقەتپڕوێنن کە زۆر کەم لە ڕەخنەگران خۆ لەبەر هەڵبژاردنی ڕەخنەگرتن لە جێی متبوون و دەنگنەکردندا ئەگرن، بەتایبەت لە هەندێک لە گۆڤارەکاندا ـ بۆ نموونە وەکو (نیو ریپۆبلیک) ـ کە بەتەواوی لە پرسی ناڕاستی و ترسنۆکیدا نقووم بووە و تەنانەت قەبوڵی وەڵامدانەوەش ناکات لە بەرانبەر ئەو بوختانانەدا کە بڵاویان ئەکاتەوە. هەربۆیە "مافی پیرۆزی! درۆکردن ئەپارێزرێت و لەوەیە دووچاری هیچ هەڕەشەیەکی جددیش نەبێتەوە. بەڵام لەوانەیە ئەمە بە شێوەیەکی جیاواز بکەوێتەوە ئەگەر بێت و بەشێکی زۆر لە خەڵک "کە جێی متمانە و باوەڕی دەسەڵات و دامودەستگاکانی نین!" ڕێیان پێ بدرێت بێنە ناو مەیدانی گفتوگۆ و لێدوانەوە و بەشدار بن.

دنیایەک لە زانستی تایبەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانیش کە بانگەشەی بۆ ئەکرێت شێوازێکی دیکەیە کە "سیستەمی بیروبۆچوونە ڕێپێدراو و باوەکان" بە کاری ئەهێنێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی خۆی بخاتە بەر دەست و پێی دەسەڵات و هاوکاتیش ڕووکەشێکی بێلایەنانە و ئۆبجەکتیڤانە بە خۆی ببەخشێت. بۆ نموونە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەتوانن پەنا بۆ شارەزا ئەکادیمییەکان بەرن بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ڕوانگەیە پێک بێن کە ناوەندی دەسەڵات داوای ئەکات و سیستەمی زانستگاش مت و گوێڕایەڵە لە ئاست دەسەڵاتدارە دەرەکییەکانی دەرەوەی سنووری خۆیدا کە لە زۆربەی جارەکاندا دەست لەسەر سنگ بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەزاکانی خۆی لە خزمەتی دەسەڵاتدا ئەوەستێت تا ڕەنگڕوویەکی زانستانە بەو دەستە هەڵبژاردەیە لە بیروڕا ببەخشێت کە ڕێی پێ ئەدرێت سنووری زانستگاکان

ببەزێنێت و بچێتە ناو خەڵکەوە. یان ئەگەر ئەو شێوازەش کاری نەکرد ـ وەک ئەوەی کە لە ئێستادا لە ئەمەریکای لاتیندا پێڕەو ئەکرێت، یان ئەوەی سەبارەت بەو بابەتە هەیە کە بە "تێرۆرۆلۆژی!" ناو ئەبرێت و لە گەشەکردنێکی پەلەدایە ـ ئەوا ئەتوانرێت جۆرێکی نوێ لە "شارەزا"یان بهێنرێتە پێشەوە کە بەدڵنیاییەوە ئەو بیروڕا قەبووڵکراوانە پێشکەش ئەکەن کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن خۆیان ناتوانن ڕاستەوخۆ پێشکەشیان بکەن، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری ئەو "ئۆبجەکتیڤێتییە!" ببن کە خۆی لە خۆیدا پاڵنەر و دنەدەری کارایی ئەوانە لە بواری پرۆپاگاندەدا. من و کەسانی دیکەش زۆر نموونەمان لەم بارەیەوە هێناوەتەوە.

پێکهاتەی تایبەتی ئەو گرۆ کارکەرانەی بە سیاسەتی ڕەسمییەوە خەریکن یارمەتیدەری ئەوەیە کە لە پرسەکانی بیروڕای باوەڕپێکراو و باودا بە شێوەیەکی پاکوپوخت و هاوتا خەڵکانێک بەو بیروڕایە گۆش و پەروەردە بکرێن و ئەمەش لەڕاستیدا گرنگییەکی لەڕادەبەدەری پێ ئەدرێت. لەم ڕووەوە تاقیکردنەوە تایبەتەکانی خۆم جێی لەسەرڕاوەستان و ئاوڕلێدانەوەن. وەکو پێشتریش وتم من لەڕاستیدا ئەو خەسڵەتە ئەکادیمییانەم نییە کە پێویستن لە بوارێک لە بوارەکاندا هەتبن و لە هیچ بوارێکدا نیمە و کاری من بە زۆر بوار و لایەندا تەنیوەتەوە. بۆ نموونە چەند ساڵێک لەمەوبەر نەختێک لە بواری زمانەوانیی ماتماتیکی و ئاوتۆمات تیۆریدا کارم ئەکرد و جارجار بۆ سیمیناری ئەندازیاران و ئەوانەی بە ماتماتیکەوە خەریکن بانگ ئەکرام. کەسێک نەبوو خەون بەوەوە ببینێت کە بپرسێت ئاخۆ من چۆن لێوەشاوەییم لەوەدا پەیدا کردووە لەو بوارەدا کۆڕ بگرم ـ چونکە بە هیچ جۆرێک لێوەشاوەیی پێویستم لەو بوارەدا نەبوو و ئەمەش لای کەس شاراوە نەبوو، بۆیە پرسیارێکی لەو جۆرە سەیروسەمەرە ئەبوو. ئەوانەی لە سیمینارەکاندا بەشدار بوون ئەوەیان بەلاوە گرنگ بوو کە چیم بۆ وتن پێ بوو، نەک ئەوەی کە چ "ماف!"ێکم بۆ وتنی ئەو شتانە هەبوو. بەڵام کاتێک لەبارەی سیاسەتی دەرەوە قسە ئەکەم،

هەمیشە داوای ئەوەم لێ ئەکرێت ئەوە پێشان بدەم کە چۆن لێوەشاوەییم بە دەست هێناوە بۆ ئەوەی لە مەیدانێکی وا گرنگدا دەربکەوم و خۆم بنوێنم. هەر نەبێت، ئەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وایە و ـ لە شوێنانی دیکەدا وا نییە و ئەو داوایە ناکرێت. وا دێتە بەر چاوم ئەوە بەگشتیکردنێکی مۆڵەتپێدراو بێت کە بڵێیت تا بابەتی بیرکردنەوە لە بوارێک لە بوارەکاندا گەورەتر و بەرفراوانتر بێت، پێویستیی ئەو بابەتە بچووکتر و بەرتەسکتر ئەبێتەوە بەوەی لە بەردەم پێکهاتەیەکدا کە لەو بوارەدا کارایە بخرێیتە بەر لێوردبوونەوەیەکی زانستانەوە. خۆ دیار و ئاشکراشە کە ئەمە سەبارەت بە پرسیارەکەی تۆ چ دەرئەنجامێکی لێ ئەکەوێتەوە.

**ج. پ. تۆ وتوتە کە زۆربەی ڕۆشنبیران لەئاکامدا ڕاستی هەڵئەگێڕنەوە و چەواشە ئەکەن؟ ئایا ئەو ڕاستییە ئەزانن کە چەواشەی ئەکەن؟ ئایا ئەوان لەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانە تێ ئەگەن کە دەیانکەن بە مایەی سەرلێشێواندن و بەهەڵەدابردنی خەڵک؟**

**ن. چ.** زۆربەی خەڵک درۆزن نین. ئەوان زۆر لەگەڵ وێکنەبوونی زیادلەپێویستی چەمکەکاندا هەڵناکەن و تاقەتی خۆماندووکردنیان نییە. من نامەوێت نکۆڵی لەوە بکەم کە درۆزنانێک هەن لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا ڕێگاپێدراوەکاندا هەر خەریکی درۆهەڵبەستنن و لەوەیش زیاتر ئەوانە کەسانێکن کە تا سەر ئێسقان و بێشەرمانە خەریکی پروپاگەندەکردنن. لەم کەسانە هەم لە بواری ڕۆژنامەنووسی و هەم لە بواری کارە ئەکادیمییەکاندا هەن. بەڵام من پێم وایە کە ئەمە جۆرە باو و ئاساییەکەیان نییە و جۆرە ئاساییەکە ئەوەیانە کەسانێک پێڕەوی ئەکەن کە ملکەچی قەبووڵ ئەکەن، هەڵوەستەیەک وەرئەگرن کە ڕەخنەگرتن تێیدا جێی نابێتەوە و ڕێگای بەرئاوەڵای خۆفریودانیش ئەگرنە بەر. هەروەهایش پێم وایە کە پرۆسەیەکی

هەڵبژاردە هەم لە بوارە ئەکادیمییەکان و هەم لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە. ئەمە بەو مانایەی کەسانێک هەن وابەستە نین و بە شێوەیەکی گشتییش جێی متمانەپێکردن نین، هەربۆیە لە جێی خۆیاندا ئەمێننەوە و بە هیچ کوێ ناگەن و دەرئەنجامیش پەراوێز ئەخرێن.

**ج. پ. تۆ لە جێیەکدا نووسیوتە کە ئیسرائیل، پاش ساڵی ١٩٦٧، ڕێک بە هەمان شێوە بەڕێوەچووە کە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵانی سییەکاندا بەڕێوەچوو دەرهەق بە ڕۆشنبیرە ئەمریکاییەکان، یان هەر نەبێت هەندێک لەوان. ئەتوانیت نەختێک زیاتر سەبارەت بەم بیروبۆچوونەت بدوێیت؟**

**ن. چ.** بەڵی، من لەسەر ئەو بیرکردنەوەیەم کە لەیەکچوونێکی تەواو هەیە لەنێوان هەڵوەستەی دەستەی ڕۆشنبیرانی ئەمریکا بەرانبەر بە ئیسرائیل و ئەو هەڵوەستەیەدا کە دەستە و گرۆی لەو جۆرە لە سییەکاندا بەرانبەر بە یەکێتیی سۆڤیەت هەیانبوو. دیارە ئەو دوو حاڵەتە تەواو لە یەکتر جیاوازن و ناکرێت بەتەواوی بە یەکتر بەراورد بکرێن، بەڵام من پێم وایە لە زۆر ڕووەوە لە یەکتر ئەچن و ئەشتوانین زۆر شت لەو وێکچوونەوە فێر ببین. هەڵوێستی پارێزگاریکردن، هەڵوێستی خۆپاراستن کاتێک کە پێوەندی بە "دەوڵەتی پیرۆز!"ەوە هەیە و هەروەها ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی ئەدرێن بۆ ئەوەی لە ئاست و چۆنێتیی ئەو زەبروزەنگ و چەوساندنەوەیەی لەوێ هەیە کەم بکرێتەوە و وەکو خۆیان پێشان نەدرێن، یان بەرگرییان لێ بکرێت؛ یان ئەوەی کە ڕووداوەکانی جیهان بەو جۆرە لێک بدرێتەوە و ڕاڤە بکرێت کە تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتە هەیە. یان ئەو چاوبەستییەی کە تووشی هەندێک کەس دێت دوای گەڕانەوەیان لەو وڵاتە و ئەو هەموو باسوخواسەش کە دەربارەی ئەو وڵاتە و ئەو "موعجیزانە!"ی لەوێ بینیویانن ئەیگێڕنەوە. هەروەها ئەو جۆرە لەسەرڕێککەوتنەی کە بەگومانەوە

سەیری هەموو ڕەخنەیەک لەو "دەوڵەتە پیرۆزە!" بکرێت و هەوڵی لەگۆڕنان و لەنێوبردنی بدرێت. هەموو ئەمانە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەبوون و لە یەکتر ئەچن. من پێم وا نییە کە ئەمە بە شێوەیەکی کتومت هەمان سەرچاوەیان هەیە، بەڵام لە شێوازدا لە یەکتر ئەچن. ئەمە دەربڕینێکە بۆ خواستی بەهێزی "دەستەی ڕۆشنبیران!" بۆ خۆسپاردن و خۆدانەدەستی ئەم یان ئەو شێوازی پەرستنی دەوڵەت، بەتایبەتیش خۆسپاردن بە پەرستنی دەوڵەتی خۆ، کە سەرچاوەی هێز و بەخشینی دەستکەوت و بەدەستهێنانی پلەوپایەیە لە کۆمەڵدا، بەڵام جارجاریش خواستی خۆسپاردن و خۆدانەدەست دەوڵەتێکی بێگانە کە جێی سەرنج و پەسندانە. ئێمە لێرەدایە کە جیاوازییەکان ئەبینینەوە. ئێمە ئەبێت لە خۆمان بپرسین کە بۆ دەوڵەتێکی تایبەت هەڵئەبژێرێت بۆ ئەوەی لە کات و بۆنەی تایبەتدا بکرێت بە کەرەستەی چۆک لە بەردەمدا دادان و پەرستن ـ واتە دەوڵەتێکی بێگانە نەک دەوڵەتی خۆ، کە پەرستنی ئەمیان حاڵەتێکی ئەوەندە ئاساییە و باوە کە بە زەحمەت تێبینی و سەرنج بۆ لای خۆی ڕائەکێشێت. ئا لەم حاڵەتەدا هۆیەکان ئاشکرا و دیارن.

بەپێی بیر و بۆچوونی من، گرنگیدان و پێوەخەریکبوون بە ستالینییەتەوە لەلایەن زۆربەی "دەستەی ڕۆشنبیران!"ی ئەمریکاوە لە ساڵانی سییەکاندا، پەیوەست بوو بەو تێڕوانینەوە کە پێی وا بوو ئەو گرنگیدانە ڕێ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، هەروەها بەدەستهێنانی دەستکەوت و وەرگرتنی پلەوپایەیە لە کۆمەڵدا بۆ ئەو جۆرە "ڕۆشنبیرانە!" خۆشتر ئەکات، ئەویش بە بەکارهێنانی شتێک لە جۆری مۆدێلی لینینییانە. ئەمە دیاردەیەکە کە ئێمە ئەتوانین ئێستا لە دنیای سێیەمیشدا ببینین. ئەمە ئەتوانێت، لەبەر ڕۆشنایی مێژوودا، ناواقیعی بێتە بەر چاو، بەڵام لەو سەردەمەدا کە "برسێتی و داڕمانی ئابووری هەموو لایەکی گرتبووەوە" زۆر بوون ئەوانەی کە باوەڕیان بەوە هەبوو کە هەلی گونجاو بۆ دروستبوونی دەوڵەتێک لە شێوازی لینینییانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە، دەوڵەتێک کە بتوانێت خۆی بە شۆڕشی

پڕ لە سەرەوەری و شانازییەوە گرێ بدات. ئەوان باوەڕیان وا بوو کە ڕۆشنبیران خۆیان ئەتوانن هەمان ڕۆڵی لینین ببینن و ببن بە پێشەنگی شۆڕشگێڕ بۆ بەرپاکردنی شۆڕش و پاشانیش ببن بە بیرۆکراتە سوورەکانی دەوڵەت. بێگومان ئەوان هەرگیز بەو شێوەیە سەیری ئەمەیان نەئەکرد کە ببێت بە هۆکاری بەدەستهێنانی دەستکەوت و وەرگرتنی پلەوپایە بۆ خۆیان لە کۆمەڵدا. بەپێچەوانەوە ئەوان پێیان وا بوو کە لە پێناوی یەکسانی و دادوەری و هەر شتێکی دیکەی چاک و جواندا ئەجەنگن، بێگومان هەندێکیشیان لەڕاستیشدا هەر ئەوەیان کرد و لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆ بوون.

**ج. پ. پێت وایە کە ئەو هەڵوەستەیە جیاواز بوو لە هەڵوەستەی ترۆتسکییەکان؟**

**ن. چ.** من نامەوێت ئەم تێڕوانینە بکەم بە شتێکی گشتی و بەسەر هەموو لایەنەکاندا بیبەخشمەوە. تەنانەت، ئەوەیش کە ئەیڵێم، هێندەی پێوەندی بە ستالینییەکانیشەوە هەبێت، تا ڕادەیەکی زۆر تێڕوانینێکی گشتییە. ئەوسایش کەسانێکی زۆر وابەستە و ئەڵقەلەگوێی ستالینی هەبوون کە لەڕاستیدا زۆریان لەبارەی ئەوەوە نەئەزانی چی لە ڕووسیادا هەیە و ڕوو ئەدات و زۆر گرنگییشیان پێ نەئەدا. ئەوان زیاتر لە خەمی هاریکاری و یارمەتیدانی لێقەوماوان و چەوساوەکانی نێوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بوون و ئەیانویست، بە هەر شێوەیەک بێت، یارمەتییان بدەن. بیر و بۆچوون و تێڕوانینی هەندێک لە کەسە چالاکەکانی نێو ئەوانیش، هێندەی پێوەندی بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەبوو، زۆر سەیروسەمەرە و شێتانە بوون. بەڵام ئەوان بە پلەی یەکەم وڵاتەکەی خۆیان بەلاوە گرنگ بوو، بەشێکی زۆریش لە کردەوەکانیان جێگای ڕێز و شانازی و لەڕاستیشدا شایانی پەسن و پێداهەڵدان بوو، ئەمە بەتایبەت لەوەدا کە پێوەندی بە کردەوە و هەڵسوکەوتە

سەرەکییەکانی ئەوانەوە هەبوو. بۆ نموونە پارێزگاریکردنی مافە هاوولاتییەکانی ڕەشپێستەکان و کاری ڕێکخراوەیی نەقابەی کرێکاران. لەوانەیە بەبێ هەوڵ و تەقەلای ئازایانە و شێلگیرانەی ڕێکخەرانی (سی. ئای. ئۆ: *- کۆنگرێسی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان: یەکێتیی نەقابەکانی ئەمریکا ١٩٣٥-١٩٥٥. سی. ئای. ئۆ. دوای جیابوونەوەی لە فیدەراسیۆنی ئەمەریکایی کرێکاران (ئەی. ئێف. ئێل.) دروست بوو و پاشان لە ساڵی ١٩٥٥دا بوونەوە بە یەک و "ئەی. ئێف. ئێل. - سی. ئای. ئۆ."یان دروست کرد)* قەت ئەو ڕێکخراوەیە نەهاتایەتە ئاراوە.

بەڵام ئەگەر ئێمە بەهۆشیارییەوە لەوە بڕوانین کە من تا ڕادەیەکی زۆر و بە گشتی شتەکانم باس کردووە، ئەوەش بێ بەرهەم نابێت و گرنگە کە ئاماژە بۆ هەندێک هۆکاری بنبڕ و یەکلاکەرەوە بکەین و هەندێک ڕەنگوڕوو و خەسڵەتی گرنگیش پشتگوێ بخەین. من پێم وایە بنەمای ئەوەی کە سەبارەت بە توانای ستالینییەت بۆ سەرنجڕاکێشانی هەندێک کەس بە لای خۆیدا وتم ڕاست و دروستە.

هەرچی پێوەندی بە ترۆتسکییەتیشەوە هەیە تا ڕادەیەک لەوەدا خۆی ئەبینییەوە دان بەوەدا بنرێت کە هەندێک ڕووداوی زۆر ناخۆش ئەوسا لە یەکێتییی سۆڤیەتدا ڕووی دا. بەڵام لە ڕووی پێناسەکردنەوە ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە شیکارییەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بەو پەرەسەندن و گەشەکردنەی لەوێ هەبوو لە ئارادا بوو. هەر چۆنێک بێت با لە خۆمان بپرسین ترۆتسکی خۆی کێ بوو؟ ڕاستییەکەی ترۆتسکی یەکێک لە نزیکترین هاوڕێ و وابەستەکانی لینین بوو. ئەو هەرچییەکی وتبێت لەو کاتانەدا کە هیچ دەسەڵاتێکی لە دەستدا نەبووە، بێ گرنگیدان بەوەی پێش شۆڕش بووبێت یان دوای ئەوەی کە لە وڵات کرایە دەرەوە، دیارە بۆ ئەو ئاسان بوو کە دوای دەرکردنی لە وڵات و دوورکەوتنەوەی لە دەسەڵات ببێت بە ڕەخنەگرێکی ئازاد، بەڵام لەڕاستیدا ترۆتسکیی ڕاستەقینە، هەمیشە ئەو کەسە بووە کە

دەسەڵاتی لە دەستدا بووە. ترۆتسکی ئەو کەسە بوو کە کاری بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی ڕێکخراوە میللییەکانی کرێکاران ئەکرد لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، بە واتایەکی دیکە، لەناوبردن و تێکشکاندنی شووراکانی کرێکاران و سۆڤیەتەکانیان، ترۆتسکی ئەو کەسە بوو کە ئەیویست چینی کرێکاران بخاتە ژێر ڕکێفی ڕێبەری باڵاوە و ئەو کەسەیش بوو کە ئەیویست پرۆگرامێک بۆ بە ئۆردووکردنی کارکردن دابنێت لەنێو کۆمەڵێکی تۆتالیتاریدا کە خۆی و لینین لە هەوڵی دروستکردنیدا بوون. ترۆتسکیی ڕاستەقینە هەر ئەوە نەبوو کە ـ دەستوپێوەند و تاقمەکانی خۆی بۆ کرۆنشتاد نارد و هەر ئەوە نەبوو کە تاقمی جووتیارانی (ماشنۆس)ی تەفروتونا کرد، دوای ئەوەی چیی تر پێویستییان پێیان نەما تا بۆ بەرگرتن و بەرەنگاریی سپییەکان بە کاریان بهێنن، بەڵکو ئەو کەسەیش بوو کە هەر لەگەڵ دەسەڵاتگرتنە دەستدا و لە سەرەتای شۆڕشدا هەموو ڕێگایەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی ڕێکخراوە میللییەکان گۆڕەوشار بکات و شێوازێکیان بەسەردا بسەپێنێت کە تەواو وابەستە و ژێرڕکێفی دەسەڵات بێت، شێوازێک کە تێیدا خۆی و هاوڕێیەکانی خۆی دەسەڵاتی ڕەهایان تێیدا هەبێت و تێیدا کرێکاران، بێ هیچ چەند و چۆنێک، ببن بە ژێردەستەی ڕابەرەکانیان. ئەمە کرۆکی ڕێنمایی و وانەکانی ترۆتسکی بوو کاتێک کە دەسەڵاتی لە ژێر دەستدا بوو، ئیتر گرنگ نییە پێش ئەوە و پاش ئەوە چی وتووە و چۆنی وتووە.

کاتێک خەڵکی خۆیان بە لایەنگرانی ترۆتسکی ناو ئەبرد، کاتێک لە ساڵانی سییەکان یان چلەکاندا ئەو ناوەیان بەسەر خۆیاندا دابڕی و پێوەی ناسران، ئەمە سووک و ئاسان هێمایەک بوو بۆ ناشارەزایی و بێئاگاییەکی ترسێنەر، هەر بە هەمان شێوەی ئەو ناشارەزایی و بێئاگاییەی کە وەکو بیانوویەک لە لایەن ستالینییەکانەوە بە کار ئەهێنرا، ئەو ستالینییانەی نەیانئەزانی، یان نەیانئەویست بزانن، کە ئەوسا چی لە ئارادا بوو و چی ڕووی ئەدا و یان ڕەنگە لە نێوەڕۆکدا پابەندبوونی ئەوانی بە بیروباوەڕە لینینییەکانەوە لەنێو

خۆیدا هەڵگرتبێت و من پێم وایە کە لە بنچینەدا هەر ئەم جۆرەی دواییان جۆری سەرەکی بووە لای ئەمانیش و لە بنەماکانیشیدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پابەندبوونی ستالینییەکان بە ستالینییەتەوە نەبووە. من ئەوسا بەو شێوەیە بیرم ئەکردەوە و بە شێوەیەکی سەرەکییش هەر لەبەر هەمان هۆ بوو کە من، وەکو ڕادیکالێکی گەنج، بە هیچ جۆرێک نەمئەتوانی پێوەند ببم بە یەکێک لە ڕێکخراوە ترۆتسکییەکانەوە. ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە ئەمانە پرسە سەرەکییەکان بوون کە هەموومانی لەو ڕۆژگارەدا بە خۆیانەوە خەریک کردبوو. من ئێستایش پێم وایە کە ئەوسا من ڕاست و لەسەر هەق بووم و نەمئەویست جیاواز لە ستالینییەکان و ترۆتسکییەکان بڕوانم و هەردووکیانم بە یەک چاو سەیر ئەکرد، بۆ هەردوولایشیان ئەو بیروبۆچوونە لینینییە بنجبڕ و سەرەکی بوو کە سەبارەت بە پێشڕەوانی شۆڕشگێڕە و ئەوەش بیروبۆچوونێک بوو کە ڕۆشنبیرە ڕادیکالەکانی ئەوسای بە لای خۆیدا ڕائەکێشا، ئەو ڕۆشنبیرانەی کە بە هیوای بەدەستهێنانی دەسەڵات بوون لەنێو دەوڵەتدا، لە ڕۆژگارێکدا کە کەشوهەوای شۆڕشگێڕی لە ئارادا بوو. ترۆتسکییەکان وەک ستالینییەکان نەبوون و هەمان بیروبۆچوونیان سەبارەت بە پەرستنی دەوڵەت نەبوو، چونکە هیچ دەوڵەتێک بۆ ئەوان لە ئارادا نەبوو بتوانن بیپەرستن، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێک لە ئارادا هەبووایە ئەوانیش هەروەک ستالینییەکانیان ئەکرد.

لەئێستادا هێندەی پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت پێم وا نییە هۆکارە هاندەرەکان بەتەواوی هەمان ئەو هۆکارانە بن کە لەو ڕۆژگارەدا هەبوون، بەڵام لە شێواز و تەکنیکدا هەر هەمان شتە. ئەگەر ئێمە سەیری (نیوو ڕیپۆبلیک) بکەین ئەبینین بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا کە ڕەخنە لە ئیسرائیل ئەگرێت ئەکات کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مامەڵەکردنی گۆڤارێکی ستالینییدا لە ساڵانی سییەکاندا نییە ـ لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت (نیوو ڕیپۆبلیک)یش خۆی ـ هەمان مامەڵەی لەگەڵ کەسێکدا ئەکرد کە ڕەخنەی لە

یەکێتیی سۆڤیەت بگرتایە. ئەو تەوژمەیش کە لە وەخت و ناوەختدا و بەبەردەوامی لەنێواندایە بۆ پاساودانەوەی ڕەوایی مافی ئیسرائیلییەکان لە چەوساندنەوە و بەکارهێنانی زوڵموزۆردا بە کەسێک نامۆ نییە کە ئاگاداری ئەدەبیاتی ستالینییە لە سییەکاندا و ڕوون و ئاشکرایە. هەروەها لەڕاستیدا هەر هەمان ئاوازیش لەو ڕادەربڕین و نووسین و گوتارە هاوشێوانە بەرز ئەبێتەوە کە ئەمڕۆ لەلایەن کارمەندە (قۆمیسەرە) ئەمەریکاییەکانەوە ئەبیسترێن و ئەبینرێن، ئەو کارمەندانەی کە بە شێوازی لای هەمووما ئاشکرا لەسەر ڕەوایی مافی بەکارهێنانی زوڵموزۆری دەوڵەتی ئەمریکا بە دەنگ دێن، لەکاتێکدا ناوی هەر کەسێک ئەزڕێنن کە هاوتا نەبێت لەگەڵ داواکانی ئەواندا بۆ ملنەویکردن و گوێڕایەڵی.

ئەوەی کە لە پشت "پێوەندیی دڵدارانەی!" دەستەی ڕۆشنبیرانەوەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا شتێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە. ئا لەم ڕووەوە ساڵی ١٩٦٧ گۆڕانکارییەکی چۆنێتیی گرنگ ڕووی دا، کاتێک ئیسرائیل هێز و توانای سوپایی خۆی لەو ساڵەدا پێشان دا. لێرەدا نامەوێت لە بنجوبناوانی ئەمە بدوێم و ـ لە شوێنی دیکەدا و چەند جارێک لەبارەی ئەمەوە نووسیومە ـ بەڵام ئەمەوێت تەنیا ئەوە بڵێم کە هۆکاری بنچینەیی بۆ ڕاکێشانی سەرنج بە لای ئیسرائیلدا و بەتایبەت لەو بۆنەیەدا، ئەو توانایە بوو کە دەوڵەت لە بەکارهێنانی زوڵموزۆردا لە سەردەمێکدا خستیە کار کە سەردەمی ڕوو لە نوشستهێنانی ئیمتیازات و دەسەڵات بوو، چ لە نێوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا و چ لە دەرەوەیدا. ئیسرائیل ئەوسا توانیی وێنەی قوربانییەکە لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو مشتە پۆڵایینە یەک بخاتەوە کە سرەوایندییە ئەوانەی لە دنیای سێیەمدا سەریان لە ئاستیدا بەرز کردبووەوە، تا جیۆرێی ڕاستەقینەی خۆیان پێشان بدات. ئەمە یەکخستنەوەیەک بوو کە سەرنەوینەکردن لەئاستیدا ئاسان نەبوو، بەتایبەت لەو پێوەندییەدا کە ئەوسا تازەکی سەرەتاکانی یەکبەرەیی ستراتیژیی نێوان ئیسرائیل و ئەمەریکا دەرکەوتبوو.

**ج. پ. تۆ سەبارەت بە یادەوەرییەکانی هێنری کیسنجەر نووسیوتە: "ئەوانە یادەوەریی بەڕێوەبەرێکی پلەمامناوەندیمان بیر ئەخەنەوە کە خۆی فێر کردبێت بێناوەڕۆکیی خۆی لەنێو تەوژمێک لە وشەدا بکاتە داواکاری و بە ئێمەی ڕابگەیەنێت!" تۆ، لەڕاستیدا، گومان ئەکەیت لەوەی کە ئەو خاوەنی "چوارچێوەیەک لە چەمک!"ی وردبینانە، یان خاوەنی دنیابینیی تایبەت بە خۆی بێت. ئایا ئەو هۆکارە یارمەتیدەرانە چین کە ئەبن بە هۆی ئەوەی کەسانی وەکو ئەو بتوانن ئەو نێووناوبانگە بەربڵاو و فراوانە بە دەست بهێنن، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا کە سەبارەت بە توانا و لێوەشاوەیی ڕاستەقینەی ئەودا ئەیڵێت؟ ئەمە چیمان فێر ئەکات سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەچوونی کۆمەڵەکەمان؟**

**ن. چ.** لەڕاستیدا کۆمەڵی ئێمە لەسەر ئەوە دروست نەبووە کە کۆمەڵانی خەڵک تێیدا بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەشداری لە پرۆسەکانی بڕیارداندا بکەن، بەڵکو لەسەر ئەوە دروست بووە کە بڕیارەکان لە لایەن دەستەیەکی هەڵبژاردەوە ئەدرێن و جارناجاریش، دوای وەرگرتنی بڕیارەکان، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە دان بە ڕاستی و دروستییاندا ئەنرێت. ئەمەیش بێگومان وا لە خەڵک ئەکات کە لەسەر ئەو باوەڕە بن کە کەسێک لە سەرەوە هەیە و ئەزانێت چی ئەکات و چی ناکات. هەر لەبەرئەوەیش کە ئێمە بەشداری لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا ناکەین، هیچ دەسەڵاتێکیشمان بەسەریاندا ناشکێت و تەنانەت بیر لەو کێشە و پرسانەیش ناکەینەوە کە مانا و گرنگییەکی بنبڕ و گرنگی بۆ ئێمە هەیە، ئێمە بەو هیوایەین کە کەسێکی شارەزا و لێزانی بوارەکە ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنێت. بە واتایەکی دیکە، چونکە ئێمە بەشداری لەوەدا ناکەین کە چی ڕوو ئەدات و نادات، بە هیوای ئەوەین کەشتییەکەمان دەریاوانێکی لێزان و شارەزای هەبێت. من پێم وایە ئەمە هۆکارێکی گرنگە، بەڵام پێویستە ئاماژەیش بۆ ئەوە بکەین کە سیستەمی ئایدیۆلۆژیی نێو کۆمەڵی ئێمە هەمیشە بە لای ئەوەدا ئەیشکێنێتەوە وا لە کۆمەڵانی خەڵک بکات

لەسەر ئەو باوەڕە بن کە ئەوان لێزانی و شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە و ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە و پرسە ئاڵۆزانەدا بکەن کە ڕووبەڕووی کۆمەڵ ئەبنەوە، بۆیە وا باشترە هەموویان بۆ دەریاوانە لێزان و شارەزاکە بە جێ بهێڵن تا بە ئەنجامیان بگەیەنێت. شێوەیەکیش لە شێوەکانی بەڕێوەبردن و بەجێگەیاندنی ئەمە ئەوەیە کە سیستەمێک لە "ئەستێران" دروست بکەیت، کە لە چەند سەروبیچمێک پێک هێنراوە و زۆربەی کات بەرهەم و دەستیاوی هۆیەکانی ڕاگەیاندنن، یان بەرهەمی ئەو دەستە هەڵبژێردراوەن کە سەرقاڵ و خەریکی پرۆپاگاندەی ئەکادیمین. وا لە ئێمەیش چاوەڕوان ئەکرێت بەسەرسووڕمانەوە لە وریایی و زیرەکیی بێهاوتای ئەو کەسانە بڕوانین و ئارخەیان و دەستەوەستان لە ئاست ئەو مافەدا بوەستین کە بە ئەوانمان بەخشیوە بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار لەسەر ژیانمان بدەن و ڕێبەرایەتیی سیاسەتیی دەرەوەی کۆمەڵەکەمان بکەن و بەڕێوەی ببەن. دەستەڵات بەتەواوی چڕ بووەتەوە و بڕیاردانیش هەروەها بەتەواوی لەنێو چەند ئەڵقەیەکی بچووکدا چڕ بووەتەوە و لە دەست چەند کەسێکدایە، کەسانێک کە بەم یان بەو جۆر پێکەوە بەستراون و پێکەوەیش خاوەنداریێتیی بەشێکی زۆر لە کەرەستە و ئامڕازەکانی "کەرتی تاکەکەسی!"ی کۆمەڵیان لە ژێر دەستدایە، بەڵام هەر ئەوەندە نا بەڵکو بنکەیەکی گرنگیشیان لەنێو دەستەیەکی هەڵبژاردەدا هەیە کە لەنێو دەوڵەت و ڕابەڕایەتیی کارگەکاندان و لە ڕووی ئایدیۆلۆژییشەوە خزمایەتییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. هەر لەبەرئەوەیشە کە کۆمەڵەکەمان لەڕاستیدا بەو شێوەیە بە ڕێوە ئەچێت، بۆیە ناچارە خۆی بەو بیروتێڕوانینە سیاسییەشەوە ببەستێتەوە کە بانگەشەی ئەوە ئەکات کۆمەڵ هەر بەو شێوەیە بە ڕێوە ئەبرێت، ئەمەش لە جێی خۆیەوە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئێمە ئەبێت وا بهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەوانەی سەر بەم دەستە هەڵبژاردەیەن خۆیان ئەزانن خەریکی چین و وا دابنێین کە ئەوان لە بۆ ئێمە و لە خزمەتی ئێمەدان و ئەوان ئەو وریاییەیان هەیە و دەستیان بەو زانیارییە پێویستانەدا ڕائەگات کە بە ئێمە دوورەدەستن و لە ئێمە

ئەشاردرێنەوە. لەوانەیە ئێمە ئەم یان ئەویان بۆ چەند ساڵێک هەڵبژێرین، بەڵام ئەوە کاری ئەوانە، نەک کاری ئێمە، کە سەرپەرشتی و ڕێنوێنیی پرس و کێشەکانی نێو کۆمەڵ بکەن. لە بەردەم ئەم پشتخانەوەیە کە ئێمە ئەبێت سەیری دیاردەی کیسنجەر بکەین و لێی ورد ببینەوە. لەڕاستیدا گەلۆری و ناشارەزایی ئەو خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە. من لەسەر ئەمە زۆرم نووسیوە. بەڵام ئەو بەهرەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ڕۆڵی فەیلەسووفێک ببینێت کە بە شێوەیەک لە پێوەندییە قووڵ و ئاڵۆزەکان تێ ئەگات کە کەسێکی ئاسایی ئەو هەلومەرجانەی لە بەردەستدا نین بۆ تێگەیشتنیان. ئەو ئەم ڕۆڵەیشی زۆر بەجوانی ئەگێڕا. ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە بووبووە هۆی ئەوەی هێندە بەناووبانگ بێت لە لایەن ئەوانەوە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان لەژێر دەستدا بوو. ئەوان کتومت کەسێکی لەو جۆرەی کیسنجەریان پێویستە.

**ج. پ. ئایا ئەو هەڵبژاردەیەی کە دەسەڵاتیان بەسەر بوارەکانی پیشەسازی و کاسبکاری و خزمەتگوزاریدا هەیە بەتەواوی لەوە بەئاگان کە ئەم سیستەمەمان چۆن بەڕێوە ئەچێت؟**

**ن. چ.** بێگومان! لەو ئامۆژگا و زانکۆیانەدا کە بازرگانییان تێدا ئەخوێنرێت و لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەیشدا کە تایبەتن بە بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری و بازرگانی زۆر جار تێگەیشتنێکی ڕوون و ئاشکرا ئەدۆزینەوە لەبارەی ئەوەوە کە لەڕاستیدا جیهان چۆن بەڕێوە ئەچێت. هەرچییەکیش پێوەندی بەو ئەڵقانەوە هەیە کە ئاڕاستەیەکی ئایدیۆلۆژیی تایبەتیان هەیە، لەنێو کۆمەڵناسان و ئەکادیمییەکاندا، پێم وایە زیاتر ڕووبەڕووی ئەو خراپ لێ حاڵیبوون و خەیاڵبڵاوییە ئەبینەوە کە بەتەواوی بیروبۆچوونی لێڵاوی و شوێنەونکەرن و ئەمەیش شتێکی ئاساییە. خەڵک لە ئامۆژگا و زانکۆ

بازرگانییەکاندا ناچارن و ئەبێت بە "دنیای ڕاستەقینەوە" خەریک بن و فاکتەکان بدۆزنەوە، ئەبێت لەوە تێبگەن کە چی لەڕاستیدا و لە دنیای ڕاستەقینەدا گرنگە و چی گرنگ نییە. لەو ئامۆژگا و زانکۆیانەدا ڕێبەڕانێک بەرهەم ئەهێنرێن کە ڕێبەرانی ڕاستەقینەن، نەک ئەو ڕێبەرانەی بە ئایدیۆلۆژییەوە خەریکن و هەر لەبەر ئەوەیشە کە لەو جێگایانەدا متمانەکردن بە پرۆپاگاندە کەمترە. بەڵام هەر بەرانبەر بە خوێندنگای بەرزی بازرگانی لە کامبریج، ماساشوسێتس، لەوبەر ڕووبارەکەوە، ئەمە بە شێوەیەکی جیاوازتر خۆی ئەنوێنێت. لەوێ خەڵکانێک ئەدۆزیتەوە کە پێیان وایە لەپێشترین ئەرکی سەرشانی ئەوان ئەوەیە ڕێ لە خەڵکی تر بگرن لە شت تێبگەن. من نامەوێت ئا لەم بوارەیشدا زێدەڕۆیی بکەم، بەڵام پێم وایە کە هەوڵ و تەقەلا بەو ئاڕاستەیە هەیە و لە ئارادایە. لە هەندێک حاڵیشدا لەمە کۆڵراوەتەوە، ئەگەرچی دیسیپلینە ئایدیۆلۆژییەکان زۆر حەزیان بە لێکۆڵینەوەی لەو چەشنە نییە. بۆ نموونە چەند ساڵێک لەمەوبەر کورتەیەک لە گرنگترین خاڵە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەیەی ئاوها لە ( Annals of the American Academy of Political and Social Science) بڵاو کرایەوە و من بۆ خۆیشم لێرە و لەوێ ئاماژەم پێ کردووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پێوەندیی کۆمپانیا گەورەکانە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا. ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەلایەن چەند ڕادیکاڵێکەوە ئەنجام نەدرابوو، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی (دێنیس ڕای) بوو کە یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی بواری زانستی سیاسەت و دەوڵەت. ئەو لێکۆڵینەوەیە زۆر بەقووڵی بەنێو پرس و کێشەکاندا ڕۆ نەچووبوو، بەڵام هەندێک لە سەرنج و تێڕامانەکانی بەتەواوی و کتومت ڕاست و وریایانەن. ئەو لە لێکۆڵینەوەکەیدا ڕاپۆرت لەبارەی پێداچوونەوە بە نزیکەی دووسەد بەرهەمدا ئەنووسێت کە خۆی بە "ئەدەبیاتی گرنگ سەبارەت بە سیاسەتی نێونەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا" ناوی ئەهێنێت. لە نزیکەی ٩٥%ی ئەو "ئەدەبیاتە گرنگ و شایان"ەدا هیچ شتێک دەربارەی گرنگێتیی کۆمپانیا گەورەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا نادۆزیتەوە و لە ٥% یشدا تەنیا بە شێوەیەکی سەرپێیی باس لەو پێوەندییە و

گرنگیی ئەو پێوەندییە ئەکرێت. ئەمە ساڵی ١٩٧٢ بوو ـ ڕەنگە دواتر، وەک دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڕاستە پڕ لە زەبروزەنگەی لە شەستەکاندا پێڕەو ئەکرا، کەمێک گۆڕانکاری لەمەیشدا ڕووی دابێت. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەمە بەتەواوی سەرنجڕاکێشە و سەیرە. ئەمە نموونەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە سیستەمی (تابوو) چۆن کار ئەکات. هەرکەسێک کە کەمترین زانیاریی لەبارەی ئەم پرس و کێشانەوە هەبێت، ئەزانێت کە پێوەندییەکی زۆر گرنگ و بایەخدار لەنێوان کۆمپانیا گەورەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هەیە. هۆکارەکانی ئەمەیش بەتەواوی ڕوون و ئاشکران. ئەمجا ئەکرێت گفتوگۆ لەسەر کاریگەریی کۆمپانیا گەورەکان بکرێت کە چۆن و چین و بە چ جۆرێکیش دەرئەبڕدرێن. بەڵام هیچ کەسێکی ڕاستگۆ و جددی ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە کاریگەرییەکی بەهێز و گرنگیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەکادیمییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەوەدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە کە ئەم پرسە سەرەکی و گرنگە لەنێو پرسە سەرەکییەکانی دیکەدا بهێننە دەرەوە.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەمەیە: (دێنیس ڕای) ئەڵێت کە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا دوو کاتیگۆریی لە بەرچاو نەگرتووە: یەکەمیانی ناو ناوە "شیکاریی ڕادیکالانە و زۆرجاریش نەومارکسییانە" و لەوانەیە ئەمە هەموو شتێک بگرێتە خۆی کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە لە ڕۆڵی کارگەکان ئەڕوانێت، هەموو شتێک کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئایینیی ئاسایی و باودا نایەتەوە و خۆ لەو بیروبۆچوونە لا ئەدات. کاتیگۆریی دووەمیش قسەکردنی ڕێبەرانی کارگەکان و پرۆفیسۆرانی خوێندنگا باڵاکانی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ بووە لەم بارەیەوە. لەنێو هەردوو کاتیگۆرییەکەیشدا گفتوگۆ لەسەر ڕۆڵی کۆمپانیا و دامەزراوە گەورەکان لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا ئەکرێت و لە ئارادایە. (دێنیس ڕای) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بەو دەرئەنجامە ئەگات کە کۆمپانیا و دامەزراوە گەورەکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان هەیە، هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە کە ئەو ڕۆڵەیان هەیە، بەڵام هەموو ئەوانەی ئاماژە بۆ ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە

ئەکەن ڕێیان پێ نادرێت ببن بە بەشێک لە "ئەدەبیاتی ڕێزلێگراو!" و ئەوانەیش کە چاو لە ئاست ئەم شتە ئاشکرایەدا دائەخەن "ڕێزلێگرتن!"ی خۆیان لە دەست نادەن.

من پێم وایە ئەمە ڕۆشنایی ئەخاتە سەر شتێکی زۆر باو و ئاسایی و ئەویش ئەوەیە کە تێگەیشتن لە دنیای واقیع و ڕاستەقینە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ فاکتادا خەریکن زۆر ئاسانترە، وەک بۆ ئەو کەسانەی کە یەکێک لە ئەرکەکانیان خولْقاندنی ئایدیۆلۆژییە بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی شت و ڕووداوەکان و هەروەها بۆ ئەو کەسانەیش کە ئەبن بە پاڵپشتێک بۆ بیروباوەڕ.

**ج. پ. لەگەڵ ئەوەیشدا بوارەکانی پیشەسازی و کاسبکاری بەشێکی زۆر لە ئەدەبیات سەبارەت بەوەی کە چۆن هاوکاریی پێشکەوتن و تازەکردنەوەی وڵاتانی دیکە ئەکەن، بەرهەم ئەهێنن ـ ئەمجا با باس لەو هەموو ئەدەبیاتە نەکەین کە سەبارەت بە "خۆشگوزەرانی!"، لێرە لە وڵاتەکەماندا بەرهەم ئەهێنرێت.**

**ن. چ.** ئەمە کتومت ڕاستە. بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەی دیار و بەرچاوی سەبارەت بە هۆشیاریی چینایەتیی باڵانوێنی خۆی پیشان داوە و ئەوەیشی بەبەڵگەوە سەلماندووە کە چەند گرنگە ئەوەی کە بە "ڕای گشتی" ناو ئەبرێت بخرێتە ژێر ڕکێفەوە. هەڵکشانی پیشەسازیی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش یەکێک لەو خەرواره دەربڕینانەیە کە بەم شێوازە "یەکبوونی بیروبۆچوون" ئەخولْقێنێت، ئەمە بەپێی بیروڕای (ئێدوارد بیرنایس) کە یەکێک لە کەسایەتییە پێشڕەوەکانی نێو ئەم سیستەمەی پڕۆپاگەندەی بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزارییە، کرۆکی دیمۆکراتییە. بەشێک لەو توانایەیش کە لەم بوارەدا خراوەتە ئاراوە،

لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە جۆرە تێگەیشتنێکی تایبەت لە بارەی "ژیانی (خۆش) چاک!"ەوە، با بڵێین لێرە لە وڵاتەکەماندا، پێک بهێنرێت، تێگەیشتنێک کە لەگەڵ پێویستییەکانی توێژە کۆمەڵایەتییە دەوڵەمەند و خاوەنئیمتیازە تایبەتەکاندا دێتەوە و یەکانگرە و هەر ئەو بەش و توێژانەیشن کە هەم بەسەر سیستەمی ئابووری و هەم بەسەر سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیشدا زاڵن و ئاڕاستەی ئەکەن. ئەوان هەروەها پشتگیری و دنەی جۆرێکی تایبەت لە "گەشەسەندنی ئابووری و تازەکردنەوەیان!" داوە، کە ڕێک و ڕەوان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوانەدا دێتەوە کە لە ئەمریکا ماڵوسامانەکانی خۆیان لە بوارەکانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری و هەر بوارێکی دیکەی ناو کۆمەڵدا خستۆتە گەڕ. ئەمانە چەند پرسیارێکی گرنگن کە ئەبوو زیاتر لەوەی کە لە ئێستادا هەیە ڕۆشنایی بخرێتە سەریان و زیاتر سەرنج بە لای خۆیاندا ڕابکێشن.

بەڵام بێجگە لەو تەوژمە بەهێزەی پرۆپاگاندە کە ڕاستەوخۆ مەبەستی ئەوەیە "ڕای گشتی" بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە و هەروەها پێ لەسەر ئەو دڵنیاییە دابگرێت کە سیاسەت بەگشتی لەگەڵ بەرژەوەندیی خاوەنئیمتیازەکاندا بێتەوە، شتێکی دیکەیش هەیە لە ناواخنی ئەم باسەدا کە شایانی سەرنجدان و لێوردبوونەوەیە، ئەویش ئەمەیە کە بە شێوەیەکی گشتی، دیمەنی ئاسایی گەشەسەندنی ئابووری وەسفکردنێکی ئەو لایەنە چاکانەی گەشەسەندنە کە بانگەشەی بۆ ئەکرێت و گوایا بە خێروبێر بۆ خەڵک لە ناوخۆی وڵاتدا ئەگەڕێتەوە، نەک ئەو لایەنە چاک و خێروبێرانەی بەسەر ئەو کەسانەدا ئەڕژێن کە ماڵوسامانیان لە ئەمەریکادا خستۆتە گەڕ، هەروەها نەک ئەو خێروبێرانەی بەسەر کۆمپانیا گەورەکان و نوێنەرە ناوچەییەکانی ئەو کۆمپانیایانە و هەروەها هاوبەشەکانیاندا ئەبارێن. ئەوەی کە وا بهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەوەی ئەیکەین بۆ جووتیارانی خۆرهەڵاتی باکووری برازیل کارێکی باشە، زەرەر و زیانێکی بۆ بەرژەوەندییە پیشەسازییەکان و

بەرژەوەندیی بوارەکانی تر نییە، بەڵام ئەمە وا ئەکات کە لە هەمان کاتدا لە باری سایکۆلۆژییەوە ئاسانتر بێت بەردەوام بین لەسەر پیادەکردن و ئاراستەکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆمان. بەڵام نەتوانینی تێگەیشتن لە سیاسەتی دەوڵەتی و هەروەها لەوەیش کە چۆن بڕیارەکان سەبارەت بەو شتانە وەرئەگیرێن، ئەوە بە بیر و خەیاڵدا ئەهێنن کە هەمووماں و بە شێوەیەکی هەرەوەزی و کۆبەکۆ کار بۆ ئەمە ئەکەین و هەروەها ئەوەیش بە بیردا ئەهێنن کە بڕیاردان تەنیا لە دەستی دەسەڵاتداراندا نییە و لە دەستی خەڵکیشدایە ـ ئەمەیش ئەبێتە بەربەستێک لە بەردەم ئەو کاروبارەدا کە لە واقیعدا بە ڕێوە ئەبرێت. گرنگە کە لەم بوارەدا چنگ لەوەی لە واقیع و ڕاستەقینەدا هەیە گیر بکەین. پرۆپاگاندە ئەوەیە کە هەیە، بەڵام دەستەبژێرە پێشڕەوەکان ئەبێت بۆ خۆیان و هەر نەبێت لە بەرژەوەندیی خۆیان باشتر لە حاڵە ڕاستەقینە و واقیعییەکان تێ بگەن. ئێمە، لەو دۆکیومێنتانەوە کە بۆ خەڵکی و ڕای گشتیی خەڵک نین، فێر ئەبین کە سەرچاوەی ئەم تێگەیشتنە لەکوێیە، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتە پڕ لە زانیارییەی کە دەربارەی (دیموکراتی لە قەیراندا)یە و دراوە بە ئەنجوومەنی (تریلاتێرالا) ـ لەم حاڵەتەیاندا دەستەیەکی هەڵبژاردەی لیبرال لە ئارادایە ـ لەو ڕاپۆرتەدا ئەوە ڕوون ئەکرێتەوە کە چەند پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگیرێت کە خەڵکی بەرەو ناچالاکبوون و قەبوولکردن بگەڕێنرێتەوە، تا ئەو هەڕەشەیە لە ئارادا نەمێنێت کە ساڵانی شەستەکان لەسەر بە دیموکراتیکردن هەبوو، کاتێک ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە لە باری ئاساییدا هیچ گرنگییەکیان نییە، لەڕاستیدا و بۆ یەکەمین جار هەوڵیان دا خۆیان بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی ڕێک بخەن و بێنە ناو مەیدانی سیاسەتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە بوو کە دەسەڵاتی زاڵ و جێوڕێی دەستەی بژاردەی بوارەکانی کاسبکاری و پیشەسازی و خزمەتگوزاری کەوتە بەر هەڕەشەوە.

بەڵام شانبەشان لەگەڵ ئەم گفتوگۆ ڕاستگۆیانەیەدا کە لەنێوخۆدا ئەکران سەبارەت بە پێویستیی بەرپەرچدانەوەی ئەو بەرخۆدانە دیموکراتییەی لە ساڵانی شەستەکاندا ڕوویان دا، ئەوەیە ئاگاداری ئەوە بکرێت کە کەس خۆی لەو ئامۆژگایانە هەڵنەقورتێنێت کە بەرپرسیارێتیی "ڕاهێنان و ڕێنوێنیی گەنجان"یان لە ئەستۆدایە و، هەروەها بێدەنگکردنی ئەوانەی کە لەوانەیە لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی دیکەیشدا بیروبۆچوونی سیاسییانەی جیاوازیان هەبێت، شانبەشانی هەموو ئەمانە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی وا ئەبینینەوە کە لەسەر بنەمایەک هەڵچنراوە بانگەشەی ئەوە ئەکات ئەوەی ئەکرێت ڕاست و ڕەوایە. دیارە ئەمەیش سروشتییە و بە هەمان شێوەیش کە لە بوارەکانی کاسبکاری و پیشەسازی و خزمەتگوزاریدا باو و ئاساییە لە بوارەکانی دیکەیشدا هەروا ئاسایی و باوە.

**ج. پ. بە ڕای تۆ ئەوانەی لەنێو (سی. ئای. ئەی.)دا کار ئەکەن چ جۆرە هۆشیارییەکیان لەبارەی ئەم دنیایەی ئێمەوە هەیە؟ هەروەها ئەو هۆشیاری و تێگەیشتنە بە بەراورد لەگەڵ تێگەیشتن و هۆشیاریی ئەکادیمییەکان لەکوێدا خۆیان ئەبیننەوە؟**

**ن. چ.** ئەگەر ئەمە بەگوێرەی ئەو کارە پچڕپچڕ و ناتەواوانە هەڵبسەنگێنین کە دەستمان پێیان ڕائەگات، لەوانەیە بتوانین بڵێین کە (سی. ئای. ئەی.) ڕاستگۆ و لەڕووتره لە زۆربەی ئەو نووسینە ئەکادیمییانەی کە لە بوارەکانی دیسیپلینی ئایدیۆلۆژییدا ئەنووسرێن. ئەوەی کە (سی. ئای. ئەی.) کەمتر گرنگی بە فێرکاریی پوختیی ئایدیۆلۆژی و کۆنترۆڵکردن ئەدات و زیاتر فاکتای بە لاوە گرنگە، هەر بە هەمان شێوەیە کە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی بواری بازرگانیدا هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆتر و لەڕووترن، چونکە ئەمان زیاتر گرنگی بەو فاکتانە ئەدەن کە

بازرگانان پێویستیان پێیان هەیە و ئەبێت لێیان بەئاگا بن و گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆژی نییە.

**ج. پ. بێگومان کردە و کاروباریش هەن کە لەلایەن (سی. ئای. ئەی.)ـەوە) ئەنجام دراون کە تێیاندا کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆژی ڕۆڵی زۆر گرنگ و گەورەی هەیە.**

**ن. چ.** بەڵێ، قسەیەک لەوەدا نییە کە ئەمە بەشێکی ترە لە چالاکی و جموجووڵەکانی ئەوان کە لە زۆر سەرچاوەوە لە ئێمە شاراوە نییە و پێی ئاشناین، بۆ نموونە: چەندین شتی دروستکراو و دەنگوباسی هەڵبەستراو لە (سی. ئای. ئەی.)ەوە دزە ئەکەن و بڵاو ئەبنەوە، تەنیا بە هیوای ئەوەی کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن گرنگییان پێ بدەن و بڵاویان بکەنەوە. لەمەیش زیاتر، من مەبەستم ئەوە نییە کە (سی. ئای. ئەی.) خۆی لە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی دوور ئەگرێت و پێوەی خەریک نییە. ئەوەیش گرنگە کە بزانین دەستگای زانیاریی ئەمریکایی بۆ خۆی تا چ ڕادەیەک و بە چ شێوەیەکی بەربڵاو و چۆن لەنێو ئەو چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا ڕێبەرایەتی ئەکرێت، کە تا ڕادەیەکی زۆر هۆیەکانی ڕاگەیاندن و توێژینەوەی ئەکادیمییش ڕێبەرایەتی ئەکات. لەم لایەنەوە زۆر نموونەی دراماتیکی هەن. با بۆ نموونە باسی (ڕاپۆرتی پێنتاگۆن) بکەین، کە سەبارەت بە ماوەیەکە و نزیکی بیستوپێنج ساڵانێک ئەگرێتەوە و لەکاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە دۆکیومێنتەکانی دەستگای زانیاری لەبەردەستدا بووە. یەکێک لە گرنگترین ئاشکراکردن و لەقاودانەکانی ڕاپۆرتی پێنتاگۆن ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوە و شیکارەکان لەو ماوەی بیستوپێنج ساڵانەدا ئەوە بوو کە تەنیا تاکەڕاپۆرتێکی بنکەی سوپایی ئەوێیان دۆزیەوە کە سەبارەت بەوە بوو کە ئاخۆ (هانۆی) تا چەندە بۆ خۆی و لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی خۆیدا هەڵسوکەوتی ئەکرد، یان تا چ ڕادەیەک بووبوو بە داردەستی مۆسکۆ، یان

داردەستی (پیپپینگ) وەک خۆیان ناویان ئەبرد. ئەمەیش بەبێ هیچ دوودڵییەک تاکەجارێک بوو لە ماوەی بیستوپێنج ساڵاندا کە دەستگای زانیاریی ئەمەریکایی هەوڵی دا لەوە تێبگات واقیع و ئەوەی لەڕاستیدا لەوێ ڕووی ئەدا چی و چۆن بوو. ئەمەیش لەوە زیاتر نییە کە لە کەسانی وەکو (دین ئەیکسۆن) و (دین ڕەسک) و هەروەها لە توێژەرەوە ئەکادیمییە "بەڕێزەکان" و ڕۆژنامەنووسان چاوەڕێی ئەکرێت. بەڵام ئەمەیش سەرسووڕهێنەرە کە تەنانەت شارەزایانی دەستگای زانیارییش، کە بۆ ئەوە مووچەیان پێ ئەدرا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێن، ڕووبەڕووی ئەوە ببنەوە و لەوە تێ بگەن کە ڤێتنامییەکان لە چوارچێوەی ئەوەدا کە بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان ئەزانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان ئەکرد. بەڵام بۆ ئەمان سووک و ئاسان پێویست بوو بیانکەن بە داردەستی کەسێک. داردەستی کێ!؟ ئەمەیان هێندە گرنگ نەبوو. گرنگ ئەوە بوو بکرێن بە داردەست، ئەمجا باشتر بوو داردەستی ڕووسیا بن، یان چین، یان لەمانیش باشتر ئەوە بوو بکرێن بە داردەستی گەلەکۆمەکێیەکی سۆڤیەتیی چینی، دیارە ئەمەیش تەنیا بۆ ئەوەی ڕەوایی بە هەڕەشە و پەلامارەکانی ئەمریکا ببەخشێت، بەڵام ئەگەر بۆ خۆیان و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵسوکەوتیان بکردایە، زەحمەتتر بوو ئەو ڕەواییە بۆ هەڕەشەکانیان بە دەست بهێنن.

**ج. پ.** **ڕۆڵی (سی. ئای. ئەی.) لە زانکۆکانی ئەمریکادا چۆن ئەبینیت؟**

**ن. چ.** ڕاست و ڕەوان ئەمە شتێکە کە بە هیچ جۆرێک نیگەرانی نەکردووم. با (میت ـ MIT) بە نموونە بهێنینەوە. لەوانەیە بمەوێت باوەڕ بەوە بهێنم کە دەستگای چاپەمەنیی (میت) هەندێک کتێبی بە کۆمەکی (سی. ئای. ئەی.) بڵاو کردبێتەوە. لەڕاستیشدا من بۆ خۆم وەک لێزانێک لە بوارەکەدا سەبارەت بە کتێبێکی (دۆگلاس پایک) بە ناوی (ڤییێت کۆنگ)ەوە پرس و ڕام پێ کرا و دوای

پێداچوونەوە، سەرباری ئەوەیش کە پێم وا بوو گریمانەی وەرگرتنی کۆمەکی نهێنیی ئابووریش لە جێیەکەوە لە پشتیەوە هەبوو، بەڵام ڕێنوێنی ئەوەم کرد کە بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر بیریش بە هەڵەمدا نەبات، پاشان هەندێک ئاگاداری لەو بارەیەوە ـ کە بە نهێنییش کۆمەکی دارایی کرابوو ـ بڵاو بووەوە. تا سەرەتای ساڵانی شەستەکانیش، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، بەئاشکرا (سی. ئای. ئەی.) پشتگیریی دارایی (ناوەندی توێژینەوەی نێونەتەوەیی Center for International Studies)ی ئەکرد. پاشان، هێندەی من ئاگادار بم، ئەو پشتگیرییە داراییە نەما. بەڵام ناتوانم لەوە تێبگەم کە بە چ شێوەیەک ئەمە ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا ئەبینێت! خەڵک بە شێوەیەکی گشتی هەر هەمان کار ئەکەن و ئامۆژگاکانیش، لەو جێیانەدا کە دەوڵەت ڕێیان پێ بدات، لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدان. ئەوەیش کە ئاخۆ ئەمە ڕاستەوخۆ لەلایەن (سی. ئای. ئەی.)ـەوە یان هەر لایەنێکی ترەوە پشتگیریی دارایی لێ ئەکرێت، پێم وایە، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. ئەگەر ڕاستت ئەوێت من پێم وایە لەوانەیە ئەوە باشتر بێت کە پشتگیرییەکی دارایی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەلایەن (سی. ئای. ئەی.)ـەوە هەبێت، چونکە ئەوسا، هەر چۆنێک بێت، کۆنترۆڵ ئەکرێت. من جارێکیان پێشنیازی ئەوەم کرد کە هەریەک لە زانکۆکان "کۆلیژی مەرگ!" بکەنەوە و تەرخانی بکەن بۆ دانانی هەر چالاکییەک کە لەگەڵ سیستەمی چەک و توێژینەوەی سیاسی بە ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوە و هەروەها هەر هەوڵ و کۆششێک کە لەم بوارانە و بواری تریشدا ئەدرێن. هەر لەبەر ئەوەیش کە هەموو ئەمانە لە ئارادان و ئەکرێن، وا چاکترە دیار و ئاشکرا بن و لە پشتەوە و بە نهێنی ڕوو نەدەن.

**ج. پ. ئەی هەوڵەکانی (هارڤارد) بۆ دەستەبەرکردنی (سی. ئای. ئەی.) چۆن ئەبینیت؟**

**ن. چ.** چاکە، زانکۆی (هارڤارد) نەیئەویست هیچ پێوەندییەکی ڕەسمیی لەگەڵ (سی. ئای. ئەی.)دا هەبێت. بەڵام ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کارکردن لەگەڵ کێشە و گرفتە سیاسییەکاندا لە (هارڤارد) بە ئاڕاستەیەک ئەبێت کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان پێویستیان پێی ئەبێت؟ نەخێر، بە هیچ جۆرێک. کەواتە تا ئەوکاتەی چالاکییەکان کتومت هەر ئەو چالاکییانە بن کە چەندان ساڵە هەن و هەر لەو پێستەدا بمێننەوە، واتا تا وابەستەی ئەو پێویستییانە بن کە لە نێوەندەکانی دەسەڵاتدا هەن و بەسەر ئامۆژگا جۆراوجۆرەکاندا زاڵ و باڵادەستن، بەتایبەتیش تا وابەستەی حکوومەت و کۆمپانیا گەورەکان و شتی لەو جۆرە بن، تا ئەوکاتەی لەو پێوەندییانەدا بمێنێتەوە، ئەوا من پێم وایە، ئەوە باشترە بانگی ئاشکرای هەبوونی ئەو پێوەندییانە بدرێت و لە کەس نەشاردرێنەوە.

**ج. پ.** **تۆ باوەڕێکی بەهێزت بە عەقڵ هەیە؟**

**ن. چ.** نە باوەڕم بەو و نە هیچ شتێکی تریش هەیە.

**ج. پ.** **تەنانەت بە عەقڵیش؟**

**ن. چ.** من نامەوێت ناوی بنێم "باوەڕ". مەبەستم لەوەیە کە... ئەمە تەنیا شتێکە کە هەمانە. من هیچ باوەڕیکم نییە کە حەقیقەت، هەر لەبەر ئەوەی ئاشکرا ئەبێت و ئەناسرێت، ئیتر سەرکەوتن بە دەست ئەهێنێت. بەڵام ئێمە هیچ هەڵبژاردەیەکی دیکەمان لە بەردەمدا نییە، ئەوە نەبێت، بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە ئەوەی ڕاستە یان نا، پاڵ بەم گریمانەیەوە بدەین. خۆ دیارە ئەوەیش بەتەواوی بێبایەخ نییە کە تێ بگەین ئەوانەی بە چەواشەکردن و چاوبەستی ئایدیۆلۆژییەوە خەریکن بە شێوەیەک ڕەفتار ئەکەن ئەوە ئەگەیەنێت ئەوانیش

هەمان تێگەیشتنیان لەم بارەیەوە هەیە. ئەمەیش، بۆ نموونە، لەو شێوازەیاندا دەرئەکەوێت کە هەوڵی شاردنەوەی ئەوە ئەدەن کە دیار و ئاشکرایە و هی شاردنەوە نییە. ئەگەرنا ئەبوو باسکردنی حەقیقەت زۆر ئاسانتر بووایە لەوەی کە هەیە.

ئەی لەبەر چییە سیستەمی پرۆپاگاندە لەسەر ئەو بنەمایە هەڵچنراوە کە ببێت بە ئاستەنگ لە بەردەم هەر هەوڵێکدا کە بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگیی کۆمپانیا گەورەکان ئەدرێن لە پێوەندییاندا لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا؟ یان سەیرێکی مێژووی هاوچەرخ بکە! لەبەر چییە سیستەمی پڕوپاگاندە لەسەر ئەو بنەمایە پێک هاتووە کە ببێت بە هۆی ملنەویکردن بە هەر هەوڵێک کە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو پرسانەی ئەدرێت کە پێوەندییان بە گرنگیی کۆمپانیا گەورەکان هەیە لە سیاسەتی دەرەوەدا؟ بۆ ئەو مێژووە تۆقینەرە لە خۆی ناگرێت کە دەستێوەردانەکانی ئەمەریکا لە ئەمەریکای ناوەندە و خۆرئاوای هیندا چ ڕۆڵێکی ناوەندی و هەرەگرنگیان هەبووە، تا، هەر بۆ نموونە، هەموو کەسێک بزانێت کە خەڵک لە گواتیمالا لە کوێلەیەتیدا ئەژین، چونکە چاکسازیی زەویوزار و کشتوکاڵ لەوێ و لە ئەنجامی کودێتایەکی (سی. ئای. ئەی.)ەوە لە ساڵی ١٩٥٤دا ڕێگای پێ گیرا و ڕاوەستێنرا، یان ئەوەی کە دەستێوەردانەکانی سەردەمی (جۆن کەنەدی) و (جۆنسۆن) بە چ جۆرێک بوون بە هۆی کۆمەک و پشتگیریکردن لە هێنانەکایەی دامودەستگایەکی دەوڵەتی کە لەسەر بنچینەکانی تیرۆر و ئازار و ئەشکەنجەدان، کە هاوتای لە مێژووی هاوچەرخی دنیای ئێمەدا کەمە، دامەزراوە؟ بۆ لە مێژووی هاوچەرخی کۆتاییی ساڵانی چلەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باس لەوە ناکرێت کە چ هەوڵ و تەقەلایەکی دژەشۆڕشگێڕانەی قاتوقڕکەر و دەمارگیرانە لە یۆناندا پێڕەو کرا؟ کە بە هەزاران کەس ڕاپێچی ئۆردووگاکانی ڕاهێنانەوە و وەبارهێنانەوە کران و هەر لەو ئۆردووگایانەیشدا ئازار دران و کوژران و هەروەها ئەوەیش کە بە

هەزاران کەسی دیکەیش لەو وڵاتە وڵاتبەدەر کران و سەرلەبەری سانديكاكان و سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە تێکوپێک دران و کوشتاری بەکۆمەڵی زۆریشی تێدا کرا؟ بۆ ئێمە هەمووومان لەمانە بەئاگا نیین؟ ئەمانە لەڕاستیدا زانیاریی گرنگن. یان با سەیرێکی ڤێتنام بکەین! ئەمیان بۆ چییە و لەبەر چییە؟ بۆ ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە ئەدرێن بۆ ئەوەی فاکتە ڕاستەقینەکانی پەلاماردان و دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە باشووری ڤێتنامدا بشاردرێنەوە و خەڵک لێیان بەئاگا نەبن و لێیان نەکۆڵرێتەوە، یان لەنێو نێواندا نەمێنن و لە بیر ببرێنەوە و بەر لە هەر شتێکیش نەهێڵرێت بهێنرێنە ناو ڕشتە سەرەکییەکانی خوێندن و توێژینەوەی ئەکادیمییەوە؟ ئەم هەموو هەوڵ و کۆششە بۆ شاردنەوەی و پەردەپۆشکردنی مێژووی ڕاستەقینە لەڕێی گێڕانەوەی کۆمەڵەچیرۆکێکی سەیر و هەڵبەستراوەوە دەربارەی نیازپاکییە هەرە بەرزەکانمان، لەبەر چی و بۆ چییە؟ ئەو نیازپاکییەی کە بەداخەوە لەبەر ئەو چەوتی و هەڵانەی لەبەر ساویلکەیی خۆمان کردمانن لە ڕاستەڕێ لایان دا و پێچەوانە کەوتنەوە، یان بە هۆی دڵپاکییەکەوە کە نموونەی لە مێژوودا نییە؟

من پێم وایە هۆکاری چاک بۆ ئەوەی سیستەمی پروپاگەندە بەو شێوەیە بگەڕێت کە هەیە، لە ئارادان و هەن. ئەوانەی لە بوارەکەدا کاران، ئەزانن و هۆشیارن بەوەی خەڵک بەگشتی کۆمەکی ئەو سیاسەتە ناکەن کە لە واقیعدا هەیە و پێڕەو ئەکرێت. هەربۆیە گرنگە بەر لە زانیاری و تێگەیشتن لێی بگیرێت. دیوەکەی دیکەی ئەمە ئەوەیە کە لە بارێکی ئاوهادا، بۆ ئێمە گرنگترە هێندەی لە تواناماندا هەیە و پێمان ئەکرێت هەوڵ بدەین حەقیقەتەکە و ئەوەی ڕاستەقینەیە ئاشکرا بکەین.

بەڵام لەوانەیشە خەڵک، هەتا ئەگەر لە حەقیقەتەکەیش تێ بگەن، هێشتا هەر کۆمەک و پشتگیریی سیاسەتەکە بکەن، ئەمەیش ڕاستە و دوور نییە وا بێت، بەڵام وا پێ ئەچێت کە بیریارانی سیستەمی پرۆپاگەندە باوەڕیان بەمە نەبێت. ئاخۆ بۆ و لەبەر چییە سەرلەبەری مێژووی جەنگی ڤێتنام بەو شێوەیە

نووسراوەتەوە و بۆ هێندە نابەجێ و ناهەموار لەنێو دەستگاکانی ڕاگەیاندن و دووتوێی کتێبە باوەکاندا چەواشە کراوە و شێوێنراوە؟ دیسان هەر هەمان شت! چونکە ئەوەندە بەسەر جەنگی ڤێتنامدا تێنەپەڕیوە و هێشتا لە یادەوەریی زۆربەماندا ماوە، بەڵام هەوڵ و کۆششێکی زۆریش دراوە بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی مێژووییەکی داشۆراوە لەو بارەیەوە، ئەمەش تەنیا بۆ شاردنەوە و سەرنەویکردن بەو زانیاری و ئاگادارییانەی زۆربەی خەڵک بە دەستیان هێنابوو، لەکاتێکدا توانیبوویان، هەر نەبێت بۆ ماوەیەک، خۆیان لە کۆنترۆڵی سیستەمی ئایدیۆلۆژی دوورەپەرێز بگرن و بپارێزن. لە ڕاستییشدا دووبارەنووسینەوەی ئەو مێژووە هێندە پێویست نەبوو، چونکە ڕۆشنبیران، بە پێچەوانەی ئەوەوە زۆر کەس بە بیر و خەیاڵیاندا دێت، هەمیشە و بەوپەڕی متمانەوە سەر بە بەرەی پێڕەوکەرانی بیروڕای ڕەسمی بوون. بەڵام بەشێکی زۆری خەڵک ئەوەیان نەکرد. من ماوەیەک لەمەوبەر چاوم بە بەشێک لە ئەدەبیاتی مێژوویی باو و ڕۆژانەدا، کە لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا نووسراون، گێڕایەوە و هەروەها بەو وتار و پرۆگرامانەیشدا چوومەوە کە لەلایەن دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەو بارەیەوە نووسراون و ئامادە کراون و ئەو یادەوەرییانە بە بیردا ئەهێننەوە و ئەوەم بۆ ڕوونتر بووەوە کە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە لە هەوڵی "خوڵقاندنی بیروبۆچوونی وەکیەکی!"، یان ڕاستەوخۆتر بڵێین لە مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی بیروبۆچووندا. هەروەها ئەوەیش گرنگ و جێی سەرنجدانە کە ئەو قەبوولکردن و دەستبەسنگەوەگرتنە گشتییەی هەبووە و لە زۆر بواریشدا تۆمار کراوە و بە نووسراوە و دۆکیومێنت بۆمان ماوەتەوە، وا پیشان دراوە کە "ڕەخنەگرانە بوون بەرانبەر توێژە دەسەڵاتدار و داراکانی کۆمەڵ" و "زێدەڕۆیانە" ناڕەوا بوون بەرانبەر بە هەوڵ و کۆششە پیرۆزەکانمان. ئەمانەیش هەموویان لە پێڕەوکردن و گوێڕایەڵی بۆ ئەو بڕیارە ئەکەوتنەوە کە ئەبێت بەر بە هەموو ئەو ئاگاداری و زانیارییانەی خەڵکانێکی زۆر لەو بارەیەوە بە دەستیان هێنابوو بگیرێت و هەوڵیش بدرێت لەنێو خەڵکدا نەمێننەوە و بڵاو نەبنەوە.

**ج. پ. ئەم سیستەمە هەندێک جار وا دەرئەکەوێت کە بێسنوور بەهێزە و لە هەندێ حاڵەتیشدا نەرمونیانییەک پێشان ئەدات کە خۆی لە شێوەی نیگەرانی و ترس و... دا دەنوێنێت...**

**ن. چ.** وایە! سیستەمێکی تا بڵێیت شلۆقە، چونکە لەسەر درۆ هەڵچنراوە. هەر سیستەمێک لەسەر درۆ و ساختەکاری هەڵچنرابێت، بە شێوەیەکی سروشتی، سیستەمێکی شلۆق و شەقوشڕە. بەڵام لە لایەکی دیکەیشەوە توانایەکی گەورەی خۆهێنانەوەجێی هەیە و بەرەنگارییەکی زۆر کەمیشی ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. ئەو بەرەنگارییەش کە هەیە زۆر سنووردارە و هەروەهایش خراوەتە پەراوێزەوە و ئەمەیش بووە بە هۆی ئەوەی کە جێوڕێ و مانای سیستەمی پڕۆپاگەندە بەهێز بێت و بەئاسانی ڕێ بکات.

**ج. پ. ئایا گفتوگۆ لەم بارەیەوە سنووردار نابێت، لەڕێی ئەوەوە کە باوەڕپێنەبوونێکی گشتی هەیە دژی ئەو (بەدیل)انەی کە هەن بۆ ئەو شێوازی ژیانەی کە ئێستا تێیدا ئەژیین؟**

**ن. چ.** زۆر زەحمەتە بگەین بەو جێیە کە تێیدا گفتوگۆ لەسەر ئەو بەدیلانە بکەین کە هەن. سەرەتا ئەبێت توێژاڵک لە دوای توێژاڵکی ئەو هەموو بیروخەیاڵات و ئەفسانانە لا بدەین کە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا لەم بارەیەوە لەسەر یەک کەڵەکە بوون. بەشێک لە هاوڕێیەکانم، ئەوانەی هەمان بیروبۆچوونی هاوبەشمان هەیە، زۆرجار ڕەخنەیان لەوە گرتووە کە من پێوەی خەریکم و ئەیکەم و لەوانەیە لەسەر هەقیش بن. ئەوان ئەڵێن من، بە جۆرێک لە جۆرەکان، زۆر خۆ بە ڕەخنەگرتن لە دیاردە ڕووکەشەکانەوە خەریک ئەکەم. بەشێکی زۆر لەو شتانەی نووسیومن و ئەوەیش کە لە بارەیەوە قسان ئەکەم، تەرخان بوون بۆ هەندێک لە زوڵموزۆردارییی زۆر تایبەت کە لە ڤێتنام، ئەمریکای خواروو، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تیموری

خۆرهەڵات و کێشەی دیکەی لەو جۆرە هەبوون و هەن و هەروەهایش بۆ ئەو ساختەکاری و فریودانەی بە دەوری ئەو کێشانەدا چێنراون و هۆنراونەتەوە. دیارە ئەمانە شتگەلێک بوون کە بایەخێکی مرۆڤانەی گرنگیان هەیە، بەڵام ئەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕووکەش بوون، بە واتایەکی دیکە ئەمانە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوەندی و بەقووڵیداڕۆچووی ناو کولتوور و کۆمەڵەکەمانن. ڕەخنەگرەکان پێیان وایە کە من ئەبوو سەرنجم زیاتر بە لای ئەو هۆکارە ناوەندییانەدا ڕابکێشرایە و هەروەها بە لای ئەو کێشەیەدا کە چۆن ئەتوانین ئەوانە بگۆڕین، بۆ نموونە لە ڕێگای ستراتیژیەتێکی شۆڕشگێڕانەوە. من، ڕەوا بێت یان ناڕەوا، خۆم لەمەیان لا داوە، بەڵام بێگومان لە مانا و ناواخنەکەیشی تێئەگەم و لێی بێئاگا نیم. کەواتە، وا بیهێنە پێش چاوی خۆت کە ئێمە ئەتوانین وا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین چیی تر کۆمەک و پشتگیری لەو چەوساندنەوە و کوشتارە بەکۆمەڵانە نەکات کە لە تیموری خۆرهەڵاتدا ڕوو ئەدەن. دیارە ئەمە بۆ خەڵکی تیموری خۆرهەڵات، کە لە ئێستادا ترسی بەیەکجارەکی قەلاچۆ و قڕبوونیان لەسەرە، زۆر بەبایەخ ئەبوو. بەڵام ئەمە وەک ئەوە وایە وەرەمێک تیمار بکەیت و پاشان ئەو وەرەمە لە جێیەکی دیکەدا هەڵبداتەوە.

سەبارەت بەم پرس و کێشانە هێندەی بتوانرێت دەنگت بە خەڵک بگات و قسەیان لەگەڵدا بکەیت ـ ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە چونکە بەحەقیقەت هۆیەکانی ڕاگەیاندن و گۆڤار و ڕۆژنامەکان ڕێگە نادەن! ـ بەڵام هێندەی بتوانرێت دەنگت بە خەڵک بگات، ڤێتنام و تیموری خۆرهەڵات ئەو بابەتانەن کە ئەتوانیت لەگەڵ خەڵکدا قسەیان لەبارەوە بکەیت و بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئەوان گرنگ و پڕبایەخن. بەڵام ئەگەر بێت و لەبارەی گۆڕانکاریی ئامۆژگا و دامەزراوەکانەوە لەگەڵیاندا بدوێیت، یان لەبارەی ئەوەوە کە ڕەنگ بێت ئەوان بتوانن لە گۆڕانی ئامۆژگاکاندا هاوبەش و بەشدار بن، وەک ئەوەیە لەبارەی هەسارەی (مارس)ەوە قسەیان لەگەڵدا بکەیت. من نازانم چۆن

ئەتوانرێت بەو جێیە بگەیت کە بتوانیت ئەم پرس و کێشانە بهێنیتە پێشەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکەیت. بەدڵنیاییەوە هەر بەوەندە نا کە تەنیا گفتوگۆیان لەبارەوە بکەیت. ئەمە شتێکە خەڵک ئەبێت خۆیان تێیدا بژین و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن؛ هیوا و ئاوات و تێگەیشتن، ئەبێت بەرهەمی ئەزموون و گێرمەوکێشە و هەوڵ و خەبات بن و بەوان گەشە بکەن و پێ بگەن.

بۆ نموونە سەیری کارگەیەک بکە کە ئەگوێزرێتەوە. کاتێک لە (کۆنێکتیکەت)ەوە بۆ (تایوان) ئەگوێزرێتەوە ڕێی تێئەچێت بتوانیت کێشەکانی وەکو مافی بڕیاردانی کرێکاران، یان بەڕێوەبردن لەلایەن کرێکاران خۆیانەوە، بهێنرێنە پێشەوە و قسەیان لەبارەوە بکرێت و قسەکردنەکەیش بە شێوەیەکی بەتەواوی ناوازە و سەرنجڕاکێش و ئەکادیمی بێت لەو دەمەدا کە سیستەمەکە کارا و لە گەڕدا بووە. من ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو کەسانە هەیە کە شتی وا بۆ باس و قسەلەسەرکردن دەهێننە ئاراوە. ئیمکاناتێکی زۆر لە بەردەستدان بۆ ئەوەی دەستپێشخەری بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرس و کێشانەی، کە بە شێوەیەک یان شێوەیەکی دیکە، پێوەندن بە ئیمکاناتی هەڵبژاردنەوە کە لە بەردەستی خەڵکدان، کە هەر بەتەنیا خۆیان لەو شێوە ئەپستراکتە یان چەمکانەدا نابیننەوە کە لێتێگەیشتنیان زەحمەتە، بۆ نموونە وەکو ئەوەی: ئایا ئەتوانرێت کۆمەڵێکی دیکە جێی کۆمەڵی ئێستا بگرێتەوە و لە هەموو ڕوویەکیشەوە بەڕێوە بچێت یان نا؟ زۆر زەحمەتە چەند بیروبۆچوونێکی ئەپستراکتت لەبارەی پرسێکی لەم جۆرەوە هەبێت یان دروست ببێت. پرسێکی ئاوها سووک و ئاسان زۆر دوورە لەو ئیمکاناتی هەڵبژاردنەوە کە لەڕاستیدا لەبەر دەستی خەڵکدا هەن، تا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ بدەن. بەڵام من پێم وایە کە ڕێک ئەم جۆرە پرسانەن لە ئەنجامدا ئەبێت گرنگییەکی ناوەندی و سەرەکییان بۆ زۆربەی زۆری خەڵک هەبێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە تیمارکردنی وەرەمەکان زیاتر ئەنجام بدەین و بە دەست بهێنین.

**ج. پ. کەواتە ئەوەی ئێمە بەر لە هەر شتێکی دیکە پێویستمانە بنکەیەکی بەرفراوانی میللییە کە تێیدا ڕا و مانا جیاوازەکان و هەروەهایش بەدیلەکان ڕەگ دابکوتن و گەشە بکەن؟**

**ن. چ.** بێ هیچ دوودڵییەک! ئەوەی کە لە ئارادا نییە و ئەبوو هەبووایە ڕێکخستنێکی بەربڵاوی میللییە. ئەگەر ئەمە هەبووایە ئەوسا گفتوگۆی ڕەخنەگرانە و شیکاری و بیرکردنەوەی جددیش لەبارەی پرس و کێشەکانی کۆمەڵەوە گرنگییان بە دەست ئەهێنا. لە کاتی جەنگی ڤێتنامدا ئیمکاناتی ئەوەی کە ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، بەوەی پرسیار بکەن و یارمەتیی بەرفراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوە و تێڕامان بدەن، لە ئارادا هەبوو. بزووتنەوەیەکی بەربڵاو و فراوانی میللی گەشەی کرد. لە ساڵانی شەستەکاندا ئەتتوانی بۆ خەڵکێکی زۆر، ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵک کە ئامادەی گوێگرتن بوون، بنووسیت و قسە بکەیت. ئەوەیش ئەتوانرا بکرایە بە بابەتی قسەلەسەرکردن و ڕەخنەلێگرتن و بڵاوکردنەوە و شتی دیکەیش. هەروەها ئەمەیش بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو، لە سایەی هەوڵ و تەقەلای ئەو ڕێکخراوە گرنگ و سەرکەوتووانەدا ڕووی ئەدا کە ڕێکخراوەی توێژە جۆربەجۆر و بەرفراوانەکانی کۆمەڵ بوون. بزووتنەوەکەیش بە شێوەیەکی تەواو پەرش و بڵاو بووەوە کە مایەی تێڕامان و سەرنجدان بوو. بە بۆچوونی من، ڕۆڵی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیرانیش ئەوەیە هەوڵ بدەن لە کاروبارەکانی بزووتنەوەی بەربڵاوی میللیی ئازادیخواز و دیموکراتدا بەشدار ببن. بەڵام لە ئێستادا ئەمە زۆر بە کەمی لەئارادایە و لە جێی نەبوونە.

هەندێ جاریش ئەتوانرێت، بەبێ بوونی ئەم جۆرە بزووتنەوە میللییانە، کاریگەرییەکی سەرنجڕاکێش بە دەست بهێنرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری کێشەی تیموری خۆرهەڵات بکەین، ئەوانەی بەڕاستی هێز و وزەی خۆیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا خستبووە کار بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو بێدەنگییەی بەسەر ئەو کێشەیەدا درابوو، لە پەنجەی دەست تێپەڕ نەئەبوون،

ئەمە لەکاتێکدا کە بە خراپترین شێوە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک و قڕکردنیان لەویٚ لە ئارادا بوو. بەڵام چەند کەسێک هەبوون و چەندین ساڵانیشی خایاند تا لەڕاستیدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و دەرئەنجامەکەیشی ئەوە بوو کە چەند ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا بەتەواوی تووڕە بوون و دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە و چەند وتار و سەروتار لە ڕۆژنامەکان و چەند ڕێپۆرتاژێکیش لە دەنگوباسەکانی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ئامادە کران و بڵاو کرانەوە. لەوانەیە، بەهەرحاڵ، بوترێتیش ئەمە دوای کوشتاری بەکۆمەڵ و قڕکردنی سەدان هەزار مرۆڤ و بگرە زیاتریش دەرئەنجامێکی ئەوتۆ نەبووە. بەڵام، هەرچۆنێک بێت، ئەمە لە هیچ باشترە و هەروەهایش کاریگەریی هەبوو و لەدواییشدا بووە ڕێخۆشکەر بۆ ئەوەی دامەزراوەی خاچی سوور بە شێوەیەکی کاتی بچێتە ناو ئەو وڵاتەوە و هەندێک یارمەتی بگاتە دەست قوربانییەکانی شەڕ لەو وڵاتەدا و دەرئەنجامیش بە هەزاران کەس لە مردن ڕزگار کران. ئەمە بەدەستهێنانی ئاکامێکی خراپ نییە بۆ گرۆیەکی بچووک کە زۆربەی ئەندامەکانی لە گەنج و لاوان پێک هاتوون.

**ج. پ. پێت وایە کە گرنگترین ئەو وانانەی لە ساڵانی شەستەکانەوە فێری بووین کامانەن؟ ئایا چ شتێک لە بزووتنەوەی مافەکانی هاووڵاتبوون و بزووتنەوەی دژی جەنگ بە زیندوویی و بۆ داهاتوو ئەمێنێتەوە؟**

**ن. چ.** لێرەدا ئەبێت هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان بزووتنەوە میللییە ڕاستەقینەکانی ئەوسا و ئەو بەشانەدا بکێشین کە بەناو پاڵێوتەی دەستگاکانی ڕاگەیاندن و نووسراوە مێژووییە باوەکاندا تێپەڕ بوون. ئەو وێناکردن و باسکردنە دروستکراوەی بۆ چەپی نویٚ و ساڵانی شەستەکان بەگشتی ئەکرێن زۆر لە ڕاستی و واقیعەوە دوورن، یان بە واتایەکی دیکە، زۆر بەوریاییەوە لە واقیعێکی زۆر تێکچڕژاو و ئاڵۆز هەڵبژێردراون. ئەم هەڵبژاردنەیش، وەک هەر

کاتێکی تر، لە بەرژەوەندیی دەستە و گرۆ خاوەنئیمتیازاتەکانی کۆمەڵدایە. لەم حاڵەتەدا ئەوان، بەهۆی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوە میللییەکان و هەروەهایش لەبەر باشتربوونی ئەو کەشوهەوا ڕۆشنبیری و ئاکارییەی کە دەرئەنجامی چالاکییەکانی ئەو بزووتنەوانە بوون، هەستیان بە هەڕەشەیەک ئەکرد لەسەر خۆیان. ئەم بەرزبوونەوەیەش لە ئاستی کولتووری و ئاکاریدا لەڕاستیدا شتێکی بەبایەخ و گرنگ بوو و ڕوون و ئاشکرایش خۆی لەو ترس و نیگەرانییەدا ئەنواند کە هێنابوویە ئاراوە: بۆ نموونە ترس لە "قەیرانی دیموکراتی" کە هەڕەشەی لەوە ئەکرد کۆتایی بەو ڕۆژگارە خۆش و لەبارە (زێڕینە) بهێنێت کە تێیدا سەرۆککۆمار ئەیتوانی دەستئاوەڵا و بە "یارمەتیی چەند پارێزەر و ژمارەیەکی کەم لە بەڕێوەبەرانی بانکەکان لە (وۆڵ ستریت) وڵات بەڕێوە بەرێت و ڕۆژگارێک کە پڕۆفیسۆرەکەی هارڤارد؛ سامۆئیل هەنتینگتۆن، بەئاشکرا لە ڕاپۆرتی (تریلاتێرال کۆمیشن)دا بەپەرۆشەوە سکاڵا بۆ لەدەستدان و بەسەرچوونی ئەکات. نموونەیەکی دیکە ئەو نیگەرانییە بوو بەرانبەر بە دەرکەوتنی "نیشانەکانی نەخۆشیی ڤێتنام" هەبوو، کە دەردێکی ترسناک بوو و بەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا بڵاو بووبووەوە. دیاردەیەکیش لە دیاردەکانی ئەو قێزلێهاتنەوەیە بوو کە خەڵک بەرانبەر بە ئەشکەنجە و کوشتاری بەکۆمەڵ هەیانبوو و هەروەها بەزەیی خەڵکیش بوو بەرانبەر بە قوربانییەکانی جەنگ، یان وەکو هێنری کیسنجەر لە یاداشتەکانیدا باسی ئەکات ئەو "نەخۆشی"یە بوو کە بۆ نموونە ئاماژەی بۆ ئەوە ئەکرد "تا ئەو کاتە هەموو لایەک بە یەک دەنگ و بێ چەند و چۆن لەسەری ڕێک بوون کە جەنگی سارد دەرئەنجامی ملنەدان و سەرنەوینەکردنی یەکێتیی سۆڤیەت بوو نەک شتێکی ترا" ئەمەیش لەڕێلادانێکی ترسناک بوو لە ڕێسا و بەندەکانی بیروڕای باو. ڕوانینێک بەو شتانەدا کە لەبارەی ئەم پرس و کێشانەوە لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا ئەنووسران، بەرلەوەی چەپی نوێ و بزووتنەوەی خوێندکاران وا بکات مەحاڵ بێت سەر بە پرسیارکردن لەبارەی بیروڕای سەقامگیرەوە نەوی بکرێت، زۆر شتمان فێر ئەکات، بەتایبەت لەو

ڕووەوە کە باشتربوونێکی بەرجەستەیی لە کەشوهەوای کولتووریی گشتیدا هاتە ئاراوە.

بزووتنەوەکە دژی جەنگ لە ڤێتنامدا کاریگەریی درێژخایەن و، هیوادارم، هەمیشەیی هەبوو‌بێت لەو ڕێگەیەوە کە توانیی بە شێوەیەکی گشتی ئاستی زانیاری و بیروبۆچوونی خەڵک بەرز بکاتەوە و ئەمەیش هەروەها کاری کردە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەری و توێژینەوە. بزووتنەوەی مافی هاووڵاتانیش هەروەها کاریگەریی گرنگ و ڕەنگە هەمیشەییشی هەبوو‌بێت، بە هەمان شێوە بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی ژینگەش کاریگەرییان هەبوو و هەروەهایش زۆر لایەنی دیکەی هەوڵ و تەقەلا ڕێکخراوەیی و فێرکارییەکانیش لە شەستەکاندا کاریگەرییان هەبوو. زانکۆکانیش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بە ڕووی ئەو بیر و بۆچوونانەدا کرانەوە کە تا ئەوسایش بە شێوەیەکی کاریگەر خرابوونە پەراوێزەوە و ژێردەست خرابوون. ئەمە دیاردەیەکە بەدەگمەن دەتوانیت چاوی لێ بپۆشیت. سەرباری ئەو هەموو هەوڵوکۆششەی کە لە ساڵانی حەفتاکاندا دران بۆ ئەوەی ئەو هەموو دەستکەوتە فەرهەنگییە گشتییانە و هەروەهایش هۆشیاریی گشتی ڕابماڵرێن و نەهێڵرێن، بەڵام هێشتا هەر زۆریان ماونەتەوە و کاریگەرییان هەیە.

بۆ نموونە ئێمە دەتوانین ئەم گۆڕانە لە هۆشیاریی گشتی و فەرهەنگدا لە بەراوردکردنی ئەو کاردانەوەیەدا ببینین کاتێک کە (کەنەدی) لە ساڵی 1962دا، هێزی سوپای ئەمەریکایی نارد بۆ باشووری ڤێتنام لەگەڵ ئەو ئیجرائاتانەدا کە (ڕیگن) دوای گرتنەدەستی دەسەڵات - هەر چەند هەفتەیەک دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆککۆمار - گرتنیە بەر بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی لە ئەمەریکای ناوەندا. هێزی سوپایی ئەمەریکا بەشداریی ڕاستەوخۆی خۆی لەو جەنگەدا بە بۆمباران و پەلوپۆهەڵوەراندن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٦٢دا دەست پێکرد. ئەمەیش لە ناواخنی هەوڵوکۆششێکدا بوو بۆ دەرپەڕاندنی ملیۆنان جووتیارانی ڤێتنام و

کۆکردنەوەیان لە ئۆردووگاکانی چڕکردنەوەی خەڵکدا، تا لەوێدا لە پارتیزانەکان "بپارێزرێن!"، کە بەپێی دەرئەنجامی حکوومەت خۆبەختانە پشتگیرییان دەکردن، پاشان بە دەیان هەزاران کوژران و قڕکران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێی لە هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی سیاسی و لەنێویشیدا پێشنیارێک لەلایەن (ف.ن.ل.)، [یان "ڤییێتکۆنگ"، بۆ ئەوەی ئەو چەمکە بە کار بهێنین کە دەستگای پرۆپاگەندەی ئەمەریکایی بە کاری دەهێنا] گرتبوو، بەوەی کە باشووری ڤێتنام و کەمبۆدیا و لاوس وەک ناوچە بێلایەنەکان چاویان لێ بکرێت. کاردانەوەی گشتیی خەڵک، بە شێوەیەکی گشتی، لە جێی نەبوون بوو، هەرچییەک ڕووی ئەدا بەتەواوی وەکو کردەیەکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو تەماشا ئەکرا، تەنانەت بەشانازییەوە تەماشا ئەکران. تەنانەت ئەو کاتەیش کە هێزێکی داگیرکاری ئەمەریکایی زۆر گەورە و بەرفراوانیش ڕەوانە کرا بۆ ئەوەی هەڵبکوتێتە سەر باشووری ڤیتنام و داگیری بکات، یان تەنانەت کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەنگەکەی بەرفراوانتر کرد بەرەو باکووری ڤێتنام و لاوس، هیچ دەنگی ناڕەزاییەک نەئەبیسترا. هەندێک جار ئەوە لە بیر ئەکەین کە تەنانەت تا ساڵی ١٩٦٦یش مەحاڵ بوو لە شارێکی وەکو (بۆستن)دا ـ کە ڕەنگە لیبرالترین شاری وڵاتە یەکگرتووەکان بێت! کۆبوونەوەیەک بگیرێت بۆ ناڕەزاییدەربڕین لە دژی شەڕەکە، چونکە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بڵاوەی پێ ئەکرا. لە بەهاری ساڵی ١٩٦٦دا تەنانەت کۆبوونەوەکانی نێو کڵێساکانیش لەلایەن دژەخۆپێشاندەرانەوە شاڵاویان ئەکرایە سەر و پەلامار ئەدران. بەراوردی هەموو ئەمانە بکە لەگەڵ ئەوەدا کە ساڵی ١٩٨١ ڕووی دا، کاتێک (ڕۆناڵد ڕەیگن) پلان و نەخشەی ئەوەی دائەنا هێزی سوپایی زیاتر بنێرێت بە هانای ئەو جەنگی قڕکردن و ئەشکەنجەدانەوە کە (کارتەر) لە (ئێلسیلڤادۆر)دا دەستی پێ کردبوو، لە ڕێگای ئەو ئیجرائاتانەوە کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هێزە سوپاییەکانی ئەمریکا و مەترسیی بەشداربوونی ڕاستەوخۆی ئەو هێزانەی هێنابووە ئاراوە. ئەو پەڕە

سپییانەی کە لە مانگی ٢ی ١٩٨١دا بووبوون بە بناغەی ئەم زیاترکردنەی هێزی سوپایی ئەمەریکا لە ئەمەریکای ناوەند، بە هیچ جۆرێک نەبوون بە مایەی قسەلەسەرگوتنێکی ڕەخنەگرانە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا و ئەمەیش ئاوێنەی بالآنمای پێشاندانی ملنەویکردنی "ڕۆشنبیران!"ـە لە سایەی سیستەمی پرۆپاگاندەی دەوڵەتیدا. کەچی ئەم ڕێک بە پێچەوانەوە بوو بە هۆی کاردانەوەیەکی لە خۆوەی خەڵک، تەواو بە پێچەوانەوەی بیروبۆچوونی ئەو کەسانەوە کە لەو باوەڕەدا بوون دیاردەی ڤێتنام لە سایەی هەوڵوکۆششە ئایدیۆلۆژییەکانی سالآنی حەفتاکاندا بنبڕ کرابوون و لەنێو نێواندا نەمابوون. ئەم کاردانەوەیەی خەڵک بووە هۆی ئەوەی حکوومەت پاشەکشەی کرد لە کۆششە ڕقهەڵسێنەکانی خۆی لە ترسی ئەوەی زۆر لە پرۆژە سەرەکییەکانی بکەونە بەر مەترسی و هەڕەشەوە و بەتایبەتیش پرۆگرامەکانی "بەکارهێنانی هێزی سەربازی کە (کەنەدی) نەخشەی بۆ داڕشتبوو!" بۆ گواستنەوەی هەموو شت و کەرەسەیەک لە هەژارانەوە بۆ دەوڵەمەندان. پاشان و دواتر هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەستیان بە ڕەخنەگرتن کرد لە "کتێبە سپییەکە!" و هەروەها پاش ماوەیەک دەستیان کرد بە ناردنی ڕاپۆرت سەبارەت بەو کوشتوبڕانەی بە پشتگیریی ولآتە یەکگرتووەکان لە (ئێلسێلڤادۆر)دا ڕوویان ئەدا کە مەبەست لێیان ئەوە بوو ئەو هەڕەشەیە لەناو ببەن کە بۆ بەدەستهێنانی دیمۆکراتییەکی ڕاستەقینە لەو ولآتەدا لە ئارادا بوو، کە تێیدا سەرکەوتنیشان بە دەست هێنا.

بەراوردکردن لەنێوان ١٩٦٢ و ١٩٨١دا زۆر شتمان فێر ئەکات و ئەو گۆڕانکارییە کۆنکرێتەمان پێشان ئەدات کە لە بەرژەوەندییەکان و هۆشیاریی خەڵکدا و هەروەهایش لە بیروبۆچوونی خەڵکدا دروست بوو سەبارەت بە واقیعی سیاسی و ئەمەیش دەرئەنجامی ئەو کەفوکوڵە بوو کە لە شەستەکاندا لەنێو خەڵکدا هاتە ئاراوە. من نامەوێت زێدەڕۆیی لە پێشاندانی جیاوازییەکاندا بکەم، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەهێنێت بەگرنگییەوە سەیری ئەم جیاوازییانە بکەین.

ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە کەشوهەوای کولتووریدا روویان دا، ئەتوانرێت بە زۆر شێوەی جیاواز ڕووناکییان بخرێتە سەر. بۆ نموونە ئەتوانرێت بەسەرسووڕمانەوە لەو حەقیقەتە بڕوانرێت کە تەنانەت لەدوای نزیکەی دووسەد ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دروستبوونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ئەوە مەحاڵ بوو بە شێوەیەکی شەرافەتمەندانە هەڵوێست لە بەرانبەر ئەوەدا وەربگرێت کە چی بەسەر دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم وڵاتەدا هێنراوە. تەنانەت ئەم حاڵەتەیش بە شێوەیەکی دراماتیکانە، لە ئەنجامی ئەو باشتربوونەی کە بەسەر کەشوهەوای فەرهەنگی و ڕەوشتیدا لە ساڵانی شەستەکاندا هات ڕوویان دا. زۆر نموونەی دیکەی لەم جۆرە هەن، هەر لە ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە و هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ یەکتردا بگرە هەتا بە توێژینەوە و بوارەکانی دیکەش دەگات، هەن و گۆڕانیان بەسەردا هات.

سەرکەوتنەکان، کە تەواو بەرجەستەن و لە بەردەستدان، بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی هەوڵ و کۆشش و بەرخۆدانی گەنجانە و زۆربەیشیان بێ ناو و ناوبانگن و لەبیرکراون. ئەوان ژیان و حەز و ئارەزووەکانی خۆیان تەرخان کرد بۆ چالاکیی ڕێکخراوەیی، فێرکردن، ملنەوینەکردنی مەدەنی (بێچەک) و بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستی بێچەک (مەدەنی). ئەمڕۆ زۆر نین ئەو کەسانە کە ناوی کەسە چالاکەکانی ناو (س.ن.سی.سی.)یان لە بیر ماوە، ئەو کەسانەی کە لە کاتە هەرەسەختەکاندا لە بەرەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی مافی هاووڵاتیبووندا بوون، ئەو کەسانەی کە کاریان ئەکرد بۆ خولْقاندن و هێشتنەوە و بەردەوامیدان بە بزووتنەوەی دژی جەنگ، یان ئەو کەسانەی کە ئەو کارە گرنگ و ڕاستەقینەیان ئەنجام ئەدا کە بوو بە بناغە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە بەرجەستەکانی ئەو ماوەیە. بێگومان هیچ شتێک دەربارەی ئەمانە لە باسوخواسەکانی مێژووی ڕەسمیدا ناوترێت و بەتەواوی قڕوقەپیان لێ کراوە. باسکردنی مێژووی ڕەسمی دیمەنێکی دیکە پێشان ئەدات و باس ئەکات و لەم حاڵەتەدا یارمەتی لەو "ڕێبەرا! و "چالاکانە" وەرئەگرێت کە خۆیان خۆیان

بە ڕێبەر و چالاکەکانی ناو ئەو بزووتنەوانە ئەزانن، ئەوانەی تێگەیشتوون کە لەو ڕێیەوە جیۆڕێ و ئیمتازاتێکیان ئەدرێتێ و ئامادەن ببنە کەرەسەی خۆبەخشی دەست ئەو دەستە زاڵ و دەسەڵاتدارەی لە کۆمەڵدا هەن و ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە هەڵببەستن کە چی لەو ساڵانەدا، کە پڕ بوون لە ئاژاوە و شەڕ، ڕوویان ئەدا. ئەو تێگەیشتنەی کە شایانی ڕێزلێگرتن و ئاوڕلێدانەوەیە زۆر ئاسانە: ئیقناعبوونێکی ڕاستگۆیانە ئەتوانێت زۆر شت بە دەست بهێنێت، ئەگەرچی زۆربەی کات زۆر ناخۆش و سەخت لەسەر ئەو کەسانە ئەکەوێت کە پێڕەوی ئەکەن. ئەگەر ئەم ئیقناعبوونە بەزیندوویی بهێڵرێتەوە، ئەتوانرێت بە شێوەیەکی جددی تاووتوێی کێشە و گرفتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵێکی هاوچەرخ بکرێت، کە گەورەترینیان ئەو هەڕەشەیەیە لەسەر بەیەکجارەکی لەناوچوونی گۆی زەوی هەیە.

**ج. پ. کاتێک ئاوڕ لەو ساڵانە ئەدەیتەوە، ئەتوانیت بڵێیت کە خۆت بە هۆی ئەو ساڵانەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕایت؟ ئایا ئەو ساڵانە هیچ گرنگییەکیان، لە دەرەوەی کاری زمانناسیدا، بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی کارەکانی تۆ هەبوو؟**

**ن. چ.** بێگومان، ژیان و کاروبارەکانیشم زۆر گۆڕان و ئەمەیش بە شێوەیەک بوو کە نازانم لەئێستادا چی دەربارەیان بڵێم. من لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕووبەڕووی بڕیارێکی سەخت و قورس بوومەوە - پێم وایە زۆر درەنگیش بوو بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە. من سەرقاڵ و خەریکی ئیش و کارەکەم بووم و لە باری ڕۆشنبیریشەوە هاریکارێکی گرنگ بوو بۆم و زۆر پرۆژەی توێژینەوەی گرنگیشم لە پێش بوو. هەروەهایش ئەوسا من جیۆڕێ و مەکانەیەکی باشم لە ژیانێکی ئەکادیمیی بێ گێرمەوکێشەدا هەبوو، ژیانێکی پڕ لە کاری سوودبەخش، دڵنیایی، مناڵانەکانیشم پێ ئەگەیشتن و گەورە ئەبوون،

هەموو شتێکم هەبوو کە لە ڕوانگەیەکی کەسەکییەوە بتوانیت داخوازی بکەیت. ئەو پرسیارەی کە ئەبوو هەڵوێستی لەبارەوە وەربگرم ئەوە بوو ئایا چالاکانە لە ناڕەزاییدەربڕین بەرانبەر جەنگەکەدا خەریک بم یان نا، بە واتایەکی تر لەوە زیاتر کە بەتەنیا دەنگی خۆم بخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی ناڕەزاییینامەیان ئاراستەی دەسەڵات و دامودەستگاکانی ئەکرد، یان پارەیان ئەنارد، یان ئامادە بوون یارمەتی و کۆمەکێکی کەم بکەن. زۆر باشیش ئەمزانی هەر دوای گرتنەبەری هەنگاوێکی وا ئیتر ڕێگای گەڕانەوەم نابێت. هەروایش بوو و ئەوە بوو لەدوای ئێشوئازارێکی زۆر بڕیارم دا بیکەم. ئەوسا ناڕەزایی بەرانبەر بە جەنگ بریتی بوو لەوەی هەفتانە چەند ئێوارەیەک بۆ چەند کەسانێک کە ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەئەبوو لە کڵیسایەکدا قسە بکەیت، کە زۆربەی جاران بێزار ئەبوون، یان هەڵوێستێکی دوژمنانەیان هەبوو، یان لە ماڵی کەسێکدا، کە چەند کەسانێک تێیدا کۆ بووبوونەوە، یان لە کۆبوونەوەی کۆلیژێک لە کۆلیژەکاندا کە بابەتی گفتوگۆکردنەکان سەبارەت بە ڤێتنام، ئێران، ئەمەریکای نێوەند و چەکی ئەتۆمی بوون، بە هیوای ئەوەی کە هەر نەبێت ژمارەی بەشداربووان لە ژمارەی ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوانە زیاتر بن. دوای ماوەیەک ئەو خەریکبوونە شێوەی تری وەرگرت و بوو بە خۆپیشاندان، زۆر و پاڵەپەستۆ خستەسەر لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتەوە، چالاکیی بەرەنگاربوونەوە و ملنەدانی مەدەنییانە و پەلامار و شاڵاوی پۆلیس و قسەکردن و گەشتکردنێکی لە کۆتا نەهاتوو و ئەمجا ئەو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەی لەم چالاکییانە ئەکەوتنەوە وەک: هەڕەشەکردن کە لە کۆتایی شەستەکاندا هەڕەشەکردن بوو نە گاڵتە، نامەوێت زیاتر لەبارەیەوە بدوێم و شتی دیکەی لەو بابەتە. کتومت وەکو پێشتر پێشبینیم کردبوو ئەو پرس و کێشانەی پێیانەوە خەریک بووم تا ئەهات زیاتر و زیاتر ئەبوون. داخوازییە سیاسییەکان ئەو خەسڵەتەیان هەیە کە هەموو بۆشاییەکان پڕ ئەکەنەوە و جێ بە ئەرک و کاروبارەکانی تر لەق ئەکەن، چونکە ئەو داخوازییانە زۆر جاران ئەبێت زووبەزوو ئەنجام بدرێن و چونکە ژمارەی ئەو کەسانەیش زۆر کەمن

که ئەبێت پێداویستییەکانی قسەکردن و بەشداریکردن لە چالاکیی ملنەدانی مەدەنی و ئەو چالاکییانەدا کە ناکرێت دوا بخرێن بەشدار ببن. من ناچار بووم دەست لە زۆر لە ئیشوکارەکانم، چ ئیشوکاری کەسەکی و چ ئەوانەیش پێوەندییان بە کارەکەمەوە هەبوو، بکێشمەوە، کە لەڕاستیدا ئەمویست لە کاتی خۆیدا پێیانەوە خەریک بم و هەروەها زۆر ئیشوکاری ترم کەوتە سەر شان کە زۆربەی جاران هێندە دڵم بۆیان لێی نەئەدا.

بەڵام لە لایەکی تریشەوە بە شێوەیەکی یەکجار زۆر هەقی ئەو خەریکبوونانەت بۆ ئەکرێتەوە، بە شێوەیەک کە ناتوانیت خۆت لە بەرانبەر ئاوێنەیەکدا بگریت و بەتەواوی شەرم داتنەگرێت و تەریق نەبیتەوە ـ هەمیشە زۆر شت هەن ئەبێت ئەنجامیان بدەیت، چونکە ئەوەی کە ئەبێت ئەنجام بدرێت و بکرێت زۆر زیاترە لەوەی کە ئەتوانیت و پێت ئەکرێت یان خۆت هەڵیانئەبژێریت. من کەسانێکی زۆر تایبەت و شایانم ناسی کە لە بارێکی دیکەدا هەرگیز ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵنەئەکەوت و زۆر شتیشم دی و بەشداری زۆر ڕووداو بووم، هەم لێرە لە وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات، کە لە بارێکی تردا هەرگیز ڕاستەوخۆ ئەوەم بۆ مەیسەر نەئەبوو. ئەگەرچی من بۆ خۆم چاوەڕوانی ئەوەم باشترین ئامانجەکان لە چاکترین بارياندا ئەگەنەوە بە ئەنجامە سنووربۆدانراوەکان و ئەگەری سەرنەکەوتنی زۆربەشیان زۆر زیاترە لە سەرکەوتنیان، بەڵام دیسانیش چەند دەستکەوتێکیش هەن، چەندیش بچووک بن لە بەرانبەر ئەوەدا کە خوازیاری بەدەستهێنان و ئەنجامدانیان بوویت، لەگەڵ ئەوەیشدا لەگەڵ خۆدا ڕازیبوونێکی زۆرت پێ ئەبەخشن.

سەرلەبەری ئەوەیش بەوە ڕوون ئەبێتەوە کە بیهێنیتە پێش چاوی خۆت چیم بە ئەنجام گەیاندووە و نەگەیاندووە. من دەستم بە نووسین لەسەر بابەتگەلێک کرد کە زۆر دەمێک لەوەوپێشتر پڕ بە دڵ بە تەنگەوە بووم لە بارەیانەوە بنووسم، بەڵام هەرگیز بیر و خەیاڵمیان بە لای خۆیاندا ڕانەکێشا بوو و نەمئەزانی لەکوێوە دەست پێ بکەم. بەشێکی زۆر لەو شتانەی بڵاوم

کردوونەتەوە لەڕاستیدا شێوەیەکی تری فراوانکراوی ئەو وتانەن کە لە ماوەی نزیکەی بیست ساڵی ڕابوردوودا پێشکەشم کردوون، بە خێراییەک کە هەر نایشمەوێت لە ئێستادا بیری لێ بکەمەوە.

کەواتە ئەوە ژیانێکە لەنێو و لەگەڵ ڕووداوەکاندا و ژیانێکی تێکەڵاوە، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی ئەو کات و سەردەمە پێم وایە بڕیارێکی دروست و ڕاستم وەرگرت.

تۆ پرسیت ئاخۆ من بۆ خۆم لە باری کەسەکییەوە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕام یان نا! ڕاستییەکەی پێم وایە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی نا. من زۆر شتان فێر بووم، زۆر لەنێو و لەگەڵ زۆر ڕووداودا ژیام کە هەرگیز لە بارێکی دیکەدا نەمئەتوانی نە لەنێو و نە لەگەڵیاندا بژیم، بەڵام ڕاستگۆیانە ئەتوانم بڵێم کە نە تێگەیشتن و نە هەڵوێستیشم بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانیان بەسەردا هات.

تێبینی: ئەم بابەتە لە Noam Chomsky, Makt, lögner och motstånd. Översättning: Hans O. Sjöström, Ordfront, Stockholm 1999. وەرگێڕدراوە و لەگەڵ تێکستە ئینگلیزییەکەیشدا The Chomsky reader, Editied by James Peck, Pantheom books, New York. بەراورد کراوەتەوە.

# گوتلوب فرگە[1] و لێکدانەوەی لۆژیکی "زمان"

زیا موەحید

وەرگێران لە فارسیەوە: مەسعوود حەقیقەت فەر(مەناف)

"ڕاسێل" و "وایتهێد" لە پێشەکەی کتێبی "پڕینکیپیا ماتماتیکا" [2] (١٩١٠ - ١٩١٣ م)، ـ مەزنترین بەرهەمێک کە تا ئێستا سەبارەت بە بنەماکانی ماتماتیک نووسراوە- دەڵێن:

لە هەموو پرسەکانی پێوەندیدار بە لێکدانەوەی لۆژیکی، زیاتر لە هەموو کەس، خۆمان بە قەرزداری " فرێگە" دەزانین. [3]

و ویتگنشتاین لە پێشەکی کتێبی مەکتەب خوڵقێنی " تراکتاتوس" دا دەنووسێ:

تەنیا ئاماژە بەمە دەکەم کە لە ئەنگیزەی زۆربەی هزرەکانی خۆم، قەرزداری ئاسەواری مەزنی فرێگە و نووسراوەکانی هاوڕێم "بێرتراند ڕاسێل"م. [4]

ئەوەی کە لەم ڕێزلێنانە دا بەرچاوە، ڕێزێکی تایبەتە کە "ویتگنشتاین" لە "فرێگە"ی گرتووە و لە ڕاستیش دا، تێگەیشتنی دروستی تراکتاتوس ـ هەر وەکو دواتر باسی دەکەین ـ بێ ئاگاداری لە فەسلەفەی "فرێگە" نامومکینە.

ئەوەی کە باسمان کرد دوو وێنە لە گرینگی و شوێندانانی بۆچوونەکانی "فرێگە" بە سەر فەیلەسووفەکانی مەزنی هاوچەرخە. شوێن دانانی "فرێگە" بە

سەر فەیلەسووفەکانی دوای خۆی قووڵتر لەمەش بوو و پانتایەکی بەرفراوانتری گرتە خۆ. لێکۆڵینەوە لە سەر بەرهەمەکانی "فرێگە"، ئێستاش بابەتێکی زیندوو و سەرنج ڕاکێشە.

"گوتلۆب فرێگە"(١٨٤٨ - ١٩٢٥ م) لە ساڵی ١٨٧٤ لە زانکۆی "یەنا" دۆکتۆرای "ماتماتیک"ی گرتووە و لە هەمان زانکۆش وانەی ماتماتیکی گوتۆتەوە. مەیلی فرێگە بە بنەمای ماتماتیک و بە تایبەت بیرکردنەوە لە مانای "هەژمار"، ناوبراوی تووشی ئاستەنگ لە دەرکی ئەم چەمکە کرد و هەر ئەمەش بوو کە فرێگەی بە ناچار بۆ لای "لۆژیک" ڕاکێشا و لە ساڵی ١٨٧٩ دابوو کە ناوبراو پەرتووکێکی بە ناوی "Begriffsschrift " (چەمک ناسی) بڵاوکردەوە کە تا ئێستابە گرینگترین پەرتووک لە ئاستی لۆژیکی نوێ دەزانرێ. فرێگە لەم پەرتووکە ٨٨ لاپەرەیە دا، بۆ یەکەم جار، وێڕای هێنانە بەر باسی "سیستەمی تەواوی لۆژیکی ڕەستەکان"، "لێکدانەوەی ڕەستە بە "فۆنکسیۆن"[5] و "ئارگومەنت"[6] بە جێگەی "بابەت و هەڵگر"، تیۆری هێمایی[7]، سیستەمی گشتی فۆرماڵی ئیستنتاجی و تاریفی لۆژیکی "دونباڵە" لە ماتماتیک دا"[8] ، شۆڕشێکی لە ناو لۆژیک دا هێنایە ئاراوە کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئاشکراکردنی کورتی و لاوازیەکانی لۆژیکی ئەرەستوو و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ٢٠٠٠ ساڵانەی ئەم شێوازە بوو. ئەگەر فرێگە جگە لەم پەرتووکە بەرهەمێکی تری نەخوڵقاندبا، شوێنی ناوبراو ئێستا وەکو دامەزرێنەری "لۆژیکی نوێ" ناسناوی دەردەکرد.

بەڵام نرخی ئەم " پەرتووکە" لەم چەرخە دا، شاراوە بوو. پەرتووکەکە پڕ بوو لە بابەت و مانای نەناسراو، نوێ و داهێنەرانە. هێڵەکانی ئاسۆیی و ستوونی کە فرێگە لە زمانی وێنەیی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، شکلێکی نەناسراو و تەنانەت ترسهێنەری پێداون. لە سەر هەمان بنەمایە کە بە مەبەستی تێگەیشتنی ئاسانتری پەرتووکەکەی، کتێبی "بنەماکانی ماتماتیک" یا

"Grundlagen Der Arithmetic"ی نووسی. ئەم کتێبە ٧ ساڵ دوای " چەمک ناسی" بڵاوبۆوە و لە جوانی نووسین، تازەیی ناوەڕۆک و باش هێنانەوەی لۆژیک، لە شائەسەرەکانی کۆنی فەلسەفەی ئانالیزە. ڕەتکردنەوەی دەروناسانە و پارێزگاری لە ئۆبژێکتیو بوونی "مانا"، جیاوازی دانان لە نێوان سوبژە، چەمک و نیسبەت، پرەنسیپی ناوەڕۆک [9] (تەنیا لە ناوەڕۆکی ڕەستە دایە کە وشەیەک مانای دەبێت)، پارێزگاری لە بوونی سوبژەی لێکدابڕاو و تاک، تەواوکردنی چەمکی لێکدانەوە و چەمکی پێشەکی کانت[10]، تاریفی ڕەقەم و باس لە پێوانەی هاوشێوەیی سوبژەکان، لە بابەتگەلێکن کە لەم کتابە دا هاتووە و بە وردی و لەوپەڕی یەکگرتوویی و شیکاری دا خراونەتە بەر باس. لە ڕاستیش دا ئەوەی کە "فرێگە" لە کتێبەکەی ئەمجارە دا نووسی، بە زۆری تەواوکردنی بابەتەکانی نووسراو لە پەرتووکی پێشووتری بوو. بە تایبەت لە نێو ئەم نووسراوانە، وتارگەلێک دەبینرێ کە دەکرێ بنەمایی زۆربەی باس و نقاشی پێوەندیدار لە سەر بابەتی فەلسەفەی زمان و لۆژیک لە شەست، حەفتا ساڵی دوایی لێ بدۆزرێتەوە. لەم وتارانە، ئەم نووسراوانەی کە زۆرتر لە پێشوو دا باسم لێوەکردوون و گرینگیم پێداون ئەمانەن:

### **١. سەبارەت بە مانا و ناوەڕۆک** (Uber Sinn und Bedeutung، 1892)

لەم وتارە دا فرێگە سەرەتا پارادۆکسێک لە چەمکی "هاوشێوەیی" دا دێنێتە بەر باس و پاشان بۆ چارەسەری کێشەکە هەوڵی تاریفی جیاوازی نێوان مانای چەمک و ناوە تایبەتەکان دەدات. دواتر باسەکە دێنێتە سەر ڕەستە و بەشەکانی. لە بابەتەکانی تری کە لەم وتارە دا هاتوونەتە بەر باس، دەکرێ ئاماژە بە جیاکردنەوەی "زمانەکانی چەمکی" [11] و "زمانەکانی مانایی" [12] بکرێت. هەر بۆیە ئەم وتارە یەکێک لە بزوێنەرترین نووسراوەکانی "فرێگە" لە فەسلەفەی زمان و لۆژیکە.

## ٢. سەبارەت بە چەمک و سوبژە ( Uber Bergriff und Gegenstand, 1892 )

لەم وتارە دا "فرێگە" نقاشی پارادۆکسێک دەکات کە جیاوازی لە نێوان چەمک و سوبژە دێنێتە ئاراوە. لە نووسراوەکە دا ، فرێگە، بە وردی لە سەر ئەم پارادۆکسە ڕۆیشتووە. شایانی باسە کە نقاشی "چەمکەکانی فۆرماڵ"[14]ی ویتگنشتاین لە تراکتاتوس، لە ژێر باندۆڕی ئەم وتارە دا نووسراوە.

## ٣. هزر، (Der Gedanke, 1918)

ئەم وتارە باس لە چۆنایەتی هزر (مانای ڕەستە)، نەتوانین بۆ دۆزینەوەی مانای سدق ( verity ،middle term ) و ڕەتکردنەوەی تیۆری هاوشێوەبوونی هاوبەند دەکات. فرێگە لەم وتارە دا دەسەلمێنێ کە "فاکت"[15] تایبەتە بە چوارچێوەی مانا نەک "هاوبەند" و "هاوشێوەیی". ئەمەش یەکڕاست خاڵی بەرانبەری تراکتاتوسە کە جیهان بە کۆمەڵێک لە "فاکتی ڕاستەقینە" دەزانێ. ساڵەها تێپەڕبوو تا ویتگنشتاین، تیۆری فرێگە لەمبارەوە بسەلمێنێ و بڕوای پێبێنێ. لە لایەکی تریشەوە، دەکرێ سەرچاوەی ئەمەی کە ویتگنشتاینی دووهەم لە پەرتووکی "لێکۆڵینەوەکانی لۆژیکی"[16] خۆی دا بۆ ڕەتکردنەوەی زمانی تایبەتی یا "زمانی تایبەت بە کەسێک"[17] گووتبووی بدۆزینەوە. هەر وەها لەم وتارە دا کۆمەڵێکی زۆر لە بۆچوون و بیرو ڕای داهێنەرانە هاتۆتە بەر باس کە دەکرێ نقاشی بڵاو و قووڵی لێ ساز بێت.

## ٤. چەند خاڵ سەبارەت بە "مانا "

( AusfUhrungen Uber Sinn und Bedeutung)، 1892 -1895

ئەم وتارە کە پاش کۆچی دوایی فرێگە چاپ و بڵاوکرایەوە، سەبارەت بە پارادۆکسی چەمک و سوبژە نووسراوە کە لە وتاری سێهەمین دا باسمان لێکرد. فرێگە لەم وتارە دا ڕێگەی ڕاستەقینەی چارەسەری پارادۆکسی دۆزیوەتەوە و باسی کردووە.

پەرتووکی "چەمک ناسی" و "بنەمایی هەژمار" و هەروەها ئەم کتێبانەی تری کە باسمان کرد، گرینگترین بۆچوونەکانی فرێگە سەبارەت بە لێکدانەوەی لۆژیکی هزر، چوارچێوە و ستراکتۆری زمانە. بەرهەمەکانی تری فرێگە زۆرتر پێوەستە بە نقاشی بنەمایی لۆژیک و بنەماکانی فەسلەفەی ماتماتیک. لێرە دا نقاشەکانی فۆرماڵ و فەننی فرێگە گرینگی تایبەت و بنەڕەتیان هەیە. لەم وتارە دا بە تایبەت دیاردەکەوێت کە جیاوازی لۆژیکی ئەرەستوو و لۆژیکی نوێ نەک لە کورتی و فراوانی دایە و نە بە عەکسی ئەوەی کە بیر دەکرێتەوە لەمەڕ کەڵکوەرگرتنی لە نیشانە و سەمبۆلی ماتماتیکی. هەر بۆیەش لەم نووسراوە دا خۆ لە بەکارهێنانی زمانی فۆرماڵیتە دەپارێزین.

## / ئەنگێزەی فرێگە بۆ هەڵسەنگاندنی لۆژیک

لە خاڵە جێگەی باسەکانی کاری فرێگە ئەمەیە کە ناوبراو هەر کات، پڕۆژەیەک وەکو پیشە و بابەتی بەدواداچوونی لاوەکی خۆی دەزانێ دواتر دەبێتە پڕۆژە و کاری سەرەکی ناوبراو. فرێگە لە سەرەتا دا بە دوای ئەمە بوو کە ماتماتیک لە سەر بنەمایەکی پتەو و یەکگرتوو دابڕێژێت و بەم جۆرەی بیردەکردەوە کە دەتوانێ زانستی ماتماتیک لە چوارچێوەی لۆژیک دا بهێڵێتەوە. "لۆژیسیسم"[19] یش شتێک نیە جگە لەم گومانە. بەڵام ناوبراو لە پڕۆسەی بیرکردنەوە لە دابەزاندنی ماتماتیک لە لۆژیک دا بەم ئەنجامە گەیشت کە زمانی سرووشتی و لۆژیکی ئەرەستوویی، سەرەنج و توانایی شایانی باسی لەم پڕۆسە دا نیە. هەر بۆیەش سەرەتا بڕیاری دا لۆژیکێکی نوێ بنیات بنێت تا

بتوانێ بە هاوکاری ئەم داهێنانە تازە، لێکدانەوەکانی ماتماتیک بە سەرەنجی زۆرتر چوارچێوەدار بکات و بتوانێ بە ئاکام گەیشتنی پرسەکان هەنگاو بە هەنگاو بەرێتە پێش. بەم شێوە کە بە گوتەی ناوبراو بورهانەکان لە ڕەستەگەلی گرینگ وەکو "بە تۆزێک ڕامان، ئاشکرا دەبێت"، "بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە" و هتد ڕزگار دەکات.([20])

ئەوەی کە بوو بە هۆی داهێنان و دامەزرانی لۆژیکی نوێ، ئەو پڕۆگرامە سەرەتاییە بوو کە پاشان بوو بە بابەتی سەرەکی بەر باس و ئەنجامی مەزنی لێکەوتەوە. ئەوەی کە "لۆژیسیسم"ی فرێگە بە کوێ گەیشت، بابەتێکە کە لە باسی ئەمجارەمان دا ناگونجێ. بابەتی بەرباسی ئێمە لەم نووسراوەیە دا "بنەمایی پڕۆگرامی سەرەتایی"یە. شیکردنەوەی ئەوەی کە ڕێکاری فۆرماڵیتەی بەرچاو ، جگە لە ڕێگەی زانینی تەواوی فۆرماڵ مومکین نیە. کەوابوو پێویستە سەرەتا لێکدانەوەی لۆژیکی ئەم زمانە بکرێت. پاشان ئەنجامەکانی دەستکەوتوو لەم لێکدانەوە بە زمانی نیشانەکان و نمادەکان تەرجومە بکرێنەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم نووسراوەش لێکدانەوەی ئەو زمانەیە نەک بنەماکانی سەرەکی لۆژیکی فرێگە و یاسا و داهێنانەکانی.

## // شیکردنەوەی هزر([21])

فرێگە لە نامەکانی دا کە ٥ ساڵ بەر لە مردنی بۆ یەکێک لە مێژووناسانی زانست بە ناوی "لودویک دارمستەر" نووسیویەتی، "لێکدانەوەی هزر" ([22]) بەم شێوە مانا دەکات:

تایبەتمەندی تێگەیشتنی من لە لۆژیک ئەمەیە کە پێشەکی بە ناوەڕۆکی وشەی "ڕاستەقینە" دەدەم و پاشان یەکجێ هەڵدەستم بە ناساندنی هزر کە کە ئەویش شتێکە کە لە بنەما دا لە وەڵامی پرسیاری "گەلۆ ئەمە ڕاستەقینەیە؟"

دێتە ئاراوە. کەوابوو بەم شوە نیە کە سەرەتا لە چەمکەکانەوە دەسپێبکەم و پاشان ئەمان لە پاڵ یەکتر دابنێم و هزرێکی دەستەمۆ ساز بکەم. بە عەکسەوە، بەش بە بەشە جیاوازەکانی پێکهێنەری هزر، لە لێکدانەوەی هزر دەخوڵقێنم.[23]

لە جیهانی زمان دا چووکترین یەکە بۆ خوڵقاندن و بەیانی هزر "ڕەستە"یە و بە بڕوای فرێگە چووکترین یەکەی "مانا"ش هەر ڕەستەیە و نەک "وشە". یەکێک لە پڕەنسیپەکانی فەسلەفەی زمانی فرێگە کە نقاشی مەزنی لێکەوتۆتەوە "پڕەنسیپی تێکست"ە و بە پێی ئەم پڕەنسیپە: تەنیا لە ناوەڕۆکی تێکستێک دایە کە وشە مانا و هاوشێوەیەکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەم پڕەنسیپە باندۆرێکی مەزنی لە سەر ویتگنشتاین بووە و هەر بۆیە ئەم نقاشەی وشە بە وشە هەم لە "تراکتاتوس"[24] و هەم لە "لێکۆڵینەوەکانی لۆژیکی"[25]ی خۆی دا هێناوە. هزر یا مانای ڕەستە یەکێک لە بنەماکانی سەرەکی بیناتی فەلسەفەی فرێگەیە و ئەوەی کەم باسە دا دەگونجێ و بۆ ئێمەش گرینگە ئەوەیە کە "ڕەستەی تەواو مانایەکی تایبەتی هەیە و "هزر" بەم مانا ڕاستەقینە و تەواوە دەگوترێ.

ئێستا یەکەم پرسیاری کە دێتە بەچار ئەمەیە کە گەلۆ هزر لە چ یەیەکەگەلێکی بنیاتی پێکهاتووە.ستراکتۆری لۆژیکی هزر چیە؟ ئەم پرسیارە سەرەتایی و گرینگترین و لە هەمان کات دا دژوارترین پرسەکانی فەلسەفەی زمان و لۆژیکە. بەم شێوە کە وەڵامدانەوەی هەر یەک لەم پرسانە دەتوانێ کەسی وەڵامدەرەوە ناچار بکات کە کۆمەڵێک چەمکی هۆکارناسی و ئەنتۆلۆژی تایبەت قەبووڵ بکات. بێ شک ئەوەی کە فرێگە لە ئەرەستوو و لۆژیکی نوێ لە بنەما و بنیات دا لە لۆژیکی ئەرەستوویی جیادەکاتەوە، وەڵامێکە کە فرێگە بەم پرسیارانەی دەداتەوە. بە سەرنج دانێکی وردتر لەم وەڵامە دەکرێ بزانین کە لۆژیکی نوێ وەکو لۆژیکی کۆن، کورت و ئاسانتر نیە و ئەمەش تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانانی هێماکانی نوێی ماتماتیک و نزم بوون و نەبوونی ئاستی فاکت و فۆرماتەکانی ئەمڕۆ.

بەر لەوەی کە بیرۆکەکانی فرێگە سەبارەت بە لێکدانەوەی هزر باس بکەین، پێویستە بگوترێ کە لەم وتارە دا ناگونجێ کە هەموو هۆکار، شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی فرێگە و تەنانەت فەیلەسووفەکانی تری پاش ناوبراویش بێنینە بەردەم خوێنەران. بەڵکو لەم دەرفەتە دا تەنیا بە کورتی گۆشەیەک لەم هزر و شیکردنەوانە باسیان لێوەدەکرێت و ئەمەش لانی کەم چوارچێوەی سەرەکی تیۆریەکانی فرێگە سەبارەت بە هزر و پرەنسیپەکانی زمان بە ئێمە نیشان دەدات.

بە بڕوای فرێگە هەر هزرێک، کە مانا و ناوەڕۆکەکەی لە زمانی ڕستەیەکی تەواو دایە، خۆی یەکەیەی تەواو و سەربەخۆیە. بەڵام هەموو بەشەکانی ئەم یەکە ناتوانێ بێ کەڵک وەرگیران لە یەکەکانی تری هەمان ڕستە مانای ساغڵەمی هەبێت. بۆ وێنە کاتێک باس لە دوو ناوی تایبەتی "حەسەن" و "حوسێن" دەکرێ، دەردەکەوێ کە ئەم دووانە تەنیا نوێنەرایەتی دوو کەس یا ئۆژەی تایبەت دەکەن کە بوونیان هەیە و ناتوانرێ بەم دوو ناوە ڕستە یا هزرێک سازبکرێت. "حەسەن، حوسێن" ڕستە نیە، بەڵکو پێڕستێکە لە دوو ناو گرێ دەدرێن کە لە جیهان دا بوونی تایبەت و سەربەخۆ لە ڕووداو و چەمکەکانی تریان هەیە.

بەم هۆیە و هۆکارەکانی تر کە وردە وردە دێنە بەر باس، هزر دوو بەشی بنەڕەتی هەیە. بەشێک کە لە زاتی ئەو ئۆبژەیە کە بەیانی دەکات و دەبێتە هۆی بەرقەراری پێوەندێک و ئەوی تر هەمان ئۆبژەیە کە دەبنە لایەنی پێوەند. بە واتایەکی تر هزر یا لە ئۆبژە و چەمک پێکهاتووە یا لە ئۆبژە و پێوەند. هەر بۆیەش یەکەکانی سازکەری هزر و وردە بەشەکانی بورهان ناسی فرێگە پێکهاتوون لە "ئۆبژە[26]، چەمک[27] و پێوەند [28] " و فرێگە ئەم سێیە، بە بەردی بناخەی لۆژیک دەناسێنێ و دەشڵێ کە بە هیچ شێوە ناکرێ ئەوانە تاریف [29] بکرێن. بەڵام گەلۆ ئەم هەڵبژاردە بە چ هۆیەکە؟

یەکێک لە پڕەنسیپە سەرەکیەکانی بیرۆکەی فرێگە ئەوەیە کە زمان لەگەڵ ڕووداوە ڕاستەقینەکانی پێوەندیەکی پتەوی هەیە. زمانی ئاوێنەیەکە کە دەتوانێستراکتۆری لۆژیکی جیهان لە خۆی دا نیشان بدات. زمانی سروشتی سەرەڕای هەموو نوقسان و کەم و کورتیە لۆژیکیەکانی خۆی کۆمەڵێکی فاکتی ڕاستەقینەیە کە بنەمایەکانی جیهان دەگرێتە خۆ. بەڵام هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە چی بوو؟ جیهان کۆمەڵێکە لە ئۆبژەکان و هەیەک لەم ئۆبژانەش سیفەت و خسڵەتگەلێکیان هەیە کە بە چەمکەکان باسیان لێوەدەکرێ و دەناسێندرێن. هەروەها هەر ئۆبژە لەگەڵ ئەوانی تر بە هۆی ڕادەی ئاستی جیاواز و ڕەوشەکەی بە "نیسبەت" و "پێوەند" بەیان دەکرێ. کەوابوو، جیهان کۆمەڵێکە لە ئۆبژە و چەمک و پێوەندەکان و خسڵەتی سەرەکی ئۆبژەش زاتی بوونی ئەو ئۆبژەیە و خسڵەتی سەرەکی چەمک و پێوەندیش، ناتەواوبوونیانە. بەم مانایە کە تاکو ئۆبژە هەڵگری مانایەک نەبێت و لایەنی پێوەند دراو بەم ئۆبژە نەزانرێ، هزریەکی تەواو ناخوڵقێ.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کردووە، بەشێکە لە هۆکار ناسی و بورهان هێنانەوەکانی فرێگە. ئێستاش پێویستە بێینە سەر باسی کەڵکی بەکردەوەی هۆکار ناسی لە زمان دا. یەکەکانی بنەڕەتی هزرمان باس کرد و دواتر دەبی باس لە یەکە جیا جیاکانی ڕەستە بکەین کە نیشاندەری زمانی هزریە. بەڵام پێش ئەوەی کە بێینە سەر نقاشی ئەم چەمکە ، پێویستە چەند جیاوازی گرینگ لە نێوان هۆکارناسی (**دلالت شناسی**) فرێگە و ئەرەستوو بێنینە بەر باس.

**١.** جێگەی ئاماژەیە کە لە هۆکار ناسی ئەرەستوو ئەوەی گرینگە "چەمکە" و بوونەوەرەکانی ئەنتۆلۆژیکی ئەرەستوو، چەمک و کولیاتن. بەم هۆیەش هزر، ئەندێشەیەکی بابەتی و هەڵگری نیسبەتێکە. لێرەدا ئاماژە بە یەکەی بنیاتی هزری چەمکە بەڵام لە هزری فرێگە و هۆکارناسیەکەی، ئۆبژە و پێوەندەکان هەمان گرینگی و مەزنایەتیان ئەنتۆلۆژیکیان هەیە کە چەمک هەیەتی. کەوابوو،

بوونناسی فرێگە هەم لە چوارچێوەی مانا و هەم لە چوارچێوەی میسداق و ڕیزبەند لە ئەنتۆلۆژی ئەفلاتوون- ئەرەستوویی، بەرینتر و پتەوترە.

٢. لە بوونناسی ئەفلاتوون- ئەرەستوویی، دا ئۆبژەی ڕاستەقینە، هەمان چەمکە کە ئۆبژەیەکی ئینتزاعی و دابڕاوە. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە گەلۆ کاتێک دەوترێ "سوقرات زانایە" و لە چوارچێوە و قەڵەمڕۆی ،.... **دلالت**، سوقرات ئۆبژەیەکە و "زانا"ش لەم ئەنتۆلۆژیە دا بە پێوانەی چەمک بوون، ئۆبژەیەکی ترە. بەڵام لە جیهانی بورهان و هۆکارناسی دا کام چەسب دەتوانێ ئەم دوانە پێکەوە گرێ بدات. ئەمە پرسیارێکی سادە نیە و ئەگەر چەمکیش ئۆبژە بێت چۆن دەکرێ دوو ئۆبژەی دانیشتوو لە جیهانی سارد و بێدەنگی بوون دا بە یەکەوە بلکێنین و بڵێین کە ئەمە و ئەوی تریش ئۆبژە و ئۆبژەن؟ ئەم یەکگرتوویە کە لە هزر دەیبینین لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

ئەوە پرسیارێکە کە زۆربەی فەیلەسووفان بۆ وێنە ڕاسێڵ، مۆڕ و برادڵی، دژوارتر لە پرسە فەلسەفیەکانی دەزانن و فرێگەش بەڵکو یەکەم فەیلەسووفێک بێت کە وەڵامی شایانی باسی بەم پرسە دابێتەوە. وەڵامی فرێگە بەم پرسە لە سەر بناغەی جیاوازی زاتی لە نێوان ئۆبژە و چەمکە. بەم شێوە کە دەڵێ: چەمک بەردەوام لە مانا و ناوەڕۆک دا خسڵەتێکی هەواڵدەری و پێناسەیی هەیە و بەم هۆیەش بوو کە فرێگە ڕەستەی "سوقرات زانایە"ی بە دوو بەشی "سوقرات" و "زانایە" دابەشکرد. ئەوەی کە بە پێی لۆژیکی ئەرەستوویی ئەم ڕەستە لە سێ بەشی "سوقرات"، "زانا" و "یە"، دابەشکرێ و بەشی سێهەمی وەکو پێوەندی بەشی سێهەم لە نێوان دوو ئۆبژە بناسێندرێ، ناچار گرفتاری ئەم پرسە دەبن کە گەلۆ پێوەندی و یەکگرتوویی نێوان دوو ئۆبژە، دەتوانێ چ مانایەکی هەبێت. بە گوێرەی بۆچوونی فرێگە، هەڵەی ئەم تیۆریە لەوە دایە کە هەندێک گومان دەکەن کە دەبێ بەشی سێهەمی ئەم ڕەستەیە (بە گوێرەی دابەشکردنی لۆژیکی ئەرەستوویی) وەکو بەش و ئۆبژەیەکی جیاواز و سەربەخۆ پێناسە بکرێ. لە کاتێک دا کە ئەم، بەشی جیانەکراوەی چەمکە و

بەشێکە کە بوونی ناتەواوی چەمک لە زمان دا نیشان دەدات. لە ڕستەی "حەسەن دەڕوا"، بەشی "دەڕوا" حاڵەتی وەسفی خۆی و نیشاندانی حاڵەتی بکەری ڕستەکە دەگرێتە ئەستۆ و و بەڵام لە ڕستەی "ئەو سێوە سوورە"(سیب سرخ است)، "سێو" بە هاوڕێیی" بەشی کۆتایی "ە"(است) ئەو حاڵەتە، یانی سوور بوونی سێوەکە دەگەیێنێ. کەوابوو بە بڕوای فرێگە "است" تەنیا کەرەستەیەکی زمانیە بۆ نیشاندانی ڕەوشی پێناسەیی و هەواڵدەری وشەکان. بەم هۆیە فرێگە بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی چەمکەکان، هەر وێنەی کە دەیهێنێتەوە بە شێوەی باسلێکراو (- سوور"ە" و - زانا"یە"، دەنووسێ. " - "ش بە مانایی جێگەی بەتاڵی "ئۆبژە"یە کە تا پڕ نەبێت و نەنووسرێ، ڕستەکە تەواو نابێت و چەمکەکە بێمانا دەمێنێتەوە و بە گوێرەی فرێگە ڕستەکە " تێر نابێت. "[30]

ئەوەی کە گەلۆ ئەرەستوو بە ڕاستی "پێوەندی" وەکو بەشێکی سەربەخۆ دەزانی و یاخود پێوەندی و هەڵگری (مانا، چەمک و هتد)ی وەکو بەشێکی جیاواز دەژمارد، پرسێکی مێژووییە. "پیتەر گەیچ" لە پەرتووکی "مێژووی خەساری لۆژیک"[31] بە هێنانەوەی بوڕهان و بەڵگە لە ئاسەوار و بەرهەمەکانی ئەرەستوو دا، دەسەلمێنێ کە ناوبراو نووسراوەکانی سەرەتایی خۆی بە پێڕەوی لە ئەفلاتوون، "ڕستە" بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکات و بەڵام دواتر ئەم پڕەنسیپە گرینگە لە بیر دەکات و ڕستە دەکاتە سێ بەش و بەم شێوە لۆژیک بەرەو خەسارێکی مەزن دەبات. ئەم هەڵەیە، لۆژیک زانانی تری دوای ئەرەستوو بە شێوەیەک سەرلێشێواو دەکات کە لە زمانێک وەکو عەرەبیش دا "است" وەکو چەمک پێناسە دەکرێ و عەرەب ناچار دەکات لە جێگەی "زەید قائم" بە دوای "زەید هو قائم" بکەوێت و ئیدعا بکەن کە "هو" لە زمانی عەرەبی دا، بەشێکی سەربەخۆ لە زمانە و هەمان "است" کە لە یۆنانیش دا "estin"یە!

به کورتی، فرێگه یەکەم لۆژیک زانه که جیاوازی ڕاست لـه نێوان "ئۆبژه و چەمک" دادەنێ و لێکدانەوەی هزر دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو بـەشـی بنـەڕەتی و لـه سەرجەم کێشه و دژواریه نەخوازراوەکانی شیکردنەوە و لێکدانـەوەی ڕەستە بە سێ بەش ڕزگار دەکات.

۳. لۆژیک زانانی کۆن و پێش له هەموان "ئەرەستوو" که نیسبەت یا پێوەند لـه هەموو نقاشەکان گشتی تره و هیچ ئۆبژەیەک نابینرێتەوه که پێوەندیکی لەگـەڵ ئۆبژەکانی تر نەبێت. جگە لـەمـەش دیار نیه که بۆچی لـه لێکدانـەوەی هـزر و زمـان دا ڕۆڵـی نیسبەت و پێوەنـد، سـەرەڕای ئـەو بوونـه ئاشـکرا و ڕوونـەی، وەبەرچاو ناگرێت و لۆژیک تووشی بێ چارەییەک دەکات که لـه وەڵامدانـەوەی ئاسانترین پرسەکانی که "پێوەند"یان تێدایه، نەتوانا دەکات.

فرێگـه بـه دۆزینـەوەی گرینگـی و پێگـەی بـاڵایی "نیـسبەت" و نیـشاندانی شـوێنی لـه سـتراکتۆری هـزر دا، "لـۆژیکی نیـسبەت"ی وەکـو بـەکـەڵکتـرین و پڕکارترین بەشەکانی لۆژیک له فەلسەفه و زانستی ماتماتیک دا خوڵقاند.

ئەوەی که باسمان کرد، بەشێکی بچووک له هۆکارناسی فرێگەیه. بەڵام هەر بەوەش کۆتایی به نقاشەکه نـاهێنین و ئێستاش بـاس لـه تیـۆری "نحو شناسـی" [32] فرێگه دەکەین.

## فۆنۆتیک ناسی فرێگه

جیاکردنەوەی (**دلالت شناسی**) هۆکارناسی له فۆنۆتیک ناسـی و خوڵقاندنی دەسـتەواژەی جیـا بـۆ هـەر یـەک لـەمدوانـه کارێکـه کـه فرێگـه ژیرانـه و سیستەماتیک دەستپێکرد و له یەکەم هەنگاو دا دەستی دایه بـه "سـەلماندنی لۆژیکی هـەڵگرەکانی ڕیزی یەکەم". فرێگه بـه گشتی داهێنـەری سێ چەشنه دەستەواژەیه که ئەوانەن: دەستەواژەکانی پێوەندیدار به هۆکارناسی، "فۆنۆتیک

ناسی زمانی سروشتی" و "فۆنۆتیک ناسی زمانی ڕەواڵەتی". لە درێژە دا سەبارەت بە مانایی ئەم چەمکانە و لێکدانەوەی هاوتایی وشەکان بە زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕدراوی دەستەواژەکانی فرێگە لە زمانی ئاڵمانیەوە.

دیتمان کە هزر سێ یەکەی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە. ئۆبژە و چەمک و پێوەند. هاوتایی هزر لە زمان دا "ڕەستە"یە و ئێستاش دەبینین کە هاوتای یەکەکانی هزر لە زمانی سروشتی دا چیە. ئەوەی کە لە زمان دا، نوێنەرایەتی "ئۆبژە" دەکاتم "ناوی تایبەت"ە و بۆ ئەوەی کە نیشان بدەین، وشەی هاوتایی هزر و پێوەند لە ڕەستە دا چیە، تەنیا ئەوەندەمان بەسە کە ناوەکانی تایبەت لە ڕەستە دا بسڕینەوە، تا بزانین چی دەمێنێتەوە.

بۆ وێنە ئەگەر لە ڕەستەی "سوقرات زانایە" ، وشەی سوقرات (کە ناوی تایبەتە) بسڕینەوە، ئەمە بەجێدەمێنێ:

- زانایە

و ئەگەر لە ڕەستەی "سوقرات مامۆستایی ئەفلاتوونە"، هەر دوو ناوی ڕەستەکە یانی "سوقرات و ئەفلاتوون" بسڕینەوە، تەنیا ئەمە دەمێنێ:

- مامۆستای - ـە.

فرێگە، ڕەستەی یەکەم کە بۆ تەواو بوون پێویستی بە "ناوێکی تایبەت" هەیە بە "هەڵگری یەک شوێنی " پێناسە دەکات و دووهەمین ڕەستە کە پێویستی بە دوو ناوی تایبەت هەیە بە "هەڵگری دوو شوێنی" دەناسێنێ. هەر وەکو دەبینرێ، هەر دوو ڕەستە لە دوو بەشی بنەڕەتی پێکهاتوون، بەشێک پێکهاتوو لە ناوەکانی تایبەت و بەشی تریش لە سڕینەوەی ناوە تایبەتەکان دێتە بەرچاو. هەر بۆیەش ئەم دوو بەشە بە نۆرە بە "بەشی ناوی و بەشی هەڵگر" دەناسێنین. هەروەها لە ڕەستەی "قوم لە نێوان تاران و ئەسفەهانە"، کۆمەڵەی قوم و تاران و ئەسفەهان دەچنە چوارچێوەی بەشی "ناوی" و " - لە نێوان - و

- ـە " دەبێتە بەشی هەڵگر، بەڵام ستراکتۆری پێناسەکردنی ئەم ڕەستەیە دەبێتە "هەڵگری سێ شوێنی". بە هەمان شێوە دەکرێ ڕەستە بە پێناسەی "هەڵگری چوار و پێنج و بە گشتی n شوێنی" دیاری بکەین. هەڵگرەکانی یەک شوێنی لە زمانی سروشتی دا هاوتایی چەمکن و هەڵگرەکانی دوو شوێنی هاوتایی نیسبەت یا پێوەند لە زمانی سروشتی دا. جێگەی ئاماژە پێکردنیشە کە پێناسەکردنی ئەم شێوە لە ڕەستە و بەشەکانی بە "پێوەند"، وەکو چاوپۆشییەکی بە ئەنقەستە، بۆیە کە ئاشکرایە بابەتی "پێوەند" ناکەوێتە چوارچێوەی نقاش و چەمکی "هەڵگر"ەوە و مەبەست لێرەش دا تەنیا، باس لە چۆنیەتی جێگیرکردنی چەند پێوەند و هەڵگر لە نێوان ئۆبژەکانە. لە ڕاستیش دا فرێگە بە هێنانەبەر باسی وردتر و پێوانەگرتن لەگەڵ ماتماتیک، بەشی " هەڵگر" بە "فۆنکسیۆن" و بەشی ناوی بە "ئارگومەنت"، پێناسە دەکات.

لەوەی کە گوتمان، ئاشکرا دەبێت کە لە چوارچێوەی فۆنۆتیک ناسی دا، جیاوازیگەلێکی گرینگ لە نێوان لۆژیکی فرێگە و لۆژیکی سونەتی هەیە و ئەمەش زۆرتر لە نقاشی **هۆکارناسی** دا دێتە بەرچاو کە حاشا هەڵنەگرە. لێرە دا باس لە جیاوازیەکی تر لە نێوان ئەم دوو چەشنە لۆژیکە دەکەین.

لە لۆژیکی ئەرەستوویی دا، "پێوەند" بە گوێرەی پێناسەکەی، ناتوانێ زیاتر لە دوو لایەنی هەبێت و بەم شێوە کە بەردەوام هەموو پێوەندەکان دوو لایەنەن و بە گوێرەی فرێگە "هەڵگرەکان دوو شوێنی". لە سەرانسەری مێژووی لۆژیکی ئەرەستوو دا، تووشی هەڵگرێکی سێ شوێنی نابین و هەموو وێنەکان هەر دوو شوێنی و دوو پێوەندین. کەسانێک کە سەبارەت بە ماتماتیک شارەزاییان هەیە، دەزانن کە ئەوپەری کەڵکوەرگرتن لە پێوەندەکانی چەند شوێنی چەندە، بەرفراوان و گرینگە. سنووردارکردنی پێوەندەکان بە "پێوەندی دوو شوێنی"، هەر وەکو سنووردارکردنی فۆنکسیۆنەکان بە فۆنکسیۆنگەلی دوو بگۆڕ"ە. هەڵبەت بە کەرەستەی لۆژیکی نوێ دەکرێ بسەلمێنین کە بەردەوام دەتوانرێ لە جێگەی هەر پێوەندێک کە زیاتر لە دوو

شوێنی هەبێت، چەند پێوەندی دوو شوێنی تر دابنێین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە کردەوەش دا ئەمە بکەین، کەس لە وتەکانمان تێناگات.

## ڕستەکانی هێمادار

ئێستا باسی خاڵێکی داهێنەرانە دەکەین. دیتمان کە بە بڕوایی فرێگە، هزر، بەردەوام هاوبەندە. پێکهاتەیەک لە ئۆبژە و چەمک و پێوەند و بە گوێرەی دەستە واژەکانی فۆنۆتیک ناسی هاوبەندێکە لە ناوی تایبەت و هەڵگری یەک، دوو و چەند شوێنی. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە گەلۆ مومکینە ڕستەیەک سازبکەین کە تەنیا لە دوو ناو یا خود تەنیا لە دوو هەڵگر، ڕستەیەک پێکبێنین؟ ئەوەی کە بنامەوێ لە دوو ناو، ڕستەیەک سازبکەین، شتێکی ئاساییە، بەڵام گەلۆ لە دوو چەمکی تەنیا و بێ پێوەندیش ناتوانرێ ڕستەیەک ساز بکرێ؟ مەگەر ڕستەی "هەر مرۆڤ، حەیوانێکە " بە ڕەواڵەت لە دوو چەمکی جیاواز پێکنەهاتووە؟ بە رەواڵەت بەم شێوە. بەڵام لە ڕاستی دا واش نیە کە دەبینرێ. فرێگە بە لێکدانەوەی ڕستەکانی هێمادار نیشانی داوە کە چۆن دەکرێ لە هەر ڕستەیەک دا کە تێیدا "چەمک"ێک لە جێگەی "ناو"ێک جێگیربووە، دەتوانرێ شوێنی چەمک لەگەڵ بەشی هەڵگر بگۆڕدرێ و شوێنی ناو بگەڕێتەوە جێگەی ئاسایی خۆی و ستراکتۆری لۆژیکی ڕستە ئاشکرا بکرێ. بۆ وێنە سەرنج بدەنە ئەم ڕستەیە و لێکدانەوەی لۆژیکی فرێگە لەمبارەوە:

هەر کەس ئەگەر ئەو مرۆڤە، ئەو حەیوانە

دەبینین کە "مرۆڤ" لە ڕستە کلاسیکەکەی پێشوو دا جێگەی "سۆبژێکت"ی گرتووە و ڕووداوەکە لە سەری دەگەڕێ، بەڵام لە ڕستەی نوێ دا "مرۆڤ" لە

بەشێک دا جێی گرتووە کە "هەڵگر"ی تێدایە و لە بەشی "ناو"یش دا، نیشانی "ئەو" کە جێنشینی ناوە، هاتۆتەوە شوێنی خۆی.

لە خاڵە زۆر گرینگەکانی لێکدانەوەی فرێگە ئەوەیە کە بابەت، بکەر و یا لایەنی پێوەندیداری هەر هزریەک پێویستە تەنیا ئۆبژە بێت. بە واتایەکی تر، ژێرخانی هزر، هزری ئەتۆمی و بە دەستەواژەی فۆنۆتیک ناسی ، ڕەستەی ئەتۆمیە. ڕەستەی ئەتۆمی هەمان بابەتە کە لە لۆژیکی کۆن دا بە "قیاسی لۆژیکی تایبەت"یان پێناسە دەکرد و گرینگیەکیشیان پێ نەدەدا. فرێگە یەکڕاست بە عەکسی ئەم بۆچوونە، لە ڕەستەکانی ئەتۆمیەوە دەسپێدەکات و نیشان دەدات کە چۆن دەکرێ دژوارترین و تێکەڵترین ڕەستەکان بەدەست بهێنێت. مەبەست لە تیۆری هێمایی یا کوانتیفیکاسیۆنی فرێگە ئەمەیە.

لێرە دا تەنیا وێنەیەک دێنینەوە بۆ شیکردنەوەی تیۆری هێمایی

"هیچ کەس ناتوانێ هەموو کەس بەردەوام فریو بدات"

ئەوە لە ڕەواڵەت دا وەکو ڕەستەیەکی ئاسایی دێتەبەرچاو. بەڵام چوارچێوە و ستراکتۆری لۆژیکی ئەم ڕەستە تەنیا لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە تیۆری هێمایی فرێگەیە کە دەکرێ بدۆزرێتەوە. لۆژیکی ئەرەستوویی بە گشتی لە دۆزینەوەی ئەم ستاکتۆرە، ناتوانە. لە ڕاستیش دا دەکرێ لە ڕێگەی لێکدانەوەکانی فرێگە بەم ئاکامە بگەین کە ڕەستەکە لە "هەڵگری سێ شوێنی" پێکهاتووە و بەم شێوە کە دەگوترێ "ئا، بێ لە کاتی جیم دا فریو دە دات" و نیشانەکانی ڕەتکردنەوە و لە سێ هێمایی گشتی "هیچ کەس، هەمووکەس و بەردەام" پێکهاتووە.

لێرەدا ئەم ڕەستە سێ هەڵگریە، بەردی بناغەی هەموو ڕەستە ئەتۆمیەکانی ترە کە لەم هێمایانە دا کورتکرانەوە. گرینگی ئەم لێکدانەوە، کاتێک ئاشکرا دەبێت کە ئێمە بمانەوێ دژەبەری ڕەستەی یەکەم دیاری بکەین و یا ئەوەی کە ڕەستەگەلێکی کە دەتوانین تێیدا بدۆزینەوە، بە دەست بهێنین.

وتارەکە بە نقاشی پارادۆکسێک کە جیاوازی نێوان ئۆبژە و چەمکی فرێگە بە ڕوونی لێکدەداتەوە، کۆتایی پێدێنین. ئەم پارادۆکسە، ئاکامی قووڵی فەلسەفی - لۆژیکی دێنێتە ئاراوە و تێگەیشتن لە بەرهەم و هەندێک لە وتەکانی ویتگنشتاین لە پەرتووکی تراکتاتوس دا بێ زانینی ئەمانە، نامومکینە.

## پارادۆکسی ئۆبژە – چەمک

"کەری" ، یەکێک لە هاوچەرخانی فرێگە، بە دژایەتی لەگەڵ جیاوازی نێوان ئۆبژە و چەمکی فرێگە دا دە لێ کە "خسڵەتەکانی ئۆبژە و چەمک، نابێتە هۆی پێشگرتن بە پێکەوە گرێدانیان و بەم شێوە دەکرێ کە چەمکیش ئۆبژە بێت". بۆ وێنەش ناوبراو ڕەستەی ژێری هێنایەوە:

چەمکی "ئەسپ"، یەک چەمکە.

دژواری شاراوە لەم ڕەستەیە دا ئەوەیە کە ئەگەر ئەم ڕەستە بە مانادار بزانین و بە شکڵێکی تریش نەکرێ کە شیبکرێتەوە، بە گوێرەی پێداگری فرێگە، بەشی "ناو"ی ئەم ڕەستە، پێویستە بێ ئەملاو لا، ئۆبژە بێت و لێرە دا بە ناچار دەبێ بگوترێ کە "چە مکی ئەسپ"، ئاماژە بە "ئۆبژە" دەکات و لەم ڕەوشەش دا، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە گەلۆ چۆن دەکرێ، ناوی "ئۆبژە" ببردرێ و

بگوترێ کە "چەمک"ە؟ کەوابوو، ڕەستە باڵا، ڕەستەیەکی ناڕاستەقینەیە و دەبێ بوگوترێ:

چەمکی "ئەسپ"، یەک چەمک نیە.

و هەڵبەت کە ئەمەش ڕەستەیەکی پاڕادۆکسیە. نقاشی ئەم بابەتە لە م زمانانە دا کە بۆ "ناو"، نیشانیەیەکی تایبەتیان هەیە، ئاسانترە. وەرگردراوی ڕەستەی کەڕی لە ئینگلیزیەوە بەم شێوەیە:

The concept "horse" is a concept

لێرەدا نیشانی وەسفی The ، "ناو" بوونی، کورتە ڕەستەی دوای خۆی نیشان دەدات و بەڵام لە جێگەی ناو تەنیا لێرەدا ئۆبژە دەتوانێ جێبگرێ و کەوابوو بە گوێرە بیرۆکەکانی فرێگە، ناکرێ، وەسفی جەمک بوونی پێبدرێ و دەبێ بگوترێ:

is not a concept "horse" The concept

و دیسانیش هەمان پارادۆکس، دێتەوە بەر باس و شایانی باسە کە بزانرێ ئەم وشەی پارادۆکسی دوایی، فرێگە خۆی بە لێکدانەوەکەی کەڕی زێدەکردووە.

فرێگە لە وتاری "سەبارەت بە چەمک و ئۆبژە" دا ئەم ڕاستیە قەبووڵ دەکات کە "چەمکی ئەسپ"، بە ڕاستی "ناو"ە و نوێنەرایەتی "ئۆبژە" دەکات و کەوابوو دەزانێ کە ناتوانێ چەمک بێت و بە لام ڕێگە چارەیەکیشی بۆ نادۆزێتەوە. لەم وتارە دا هەڵوێستی فرێگە لە بەرانبەر ئەم پارادۆکسە دا ئەوەیە:

لە ڕاستی دا دەبێ بزانرێ کە لێرەدا، تووشی خێچ و خواریەک لە زمان داین و دان بەوە دادەنێم کە هەرگیز ناکرێ، دوورەپەرێزی لەم یەکەش بکرێ. (43)

و وتارەکە بەم شێوە کۆتایی پێدێنێ: ئەمە بەربەستێکی دەروونی زمانە و بناغەی لە بوونی زمان دا هەیە. و "هیچ ناکرێ بۆ ئەوەی بەربەستەکە لابەرین، مەگەر ئەوەی کە بیناسین و گرینگی زۆرتری پێ بدەین. (44)

ئەوەی کە لێرە دەبێ پێداگری لە سەر بکرێ، ئەمەیە کە ئەگەر جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئۆبژە و چەمک قەبووڵ بکەین و کە هەڵبەت بەم هۆکارە سەلمێنەرانەی کە سەبارەت بەم نقاشە هەیە، دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکرێ کە زمانی سرووشتی کێشەگەل و کەم و کوڕی لۆژیکی جیددی هەیە. بەم هۆیە کە هەر کات بمانەوێ سەبارەت بە چەمک یا خود نیسبەت و پێوەندێک بدوێین، ناچار دەبین کە ئەم بابەتانە لە بەشی "ناو"ی ڕەستە بگونجێنین و بەم کارەش یەکجێ، چەمک یا پێوەند، جیاوازی ناوەڕۆکیان بە سەر دادێت و دەبن بە "ئۆبژە" و یانی تایبەتمەندی هەڵگری مانا یا پێوەندی خۆیان لە دەست دەدەن.

گرینگی ئەم کەم و کوڕیەیی کە فرێگە لە زمانی سروشتی دا دۆزیەوە، ئەوەیە کە بەڵکو کەس بە ئەندازەی ویتگنشتاین لەم بابەتە تێنەگەیشت. ویتگنشتاین بابەتگەلێک وەکو "... یەک چەمکە"، "... یەک فۆنکیسۆنە" و بە "چەمکەکانی فۆرماڵ"(45) پێناسە دەکات و دەشڵێ کە هەر کاتێک لەگەڵ ئەمانە دا "گوزارە" سازببێت، ئاکام بێ مانا دەبێت. (46) کەوابوو چۆن دەتوانین بڵێین کە بابەتێک چەمکە یا پێوەند؟ وەڵامنی ویتگنشتاین بۆ ئەم کێشە گەلێک ئاسان و لە هەمان کات دا قووڵ و دژوارە: لە ستراکتۆری لۆژیکی ئەمانەوە . لە زمانی فۆرماڵی لۆژیک دا، فرێگە، هەڵگرەکان بە "نیشانەی یەک شوێنی" (47) وەکو " - F " و پێوەندەکان بە "هەڵگری دوو یا فرە شوێنی" (48)، وەکو " - -

R " نیشان دەدات. هەر ئەم نیشانانە باشترین پێناسەن بۆ لێکجیاکردنەوەی چەمکەکان و پێوەندەکان لە رەستە دا. بۆ وێنە، ئەم ڕەستە سەیر کەن: "حەسەن برای حوسێنە"( یا لە شکڵی فۆرماڵی ئەم : Rab ] ). بە چاوخشاندنێک دا بە سەر ستاکتۆری لۆژیکی ڕەستەکە بەم ئاکامە دەگەین کە چەمک کامەیە و پێوەند کام. لۆژیک ئەوەمان پێ نیشان دەدات و پێویستیش ناکات کە بڵێین "R ] " پێوەندێکە و بە تایبەت لە کاتێک دا کە ئێستا بە باشی دەزانین ئەم ڕەستە، مانایەکی لۆژیکی تەواوی نیە. کەوابوو، لێرەدا مانای ئەم ڕەستە بە ناوبانگەی تراکتاتوس ئاشکرای دەکات:

ئەوەی کە نیشان دەدرێ، گوتەنی نیە. [49]

و هەروەها ئەسڵی ناوەڕۆک، مانایەک دیکە پەیدا دەکات. تەنیاش لە ناوەرۆکی ڕەستە دایە کە تایبەتمەندیەکانی وشەکان نیشان دەدرێن. ئەوەی کە ئەو مانایە نیشان دەدات، ستراکتۆری لۆژیکی ڕەستەیە. ئەو مانایە نابێ بوگوترێ، چونکە زمان ، ئیزنی گوتنی ئەم نادات. ئەو لەم شوێنگەلەیە کە بە وتەی فرێگە "چی لەگەڵ ناکرێت" و بە بە گوێرەی وتنێکی ویتگنشتاین لە دووایین ڕەستەی تراکتاتوس دا "دەبێ بە بێدەنگی لێی تێپەر بین". [50]

ئەوەی کە گوتمان باسێک بوو سەبارەت بە چەمکەکانی فۆرماڵ یا "هاوشێوەکانی هەڵگر". بەڵام گەلۆ سەبارەت بە هەڵگرەکانی ڕاستەقینە چ دەبێ بگوترێ؟ چۆن دەکرێ بڵێین کە پێوەندێک **موتەعەدی** یا **موتەقارِنە** ؟ چۆن دەکرێ بڵێین کە حەسەن و حوسێن، پێوەندی برایەتیان بە یەکەوە هەیە؟ ویتگنشتاین ئەم پرسانەش هەر دەڵێ دەبێت کە بە بێ دەنگی تێپەڕیان بکەی و خۆیان لێ لابدەی. فرێگە لە وتاری "چەمک و ئۆبژە" دا هەمان بیرۆکە دێنێتە ئاراوە کە ویتگنشتاین باسی کرد و لە سەڕو هێنامان و دەکرێ بڵێن کە ویتگنشتاین هەمان وتە و بیرۆکەکانی فرێگەی لەمبارەوە دووپات کردۆتەوە.

بەڵام ئێستا کە دوایین نووسراوەکانی فرێگە بڵاودەکەینەوە، دەسەلمێنین کە "دووایین لێدوانی فرێگە" لە سەر ئەم بابەتە ئەوە نەبووە.

لە دوایین نووسراوەکانی دۆزراوەی فرێگە دا وتارێک لە ژێر سەردێڕی "چەند باسێک لە سەر مانا و میسداق" دا، چارەسەری ئەم کێشەی نیشان داوە.

فرێگە لەم نووسراوە دا سەرەتا "مەرجی هاوشێوەیی ئۆبژەی ئەلف و ئۆبژەی ب " بەم شێوە بەدەست دێنێت:

دەڵێین ئۆبژەی ئەلف، هەمان ئۆبژەیی بیە (بەم مانایە کە بە تەواوی خاوەنی یەک لێکدانەوەن)، ئەگەر ئەلف، هاومانا و هاوشێوەی هەر چەمکێک بێت، بش هەڵگری هەمان مانا و چەمکە و بە عەکسەوە. [51] مێژووی ئەم تیۆریە کە بە "پرەنسیپی هاوشێوەی جیاوازنەکراوەکان"[52] دەناسرێ، ناسراوە، دەگاتەوە "لایپ نیتس" و بەڵام تێکەڵکردنی هاوشێوەیی لە لۆژیک دا و فۆرمۆڵ بەندی بنەماکانی هۆکارناسی، دەگەڕێتەوە بۆ خولقاندنەکانی فرێگە.

بە بۆچوونی فرێگە، پرەنسیپی "هاوشێوەیی" تەنیا بۆ ئۆبژەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ. نقاشی هاوشێوەیی دوو چەمک هیچ مانا و بنەمایەکی نیە، بەڵام دەکرێ شتێکی نیزک لە هاوشێوەیی بۆ چەمکەکان بدۆزینەوە و بڵێین کە ئەگەر چوارچێوەی هاوماناکانی دوو چەمک لێک نزیک بێت، ئەو دوو چەمک بە جۆرێک، وەکو یەکن.

بە واتای فرێگە چەمکی F بەرانبەری چەمکی Gیە، ئەگەر هەر ئۆبژەیەکی نیزێک لە مانایی F، هاومانایی Gش بێت و بە عەکسەوە.

لەم ڕەستە دا دوو چەمکی F , G بەکار هێنراون و "چەمک" لێرەدا بە جێگەی "ناو" هاتووە و تایبەتمەندی گەیاندنی خۆی لە دەست داوە. فرێگە بۆ چارەسەری ئەم کێشە دژوارە، ڕێگاچارەیەکی زۆر ئاسان و لە هەمان کات دا

زۆر وردبینانەی دۆزیەوە. بە جێگەی ئەوەی کە بگوترێ "چەمکی مرۆڤ"، دەڵێین:

"ئەوەی کە - مرۆڤە"، هۆکاری **دەلالەت** بە سەر ئەم ڕەستە دایە.

بەم ڕێچارە لۆژیکیە، بە جێگەی ئەوە کە بگوترێ:

"چەمکی مرۆڤ، لە ناو چەمکی حەیوان دا هاتووە" ، دەڵێین:

ئەوەی کە "- مرۆڤە"، **دەلالەت** بە سەر مرۆڤ بوونی دا دەکات، هەمان شتێکە کە لە ڕەستەی " - حەیوانە"، دەلالەت بە بوونی حەیوان دا دەکات.

کەوابوو بە جێگەی ئەوەی کە بڵێین چەمکی "برایەتی" دەڵێین:

ئەوەی کە " - برا - یە"، **دەلالەت** بە سەری دا دەکات.

و لە ئاکام دا لە جێگەی وتنی :

"حەسەن برایەتی لەگەڵ حوسێن هەیە"

دەڵێین:

حەسەن لەگەڵ حوسێن لە سەر ئەم یەکەی کە " - برا -یە" و نوێنەرایەتی ئەم سیفەتە دەکات، جێی گرتووە.

بە تایبەت مەرجی هاوشێوە بوونی ئەم دوو چەمکە بەم شێوە لێکدەدرێتەوە:

ئەوەی کە "ئەلفی Fە" و نوێنەرایەتی دەکات، بەرانبەرە لەگەڵ ئەمەی کە "ئەلفی Gیە" و ئەگەر و تەنیا ئەگەر ماناکانی هەر دوو وەکو یەک بن. [53]

بۆ وێنە مەرجی یەکبوونی دوو چەمکی "مرۆڤ" و " حەیوانی قسەکەر" بەم شێوە دەنووسین:

ئەوەی کە " - مرۆڤە "و نوێنەرایەتی دەکات لەگەڵ ئەوەی کە " - حەیوانی قسەکەرە" و نوێنەرایەتی ئەم یەکەش دەکات، ئەگەر و تەنیا ئەگەر، ماناکانی هەر دووان وەکو یەک بێت.

لەم ڕەستە و ڕەستەگەلی تر دا کە هێنامانەوە، چەمک و پێوەندەکان وەها بەکارهێنراون و باس و نقاشیان لێکراوە کە تایبەتمەندی پێوەندی دانیان وەکو خۆی ماوەتەوە.

ئەم جۆرە ئاخافتنە هەندێک پڕ سەیرو سەمەرەیە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە زانستی ماتماتیک نازانن، فۆرمۆڵەکانی ماتماتیکیش سەیر و غەریب دەنوێنێ. هەر زانستێک، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و بێ فێر بوونی ئەو زمانە ناکرێ، تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە و بێ کەمو کوڕی لەم زانستە بێتە دەست. جگە لەمەش پرسی سەرەکی ئێمە ئەوە بوو کە گەلۆ دەکرێ ئەو کەمو کورتیەی ناو زمانی سرووشتی لە نقاشی چەمک و پێوەندەکان دا ببەزێنین یا نا. ئێستا کە متمانەمان بە بوونی ڕێچارەیەک بۆ بەزاندنی ئەم جور کێشەگەلە دۆزیەوە، نیگەرانی بەکارهێنانی شکڵی ناڕاستی بەردەوام لەم چەشنە ڕەستانە نابین. بۆیە کە دەزانین بەردەوام دەکرێ، لێدوانێکی هەڵە، بگۆڕین و بیکەین بە بەیانێکی ڕاست. وێنەیەکی تری ئەم سەرنج و تیۆریانە "وەسفەکانی تایبەت"ی ڕاسێڵە. لەمبارەوەش هەر ئەوەندە کە زانیمان، لێکدانەوەی لۆژیکی ڕەستەیەک وەکو "مەزنترین هەژماری یەکەم" یا "پاشای ئێستایی فەرەنسا" چیە و کێیە، نیگەرانی بەکارهێنانی بەردەوامی ئەم نووسراوانە نابین.

وتارەکە بە خاڵێکی مێژوویی کۆتایی پێدێنین:

بە گوێرەی دیتنی ئێمە، فرێگە، وتارێک کە تێیدا وەڵامی پرسەکانی باسکراوی دابۆوە بۆ ئەم گۆڤارە دەنێرێ کە وتاری "سەبارەت بە چەمک و ئۆبژە"ی چاپ کردبوو. بە لام سەرنووسەری گۆڤارەکە - بە قەزاوەتێک کە "مایکەڵ دامت" بە هەڵەترین بڕیاری دەزانێ کە سەرنووسەرێک تا ئێستا ئەنجامی داوە -، وتارەکە بڵاوناکاتەوە. (55) ئەمەش یەکەم جار نەبووە کە هاوچەرخانی فرێگە، لە گرینگی هزرکانی ناوبراو تێناگەن.

## پێڕستەکان:

1. Gottlob Frege
2. Principia Mathematica
3. Principia Mathematica, Cambridg, the University Press, 1910, P. viii
4.
5. function
6. argument
7. quantification theory
8. mathematical sequence
9. Context Principle
10. a Priori

11. intensional
12. extensional
13. بـرای ترجمـه ایـن مقالـه ر.ک. فرهنـگ، نـشریه مؤسـسه مطالعـات و تحقیقـات فرهنگی، ش 2 و 3 .
14. formal concepts
15. fact
16. Logical Investigations
17. private language
18. برای ترجمه‌ای از این مقاله در همین شماره ر.ک. صص 87 - 112.
19. Logicism
20.
21. thought
22. در اصطلاح فرگه: «اندیشه معنای جمله کامل».
23. Posthumous Writings, P. 253
24. Trectatus. P. 14
25. Philosophical Investigation, tr, G.E.M. Anscomb, Basil Blackwell 1978, P. 24
26. object
27. concept
28. relation
29. identfiables

saturated .30

A History of the Corruption of Logic .31

32. «نحوشناسی» را برای syntax در برابر semantics وضع کرده‌ایم. در منطق و ریاضی آنچه با عنوان syntax شناخته می‌شود بسیار وسیعتر از «نحو» به معنای متداول آن است. در منطق منظور از syntax همه مسائلی است که بیرون از حوزه دلالت‌شناسی قرار می‌گیرند. نحو زبان صوری بخش کوچکی از این مسائل است.

sentence .33

proper name .34

Place Predicate-1 .35

Place Predicate-2 .36

Place Predicate-3 .37

function .38

arguments .39

40. اینکه می‌گوییم تقریبا برای این است که تحلیل منطق جدید از قضیه‌های شخصی، چنانکه دیدیم، به کلی متفاوت از منطق قدیم است. در این موارد نباید فریب اصطلاحهای مشترک را خورد.

Quantification Theory .41

Kerry .42

.43

.Ibid. p 55 .44

formal concept .45

Tractatus, 4. 1272 .46

one-Place Predicate letter .47

two-Place Predicate letter .48

.Tiactatus, 4. 1212 .49

.Ibid . p7 .50

.Posthumous Writings, p 120 .51

Principle of the identity of indiscernibles .52

.Ibid, P . 121 .53

.Theory of Definite Description .54

Michael Dummet. Frege, Philosophy of Language, London, 1973. P. .55
212

# مافەکانی زمان

ماریاننا راولۆ

وەرگێرانی لە فینلاندییەوە: عەزیز شێخانی

## گرینگترین مافەکانی کەمایەتی

داواکاری مافە دیاری کراوەکانی کەمایەتی بە تایبەت لە جیهانی ئەمڕۆکانەدا چەندان گێرە و کێشە ناوەتەوە. گرینگترینی ئەمانە بریتین لەمافی خۆ بەڕێوە بردن، مافی تایبەت بەزمان و ئەو مافانەی کە گەلە خۆجێییەکان دەگرنەوە. بە تایبەتی ئەو مافانەی کە مافی خاوەنایەتی زەوی و داواکاریەکانی تایبەت بەم بابەتە دەگرنەوە، هەروەها مافەکانی پەنابەران. هەر بۆیە، ئەم مافانە و هۆکارەکانی تایبەت بەوان لەو نێوەدا وردتر تاو و توێ دەکەم. تا و توێ کردنەکە بە شێوەیەکی جیا لە جێی خۆی دایە، چونکە بە تێڕامان لە روانگەی ئەخلاقیەوە هەموو مافەکان بە شێوەیەکی جیا شی دەکرێنەوە. زەق کردنەوەی بابەتی تایبەت بە مافەکانی کەمایەتیش لە جێگای خۆیدایە و گرینگە، چونکە بابەتی هەر رووداوێک جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دیکەو چاو خشاندنی تایبەت بە خۆی دەخوازێت. ئەگەر بێت و ئیندیانیەکان خاوەنی مافی خاوەنایەتی زەوی و زار بن، ئەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ مافی خاوەنایەتی

زەوی بۆ سامیەکان دابین ناکات. لایەنی دژ و نەیار هەمیشە بە بوونی خۆی شوێنەواری خراپ دەخاتە سەر لایەنی بە رامبەر و ناسنامەکەیان بە هۆی کزکردنی مافی زەوی و زارەوە بێ هێز دەکەن. بۆیە لە کات و ساتێکی وادا جێ بە جێ کردنی مافەکانی هەڵچندراو لە سەر لایەنی دەرەکی لە دایک دەبێت.

## مافی دیاری کردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ

لە کۆنفرانسی ویرسای ساڵی ١٩١٩ دا ئاماژە بە ئەوە کراوە، کە بابەتی مافی دیاری کردنی چارەنووس خراوەتە سەر هێڵێکی سوور، چونکە ئەو ئاوات و ئارەزووانە وەخەبەر دێنێ کە رەنگە هەرگیز وەدی نەین. لە سەر دەمی ئەمرۆدا دەتوانین رابگەیێنین، کە ئەو تێڕوانین و روانگەیە شتێکی راست بوو. لە دنیادا ئەوەندە گەل زۆرن کە ئەگەری بوونە دەوڵەتی هەموویان لە ئارادا نیە. بیر و بۆ چوونی تایبەت بە مافی چارەنووس لە قووڵایی مێژووی دێموکراسی دا هەڵکەوتووە. مافی دیاریکردنی چارەنووس لەو لایەنەیە، کە بە شێوەیەکی سرووشتی لە بیر و بۆ چوونمان دا هەیە و هەروەها لە رێککەوتننامەکانی تایبەت بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێکراوە. ئەوە کە مەبەست لە مافی دیاریکردنی چارەنووس چییە هێشتا ناڕوونە. هەوڵە سەرەتایەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەبوو، مافی سەربەخۆیی وڵاتانی بن دەست مسۆگەر کات. مافی دیاری کردنی چارەنووس هەر چۆنێک بێت پێکهاتوو لە چەند بوار و لایەنی جۆرا و جۆرە. پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ رەنگە بۆ هێندێک تاقم و کۆمەڵ و کەمایەتی دوور لە راستی و ئارەزوویەکی وەدی نەهاتوو بێت. ئەوسا پێویستە بیر لە شکڵ و شێوەکانی دیکەی مافی چارەی خۆ نووسین بکرێتەوە. ئەوانەی کە بە

شێوەیەکی لە بارتر لەگەڵ بارو دۆخی دیاری کراودا دەگونجێن. مافی چارەی خۆنووسین کە لە سەر بناخەی ئەخلاق دامەزراوە، بە شێوەیەکی نەریتیی بە چاک کردنەوەی هەڵەکانی رابردوو یا خۆبواردن لە کار و کرداری تەریک خستنەوە و لە نێو بردنی کەمایەتیەکان دەناسرێت. ئەم شێوەیە لە بیرکردنە، نوێنەرایەتی یەک تاکە بیر و بۆ چوونە لە لیبرالیزم دەکات. لەو بەشەی دواییدا چەند تیۆریەکی لیبرالیستی تایبەت بە مافی دیاری کردنی چارەنووس دەخەمە روو.

## ئۆتۆنۆمی و مافی دیاری کردنی چارە نووس

تیۆری Daniel Philpottin لەمەڕ دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵ لە سەر بناخەی ئەخلاقی ئۆتۆنۆمی تاک دامەزراوە، هەر وەکو کانت تیی گەیشتبوو. بابەتی دانییل ئاماژە بەوە دەکات کە هەر جۆرە کۆمەڵە مرۆڤێک لە ناوچەی دیاری کراودا خاوەنی دەسەڵاتێکی دیاری کراوە بۆ ئەوەی کە خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە بەرن، ئەگەر بێت و ئەو کۆمەڵە خوازیاری ئەو مافانە بێت. [1]

لە روانگەی بنکە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگاوە ئۆتۆنۆمی بە مانای کۆمەڵێک ناوەندی دیاری کراوە. لە سەرەتادا یاسا دەبێت پارێزەری ئازادی بە هەر دووک جۆری نێگەتیڤ و پۆزێتیڤ بێت، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ ژیانی خۆی کۆنترۆڵ بکا و بەڕێوە بەرێت. لە ژیانی سیاسیدا ئەمە بە مانای مافی بە شداری کردن، لە تێکۆشانی سیاسی و نوێنەرایەتی دایە. گرینگ ئەوەیە کە تاک بتوانێت ئەو کەسانەی بە نوێنەرایەتی هەڵبژێردراون کۆنترۆڵ بکات. دووهەم یاسا و بەڕێوەبەری لەو بابەتانەن کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

بنکە و بنیاتەکانی دیموکراسی پێک دێنن و تێکۆشان و هەڵسوکەوتی دیموکراسیانە پەرە پێدەدەن. نیشانەی سێهەم لەمەڕ قەوارەی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا دابەشبوونی عەداڵەتە. کاتێک کە ئێمە خۆ بەڕێوە بەرین پێویستە ئەم خۆ بەڕێوە بردن و ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی دابەشبوونی دارای و بوونی کۆمەڵگادا خۆی بنوێنێ و هەروەها لە دابەشبوونی باقی ئیمکانات و ئەگەرەکانی کۆمەڵگادا دەرکەوێت.[2]

لە ئاکامی ئەو سێ لایەن و نیشانانەی ئۆتۆنۆمیدا دامەزراوە دیموکراتیەکان ئاماژە بە خۆ بەڕێوەبردن دەکەن. مافی دیاریکردنی چارەنووس، دیموکراسی نوێنەرایەتی و بەشداری کردن گەشە پێدەدا، بە تایبەت لە ڕێگای تێکۆشانی سیاسی ئۆتۆنۆمی تاکدا. بوار و لایەنە نزیکەکانی بریتین لەو کەمایەتیانە، بە تایبەت مافەکانی نوێنەرایەتی و بەڕێوەبردنی ناوچەیی. بە هەرجۆر مافی دیاریکردنی چارەنووس بابەتێکی بێ وێنە و تاکە، چونکە دیموکراسی ئەو کۆمەڵە گەشە پێدەدا، کە ئەندامەکانی خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسی هاوبەشن و هەروەها هەوڵ دەدەن خۆیان بەڕێوە بەرن لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدەن نوێنەرایەتیەکی بەرفراوان تر لە جوارچێوەی دەسەڵاتی ئێستادا بەدەست بێنن.[3]

فیلپۆتن بۆ نموونە کۆمەڵێک هەڵدەبژێرێت، کە بە کۆمەڵی خەیاڵی نێوی دەبات. ئەوان لە ناوچەیەکی دیاری کراودا دەژین و ئامانجی ئەوان وەدیهێنانی داهاتوویەکی خەیاڵیە لە ڕێگایەکی ئوتۆپیاییەوە. هۆی هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە ڕەنگە ناڕازی بوون لە دەوڵەتی ئێستا بێت، کە وا هەست دەکەن زۆر لە بابەتەکان دوورە. خاڵی گرینگ لەو جۆرە بیر و بۆچوونەدا ئەوەیە، کە دانیشتووانی دەوڵەتێکی بەربڵاو پێویستی نەکردووە زەبر لە کۆمەڵی ئوتۆپیا بدرێت چ لە رووی ئابووری و یا فیزیکیەوە. هەروەک لاینگرانی بیر و بۆچوونی نەریت و دابەکان داواکارن. ئەوە بەسە کە لاینگرانی ئوتۆپیا بۆ

خۆیان داواکاری دەسەڵاتی زیاترن لە بابەت و مەسەلەکانی تایبەت بە خۆیاندا. ئەوان هەست دەکەن کە دانیشتووانی دەوڵەتێکی بەربڵاو و فراوان، لە زاراوەی ئەوان تێ ناگەن. ئەوان هەروەها چیرۆکی قارەمانانی ئوتۆپیا ناناسن و ناشیانهەوێت بیر و بروای ئوتۆپیا بۆ نەوەی داهاتوو بپارێزێن. هۆیەکان رەنگە چەندان جۆربن کە دەکرێت مافی دیاریکردنی چارەنووس بسەلمێنن، یا هەروا بە شێوەیەکی نەسەلمێندراو بیهێڵنەوە. لە راستیدا هیچ جۆرە هۆکارێک لەم بارەوە پێویست ناکا، تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئوتۆپییەکان باشتر نوێنەرایەتی بکرێن، چالاکانە بەشداری بکەن لە دانی ئەو بڕیارانەی کە ئەوان دەگرێتەوە. لە بارووودۆخێکی ئەوتۆدا دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی ئەوان بەرەو زیاد بوون دەڕوات.(4)

فیلپۆتین ئامادە نیە سەربەخۆیی بە هەموو تاقم و کۆمەڵەکان بدات، بەڵکو لە روونکردنەوەی بابەتەکەی خۆیدا باس لەو سنوورانە دەکات، کە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەگرنەوە. ئەگەر بێت و چاوەڕوان بکرێت، کە ئۆتۆنۆمی دانیشتووەکان بەرەو کەمی دەڕوات، لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا پێویست ناکا مافی چارەی خۆنووسین بدرێت. یا دەبێ ئەو مەرجانەی لێ زیاد بکرێن کە رێگا لە پێشێل کردنی مافەکانی ئەندامی کۆمەڵ دەگرن. بە هەمان شێوە ئەگەر پێدانی مافی دیاریکردنی چارەنووس ببێتە هۆی بەر تەسک بوونەوەی مافەکانی دانیشتووانی دەوڵەتێکی بەربڵاو، ئەوا دەکرێ لە پێدانی مافی چارەنووس خۆ ببوێردرێ یا بە مەرج مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. لەو جۆرە مافانەی کە رەنگە بەرتەسک ببنەوە، بۆ وێنە قەدەغەکردنی سەرف کردن یا ئەو یاسا و رێ و شوێنانەی کە گرێدراو بە شوێنی کارەوەن لە لایەن دەوڵەتێکی نوێ وە. بۆ وێنە سەبارەت بە لایەنەکانی ئابووری، ئەگەر بێت و وڵاتی کالیفۆڕنیا بیهەوێت لە وڵاتە یە کگرتووەکانی ئەمریکا جوێ

ببێتەوە، ئەوسا وێ دەچێت لە پێوەندی لە گەڵ سیاسەتی بازرگانی کالیفۆڕنیادا گیرووگرفت بێتە کایەوە.[5]

لەمەڕ کەڵک وەرگرتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەر ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ، کە لە لیبراڵیزمی کلاسیک دا بۆ ئازادی تاک دەهاتنە کایەوە. ئەمە واتای وایە، کە کۆمەڵ و تاقم تەنیا دەتوانێت ئەو بابەتانەی خۆی بەڕێوە بەرێت. لەو بابەتانەی کە لایەنەکانی تریش دەگرێتەوە، ئەرک و وەزیفەی دەرەکیان لێ دەبێتەوە. لە بەر ئەو هۆیە شکڵی هەرە بەرچاو و دیاری خۆ بەڕێوەبردن واتا پێکهێنانی دەوڵەتی سەرەبەخۆ، پێویستە زۆر بە وردی و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە روانگەی دەوڵەتەوە تاوتوێ بکرێن. لە هیچ حاڵەت و بارودۆخێک دا ناکرێت رێگە لە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی بگیرێت، چونکە ئەو رێگرتنە بەمانای پێشێلکردنی ئۆتۆنۆمی دەژمێردرێت. ئەوە کە هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ژێر سێبەری دەوڵەت دان بتوانن لە دەنگدانێکی ئەوتۆدا بەشداری بکەن، ئەوە جۆرێک گاڵتە بە ئۆتۆنۆمی دێتە بەرچاو.[6]

ئەو بابەتانەی کە پێشتر خرانە بەرچاو، مانای وایە کە بۆ وێنە کوردەکان کە لەلایەن موسووڵمانەکانەوە دەورا و دەوریان گیراوە یا گەلە خۆجێییەکانی کانادا کە لە لایەن باقی کانادایەکانەوە ئابڵوقە دراون بتوانن بە تەواوەتی بابەتە پێوەندیدارەکان بە کلتوورو ئایین و لایەنەکانی دیکەی تایبەت بە خۆیان بەڕێوە بەرن. بەڵام ئەوان ناتوانن هەوڵی دانانی رێ و شوێنی بازرگانی بدەن و هەروەها پێوەندیە گرینگەکانی پێوەندی دار بە هاوکاری ئابووریەوە بقرتێنن، بەڵکو ئەوسا پێویستە بڕیارێکی هاوبەش بێتە کایەوە. رێگا چارە عەمەلیەکان لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەکرێت چەند لایەنە بن.[7]

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا دیاریکردن و تاریف کردنی گەل، ژانە سەرێکی زۆری بۆ شارەزایانی یاسا و ماف دروست کردووە. فلیپۆتن ئاوا

دەڕوانێتە ئەو بابەتە، کە باشترین و ئاسایی ترین تاریف لە مەڕ گەل کۆمەڵێکی ناوچەییە، کە ئەندامەکانی لە سەر ئەندامەتی خۆیان لەو کۆمەڵەدا ئاگادارن و دەیان هەوێت ناسنامەی هاوبەشی خۆیان بپارێزن.[8] ئەوسا دەکرێ لە زۆر بابەتی ئۆبیەکتیڤ خۆ بپارێزرێت، ئەوانەی کە هەمیشە نابنە هۆی پێدانی ماف بە هەر تاقم و کۆمە ڵێک.

بە گفتوگۆ کردن لە سەر پێکهاتە و قەبارەی گونجاوی کۆمەڵ دەکرێت بسەلمێندرێت، کە دەوڵەتە شاریەکانی بچوک وەکو ئاندۆرا، مۆناکۆ، سینگاپوور یا لیختنشتاین وا نیشان دەدەن کە لە دنیاە ئەمڕۆدا زۆر سەرکەوتوو بوون. گرینگ ئەوەیە کە دەوڵەتی لە دایکبوو یا باقی ناوچە خۆ بەڕێوەبەرەکان بکرێت داوا سەرەکیەکانی پێوەندی دار بە کالا گشتیەکانەوە جێبەجێ و دابین بکات. لەم بارەوە داواکاریەکان بە شێوەیەکی سرووشتی لە روانگەی دەوڵەتەوە گەورەترن وەکو ئەوەی هەوڵ بدرێ بۆ دەسەلاتێکی ناوچەی بەرتەسک تر.[9] لە روانگەی مافی دیاریکردنی چاررنووسروە دەکرێ پرسیار بکرێت ئایا هاووڵاتیان بەرامبەر بە دەوڵەت هیچ جۆرە ئەرکێکیان نیە لەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژین؟ ئایا داواکارییەکانی دەسەلاتی خۆبەڕێوەبەر هاوشان نین لە گەڵ راپەڕین و سەربزێوی؟ سەرەتا پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە، کە بە چ شێوەیەک ئەرک و وەزیفە بە رامبەر بە دەوڵەت بە رەوا زاندراوە. یەکێک لەو شێوانە بە تیۆری رازیبوون بە ناوبانگە، کە بە گوێرەی ئەو تیۆریە ئەرک و وەزیفەکان لە رێگای رەزایەت و قەناعەتەوە لە دایک دەبن. لە روانگەی جان لاکەوە لە رێگای رازی بوونێکی هێمنانە و بێدەنگەوە، لە تێکۆشانی هاوبەش دا بەشداری دەکرێت.[10]

تیۆری داواکارییەکانی رازیبوونی ئاسای بە بێگومان دڵفراوان ترن لەمەڕ داواکارییەکانی مافی دیاری کردنی چارەنووس. چونکە تیۆری رازیبوونی ساکار و یەک لایەنە لە دەوڵەتی ئێستادا نابیندرێت. بەم جۆرە لە ئاکامدا وا

گومان دەکرێت، کە هیچ جۆرە ئەرک و وەزیفەیەک لە ئارادا نیە و هەر بۆیە مافی دیاری کردنی چارەنووس راستە وخۆ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها لە تیۆری جان لاک دا بیر و بۆچوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرچاو دەکەوێت، چونکە ناوبراو دەڵێت دەوڵەتێکی عادڵ بە گوێرەی بڕیاری ئازاد و بەرامبەر، سەربە خۆیی بە تاک دەدات نەک بە زۆرەملی. ئەمە بە مانای ئەو مافەشە لە گەڵ ئەو دەوڵەتەدا بژین کە بۆ خۆمان هەڵی دە بژێرین. باقی تیۆریەکانی دەوڵەتی لیبراڵیستەکان لە گەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس دا دەگونجێن، چونکە لەو تیۆریانەدا ئۆتۆنۆمی ئینسانەکان بە زەق کراوەیی دەبینەرێت.[11]

لە مەڕ راپەڕین و سەرهەڵدان کە کانت بۆ وێنە بە رەوای نازانێت دەکرێت ئاماژەبکرێت، کە راپەڕین و سەرهەڵدانەکان لە ئاستێکی گشتیدا دەیان هەوێت ئەو دەوڵەتە بڕووخێنن کە لە ئارادایە و رێ و شوێنی کۆمەڵگا لەنێو بەرن. لە شکڵ و شێوەی دیکەدا لاینگرانی شاری خەیاڵی خوازیارن بە شێوەیەکی هێمن و خاوێن و بە دوور لە زەربە لێدان لە چنگی دەوڵەت رزگاریان بێت. راپەرین و سەرهەڵدان هەروەها لە تیۆری لیبراڵیزم دا ئەو کاتە بەڕەوا زاندراوە، کە دەوڵەت لانی کەمی داواکاریەکانی عەداڵەتی لیبراڵیستی ناهێنێتە دی. لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا هەم مافی دیاری کردنی چارەنووس و هەمیش مافی سەرهەڵدان و راپەڕین تێکەڵ بە یەکتر دەبن.[12]

فیلێپۆتین بە دژی ژمارەیەک شارەزای لیبراڵیزم پۆششی ولات بە خاڵی گرینگی مافی دیاریکردنی چارەنووس نازانێت. لە روانگەی ناوبراوەوە دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە هەروەکو دەسەلات و کار- بەدەستەکانی خاوەن زەوی، بێ پێدانی مافی ئیدارەکردن و پاراستنی بەڕێوەبەرانی سەرەکی هاووڵاتیان لە ئاستێکی گشتی دا و بە بەکار- هێنانی یاسا هەڵس و کەوت دەکەن. بە واتایەکی دیکە دەوڵەتی بەڕێوەبەر خاوەنایەتی وڵاتەکەی خۆی

ناکات وەکو مرۆڤە تاکەکان.[13] هەر بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕوانگەی فیلپۆتینەوە لەمەڕ یەکگرتنەوە ناوچەیی هەوڵێکی زۆری داوە، کە لەم ڕێگایەدا کەند و کۆسپ بخاتە سەر ڕێگای ئاوات و ئارەزووی سەربەخۆ خوازەکان.[14]

ڕێ و شوێن دیاری کردن بۆ موڵک، دارایی و بوون و ئەگەرەکانی دیکە لە گەڵ پێ ڕاگەیشتن و ئیدارەکردن بە سەروەت و سامانی گشتی لە ئەرکەکانی دەوڵەتن. بەرگری کردن لە وڵات و نیشتمان بە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ چواچێوەی تێکۆشانی دەوڵەت. بەو واتایە دەوڵەت خزمەتی ئەو هاووڵاتیانە دەکات، کە لەسەر ئەو خاکە دەژین، کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات. بەڵام بە گوێرەی تیۆری لیبراڵیزم مافەکانی دەوڵەت هەموویان بەندن بەوەی، کە دەوڵەتێکی خەڵکی و عادڵ هەبێت. ئەگەر دەستە و تاقمێک کە خۆی بەڕێوەبەری خۆیەتی بە شێوەیەکی عادلانە و دادپەروەرانە هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری خۆی دەدات، ئەوا ئەم دەوڵەتە بەڕێوەبەرە تازەیە دەبێتە بەڕێوەبەری وڵات. لە سەر بناخەی ئەم تیۆریەدا هیچ جۆرە داخوازیەک لە مەڕ دیاریکردنی مافی چارەنووس لە سەر بناخەی کلتوور ڕەوانیە.[15]

تیۆری فیلپۆتین بە گشتی لە تاقیکردنەوەدا بێ گیرو گرفت نیە. هەرچەندە ئەو مەرجانەی کە پێوەندیان بە مافی چارەنووسەوە هەیە لە ئاستی تیۆری دا دیاری کراو و روونن، بەڵام جێبەجێکردنی ئەوان لە کرداردا بە زەحمەت ترە. ئەگەر بیر لە وڵاتانی ژێردەستی ئیستیعماری لە ئەفەریقا بکەینەوە، دەکرێت بە روونی ئاماژە بکرێت کە نەک دێموکراسی لەو وڵاتانەدا جێبەجێ نەبووە، بەڵکو ڕێز لە مافی مرۆڤیش ناگیرێت. هەرچەندە ڕەنگە ئەو خاڵانە لە یاسای بنچینەی وڵاتدا گونجێنرابن. لێرەدا ئەوەی گرینگە بڕیاردان لە سەر ئەوەیە، کە ئایا ئەو وڵاتانە ئێستاکانە لەو ئامانجانە نزیکتر دەبوون، ئەگەر بێت و پرۆسەی سەربەخۆ بوونی ئەوان وە درەنگتر خرابایە. ستوارت میل

ئیددیعای دەکرد، کە گەل پێویستە ئازادی خۆی گەشە پێ بدات بە تێگەیشتن لەوەی، کە سەربەخۆیی لە زۆر بواردا تازە سەرەتای ڕێگایەکی درێژە بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ. لە ئاکامدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە، ئەگەر تەنیا لانی کەمی دیموکراسی لیبرالیزمی کەم و کوڕی هەبێت، ئەوە باقی دەوڵەتانی لیبراڵ مافی قەدەغەکردن و وەدرەنگ خستنەوەی سەربەخۆییان هەیە. ئەم بنچینە و بنەمایەش هەمیشە جێبە جێ نەکراوە. تەنیا پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕێگەی پێدراوە، هەرچەندە دەوڵەتێکی لەم جۆرە ئازادی ئایینی مسۆگەر ناکات، کە یەکێک لە مافەکانی مرۆڤە.(16)

ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراتیک دا کۆمەڵێکی غەیری لیبراڵ بیهەوێ جیا بێتەوە یا ئۆتۆنۆمیەکی بەر فراوانتر لە نێو دەوڵەتدا مسۆگەرکات، بەم شێوەیە پرسیارێکی گرینگ دەورووژێت. لە مەڕ گەلەخۆجێیی و لە مێژینەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاڵی سەرەکی گرێدراو بەو مەسەلەیەوەیە. بۆ وێنە ڕووداوی ئەو تۆ هەیە کە ئیندیانیەکانی نیشتەجێ لە گوندە قوڕینەکانی ئەمریکا ئیددیعا دەکەن، کە جێبەجێکردنی وەزیفە ئاینیەکان لە لایەن پڕۆتستانەکانەوە لە ناوچەی ئەواندا جگە لەوەی کە دژایەتی لەگەڵ کلتووری ئەواندا هەیە هەروەها هەڕەشەی لێک بڵاو بوونیشی لێ دەکا. کیوملیکا ئەم بابەتەی تاوتوێ کردووە و دەڵێت: هیچ جۆرە هەڕەشەیەک لە ئارادا نیە، بەڵام ئەگەر بێت و هەش بێت پێویستە بۆ پاراستنی کلتوور دەسەڵات هاوسەنگ بکرێت. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بگوترێ کە ئیندیانیەکانی نیشتەجێی گوندەقوڕینەکان بۆ خۆیان بە باشترین شێوە هەڵی دەسەنگێنن، چونکە ئەم هەڕەشەیە لە ئارادایە. چونکە جیابوونەوە لە کۆمەڵ ئەگەری هەیە و ڕەنگە کەسانی وەرگەڕاو بۆ ئایینی عیسا ئەو کارەبکە ن. لە هیچ بارو و دۆخ و ئەگەرێکدا بەرزترین ناوەندی مافی ئەمریکا بۆی نیە

ئیندیانیەکان بخاتە ژێر فشار بۆ قبوڵ کردنی ڕێگا چارەیەک، بە ڵکو بابەتەکە پێویستە لە ناوەندی مافی تایبەت بە خۆیاندا تاوتوێ بکرێت.[17]

لە مەڕ پێ نەدانی مافی دیاری کردنی چارەنووس زیاتر وا شیکراوەتەوە، کە پێدانی ئەو مافە دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕ و دروست بوونی تێکەڵ پێکەڵی. دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی شەپۆلی پەنابەران و لە بەریەک بڵاوبوونی ژیانی ئینسانەکان. ئەمە تاوانێکی گەورەیە هەر بۆیە ئاکامەکانیشی دەبێت لەگەڵ ئەوە بەراورد بکرێن، کە بە هۆی مافی دیاری کردنی چارەنووسەوە چ شتێک دەکرێت. هەروەکو لە پێشتر ئاماژەی پێکرا، درووستکردنی دەوڵەتێکی خۆیی ئەگەری زۆری هەیە بۆ ئەوەی ئاکامەکانی شوێن لە سەر هاوڵاتیانی دەوڵەتی دایک دابنێن، هەر بۆیە ئەم کارە بە کارێکی زۆر گەورە دەژمێردرێت. جیابوونەوەی سلۆواکیا لە چیکۆسلۆواکیا ئەگەری زۆری هەیە، لە مەڕ شوێن دانان لەسەر کزکردنی لایەنی ئابووریدا. هەروەها بۆ هەندێک دروست کردنی دەوڵەتێکی بچووک دەوڵەتی جیرانی توڕە و دژ دەخولقێنێ و باڵکان لێرەدا بۆ خۆی نموونەیەکی زیندووە. وا باشە ئەوە لەبیر نەکرێت، کە نە دانی مافی چارەی خۆنووسینیش ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە. بەم شێوەیەی کە کوردەکانی عێراق بە بەردەوامی لە ژێر هەڕە شەی سدام حسێن دا دەژین.[18]

فیلپۆتین بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی پرسیارەکانی تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسین قەوارە و کلێشەی گشتی پێشنیار دەکات. هێندێک کۆمەڵی دیاریکراو لە هێندێک شوێنی دیاردا مافی چارەی خۆ نووسینیان پێ دەدرێت، بەو مەرجانەی خوارەوە:

١. ئەگەری ئەوە هەیە، کە لانی کەم بە قەدر ئەو دەوڵەتەی کە داوای جیابوونەوەی لێ دەکات ڕێز لە بنەماکانی لیبراڵیزم بگرێت.

**٢.** پێکهێنان و درووستکردنی دەوڵەتی نوێ بە ڕەواتر بزاندرێت. ئەگەر بێت و لە ژێر هەڕەشە دابێ و لە ڕێگای جۆرا و جۆرەوە زەربەی لێ بدرێت.

**٣.** ئەو مەترسیە لە ئارادابێت کە جیابوونەوە، دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی دانیشتووانی دەوڵەتی ناوەندی کەم کاتەوە، ئەوا مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێ بەرتەسک بکرێتەوە یا خاڵە لاوازەکان هاوسان بکرێن لە گەڵ لایەنەکانی تردا.

**٤.** لە کۆتایدا دەبێت هەڕەشەی تێکەڵ پێکەڵی و ئاڵۆزی هەڵبسەنگێندرێ و لەگەڵ ڕەوابوون و جێبەجێبوونی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا بەراورد بکرێن.

لە نێوان هەڵبژاردنی ئەو مەرجانەدا ئەو ئەگەرە کەم دەبێتەوە کە هێندێک دەستە و تاقمی دیاریکراو کەڵک لە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەربگرن، ئەگەر بێت و قازانجەکان زیاتر ئاڵۆز بکا لە نێو دەوڵەت دا. هێندێک لە ئینگلیزی زمانەکانی وڵاتی کانادا لەو باوەڕەدان، کە کێبیک بەم شێوەیە ڕەفتاری کردووە. فیلپۆتین لە وتەکانی دا زیاتر ئاماژە بە دەوڵەتەکانی وەک بلژیک و سوویس دەکات، کە ڕێگا چارەسەریەکەیان سەرکەوتوو بووە. هەروەها ئاواتەخوازە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سەر ئەو بناخەیە لە نێو مافی نێو دەوڵەتی دا بچسپێندرێت، ئەوسا بە شێوەیەکی قایم و پتەو ڕێکخراو شوێن لە سەر جیهان دادە نێت. [19]

مافی زەوی و زار بەهێزکەری روانگەی مافی دیاریکردنی چارەنووسە. Christopher Wellman مافی خاوەنایەتی زەوی و زار بە نیشانەیەکی دیار و بەرچاوی جیابووە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دا دادەنێت. لە روانگەی ناوبراو مافی دیاریکردنی چارەنووس لە باقی مافەکان جیاوازە. ئەگەر بێت و هیچ جۆرە پێوەندیەکی لەگەڵ رووداوەکانی رابردوودا نەبێت بۆ ساخ کردنەوە

و تێهڵێنانەوەی هەڵەکانی ڕابردوو. جیاوازی لێرەدا واتای وایە، کە باقی ئەو بابەتانەی کە لە بواری سەرەکی گرێ دراو و بەندن بە لایەنە سەربازی و ئابووریەکانەوە ئەوانەی کە دەتوانن گیروگرفت بۆ دەوڵەتی ناوەندی بخوڵقێنن دەکرێت بەر بە جیابوونەوە بگیرێت، تەنیا لە ڕێگای شوێن دانان لە سەر مەرجەکان و پێکهێنانی هاوکێشی لە نێوانیاندا. ئەم بابەتە بە جۆرێک هاوڕیشەیە لەگەڵ مەسەلەی جیابوونەوەی خاوخێزان دا. لەویش دا ڕێگە بە جیابوونەوە دەدرێت، بەڵام ئەم جیابوونەوە ئاکامی ئابووری لێ دەکەوێتەوە. جیابوونەوەی دەوڵەتیش بە هەمان شێوە ئەو ئاکامانەی لێ دەکەونەوە. [20]

وێڵمان ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە سەر بناخەی هەڵەکانی رابردوودا هەڵدەچنرێن بە هەڵە دادەنێت. چونکە کاتێک مافی خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵ بە رەوا دەزانێت، کە دەوڵەت ناعادلانە هەڵس و کەوتی کردبێت. لە بەر ئەوەی کە مافی خۆبەڕێوەبردن مافێکی دیار و جیایە بە هیچ جۆرێک داواکاری نابەرابەری و بێ عەدالەتی ناکات، بۆ ئەوەی کە ببێتە مەسەلەیەکی رەوا. بەڵێ، هەندێک لە بڕیارە پۆزیتیڤەکان لە مەڕ سەربەخۆیی چەند تاقمێک لە نێو چەند دەوڵەتی دیاریکراودا، هەرچەندە لە روانگەی ئەخلاقیەوە رەوا و حەق بن، ئەمە لەسەر بناخەی مافی دیاریکردنی چارەنووس دانامەزرێت و لە راستیدا لە گەڵ مافی دەوڵەت لەو ناوچەیەی کە تێیدایە دژایەتی هەیە. [21]

نیشانەی دیاری کردنی مافی چارەنووس، ئەوەیە کە ئەو مافە بدەنە بە ناوچەیەکی دیاری کراوی وڵاتێکەوە کە دەوڵەتەکان بە بێ ئەم لاولا لێک گرێدراون لەگەڵ ئەو ناوچە دیاری کراوانەدا. کردار و رەفتار ئەمە دەخاتە ڕوو، کە کاتێک مرۆڤەکان لە ژێر چوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراودا ڕێک دەخرێن، ئەم پڕۆسەیە بە شێوەیەکی ناوچەیی جێبەجێ دەبێت. [22]

لە سەرەتای یەکەمین قۆناغی لێکۆڵینەوەدا دەبێ پرسیار بکرێت، لە چ کات و سەردەمێکدا دەوڵەت مافی ئیدارەکردنی ناوچەکانی خۆی هەیە. تیۆری رازیبوون یەکێک لە رێگاچارەکانە، کە بە تووندی لەگەڵ روانگەی بیر و بۆ چوونی لیبرتاڵیستەکان لە دژایەتیدایە. بەو پێیە تاکەکان و کۆمەڵەکان خاوەنی مافێکی بێ سنوورن بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەت، چونکە هیچ دەوڵەتێکی ئەو سەردەمە لە سەر بناخەی ویست و داخوازی هاوڵاتیان پێک نایەت. لە روانگەی وێڵمانەوە تەنانەت دەنگدانی زۆرایەتیش پێشاندەری رازی بوونی تەواو بە ئاکار و رەفتارەکانی دەوڵەت نیە، چونکە دەوڵەت هەرچۆنێک بێت رێگا چارەکانی دەنگدانی ئاراستە کردووە. [23]

مافی جیابوونەوەی بێ سنوور لە هەر حاڵەتێکدا ئاکامی زەرەرمەندی لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەتی زۆر بچووک لە دایک دەبن، کە ناتوانن ئەرکەکانی دەوڵەت بەجێ بگەینن. لە ئاکامدا بێ دڵنیایی و نەبوونی هێمنایەتی هەروەها بێ هێزی بەشی ئیداری دەوڵەتە تازەکان و دەوڵەتە دایکەکانیش دەگرێتەوە. [24]

رێگا چارەی دووهەم بریتییە لە نموونەی ئامانجیی. بە گوێرەی ئەم نموونەیە مافی دەوڵەت لە مەڕ ناوچەکانی وڵاتدا گرێدراو بەو ئەرک و وەزیفانەیە، کە دەوڵەت جێبەجێیان دەکات. دابین کردنی ئاشتی و مافەکانی هاووڵاتیان لەو ئەرک و وەزیفانەن. زۆر گونجاوە لە سەر ئەو بناخەیەدا، مافی خۆبەڕێوەبردن و مافی دیاری کردنی چارەنووس قبوڵ بکرێت و بە ڕەوا بزاندرێت، ئەگەر بێت و ناوەندێکی دیکەی سیاسی بتوانێ ئەو ئەرکانە باشتر لە دەوڵەت بەڕێوە بەرێت. بە واتایەکی دیکە لە رووی چۆنایەتیەوە بە سەرف کردنی هەمان بوودجە یا کەمتر لەوەش ئەرکەکان باشتر راپەڕێنێت. لایەنە کز و لاوازەکانی ئەو نموونەیە بریتیە لەوەی، کە بە زۆری دابڕان و لێک گرێدان لە گەڵ دەوڵەتێکی دیکە بە ڕەوا دەزانێت، ئەگەر بێت و ئاکامی ئەم لێکدانە یا جیا بوونەوە پێکهاتنی دەوڵەتێکی بە هێزتر بێت، کە مافی هاووڵاتیان

بپارێزێت. وادیاره ئەم ریگا چارەیە ئامانج ناپێکێت و ناسرووشتیە. لایەنی هەرە لاوازی ئەوەیە، کە بایەخ بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بە مافی هاوڵاتیان نادات، بۆ ئەوەی کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکە ن. [25]

ویڵمان وەکو ریگاچارە نموونەیەکی تێکەڵاوی هەڵبژاردووە. ناوبراو سەرنج دەداتە نموونەی رازیبوون بۆ دابینکردنی مافی خۆبەڕێوەبردن، بەو مەرجەی کە ئاکامی زەرەرمەندی لێ نەکەوێتەوە. ویڵمان هەروەها سەرنج دەداتە سەر خاڵە باشەکانی نموونەی ئامانجیی. ئەگەر بێت و سەرنج بداتە ئاکامەکانی جیابوونەوە لە مەڕ پێ ڕاگەیشتن بە ئەرک و وەزیفەکانی دەوڵەت، هەروەها مافی جیابوونەوە قەدەغە بکات لەسەر ئەساسی ئاکامە زەرەرمەندەکانی. لە روانگەی نموونەی تێکەڵاوەوە، هەر تاقم و کۆمەڵێک مافی جیابوونەوەی لە دەوڵەت هەیە، ئەگەر بێت و بۆ لایەنی جیابووە لە دەوڵەت و دەوڵەتی ناوەندیش دارایی و بەرفراوانی و باقی ئەگەرەکان وەک پێویست لە ئارادابن. هەروەها لە رووی رووبەرەوە شکڵێکی بەڕێوەبەری ئیداری هاوشێوە لە ئارادابێت، کە بە شێوەیەکی ریک و پێک ئەرکەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن، بۆ ئەوەی کە هێمنایەتی سیاسی ناوچەکە مسۆگەر کەن. ئەوە واتای وایە هەرچۆنێک بێت بەرگرتن لە دامەزراندنی  دەوڵەت بەڕەوا بزاندرێت، ئەگەر بێت و هۆکاری ئەوتۆ لە ئارادابن کە نیشان بدەن دەوڵەتی داهاتوو پارێزگاری  لە مافە کانی هاووڵاتیان ناکات. ئەو پێشگرتنە لە هاتنە کایەوەی دەوڵەت ئەو کاتە بەڕەوا زاندراوە، کە هەموو دانیشتووان و هاووڵاتیانی ئەو ناوەندە یەک دەنگ بڕیار بدە ن، چونکە دەوڵەتی  ناوەندی ئەرکی پارێزگاری لە منداڵەکان و مافەکانی ئەوانی لە ئەستۆدایە. ئەم  نموونەیە هەروەها  مانای وایە کە ریگای  جیابوونەوە  لە بەردەم تاک و تاقمە  بچووکەکان دا ئاواڵە نیە، بەڵام چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەی کە داواکاری ئەو مافەیە سەرنجام لە رەوتی زەمان و هەنگاو بە هەنگاو دیاری دەکرێت. [26]

جیابوونەوە لە دەوڵەت دەکرێت لە گەڵ ماشێن و ئۆتۆمبیلی لەخوڕین بەراورد بکرێت. ئەگەر بێت و دەوڵەت بە هیچ جۆرێک رێ و شوێنی کارتی ماشێن لێ خوڕین بە سەرنج دان بە تەمەن و سلامەتی دیاری نەکات، ئەمە بۆ کەسانی دیکە ئاکامی خەراپی لێ دەکەوێتەوە. بە هەمان شێوە جیابوونەوە لە دەوڵەت دەبێ رێ و شوێنی خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی کە زەرەری زۆر و زەمەند لە دایک نەبن. (27)

لە روانگەی دەوڵەتانی ئەم سەردەمەوە مۆدیل و نموونەی تێکەڵاو بەو مانایەیە، کە مەشرووعیەت و رەوا بوونی دەسەلاتەکەیان بەندە بە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەوڵەت. ئەگەر بێت و ئەوان ئەو ئەرکانە بە شێوەیەکی گونجاو و لەبار بەڕێوەبەرن، ئەوە ناکرێت بە زەبری زۆر لە گەڵ باقی ولاتانی دیکە لێک ببسترێن. بەڵام ئەگەر ئەو ئەرکانە لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ نەکران، ئەوە دەوڵەت خاوەنی مافی تایبەت بە کار و باری ناوچەکان نیە. بەڵکو لەو نێوەدا ناوەندێکی دیکەی سیاسی کە توانای جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی هەیە دەبێتە خاوەن ماف. سەرچاوە و بنەمای ئەم مۆدیل و نموونەیە، ئەوەیە کە مافی سیاسی دیاری کردنی چارەنووس، بە مافی بنەڕەتی سەربەخۆ دەژمێردرێت، کە داواکاری پێشێل کردنی ئەو مافانە ناکا و رێگا دەدات کە لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە تێکەڵ بن. لایەنی سوود و قازانجەکانی بوونی ئەو مافانە ئەگەر و ئیمکان دەداتە ئەو گەلانە، کە لە دەسەلاتێکی سەرەڕۆ و چەوسێنەر جیاببنەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بابەت و لایەنەکانی پێوەندی دار بە خۆیان باشتر بەرەو پێش بەرن. وێڵمان لەو باوەڕە دایە کە تەنیا بوونی ئەو مافە دەکرێت شوێن دانەر بێ لە سەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان بەرامبەر بە کەمایەتیەکان، بۆ ئەوەی کە پێویست نەکا لەو بەینەدا دەوڵەتی سەربەخۆ بێتە کایەوە. (28)

گونجاندنی ئەم نموونەیە لەگەڵ ڕووداو و بارودۆخی دیکەدا ئەو جیاوازیانە دێنێتە گۆڕێ، کە لە نێوان بیر و بۆ چوونی سوننەتی و ئەم مۆدیلەدا هەن. بۆ وێنە دەکرێ وەکو نموونە ئاماژە بە شەڕی نێو خۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێت. لینکۆڵکن سەرکۆماری ئەمریکا مافی خۆبەڕێوەبردن و باقی مافەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی ئەم ناوەندەی لە یەکتر جیا کردەوە. ناوبراو چارەنووسی یەکیەتی ئەم وڵاتەی لە گەڵ بابەتی کۆیلایەتی لێک جیاکردەوە. لینکۆڵن هەر چۆنێک بێت ئامادەبوو مامەڵە لە گەڵ بابەتی کۆیلایەتی بکات بەو مەرجەی یەکیەتی وڵات بێتە کایەوە. ناوبراو لەوە تێ نەگەیشتبوو کە تەنیا هۆکاری بەربەست کردنی ئازادی بەشی باشووری وڵاتی ئەوە بوو، کە لە باشووردا سیاسەتی کۆیلایەتی بەڕێوە دەچوو و مافی مرۆڤیش پێشێل دەکرا. ئەگەر بهاتبایە بەشی باشوور وازی لە کۆیلەداری هێنابایە بەشی باکوور بە هیچ شێوەیەک مافی دژایەتی کردنی لە گەڵ داواکاری جیابوونەوە نەبوو.

نموونەیەکی دیکە لەو شێوەیە جیابوونەوەی لیتوانی و باقی وڵاتانی باڵتیک لە یەکیەتی سۆڤییەتە. لە پێوەندی لە گەڵ ئەم بابەتەدا زۆر بیر لەوە کرایەوە چەندە کات پێویستە بۆ ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە پێوەندی لە گەڵ ئەم وڵاتانەدا دەبێتە خاوەن ماف. خاڵی دیار و گرینگ لەو گفتوگۆیانەدا ئەوە بوو، کە لێک گرێدانی ئەو وڵاتانە کاتی خۆی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤییەت بە شێوەیەکی ناعادڵانە بووە. ئەگەر بێت و وڵاتانی باڵتیک توانای بە ڕێوەبردنی خۆیان هەبێت، ئەوان بە بێ مەرج خاوەنی ئەو مافەن، بە بێ گوێدان بە وەی کە چەندە لە ژێر دەسەڵاتی ئیداری یەکیەتی سۆڤییەتدا بوون.

سێهەمین نموونە کێبیکە، کە زۆر لەمێژە هەوڵی جیابوونەوە لە کەنادا دەدات. ڕەوابوونی ئەم جیابوونەوەیە زیاتر بە بابەتەکانی وەک پاراستنی کلتوور و زمانی فەرانسەوی دەبەستنەوە. لێرەکانەش دا هەر هەمان هۆکارەکانی پێشوو وەک توانای خۆئیدارەکردن و هەروەها ئاکامەکانی

جیابوونەوە بۆ کەنادایییەکان لە ئارا دان. لە پێوەندی لەگەڵ یوگوسلافیای پێشووشدا خاڵی جێگای گرینگ بەندە بە گونجاو بوونی دەوڵەتەکان لە مەڕ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیاندا. ئاکامی ئەگەرە ئابووریەکانیش دەبێت لە ڕێگای ڕێککەوتننامەوە چارەسەربکرێن. بەڵام ئەوان ناتوانن بەر بە جیابوونەوە بگرن ئەگەر دەوڵەتی لە دایک بوو توانای لە سەر پێ ڕاوە ستانی هەبێت. (29)

## روانگەی پشوو درێژ

ئەو روانگە و تێڕوانینانەی کە لە مەوبەر خراونە ڕوو،لە سەر بنەمای ئازادی و ئۆتۆنۆمی هەڵچنراون. خوڵقێنەرانی ئەم روانگە و تێڕوانینان لەگەڵ لایەنی سەرکەوتوو هەڵس و کەوتێکی گونجاویان هەبووە بۆ هەوڵ و تەقەللای گەلان بۆ سەربەخۆیی. لە روانگەی هەر دووکانەوە مافی خۆبەڕێوە بردن مافێکی داڕێژراوە و لە سەر بنەمای راست و درووست هاتۆتە کایەوە، کە جێبەجێ کردنەکەشی خۆی جێگای دڵخۆشیە. لیبراڵیستەکان هەموویان بە گشتی نوێنەرایەتی ئەو بیر و بەچوونە ناکەن. ئەم جیاوازیەی نێوان لیبراڵیستەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک بۆ وێنە ئاماژە بەوەکراوە، کە مافی چارەی خۆنووسین لە بەڵگەنامەکانی نێو نەتەوەییدا بە ناڕوونی هاتووە. هەر بۆیە ئەوان ئەو مافە بە تەواوەتی بە بابەتی خۆ بەڕێوەبردن نازانن. (30) مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێت زیاتر بە لایەنێکی خەیاڵی دابنرێت. بە شێوەیەکی خێرا گفتوگۆ و دمە تەقەی نێوان ئەگەر و ئیمکانە رەواکانی نێوان دەستە و لایەنەکان بۆ مافی چارەی خۆنووسین دەگەڕێتەوە. بەڵێ، سەبارەت بەم هۆکارەیە، کە هیچ کۆمەڵێک یا ناوەندێکی سیاسی ناتوانێت چاوەڕوانی لە خۆی هەبێت، کە بە تەواوەتی ئازادە و بە دوورە لە هەموو شوێن دانانێکی لایەنە دەرەکیەکان. هەروەها تاریف کردنی بابەتی گەل لەو بەندەدا زۆر زەحمەتە لێک دەدرێتەوە. لە روانگەی فەلسەفیەوە چاوخشاندن بەو بەندانە و

لێکدانەوەیان خۆی لە خۆیدا بەمانایە، ئەو کاتەی کە ڕەوا بوون و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەخرێتە ژێر گفتوگۆ و تاوتوێ کردن. یەکێک لە شێوازەکان، تێڕامان لەو ئاکامانەیە، کە لە سەر بنەما و بناخەی پێشوو دامەزراون، وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و پێکهێنانی دەوڵەتی خۆماڵی. بە شێوەیەکی سرووشتی ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی ناسیۆنالیستیەوە بە هێزن، کە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو دەوڵەتانە مەیلی تەریک خستنەوەی کۆمەڵ یا چینێکی دیاری کراویان هەیە. بەڵام مەیلی ڕێزگرتن لە مافی کەس و لایەنەکانی دیکەیان نیە. ئەم بەرەو پێش چوونە پێوەندی بە لیبراڵیزمەوە نیە و لە ڕوانگەی بیر و بۆ چوونی مافی تایبەت بە لیبراڵیزم دا بابەتێکی داخوازی کراو نیە. دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی سرووشتی زیاتر چەند کلتوورین، هەر بۆیە ئەم دیاریدەیە ناکرێ لە دەوڵەتە نوێیەکان دا پشت گوێ بخرێت، ئەگەر بێت و لە وانیش دا چەند کەمایەتیەک هەبوو. (31)

خاڵی گرینگی دووهەم، مافی لێکدراو بەمانای تەواوی وشە لە سەر ناوچەکانی وڵاتە. جێبەجێ بوونی سەربەخۆیی لە سەر بنەمای پێشوو و سوونەتی بە بێ مەرج هەڵەی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، وەکو دەرکردن و دەنگدان لە شوێنی ژیانی خۆ، ئەوەی کە لە ئیسڕائیل و پێشتریش لە یوگوسلافیا بینراوە. ئەم کارە دەبێتە هۆی توند و تیژی زیاتر و شەڕ و چەرمەسەریەکی لە ڕادەبەدەر بۆ مرۆڤە کان. ئەوە کە هەر گەلەی وڵاتەکەی کوێیە، بە شێوەیەکی بە هێز بۆتە هۆی ورووژاندنی هەستێکی دیار لە دنیادا. ئەوانەش کە بۆ خۆیان یا باب و باپیرانیان هیچ کاتێک پێیان نەناوەتە ئەو وڵاتەی باسی لێوە دەکەن، داواکاری گەڕاندنەوەی بەش و مافی خۆیانن بۆ وڵاتەکەیان هاوکات چوونەدەری لایەنی بەرامبەر لە شوێنی ژیان. (32)

مافی دیاریکردنی چارەنووس و خۆبەڕێوەبردنی گشتی گەلیش لە سەر ئەو بنەمایە کەوتۆتە بەر شک و گومان، کە گەل خۆی کەم و زۆر بەرهەمی گومان و بیرکردنەوەیە. چوونکە هەندێک جار دیاریدەیەک بە تەواوەتی لە هیچەوە

دروست دەبێت. هەر بۆیە ئەو بابەتانەی لە سەر شک و گومان هەڵدەچنەرێن بە خاوەنی ماف دانانرێن. (33)

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە، کە لیبراڵیستەکان زۆر بە پارێزەوە لە گەڵ سەربەخۆیی تەواودان. ئەوان لە سەر ئەو باوەڕەن، کە دەبێ لە سەرەتادا بیر لەوە بکرێتەوە ئایا شکڵ و شێوەی دیاریکردنی چارەنووس لە ئاستێکی بەربڵاودا دەتوانێت ئەو زەرەر و زیانانە قەرەبوو بکاتەوە، کە لایەنەکانی دیکە لەمەڕ داواکاری سەربەخۆیی ئەوان توشی هاتوون. وێدەچێت بنەمای گشتی لەو بیر و بۆ چوونەدا ئەوەبێت، کە سەربەخۆییەکی تەواو پێویستی بە ناوچەیەکی دیاری کراوی تایبەتە. بارودۆخی ئەوتۆ لە ئارادان، کە جیابوونەوە لە دەوڵەت و پێدانی سەربەخۆیی بە تاقم و لایەنێکی دیاری کراو تەنیا رێگایەکی ئەخلاقی قبوڵ کراوە. بە ئاشکرا رەوابوونی ئەم داواکاریە کاتێک مسۆگەرە، کە خاڵی گرینگ دەگەڕێتەوە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو. ئەوسا دەکرێت دوو جۆر رووداو لێک جیابکرێتەوە:

١. دەوڵەتی ئێستا لە رێگایەکی ناعادڵانەوە ئەو ناوچەیەی بە خۆوە لکاندوە.
٢. پرۆسەی لکاندنی ئەم ناوچەیە بە دەوڵەتەوە لە لایەن دەوڵەتی پێشترەوە ئەنجام دراوە.

لە جۆری یەکەم دا دەکرێ ئاماژە بە وڵاتانی باڵتیک بکەین. بەڵام بۆ جۆری دووەم جێگای ئاماژەپێکردن وڵاتی بەنگلادیشە، کە بەریتانیا کاتی خۆی داگیری کردبوو. پاش رزگاربوونی لە دەسەڵاتی ئیستعماربوو بە بەشێک لە پاکستان کە دواتر لەوێش جیابۆوە. (34)

جۆر و شێوەی گروپی یەکەم کاتێک دێنە ئاراوە و درووست دەبن، کە مەسەلە پێوەندی بە کۆمەڵە مرۆڤێکی هاوبەش و هاوشێوەیان پاشماوەکانی ئەوانەوە هەیە. بۆ وێنە لە بورای کرداری و پراگماتیسمیەوە سەربەخۆی کەی

دەدرێت. لە راستیدا بابەتی لێ وردبوونەوە و جێگای سەرنج لێرەدا پێدانی کەل و پەلی دزراو بە خاوەنە ئەسڵیەکەی خۆیەتی. بە رابردنی کات رەچەی خزمایەتی تەم و مژاوی تر دەبێت، هەربۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا مانایەکی زۆر نابەخشێ و بەم پێیە زیاتر ناعادڵانە دێتە بەرچاو لەمەڕ پێدانی سەربەخۆیی بە دانیشتووانی ئێستای ناوچەکە. لە دنیادا بێ عەداڵەتی و زوڵم و زۆرێکی ئەوەندە زۆرکراوە، کە راست کردنەوە و گێڕانەوەیان کارێکی دژوار و سەختە. لە زۆر حاڵەت و بارودۆخدا دەکرێ بگوترێت، کە پەنابردن بۆ ماف و جێبەجێکردنی یاسا، تەنیا بە باشترین رێگا چارە دانانرێت. [35]

روانگەیەک ئاماژە بەوە دەکات، کە راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو تەنیا لە رێگای پێدانی سەربەخۆییەوە چارەسەر دەکرێت. [36] بەڵام، ئەم بابەتەش بێ تەنگ و چەڵەمە نیە. ئەگەری دووهەمی هەڵچنراو لەو نێوەدا دابەشکردن و جیاکردنەوەی ناعەداڵەتیە، کە رەنگە بە مانای پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیان یا لە پەراوێز هاویشتنی ئەواندا بێت. لەو نێوەشدا پێش هەموو شتێک دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا دەتوانین بە بێدەست لێدان لە رێ و شوێنەکانی خاوەنایەتی ناوچە، بابەتەکە قەرەبوو بکەینەوە. ئەگەر ئەوانەی کە تەریک و تەنیا کراون لە ناوچەی خۆیان دا بژین، ئەوا مافی خۆبەرێوەبردن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوان دا بە ئاسانی جێ بە جێ دەبێت، چونکە گوێ نەدان بە مافی هاووڵاتیان لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی لەدەست چوونی مافی دەوڵەت لەو ناوچانەدا. [37]

باقی هۆکار و بنەما و ئەگەرەکانی دیکە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەت و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو پارێزگاری کردن لە کلتوور و بەرگریکردن لە خۆ بەرامبەر بە هەرەشەی کۆمەڵ کوژیە. ئەو هۆکارانە هەڵگری ئەو مانایەن، کە گرینگایەتی کلتوور لە ژیانی تاک دا هەروەها وەکو پێدەری مانا بە ژیانی تاک و بەشداری کردن تێیدا وەکو لایەنێکی باشی ژیان لە روانگەی

ليبراڵیزمەوە زۆر بەنرخن. پاراستنی کلتوور بەو مانایە نیە، کە کلتوور پێویستە بە بێ ئاڵوگۆڕ بمێنێتەوە. بەو مانایەش نیە، کە لە کرداردا بە هەموو نرخێک هەوڵی ژیاندنەوەی ئەو کلتوورانە بدرێت کە مەحکوم بە نەمانن. پاراستنی کلتوور بەو مانایەش نیە، کە هەموو کلتوورەکان دەبێت بپارێزرێن. لە روانگەی ليبراڵیزمەوە دەکرێ کلتووری نازیسم بە تەواوییەتی خۆی، لە ئارامی دا بمرێت. پارێزگاری کردن لە کلتووری قبوڵ کراو، کلتوورێک کە مەودای ژیانی هەیە لە زۆر بارودۆخدا شتێکی تایبەتی داوا ناکات. بێجگە لە پێدانی مافەکانی تایبەتی رەفتار، هەڵوێستێکی ئاسایی و تەواوی بەسە. ئەگەر بێت و هەڵوێست و رەفتاری تایبەتی لەو نێوەدا ناتەواو بن، جگە لە مانە دەبێت ئەو مەرجانەی خوارەوەش دابین بکرێن.

١. کلتوور بە شێوەیەکی جیددی لە هەڕەشە دایە.
٢. دەوڵەتێک کە دێتە کایەوە مەرج و داواکاریەکانی عەداڵەت مسۆگەر کا.
٣. دەوڵەتی ناوەندی یا هیچ کۆمەڵ و لایەنێکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ناوچەکاندا داواکاریان نەبێت.

لەو بوار و لایەندا چەند نموونەیەک لە ئارادان. بۆ وێنە خاڵی یەکەم بەرامبەر بە کێبیکیەکان لە کانادا، کە لەگەڵ خاڵی سێهەم دا پڕە لە گێرە و کێشە. [38]

ئەگەر بێت و کۆمەڵی خوازیاری جیابوونەوە، کۆمەڵێکی غەیری ليبراڵ بێت، هەست دەکرێت رێگای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی پێبدرێت. لە روانگەی ليبراڵیزمەوە پێشنیار دەکرێت، کە جۆرێک دەسەڵاتی سەربەخۆی بڕیاردانی پێ بدرێت، بەڵام لە نێو خۆی دەوڵەتی ليبراڵ دا رای دەگرن. ئەو بیر و بۆچوونە وا دامەزراوە، کە بۆ دەوڵەتانی خاوەن کێشە وا باشترە شوێن دانەربن لە سەر

ئەمەی کە ئەندامەکانیان لە بوونی مافەکانیان خۆشی وەربگرن. نەک ئەوەی کە ئاواتی ژیان لە چواچێوەی وڵاتێکی دیکەیان هەبێت. (39)

لە روانگەی کۆمەڵکوژیەوە، مافی جیابوونەوە بە شێوەیەکی گشتی لە سەر بناخەی سیستمی قبوڵ کراوی ئەخلاقی دامەزراوە. کە مافی بەرگری کردن دەداتە هەموو کەس بۆ ئەوەی کە لە هەڕەشەی پەلاماری هێرش کەران دا نەمرن. ئەم مافەش خاوەنی چوارچێوە و سنووری تایبەت بە خۆیەتی. لە سەرەتای بەرگری کردن دا پێویستە تەنیا لەو هێزە کەڵک وەربگیرێ، کە بۆ بەرپەرچ دانەوەی پەلاماری هێرش کەر پێویستە. لە لایەکی دیکەوە ناکرێت، هێرش کەر بۆ پەلاماردان هان بدرێت یان زیاتر تیژبکرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کەڵک وەرگرتن لە هێز لە دژی لایەنی سێهەم دەبێت زۆر بە وردی هەڵبسەنگێندرێت. ئەگەر دەوڵەتی خۆماڵی هێرشکەرە، ئەوسا مافی ئیدارەکردنی ناوچەی خۆ لە دایک دەبێت و دەوڵەتی نوێ ئەگەری داواکردنی یارمەتی بە رەسمی ناسینی خۆی لە باقی دەوڵەتە سەربەخۆکان بۆ دەرەخسێت. (40)

نموونەی دووەم بریتیە لەوەی کە هێرش کەر وڵاتێکی دەرەکیە، کە بەهەر هۆیەک بێت، نەتوانێت هاووڵاتیانی خۆی لە هێرشی پەلامار دەر بپارێزێت. Buchanan نموونەیەکی بەمەرج دەخاتەڕوو، کە بەو پێیە جوولەکەکانی لێهستان کاتی خۆی خاوەن مافی دامەزراندنی دەوڵەت بوون لەو وڵاتەدا، چونکە لێهستان لە بەرامبەر هێرشی نازیەکاندا بەرگری لێ نەکردوون. بیروبۆچوونێکی لەم بابەتە لە سەردەمی ئەمڕۆدا کورد و ئەرمەنیەکان دەگرێتەوە. (41)

ئەو نموونانەی کە پێشکەش کران هەموویان لەو بیروبۆچوونەوە سەرچاوە دەگرن، کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان مافێکی بەستراوە بەخۆ نیە، بەڵکو بەستراوەیە بە مسۆگەرکردنی باقی بایەخەکانەوە. بە گشتی Buchanan

لەو باوەڕەدایە، کە مافی خۆبەڕێوە بردن و چارەنووس یەکسەر داواکاری سەربەخۆییەکی سیاسی نیە، بەڵکو هۆکارەکانی ئەم داواکاریە لە شوێنەکانی دیکەدا دەدۆزرێنەوە. (42)

بە بڕوای من نوێنەرانی روانگەی پشوودرێژی لە راستی نزیکن. ئەگەر بێت و ئامانجی ژێرخانی داواکارییەکانمان بریتیە لە ژیانی باشی تاکەکان، ئازادی و مافی بەرابەر، پێدانی سەر بەخۆیی بە گەلێک باشترین بەڵگە و زەمانەت نیە بۆ هاتنە دی ئەم ئامانجانە. پێدانی سەربەخۆیی مانای ئەوەیە، کە دەوڵەت لە ناوچەدا سەربەخۆیە. چاکردنەوە و قەرەبوو کردنەوەی ناعەداڵەتیەکان لە دوای پێدانی سەربەخۆیی کەم دەبنەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا ئەو کاتانە زیاتر هەوڵی داوە یارمەتی گەلە چەوساوەکان بکات، کە قازانجە ئابووری و سیاسیەکانی خۆی لە ژێر هەڕەشە دابووبن.

کەڵک وەرگرتن لە ئۆتۆنۆمی وەکو تەنیا بنەمایەک دەژمێردرێت بۆ سەربەخۆیی تەواو. ئۆتۆنۆمی ئەو ئاکامەی لێ ناکەوێتەوە، کە مافی دامەزراندنی دەوڵەت هەموو ئەو مافانەی کە هاووڵاتیان دەگرنەوە دەپێکێت. باشترین ئەگەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی بڕیارەکان و توانای نوێنەرایەتی کردن رەنگە لە وڵات دا بێنێتە دی، کە بە هەر هۆیەک بێ لەوێدا دەژی. نموونەیەکی نوێ لەو ڕێگاچارەیە، وەدەستهێنانی دەسەڵاتی بڕیاردانی زۆرترە لە لایەن سکۆتلەندیەکانەوە لە کاروباری تایبەت بە خۆیان دا. ئۆتۆنۆمی بنەمایەکی زۆر باشترە بۆ باقی مافەکانی کەمایەتی، وەکو مافەکانی زمان کە تێیدا دەست تێوەردان لە مافەکانی لایەنی بەرامبەر لە کرداردا زۆر بەرچاونیە. ئەوانەی کە داواکاری دەوڵەتی سەربەخۆن، کەمتر وایە بە خاوێنی لە یەک ناوچەدا بە شێوەیەکی هاوفکر بژین. لە هەندێک بارودۆخی دیکەدا ئەوە سەرنج دەخرێتە سەر مافەکانی کەسان و لایەنەکانی تر.

## مافه کانی زمان

مافەکانی زمان لەو ساڵانەی دوایی دا لە ئاستێکی بەرزدا خۆیان خستۆتە روو. لەمەڕ دابینکردن و پاراستنی ئەو مافانە، لە رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان دا گەلێک پێشنیار گونجێندراون. بەشێک لە کەمایەتیە زمانیەکان هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانیان دەدەن. لەم جۆرە بزوتنەوانە لە کەرتی ئوروپاشدا دەبینرێن، بۆ وێنە لە وڵاتی فەرانسەدا کە دەسەڵاتی ناوەندی تێیدا بە هێزە چەندان کۆمەڵ و گروپی هەڵسووڕی خۆی هەیە. وەکو ئێلساسیەکان، برێتاگنیەکان، فلامیەکان و کۆرسی کەکان، کە داواکارن دەسەڵات لە سەر بناخەی زمانەکان دابەش بکرێت. کەمایەتیەکانی سکۆت و وێڵزیەکانیش لە ئینگلستان دا لەو جۆرە دەستە و تاقمانەن. ئەم کەمایەتیانە لە درێژەی هەوڵ و تەقەللاکانی خۆیان دا توانیویانو هوندێک سەرکەوتووبن. جێگا و پێگەی زمانی وێڵزی زیاتر گرینگی پێدەدرێت. ئەم زمانە لە قوتابخانەکان دا دەخوێنەرێ و لە شوێنە گشتیەکان دا کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەگەر داوابکرێت، زمانی وێلزی لە کاروباری تایبەت بە دادگادا کەڵکی لێوەردەگیرێت و هەروەها وێڵزیەکان خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆیانن. [43]

بناخەی مافەکانی زمان لە سەر گرینگایەتی و مانای زمان لە سەر ناسنامەی مرۆڤ و گەشە کردنەکەی دامەزراوە. لەم بابەتەی دوایدا هۆکارە فەلسەفیەکانی مافەکانی تایبەت بە زمان پێشکەش دەکەم. هەروەها ئەو شوێنەوارانەش کە سیاسەتی تایبەت بە زمان لە سەر جێبەجێبوونی مافەکانی ئینسان هەیەتی شی دەکەمەوە.

## مافەکانی زمان زامنی مسۆگەرکردنی هێمنایەتی و ئاسایشی زمان

بوونی یەکیەتی زمان دەکرێت بە بەشداری کردنێکی گونجاو لێک بدرێتەوە، کە تەنیا دەکرێت پێکەوە لە گەڵ کەسانی دیکەدا خۆشی لێ وەربگیرێت. هەروەها زمان دەکرێت بە بابەتێکی باش تێبگەین، کە تاک بۆ گەشەکردنی خۆی پێویستی پێیەتی. بە گشتی کەڵک وەرگرتن لە پاراستن و گەشەپێدانی زمان ئەرک و وەزیفەیەکی گشتین. نرخ و بایەخی ئەم ئەرکانە، بێجگە لە لەدایکبوون و گەشەکردنی زمان، لە سەر ئەم بناخەیەش دادەمەزرێت، کە تاکەکان وەکو ئامێرێک بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ یەکدا کەڵکی لێ وەردەگرن. زمان لە گەڵ کلتوور لێک گرێدراوە، کە بە هەمان شێوە کلتوور خۆی بابەتێکی گشتی و بەربڵاوە هەرچەندە دەکرێت زۆر روانگەی کلتووری لە زمان جیا بکرێنە وە. زمان زیاترە لە تەنیا ئامێری پێوەندی گرتن بە شێوەیەکی بێ لایەن. بەم جۆرە پاراستن و پارێزگاری کردن لە کەڵک وەرگرتنی کۆمەڵێک یا تاقمێک لە زمانی تایبەتیان، لە هەمان کاتدا بە مانای پاراستنی کلتوورەکەیانە. (44)

زمان ناکرێت بە پارێزەری بوونی کۆمەڵ بژمێردرێت، چونکە ئەم مانا و لێکدانەوەیە ئەرک و وەزیفەی پارێزگاری لە هەموو تاقمە زمانیەکان دێنێتە ئاراوە. ئەمە دەبێتە هۆی خولقاندنی گیروگرفتی بێ کۆتایی لە پێوەندی لە گەڵ ماف و ئەرکەکاندا. لە هێندێک بارودۆخی دیکەدا رەنگە ببێتە هۆی هاتنەکایەوەی ئەو ئەرکەی، کە دەبێ بە ئەندامی تاقمە زمانیەکی دیکە بمێنێتەوە یا ئەوەی کە لەم کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە بگوازرێتەوە. کە ئەمەش بە نۆبەی خۆی شەڕکردنە لە گەڵ مافەکانی تاک دا. بە گشتی هەر جۆرە سەرچاوەیەکی مافی ئەخلاقی بە مانای بەرامبەری ئەخلاقی هەموو تاکەکانە. ئەو مافەکە بکرێ زمانی هەموو کۆمەڵەکان بپارێزێت، لە بەر ئەوە لە گەڵ باقی مافەکانی لەو شێوە ناگونجێت. (45) پێویستە ئەوە لە بەر چاو

بگیرێت، کە تەنیا مرۆڤەکانن خاوەنی مافن نەک زمانەکان. [46] (باقی دام و دەزگا کلتووریەکانیش بە هەمان شێوە).

مافەکانی زمان نزیکن لەو مافانەی کە بە نێگاتیڤ نێودێر کراون و هێمنایەتی زمان مسۆگەر دەکەن. بنەماکانی ماف بریتین لە رەوتە ئاساییە کۆمەڵایەتیەکان، کە بە یارمەتی ئەوان کەڵک وەرگرتنی بەردەوام لە زمان مسۆگەر دەکرێت. بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵ لە بواری زمان دا هەروەها باقی ناوەند و روانگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە تێیاندا لە زمان کەڵک وەردەگیرێت، نموونەی ئەم جۆرە رەوتانەن. رەوتی کۆمەڵایەتی منداڵ لە سەردەمی ئێستادا جگە لە بنەماڵە هەروەها بابەتی سیستمی پەروەردە و فێربوون دەگرێتەوە. لە روانگەی بابەتی زمانەوە لەو کۆمەڵگایانەدا، کە یەک دەستن، پاراستنی زمان لە هەموو لایەن و بوارەکان دا رەوتێکی نەبینەراوە. بەڵام کاتێک لە نێوان کۆمەڵە زمانەکاندا رەقەبەرایەتی دێتە کایەوە، لە ئاکامدا مانای زمان زیاتر زەق دەبێتەوە. ئەوسا ئەو لایەن و بابەتانەی کە مانا و گرینگایەتی زمان لە رووی کەڵک وەرگرتنەوە تێیاندا بە هێزە بۆ باشترکردنی پێگەی کەمایەتی بە تایبەتی گرینگایەتی ئەوان دیارە. [47]

مافی پاراستن و هێشتنەوەی زمان لە سەرەتادا دەکرێت بە مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک و هەروەها پاراستنی ئەو زمانە بە بێ بوونی هیچ جۆرە دەست تێوەردانێک بخملێندرێت. ئەمە بە هیچ جۆر بەمانای داسەپاندنی یاسای کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک نیە. ئەم مافە هەموو روانگەکانی کەڵک وەرگرتن لە زمان بە شێوەیەکی یاسایی و پەروەردەیی منداڵ بە زمانی دایک دەگرێتەوە. [48]

بە کردەوە مافەکانی زمان دەتواندرێ بە گشتی لە سایەی یاسادا بپارێزرێن. ئەمە واتای وایە کە بە پشت بەستن بە یاسا ناکرێت رێگای کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک بەربەست بکرێت. مافی پاراستنی زمان ئەرک و

بەرپرسیایەتی دەخاتە سەر کۆمەڵ و کەمایەتی دیکە بۆ ئەوەی لە هێزی زیاتری خۆیان بە دژی کەڵک وەرگرتن لە زمانی کەمایەتی کەڵک وەرنەگرن. (49)

کاتێک دوو یا چەند جۆرە زمان لە بواری قەوارەوە زۆر لێک نزیکن، لەم نێوەدا دەست تێوەردان لە شکڵ و شێوەی وەکو یاساش ئەگەری هەیە. لە قوتابخانەکاندا بۆ وێنە دەکرێت قوتابییەکان وا دابەش بکرێن، کە ئەو قوتابیانە لە ئاستی زمانی کۆمەڵ دا لاوازن، ناچاربن لە سەر قوتابخانەی تاک زمانی بدەن ئەوسا بۆ ئەوان زۆر زەحمەتە کەڵک لە سیستمی گشتی پەروەردە و فێربوون وەربگرن لە رەوتی کۆمەڵایەتی بوونی زماندا. بە هەمان شێوە زۆرایەتی دەتوانێت بنەما ئیداریەکان بەو مەرجە رێکبخا، کە ئەو کەسانەی بەشداریان تێدا دەکەن بە زمانی سەرەکی قسەبکەن. بەو ڕادەیەی کە ئەگەرەکان لە بەردەم ئەندامانی سەر بە کۆمەڵێکی کەمایەتی زمان بەربەست دەکەن، ئەوا شوێنەواری لاوازی هەیە لە سەر یەکیەتی کۆمەڵی کەمایەتی دا. هەر چەندە ئەگەر هەر کام لە ئەندامانی کۆمەڵ بیهەوێت، زمانەکەی بپارێزێت هاندانی زۆرایەتی بۆ پشت تێکردن لە زمانی دایک و فڕێدانی لە رەوتێکی درێژ-خایەندا، شوێن دانەرە لە سەر ئەوەی کە زمان رەتدەکرێتەوە بە پێی هۆکارە ئەقڵیەکان.

هەرچەندە لەو بارودۆخانەدا مەسەلەی گرینگ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قەدەغەکردنی کەڵک وەرگرتن لە زمان ناگرێتەوە، بەڵام دەست تێوەردانی زۆرایەتیە لە هێز و توانای کەمایەتی بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمان لە رەوتی ئاسایی کۆمەڵگادا. ئەگەر سیستمی پەروەردەی تاک زمانی بێنەکایەوە لە سەر ئەو بنەمایەی، کە هەموو کەس دەبێ بۆ قوتابخانە بچێت و یەک تاکە بابەت بخوێنەرێ یان چ زمانێک دەبێ مامۆستایەکانی ئەوان بیزانن. بابەتی جێگای سرنج لێرەدا زۆرایەتی نیە، کە تەنیا بابەتەکانی خۆیی جێبەجێدەکا، کە لەروانگەی کەمایەتیەوە ئەم کار و کردارە بەداخەوە شوێنەواری خراپ بەجێ

دیڵێت. مەسەلەی گرینگ لێرەدا تەریک خستنەوەیە. مافی بەرامبەر ئەم بنەما و قەوارانە داواکارە، کە پێداویستی و ئاوات و ئارەزووی لێک جیاوازی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا وەدی دێنن لە ئاستێکی ئەوتۆدا کە ئەگەری هەیە. ئەگەر هات و روانگە لە نێوانی تاکەکان و کۆمەڵەکانیش دابێت. (50)

لەم جۆرە گوشارانە لە مەیدان و شوێنی کار و بازاڕیش دا دەبینەرێن. زۆرن ئەو شوێنی کار و هەڵسوڕانانەی، کە تێیاندا زانینی زمانێکی دیاری کراو دەبێتە مەرج. کاتێک باس لە سەر بەشی تاکایەتی و خسوسی ناکرێت، ئەو ئەرکە بخرێتە سەر خاوەن کاری شەخسی، کە سەرنجێکی تایبەت بداتە سەر ئەو کرێکارانەی بە زمانێکی کەمایەتی قسە دەکەن لەمەڕ پاراستنی زمانەکەیان. ئەگەر هات و ئەرکێکی ئەوتۆ لە ئارادانیە، لە بەرامبەردا مافێکی ئەوتۆش نیە. ئەو مافە ناکرێت تەنیا لە سەر ئەو ئارەزووە خاوێنە دابمەزرێت، کە زۆر باش دەبوو کە لە هێندێک شوێنی دیاریکراودا بۆ نموونە کەمایەتیە زمانیەکان مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆیان لە کاتی کارکردندا هەبێت. مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک لە کاتی کارکردندا دەکرێ وەکو مافی کۆمەڵێک چاویان لێ بکرێت، کە تەنیا ئاستی کەڵک لێ وەرگرتنی زمان ببێتە بەربەستێک بۆ لاواز بوونی بواری خاوێنی و پاراوی زمان. کاتێک ئەم داواکاریە لە روانگەی کۆمەڵایەتیەوە بە شێوازێکی ئاڵۆز بیری لێدەکەنەوە، بەڵام ئەو مافە داواکاری ئەوەنیە، کە ئەندامانی کەمایەتیەک لە زمانی خۆیان لە کاتی کار بە گشتی کەڵک وەربگرن. (51)

بە هەر جۆر دەکرێ ئیددیعا بکرێت، زۆرایەتی وەکو کۆمەڵ ئەرکی هێنانە کایەوەی ئەو جۆرە بارودۆخانەی لە ئەستۆدایە، کە رێگا لە بەردەم کەمایەتی دا ئاوەڵەتر کەن. داواکاریەکی لەم بابەتە بە ئاشکرا دەتواندرێت، لە بواری سیستمی پەروەردە و فێرکردنەوە ئاراستەی زۆرایەتی بکرێت. ئەرک و وەزیفەکانی دوو یا چەند زمانیی هاندەدا و پشتگیری لێدەکا و دەتوانێت ببێتە هۆی وەدیهاتنی مافەکانی کۆمەڵی کەمایەتی بۆ پاراستنی زمانەکە یان. (52)

رووداوەکانی تایبەت بە  داواکاری مافی سرووشتی مافی کۆمەڵەکان لەمەڕ مافەکانی زمان ڕوون دەکاتەوە هەرچەندە، کە ئاکامی کۆتایی مافی ئەوان ئەمە پێشان نادات. دەوڵەتی یەکگرتووی کانادا لە دەیەی ١٩٧٠ دا هەوڵی دا  دوو زمانی بخاتە نێو گەشتی ئاسمانیەوە. ئەو داواکاریە دژایەتیەکی زۆری لە لایەن فڕۆکەوانە ئینگلیزی زمانەکان و بە ڕێوەبەرانی ناوەندی فڕین دروست کرد. لە بەرامبەر ئەو گوشار و هەڕەشانەدا دەوڵەتی هاوبەندی کانادا بابەتەکەی راگرت و زمانی ئینگلیزی بوو بە تەنیا زمانی کارپێکردن. ئەم بڕیارە فڕۆکەوان و بەڕێوەبەری نێوەندەکانی گەشتی ئاسمانیی فەڕانسەوی زمانیشی دەگرتەوە. یەکیەتی فڕۆکەوانەکانی کێبیک بە ئاماژە کردن بە یاسایی زمانە رەسمیەیەکانی ساڵی ١٩٦٩ وڵات، ئەم بابەتەی ئاراستەی دادگاکرد و دادگاش ساڵی ١٩٧٨ لەم بارەوە  بڕیاری دەرکرد. لە هەمان کاتدا بڵاوکراوەی چۆنیەتی کارکردن لە ناوەندی فڕۆکەوانیی کانادا-دا، کە بەگوێرەی ئەم بڵاوکراوەیە کارمەندانی ئەو ناوەندە لەکاتی کارکردندا تەنیا مافی کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزیان هەبوو رەوانەی دادگاکران. لە هەردوو حاڵەتدا باس لە سەر مافی فەرانسەوی زمانەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆیان لە کار کردن دا بوو. ئینگلیزی زمانەکان ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کە کەڵک وەرگرتن لە دوو زمان ئەمنییەتی هات و چۆکەران دەخاتە مەترسیەوە. هەردوو حاڵەتیان لە سەر ئەو دوو بنەمایە چارەسەرکرد، کە لە بڕگەی یاسای تایبەت بە زمانە رەسمیەکان دا بە هیچ جۆر باس لە بواری یاسای دابینکردنی هێمنایەتی لە فڕینی فڕۆکەکاندا نەکراوە. (53)

قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە زمانی فەرانسەوی پێشێلکردنی ئاشکرای مافی زمانە. چونکە کەڵک وەرگرتن لە زمان لە پێوەندی گرتنی ئاسایی دا ئەو کاتانەی دوو کەسی قسەکەر بە یەک زمان کەڵک لەو زمانە وەردەگرن، لە کاتی کارکردندا گونجاوە. چونکە بابەتی لەم جۆرە نموونەیان زۆر نیە، دەکرێت کاتێک باس لە پێشێلکردنی ماف دەکرێت کە بەر بە کەڵک لێوەرگرتنی

بگیرێت و ئەگەری پێویست لە ئارادا هەبێت. مەبەست لەو نموونەیە ئەو ئیددعایە نیە، کە مافی کۆمەڵ لەم حاڵەتەدا مافی زمان بە سەر مافی تاکدا زاڵ بێت. بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە دەبوو هەل و مەرج و قازانجەکان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکرێن بۆ ئەوەی کە (De Facto) چ جۆرە شوێنەوارێکی لە سەر ئەمنییەتی پڕۆسەی فرین دەبوو. هەروەها بە چ شێوەیەک دەکرێت ئەمنیەتی گەڕی ئاسمانی پێش بخرێت، نەوەک بە قەدەغەکردنی کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک لە کاتی کارکردندا. دان پێداهێنان بەو راستیە کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک مافێکی رەوایە، تاو و توێکردنی بابەتەکەی دەگۆڕی ئەگەر بێت و ئاکام هەر شتێک بایە. بەڵام نەدەکرا ئەم بابەتە یاساییە بەتاک و تەنیا لە بەر هۆکار و بنەمای تام و چێژ و خەرجی ماددی چارەسەر بکرابایە. (54)

رووداوی لە جۆری دووەم پێوەندی دارە بە زمان لە کاروباری تایبەت بە دادگادا. ئەم بابەتە لە ناوەندی بەرزی مافی کانادا-دا لە ساڵی (١٩٨٢) تاوتوێکرا. مافی کەڵک وەرگرتنی وەڵامدەر و تۆمەتبار کراو لە زمانی رەسمی، لە خاڵی گرینگی ئەم بابەتەیە بوو. بە بەربڵاوی سەبارەت بە تاوانبار و لایەنەکانی یاسایی لە پرۆسەی دادگا-دا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە کرا. گرینگی کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک زۆرتر زەق کرایەوە و ئەو مافەش درا بە تاوانبار، کە بە مەبەستی زیتر لێک حاڵیبوون بتوانێت لە زمانی دایک کەڵک وەربگرێت. لێکدانەوەی ناوەندی بەرزی مافی کانادا بەرتەسک تر بوو لەوەی کە، تێگەیشتنی تاوان بار و وەڵام دەری لەو نێوەدا مسۆگەر کردبایە. (55)

لە روانگەی Denise Reaumen وە، ئەمە بە مانای قازانج و سوودی گشتی و هەمە لایەنەیە لە بوونی زماندا. مەسەلەی گرینگ تەنیا هاتنە پێشی گیروگرفت نیە لە پێوەندی لە گەڵ قسەکردن بۆ تاک بە زمانی بێگانە. مافی قسەکردن بە زمانی دایک لە زۆر ناوەند و دەزگای گشتی گرینگ دا، لە روانگەی کۆمەڵ و سەرجەم خەڵکەوە گرینگە. چونکە لە نێو حەشیمەتی

زۆرایەتی دا، بەرگری  لە تواندنەوەی بە زۆرەملی ئەندامەکانی دەکات. بەم جۆرە ئەندامانی کۆمەڵ و کەمایەتی چ بە شێوەی تاک و چ بە شێوەی کۆمەڵ سەرکەوتن وەدەست دێنن. ئەگەر بەر بە کەڵک وەرگرتنی زمانی دایک بگیرێت، بە مانای سووکایەتی کردنە لە ئاستێکی گشتی دا بەو زمانە. ئەمەش بە نۆبەی خۆیی پەرە پێدەری بیر و بۆچوونی جیابوونەوە لەو کۆمەڵەیە. مافی قسەکردن بە زمانی دایک پاڵپشتی داواکاری مافی بەرفراوانتر ناکات و زەمانەتی پرۆسەی لێک تێگەیشتن بە هێز ناکات. (56)

لە روانگەی رێومانەوە لێکدانەوەی مافەکانی زمان وەکو مافی تاک رەنگە جێگای مەترسی و هەڕەشە بێت. بە زمانی دایک قسە کردن، لەم حاڵەتەشدا هۆکار بۆ ئەم جۆرە لێکدانەوە بەرتەسکە، کە ئەمە خۆیی دەبێتە پێشێلکردنی مافی دادوەر و باقی ئەو کەسانەی کە لە ناوەندە یاسایی و دادیەکاندا کاردەکەن. بەم جۆرە ماف لە جیاتی ئەوەی کە مەسەلەکە، وەک بابەتێکی تایبەت بە کۆمەڵ و ناوەندێکی زمانەوانی و کۆمەڵگا ببینێت، لە هەر دوو لاوە بەس سرنجی داوەتە تاکەکان. لە رەوتی دادگادا ئەو ئەگەر و ئیمکانە هەیە، کە لە بەشی تایبەت بە دادگاش دا ئەو کەس و لایەنانە بەشدارن بن، کە بە زمانی دایکی تاوانبارکراو قسە بکەن و هیچ جۆرە گرفتێکی تایبەت لەم بارەوە نەخولقێنن. (57)

بە بڕوای من گرینگ ئەوەیە، کە تاک خاوەنی ئەو مافەیە لە ناوەندەکانی داد و یاسادا بە زمانی دایک بدوێت. ئەگەر بێت و بەرگری کردنی  گشتی و هەمەلایەنە لەنگ و خواربێت ئاکام باش نابێت. هەروەک لە  لێکدانەوەی بەشی داد و یاسای کانادا وەک شتێکی سەیر لە ئارادایە. لە کۆمەڵگای فینلەندا ئەم جۆرە کردارە ناکرێ هەبێت، بەڵام بەرامبەر بە کز و لاوازبوونی جێبەجێبوونی مافەکانی سویدی زمانەکان لەو ساڵانەی دوایدا هێندێک نموونە لە ئارادابوون. لە ساڵی ١٩٩٥، لە کاتی نوێ کردنەوەی یاسای بنەڕەتی وڵاتدا ئەو مافەش بە سامیەکان درا،  کە لە کاروباری تایبەت بە خۆیان لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری دا

بە زمانی خۆیان قسە بکەن. بە هەمان شێوە کەڵک وەرگرتنی ئەوان لە وەرگێر مسۆگەرکرا. نموونەیەکی دژ بەو بابەتەی سەرەوە لە کانادا-دا گلەیی و گازندەی ژومارەیەک دانیشتووی ئینگلیسی زمان لە ناوچەی فەڕانسەوی زمانی کێبیک دایە، کە ڕاگەیاندنەکان هەموویان بە زمانی فەڕانسەوین. ئەنجوومەنی تایبەت بە زمانی مرۆڤ لە سەر ئەو باوەرە بوو، کە دانیشتووانی ئینگلیسی زمانی کێبیک بە گوێرەی بەندی ٢٧ ڕێککەوتن نامەی K.P ناتوانن کەمایەتیەک دروست بکەن، هەر بۆیە سکاڵای ئەوانی ڕەتکردەوە. بە پێی تێڕوانینەکانی هان نیکانیەوە ئەم بڕیارە هەڵەیە و بە شێک لە ئەندامانی کۆمیتەکەش بیروڕایەکی جیاوازیان هەبوو، چونکە ئیدارەی شارستان لەو شوێنە خاوەنی بەڕێوەبەرێکی بەربڵاو بوو. [58] لەو بەندەدا باس لە کەمایەتی وڵاتانی سەربەخۆ دەکرێت. کۆمیتە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مافی سکاڵا خوازەکان پێشێل کراوە، بەڵام ئەو پێشێلکردنە لە ڕێگای پێشێلکردنی ئازادی بەیانەوە ئەنجام دراوە.

## سیاسەتی زمانەوانی و ئاکامەکانی ئەم جۆرە سیاسەتە

مەبەست لە سیاسەتی زمان شکڵ و شێوازی دەوڵەتە بۆ پێڕاگەیشتن و چارەسەرکردنی بابەت و مەسەلە زمانیەکان. لێکۆڵینەوەی سیاسەتی تایبەت بە زمان، بە شێوەیەکی سرووشتی بە مانی لێکۆڵینەوە و بە دوا داچوون پێوندی نێوان دابەشبوونی زمان زانین و دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتیە. هەروەها پێوەندی نێوان بنەماکانە لەو وڵاتانەی کە بە چەند زمان قسەدەکرێت. سیاسەتی پێوەندی دار بە زمان دەکرێت خاوەنی چەندین مانا بێت، کە لە نێو ئەوان دا گرنگترین لایەکانی بە دوور لە بابەتی زمان بریتین لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سنووری نێوان مرۆڤەکان. هەروەها پاراستن یا ئاڵوگۆڕ پێک هێنان

له دەسەڵاتدا، دەوڵەمەندبوون و گەیشتن بە پلەوپایەی تایبەت لە نێو کۆمەڵگادا دەکرێت هەڵگری مانای زمان بێت. [59]

نموونەیەکی بەرچاو لەو هەوڵ و تەقەللایانەی کە دراون، بریتیە لە سیاسەتی سیاسەت وانەکانی دەوڵەتی تامیل لە هێندوستان، کە لە کاتی خۆیدا بە ئەنجامدانی هەندێک کاری دیاری کراو توانیان زمانی تامیلی لە زمانی سان سکریتی جیاکەنەوە بۆ ئەوەی لە ئاکامدا ناسنامەی تامیلیەکان بەهێز بێت. ئەم هەوڵ و تەقەللایە بۆ زانین و نووسینی شکڵ و شێوەی خاوێنی زمان یارمەتی بزوتنەوەی سیاسی DMK کرد. بۆ ئەوەی وا پێشان بدرێ کە تەنیا ئەو هێزە سیاسیە توانیویەتی بە باشترین شێوە زمانی تامیلیەکان بناسێت و دەکرێ جێگای باوەڕی ئەوان بێت، کاتێک کە دەخوازن کلتوور و ناسنامەی تامیلی بپارێزن. [60]

کەند و کۆسپی سەرڕێگای وەدینەهاتنی مافی زمان یا هۆکارەکانی نابەرابەری سیاسەتی پێوەندی دار بە زمانەوە زیاتر بە بابەتێکی هەڵچنراو و رێلاتڤیسمی زمان دەناسن. مەبەست لە بابەتی هەڵچنراو لێرەدا ئەوەیە، کە هەندێک لە زمانەکان لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا بە نرخ تر و جێگیرترن. زەق ترین نموونەی بەرچاو لێرەدا زمانی فەڕانسەویە کە پاپی ناسراو لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسەدا Gregoire رایگەیاند کە ئەم زمانە روونە و لە شکڵ و شێوەدا ساکارە. ئەم زمانە، بیرکردنەوە ئاسان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی پێدانی سروشتی ژیری و یەکگرتووی بە بابەتی بیرکردنەوە. لەبەر ئەم هۆیە لە روانگەی ناوبراوەوە کەسانی غەیری فەڕانسەویش لە فەڕەنسادا دەبێت بە زۆرەملێ بە زمانی فەرانسەوی قسەبکەن. فەرانسەوییەکان هەتا سەردەمی ئەمڕۆکانەش ئەم دەرس و وتانەیان پەیڕە و کردووە. سەرکۆماری Pompidou، بیر و بۆچوونێکی لەم جۆرەی پێشکەش کرد، کاتێک کە خەڵکانی فەرانسەوی و ئینگلیسی زمانی

وڵاتانی کەرتی ئەفریقایی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرد گوتی: ئەوانەی بە فەرانسەوی قسەدەکەن خاوەنی بیرکردنەوەیەکی پڕشنگدار و ژیرانەن. ئەوە کە مرۆڤەکان خاوەنی روانگەی جیاوازن بەرامبەر بە دنیا، بە دوور لەوەی کە کام یەک لەم دوو زمانە قسەدەکەن ئەم بیر و بۆ چوونە بە بێگومان دەبێت وەسەریەک بخرێتەوە، چونکە مانای وادە بێ کە ئاڵوگۆڕ پێک هێنان لە زماندا روانگەی جیهانی بەشێوەیەکی ئاسایی و راستەوخۆ دەگۆڕێت. لە سەر بناخەی هۆکاری لەم شێوەیە چەندین وڵات لە جیهاندا هەوڵیان داوەسیاسەتی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ زمان دا بە ڕەوا لەقەڵەم بدەن. [61] ریلاتڤیسمی زمان بە نۆبەی خۆی ئەوە زەق دەکاتەوە کە لەسەر یەک، زمانەکان جۆرێکن کە ماناکانیان ناکرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە وەرگێردرێت. لەنێوانی ١٧٠٠ یا ١٨٠٠ دا فەیلەسوفە ناسراوەکانی وەکو، Johan Gott, Fred Herder ja Willhelm Von Humboldt ئیددیعایان دەکرد، کە زمانە جیاوازەکان کاکڵەی ناسنامەی هاووڵاتیان و تاقم و کۆمەڵایەتیە کۆنەکانن. نەک تەنیا وەکو سەمبول بەڵکو هەروەها لە بەر ئەوەش کە ئەوان مرۆڤیان خستە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی جیا بیر بکاتەوە. لە پاشاندا هەوڵدرا بوونی ریلاتڤیسمی زمان لەسەر بناخە و ئاکامی دژ بە یەکی لێکۆڵینەوەکان بسەلمێنن. وا دیارە کە رێزمان هەر وەک زۆر لەمەڕ جیاوازی نێوان زمانەکاندا پشتی پێ بەستراوە، ئەوە لە روانگەی مرۆڤەوە زۆر جێ و شوێنی خۆی پێ نەدراوە. مرۆڤەکان هەست بە جیاوازیەکان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا لایەنی وێکچووەکانیش دەبینن، هەرچەندە زمانی ئەوان رێگایان پێ نەدا دەری ببڕن. هۆکارەکانی پێوەندی دار لێرەدا دەکرێ ئەوە بێ کە Noah Chamsky بە رێزمان و گرامێری یونێڤێر ساڵی و جیهانی ناوی دەبات. ئەمە بەو مانایەیە، کە جیاوازی دیاری نێوان رێزمانی زمانە جیاوازەکان بە بێ مەرج دیاریدەیەکی رووکاریە و بەهەڵکەوتە. [62]

ئەوە کە خەڵکی سەر بە کلتووورە جیاجیایەکان هەمیشە لە یەکتر تێ ناگەن ناگەڕێتەوە سەر کەڵک وەرگرتن لە زمان، بەڵکو پێوەندی بە هێندێک باروو دۆخی دیکەوە هەیە. هەر چۆنێک بێت، ئەو روانگانەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا ناسینیان جێگایەکی گرینگی هەیە، چونکە ئەوان لە سەر سیاسەتی پێوەندی دار بە زمان لە دنیای ئەمڕۆدا شوێندانەر دەبن.

ئەو بڕیارانەی  دەوڵەت کە چوارچێوەی زمان دەگرنەوە  لە روانگەی Brian Weinstein لە سەر پێنج ناوچەی جیاجیا شوێن دانەرن.  ئەوانەش لە روانگەی مافەکانی زمانەوە جێگا و ڕێگای خۆیان هەیە. پێش هەموو شتێک لە سەر پڕۆسەی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا و  کۆکردنەوەی سەرمایە و دارایی و دابەشکردنی دەسەڵاتی بایەخ و نرخەکان و دارِشتنی چوارچێوە و سنوور بۆ ئەوان شوێن دانەرە. ئەگەر مرۆڤ بە زۆرەملێ لە زمانێکی بێگانە کەڵک وەرگرێت، ئەمە دەبێتە درووستکردنی کەند و کۆسپ لە سەر رێگای بەشداریکردن لە گرنگترین  خاڵەکانی تێکۆشانی سیستمی سیاسیی دا. رەنگە ئەو مرۆڤە ببێتە شتێکی بێ گیان لەدەست یاسا و ئیدارەکاندا، کە توانای دەست تێوەردان  لە چوارچێوەی ماددی خۆیدا نیە. مافی بەشداریکردن تەنیا بە مانای مافی دەنگدان نیە، بەڵکو ئەندامەتی هەڵسوڕی کۆمەڵگا جگە لە مافی دەنگدان مانای تریش دەگەیەنێت. بە کار و تێکۆشانی کۆمەڵگا دەکرێت رێ لە مرۆڤ بگیرێت لەو مافەی خۆی سوود وەرنگرێت. قەدەغەکردنی خوێندن و بە کارهێنای زمانی دایک، بەشداری کردن لە هەندێک بواری دیاری کراودا کە بەستراوە بە زمانی دایک نین، دانانی مەرجی وەدەستهێنانی هێندێک پیشە و کاری ئیداری لە ڕێگای زانینی زمانێکی تایبەتیەوە هەروەها کەڵک وەرگرتن لەو زمانە لە ناوەندەکانی داد و یاسا و میدیا و بەڕێوەبەریدا لەو ڕێگایانەن، کە کۆمەڵگا دەتوانێت ڕێگای مرۆڤ بۆ سود وەرگرتن بەربەست بکات. [63]

هایتی نموونەیەکی بەرچاو لە کەڵک وەرگرتن لەو شێوەکارەیە. کاتێک کە دەوڵەت زمانی فەرانسەوی بە زمانی رەسمی و ئیداری دانا، هەر

چەندە هەموو هاووڵاتیان بە زمانی کریۆڵین قسەیان دەکرد و تەنیا (١٥%) لە حەشیمەتی هایتی فەڕانسەویان دەزانی. لەو نێوەدا هەوڵ و تەقەللاکان بۆ ئەوە بوون، کە لە ڕێگای قەدەغەکردنی بابەخە باوەکان، دەسەڵاتی ناوەندێکی دیاریکراوودا بپارێزرێت. ئەم کردارە بوو بە هۆی دروستبوونی هەستی خۆ بەکەم زانین لەنێو ئەواندا. جگە لە مە ڕێگەی گەشەکردن و پەرەسەندنی کلتوور و زمانی کریۆڵی بەربەست کرد. دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە مۆرکی فۆلکلۆریان لە کلتووری کریۆڵیە کاندا بوو، کە ئەمە بە مانای جۆرێک دان پێداهێنان بە بوونی ئەم کلتوورەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا بەشتێکی سەیر و سەمەرەی پێوەندیدار بە گەڕیدەیی دەژمارت. (64)

فێرکردن، بابەتێکی دیکەی دیار و بەرچاوە، کە سیاسەتی پێوەندار بە زمان دەخاتە ژێر رکێفی خۆی. لێکۆڵینەوەکان لە بەشەکانی گشتی و تاکدا ڕێگای چوونە نێو پێگە و ناوەندەکان خۆش دەکەن. هەر بۆیە پرۆسەی فێرکاری بە تاکە زمانێک یان بە چەند زمانێک بە شێوەیەکی ڕاستە و خۆ لەسەر توانا و ئەگەرەکانی نوێنەرایەتی باقی زمانەکان شوێندانەرە لە مەڕ سەرخستنی سەرکەوتوانەی ئەم لێکۆڵینەوانەدا. لەو چەند ساڵەی دوایدا گفتوگۆ سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی فێرکردن زۆر پەرەی گرتووە. ڕەنگاوڕەنگ کردنی زمان لەگەڵ دژایەتی مامۆستایان و سیاسەتمەدارەکانی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. مامۆستاکان لەو نێوەدا لە چوارچێوەی پێگە و شوێنی خۆیان دا ترسیان ڕێدەنیشێت و سیاسەتمەدارەکانیش بە نۆبەی خۆیان هاتنەکایەوەی سیستمێکی چەند زمانی بە ڕووخێنەری سیاسەتی گەلی دەزانن. (65)

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ژمارەی ئەو زمانانەی کە لە دنیادا قسەیان پێ دەکرێت چەند هەزارێکن، بەڵام ئەو زمانانەی کە پێیان دەنووسرێ ٢٠٠٠ دانەن. ئەوە کە کام یەک لەو زمانانە بە زمانی لێکۆڵینەوە و فێرکردن دیاری دەکرێت پرسیارێکی دژوارە. هۆکارەکان لە ڕوانگەی تاکەوە دەکرێت هەم

ئامێریانە بن هەمیش رەمزی. خوێندن بە زمانێکی دیکەش لە شوێنێکی بێجگە لە وڵاتی خۆ، رەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری بەشداریکردن لە بەرنامە و پرۆگرامی ئابووری دا. لە روانگەی رەمزیشەوە زیادبوونی زمانێک بە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان بایەخی ئەو زمانە دەباتە سەری و بە هەمان شێوەش پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە بە هێزتر دەکا کە قسەی پێ دەکەن. (66)

لەمەڕ شوێندانانی زمانی فێرکردن لە سەر سەرکەوتنی رەوتی خوێندن ئاکامی دژ بەیەک لە ئارادایە. ئەوە سەلمێنراوە ئەوانەی کە بە زمانی خۆیان رەوتی فێربوونیان بڕیوە، زمانی بێگانە باشتر فێردەبن. ئاکامەکان هەر چۆنێک بێت، لە روانگەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە منداڵ و گەورەساڵان دا لێک ناچن. لە روانگەیەکی زانستییەوە تێپەر کردن و بڕینی تاقیکاری لە ئاستێکی بەرزدا دژوارترە، چونکە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک بابەتی دیکە رۆڵی خۆیان دەگێڕن. (67) لەو نێوەدا گرینگ ئەوەیە کە سەرنج بدرێتە سەر ئەو خاڵەی کە بە هیچ شێوەیەک هەموو لایەک فێربوون بە زمانی کەمایەتیەکان بۆ قوتابخانەکان ناوێت. بۆ وێنە لە کاتالۆنیادا لایەنی زۆرایەتی لە پشتی زمانی کاستێلیا بوو نەک کاتالۆنیا. لە کاتی لێکدانەوەی مافەکانی کۆمەڵ و تاقمدا گرینگ ئەوەیە ئازادی هە ڵبژاردنی تاک بپارێزرێت. (68)

رەوتی فێرکردن بە چەند زمانێک شتێکی تازەنیە. لەو نێوەدا بۆ وێنە فینلەند خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژە. مەسەلەی تازە لێرە دایە، کە بیر و بۆچوونی جێبەجێکردنی چەند زمانیی لە بەشی فێرکردنی قوتابخانەدا ئەو وڵاتانە شی گرتۆتەوە، کە پێشتر تەنیا یەک زمان، بە زمانی پەروەردە و فێرکردن دەژمێردرا. لە لایەکی دیکەوە ئیدۆلۆژیەکی ئەوتۆ هاتۆتە کایەوە، کە لە سەر بنەما و بناخەکەیدا چ لە رووی پەروەردەوە هەم لە رووی دەروونناسیەوە شتێکە کە ناکرێت خۆی لێ ببوێردرێت. بۆ وێنە لە وڵاتی پاڕاگوادا زمانەکانی ئیسپانیای و گواڕانی و هەردووکیان بە زمانی رەسمی

ناسراون. ئەوە داب و نەریتی ولاتە، کە دان بەبوونی ئەو دووزمانەدا دێنێ و پێگەیەکی بە نرخ دەداتە ئوروپایەکانی دانیشتووی ولات و داب و نەریتی هێندوەکانش. پێشتر لە باسی تایبەت بە وێلزدا ئاماژە بەوەکرا، کە هەرچەندە مندالّ بۆ ماوەیەکی بەر درێژتر رەوتی فێربوون بە زمانی کیومری تێپەرکا ئەوا بە هەمان شێوە ناسنامەی وێلزی بە هێزتر لە وجوودی دا دێتە کایەوە و زیاتر شانازی پێوە دەکات. بە کردەوە لە ولاتی ئێرلەندیشدا زمانی ئێرلەندی بە گشتی وەکو زمانی دایک چاوی لێدەکرێت، چونکە فێرکردنی ئەم زمانە سەر لەنوێ لە قوتابخانەکاندا دەستی پێکرایەوە. ئاکامەکان لەو نێوەدا بە ئاشکرا بە شێوەیەکی گشتی هاوتاو و هاوشانی وێلزیەکان ناکەن. (69)

هاوکات لەگەلّ رەوتی فێرکاری، بەشەکانی میدیا و ئەدەبیاتیش دەستیان کردووە بە کەلک وەرگرتن لە زمانی کەمایەتیەکان. ئەم دوو زمانەش خاوەنی مانایەکی گرینگن لە دەولّەمەند کردن و بەهێزکردنی ناسنامەدا. لە روانگەی چەند زمانیدا خالّی جێگای سرنج ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤانەی بەو زمانە قسە دەکەن بە گومانن لەوەی کە زمانی کۆنی خۆیان لە سەردەمی مۆدێرندا جێگای کەلک لێوەوەرگرتن بێت. لەو بەینەدا بە تایبەت ئالوگۆرەکان لە ولاتانی ئەفەریقاییدا هاتوونەتە کایەوە و نەوەی تازە ئاگاداری لە سەر خۆی هەیە و خەریکە پێ دەنێتە ناوەند و شوێنە گرینگەکان. هەرچەندە بێ ئاگایی و نەبوونی زانیاری پێویست لە بواری زماندا هێشتا زۆر دەولّەت دەگرێتەوە. (70)

سێهەمین مانا و گرینگایەتی سیاسەتی پێوەندی دار بە زمان لە میانەی ئالۆزی و گرفتەکاندا زەق دەبێتەوە. کاتێک دەسەلاتی بەرێوە بەری لە ولاتانی ژێردەست دا لە چەنگی ولاتە داگیرکەرەکان هاتەدەر، لەو وەلاتانەدا بەرێوەبەری نێوخۆیی و هێزە سیاسیەکان شکلّ و بوونی خۆیان بە هێندێک دەستە و تاقمی کۆن و دیاری کراو بەستەوە. لەو نێوەدا زەق بوونەوەی کۆمەلّ و تاقمەکان لە پێوەندی لەگەلّ کێشە و گرفتی زماندا هاندەرێکی گونجاو بوو. لە سریلانکادا حەشیمەتی زۆرایەتی کە بە زمانی سینهەلّە قسە دەکەن،

ئەم زمانەیان بە تەنها زمانی رەسمی دیاری کرد. هەرچەندە لە وڵاتدا کەمایەتیەکی بەرچاو هەبوو، کە بە زمانی تامیلی قسەی دەکرد. ئەم رەفتارو هەڵوێستە بوو بە هۆی نانەوەی ئاژاوە و پێک دادان کە هەتا ئەمڕۆکانە درێژەی هەیە. لە هێندوستانیش دا بە بەردەوامی ئاڵۆزی و پشێوی دێنە کایەوە، کە راستە و خۆ پێوەندیان بە کێشە و گرفتی زمانەوە هەیە. قەیران و ئاڵۆزی هەروەها بوو بە هۆی دابەشبوونی بلژیک بە سێ ناوەندی لێک جیای جۆغرافیای، کە بنەما و بناخەی لەو نێوەدا شکڵ و شێوەی تایبەتی دەوڵەتی سویسە کە لە ئاکامدا وڵات توانیویەتی لە بابەت و مەسەلەکانی پێوەندی دار بە زمانەوە لە ئاشتی و هێمنایەتی دا بمێنێتەوە. [71]

هەرچەندە لە دنیای ئەمڕۆدا کۆمەڵێک بابەتی شوێندانەر وەکو هەڵچوونە سیاسیەکان، گەشەکردنی بڕۆکراسی بەڕێوە بەری، بزووتنەوەی بەربڵاوی ئاڵوگۆڕەکان و سەرکەووتنی تازە بە نیشانەی بابەتی سەرکەوتوو تاکە زمانێکی رەسمی بۆ دەوڵەت پێکدێنن. هێندێک لە وانەی، کە لە رابردوودا لە ژێر تەوژمی چەوسانەوەدا بوون، بەزەقکردنەوەی جیاوازیی زمانیش بێت هەوڵی گۆڕینی ئەو باروو دۆخەی خۆیان دەدەن. ئەوان بەم جۆرە بوونی خۆیان لە نێو کۆمەڵگادا زەق دەکەنەوە. ئەوسا بایەخی ئەوان چ لە بەر چاوی خۆ و هەمیش لە بەردەم کەسانی دیکەدا دەچێتە سەرێ، چونکە ناوەند و لایەنەکان هێشتا خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و ئابوورین. چەوساوەکان لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی زماندا پشت بە بایەخە غەیری ماددیەکان دەبەستن. [72]

چوارەمین مانا و بابەت لە پێوەندی لەگەڵ گرینگایەتی سیاسەتی زمانەوانی هەڵبژاردنی زمانەکان دەگرێتەوە. هەڵبژاردنی زمانەکان لە سەر دارشتە و پێکهاتەی گەلەکان و سەر لێ نوێ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە قەوارەیاندا دەوریان هەیە. [73] لە روانگەی K.E.Deutsch وە، کۆمەڵە، گەلێکە کە لەسەرووی مانا و گرینگی ئاڵوگۆری کاڵا و خزمەتگوزاریەکاندا فێری پێوەندی گرتن لەگەڵ

یەکتر و تێگەیشتن لە یەکتر بوو. [74] زمان سەرەتا و بناخەی ئەم پێوەندی گرتنەیە. بەو واتایە زمان بە گرینگترین رەمزی بوونی گەل دەژمێردرێت. وەکو لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا، زمان بابەتێکی گرینگە بۆ فەرانسەویەکان، بەڵام ئەو بابەتە بۆ ئەوانی دیکەش هەر گرینگە بۆ ئێمەی فینلەندیش بە هەمان شێوەگرینگایەتی خۆی هەیە. بە بێ بوونی دەوڵەتەکان جێبەجێبوونی مافەکانی تاک وەدی نایەن. لە روانگەی زمانەکانەوە گرفت ئەوەیە، کە بەرەسمی کردنی هەموو زمانەکان خۆی گرفتێکی زۆر گەورە دەخولقێنێت. بەم پێیە گیروگرفتەکانی پێوەندی دار بە پێوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە گەلێک زۆر دەبن. بۆ هەموو ئەو زمانە جیاوازانە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیی لە ئارادانیە. گەشەکردنی کۆمەڵەی گەلان داخوازی کار و تێکۆشانی یەکگرتنە. [75]

بەرچاوترین نموونە لە مانا و مەبەستی یەکگرتن لە رێگای کەڵک وەرگرتن لە زمانەوە دەوڵەتی ئیسڕائیلە. چونکە زمانی عیبری لەم وڵاتەدا لە ماوەی نەوەیەکدا ئاڵوگۆڕی زۆر بەسەردا هاتووە. ئەوکاتەی منداڵی ئەو ئیسڕائیلیانە کە بە زمانی عیبریشیان قسە نەدەکرد، زمانی عیبریان وەکو یەکەم زمانی گەلی خۆیان فێردەبوون. وڵاتەکانی ئەمەریکا، کانادا و ئوستوراڵیا نموونەی بەرچاون لەو پێوەندیەدا، هەرچەندە ئاڵوگۆڕەکان لەو وڵاتانەدا بە خێرایی نەهاتوونەتە کایەوە. لە وڵاتی ئێمەشدا زمان وەکو سەرەتا و بنەمای سەربەخۆی مانایەکی گرینگی هەبووە.

رێبازی ئەو سەردەمە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زیاتر رێبازی دان پێداهێنان بە چەند زمانییە. لەو نێوەدا هەوڵ دەدرێ مافەکانی زمان مسۆگەر بکرێن. ئەوسا جگە لە مافەکانی تاک و دەوڵەت ئاستی سێهەمیش دێتە کایەوە، کە بریتیە لە ئاستی مافەکانی کۆمەڵ و تاقمە کۆنەکان. بە هەمان شێوەرێگای چارەسەرکردنی گرفتەکانی زمان لەو نێوەدا کە مافە ناوچەییەکان مسۆگەر دەکرێن چەند زمانیە. بە کردەوە رێگا چارەی دوو زمانی زۆرتر لە ئارادایە.

(76) مەسەلە پێوەندیدارەکان بە زمان لە سیاسەتی جیهانیشدا جێگا و شوێنی خۆیان هەیە. وڵاتانی فەرانسە و ئەمەریکا سەرنجی تایبەتیان داوتە ئەم خاڵە، چونکە هەردووکیان هەوڵیان داوە بە کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆیان لە پێوەندی نێونەتەوەییی دا بوونی خۆیان لە دنیادا زەقتر نیشان بدەن. (77) هەروەها ئەو گفتوگۆیانەی کە لە یەکیەتی ئورووپادا کراون وێڕای هەوڵ و تەقەللا بناخەییەکان هەموویان پێشاندەری ئەوەن، کە هەموو لایەک هەتا بکرێت بە زمانی خۆیان کاربکەن. ئەمەش پێشاندەری ئەوەیە، کە کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆ چەندە بە بابەتێکی بایەخدار و گرینگ دەخملێنن.

**- وەرگێراو لە کتێبی ئینسانەکان یان مرۆڤەکان، فەلسەفە و بنچینەی مافی کەمایەتیەکان. نووسینی: ماریاننا راوڵۆ، زانکۆی هێلسینکی چاپی ١٩٩**

# ئایندەی زمان

قسە و باسی "دەیڤید کریستاڵ" لە زانکۆی سپاسیری شاری پونای هندستان

## وەرگێڕان لە فارسیەوە: مەجید مارابی

بێگومان دەیەی نەوەد بزوێنەرترین قۆناغی زمان بوە، بە تایبەت سەبارەت بەزمانی ئینگلیزی ئەم دەورەیە بۆ زمان لە رێنسانس و سەردەمی شکسپێرەوە تا ئێستایە. بەم دەورەیە دەڵێم بزوێنەر لە بەر ئەوەی کە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٠ دەیەی شۆڕشی زمان ناسیە. لەم دەیەدا سێ رەوتی شۆڕشگێڕ کاریگەریان لە سەر ئێمە هەبوو. دونیای زمان ناسی پێ ناچێت بۆ جارێکی تر وەها بارودۆخێک بە خۆیەوە ببینێت. ئەم دەیە دەیەی وشیاری، پێشکەوتن و کەڵک وەرگرتنی زمانە. خۆزگە دەکرا پاش پەنجا ساڵ ئەنجامی ئەم شۆڕشانە بە چاو ببینرایەت.

باسم لە سێ شۆڕش لە زمانناسیدا کرد. بەر لە هەر شتێک دەیەی نەوەد، دەیەیەک بوو کە جیهان بۆ یەکەمین جار بوو بە خاوەنی زمانێکی جیهانی "GLOBA LANGUAGE". پێشتر ئێمە لە هیچ دەورەیەکدا زمانێکمان وەکوو زمانی جیهانی نەبوو. دووهەم ئەوەی کە دەیەی نەوەد دەیەک بوو کە ئێمە مەرگی نیوەی زمانەکانی دونیامان دەرک کرد، و چ کارەساتێکی گەورە. و سێهەم ئەوەی کە لە دەیەی نەوەدا ئێمە بە تەکنۆلۆژیایەکی نوێ و مدیۆمێکی پێوەندی نوێ بە نێوی پێوەندی ئەلکترۆنیکی گەیشتین. بە درێژایی ژیانی

مرۆڤ مدیۆمەکانی پێوەندی زۆر بە کەمی پێک دێن. یەکەمین مدیۆمی پێوەندی کە بە درێژایی حەیاتی مرۆڤایەتی پێک هات، بۆ پازدە هەزار ساڵ پێش دەگەڕێتەوە. پازدە هەزار ساڵ لەمەو پێش بوو کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار فیری قسە کردن بوو. یەکەمین سیستەمی نووسین بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە. کە وایە سەرەتا قسە کردن و پاش ئەو نووسین دوای پێنج هەزار ساڵ پێک هات. دوای پێک هاتنی ئەم دوو مدیۆمە پێوەندیە مرۆڤ مدیۆمێکی تری نەبوە، تاکوو ئەم دەساڵەی دوایی کە پێوەندی ئەلکترۆنیک هاتە کایەوە. لە ساڵی ۱۹۹۰ دا بۆ یەکەم جار پێوەندی ئەلکترۆنیکی و تۆڕە جیهانیە ئەنترنێتیەکان کەشف کران. لە نێوەڕاستی دەیەی نەوەدا زۆربەی ئێمە کەڵک وەرگرتن لە "ئیمەیل" و "چات رۆم"ەکانمان دەست پێکرد. هەڵبەت تاکوو نزیکەی ساڵی نەوەد و پێنج کەڵک وەرگرتنی ئێمە لە ئەنتەرنێت زۆرتر سنووردار بوو بە ناردن و وەرگرتنی ئیمەیل. کە وایە سێ شۆڕش کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد بریتین لە: زمانە جیهانیەکان، مەرگی نیوەی زمانەکان و هاتنی ئەنتەرنێت. ڕێگا بدەن سەرەتا باسی زمانی ئنگلیزی وەکوو زمانێکی جیهانی بکەم. چەند ساڵ پێش سەر دێڕی یەکێک لە رۆژنامەکانی بەریتانیا ئەمە بوو: "ئەمڕۆکە هەموان بە ئینگلیزی قسە دەکەن."

زمانی ئینگلیزی دەتوانرێ بە سەر سآ پێگەدا دابەش بکرێ:

1- ئینگلیزی وەکوو زمانی یەکەم،

2- ئینگلیزی وەکوو زمانی دووهەم،

3- ئینگلیزی وەکوو زمانی بیانی.

دواتر دەتوانرێ ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکرێ کە لە هەر لق یان پێگەیەکدا چەند کەس لە خەڵکی دونیا بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەکرێ ئامار و ئەرقامێکی بەم جۆرە بە دەست بێت:

نزیکەی چوارسەد ملیۆن لە خەڵکی دونیا بە زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی یەکەم یان زمانی دایکی قسە دەکەن. واتا زمانی دایکیی ئەم ڕێژەیە لە خەڵکی دونیا ئینگلیزیە. لە وڵاتانێکی وەکوو بەریتانیا، ئامریکا، ئوستralیا، ئیرلەند، نیووزیلەند، ئافریقای باشووری، کارائیب و وڵاتانێکی بچووکی تر لە چوار گۆشەی دونیا زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی یەکەم و زمانی دایکی خەڵکە. ئێستا چەند کەس لە خەڵکی دونیا بە زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی دووهەم قسە دەکەن؟ لە وڵاتانێکی وەکوو هیند، سەنگاپوور، نیجریە، و ... زمانێک وەکوو زمانی ڕەسمی و ناوچەیی هەیە و لە گەڵ ئەم زمانە وەکوو زمانی ڕەسمی بە زمانی ئینگلیزیش قسە دەکرێت. بەڵام ڕیژەی ئەم کەسانە چەندە؟ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە بڕێک سەختە، چوونکە ئەوەی کە ئایا چ کەسێک لە دەستەبەندی قسە بێژان بە زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی دووهەمدا دەبێت، بەندە بە ڕادەی ڕەوان بوونی قسەبێژانی ئەو زمانەوە. بۆ نموونە کەسێک کە لە سەدا سەد بە ڕێکی و ڕەوانی بە زمانی ئینگلیزیهیندی قسە دەکات بە دڵنیایەوە وەکوو قسە بێژی زمانی ئینگلیزی بە ئەژمار دێت. تەنانەت کەسێک کە تا حەفتا لە سەد زمانێک بە پاراوی قسە بکات دیسان قسە بێژی ئەو زمانە دێتە ئەژمار. بە پێی ئەو پێوانانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا زمانی ئینگلیزی بۆ نزیکەی چوارسەد ملیۆن کەس لە خەڵکی دونیا زمانی دووهەمە. کە وایە دەبینین کە ئەم ڕێژەیە لە گەڵ ڕێژەی قسەکەرانێک کە زمانی دوەمی ئەوان زمانی ئینگلیزیە ڕاست دوو بەرابەری کەسانێکە کە زمانی دایکیان زمانی ئینگلیزیە.رسکاوی زمان هیچکات لەگەڵ وەها بارودۆخێک لە سەراسەری دونیا بەرەو ڕوو نەبوە. بە ئاسانی دەتوانین ئەم بڕیارە دەربکەین کە داهاتووی زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی دووهەم بەندە بە زمانی ئینگلیزی لە وڵاتی هیند. هەر چەند ئاماری وردی کەسانێک کە لە هیند توانای ئاخافتن بە زمانی ئینگلیزیان هەیە لە بەر دەستدا نیە، بەڵام چەند ساڵ پێش بە پێی وتەی یەکێک لە ڕۆژنامەکان "یەک لە سێی خەڵکی هیند خاوەنی توانای زمانی ئاخافتن بە زمانی ئینگلیزیان هەیە. "واتا یەک لە سێی حەشیمەتی هیند نزیکەی

سآسەد ملیۆن کەسە ئەم ریژەیە لە راستیدا زیاتر لە ریژەی ئینگلیزی زمانان لە ئامریکا، بریتانیا، کانادا،ئستراليا و ئیرلەندە. ئەمڕۆکە لە هیچ شوێنێکی دونیا زمانی ئینگلیزی بە قەد هیند ئاخافتنی نیە. بەلام سەبارەت بە ولاتانێک کە زمانی ئینگلیزی تێیاندا وەکوو زمانی بیانی بە ئەژمار دێت واتا ولاتانێک کە زمانی ئینگلیزی تێیاندا پێگەیەکی تایبەتی نیە وەکوو چین، رووسیە، ژاپۆن، هەندێک لە ولاتانی ئەوروپایی، باشووری ئامریکا، ئامریکای ناوەندی، لەم ناوچانەدا زمانی ئینگلیزی چەند کەس قسەبێژی هەیە یان چ ریژەیەک لە خەلک دەتوانن بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن؟ هەر چەند ئامارێکی ورد و دروست لە بەر دەستدا نیە بەلام دەوترآ ژمارەی کەسانێک کە توانای ئاخافتن بە زمانی ئینگلیزیان هەیە بە حەوت سەد ملیۆن کەس دەگات. کە وایە بە حەسێبێکی سەر پەنجەیی دەتوانرآ ریژەی قسە بێژان بە زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا بە یەک میلیارد و نیو بەراورد بکرآ و ئەم ریژەیە یەک چوارمی حشیمەتی تەواوی جیهانە. هۆکار و شیی کردنەوەیەک کە لە سەرەوە باسی لێکرا جیهانی بوونی زمانی ئینگلیزی دەسەلمێنێت. یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی زمان وەکوو ئامرازێکی پێوەندی تێگەیاندنە. تۆ دەتەوآ لە من تێبگەی و من دەمەوآ لە تۆ تێبگەم. ئەم تێگەیشتنە بە ئەنجام ناگات مەگەر لە رێگای زمانی ئیستانداردەوە. ئستاندارد بوونی زمانە کە تێگەیاندن مسۆگر دەکات. کاتێک کە بۆ یەکەم جار لە سالی ١٩٤٠ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا ئەم رێکخراوە تەنیا پەنجا ئەندامی هەبوو، بەلام ئەمڕۆ ژمارەی ئەندامانی ئەم رێکخراوە گەیشتوەتە ١٩١ ئەندام، واتا رێژەی ولاتانێک کە دەیانەوێت پێکەوە گفتوگۆ بکەن بوەتە چوار بەرابەر. لە لایەکەوە زمانی ئینگلیزی زمانی دەسەلات بوە و هێشتاکەش هەیە. گشتگر بوونی زمانی ئینگلیزی بە هۆی پێکهاتە و رێزمانی جوانی ئەم زمانە نیە بەلکوو گشتگر بوونی بە هۆی ئەمەیە کە زمانی ئینگلیزی زمانی ولاتانی زلهێز بوە و هەیە. لێرەدا مەبەست لە زلهێزی دەسەلاتی ئابووری، سیاسی، سەربازی، زانستی و کەلتووریە. ئەگەر تۆزێک ورد بینەوە دەبینین کە تەواوی دامەزراوە بانکی و

سیستەمە بانکیەکان، دامەزراوە و سیستەمی ئینگلیزی زمان بوون. لە لایەکی تر تەواوی داهێنانەکان و دۆزینەکان و نویٚ هاتە فەرهەنگیەکان یان لە وڵاتانی ئینگلیزی زماندا بە ئەنجام گەیشتوون یان لە لایەن ئەوانەوە ئاسان و مسۆگر بوون. رادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ئاگاداریەکان و پڕ و پاگەندە، ئاژانسە هەواڵدەریەکان، ئینتەرنێت و ... یان لە وڵاتانی ئینگلیزی زماندا دەستی پێکردوە یان لە لایەن ئەوانەوە ئاسانکاری و هەموار و گشتگر بوون. وەکوو نموونە پیشەسازی سینەما لە بەر چاو بگرن. سینەما سەرەتا لە وڵاتی فەرانسە دەستی پێکرد. بەڵام ئێمە ئەمڕۆکە هەموومان هالیود بە زادگە و ناسنامەی سینەما دەزانین و ئەمڕۆ زیاتر لە حەفتا لە سەدی بەرهەمە سینەمایەکان لە جیهاندا یان هی وڵاتانی ئینگلیزی زمانن یان بە زمانی ئینگلیزین. لەم روەوەیە کە دەڵێین زمانی ئینگلیزی جیهانیە. وڵاتانێک کە ئینگلیزی زمان نین بە شێنەیی و بە تێپەڕ بوونی کات وەکوو بنەماڵەیەک کە بەخێو کردن و سەرپەرشتی مناڵێک قەبووڵ دەکەن ئەوانیش زمانی ئینگلیزی لە لای خۆیان رادەگرن و پەروەردەی دەکەن. ئەم منداڵە رۆژێک لە کەسێکی تر بوە بەڵام ئەمڕۆ لەوانە، هی ئێوەیە و هی ئێمە. هەستی ئەم بابەتە لەمەدایە کە ئەمریکیەکان و بەریتانیە خۆشەویستەکان ئیتر ناتوانن بڵێن ئینگلیزی دەبآ بە زاراوەی ئامریکایی یان ئینگلیزی قسە بکەن. ئیتر ئەگەرێک بوونی نیە. بۆ نموونە ئەمڕۆ بوونی شێوازێک لە زمانی ئینگلیزی بە ناوی ئینگلیزی – هیندی راستیەکە حاشا هەڵنەگر. ئوسترالیایی، کانادایی و سەنگاپووریش هەر بەم جۆرە. ئەمانە هەموویان زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانێکن. لە لایەکی ترەوە دەبا ئیقرار بکەین کە بە هەمان رادە کە واتا لە زمانێکدا گرینەگە چییەتیش گرینگە. چوونکە چییەتی لە ئەندێشە و لە زماندا شاراوەیە. مرۆڤ خەوشدار بوونی چیەتی خۆی تەحەمول ناکات. زۆرن ئەو نەتەوە و خێڵانەی کە بە بۆنەی زمانیانەوە مانیان گرتوە، شەڕیان کردوە و گیانیان بەخشیوە. لەم روەوە دووهەمین شۆڕشێک کە قسەی لێوە دەکەین و بە کارەساتی دەزانین مەرگی زمانەکانە. لە حاڵی حازردا نزیکەی شەش هەزار زمان لە

دونیادا بوونیان هەیە کە نیوەیان واتا سێ هەزار زمان لە گەڵ مەترسی مەرگ و فەرامۆشی بەرەو روون. و ئەگەر هەنگاوێک هەڵنەگیرێت ئەم دیاردەیە تا کۆتایی ئەم سەدەیە روودەدات . تاکوو سەد ساڵی تر هەر دوو هەفتە زمانێک لە ناو دەچێت و فەرامۆش دەکرێت ئەگەر لەم بوارەدا هەنگاوێک هەڵنەگیرێت مەرگی زمانێک واتا مەرگی دوایین قسە بێژ و میراتگری زمانێک، ئەمڕۆ نزیکەی شەست زمان لە سەراسەری دونیادا هەیە کە تەنیا یەک قسەبێژی هەیە. نزیکەی نەود و شەش لە سەدی زمانەکانی دونیا لە لایەن چوار لە سەدی خەڵکی دونیاوە قسەیان پێ دەکرا. بۆنموونە لە نیجریەدا نزیکەی ٤٥٠ زمان هەیە لە هیند نزیکەی ٢٠٠ زمان. کە وایە دەبینین خێڵ و هۆزگەلێکی زۆر هەن کە تەنیا نیشاندەری ناسنامەیان زمانیانە لەم نێوەدا غەڵتەککەلێکی گەورە و زەبەلاح هەن کە زمانەکان و وردە زمانەکان ورد و خاش دەکەن و لە ناویان دەبەن. لە ئامریکای باشووریدا زمانی ئیسپانیایی رۆڵی ئەم غەڵتەکە دەگێڕێ و لە زۆرێک لە وڵاتانی تر زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی. بەڵام پرسیار لێرەدایە کە چۆن دەکرآ زمانێک لە مردن رزگاری ببێت و زیندو بمێنێت؟ بۆ رزگار کردنی زمانێک لە مەرگ سآ هۆکار گرینگن. ١- داخوازی خەڵک: واتا خەڵک خۆیان خوازیاری پاراستن و زیندوو راگرتنی زمانیان بن. ٢- خواستی دەوڵەت: دەوڵەتان دەبآ لە بایەخی جۆراوجۆری زمان و جۆراوجۆر بوونی زمان ناسی تێبگەن. زۆرێک لە دەوڵەتان بەم جۆرەن و جۆراوجۆر بوونی زمانەکان و کەلتوورەکان بە شانازی دەزانن. هەندێک لە دەوڵەتانیش لە زمانی کەمایەتیەکان دەترسن و ئەم ترسەش زۆرتر سەبارەت بە کەمەنەتەوە گەلێکە کە زمان و نەتەوە تێیاندا بە تەواوەتی تێک ئاڵاوە. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی دا یاسایەک پەسەند کراوە لە سەر بنەمای ریزگرتن لە زمانی کەمە نەتەوەکان و هەوڵدان لە جیهەت پاراستن و راگرتنیاندا. یوونسکۆش وەکوو دامەزراوەیەکی جیهانی لەم بوارەدا زۆر جیدی و چالاکە. هۆکاری سێهەم کە بۆ زیندوو راگرتنی زمان پێویستە پاشەکەوت و سەرمایەیە. زیندوو راگرتنی زمان پێویستی بە خەرجە، پێویستی بە پارەیە.

پارە بۆ نووسین، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و واژەنامە و فەرهەنگ نامە، پارە بۆ خستنە گەڕی تۆڕ و سایتە ئەنتەرنێتیەکان و چات رۆمەکان بۆ ئەوەی کە خەڵک بتوانن بە زمانی خۆیان و لە رێگای ئەوانەوە بخوێنن و بنووسن و قسە بکەن. چەند ساڵ پێش برە پارە و سەرمایەێک کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرا ساڵانە دوسەد هەزار دۆلار بوو بە ئەژمار کردنی سێ هەزار زمانی روو لە مەرگ و فەرامۆشی، ساڵانە شەست سەد میلیۆن دۆلار پێویستە بۆ ئەوەی کە سآ هەزار زمان لە مەرگ رزگار بکرێت. ئەم پارەیە لە یەکەم نیگادا زۆر و زەبەند دێتە بەر چاو، بەڵام دەبآ بوترآ کە ئەم برە پارەیە هاوتەریبە لە گەڵ قازانجی تەنیا یەک رۆژی ئۆپێک دا. واتا هاوتەریبی قازانجێکە کە تەنیا یەک رۆژ نسیوی ئۆپێک دەبێ. کە وایە دەبینین کە چۆن کەڵک لێوەرگرتنی دروست و بە جێ لە پارە و سەرمایە چۆن زمانەکان لە مەرگ و لە ناوچوون رزگار دەکات و فەرە چەشنی زمانەکان دەپارێزێت. بەو جۆرەی کە ئێمە ئەمرۆرکە بیر لە لەناو چوونی رەگەزی هەندێک لە ئاژەڵان و گیانلەبەران دەکەینەوە و بە شوێن دۆزینەوەی رێگایەکین بۆ پێشگرتن لە لەناوچوونیان و بیر لە بایەخی ئێکۆلۆژیکی ئەم مەسەلەیە دەکەینەوە پێویستە بە هەمان رادە بایەخ بە زمان و فرەچەشنی زمان بدەین. ئایا مەرگی دواین چەشنی پڵنگێک لە زمانێک گرینگ ترە؟ مەرگی زمانێک واتا مەرگی روانگەیەک و بۆچوونێک نیسبەت بە جیهان و دیاردەکانی. شێوازی روانینی هەر خێڵ، هۆز، یان نەتەوەیەک بۆ جیهان تەنیا لە رێگای زمانەوە دەدرکێت. لێرەدایە کە بایەخی فرە چەشنی زمانەکان دیارە. ئەم بایەخە من و تۆ هەستی پێدەکەین نەک سیاسەتمەدارانی خۆشەویست، کامە سیاسەتمەدار تا ئێستا هەنگاوێکی بۆ پاراستنی زمان هەڵگرتوە.

سێهەمین شۆڕشی زمانناسی کە باسم لێوە کرد، هاتنی ئەنتەرنێت و پێوەندی ئەلکترۆنیکیە. پێوەندی ئەلکترۆنیکی بە وتار (speech) و نووسین (writing) بە تەواوەتی جیاوازە. بەڵام ئەم جیاوازیانە چین؟ لە کاتی گفتوگۆ و ئاخافتندا لایەنەکانی گفتوگۆ زانیاری بە یەکتری دەدەن لە پرۆسەی دان و

گرتنی زانیاری دا هیچ کام لە لایەنەکان وەکوو لقە دارێکی رەق و وشک بێ تەفاوەت و بآ هەڵوێست نین واتا شتێک بە ناوی بازخورد هەیە. لە ریگای ئەم بازخوردەی لایەنەکانی لە حاڵی ئاخافتندایە بە جووڵەی سەر و چاو یان بە دنگی وەکوو ئەها، هاوام و ... شوێن یەکتر دەکەون دەریدەخەن کە گوێ لە یەکتری دەدەن. ئەم ئاماژە و جووڵە و دەنگانە بازخوردی هاوکاتن. بەڵام لە پێوەندی ئەلکترۆنیکی و چات رۆمەکاندا وەها بازخوردێک بوونی نیە. ریگا بدەن ئاماژە بە جیاوازیەکی تر بدەم. گریمان ئێوە ئیمەیلێک بۆ کەسێک یان دۆستێک دەنێرن. ئەو کەسەی کە ئیمەیلەکەی ئێوە دەکاتەوە دەبینێت کە ئەم ئیمەیلە نزیکەی پەنجا دێڕە. وەرگر نایەوێت وەڵامی تەواوی پەنجا دێڕەکە بداتەوە. کە وایە لە دو شێوازی cat و paste کەڵک وەردەگرێت. واتا بەشی مەبەست لە ناوەرۆکی ئیمەیلەکەی ئێوە جیا دەکاتەوە دوبارە لە لاپەڕیەکدا کە بڕیارە وەڵامی ئیمەیلەکەی ئێوە بداتەوە نیشانی دەدات (paste) و بەم جۆرە وەڵامی بەشی جێگای سەرنج دەداتەوە. لە سەرەتای مێژووی پەیدا بوونی زمانەوە مرۆڤ هیچ کات نەیتوانیوە لە دو شێوازی cat و paste لە ئاخافتنیدا کەڵک وەرگرێت. و ئەمە جیاوازی زمانی ئەنتەرنێت لە گەڵ زمانی نووسین و وتارە. ئێستا چات رۆمەکان بێننە بەر چاو. چات رۆمەکان بە راستی سەرسووڕ هێنەرن. لە هەر ژوورێکدا نزیکەی سی کەس و لە ژووری گەورەتردا سەدان کەس بە شێوەی هاوکات پێکەوە قسە دەکەن لە حاڵێکدا هەر کامەیان لە گۆشەیەکی ئەم دونیا بەرینە لە پشت کومپیتەرەکانیان دانیشتوون. لەم ژوورانەدا سەبارەت بە بابەتی جۆراوجۆر و بە شێوەی هاوکات قسە دەکرێت. بۆ نموونە لە لاپەڕەی سەرەکیدا لە سەر مانیتۆر ئێوە دەبینن کە کەسێک سەبارەت بە دوایین رۆمانێک کە خوێندوویەتیەوە قسە دەکات و رەستەگەلێک دەنووسێت، ئەوی تر لە حاڵی جنێو دان و سەرقاڵ کردنی کەسانی ترە، لە گۆشەیەکی تر دوو کەس خەریکی گفتوگۆی عاشقانەن بۆ یەکتری رەستەی عاشقانە دەنووسن. ئێوە وەکوو ئەندامێک لە ئەندامانی ئەم رۆمە گوێ لە قسە و باسی بیست و نۆ نەفەرەکەی تر دەگرن و دەیبینن.

تەنانەت هەندێک جار بە دەر لەم لاپەڕە گشتی و سەرەکیە ئێوە دەتوانن هاوکات پەیام بۆ چەندین کەس بنێرن.

بە درێژایی مێژو و لە سەرەتای پەیدا بوونی زمانی وتار و نوسیاردا قسە و باسی سێ کەسی و هاوکات هەرگیز نەکراوە. وێنای بکەن کە ئێوە لە میوانیەکی سی کەسیدان. ئایا دەتوانن لە گەڵ ئەم سی کەسە بە شێوەی هاوکات قسە بکەن؟ بۆ نموونە بە کەسێک بڵێن: "بەڵێ خاڵێکی سەرنج ڕاکێشە" و بەوی تر بڵێن "لە گەڵ ئەم بەشەی قسەکانی ئێوەدا نیم" بە چەند کەسێکی تر لە گۆشەیەکی تر لە میوانیەکەدا بڵێن: "قەد وانیە" و ...؟ تەنیا شێتەکان دەتوانن لە وەها میوانیەکدا ئاوا هەڵس و کەوت بکەن. بەڵام لە چات ڕۆمەکاندا بەشداری سی کەسی و هاوکات بە ئاسانی مسۆگرە.

ئەمە بە خێرایی و لیزانی پەنجەکانی ئێوە لە تایپ کردندا بەندە تا کوو لەو یەکەیەدا لە گەڵ چەندین کەس قسە بکەن و وەڵامی پەیامەکانیان بدەنەوە. پێوەندی ئەلکترۆنیکی و زمانی ئەنتەرنێت تەنانەت لە گەڵ زمانی نووسینیش جیاوازە. بە هێنانی نموونەیەک ئەم جیاوازیە روون دەکەمەوە. گریمان ئێوە کتێبێک دەکەنەوە و سەرقاڵی خویندنەوەی لاپەڕەی شەست دەبن. دووبارە کتێبەکە دەبەستن و هەمان لاپەڕە دەکەنەوە. ئەگەر ببینن کە لاپەڕەی شەست گۆڕاوە و ناوەرۆک و نووسراوەکانی ئەم لاپەڕەیە شتێکی ترە بێ گومان یان لە عەقڵی خۆتان بەدگومان دەبن یان پێتان وایە کاری لە ئێمە باشترەکانە. کە وایە بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی وتار و نووسیار سابت و هاتاهەتایین و نە دەجوولێن و نە دەگۆڕدرێن. لاپەڕەی شەستی کتێبێک بۆ هەتا هەتایە هەروا دەمێنێت. بەڵام سەبارەت بە لاپەڕەکانی ئەنتەرنێت بەم جۆرە نیە، خاڵی جێگای سەرەنجی تر کە سەبارەت بە چات ڕۆمەکان هەیە کەڵک وەرگرتن لە هێما کورتکردنەوەکانە. ئەم هێمایانە و ئەم کورت کراوانە لە زمانی وتار و نووسیاردا بوونیان نیە. بۆ نموونە کاتی چات کردن دەنووسن: (brb) و ئەمە واتا "ئێستا دێمەوە" یان دەنووسن: (cul) و ئەمە بە مانای "بە هیوای دیدارە"

و ...ئایا ئەم مدیۆمی پێوەندیە لە گەڵ مدیۆمی وتار و نووسیار جیاواز نیە؟ ئایا ئەمە شۆڕشێک لە پێوەندیەکاندا بە ئەژمار نایەت؟

دواین شتێک کە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەمەیە کە کاتێک کە بۆ یەکەمین جار و لە ئامریکادا ئەنتەرنێت و کەڵک وەرگرتن لێی دەستی پێکرد، لە سەدا سەدی زمانی تۆڕەکان و سایتەکان ئینگلیزی بوو. لە ساڵی ١٩٩٥ رادەی بوونی زمانی ئینگلیزی لەم تۆڕو سایتانەدا گەیشتە نەوەد لە سەد چوونکە زمانەکان و وڵاتانێکی تر دەستیان کرد بە کەڵک وەرگرتن لەم شێوازی پێوەندی گرتنە. لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەم رادەیە گەیشتە حەفتا لە سەد و لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم رێژەیە بۆ کەمتر لە پەنجا لە سەد دابەزی. لە بەر ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە تۆڕ و سایتە ئەنتەرنێتیەکاندا زیاتر لە ٢٠٠٠ زمان هەیە و بڕێک لەم زمانانە سەدان و هەزاران سایتیان کردوەتەوە. هەر ئەم تۆڕ و سایتە ئەنتەرنێتیانە بوونەتە هۆی زیندوو راگرتنی ئەم زمانانە. ئێستا چ کەسانێک زۆرتر دوای ئەم سایت و چات رۆمانە دەکەون؟ بێگومان تازە لاوان زۆرترین کەڵک لەم سایت و چات رۆمانە وەردەگرن. بە ئەرخەیانیەوە دەتوانم بڵێم داهاتووی زمان پشت ئەستوورە بە تازە لاوان چوونکە تازە لاوان دایک و باوکانی نەوەی داهاتوون. ئەنجام ئەمە دەبێت کە لە بەر ئەوەی زیاتر تازە لاوان لە گەڵ ئەنتەرنێت سەر و کاریان هەیە، داهاتووی زمان لە لایەک بەندە بە تازەلاوان و لە لایەکی تر بە ئەنتەرنێتەوە. لێرەدایە کە رۆڵی ئەنتەرنێت لە رزگار کردنی زمانە روو لە مەرگەکاندا دیاری دەکرێ.

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە بۆ فارسی: ئومید وەرزند

سەرچاوە: دوحەوتوونامەی رۆژهەڵات

# دەزگای داڕشتنی فەرمان لە کوردی کرمانجی ناوچەی خۆراسان

حەسەنعەلی تورقی ئوغاز

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئارام شەکیبائی (هەورام)

- جێی ئاماژەیە لەم وەرگێڕدراوەدا بۆ نیشاندانی وشەکان و لەجێی ئەلفوبێ دەنگنووس لە ڕێنووسی کوردی لاتین کەڵکم وەرگرتووە و ئەم گواڕانکاریمە لەم وتارە ئەنجام داوە بە هۆی ئاشنابوونی زۆربەی خوێنەران بە ڕێنووسی کوردی لاتینی (وەرگێڕ).

---

## زاراوەی کرمانجی:

کوردی باکووری کە بە بادینی و کرمانجی ناسراوە، یەکێک لە زمانەکانی باکووری رۆژئاوای ئاریایە، ئەم زاراوە لە رۆژئاوای زرێواری ورمێ، ناوچە شاخاوییەکانی ئارارات، باکووری سوریا، باکووری کوردستانی عەراق و ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و ئەرمەنیستان و ناوچە باکوورییەکانی خۆراسانی ئێران بڵاوە. کرمانجەکانی خۆراسان پاشماوەی ئەو کوردانەن کە

به بۆنەی بەرگری کردن لە تالانکاری و دەست ڕێژییەکانی تورکەکان بەرەو ناوچەی خۆراسان کۆچ دراون و لەوێ نیشتەجێ کراون.

## ناوچەی ئەغازی تازە:

کوردی باکووری کە بە بادینی و کرمانجی ناسراوە، یەکێک لە زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئاریایە، ئەم زاراوە لە ڕۆژئاوای زرێواری ورمێ، ناوچە شاخاوییەکانی ئارارات، باکووری سوریا، باکووری کوردستانی عەراق و ناوچە کووردنشینەکانی تورکیا و ئەرمەنیستان و ناوچە باکوورییەکانی خۆراسانی ئێران بڵاوە. کرمانجەکانی خۆراسان پاشماوەی ئەو کوردانەن کە بە بۆنەی بەرگری کردن لە تالانکاری و دەست ڕێژییەکانی تورکەکان بەرەو ناوچەی خۆراسان کۆچ دراون و لەوێ نیشتەجێ کراون.

ئەم زاراوە لە خۆراسان بە هۆی نزیکی و هاوسایەتی لەگەڵ زمان و زارۆچکەکانی خۆراسان ئاڵوگۆڕی و دەست بە دەست کردنی وشەیان بووە و ئاسەواری بووە لەسەر ئەو زارانە و لەوانیش ئاسەواری وەرگرتووە.

## ناوچەی ئەغازی تازە:

ئوغازی تازە کە لە لایەن لێکۆڵەرەوەوە بۆ کۆمەڵی نموونەیی یەکێکە لە گۆندستانەکانی ناوچەی شیروان، لە ناوچە باکوورییەکانی خۆراسان، لە ڕوانگەی جوگرافیاییدا لە پانایی ٣٧ دەرەجە و ١١ دەقیقە و درێژایی ٥٨ دەرەجە و ١١ دەقیقەیە و بەرزایی لە ڕووی ئاو دەگاتە ١٦١٠ مەتر. لەم ناوچەدا دوو زارای کرمانجی و تورکی بەربڵاون و کرمانجی لێرەدا وەک زمانی ناوجییە (واتە کاتێک تورکێک و کوردێک لەگەڵ یەک قسان دەکەن

زارای کرمانجی بەکاردەبەن ـ وەرگێڕ). لێکۆڵەرەوە خۆی یەکێکە لە کرمانجی بێژەکانی ئەم ناوچەیە.

## دەزگای ڕێزمانی فەرمان:

فەرمانەکان لەم زاراوەدا دوو دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوو هەیە کە لە قەدی ڕابردوو و ڕانەبردوو ساز دەکرێن. لەم بەشەدا چاوێک دەنەخشین بە چاوگ و دەمکاتەکانی فەرمان لەم زاراوەدا.

## پاشگرەکانی چاوگ:

نیشانەکانی چاوگ لەم زاراوەدا بریتین لە/n-/ یان /in-/، کە یەکەمین بە دوای پیتی دەنگدار و دووەمی بە دوای پیتی بێدەنگ دێت. بۆ نموونە:

(چوون) çûn، (ناردن) şandin، (ڕاوەستان) sakinîn، (ڕاکردن) revîn، (خواردن) xarin.

قەدی ڕابردوو و ڕانەبردوو:

قەدی ڕابردوو و رانەبردووی ئەم زاراوە چەند دۆخیان هەیە:

**ئا)** ئەو چاوگانە کە قەدی ڕابردوو و ڕانەبردوویان یەکسانە:

| قەدی ڕابردوو | قەدی ڕانەبردوو | چاوگ |
|---|---|---|
| dirû | dirû | dorûn |
| mir | mir | mirin |

ب) ئەو چاوگانە کە قەدی ڕابردوو و ڕانەبردوویان یەکسان نییە و لەوە دەچێت لە دوو ڕیووەی جیاواز بن:

| قەدی ڕابردوو | قەدی ڕانەبردوو | چاوگ |
|---|---|---|
| go(T) | (w)êj | goTin |
| haT | ê | haTin |
| mişT | mal | mişTin |

ج) ئەو چاوگانە کە قەدی ڕابردوو بە زیادکردنی پاشگرێک بە کۆتایی قەدی ڕانەبردوو سازدەکرێت:

| قەدی ڕابردوو | قەدی ڕانەبردوو | چاوگ |
|---|---|---|
| gaRya | gaR | geRyan |
| Rijya | Rij | Rijyan |
| şaft | şaft | şaftîn |
| Revî | Rev | Revîn |
| qalişT | qaliş | qalişTin |
| girT | gir | girTin |
| herd | hêr | hêrdin |
| xar | xa | xarin |
| rêxisT | rêx | rêxisTin |
| şuşT | şu | şuşTin |

| | | |
|---|---|---|
| işKasTin | işK | işKasT |
| bêsTin | bê | bêsT |
| giryan | girî | girya |

د) ئەو چاوگانە کە قەدی ڕابردوو بە زیادکردنی پاشگرێک بە کۆتایی قەدی ڕانەبردوو سازدەکرێت لەگەڵ گۆڕانی چەند دەنگ یا فۆنێم:

| چاوگ | قەدی ڕانەبردوو | قەدی ڕابردوو |
|---|---|---|
| KoşTin | Koj | KoşT |
| xasTin | xaz | xasT |
| isParTin | isPêr | isPaRT |
| Kirin | Ka | Kir |
| şandin | şîn | şand |
| çandin | çîn | çand |
| mîTin | mêj | mîT |
| rîTin | rêj | rîT |

هـ) ئەو چاوگانە کە قەدی ڕابردوو بە گۆڕانی چەند دەنگ یا فۆنێم سازدەکرێت:

| قەدی ڕابردوو | قەدی ڕانەبردوو | چاوگ |
|---|---|---|
| keT | kev | keTin |
| da | de | dan |
| za | zê | zan |

## گرەکانی فەرمان:

لەم زاراوەدا فەرمان چەندین گر (پاشگر، پێشگر، نێوگر)ی هەیە، کە گری ڕووچەک (وجە)، نەرێ کردن و ڕاناوەکان لە خۆ دەگرن.

**ئا)** گرەکانی ڕووچەک: لەم زاراوەدا گرەکانی ڕووچەک بریتین لە /de/ و /bi/. کە /de/ بۆ ڕابردوی بەردەوام و ڕانەبردووی سادە و /bi/ تایبەتە بە فەرمانی داخوازی و ڕانەبردووی خۆزگەیی:

ڕابردووی بەردەوام: dexasTim = دەمخوازی

ڕانەبردووی سادە: dexazim = دەخوازم

ڕانەبردووی خۆزگەیی: bixazim = بخوازم

داخوازی: bixaz = بخوازە

ب) پێشگرەکانی نەرێ کردن بریتین لە /na/ و /ne/ و /ma/ و /me/.

## گۆڕانکارییەکانی پێشگرەکانی ڕووچەک و نەرێ کردن:

1. پێشگری /bi/ هەندێجار لە فەرمانی خۆزگەیی نابێت:

heRim = بچم / here = بچێت

2. پێشگری /de/ هەندێ جار لە فەرمانی ڕانەبردووی سادە نابێت:

zanim = دەزانم / zani = دەزانن (ئێوە - ئەوان)

3. /de/ و /bi/ ئەگەر بەر لە پیتی دەنگدار بێن دەگۆڕن بە /T/ و /b/:

= de + ilim : Tilim دێڵم(تێڵم)

= bi + ixim : bixim بخەم

4. پێشگرەکانی نەرێ کردن ئەگەر بەر لە پیتی دەنگدار بێن دەگۆڕن بە /m/ و /n/:

me + avêj : mavêj (مەخە)
na + êxim : nêxim (ناخەم)

ج) پاشگرەکانی کەسایەتی (= ڕاناوەکانی کەسایەتی لکراو):

1. لە فەرمانە تێپەرەکان تەنها ڕانەبردووەکان و فەرمانی داخوازی دووەم کەسی کۆ ڕاناوی کەسایەتی لکراو دەگرن و لە دی دەمکاتەکان بکەر بە شێوازی ڕاناوی کەسایەتی جودا دێت، و ئێستاش لەبەر ئەوە کە ڕاناوی کەسایەتی جودا دەستنیشان کەری بکەری فەرمانن لێرەدا چاوێکیان پێ دەنەخشێنن:

**ڕاناوی کەسایەتی جودا دۆخی ڕووت (جۆری یەکەم)**: ئەم ڕاناوانە تەنها لە دۆخی ڕووت (بکەری) و بۆ فەرمانە تێپەڕەکان و هەروەها بۆ فەرمانە تێپەڕەکانی ڕانەبردوو بە کار دەڕۆن و زۆرینەی فەرمانە تێنەپەڕەکان ڕاناوی کەسایەتی لکراویش دەگرن:

| | یەکەم کەس | دووەم کەس | سێیەم کەس |
|---|---|---|---|
| کەسی تاک | ez | Te | ew |
| کەسی کۆ | em | hun | ewna |

**ڕاناوی کەسایەتی جودا دۆخی ناڕووت (جۆری دووەم)**: ئەم ڕاناوانە لە دۆخی بەرکاری و تەواونەری هەروەها بکەری فەرمانی تێپەڕ(بۆ ڕانەبردووەکان نەبێت) بە کار دەڕۆن، شایانی باسە کە فەرمانە تێپەڕەکانی ڕابردوو ڕاناوی کەسایەتی لکراویان نییە.

| | یەکەم کەس | دووەم کەس | سێیەم کەس |
|---|---|---|---|
| کەسی تاک | mi | Te | wî |
| کەسی کۆ | me | we | wan |

1. لە فەرمانە تێنەپەڕەکان هەموو دەمکاتەکان ڕاناوی کەسایەتی لکراو دەگرن، و ئەگەر لەگەڵ ئەم فەرمانانە ڕاناوی کەسایەتی جودا بێت ئەو

ڕاناوەکانی دۆخی ڕووت تێن. (لە ڕاناوەکانی لکراو، ڕاناوی دووەم کەس و سێیەم کەسی کۆ یەکێکە)

**ئا)** ڕاناوی لکراوی ڕابردووی سادە و بەردەوام بۆ فەرمانی تێنەپەڕ:

| | یەکەم کەس | دووەم کەس | سێیەم کەس |
|---|---|---|---|
| کەسی تاک | -im | -î | --- |
| کەسی کۆ | -in انی - ini | -in | -in |

ب) ڕاناوی لکراوی تایبەت بە دەمکاتی ڕابردووی تەواو:

| | یەکەم کەس | دووەم کەس | سێیەم کەس |
|---|---|---|---|
| کەسی تاک | -im | -î | -î |
| کەسی کۆ | -in انی -ini | -in | -in |

ج) بە پێی ئەوە کە ئەم ڕاناوانە بە دوای پیتی دەنگدار یان بێدەنگ دێن تووشی گۆڕانکارییانێک دەبن، خشتەی گشتی راناوەکان ئەمەیە:

| | یەکەم کەس | دووەم کەس | سێیەم کەس |
|---|---|---|---|
| کەسی تاک | -(i)m | -î, y | -î, a, ø |
| کەسی کۆ | -(i)n انی –(i)ni | -(i)n | -(i)n |

## دەزگای داڕشتنی فەرمانەکان:

**ئا)** داڕێژی فەرمانی تێپەڕ:

| ڕابردووی خۆزگەیی | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی دوور | ڕابردووی بەردەوام | ڕابردووی سادە | ڕاناوی کەسایەتی جودای ناڕووت |
|---|---|---|---|---|---|
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | mi |
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | te |
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | wî |
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | me |
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | we |
| şandiwi | şandye | şandu | deşand | şand | wan |

لەم خشتەی خوارەوە فەرمانی ڕانەبردووی تێپەڕ نیشان دراوە، سایانی باسە لە سازدانی ئەم فەرمانانە هاتنی ڕاناوی کەسایەتی جودا پێویست نییە و تەنها بۆ هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرمانە ڕابردووەکان نووسراون.

| ڕانەبردووی خۆزگەیی | ڕانەبردووی سادە | ڕاناوی کەسایەتی جودای ناڕوت |
|---|---|---|
| bişînim | deşînim | az |
| bişînî | deşînî | te |

| | | |
|---|---|---|
| ew | deşîni | bişîni |
| em | deşînini | bişînini |
| hun | deşînin | bişînin |
| ewna | deşînin | bişînin |

ب) داڕێژی فەرمانی تێنەپەڕ:

لە داڕشتنی فەرمانە تێنەپەڕەکان، ڕاناوەکان ئەرکێکی سەرەکییان هەیە و ئەو ڕاناوە کەسایەتییە جودانە کە لە هەندێ جار پێش لە فەرمانەکان دێن، ڕاناوە کەسایەتییە ڕووتەکانن.

| ڕابردووی سادە | ڕابردووی بەردەوام | ڕابردووی دوور | ڕابردووی تەواو | ڕابردووی خۆزگەیی |
|---|---|---|---|---|
| keTim | dekeTim | keTum | keTime | keTiwim |
| keTî | dekeTî | ketuy | keTî | keTiwî |
| keT | dekeT | kaTu | keTye | keTiwi |
| keTini | dekeTini | keTuni | keTini | keTiwini |
| keTin | dekeTin | keTun | keTine | keTiwin |
| keTin | dekeTin | keTun | keTine | keTiwin |

ڕانەبردوو:

| ڕانەبردووی خۆزگەیی | ڕانەبردووی ساکار (سادە) |
|---|---|
| bikevim | bikevim |
| bikevî | dekevî |
| bikivi | dekevi |
| bikevini | dekevini |
| bikevin | dekevin |
| bikevin | dekevin |

## شێوازی گشتی داڕشتنی فەرمانەکان:

ڕابردووی سادە: قەدی ڕابردوو + ڕاناو

ڕابردووی بەردەوام: دە + قەدی ڕابردوو + ڕاناو

ڕابردووی دوور: قەدی ڕابردوو + وو + ڕاناو

ڕابردووی تەواو: قەدی ڕابردوو + ڕاناو + ڕاناو + ـە

ڕابردووی خۆزگەیی: قەدی ڕابردوو + و + ڕاناو

ڕانەبردووی سادە: دە + قەدی ڕابردوو + ڕاناو

ڕانەبردووی خۆزگەیی: ب + قەدی ڕانەبردوو + ڕاناو

داخوازی: ب + قەدی ڕابردوو + (ڕاناو)

بەهەلستدانەوە (نەهی): مە + قەدی ڕابردوو + (ڕاناو).

**فەرمانی ون (نادیار):**

لەم زاراوەدا فەرمانی ون بە یارمەتی (هاتن) ساز دەکریێت. بەم شێوازە کە لە دەمکاتەکان ئەم چاوگە دارێژ دەکرێت و فەرمانە سەرەتاییە کە وەک چاوگێگ و بە دوای ئەو (i)یەک لە دوای فەرمانی کۆمەکی (هاتن) دێت:

دارِێژراوی (هاتن) + (ـە) + چاوگی فەرمانە سەرەتاییەکە + بزرۆکە (i).

/ـە/ تەنها بۆ یەکەم کەسی تاک و دووەم وسێیەم کەسی کۆ دێت:

haTime dîni = بینرام

hat pirsîn = پرسرا

---

http://hawram.info

ویبگەی تایبەت بە زماننasی و هەورامانناسی

# ادبیات کوردی در نیمه دوم قرن نوزده

**نوشته: م. ب. روبینکو،**

**ترجمه از روسی: کامران امین آوه**

ادبیات کوردی در نیمه‌ی دوم قرن نوزده ادامه‌ی سنن ادبی مدرسه نالی (در آغاز قرن نوزده) است که با رشد آتی افکار روشنگرانه، اشعار هجوآمیز، ضدمذهب سالاری، انگیزه‌های میهن پرستانه، تقویت خصلتهای اجتماعی – سیاسی، گرایش به پالایش زبان ادبی کوردی و در نهایت ایجاد روح انقلابی در آثار شاعران دمکرات کورد قرن نوزدهم مشخص می گردد.

در نیمه دوم قرن نوزده تغییراتی بنیادی در جامعه‌ی کورد صورت گرفت، طبقه ی اشراف کورد با تلاشی سازمان قبیله‌یی از درون آن سر درآورده، قطعه زمین های وسیعی را تصاحب کرد. قدرت نمایندگان روحانیت کورد چون زمیندار– فئودالهای آینده در نتیجه کسب اختیارات نامحدود داوری و خزانه داری از حکومت ترکیه بالاگرفت. افزایش مالیات و بسیج مردم در ارتش ترکیه بار سنگینی بر دوش مردم گرسنه، رنجور، نیازمند و زجر کشیده کورد شده‌بود. تمام این عوامل موجب اعتراض همگانی و قیام های بدرخان، یزدانشیر، عبیدالله و دیگران شد. هر کدام از این قیام ها جزو رویدادهای مهم تاریخ خاور نزدیک درنیمه دوم قرن نوزدهم محسوب می شوند. این قیام ها هر بار توسط حکومت های ایران و عثمانی با پشتیبانی

دول خارجی (بطور عمده بریتانیا) بیرحمانه سرکوب شدند. در آن روزهای سخت تمایلات و آرزوهای خلق کورد در شعر بازتاب می یافت. حاج قادر کویی(١٨٩٤ –شاعر شایسته و عالی کورد، ناجی و الهام بخش قیام کورد بود. در آثار او دو سبک مختلف متمایز می گردد:

١) اشعاری به سبک شاعران کلاسیک

٢) اشعاری با مضمون اجتماعی

کویی استاد بزرگ شعر، مسلط بر فن نگارش هنری و زبان گویای شعر کلاسیک کوردی بود. زبان شعری او در بیان مشکلات اجتماعی ساده و روشن است. شاعر با مورد خطاب قراردادن مردم سعی در سادەنمودن سبک آثار خود و پالایش آن از تاثیرات عرب گرایی و فارس گرایی و از سوی دیگر از شکل مبهم شعرهای کلاسیک دارد. حاجی قادرکویی در آثار خود تصویر جامعه مدنظرش را به روشنی ترسیم کرده، سیمای واقعی امپراتوری عثمانی را نشان می دهد. شاعر با افشاگریهایش، جسورانه حکومت (عثمانی) راچون سدی در مقابل رشد و ترقی مورد هدف قرار می دهد. « وزیرها و وکیل ها گرگند و مردم رمه».

قادر کویی آرزوی رهایی خلق کورد از ستم امپراتوری عثمانی و ایجاد کوردستانی را داشت که ضمن رونق یافتن علم و هنر، عدالت و برابری نیز درآنجا حاکم شود. شاعر مراحل اساسی عملی کردن این آرزو را با طرح پیشنهادهای زیر نشان می دهد:

- از بین بردن خصومت های بین قبیلەیی
- اتحاد قبایل
- ریشه کن کردن بیسوادی
- روشنگری

- و جنگ مسلحانه

تحولاتی که تحت عنوان «عصراصلاحات» (تنظیمات) در ترکیه صورت می گرفت تاثیر نیکی بر آثار حاجی قادرکویی داشت که به نقش بزرگ روشنگری در سرنوشت خلق کورد پی بردەبود. شاعر با وجد از آخرین دستاوردهای علم در اروپا یاد کرده، خلق کورد را به فراگیری علوم مفید فرا می خواند:

**« صنعت یاد بگیر و دانش بیاموز**
**برای توچه فرق می کند که این آفریننده**
**زردشتی است یا هندو و یا یهود**
**ساکنان بهشت چوپانان گاو و گوسفند نیستند**
**بلکه صاحبان هنر و علم و عرفانند»**

اشعار کویی نشانگر آغاز مرحله جدیدی در تکامل ادبیات کلاسیک کوردی بود. اشعار کویی همسان با خطوط کلی اشعار شاعران روشنگر شرق دارای ویژگی های منحصر به فرد چون شور و شوق انقلابی و جهانگرایی عمیقی است که با پشتیبانی از مبارزات ملی و رهاییبخش تمام ملل تحت ستم ظاهر می شود .

آثار شاعرانی چون حمدون (١٩١٥ – ١٨٥٣) واحمد جلیلی (١٩٠٤ – ١٨٣٤) بازتاب رویدادهای سیاسی – اجتماعی و توصیف زیبایی های طبیعت هستند، بویژه اشعار شیخ رضاطالبانی (١٩١٠ – ١٨٤٢) بنیانگذار شعر هجوآمیز کوردی که برعلیه حکمرانی و بی عدالتی عثمانی ها بود، ازاهمیت بسیاری برخوردار است. در ضمن تناقضاتی درآثار طالبانی دیده می شود. طالبانی که پسر یکی از رهبران برجسته فرقه صوفیگری بود ضمن آنکه

اشعارش را با تمجید بسیار به شیخ صوفیگر تقدیم میکند همزمان از بیان دو رویی و ریاکاری آنانی که از مذهب به سود اهداف مغرضانه شان استفاده می کنند، چشم پوشی نمی کند:

**« شیخ ها باید صبح هنگام به خواب قیلوله فرو روند**

**تا مردم تصور کنند که شیخ عابد و شب زنده دار است »**

اشعار هجوآمیز طالبانی نقش سترگی در تکامل ادبیات دمکراتیک و مدرن کوردی و شکل گیری افکار مترقی در جامعه‌ی کورد ایفا کرد. در این دوره گرایشات دیگری نیز دراشعار شاعران کورد مشاهده می شود. شاعرانی چون سالمی سنه‌یی (۱۹۰۹–۱۸٤٦)، مه‌جدی (۱۹۲۵–۱۸٤۹), محوی (۱۹۰۹–۱۸۳۰)، استاد حریق (۱۹۰۹–۱۸٦٥) استاد شایسته غزلسرا که اشعارش دارای ارزش های والای هنری است و مصباح الدیوان (ادب) (۱۹۱٦ –۱۸٥۹) غزلسرایی بزرگ که شعرهایش ترسیمی از عشق زمینی، احساسات انسانی، طبیعت و شادیهای زندگی است به آن دسته از شاعران تعلق دارند که در چارچوب غزلیات خصوصی، مذهبی – عرفانی کنج عزلت گزیدند. آثار این شاعران بیانگر وظایف مبرم جامعه‌ی کورد و تمایلات سیاسی – اجتماعی خاصی نیست .

در مجموع، ادبیات کوردی در نیمه دوم قرن نوزده ادامه سنن ادبی مدرسه نالی (در آغاز قرن نوزده) است که با رشد آتی افکار روشنگرانه، اشعار هجوآمیز، ضد مذهب سالاری، انگیزه‌های میهن پرستانه، تقویت خصلت های اجتماعی – سیاسی، گرایش به پالایش زبان ادبی کوردی و در نهایت ایجاد روح انقلابی در آثار شاعران دمکرات کورد قرن نوزدهم مشخص می گردد.

**- منبع: تاریخ ادبیات جهانی، جلد هفتم، ۱۹۹۱، مسکو**

# ژینوساید زبان درسیستم آموزشی

سکاتناب-کانگاس
ترجمه از سوئدی: هاشم رضائی

**مختصری کوتاه**

سازمان یونسکو، سازمان علمی و فرهنگی سازمان ملل متحد، در نوامبر سال ۱۹۹۹ برای حمایت از زبان و فرهنگ ملل تحت ستم، روزبیست و یکم فوریه را بعنوان روز بین المللی برای زبان مادری بتصویب رساند. بمناسبت این روز جهانی یک بخش از نوشته خانم سکاتناب-کانگاس را ترجمه نموده و آنرا در اختیار خوانندگان عزیز قرار میدهم.
خانم سکاتناب-کانگاس پروفسور زبان شناسی و چهره شناخته شده جهانی (Tove Skutna-Kangas) خصوصا در زمینه زبان مادری، دو زبانی و رابطه تنوع بیولوژی و تنوع زبانی است. ایشان فنلاندی الاصل و ساکن کشور دانمارک است و اکنون چند سالیست که بازنشست گردیده است. سکاتناب- کانگاس یکی از تئوریسینهای برجسته در مورد قتل عام زبانیست (linguicde) و کماکان در زمینه دفاع و حفظ تنوع زبانی فعال و کوشاست.

## زبان همچون مشکل، حق یا منبع؟

در بحثهای امریکای شمالی خصوصا از یک اختلاف که بوسیله محقق ریچارد رویز معرفی گردید بحث شد. او اظهار داشت که زبان اقلیت میتواند همچون یک *مشکل*، یک *حق* یا یک *منبع* نگریسته شود. و همه اینها را همچون *آلترناتیو* برای یکدیگر بکار برد. در بحثهای امریکای شمالی به همین خاطر

تعدادی میپنداشتند که اگر از زبان به عنوان یک حق صحبت شود، این نقطه مقابل آنست که زبانهای اقلیت را بعنوان یک منبع نگریست. اینها طبعا یک تضاد ظاهری است. زبان اقلیت و زبانهای قدیمی باید دارای حقوق زبانی باشند برای اینکه اینها بتوانند هم به منبع تبدیل شده و هم به عنوان منبع نگریسته شوند و نه به عنوان مشکل. آنچه را که باید انجام داد اینست که اولا: آگاهانه تلاش کرد برای اینکه زبانهای اقلیت به عنوان تلفیقی هم به عنوان حق و هم به

عنوان منبع نگریسته شوند و ثانیا: همه ابتکارات تدریس و فنون دیگر را بکار برد تا این فلسفه را مورد حمایت و تشویق قرار داد. اینها (حمایت از و تقویت زبانهای اقلیت) آنچیزیست که محققان و معلمان فراوانی به عنوان مثال در کشور افریقای جنوبی با ۱۱ زبان رسمی تلاش میکنند که انجام دهند.

من با یک مثال از سامیها (در مورد مردم سام به زیرنویس شماره ۱ رجوع شود) آنرا مشخص میکنم. نسل قدیمی سامیها و احیانا بخشی از گروئنلندیها، آنهایی که به خاطر سامی بودنشان دست انداخته میشوند ومورد مسخره و اذیت قرار میگیرند و هیچگونه آموزش زبان سامی و یا تدریس به زبان سامی را نداشتهاند و اغلب مجبور گشتهاند که از زبان سامی و سامی بودنشان خجالت بکشند، اینها گول خوردهاند و تصور میکنند که گویا به کودکانشان کمک کردهاند اگر با آنها با زبان سامی صحبت نکردهاند و از طرف جامعه به آنها تحمیل شدهاست که زبان سامی (زبان مادری خود) را همچون مشکلی بنگرند. بخشی از آنها (و احتمالا کودکانشان) حتی با حقوق زبانی سامی هم به مخالف برخیزند. و این برای آنها مشکلست که زبان سامی را همچون منبعی ببینند. اغلب آنها ممکن است به افسانه قدیمی یا این /یا آن که میگوید برای اینکه انسان بتواند زبان نروژی(سوئدی یا فنلاندی) را حقیقتا یاد بگیرد بایستی از لحاظ زمانی، تا آنجا که ممکن است، روی زبان نروژی سرمایه گذاری کند، حتی اگر باعث دانش بد و یا عدم دانش زبان سامی بگردد.

آدم میتواند حدس بزند که بخشی از این سامیها که با زبان سامی تکلم میکنند، در یک تحقیق گسترده در مورد سامیها(استفاده از زبان سامی، ۲۰۰۰)، نسبت به حقوق بیشتر برای زبان سامی موضعی منفی دارند و اینها نمایندگان فکری افسانه " زبان سامی همچون یک مشکل "و " یا زبان سامی یا زبان نروژی، هر دو زبان امکان پذیر نیست" هستند. اطلاعات بیشتر در مورد مزایای بی نظیر دو زبانی و این افسانه‌های کاذب (منظور اینجا سیاست یا این/ یا آن است، یعنی یا زبان سامی یا زبان نروژی) بایستی در دسترس مردم عادی باشد.

## قتل عام زبان در آموزش و تحصیلات

### تعریف قتل عام (زبانی)

ترمهایی همچون " کشتن/ از بین بردن زبان "و " قتل عام زبان " تکان دهنده و حساس است و لازم است تعریف شود. من از دو نوع تعریف سازمان ملل (UN) در مورد قتل عام استفاده میکنم. این دو نوع که هنوز در کنوانسیون قتل عام سازمان ملل موجود است و دیگری که در طرح نهایی این سازمان موجود بود اما بعدا درسال ۱۹٤۸ درنشست عمومی سازمان ملل از طریق رأی کنار گذاشته شد. این دو تعریف در رابطه با بحثهای ما عبارتند از بند 2 (ای) و بند 2 (ب) موجود در کنوانسیون. به جدول شماره ۱۵ نگاه کنید.

***جدول شماره ۱۵–*** *کنوانسیون بین المللی ۱۹٤۸ سازمان ملل متحد در مورد ممنوعیت و مجازات جنایت ژنوساید(قتل عام و کشتارجمعی)، تعریف قتل عام:*

| |
|---|
| ماده ۲ (ای). " انتقال اجباری کودکان گروهی معین به گروهی دیگر"<br>ماده ۲ (ب)، " جریحه دار کردن جدی جسمی و یا روحی اعضاء گروهی معین" |

**جدول شماره ۱۶–** *دستنویس نهائی کنوانسیون قتل عام ۱۹٤۵سازمان ملل متحد، تعریف قتل عام زبانی:*

| |
|---|
| ماده ۳ (آی) " ممانعت از سخن گفتن یک گروه معین به زبان خودی در مراودات روزمره و یا در مدارس، یا چاپ و نشر انتشاراتی به زبان آن گروه."<br>بخشی از ماده ۳ دستنویس نهائی متنی که **بعداً کنوانسیون جلوگیری از، و ممنوعیت جنایت قتل عام سازمان ملل خوانده شد**(ای۷۹٤، ۱۹٤۸) ماده ۳ تصویب نشد، و جزو نهائی کنوانسیون قتل عام نمی باشد.<br>میتوان مدعی شد که " ممانعت کردن "میتواند مستقیم و یا غیر مستقیم باشد. اگر زبان اقلیتی بعنوان وسیله اصلی آموزش و نگهداری از کودکان بکار گرفته نشود، اگر از استفاده از زبان اقلیت در مراودات روزمره/ درمدارس بطور غیر مستقیم ممانعت بعمل آید، این امر به مسئله قتل عام زبانی باز میگردد. |

نوع دیگر، تعریف مشخصی از قتل عام زبانیست که توسط ۱۶ کشور در سال ۱۹٤۸ در نشست سازمان ملل به هنگام بررسی این کنوانسیون بکنار گذاشته شد. علیرغم آنکه بند ۳ موجود در آخرین طرح تائید نگردید، اما توافق گستردهای با تعریف قتل عام زبان دارد.

ممانعت ممکن است مستقیم یا غیر مستقیم باشد. اگر معلمین زبانهای اقلیت( زبان کودکان) در کودکستان و مدرسه موجود نباشد و زبان اقلیت بعنوان زبان اصلی تدریس مورد استفاده قرار نگیرد بطور غیرمستقیم ممانعت از استفاده از زبان مادری " در مراودات روزمره یا مدرسه " شدهاست، بدینمعنی این مساله یک قتل عام زبانیست. آخرین کتاب من (سال ۲۰۰۰)

صدها مثال از اینگونه ممانعتها و آسیبها و ضررهای متعاقب آنرا توضیح داده است.

## بکار گیری(زبان مادری) در تحصیل

ادبیات وسیعی در زمینه تحقیقی و ادبی موجود است که در آنجا توضیح داده میشود که چگونه زبان اولیه (مادری) رو بزوال رفته و محو میگردند. هنگامی که تحصیلات بوسیله زبان مادری صورت نمیگیرد آسیمیلاسیون زبانی یک نتیجه مسلم و اجتناب ناپزیر است. چند نمونه:

ساندرا کوریتزن Sandra Kouritzin (۱۹۹۹) موارد فراوانی را از کانادا توضیح میدهد که در آنجا مردمی را که وی با آنها مصاحبه کردهبود بخش فراوانی از آنها زبان مادری خود را در یک نسل از دست دادهبودند و اینها دیگر توانایی آنرا نداشتند که با والدین و خویشاوندان خود با زبان قدیمی مادری خود تکلم کنند.

لیلی ونگ (Lily Wong Fillmore) نتایج این وضعیت را درمورد خانوادهایی که در آمریکا زندگی میکنند توضیح دادهاست. پیتر مولهوسلر ( Peter Muhlhäusler) در مورد نتایج امپریالیسم زبانی درمناطق اقیانوس آرام بحث کرده است. پیریو ژانولف(Pirjo Janulf, ۱۹۹۸)، در تحقیقات خود در مورد کودکان فنلاندی مهاجر در سوئد) لازم به توضیح است که هزاران نفر از فنلاندیها در جریان جنگ جهانی دوم به سوئد پناهندهشده و در سوئد اقامت گزیدند، م) نشان میدهد که هیچکدام از این کودکان که دوره تحصیلی خود را با زبان سوئدی گذراندهاند با زبان فنلاندی با کودکان خود صحبت نکردهاند، هر چند خود آنها زبان فنلاندی را کاملا فراموش نکردهبودند، میتوان گفت که کودکان آنان" با اجبار "از لحاظ زبانی به گروه زبانی اکثریت(سوئدی) راندهشدند.

و اینها دقیقا آنست که برای میلیونها نفر که دارای زبانهای مورد تهدید هستند اتفاق میافتد. والدین مدل تحصیلی را که به **آسیمولاسیون اجباری** منجر

میشود خود" انتخاب "نکردهاند، هنگامیکه پدران و مادران مجبورند کودکان خود را به کودکستانها و مدارسی که زبان اکثریت زبان تحصیلیست بفرستند، زیرا در چنین مدارسی آلترناتیو اینکه زبان ساکنان قدیمی مورد تهدید و یا زبان اقلیت زبان اصلی تدریس باشد وجود ندارد. بهمین ترتیب نمیتوان از "انتخاب" آزادانه پدران و مادران صحبت کرد اگر والدین مجبور گردیدهاند که از زبان خود خجالت بکشند و یا با دلیل غیر واقعی اینکه گویا آنان به کودکان خود " کمک "میکنند اگر آنان در منزل با زبان اکثریت صحبت کنند). لازم به توضیح است که این پدیده در ایران هم اتفاق میافتد، م)

آسیمولاسیون اجباری برای پدران و مادران اختیاری نمیبود اگر والدین دسترسی کافی به اطلاعات مطمئن درمورد عواقب طولانی مدت از انتخاب تحصیلی و انتخاب نداشتند. و یا اینکه آنها را متقاعد به تئوری قلابی " یا این/یا آن دیگری " کرده باشند. شما باید یا یک هویت قوی(رومانتک)، از طریق زبان مادری، برای کودک انتخاب کنید یا امکانات بازار کار، از طریق زبان مسلط، شما نمیتوانید هر دوی اینها را بدست بیاورید. برای آنکه انتقال به گروهی که با زبان اکثریت تکلم میکنند اختیاری باشد و نه اجباری، بایستی آلترناتیوهای تحصیلی موجود باشد و والدین بایستی اطلاعات کافی در باره نتایج و عواقب اینها را داشتهباشند. اما اینها تقریبا محالست. بهمین خاطر شرایطی را که کودکان در آن زبان مادری خود را از دست میدهند میتوان بعنوان یک نتیجه آسیمولاسیون اجباری بیان کرد و همچنین موقعیتی را که آنان " با اجبار به یک گروه زبانی دیگر منتقل میشوند "میتوان بر **طبق بند۲ (ای) آنرا قتل عام** نامید.

همچنین تحقیقات و آمار فراوانی موجود است در زمینه اینکه آسیمولاسیون اجباری در تحصیلات و موارد دیگر عامل و بانی خسارات و ضایعات روحیست. اینها شامل و در برگیرنده تهدید علیه دموکراسی و برابریست. من

در نوشته‌ای مثالهای فراوانی از آفریقا، استرالیا، آمریکای شمالی و همچنین تحصیلات ناشنوایان را توضیح داده‌ام. در اینجا خلاصه کوتاهی از مثالها را معرفی میکنم:

تحقیقات ادوارد ویلیامز (Edward Williams) در سال ۱۹۹۸ در مورد ۱۶۰۰ محصل در کشورهای زامبیا و کنیا نشان میدهد که کودکانی را که با زبان مادری تحصیل کرده‌اند موفقیت بیشتری حتی در ماده درسی انگلیسی داشته‌اند نسبت به کودکانی که فقط با زبان انگلیسی تحصیل کرده‌اند. همچنین اینها (که با زبان مادری تحصیل کرده‌اند و زبان انگلیسی را بعنوان زبان دوم یاد گرفته‌اند) بطور قابل توجهی دو زبانه شده‌اند. تدریس و تحصیل به زبان مادری منجر به اختلافات اجتماعی و جنسی کمتری شده‌است، در حالیکه تدریس به زبان انگلیسی منجر به آن شده‌است که اکثریت محصلان " توانائی ضعیف و یا صفر در خواندن و قرائت درهر دو زبان داشته‌اند. "

ویلیام اضافه میکند که " نتایج آزمون و مشاهدات در مورد اکثریت کودکان در هر دو کشور نشان میدهد که سیاست استفاده از زبان انگلیسی به عنوان زبان میانجی، این خطر را دارد که ممکن است منجر به **خنثی کردن رشد آکادمیک و شناختی به جای رشد بخشیدن به آنها گردد** (همان منبع ٦٤ -٦٤)

اینها مشمول تعریف کنوانسیون سازمان ملل در مورد قتل عام است " جریحه‌دار کردن جدی جسمی و یا روحی اعضاء گروهی معین" نتیجه‌گیری مشابه در سال ۱۹۹۹ از جانب (Anne Lowell) و (Brian Delvin) در استرالیا در نوشته‌ای تحت عنوان " عدم تفاهم بین دانش آموزان بومی و معلمین غیر بومی آنها در یک مدرسه دو زبانه " به روشنی نشان داده است که " کودکان حتی در مراحل پایانی مدرسه ابتدائی، غالبا دستورات کلاس درس به زبان انگلیسی را متوجه نمی شدند" (ص۱۳۷)". به کرات ارتباط بین کودکان و معلمین غیر بومی آنها دچار اخلال میگردید "(ص۱۳۸)، وقتی که تدریس و کنش متقابل به زبان انگلیسی انجام می گرفت، نتیجه این بود که

میزان عدم تفاهم **مانعی جدی در آموزش کودکان به وجود می آورد** "(ص۱۳۷). نویسندگان در بخش نتیجه‌گیری و پیشنهادات (ص۱۵۷) میگویند که " استفاده از زبانی غیر بومی بعنوان زبان تدریس، که کودکان احاطه کافی به آن زبان را نداشته‌باشند، بزرگترین **سدیست که در مقابل موفقیت کودکان بومی در کلاس درس** قرارمیگیرد".

جان باخ (John Baugh) از دانشگاه ستانفورد در نوشته خود در سال ۲۰۰۰ مقایسه‌ای میکند بین اینکه چگونه یک دکتر بیماران خود را عوضی و اشتباهی مداوا میکند و چگونه اغلب در یک سیستم آموزشی محصلان اقلیت زبانی که دارای زبانی غیر از زبان رسمی کشور هستند مورد برخورد قرار میگیرند. ضربات و ضایعاتی که از طریق " بد رفتاری و تحصیلات بد " به آنان تحمیل میگردد در زمره تعریف سازمان ملل درمورد قتل عام زبانی " *جریحه‌دار کردن جدی جسمی و یا روحی اعضاء گروهی معین* " قرار میگیرد. مثال دیگری از سیستم آموزشی خفه‌کردن آسیمیلاسیونی زبان را میتوان در تحصیلات شفاهی یافت که در آنجا برای آموزش ناشنوایان از سیستم اشاره و حرکتی استفاده نمیشود. اینها غالبا باعث وارد کردن ضربات روحی از قبیل "**ممانعت جدی و یا بتاخیر انداختن پتانسیل رشد درک و معرفت** " میشود. همه این مثالها طبق ماده ۲ (ب) سازمان ملل در زمره **قتل عام** است. در همه این شرایط این مدرسه است که "مانع استفاده از زبان گروهی است ".

در اینجا بحث را از طریق توضیح چند مفهوم خلاصه میکنیم و این مفاهیم عبارتند از یادگیری (زبان و فرهنگ) کاهنده (subtraktiv)، یادگیری افزوده (additiv)، آسیمولاسیون (assimilation) و همبستگی (integration).

یادگیری کاهنده (subtraktiv) به این معناست که آموزش مسایل جدید به هزینه زبان مادری صورت میگیرد. بجای اینکه آموزش دیگری به آن اضافه گردد زبان مادری از صلاحیتهای موجودش کاسته میشود. یک مثال دیگر از

سامیها، هنگامیکه بخش وسیعی از سامیها مدرسه را در کشور نروژ شروع کردند، شرایط آموزش بود. زبان نروژی میبایست آموزش داده شود به هزینه زبان سامیها (subtraktiv) همان یادگیری کاهندەزبانی که در مدارس تکامل پیدا نکرد و یا مدرسه تلاش میکرد زبان سامی را محدود و یا از بین ببرد. اما سامیها علیرغم سیاست مدرسه، از زبان سامی خود صرفنظر نکردند و این برای آنان جای افتخارست.

یادگیری افزوده (additiv)، مسایل تازه با اضافه کردن و افزودن به قدیمیها (زبان، آموزش) یاد داده میشود، و هر دو (زبان و دانش قدیم و جدید) تکامل داده میشوند. تعداد فراوانی از کودکان و جوانان سامی امروزه زبان نروژی را بشیوه افزوده یاد میگیرند (برنامه حمایت زبان). بخشی از کودکانی که با زبان نروژی صحبت میکنند اما در اصل سامی هستند و تعداد کمی از کودکان نروژی بدون داشتن پیشینه خانوادگی سامی، امروز زبان سامی را یاد میگیرند (برنامه حمام زبان. در اینجا منظور نویسنده از حمام زبان آنست که کودکان نروژی الاصل در نروژ به کودکستان و مدارس سامیها میروند و در آنجا با کودکان سامەای آمیخته شده و ناچار میگردند زبان سامی را که زبان رسمی تدریس و مکالمه است یاد بگیرند.)

یادگیری زبان و فرهنگ بشیوه افزوده (additiv) همیشه خوبست، اما آموزش بسبک یادگیری کاهنده (subtraktiv) در سطوح مختلف نتایج بدی را داشتەاست و نبایستی در انستیتوهای آموزشی کشورهایی که میخواهند متمدن خوانده شوند و استاندارد جهانی را در مورد حقوق انسانی رعایت میکنند اجرا گردد.

آسیمولاسیون آموزش بسبک کاهنده تحمیلست از فرهنگ(مسلط) و زبان گروه دیگر(زبان مسلط).

آسیمولاسیون (assimilation) و انتگراسیون (integration) را میتوان با صدها روش تحلیل و تعریف کرد.

من در اینجا این مفاهیم را بشیوه زیر تعریف میکنم.

آسیمولاسیون بمعنی انتقال اجباری (و در موارد نادر اختیاری) به گروه زبانی دیگر است.

انتگراسیون (integration) عبارت است از فرم و قالب دادن به کارکترهای مشترک در یک جمعیت غیر همگون. انتگراسیون دارای کاراکتر آزادانه دو جانبه آموزش بسبک افزوده (additiv)دیگر فرهنگها و دیگر زبانهاست. انتگراسیون بمعنی آنست که انسان انتخاب میکند که به چند گروه (بعلاوه گروه خودی) متعلق باشد.

اگر آموزش بسبک یادگیری کاهنده (subtraktiv) با یک زبان مسلط همچون و ظیفه غیر مشروط بر گروه غیر مسلط اعمال گردد، این دیگر آسیمولاسیون است. اگر آموزش افزوده(additiv) یک زبان مسلط به یک حق برای گروه مسلط تبدیل شود و همزمان آموزش افزوده (additiv) زبان اقلیت به یک حق برای گروه غیر مسلط تبدیل شود این دارای کاراکتر انتگراسیون است .آموزش بسبک یادگیری کاهنده زبان را (subtraktiv) میکشد، اما آموزش بسبک یادگیری افزوده (additiv) آنها را نگهداری و تکامل میدهد و به موقعیت چند زبانی داری سطح عالی در سطح فردی (individ) منجر میگردد. آنچه که دنیا برای تشکیل و استقرار تنوع زبانی به آن احتیاج دارد از جمله آموزش زبانهای دیگر بشیوه یادگیری افزوده (additiv) است. در اروپا و آمریکای شمالی تدریس اقلیتهای مهاجر بر مبنای آنست که زبانهای کوچک را بکشد و یا مانع گسترش پتانسیل تنوع در کشورهای غربی باشد. همه زبانهای کشته شده (زبان عربی، اسپانیولی، چینی و زبان اندونزی (bahasa)) در گیر پروسه غیر سازنده روش کاهنده (subtraktiv) هستند، با زبان انگلیسی همچون داینا‌سور ریکس امروزی. (Swales ۱۹۹۷)

یک تقسیم کار، با زبان اروپایی که مقام والا دارد و زبانهای دیگر با مقام "ارزش کمتر "یک هیرارشی جهانی زبانی نابرابر و غیر دموکراتیک را تائید میکند. ما را ترغیب میکنند که باور داشته باشیم که گلوبالیزاسیون به شیوه‌ای نیازمند همگون سازیست و از لحاظ زبانی هم همینطور. این باور جعلی و غیر

واقعی باید جلوه‌گر شود، دوباره طرح کردد و بر علیه آن اقدام گردد. بطور ساده میتوان گفت این باور یک باور حقیقی نیست.

برگردان از سوئدی: هاشم رضائی
۱۷ فوریه ۲۰۰٦

زیرنویس:

[1] سامیها قدیمترین ساکنان منطقه شمال اروپا، با تاریخی بیش از ۲۰۰۰ سال، که در کشورهای نروژ، سوئد، فنلاند و روسیه سکونت دارند. دارای زبان، فرهنگ و ترادسیونهای کاملا جداگانه از کشورهای فوق هستند. زبان آنان از شاخه اورالی که نزدیکی فراوانی به زبان مجاری دارد. این زبان دارای ۳ دیالکت اصلی و چند زیر دیالکت است. جمعیت آنان تا ۷۰۰۰۰ تخمین زده میشود که بخش عمده آنان (٤۰۰۰۰ نفر) در نروژ زندگی میکنند. تنها در سالهای اخیر اجازه‌یافتند که از زبان مادری خود در مدارس و ادارت استفاده کنند. در کشور سوئد دارای پارلمان محلی نیز میباشند.

# زمانی کوردی و وەرگێڕ

**دیالۆگێک لەگەڵ ڕێبوار ڕەشید وەرگێڕی زمانی سویدی**

**کوردناسی:** گەلێک تیۆری جۆراوجۆری زمان هەن کە زمان وەک ئامرازی پێوەندیگرتن پێناسە ئەکەن، بەڵام هەندێک لە زماننناسەکان زمان بە تەواوەتی لەم چوارچێوەیەدا پێناسە ناکەن، بەڵکو لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا بە گرنگی دەزانن. ئێوە وەک وەرگێڕیک چ پێناسەیەکتان بۆ زمان هەیە؟

**ڕێبوار:** ئامرازی پێوەندیگرتن هەر لە خۆیدا بەرهەمی ئەندێشەیە. دیارە زمان تەنها ئامرازی پێوەندیگرتن نییە، بەڵام گەورەترین ئامرازی پێوەندیە و لەوەش دەچێت هەروا بمێنێتەوە. پێم وا نییە مرۆڤ بتوانێت پێناسەیەکی هاسان و ساکاری زمان بکات. زمان ئامرازێکە کە تەواو لە ژێر کۆنترۆڵی دیالێکتیکدایە. ئەو زمانە سەرەتاییەی مرۆڤ هەیبووە ئێستا دەبینیت کە هەم لە ئاستی ستوونیی (شاقوولیی) و هەم ئاسۆییشدا پێشکەوتووە و پێش دەکەوێت. زمان لە ئاستی ئەشکەوتەکاندا گەیشتووەتە ئاستی ئێستا. ئەمە گەلێک مانا و ڕەهەندی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوری و شتی دیکەی هەیە. سەردەمێک یەک زانست هەبوو، ئێستا بە سەدان شێوەی زانستمان هەن. هەر لەبەر ئەوە زمانێکی تایبەت بە سیاسەت، بە ئابووری، بە کۆمەڵایەتیی، بە کولتور، بە هونەر، بە فیزیک، کیمیا و بواری دیکە هەیە و هەر یەکێکیش لە مانە بە دەیان و بگرە بە سەدان لک و پۆپیان لێ دەبێتەوە.

مرۆڤ هەڵوەدەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە و بەو شێوەیەش بە زمانێک ڕازی نابێت کە دەستەوەستان و گیرماو ڕایبگرێت. هەندێک جار شایەت دوو

وشە بتوانن بۆشایی یەک کاژێر لە بێدەنگی پڕ بکەنەوە و جاری واش هەیە بە دەیان کاژێر قسەکردن پێویستە بۆ ئەوەی جۆرێک لە ئاستی تێگەیشتن بپێکرێت. کەواتە زمان تەنها فاکتەر نییە لە ئامرازی پێوەندیگرتندا. هاوئاستیی، هاوڕایی، هاوبۆچوونیی، هاوپێشینەیی و زۆر شتی دیکە وا دەکەن کە زمان بتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت یان نەیبینێت. ئەوەش جالبە کە زۆربەی ئەو فاکتەرانە دیار نیین و لە بێدەنگیی و لە پشت پەردەوە دەوری کاریگەری خۆیان دەبینن. ڕەنگە گرینگترین خاڵ لە زماندا هاوپێناسەیی و هەبوونی ڕێککەوتن بێت لە سەر مانای وشە کە پاشان ڕوونی دەکەمەوە مەبەستم چییە.

نەوام چاومسکی دەڵێت کە کاری لینگویستیک ئەوەیە کە باس لەوە بکات کە ئاخێوەر چی لە زمانی خۆی دەزانێت، نەک چی پێ دەکات.

**کوردناسی: هۆی چییە کە ئەمڕۆ خوێندنەوە زماننا‌سییەکان لە جاران گرنگترن؟**

**ڕێبوار:** ئەڵبەت جارانیش هەر گرینگ بوون، بەڵام دیارە مرۆڤ نەیتوانیوە ئەو گرینگیە بەیان بکات. پێویستیش دایکی داهێنانە. بە گشتیی دەتوانرێت پێ دابگیرێت کە مرۆڤی گوند وشەی کەمتریان لە مرۆڤی شار پێویستە. ڕەهەندی ستوونیی و ئاسۆیی ژیانی گوند کورتە و هی شار درێژ. ئێستا لە جیهانی پێشکەوتوودا ئەگەر مرۆڤ شارنشینیش نەبێت بە توندی لە ژێر کاریگەری شار و میترەپۆلی گەورەدایە. بۆ نموونە ڕۆژنامە و کەناڵگەلی تەلەڤیزیۆنی سەرانسەریی، ئینتەرنێت، فاکس و شاتەشاتی ئەلەکترۆنیکی و شتی دیکە بە بەربڵاوی هەن و مرۆڤی گوندنشینی وڵاتانی پێشکەوتوو ناتوانن دەستبەرداریان ببن. پاشان سیاسەت کە گرینگترین مۆتۆڕی مرۆڤە بۆ پلاندارشتن و هەنگاو- هەڵهێنان بە توندی وابەستەی زمانە. سیاسەتی بڵند زمانی بڵند پێویست دەکات. مرۆڤ لە تام و چێژ، لە تێگەیشتن لە خۆی و

دەوروبەری، لە تێڕوانین و لە ڕوانگەی خۆیدا فرەلایەن و جیاواز بیر دەکاتەوە. ئەمە پێویستی بە زمانێکە کە بتوانێت ئەوی بەرانبەری خۆی حاڵی بکات. هەر بۆیە هەم لە تیئۆری فێمێنیستی و هەم لە تیئۆرگەلی سەبارەت بە ئازادیخوازیدا زمان بە پایەیەکی گرینگی خەباتی ئازادیخوازانە دەبینرێت. ئێمە وەک مرۆڤ زمانی ئافرەتمان هەیە و زمانی پیاو، زمانی کچمان هەیە و زمانی ژن، زمانی سەردەستمان هەیە و زمانی بندەست، زمانی پاتریارکالمان هەیە و زمانی قوربانیانی پاتریارکال، زمانی بە شان و باڵا هەڵدان و شاباشمان هەیە و زمانی ڕەخنە و وەژێر پرسیارخستن، زمانی نهێنیمان هەیە و هی ئاشکرا و بەو شێوەیە. واتە زمان هەر خۆی چمکێکی دیکۆتۆمیە و لە هەموو حاڵەتێکدا دوو جەمسەری بەیەک نەگەیوی هەیە لە دوو بارگەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، لە نێر و لە مێ، لە ڕەش و لە سپی و بەو شێوەیە. لە بەر ئەوە زمانناسیی کە هەر خۆی بەرهەمێکی مۆدێرنیتەیە پێویستیەکی بیر و ژیانی مۆدێرینتەیە، زمان- ناسیی لە دەرەوەی ئەو پێویستیەدا ناژی، بەڵکو تیئۆریگەلێکە بۆ ڕوونکردنەوە، بۆ خستنەبەردەستی میتۆد و میتۆدۆلۆژیی. لینگویستیک ئێستا پایەیەکی ئەم شارستانییەی مرۆڤە. وشە، شێوە ڕێزمانیەکانی وشە وەکوو ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار و کردار و ڕێزمان بە گشتیی ئێستا گرینگترین پایەی خوێندنن و بایەخیان زیاد دەبێت و کەم نابێتەوە، هاوکات کە باسی خودی زمان دەکەوێتە ڕەهەندی بڵندترەوە. کەواتە ئێمە ڕێزمانمان بۆ ئەوە دەوێت بناخەی زمانناسیی لەسەر دابڕێژین.

**کوردناسی: چۆن دەڕووانن زمانی سوێدی؟ ئەو بەربەستانە چین کە ڕێگا لەوە دەگرێت کە پەنابەرانی کورد بە باشی فێری زمانی کوردی ببن؟ ئاخۆ زمانی سوێدی وەک زمانی ئینگلیزی خاوەن کارکردگەلێکی بەرفراوانە؟**

**ڕێبوار:** سوێدی زمانی نەتەوەیەکی بچووکی نۆ ملیۆنییە، بەڵام زمانێکی بە بڕست و بە پێز و بەهێزە و توانایەکی سەرسووڕهێنی بۆ دەربڕین و بەیانکردن هەیە. ئەویش لەبەرئەوەیە کە لە مێژە زمانی سوێدی زمانی حوکم کردن و دەوڵەت کردنە، زمانی یاسا و ڕێسایە، زمانی لێپرسینەوە و دادگاکردنە، زمانی چاوەدێری کردن و لێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە. زمانێکە کە لە دێر زەمانەوە بایەخی پێ دەدرێت و خزمەت دەکرێت. لە سوێد بایەخێکی بێ ئەندازە بە زمان دەدرێت، چونکە زمان بە ئامرازێکی گرینگی تێگەیشتن و پێوەندیگرتن دادەنرێت. لە سوێد نە هەر بایەخ بە زمانی سوێدی دەدرێت، بەڵکو بایەخ بە هەموو ئەو زمانانە دەدرێت کە لە چوارچێوەی یاسایی دەوڵەتی سوێددا هەن.

سوێدی ناتوانێت لە ئاستی ئینگیلیزدا بێت. وەک عەرزم کردیت، سوێد زمانی نۆ ملیۆنێک مرۆڤە و ئینگلیزیش لەلایەکەوە زمانی نیوملیاردێک مرۆڤ دەبێت و لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە یەک ملیارد مرۆڤ ڕۆژانە قسەی پێ دەکات. بێ لەوە زمانێکە کە لە ئاڵوگۆڕ و بازرگانیی جیهانی، لە تیر و پشک سەندن (سەهم و بۆرس) و لە ترافیکی جیهانیی و لە پێوەندیە یاساییەکانی جیهان و زانیاری گۆڕینەوەی ڕەسمیدا بەکار دەبردرێت. وەک ئەوانەیش گرینگ ئەوەیە کە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئینگلیزی زمانن هەروەها دەوڵەتی گەورەی پیشەسازیی قورس و ناسکن. ئەمە مانای سیاسی و ئابووری زۆر گەورە و گرانی هەیە. پیشەسازی لەم وڵاتانەدا بە سەدان ئاستی لە هەزاران بواری جیاوازدا هەیە. لەبەرئەوە زمانی ئینگلیزی لە دۆخێکی دیکەدایە، توانایەکی دیکەی هەیە و چاوەڕووانیەکی دیکەی لێ دەکرێت. من بە باشی نازانم دوو زمان بەو شێوەیە بخرێنە بەراووردەوە. هەردووکیان دوو زمانن کە فەنکسیۆنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد. دەپێکن، بەڵام بە شێوەی جودا و بێگومان لە ئاستی جودادا.

زمانی سویدی هەر وەکوو زۆرێک لە زمانەکانی دیکەی ئورووپا بە پیتی لاتینی دەنووسرێت، ئەمە ڕەنگە یەکەم ئاستەنگ بێت. ئاستەنگی دیکە ئەوەیە کە لە سویدیدا ڤۆکال زیاترە وەک ئەوەی لە ئینگلیزیدا هەیە. لە زمانی کوردیشدا ئەو جۆرە ڤۆکالانە هەن، بەڵام کە دەڵێین زمانی سویدی دەزانین باسی چی دەکەین، هاوکات کە دەڵێین زمانی کوردی نازانین مەبەستمان چییە، یان دەبێت بە وردیی خۆمان ڕوون بکەینەوە. سویدی زمانێکە کە دەبێت بتوانیت چالاکانە لە ڕێگای خوێندنەوە و گوێگرتن و دوواندنەوە بەشداریی تیادا بکەیت. ئەمە بەو مانایە دێت کە تۆ وەک مرۆڤ دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە. ئایا چەند ئامادەییت هەیە لە کتێبخانەکان دابنیشیت و بخوێنیتەوە؟ چەند حەز لە شیعر و ڕۆمان دەکەیت؟ چ جۆرە باسێکی سیاسی و ئابووری و هتدت بەلاوە گرینگن و چەندیان کات بۆ تەرخان دەکەیت؟ ڕۆژنامە و گۆڤار دەخوێنیتەوە، لەسەر چ ئاستێک و بە چ شێوەیەک، پێوەندیت لەگەڵ سویدزماندا چۆنە، ئەوانە هاوڕێی سەر کار و شوێنی کارن یان دراوسێ و هاوڕێی وەرزشن؟ ئەمانە هەموو فاکتەری جیددین. بەڵام خۆ مرۆڤی کورد بە تەنیا ئیسۆلە نییە و دەبێت مرۆڤی سویدی وەڵامی بداتەوە. واتا سویدیەکان چەند کات و خولق و مەیل و تاقەت و تێگەیشتنیان بۆ ئەو فێربوونە هەیە و چەند کاریان تێ دەکرێت ئەو کارە بکەن و بەو شێوەیە.

هاوکات فێربوونیش ئاست و بواری خۆی هەیە. کەسی وا هەیە کە دەتوانێت سویدی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بەکاربهێنێت، بەڵام شایەت لە ڕووی فۆنەتیک و دیالێکتەوە ئەو توانایەی نەبێت و کەسی وا هەیە کە بە شێوەیەک لەگەڵ سویدیدا تێکەڵ بێت کە بتوانێت باش فۆنەتیک و دیالێکت بەکارببات بەڵام ئاستی زمانی بڵند نەبێت و هەندیکیش هەن کە ڕەنگە بتوانن لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتوو بن. ئەوە تەنها لە پراکتیکدا دەبینرێت و پێوانەیەکی تایبەتی نییە کە وەک تەرازوو بەکار بهێنرێت.

**کوردناسی: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دنیای پێشکەوتوو لە بواری زمانەوانیدا، کورتبوونەوەی وشەکان یان بەکاربردنی وشەی بیانی (ئینگلیزی)یە. ئێوە جیاوازی نێوان زمانی گفتوگۆی توێژی لاوان و توێژی بە ساڵاچووان لە نێو کۆمەڵگەدا چۆن دەبینین، ئایا ئەم جیاوازییە لە وڵاتی سوێددا بە زەقی بەرچاو دەکەوێت؟ بەگشتی چ جیاوازییەک لە نێوان زمانی لاوان و گەورەساڵاندا بەدی دەکەن؟**

**ڕێبوار:** وەک باسم کرد ئینگلیزی زمانێکە کە خۆی سەپاندووە. لە سەرەتادا ئینگلیزی لە ڕێگای داگیرکردن، واتە کۆلۆنیالیزمەوە پێشکەوت. جیهانی ئوسترالیا، کەنەدا، خودی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نیوزلەند و وڵات گەلێکی ئەفریکا و ئاسیا دەکەونە ئەو چوارچێوەیەوە. هەموو ئەو وڵاتانە وڵاتی گەورەی پیشەسازین کە کاریگەریەکی کولتوریی گەورەشیان لەسەر جیهان هەیە و لە زۆر حاڵەتدا کولتوری ئیمپریالیستن، واتە خودئاگایانە و پلان بۆکراوانە کولتوریی سیاسیی و فەرهەنگی خۆیان بڵاودەکەنەوە و دەسەپێنن. لەبەرئەوە ئاساییە مرۆڤی کورد بکەوێتە ژێر ئەو کاریگەریی و کارتێکردن و فشارەوە. ئەمە دیارە لایەنی خراپی هەیە و هی باشیشی هەیە. بەو شێوەیە کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەر پرۆسەی گلوبالیزەکردن کورد و کوردستانیش دەگرێتەوە. دیارە هەمیشە بۆشایی و جیاوازی لە نێو جەوان و بەساڵدا چووانی هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە و هەمیشە لاوان لە گۆڕانکاریەکدان کە ڕابردووی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. لە سوێدیش ئەم جیاوازیانە بێگومان هەن. ئەم جیاوازییە ڕۆژانە لە زمانی قسەکردندا دەردەکەون. لاوان هەمیشە وشە گەلێک بەکار دەبەن کە دۆخی سەردەمیان دەردەبڕێت.

ئەو دامەزراوە ناوەندییەی کە لە سوێد لەوەبەر ناوی "سپرۆک نێمندن Språk nämnden[1] / دامی زمان" و پار، ساڵی ٢٠٠٧، بە ڕەسمی بوو بە "سپرۆک ڕۆدت Språk rådet[2]/ بنکەی زمان"، هەروەها لەگەڵ ئەو دامەزراوەی "Svenska Akademiens ordlista (SAOL)

**فەرهەنگی ئەکادێمی سوێدی"، ساڵانە ئەو وشە تازانە بڵاو دەکەنەوە کە دێنە ناو زمانی سوێدیەوە. بەشێک لەوانە ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزیەوە دێن و بە زۆریش بە شێوەی سوێدی دەنووسرێنەوە، نەک دەقە ئینگلیزیەکەی. دیارە وشەی زمانی دیکەش هەیە و لەو دووایییەدا یەک دوو وشەی عەرەبی و تورکیش وەرگیراوە (بە ناڕەسمی فارسی و کوردی و ئەوانەیش هەیە). شێوەیەکی دیکەی نوێ هەر وشەی سوێدین، بەڵام بە شێوەیەکی لێکدراو کە وەکوو وشە و مانا نوێن. وشەی بیانی قەرزکراو و وشەی سوێدی دروستکراو لە شێوەی ڕێزمانی جودادا، وەکوو ناو، ناوی شت، کردار، ئاوەڵناو و ئاوەڵ کرداردا هەن.**

---

وشە بە گشتی بارگەیەکی سوبجێکتیڤی هەیە، نەک ئۆبجێکتیڤ. بۆ نموونە وشەی "خۆش"، "جوان"، "سادە"، "گرینگ"، "ئازار" و هەزاران وشەی دیکە لە ڕاستیدا پێش هەر شتێک بارگەیەکی سوبجێکتیڤیان هەیە، واتا بۆ من مانایەکی هەیە و بۆ تۆیش مانایەک. بەڵام هاوکاتیش ڕێککەوتن و هاوڕاییەکی گشتیی لەسەر ئەو وشانە هەن. کە من دەڵێم "ئازارم هەیە" گوێگر تێدەگات مەبەستم چییە، بەڵام ئاست و ڕادەی ئازارەکە نازانێت. هەموو ئەو وشانەش کە دەکرێت باس لە دەرەوەی سوبجێکت بکەن، وەکوو "دار"، "درەخت"، "خودا" و شتی دیکە دەتوانن مانای جیاواز بدەن. ئەمە لەو وشانەدا کە بوون بە چەمک، واتا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە دەتوانن تەواو مانای جیاوازیان هەبێت وەک وشەی "پیرۆز"، "سۆسیالیزم"، "ڕەوا"، "دروست"، "نادروست" و بەو شێوەیە.

هەموو ئەمانە دەبنە هۆی تێگەیشتن و لێ تێگەیشتن و لێک تێگەیشتنی جیاواز لە یەکتر. دیارە ئەم جیاوازیە، پێوەست بە ڕادەی خوێندن و تێگەیشتن، گیروگرفت لە نێوان تەمەنی جیاوازدا دروست دەکات. لە کاتی نەبوونی

سیستەمی خوێندنی باش و پێشکەوتندا، بۆ نموونە وەک دۆخی کوردستان لەم کاتەدا، ئەوە گیروگرفتی گەورەتریش دروست دەکات.

**کوردناسی: بە درێژایی تەمەنی وەرگێڕانتان (زارەکی یان نووسراو) ئاخۆ زمانی کوردی توانای گەیاندنی پەیامی هەبووە، واتە لە کاتی وەرگێڕانی سوێدی بۆ کوردی وشەی وا هەبووە کە هاوتا کوردییەکەتان نەدۆزیبێتەوە؟ زمانی کوردی چ کێشە و گرفتێکی دیکەی بۆ وەرگێڕی کورد پێک هێناوە؟**

**ڕێبوار:** من زمانی کوردی بە زمانێکی باش دەزانم. بە هەرحاڵ ئەوە زمانێکە کە سەرەڕای بێ خزمەتی و بێ حوکمەت بوونیشی هێشتا زمانی دەربڕینی نەتەوەیەکی سی و ئەوەندە ملیۆنییە. بەڵام دیارە زمانێکی بێ خزمەت و بێ پەرستیارە. نەبوونی حوکمەت و دەوڵەت و دام و دەستگای سیاسی و ئابووری و کولتوری و سەربازی و شتی دیکە وا دەکات کە زمانی کوردی لە زۆر شوێندا ناتوانێت وەڵام بداتەوە. هۆیەکانی پشت ئەو نەتوانینە هەرچییەک بن، بۆ نموونە نەبوونی حوکمەت، ناوەند نەکردنی زمانی کوردی، بە ناوەند نەکردنی کوردیەکی ستاندارد، نەبوونی ئینستیتیوتی زماناسی کە بە ڕاستی کەسانی پسپۆڕ کاری تێدا بکەن، ناحیرفەیی ژیان لە کوردستان لە زۆربەی بوارەکاندا و شتی دیکە، شێوە هەن بۆ چارەسەرکردن کە دیارە هەم کات دەخوازێت و هەم هەوڵ و کۆشش.

هاوگن Haugen باس لە زۆر هەنگاو دەکات کە دەبێت بنرێن بۆ ئەوەی زاراوەیەک لە زاراوەکانی زمانێک ببێت بە ستاندارد. بۆ نموونە لەلایەکەوە پێشخستنی ڕێزمان و شێوەنووسین و ئامادەکردنی فەرهەنگی بەئەژمارد و لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەو زمانە لە بوارەکانی خوێندن، دادگا، بەڕێوەبەرایەتی، بازرگانی و هتد. لێرەدا ڕۆناڵد واردهاوفRonald ardhaugh ڕوونی دەکاتەوە کە هەڵبژاردنی زاراوەی زمانێک بۆ چەمکی ستاندار دەتوانێت

ببێتە هۆی زوێرکردنی زاراوەکانی دیکە دەشێت بە مانای لە پێشەوەدانانی ئەم و وەلانانی ئەوان لێک بدرێتەوە. ئەو زاراوە هەڵبژێردراوە پاشان دەبێت بە نۆرم. "ئەو نۆرمە بێ هیچ ئەملاولایەک لەگەڵ هەبوونی دەستەڵاتدا دەخرێتە پێوەندیەوە و زاراوە ڕەتکراوەکانی دیکە وەک بێدەستەڵات"[18]. واردهاوف دەڵێت: "پرۆسەی بەستاندارکردن لە خۆیدا گەلێک کار دەگرێتە خۆی (ماتهیوت Mathiot و گارڤین Garvin ١٩٧٥). بە ستانداردکردن تاکەکەسگەل و گرووپگەل لە ناو یەکەی کۆمەڵی گەورەدا یەک دەخات. لەبەرئەوە دەتوانرێت وای لێ بکرێت کە ببێت بە ڕەنگندانەوە و سیمبولی جۆرێک لە ناسنامە: ناوچەیی، کۆمەڵایەتی، ئەتنیکی و یان ئاینی"[19].

هەموو ئەوانەی دەنووسن، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە ستانداردێکمان دانەسەپاندووە، کاتێک دەگەنە ئاستێکی باڵا لە خۆدەربڕیندا دووچاری بێ وشەیی دێن. ئەوانەی وەردەگێڕن هەروەها بە هەمان شێوە. زمانی ئینگلیزی، سوێدی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، و ڕووسی هەندێکی دیکە لەو زمانانەن کە ساڵەهایەک خزمەتی گەورە کراون. کاتێک تۆ تێکستی قووڵ و چڕ وەردەگێڕیتە سەر کوردیی بۆ وشە دادەمێنیت. هەندێک وشە هەن کە لە کوردیشدا هەن، بەڵام بەکارنەبراون و نائاسایی دێنە گوێ، ئەگەر خوێنەر لێشیان تێ دەگات لە ژیانی ڕۆژانەیدا پیشەییانە و ئاساییانە بەکاریان ناهێنێت. هەندێک وشە هەن کە هەر نیمانن، هەندێک هەن کە بە شێوەی جودا هەمانە و دەبێت بڕیار بۆ بەکارهێنانی یەکێکیان بدرێت.

لە زانستی زماندا شتێک هەیە پێی دەگوترێت "هاوواتایی equivalence" کە پێشنیاری دانانی نێزیکترین وشەی هاوواتا دەکات بەرانبەر بە وشەیەکی

---

[18] Ronald Wardhaugh Second Edition (1992), An Introduction to Sociolinguistics,, Blackwell Publishers. S 31

[19] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

زمانی دیکە. ئەمە کارێکە کە زۆر زەحمەتە چونکە زمان وەک پاشان باسی دەکەین بە توندی وابەستەی بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لایەنەکانی دیکەیە. لەسەر ئەو بناخەیە تۆ هەرگیز ناتوانیت هاواتا دانەرێکی سەرکەوتوو بیت. هەمیشە وشە هەن کە مرۆڤ وەکوو تاکەکەس هێزی بە سەریاندا ناشکێت. کاتێک ئێمە حەز لە کارێکی وەرگێڕانی کەسێک دەکەین، ڕەنگە حەز لە خودی دروستیی هاوواتاکان نەکەین، بەڵکو حەز لە بەکارهێنانی ئەو کۆد و لێکدانەوەیە بکەین کە وەرگێڕ پەنای بۆ بردووە.

**کوردناسی:** کێشە دەرەکی و دەروونییەکانی زمانی کوردی لە چیدا دەبینن و چ پێشنیارێکتان بۆ دەرچوونی زمانی کوردی لە کێشەی نەریتی بوون و پێکهاتەییدا هەیە؟

**ڕێبوار:** زمانی کوردی دەردی هەم چەندانە و هەم گران. ئێمە هەر کێشەمان لەسەر ئەو بوارانە نیین کە لە ڕووی پسپۆڕییەوە هەن، وەکوو فەلسەفە، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەنترۆپۆلۆژی، دارتاشی، ئاسنگەری، جۆرەکانی پیشەسازی، دەرمان و دەرمانسازی و پزیشکی، بەڵکو هەروەها کێشەمان لەگەڵ جۆرەکانی زمان لە پرسی جێندەر، لە پرسی وشەگەلی جنسگەرا، لە پرسی نەخۆشیی تایبەتی و ئەم جۆرە بوارانەدا هەیە. من جارێک لە سیمینارێک باسم کرد کە ئێمە وەکوو کورد نە هەر کاتمان نەبووە سیگمۆن فرۆید بخوێنینەوە، بەڵکو ناتوانین ڕاشکاوانەش لەو پرسەدا بەشدار بین. تۆ بۆ ئەوەی بتوانیت سیگمۆن فرۆید دووبارە بکەیتەوە و بیخوێنیت و گفتوگۆی لەسەر بکەیت دەبێت بتوانیت وشەی وەکوو "کێر"، "کوز" و دەیان وشەی لەو جۆرە بەکار بهێنیت. لێتوێژەرەوەی سەرکەوتوو ناتوانێت خۆی بە کوولتوورێکی داخراوەوە ببەستێتەوە کە دەستی خستووەتە گەرووی زمان و ناهێڵێت پێشبکەوێت و ناهێڵێت بە پێی پێویستی خۆی بەکارببردرێت. لە ناو

کوردەوارییدا ئافرەتێک، جا چ کچ بێت یان ژن و تەنانەت لە ڕووی تەمەنیشەوە بەساڵداچوو بێت، ناتوانێت یان ڕێگا بە خۆی نادات لە ناو کۆمەڵێکدا بڵێت "میزم دێت" یان "دەچم میز دەکەم".

لە جیاتی ئەوە وشەگەلی دیکە بەکار دەبرێت کە ئێمە تەنها لە ڕووی کوولتوورییەوە تێ دەگەین مەبەست چییە. لە نووسەراندا نموونەی وەکوو شێرزاد حەسەن کەمە کە ڕاشکاوانە هەندێک وشەی وا بەکار دەبات، بۆ نموونە وشەی "دەستپەڕ/ دەستگان". بەو شێوەیە زمانی پێشنەکەوتوو بارمەتەی دواکەوتوویی سیاسی و کوولتووری و ئابوورییە. کاتێک لە کوردیدا دەگوترێت "زمانت دەبڕم"، مەبەست لە خودی بڕینەکە لە ڕووی فیزیکیەوە نییە، بەڵکو مەبەست لە لێستاندنەوەی توانای خۆدەربڕین و دەلیل هێنانەوە و وەڵامدانەوەیە لە ئاخێوەر. زمان دەربڕینی دۆخی لە ژێرەوەبوون و لەسەرەوەبوون و خۆ سەنسۆرکردن و سەنسۆر بوونە، هەروەها دەربڕینی دۆخی نەتوانایی و دەست پێ ڕانەگەیشتنە.

بۆ نموونە مەلای مزگەوتێک (کە ژمارەیان نێزیکەی هێندەی مامۆستایانی خوێندنگاکانە) لە بڵندگۆیەکەوە بۆی هەیە بە کاوەخۆ و پشووەوە باس لە هەر شتێکی نازانستیی بکات کە ڕەنگە سەد جۆر لێکدانەوە و خستنە ژێرپرسیار هەڵبگرێت و باسەکەی لە چوارچێوەی سەنسۆری ئاییندا دەهێڵێتەوە. بەڵام هیچ شاعیر و ئەدیب و نووسەرێک ناتوانێت و بۆی نییە لەو باسەی خۆیدا بڵندگۆیەک بخاتە خزمەتی خۆیەوە و بە ئازادیی ئەو وشانە بەکاربهێنێت کە پێویستی پێیانە. لەبەرئەوە زمان هەمیشە بێلەوەی باس لە دۆخێک دەکات هەروەها ڕەنگی دۆخ و هەل و مەرجێکیش دەداتەوە. ئەڵبەت ئەمە لە جێی خۆیدا قەتیس نابێت. هەموو ئەو بارودۆخانەی ژیان دەگۆڕێن و زمانیش لەگەڵ خۆیاندا پێش دەخەن، بەڵام پێشکەوتن جۆری زۆرە. پێشکەوتن ئەگەر پلانبۆکراو و سازماندراو و ئاراستەدیاریکراو بێت دەتوانێت باشتر و خێراتر و وردتر نیشانەی خۆی بپێکێت.

تا مرۆڤی کورد وەک تاکەکەس زیاتر پێش بکەوێت و تا ژیانی سیاسی مرۆڤی کورد بڵندتر بێت وا کە زیاتر لە دەوروبەری تێ بگات ئاستی زمانی بڵندتر دەبێت. زمان کلیلێکە کە شێوە و خەسڵەتێکی ئیمیبیایی هەیە و هەموو چرکەیەک دەگۆڕێت و هەوڵ دەدات وەڵام بە بارودۆخەکە بداتەوە. هاوکات زمان بوونەوەرێکی ئۆرگانیک نییە کە خۆی سوبجێکتیڤ ئەو کارە بکات، بەڵکو ئەوە من و تۆی مرۆڤین کە ئەو خەسڵەت و بەرزونزمی و مانادارییەی پێ دەبەخشین.

زۆر جار مرۆڤ سەرسام دەمێنێت کە چۆن دەتوانێت ببێت بە کۆیلەی ئامرازێک کە خۆی دروستی دەکات. ئەوە توانا و تێ گەیشتنە کە زمان دەکات بەو ئامرازەی گەرەکمانە. هەندێک شاعیر هەن دەتوانن زمان بکەن بە ئەسپێک و بە ڕاستی بە ناو هەرچی بێشەی پەی تێنەبراوە غارغارێنی پێ بکەن، یان بیکەن بە ئۆرگانیزمێک کە بێ ئەوەی خوێن و دڵ و مێشکێکی هەبێت بیچمێک پەیدا دەکات و لە تەنهایی، لە ئازار و لە خۆشییەک دەدوێت. هاوکات لە زانستدا زمان وەک هاوکێشەی ماتماتیکیی وایە، هەر بە لابردنی دوو وشە تەواوی پێکهاتەکە دەکەوێتە لەرزین.

ڕێگا بە خۆم دەدەم پێ دابگرم کە بە گشتیی زمان لە ناو پانتایی مێشکدا بۆی هەیە گەورە ببێت. مێشکی بەرین زمانێکی بەرین وەبەرهەم دەهێنێت و مێشکی بچووک و ڕێگاپێنەدراویش زمانی بچووک.

**کوردناسی: ئاخۆ وەرگێڕە کوردەکان تاکو ئێستا چ  کتێبێکیان لە بوارەکانی وەرگێڕانی ڕێزمانی سوێدی بۆ زمانی کوردی یان فەرهەنگی سوێدی بۆ کوردی یان بە پێچەوانەوە، یان لە بوارەکانی دیکەی وەک فەلسەفە، کۆمەڵناسی یان ئەدەب و هتد تەرجومە کردوە یان نووسیوە؟ تکایە لەم**

**بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن. وەرگێرانی دەقە ئاکادیمییەکان زمانی سوێدی بۆ سەر زمانی کوردی چ یارمەتییەک بە زمانی کوردی دەکات؟**

**ڕێبوار:** ئەوەی سەبارەت بە سوێد بێت من دەزانم کە چالاکیەکی بڵندی وەرگێڕان و نووسین لە ناو کوردزماناندا هەیە، ئەڵبەت بەتایبەتی لەو دوو زاراوە سەرەکیەدا کە تا ڕادەیەک ستاندارد بوون. ناتوانم چەند ناوێک بڵێم چونکە دەزانم بە دەیان نووەسەر و وەرگێڕ مەغدور دەکەم. کتێب بۆ منداڵان، کتێبی پیشەیی، شیعر، چیرۆک و فەرهەنگ و زۆر شتی دیکە وەرگێڕدراون و ئامادەکراون. ژمارەی ئەمانە بە سەدانن. لەبەرئەوەی ستانداردێکی زانستی پێڕەوکراوی نووسینمان نییە ناتوانین بە پێوەرێکی تایبەتی ئەمانە هەڵسەنگێنین، بەڵام دیارە هەموویان کات و وزە و حەز و ئارەزوویەکی زۆریان بۆ تەرخان کراوە و بە گشتیی بەرهەمگەلێکن کە دەتوانن بۆشایی پڕ بکەنەوە. ئەوەیش گرینگە ئێمە بزانین کە هەموو بەرهەمێک نرخێکیی سەردەمیی هەیە و پاشان دەتوانرێت ڕەخنەی دروستکارانەی لێ بگیردرێت و پێش بخرێت. هەرچۆنێک لێکی بدەینەوە یەک خاڵ گرینگە لە بیرمان نەچێت، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کارێک، گەورە بێت یان بچووک، دەبێت بە بناخەیەک بۆ ئاییندە.

من لەو کەسانەم کە هەرگیز هیچ بەرهەمێک لە خۆیدا ڕەت ناکەمەوە. بۆ من هەنگاونان و یەکەم هەنگاو و بناخە داڕشتن گرینگن. من چاوەڕێی پێشکەوتنی یەکژەمی و موعجیزانە نییم و چاوەڕووانیەکی وام نییە. بە ڕای من وەرگێڕانی دەقی ئاکادیمیی بۆ کوردی خزمەتی شایانباس و نایاب نە هەر بە زمانی کوردی، بەڵکو بە مێشکی مرۆڤی کورد دەکات. گەورەترین خزمەت بە مرۆڤ تێ گەیاندنیەتی لە زانستی هەمەجۆر و بەشداری کردنیەتی لە پێشکەوتندا. من هەمیشە گوتومە کە ئەو زانستانەی ئورروپا نێزیکەی بە خۆڕایی وەدەستمان دەکەون، بێ ئەوەی کە لە ڕووی نەتەوەییەوە پارە یان کات و وزە لەسەرمان

کەوتبێت، هاوکات کە دەتوانن گوژمێکی بەتین بە زمانی کوردی و بە ڕەهەندی تێ گەیشتن کە پێوەندی بە زمانەوە هەیە بدەن.

**کوردناسی: تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕیکی پیشەیی لە ڕووانگەی ئێوەوە چییە؟ ئاخۆ وەرگێڕە کوردەکان توانیویانە بە شێوەی سەردەمیانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی زمانی کوردی و سوێدیدا بگونجێنن.؟**

**ڕێبوار:** هیچ یاسا و ڕێساگەلێک بۆ وەرگێڕی پیشەیی نییە، ڕەنگە تا ڕادەیەک هەبوونی بەڵگەنامەی زانینی زمان پێویست یان بەسوود بێت، دەنا تایبەتمەندیەکان زیاتر سوبجێکتیڤن، واتە خودین، وەک لەوەی ئۆبجێکتیڤ بن. ئەو تایبەتمەندیانە دەتوانن بۆ نموونە ئەم شتانە بن: تێگەیشتنی باش لە بابەت، پەلە نەکردن لە وەرگێڕان، کاری دڵخوازیانە ئەگەرچی هەقمزەشی تێدا بێت، تێگەیشن لە نووسەر و لە کات و سەردەمی بابەتەکە و لەچوارچێوە سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانی بابەتەکە، بەسەرداچوونەوە و بۆخۆخوێندنەوە و ناردنی بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەکی. لە بیرمان نەچێت کە زمان پرۆژەیەکی کەسیی نییە بەڵکو پرۆژەیەکی کۆمەڵییە. ئەوە بەو مانایە دێت کە هەتا کەسانی بەئەژمارد فرەتر بیخوێننەوە باشترە. من پێم وایە وەرگێڕەکان توانیوویانە وەرگێڕاوەکانی خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریە تازەکانی زمانی کوردی و سوێدیدا بگونجێنن، بۆ نا؟ بەڵام دیارە لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئێمە چ جۆرە چاوەڕوانیەکمان هەیە، میچ و مەرزی ئێمە بۆ ئەو پێوانەیە چییە، پێناسەمان بۆ زمانی باش چییە. ئاخر تا ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا بەرقەرار نەکەین چۆن بزانین کە ئەسپی وشەی مرۆڤی کورد چۆن و بە چ ڕەوتێک غار دەدات؟ دەزانم ئێستا باس لە ئورووپا یان دەرەوەی کوردستان دەکەین، نەک کوردستان خۆی، بەڵام ئاوارەیی چەندیش مرۆڤ ژیرتر و ڕەهەنددارتر بکات، بەو مانایە نایەت کە بە گەرانتیەوە لە خۆسەنسۆرکردن، لە ترسی دەستەڵات،

لە ترسی وەدووکەوتن و ڕاوەدوونان ڕزگاری دەکات. زۆرینەی کوردی تاراوگا، نە هەر نووسەر و وەرگێڕ، لاقێکیان لێرە و لاقێکیان لە کوردستانە، بە شەووڕۆژ لە زیکروفیکری کورد و کوردستاندان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە خۆڕزگارکردنێکی ڕۆشنگەریی و ڕۆحیی لەو مرۆڤانەدا ڕوو دەدات.

تۆق و زنجیری داگیرکردن و دواکەوتوویی کۆمەڵگا هەر لە دەست و پێدا دەمێنێتەوە، بەڵام سەد ئاخ نابینرێت. هەر یەکە لە ئێمە لێغاو و دەمبەستێکی لێ بەستراوە، شایەت بچووکتر یان گەورەتر. بەرهەمی ئێمە زادەی ئەو دۆخەیە. لە ئازادیی خۆدەربڕیندا، دوور لە دەستەڵاتی سیاسی و ئایین و چی و چی مرۆڤی ئورووپایی ئاسۆ سنوور و ئاسمان بنمیچیەتی. ئا لەوێدا، لەو چوارچێوەیەدا، کاری مەزن لەدایک دەبێت.

**کوردناسی: ئاخۆ بوونی زاراوە و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە کاتی وەرگێڕانی زارەکی زمانی سوێدی بۆ کوردی، وەرگێری تووشی کێشە کردوە یان نا؟**

**ڕێبوار:** کردوویەتی و زۆریش. بە ڕاستی مرۆڤ بنووسێت "گۆرەوی، گوێرەوی یان گۆرە" و بۆ یەک دانەیان هەڵبژێرین و کێ ئەو بریارە بدات؟ ئەڵبەت بە داخەوە کێشەکانمان فرە زیاتر زەحمەتن وەک لەو پرسیارە هاسانە. ئێمە دووچاری سەدان وشە و دەربڕین دەبین کە ناچارمان لێ دەکەن بڕیار بدەین. وشەی "پیر" بە گشتی دەتوانێت بە مانای "بەساڵداچوو" بێت و لە ئەسڵدا بە مانای "ژیر/ پیرۆز / دەمڕاست" دێت. دیارە بە ساڵداچوونەکەیش لێکدانەوەیەکە بۆ ئەو دۆخانە. بەڵام نووسینی باش ئەوەیە کە بتوانێت بێ خەم مامەڵە لەگەڵ ئەو جیاوازیە باشانەدا بکات. من تۆزێک درێژتر لەمە لە پێشەکی "فەرهەنگی

سوێدی – کوردیی خواروو"[20] دوواوم. هیوادارم خوێندەری ئارەزوومەند سەرنجێکی بدات.

لە کاتی وادا تۆ دەبێت بوێر بیت کە بتوانیت بڕیاری خۆت بدەیت، شایەت لەم سەردەمە یان لەو گەرم و گوڕیەدا دژایەتیت بکرێت، بەڵام لە ئاییندەدا بیبەیتەوە. شایەت هەر بە دۆڕاوییش سەر بنێیتەوە.

**کوردناسی:** چۆن زمانی زانستیی کوردی پێناسە دەکەن؟

**ڕێبوار:** زمانی زانستی بە گشتی بەرهەمی سێ سەردەمە، سەردەمی ڕۆشنگەری، سەردەمی پیشەسازی و سەردەمی مۆدێرنیتە. ئەڵبەت سەردەمی پیشەسازی گەلێک قۆناخە، هەر لە وشەی پیشەی دەستییەوە دەگرێتە خۆی تا وردترین پیشەسازیی سۆفتویەر. سەردەمی مۆدێرنیتەش هەموو ئەو جۆرە بزووتنەوە موزیک و گۆرانی و سێکس و فەرهەنگ و مۆدە و شتانەش دەگرێتەوە کە هەم کاریگەرییان لەسەر خودی پیشەسازی و ئاڵ و گۆڕ هەیە و هەم لەسەر پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان. لە کوردستان ئێمە بە گشتیی دەکەوینە ئەو دیوی ئەم باسەوە. بێ دەوڵەتی زەرەری زۆر لێداوین. بەڵام دیارە زمانێکی زانستی کوردی هەر هەیە، لە ماتماتیک، فیزیک، کیمیا، کۆمەڵناسی و زانستەکانی دیکەدا چووینەتە پێش و هەنگاومان ناوە، هەرچەندە من بە ڕەخنەم لەو زمانە کوردیەی ئێستا لە باشووری کوردستان دەخوێندرێت، بەتایبەتی چونکە کۆنسیستێنتی (پرینسیپگەرا/ پرینسیپئامێز) نییە. من پێم وایە دەبێت بە وریاییەوە باس لە زمانێکی زانستیی کوردی بکەین.

---

[20] http://lexin.nada.kth.se/sve-sku.html (ئەمە هەروەها بە کتێبیش هەیە)

**کوردناسی:** هەل و مەرجی کاری وەرگێران لە سوێد بە چ شێوەیەکە؟ جیاوازییەکانی وەرگێڕی فەرمی و نافەرمی چییە؟

**ڕێبوار:** هەل و مەرجی کاری وەرگێڕان لە سوێد گرانە و ڕاستیەکەی زێدەڕۆیی نەبێت هەر زۆر دژوار و زەحمەتە. ئەوانەی کە خۆی لێدەدەن بە گشتیی کەسانێکی خۆبەخشن کە کاری دڵخوازانە دەکەن، واتە ئەو کاتەی بەوەوە تەرخانی دەکەن لە کاتی خۆیان و هاوسەر و منداڵیان دەیگرنەوە. بێ لە هەندێک مەسەلەی خۆراک و چواردیوارێک، لە ڕووی پرینسیپەوە هەر بە هەل و مەرجی قانع و بێکەس و هێمن و ئەوانەی دیکە دەچێت کە پێویست ناکات ناو ڕیز بکەم. نووسەر یان وەرگێڕێکی کورد لەبەر هەستی نەتەوەیی یان هەستی فێرکردن و پەروەردەکردن یان شتێکی کەسی دێت و دەست دەداتە ئەو کارە. پاش ئەوە هیچ جۆرە یارمەتیەکی شایانباسی چاپ و بڵاوکردنەوە و کڕین نییە.

نازانم مەبەستت لە وەرگێڕی فەرمیی و نافەرمیی چییە. مرۆڤ وەک وەرگێڕێک دەتوانێت لەو ڕووەوە فەرمی بێت کە بەڵگەنامەی وەرگێڕان وەدەست بهێنێت یان کاری دەستووردراو و ڕاسپێردراو بۆ دام و دەستگایەکی حوکمەتی بکات، یان هەردووکیان پێکەوە. شایەت نافەرمیش ئەوە بێت کە مرۆڤ لەو دووانە هیچیان نەبێت، واتە سەربەخۆ و دڵخوازانە خۆی بابەتێک هەڵبژێرێت و وەری بگێڕێت.

**کوردناسی:** ڕەوشی وەرگێڕی کورد- ئەمڕۆ و داهاتوو- لە سوێد چۆن ئەبینی؟ لاوازی و کەم و کووڕییەکانی لە چیدا ئەبینی؟ چ پێشنیارێکت بۆ پەرەدان بەم بوارە لەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێی هەیە؟

**ڕێبوار:** باوەڕ ناکەم شایانباسانە پێش بکەوێت و پێشم وا نییە کە لەم ئاستەی ئێستایدا دێتە خوار[21]. هەمیشە خەڵکان دەبن کە هەستی بەرپسیاری و ئەدەبی و فەرهەنگی بیانجووڵێنێت و کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن. کەم و کوڕیەکان زۆرن، شایەت یەکەم ئەوە بێت کە ڕێکخراوێکی وەرگێڕان نییە و مرۆڤی وەرگێڕ هەمیشە تاکەکەسە. ڕێکخستن دەتوانێت زەمینە بۆ پێشکەوتن و هاوکاریی و هەڵبژاردنی بابەت خۆش بکات. خاڵی دیکە ئەوەیە کە هاوکاری لەسەر ئاستی برادەریی و ناسیاویدایە، کە دامەزراوەیەکی حوکمەتی و کوردستانی نییە یارمەتی بکات.

پێشنیاری من هەر زۆر خودیانەن. من پێم وایە هەبوونی ڕێکخستن و سەندیکای وەرگێڕڤانان گرینگە چونکە ئەمە دەتوانێت کەناڵێکی فراوان بۆ پێشخستنی توانا، بۆ یەکترناسین و پێوەندیی، بۆ هاوکاری کردن و پلان دانان و شتی دیکە فەراهەم بکات. ئەوی ئێستا بۆ نموونە لە نیوان من و تۆدا ڕوو دەدات هەوڵێکی کەسیی تۆیە چونکە هەست بە جۆرێک بەرپرسیاری دەکەیت بەرانبەر ئەو مەسەلەیە. کەڵکی کاری دڵخوازیی ئەوەیە کە دەتوانێت موعجیزە ئەنجام بدات، لایەنی خراپیشی ئەوەیە کە بە نەخۆشکەوتنێک یان هەر هۆیەکی دیکەی خراپ هەموو کارەکە دەکەوێتە بەر مەترسیی نەمانەوە. کاری ڕێکخراو و پلانبۆکراو و ئاراستەکراو لەو جۆرە مەترسیانە بەدوور دەبێت.

ئەڵبەت هەرچەندە لە باسەکەیش لادەدەم بەڵام سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە یارمەتیەکی زۆری کتێبخانەی کوردی کردووە و ڕەنگە لە ماوەی ئەو بیست و زیاتر ساڵەی دووایيدا لانی کەم ملیۆن و نیوێک پارە بۆ کتێبی

---

[21] هاوڕێیەکی کورد بە ناوی سیاوەیش گودەرزی دارشتنێکی شایانباسی لەسەر ئەم بابەتە بە زمانی سوێدی هەیە کە بە داخەوە کوردیەکەیم نەدیوە، ڕەنگیشە نەبێت. بریا بە ئینگلیزیی هەبووایە بۆ ئەوەی خوێنەرێک کە سوێدی نازانێت کەڵکی لێوەربگرتایە. Kurdisk identitet i en kontext av Sverige

بڕووانە: http://makwans.blogspot.com/2006/02/kurdisk-identitet-i-en-kontext-av.html

کوردی و چاپکردن تەرخان کرابێت و چەندین نووسەری کورد پارەی دەستخۆشانە و هاندانیان دراوەتێ کە ڕەنگە تا ئێستا[22] گەیشتبێتە چوار ملیۆن کرۆن. هەروەها لانی کەم ملیۆێک و چوارسەد هەزار کرۆن بۆ کتێبخانەی کوردیی[23]، مانگی دووی ١٩٩٦، لە ستۆکهۆڵم تەرخان کرا. ئەو دەم خودا لێ خۆشبوو نەدیم داخدەڤرین Nedim Dagdeviren سەرۆک و دەست پێشخەری ئەو کارە بوو، ئێستا نەوزاد هروری، زماناس و چالاکڤانی کوولتووریی، سەرۆکیەتی.

ئەگەر بخوازرێت وەکوو فاکت ئەمە بزانرێت دەتوانرێت لێ- توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت کە حەتمەن بە وردەکارییەوە دەکەوێتە ڕوو. وەک خۆتان دەزانن هەموو ئەو جۆرە چالاکیانە لە سوێد ڕەسمین و بە پێی پرۆتۆکۆڵ تۆمار دەکرێن و لەبەر دەستی ڕای گشتیدا دەبن. بە داخەوە کە من کاتی ئەم کارەم نییە، بەڵام دیارە کارێکی گرینگ و بە سوودە.

**کوردناسی: ئاخۆ لە سوێد ئەنجومەن، یەکیەتی یان کانوونی وەرگێڕی کورد هەیە؟ ئەگەر نییە، باسی ئەو بەربەست و هۆکارانە بکەن کە ڕێگرن.**

**ڕێبوار:** تا ئەو جێیەی من بزانم "کۆمەڵەی نووسەرانی کورد" هەیە کە بە پێی ئاییننامەکەی ساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە و دیارە بە پلەی یەکەم کوردی باکووری کوردستانن. لە "کۆمەڵەی نووسەرانی سوێد"یشدا ڕەنگە شەست حەفتا کوردێک ئەندام بن (من داوای ئەندامەتیم نەکردووە). وەختی خۆی "پێن کڵەبی سوێد" هەوڵی دا پێن کڵەبی کوردییش دابمەزرێت، ڕاستیەکەی نازانم بە چی گەیشتووە، چونکە هەرگیز وەدووی نەکەوتووم، بەڵام دەزانم گیروگرفتی

---

[22] http://www.saradistribution.com/rohatalakom2.htm
[23] http://www.kurdishlibrary.org/kurdish_library/Start_Sve.htm

حیزبایەتی و قسەهێنان و قسەبردنی کوردەکان دژ بە یەک کێشەی تێ خستبوو. بەڵام بەگشتی، هەر بێ لە سوێد، بێ یەکیەتی و ڕێکخراوین. ڕەنگە هەرە هۆی گەورە ئەوە بێت کە کورد هەر لە دێر زەمانەوە کاتێک بەم وڵاتە ئاشانا بوون و لێرە گیرسانەوە لە جیاتی ئەوەی بنکەیەکی سیاسیی و کوردستانیان هەبێت، بنکەیەکی حیزبیان هەبووە. حیزب لە کورددا زیاتر زیانی گەیاندووە وەک لەوەی کەڵکی هەبێت. لە دونیای پێشکەوتوودا پارتی سیاسیی داهێنەر و دروستکار و ڕێکخەر و پێشخەر و پلاندانەرە و بێشکەیەکە بۆ قووڵکردنەوەی بیری جودا. لە کورددا تا ئێستا ئامرازێک بووە بە دەستی چەند کەسێکەوە. کاتێک کە ململانێی لەو چەشنە دەکەوێتە ناو جەماوەرەوە زۆر بە زەحمەت دەتوانن یەک بگرنەوە.

هۆی دیکە ڕەنگە ئەوە بێت کە لەبەر بێ حوکمەتیی و بێ دەوڵەتیی و نەبوونی کوولتووریی سەندیکا و بزووتنەوەی کرێکاریی ئێمە لە نرخ و بەهای خۆڕێکخستن و ڕێکخراوە تێ نەگەین. ئەمە کات و کارێکی زۆری تێ دەچێت.

بە گشتی سەرجەمی ئەم وەڵامە هەندێک ڕەشبینە، بەڵام دیارە لایەنی ڕۆشن هەیە. بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر کتێب و پەخشی دیکەی نووسین دەرچوون، چەندین نووسەر و وەرگێڕی کورد خەڵاتیان پێ دراوە و لە بازنەی کوولتووریی و فەرهەنگییدا ڕێزیان دەگیرێت و بەو شێوەیە. هەوڵ دەدەم ناو نەهێنم نەکا لێرە و لەوێ هاوڕێیەک بێبەش بێت.

**کوردناسی: زۆربەی وەرگێڕە کوردەکان پیاون، هۆی ئەمە چییە؟ الف/ بێ مەیلیی ئافرەتی کورد لە بواری کاری وەرگێڕاندا ب/ ئەقڵییەتی پیاو-سالارانەی بنەماڵە کوردەکان.**

**ڕێبوار:** هەمیشە پیاو یەکەمین سەرچاوەی دەستەڵات بووە و ئەویش بێگومان ڕەنگی خەست لە بواری خوێندن و نووسین و وەرگێڕاندا دەداتەوە. پیاوسالاریی هۆی سەرەکیە، چونکە بە مانای هەبوونی کات و پارە و بەرجەستەکردنی حەز و شتی لەو بابەتە دێت بۆ پیاو، بەتایبەت ڕیسێرڤەکراو بۆ پیاوان.

من پێم وایە ئافرەتی کورد مەیلی وەرگێڕانی هەیە، بەڵام ئەو کاتەی پیاو هەیەتی ئافرەت نییەتی. ئافرەتێک دەبێت هەم هاوسەرەکەی هەموو جۆرە کار و ئەرکێکی ماڵی لەگەڵدا بەش بکات و هەم ڕێگایشی لێ نەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بێ هەڵاواردن خۆی بەو کارەوە تەرخان بکات کە دڵخوازانە هەڵی دەبژێرێت. دیارە دۆخێکی لەو شێوەیە بە تایبەتی هێشتا فەراهەم نەبووە.

پیاوسالاری مانای زۆرە، هەر لە دەست درێژیی ڕاستەوخۆوە تا ڕێگالێگرتنی زۆر ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، تەنانەت ڕێگالێگرتن بە ناوی فرەخۆشویستن و ئاگاداربوون و بەتەنگەوەهاتنیش. هەندێک جار شایەت پیاوێک نەزانێت و خودئاگا ڕێگا لە مێینەی دەوروبەری نەگرێت، بەڵام لە پراکتیکدا ئەو کارە دەکات. بێگومان ئەوە لە درێژخایاندا کار دەکاتە سەر بچووک کردنەوەی بازنەی کاری دڵخوازانەی ئافرەت.

**کوردناسی: نەخشی وەرگێڕی کورد بۆ ئاشنایی هەرچی زیاتری کۆچبەران و پەنابەرانی کورد لەگەڵ کولتوری سویدیدا چۆنە؟**

**ڕێبوار:** نەتەوەی سوید بە ژمارە نێزیکەی نۆ ملیۆنن. ئەمە ژمارەیەکی گەورە نییە، بەڵام لە ڕێگای خەباتی سیاسیانەوە توانیویانە پەرەیەکی گەورە و مەزن بە زمانی خۆیان بدەن. سوید بێلەوەی وڵاتێکی پیشەسازیی گەورەیە کە کێبڕکێ لەگەڵ گەورەوڵاتی پیشەسازیی وەک ژاپۆن، ئەڵمان، فەڕەنسا و

ئەمەریکادا دەکات، هاوکات خاوەنی کولتور و فەرهەنگێکی مەزنە، لە موزیک، لە نووسین، لە شیعر، لە بابەتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و شتی دیکە. بۆ تێگەیشتن لەم نەتەوە گەورەیە، لەم نەتەوەیە کە لەم سەهۆڵ بەندانەدا ئەم شارستانیە مەزنەیان دروست کردووە، لەم نەتەوەیە کە دەستیان لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا هەیە، کە تەندروست و سەرحاڵ و بەکارن، تۆ شتێکت پێویستە کە پێی دەگوترێت زمان. بێ زانینی زمانێکی باشی سوێدیی مرۆڤی کورد خۆی بێ بەهرە لە هەموو ئەو پێشکەوتن و گەرماییە مرۆڤایەتیە دەکات.

کولتور، هەروەک هەر شتێکی دیکە لێرە لە سوێد لەسەر بناخەی سیاسی دامەزراوە. ئەمە وا دەکات کە بتوانێت بە قووڵی خۆی ڕوون بکاتەوە و بەیان بکات. هیوادارم هەندێک کەس هەڵە تێ نەگەن و وابزانن مەبەستم لە کوولتووری پارتایەتیە، لێرەش ئەو کوولتوورە هەیە و کاریگەریی بەرچاوی خۆی هەیە. نەخێر مەبەستم لە سیاسەتە وەک زانست، وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن، بۆ قووڵبوونەوە و لێکدانەوە و هەڵوێست وەرگرتن.

بە هەرحاڵ، ئەمە سەبارەت بە فێربوونی سوێدیی کە من پێم خۆش بوو لە پێشدا ئاماژەی پێ بکەم. هەرچی سەبارەت بە وەرگێڕانە ئەوە بێگومان دەتوانێت بەشێکی ئەو خزمەتە بخاتە سەرشانی خۆی. ئەڵبەت بە پلەی یەکەم بۆ کوردانی دەر لە سوێد، بۆ ئەوانەی لە کوردستان یان لە وڵاتانی دیکە دەژین. دەنا ئەوانەی سوێد، هەندێک بەساڵاچوو و کەسان نەبێت کە لەبەر هۆی جیاواز ڕەنگە نەتوانن بە باشیی زمان فێر ببن، جێی خۆیەتی بێ وەرگێڕان بتوانن لە ڕێگای فێربوونی زمانی سوێدیەوە ڕاستەوخۆ لە کوولتوور و فەرهەنگی سوێدیی تێ بگەن.

**کوردناسی: به ڕای ئێوه ئاشنایی کۆمەڵگەی کوردی له دەرەوەی وڵات لەگەڵ زمانه جۆراوجۆرەکاندا چەنده دەتوانێت یارمەتی به مۆدێڕنیزه-کردنی کۆمەڵگەی کوردی بکات؟**

**ڕێبوار:** به ڕای من دەتوانێت کاریگەریی زۆر جیدی لەسەر هەبێت و تەوژمی توندی ڕووەو پێشەوه پێ بدات. بەتایبەتی لەبەرئەوەی ژمارەی کورد له تاراوگا زۆره. دیاره لەبەرئەوەی کورد وەک ئێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی ناونووس دەکرێت، مرۆڤ نازانێت ژمارەمان چەنده، بەڵام زۆرین. بەو شێوەیه کوردێکی زۆر چوونەته دانیشگاکان یان له بواری پیشەیی جۆراوجۆردا کار دەکەن. هەموو ئەم کوردانه کەم یان زۆر پێوەندی جۆراوجۆریان لەگەڵ کوردستان هەیه و لەبەرئەوه دەتوانن هەم کاریگەریی ڕاستەوخۆ و خێرایان لەسەر گەلی وکوردستان هەبێت و هەم کاریگەریی ناڕاستەوخۆ و کاوەخۆیش.

کاتێک دەوڵتی کوردستان دادەمەزرێنین دەبینین که شوێنێک دەبێت بەشی زۆری زمانەکان تیایدا برەوی هەبێت. ئەمه شتێکی باشه.

**کوردناسی: گۆڕانی زمانی له هەر کۆمەڵگەیەکدا کارێکی زۆر ئەستەمه و ڕەنگیشه شتێکی مەحاڵ بێت. ئەگەرچی خەلکی کورد به زاراوەی جۆراوجۆر قسه ئەکەن، بەڵام به هۆی کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی و سیاسی، کوردی هەر بەشێک به زمانەکانی دیکەی (عەرەبی، فارسی و تورکی)ش تا ڕادەیەکی باش قسه دەکات. ئێستا ئێوه ڕاتان چییه دەربارەی ئەوەی که زمانی ئینگلیزی ببێته زمانی دووەمی خەلکی کورد؟ ئاخۆ ئەم زمانه دەتوانێت بۆشاییەکانی زمانی کوردی له بواری زانست و پەروەده و فێرکردن و پسپۆڕیدا پڕ بکاتەوه؟ چۆن دەبێت بوار بۆ پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی له کوردستاندا پێک بهێنرێت؟**

**ڕێبوار:** ئەم باسە کاتی زۆر دەوێت. دروستکردنی زمانی ستاندارد هەمیشە پرۆژەیەکی سیاسیی بووە، نەک کولتوری یان فەرهەنگی. ئەوە بەو مانایە دێت کە حوکمەتێکی کوردی دەبێت پرۆژەی دروستکردن و ئەوجا سەپاندنی زمانێکی ستاندارد بگرێتە ئەستۆی خۆی. لە پرۆسەی وادا هەمیشە زاراوەیەک و دووان و سیان جۆرێک مەغدور دەبن، بەڵام ئێشی دروست کردنی زمانی ستاندارد هەمیشە دەبێت هەم لەسەر خەڵک لە ماوەیەکی دیاریکراودا و هەم وەک پارە لەسەر حوکمەت و گەل بکەوێت. ڕێگای قەدبڕ لەم پرۆسەیەدا نییە. زانینی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیش ڕاستیەکەی کەڵکی هەیە نەک زەرەر، بەڵام لەسەر ئەوە وەستاوە کە مەبەست لە فێربوونی چییە و لە بواری پراکتیکدا تا کوێندەرێ بەکاردەبردرێن. خۆ ناکرێت ئێمە زمانێک فێر ببین تەنها لەبەرئەوەی زمانی دەراوسێیە، زمان فێربوون کات و پارە و تاقەت و حەوسەڵەی دەوێت و بە ڕای من دەبێت فەنکسیۆنیشی هەبێت. لە سەر ئاستی نەتەوەیی فێربوون و فێرکردنی زمان ڕەنگە ملیۆنەها دۆلار بکەوێت. ئەوە پارەیەکە تۆ دەبێت لە بودجەدا حیسابی بۆ بکەیت و بە شێوەیەک تەرخانی بکەیت.

زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی هەموو لە ڕێگای کۆلۆنیزەکردنەوە بڵاوبوونەوە. ئینگلیزی بێ لە وڵاتانی کۆمۆنوێڵس، وەکو و ئوستراليا، کەنەدا، نیوزلەند و هتد، هەروەها هەر بە هۆی داگیرکردنیشەوە بوو کە گەیشتە کیشوەری ئەمەریکای باکوور و کەنەدا، هیندوستان و نیوەی زیاتری ئەفریقا. ڕووداوە سیاسیەکان و سەرکەوتنە سیاسیەکان وایان کرد کە زمانی ئینگلیزی ئێستا بووە بە زمانێکی جیهانیی و نە کەمتر لە ملیاردێک مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەکاری دەبەن و چەند سەد ملیۆن خزمەتی دەکەن و بەشێکی گەورە لە جیهان ناچارن بەکاری بهێنن. شتێکی خراپ نییە کە زمانی ئینگلیزی لە کوردستان ببێت بە زمانی دووهەم، بۆ نا؟ ڕاستیەکەی من هەروەها لەگەڵ بە لاتینی کردنی زمانی کوردیشدام. بەلاتینی کردنی زمانی کوردی شایەت بە

مانای بردنەوە و پاشەکەوت کردنی بە ملیۆنەها سەعاتی کار بێت، چونکە ئەو کاتە لەسەر ئاستی نەتەوەیی پێویستمان بە پیتی دیکە نییە. هەمان پیتی لاتینی هەم کوردیشی پێ دەنووسرێت و هەم ئینگلیزی و هەم زۆربەی زمانە برەودارەکانی دونیایش. هەر بڕووانە بۆ نموونە ئینتەرنێت. تۆ ئەگەر سیستەمی نووسینت لاتینی بێت و ئینگلیزی بزانیت توانای گەڕان و پشکنینت بێ مانەند دەچێتە سەر. نەتەوەی وەکوو یۆنان، ڕووس و سێرب کە لە مێژیشە دەوڵەتن ئەو هەلەیان بۆ نارەخسێت. هەر لەبەرئەوە بزووتنەوەیەک لە سێربدا هەیە کە خوازیاری پتەوکردنی سیستەمی لاتینیە، نەک پیتی خۆیان. لە چینیش هەوڵێکی وا هەیە. جۆرە هەوڵێکی وا لە ناو فارسەکانیشدا هەیە.

بە ڕای من ئەو دوو خاڵە دەتوانن ڕەهەند و مەودای فێرکردن لە هەموو بوارەکاندا بە ئەندازەیەکی چاوەڕووان نەکراو و دانسقە پێش بخەن. ئەو دووانە تەنها فاکتەر نیین، بەڵام دوو فاکتەری گرینگی سەرەکیین. لە حاڵەتی وادا گرینگە هەست ئامێز و بە دڵ بیر نەکەینەوە. ئەوە گرینگە کە ئاییندەبین بین و سەیری دوارۆژی ملیۆنەها منداڵی کورد بکەین، نە هەر بە تەنها ئێستای خۆمان، وەک گوتم، نابێت وەک پرۆژەیەکی فەرهەنگی و کەسیی لە زمان بڕووانین، بەڵکو دەبێت بیکەین بە پرۆژەیەکی کۆمەڵەیی و سیاسی. زمان موڵکی گشتە و ئامرازێکی دەربڕینە بۆ تاکەکەس. تا زمان زیاتر بەرەوپێشەوە ببردرێت تاکەکەس زیاتر دەتوانێت وەک مرۆڤ خۆی دەرببڕێت. پێم وایە یەکێک لە گرینگترین شتەکانی مرۆڤ خۆدەربڕینیەتی.

بوار دەبێت لە ڕووی سیاسییەوە برەخسێندرێت. ئێمە ناتوانین سێ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش بکەین بە ڕەسمیی و ئەوانە زمانی ناوچەیین. ڕاستە عەرەبی زمانێکی بەهێز و باشە، بەڵام پێم وانییە شانسی زۆر هەبێت کە بێتە هاوشانی ئینگلیزی و زمانی دیکەی ئورووپایی. ئێمە دەبێت بیر لە بواری بەکارهێنانی زمان بکەینەوە، خۆ باسەکە سەبارەت بە سەفەرێکی کەسیی نییە بۆ وڵاتێکی عەرەبی. وەک گوتم ئەو زمانانەش گرینگن، بەڵام لەگەڵ کامانەدا

بەراووردیان دەکەیت و بۆچیش بەکاریان دەبەیت. پاشان ئەوەیش گرینگە بزانین کە هەرچی زانستی ئەم سەردەمەیە بەرهەمی ئوروپای خۆرئاوایە. ئەو زانستانە پێناسە و تێرم و ڕوونکردنەوەی خۆیان هەیە کە بە ئینگلیزی و فەرەنسی و لاتینی و ئەڵمانی و ئەوانە جێی خۆی گرتووە و کۆنسێسێکی تەواو لەسەر ماناکانیان هەیە و زانکۆکانیان بەگشتیی لەو نەزم و سیستەمەدا هەڵس و کەوت دەکەن. ئەمە بەو مانایە دێت کە تۆیش دەکەویتە ئەو بازنەیە و لە دەرەوە نامێنیت. پرسێکی گەورە بۆ سەردەمی ئەمڕۆ توانای لەگەڵدابوون و هاوکاروان بوونە.

# دیالۆگێک سەبارەت بە زمانی کوردی، وەرگێڕان و زمان بە گشتی

دیالۆگێک لەگەڵ عەزیز شێخانی وەرگێری زمانی فینلاندی

**کوردناسی:** گەلێک تیۆری جۆراوجۆری زمان هەن کە زمان وەک ئامرازی پێوەندیگرتن پێناسە ئەکەن، بەڵام هەندێک لە زماننناسەکان زمان بە تەواوەتی لەم چوارچێوەیەدا پێناسە ناکەن، بەڵکو لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا بە گرنگی دەزانن. ئێوە وەک وەرگێڕیک چ پێناسەیەکتان بۆ زمان هەیە؟

**عەزیز شێخانی:** زمان لە بڕگەکانی وەک کات، شوێن، سەردەم و ژینگەدا مانای دەگۆڕێت و شێوازی تازە وەردەگرێت. زمان کلتوور و راگەیاندنە، هزر و بیرە، تێکۆشانە، هوونەر و شوێندانانە. زمان لە ئاسانترین و ساکارترین لێکدانەوەدا بە ئامرازی لێک تێگەیشتن و پێوەندی دەژمێردرێت. زمان وەک وشە یەکی ساکار پڕە لە هێما و نیشانەی جیاواز و رە نگاوڕەنگ، کە دەرگای لێکدانەوە لە سەر ئەو وشەیە بە شێوەیەکی بە ر بڵاو ئاوەڵا دەکەن. بە بڕوای من زمان جیهانی مرۆڤە و جیهانیش زمانی مرۆڤ. بوون و جیهانی مرۆڤ بە دوور لە زمانی مرۆڤ مانا و نێوەرۆکێکی روونی نییە و لە راستیدا نەناسراوە. زمان بریتی نییە لەو مانا و نێوەرۆکانەی، کە لە ژیانی رۆژانە و ئاساییدا دەخرێنە ڕوو. زمان لە لێکدانەوەیەکی کورت دا بریتییە لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی کۆبەندی هزر و بیر، هەست، سات و کات لە ڕێچکەی سێ

قۆناخی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەیدا. تێگەیشتن لە بوون و جیهانی بوون چۆن بە بێ سوود وەرگرتن و بە کار هێنانی زمان مسۆگەر دەبێت؟ بە بێ زمان و دەقی نووسینەکانی مرۆڤ، کە زادە و ڕەنگدانەوەی زمانە جیاوازەکانە چۆن مرۆڤ دەتوانێت مێژووی رابردوو، ئەمرۆ و داهاتووی بخاتەوە سەر یەک و بەرەو دوارۆژ رێگا ببڕێت؟ لە نەبوونی زماندا مرۆڤ چۆن دەتوانێت خۆی پێناسە بکات و بە شوێن دوارۆژێکی رووناک هەنگاو هەڵگرێت؟

زمان پردی نێوان هەست و هزرە و لە هەمان کاتدا هۆکاری پێوەندیگرتن لەگەڵ مرۆڤ و هاوشێوەکانی دایە. گرینگی و بایەخی زمان لە رۆڵ و نە خشی بەردەوامیی دایە. زمان لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا و بە تایبەت لە ژیانی کۆمەڵگا و مێژوودا بە بڕبڕەی پشت پێناسە دەکرێت. زمان ئەو بەستێن و ئامرازەیە، کە مێژووی خولقاندووە و بۆتە هۆکاری بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی. زمان دەرگای فێرکردن و فێربوونی بۆ مرۆڤ کردۆتەوە. لە هەمووی گرینگتر مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تەنانەت کۆمەڵە بچووکەکان شاهیدی ئەو راستییەن، کە زمان توانیویەتی درێژەدانی ژیان و بەردەوامبوونی ژین مسۆگەر بکات. لە ئاستی تاکدا زمان هەڵگری دربڕین و پێناسەیەتی، بەڵام زمان لە هەناوی خۆیدا پێشاندەری فەلسەفەی لە دایکبوون و ژێرخانی پێکهاتەکانیەتی. کۆمەڵ و زمان دوو لایەنی پێکەوە گرێدراون و مێژووی هەر دووکیان پێکەوە دەست پێدەکات. زمان لەگەڵ ئەوەی خۆی هەڵگری گەلێک مانا و نێوەرۆکی تایبەتە، بەڵام لە بەر لێکگرێدراوبوونی بە مێژووی مرۆڤایەتیەوە نەیتوانیوە خۆی لە ژێر تەوژم و شوێنەواری ئاڵ و گۆڕەکانی دەورووبەر بپارێزێت.

زمان ئاوێنەی خۆناسین و بە دواداچوونی ژیانی تاکیشە. بێجگە لە زمانی قسەکردن لەگەڵ یەکتر، مرۆڤ خاوەنی زمانی ناخی خۆیە تی، کە تێکەڵاوێکە لە هەوێنی بوون و هزری مرۆڤ. زمانی ناخ و زمانی دیار لە پێوەندی بەردەوامدان و رێگای گەشەکردنی هەر دووکیان لە سەر رێچگەی

گەشەکردنی ئاسۆیی دەچێتە پێش. زمان بە هەموو شێوازەکانی بەستەر و بنچینەی درێژەدان بە ژیانە. مێژووی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ژیان هەتوان و وزەی خۆی لە زمان وەرگرتووە و ئەمرۆی مرۆڤایەتیش بە سوود وەرگرتن لە فاکتە ری زمان و نووسین بە گژ داهاتووی نادیار و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەدا دەچێتەوە.

**کوردناسی**: بۆچی لێکۆڵینەوەکانی زماننناسی ئەمرۆکانە پەرەیان گرتووە؟

**عەزیز شێخانی**: هۆکاری تایبەت بۆ زەقبوونەوەی لێکوڵینەوەی زماننناسیی زۆرن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، کە ژیانی مرۆڤ و هەموو بەستەرەکانی ژیان لە ژێر تەوژمی ئاڵوگۆڕ دان. ئاڵوگۆڕە زانستییەکان و سروشتیەکان بە بەردەوامی لەگەڵ زانستە مرۆڤیەکان لە پێوەندی راستە و خۆ و ناڕاستە و خۆ دابوون و دەبن. تەوژم و شەپۆلی گەشەکردن لە پرۆسەی زانست و فەلسەفەدا بە ریژەیەکی زۆر توانیویەتی لە سەر زمان شوێندانەر بێت. بە تایبەت لە سەردەمی رێنێسانسدا، شۆڕشی زانستی و گەشەکردنی ئابووریی لە هەڵدان و بەرەوپێشچوونی زماندا رۆڵی بەرچاویان هەبووە. لەو سەردەمەوە کە دەوڵەتی نەتەوەی سەری هەڵدا و دامەزرا و لەئاکامدا سیاسەت و هوونەری دەسەڵاتداری باڵی بە سەر کۆمەڵگادا کێشا، زمان زۆرتر و لە ئاستێکی بە ربڵاوتردا گەشەی کرد. زمان لە ئاراستەکانی وەک کولتوور، هوونەر و هەروەها هەموو لق و پۆپەکانی زانست و لێکۆڵینەوەکاندا جێگا و رێگای دیار و بەرچاوی وەرگرت. بە هاتنە کایەوەی رەوتی خۆ ناسین و سەرهەڵدانی پرۆسەی ناسنامەی تایبە ت بە نەتەوە و کولتوور و هاتنە ئاراوەی ناوەندەکانی بەربڵاوی فێربوون و راگەیاندن، زمان بە هەموو لق و پۆپەکانی وەک زمانی ئاخافتن، نووسین، ئاماژە و هتد لە ناخی کۆمەڵگادا زیاتر چەقەرەی کرد.

لێوردبوونەی مرۆڤ لە هزر و بیر و باوەڕ بەناخی زمان دا تێدەپەڕێت. زمان لە بەرەوپێشچوونەکانی کۆمەڵگا دا رۆڵی کاریگەری هەیە. لە گەڵ ئەوەی کە زمان کاریگەری تایبەتی هەیە لە سەر دەورووبەر و ژینگە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام زمان لە هاوکێشەی گۆڕان و ئاڵ و گۆڕ دا تووشی گۆڕان دەبێت. لە دایکبوونی ناوەند و قوتابخانە فکری و هزریەکان و بڵاوکراوەی زانستی، دینی و بازرگانیەکان هەموویان لە جەنگەی کێ بەرکێی رۆژانەدا هەوڵدەدەن لە ئاستی زمان و بە کارهێنانی زماندا فۆرم و شێوازی تایبەت پەیدا بکەن. گەشەکردنی زانستی و تێکنۆلۆژی و بچووکبوونەوەی جیهانی پێوەندییەکان کاریگەری لە سەر زمان و رۆڵی زمان دا ناوە. زمان لە سەر دەمی ئەمرۆی راگەیاندن دا لق و پۆپی زیاتری لێکەوتۆتەوە. سەردەمی گلۆباڵ و بەربڵاوبوونی ئازادی و دێموکراسی لە پەرەگرتنی لێکوڵینەوەی زمانەوانی دا دەور و رۆڵی هەبووە. بێجگە لە لێکدانەوە فەلسەفی و بناخەییەکانی زمان، لە سەردەمی ئەمرۆدا لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە زمان سنووری کلاسیکی خۆیان دەبڕن و لە سەر بەستێن و چوارچێوەی تێۆری و مێتۆدی جیاواز و زانستیدا، لە پانتایی کۆمەڵگا و لە روانگەی جیاوازەوە گەشە دەستێنن.

پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵ، سنووری نێوان دەسەڵات و یاسا و پەرەگرتنی ئامێرەکانی مێدیایی لە زەقبوونەوەی لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا دەوری کاریگەریان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کێشە سیاسی و ئەتنیکیەکان لە زۆر کەلێن و قوژبنی ئەم جیهانەدا لە پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی زمان لە روانگەی یاساییەوە گرینگیان هەبووە. وەدەستهێنانی مافی سوود وەرگرتن لە زمانی دایک و روون بوونەوەی کاریگەری زمانی دایک لە سەر رەوتی پەروەردە و فێرکردنی مرۆڤ پاڵپشت و هاندەری بە هێز بووە بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە لە سەر تەوەرەی زمان.

**کوردناسی: چۆن دەڕوواننە زمانی فینلەندی؟ ئەو بەربەستانە چین کە ڕێگا لەوە دەگرێت کە پەنابەرانی کورد بە باشی فێری زمانی کوردی ببن؟ ئاخۆ زمانی فینلەندی وەک زمانی ئینگلیزی خاوەن کارکردگەلێکی بەرفراوانە؟**

**عەزیز شێخانی:** زمانی فینلەندی سەر بە بنەماڵەی زمانەکانی ئوراڵییە. زمانەکانی وەک ئێستۆنی و مەجاری سەر بەو بنەماڵەیەن. ئەو زمانە نزیک بە ٦ ملوێن کەس لە فینلەند و سەرتاسەری دنیا بە تایبەت سوید و نۆرویژ و ئەمریکا و ئۆستراليا قسەی پێدەکەن. میکائیل ئاگریکۆلا، کە قەشەیەکی فینلەندی بوو لە سەدەی ١٦ شێوازی نووسینی زمانی فینلەندی داهێنا. ناوبراو شێوازی نووسینی زمانی فینلەندی لەسەر مۆدیلی زمانەکانی سوئێدی، ئاڵمانی و لاتینی داهێنا، کە خاوەنی خاڵی لاوازی تایبەت بە خۆی بوو. لە نێوانی ١٥٠٠ و ١٨٠٠دا زمانی فینلەندی و شێوازی نووسینەکەی لە کلیسا سوودی لێوەردەگیرا و زیاتر لە سەر بناخەی زاراوەی دەوروبەری شاری تورکۆ دامەزرابوو. نووسراوەی ئایینیی و تایبەت بە دەسەڵات زیاتر بە فینلەندی دەنووسران. نەتەوەی فینلەندی هەر چۆنێک بوو لە خوێندنەوەی دەقە فینلەندییەکاندا گرفتی کەمتر بوو، بەڵام لە نووسیندا تەنگ و چەڵەمەی بەرچاویان بوو. فینلەند بە گوێرەی مێژووی کۆن و لەژێر دەسەڵاتی سوئێددا بوون، زیاتر لە ژێر کولتوور و فەرهەنگ و زمانی سوئێدی دا بوو. تا ئەوکاتەی فینلەند ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سوئێددا بوو، رەوتی گەشەکردنی بەربڵاوی زمانی فینلەندی لاواز بوو. سەردەمێک کە ئەم وڵاتە کەوتە ژێر دەسەڵاتی رووسیەوە (١٨٠٩) و دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی پێدرا بەستەری گەشەکردنی زمان پتەوتر بوو. هەر بۆیە شارەزایانی زمان و کەسانی سەر بە بیرۆکەی نەتەوەیی بۆ زیاتر کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک کاری زۆریان کرد. هەوڵدرا بێجگە لە زاراوەی باشووری رۆژهەڵات لە زاراوەکانی رۆژهەڵاتی فینلەند سوود وەربگیرێت. ئاراستەی تێکۆشان و داهێنانەکان بۆ هێنانە کایەوەی زمانی نووسین بە رێبازی تەوافقیدا تێپەری و هەوڵدرا زمانی نووسین لە سەر بناخەی هیچ زاراوەیەکی دیار هەڵنەچنرێت. لەو سەردەمەدا وشەی زۆر درووست کران و هەوڵدرا لە زۆر زاراوەوشەوە وەربگیرێت و تەنانەت هێندێکیان تووشی ئاڵوگۆڕ دەکردن (وەک شەمەنەفەر، کە ئێستا یونایە و جاران یۆنۆ بوو).

ساڵی ١٨٦٣ لە سەر بناخەی یاسا بڕیاردرا لە ماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوودا زمانی فینلەندی لە تەنیشت زمانی سوئێدی وەک زمانی فەرمی بە کار بهێندرێت. لەو سەر و بەندەدا بوو، کە ئەو زمانە وەک زمانی نەتەوەی فێرکردن و فێرکاری سوودی لێوەرگیرا و ئەدەبیات و رۆژنامەشی گرتەوە. زمانی ئەمرۆی فینلەندیی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٧٠ زایینی. یەکەمین رێزمانی فینلەندی ساڵی ١٦٤٩ و یەکەمین فەرهەنگی زمان ساڵی ١٧٤٥ چاپ کراون.

ئەو زمانە بە بڕوا و تێگەیشتنی من زمانی وشەیە. زمانی ئینگلیسی زمانی دەربڕینی بابەتەکانە لە ئاراستەیەکی فکریەوە. زمانی فینلەندی لە بوارە تازەکانی زانست، ئەدەبیات و فەلسەفەدا لە زمانە زیندووەکانی دونیا سوود وەردەگرێت و وشەی تازە بە کۆی وشەکانی ئەو زمانە زیاد دەبێت. ئەو زمانە بە لێکدانەوەی من زمانێکی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی و لە بوارەکانی وەرزێڕی، سرووشت و کەل و پەلی ژیان زمانێکی دەوڵەمەندە. لە بنچینەدا زمانی فینلەندی لە زمانی ژیان و پێوەندیگرتنی رۆژانەی دا وشەی کەمتر لە زمانەکانی دیکە وەرگرتووە. جێگای ئاماژە پێکردنە، کە لە بواری ئیداری و بەڕێوەبەریەوە وشەکانی زمانی فینلەندی زۆر لە زمانی سوئێدی وەرگیراون و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر مێژووی هاوبەشی نێوان دوو نەتەوە و وڵات. ئێستاش نزیک بە ٧ لە سەتی حەشیمەتی وڵاتی فینلەند بە زمانی سوئێدی قسەدەکەن.

فێربوونی زمانی فینلەندی بۆ کۆچبەرانی کورد و تەنانەت هەموو کۆچبەرەکان ئەستەمە. لێرەدا باسی فێربوونی زمانی فینلەندی بۆ کۆچبەرێک دەکرێت، کە نەتوانێت هەموو پلەکانی خوێندنی ئاسایی لە قوتابخانەی سەرەتایەوە تێپەڕ بکات. ئەو منداڵانەی کە هاوکات لە گەڵ هاوتەمەنە فینلاندیەکان ژیانی پەروەردە و فێرکردن بەسەر دەبەن، لە فێربوونی زماندا گرفتێکی ئەوتۆیان نابێت. هەرچەندە شارەزایی دایک و بابی منداڵی

کۆچبەر لەسەر رەوتی فێربوونی زمانی منداڵ لە وڵاتی غوربەتدا رۆڵێکی گرینگی هەیە. بەڵام کاتێک باسی کۆچبەری گەورەساڵ و لاو دەکەیین کێشە و گرفتی تایبەت لە بەر دەم فێربوونی زمان دا خۆیان قوت دەکەنەوە. ئەگەر گرفتی فێربوونی زمان بۆ مرۆڤی گەورە ساڵ لە ئاستێکی بەرفراواندا بخەینە بەر باس دەبینین، کە مرۆڤ لەو قۆناخەدا گرفتی تایبەتی هەیە بۆ فێربوون. ئەگەر ئەو مرۆڤە زمانی ئەو وڵاتەی لێدەژیت بە گرینگ نەزانێت و فێربوونی زمان بە ئەرک نەزانێت، رەوتی فێربوونی زمان هەر لە سەرەتاوە لاواز و شلە. ئەگەر کەسی کۆچبەر لە وڵاتی خۆی نەیتوانیبێت بخوێنێت و شارەزای رێزمان و گرامێری زمانی دایک یان زمانێکی دیکە نەبێت، تێگەیشن لە قەوارە و کۆڵەکەکانی دەستووری و رێزمانی زمانێکی دیکە ئەستەمە. مرۆڤێک کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا فێری زمانێکی بێگانە دەبێت، دەرفەتی منداڵێکی کۆچبەریان بۆ نارەخسێت و بۆیە لە باری نووسین و شێوازی درووست نووسین رەنگە بەردەوام لاوازیان پێوە دیاربێت.

بۆ باس کردن لە شێوازی فێربوونی زمانی فینلەندی لە لایەن کوردی کۆچبەرەوە باروودۆخەکە هەستیارترە. نەتەوەی فینلەندی لە باری کولتووریەوە بە شێوەیەکی گشتی کەم قسەن و ئەم تایبەتمەندیە مەیدانی تەمرین و راهێنانی زمان لە نێو کۆمەڵگادا کەم دەکاتەوە. بێجگە لەوە بە ماشێنی کردنی زۆربەی بنکە و بنیات و بازاڕەکان کارێکی کردووە، کە مرۆڤ بە ئاسانترین شێوە دەتوانێت کار و باری رۆژانەی هەڵسووڕێنێت. لە بواری کۆمەڵگای فینلەندیەوە دەبێت ئاماژە بە بازاڕی کار بکرێت، کە بۆ مرۆڤی کۆچبەر و بە تایبەت کورد وەک حەوت خوانی رۆستەم وایە. کوردە کۆچبەر و پەنابەرەکانی فینلەند لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی تازەدا کۆمەڵێک کەند و کۆسپی جۆراوجۆریان لە بەردەم دایە. لە هەمووی گرینگتر زمانی فینلەندی بۆ فێربوون زمانێکی ئاڵۆزە و ئەو تایبەتمندییەش لە رەوتی باش فێرنەبوونی زمانی فینلەندی بۆ کۆچبەران خاوەنی جێگە و پێگەی خۆیەتی. یەکێک لەو

تایبەتمەندییانە بریتیە لە رەوتی زۆری ئاڵوگۆڕی وشە لە کاتی بەکار هاتنی لە رستە دایە. بێجگە لەوە رێزمان و وشەی دوو زمانی کوردی و فینلەندی زۆر لێک جیاوازن و ئەو دوو زمانە سەر بە یەک بنەماڵەی زمانەوانیی نین.

چۆنیەتی فێرکردن و کۆرسەکانی زمانیش لە هۆکارەکانی فێرنەبوونی زمانی فینلەندییە. ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە بۆ نەتەوەی کورد لایەنە کولتووریەکانیش گرینگن، چوونکە مانەوە لە کولتووری خۆدا بەربەست درووست دەکات بۆ ناسینی کولتوورێکی دیکە. تاکی کورد لە ئاستێکی گشتی دا نامۆ بەو کولتوورەی رۆژئاوایە و رەنگە ئامادە نەبێت وەک گەورە ساڵێک ئەو کولتوورە هەزم بکات و وەریبگرێت. فێربوونی زمان لە مەودای تێکەڵاوبوونی کولتووریی، سیاسی، ئابووری و هتد زیاتر پێشدەکەوێت. لە هۆکارەکانی دیکە پرۆسەی فێربوونی زمانی فینلەندی بۆ کوردەکان ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری کۆچبەران لە کوردستان نەپچڕاون و تەنانەت شەوانە زۆربەی کاتەکانی خۆیان بە چاولێکردنی بەشی دەنگ و رەنگی کوردیی دەبەنە سەر. بێجگە لەو خاڵانەی باروودۆخی ژیان هاندەر بووە، کە کورد و تەنانەت زۆربەی کۆچبەرانی دیکەش دەست بکەن بە کار و بە تایبەت کردنەوەی خواردنگە. کارکردن لەو ناوەندانەش زیاتر بەکارهێنانی زمانی کوردیە تا فینلەندی و بەم پێیە رێچکەی فێربوونی زمانی فینلەندی زیاتر لار و خێچ دەبێت.

لە مەڕ ئاستی سوود وەرگرتن لەو زمانە دەبێت بڵێم، هەموو زمانێک بە گوێرەی خۆی قسەی پێ دەکرێت. ئەوە کە زمانی ئاماژە پێکراو بە رێژەی ئینگلیسی بە کار دەهێندرێت یا نا، وەڵامەکە روونە. زمانی ئینگلیسی و فینلەندی دوو مێژوو و دوو رێچکەی تەواو جیا لە یەکیان هەیە. فینلەندی زمانی قسەکردنی ٦ ملوێن مرۆڤە، کەچی زمانی ئینگلیسی زمانی دایک یان یەکەمی نزیک بە ٤٠٠ ملوێن مرۆڤە و بێجگە لەوە زمانی دووهەم یان زمانی خوێندنی بە سەدان ملوێن مرۆڤی دیکەشە. سەردەمی ئەمرۆ و بزوتنەوەی

ئابووری، سیاسی و پێشکەوتنە سەر سوورهێنەرەکانی جیهان و تێکنۆلۆژی و بنچینەی زمانی زانستی دنیا زمانی ئینگلیسیە. هەر بۆیە ئەم دوو زمانە لە سەر بناخەی کەڵک لێ وەرگرتنیان لە جیهاندا دەچنە دوو خانەی جیاوازەوە. زمان ژیانە و فێربوونی زمان بۆ مرۆڤێکی کۆچبەر و پەنابەر لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە بێت کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانیەتی، جا ئەو زمانە فینلەندی بێت یان زمانێکی دیکە.

**کوردناسی: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دنیای پێشکەوتوو لە بواری زمانەوانیدا، کورتبوونەوەی وشەکان یان بەکاربردنی وشەی دەرەکی (ئینگلیزی)یە. ئێوە جیاوازی نێوان زمانی گفتوگۆی توێژی لاوان و توێژی بە ساڵاچووان لە نێو کۆمەڵگەدا چۆن دەبینین؟ ئایا ئەم جیاوازییە لە وڵاتی فینلاندیدا بە زەقی بەرچاو دەکەوێت؟ بەگشتی چ جیاوازییەک لە نێوان زمانی لاوان و گەورەساڵاندا بەدیدەکەن؟**

**عەزیز شێخانی:** ئاڵ و گۆڕەکان لە ئەلف و بێی سەرەتای ژیانن. زمان لەرەوتی رووداوەکاندا وەک هەموو دیاردەیەکی دیکە لە پێوەندیەکی بەرامبەردایە. لە رەوتی ژیانی مرۆڤ و کات و سەردەمە لێکجیاوازەکان زمان توانیویەتی تەعبیر لە ئەمرۆ بکات و ببێتە پردی نێوان رابردوو و داهاتوو. ئەگەر لە جیهانی ئەمرۆ بڕوانین، بە بەراوەردێکی زۆر ساکار بۆمان دەردەکەوێت، کە ٢٠ ساڵ لەوە پێش سەردەمێکی جیاواز بوو. ئەمڕۆ دنیا ئەو گوندە بچووکەیە، کە بە هۆی رایەڵکەی پێوەندی جۆراوجۆرە لێک گرێدراوە. خاڵی وەرچەرخانی ئەو پێوەندییە درووست بوونی ئامێری پێوەندی گرتنی ویرچواڵە. لە رێگای ئەو ئامێر و گەشەکردنی رۆژ بە ڕۆژی تکنیک کات و سات بوونەتە دوو خاڵی لە بیرکراو، چوونکە مانای رابردوو و تاریفی کۆنی خۆیان لەدەستداوە. لە رێگای تکنیکەوە مرۆڤ توانیویەتی لە یەک کاتدا لە چەند شوێن لە فۆرم و

شێوازی ویرچواڵدا ئامادە بێت. کارێک کە لە رابردوودا بە شێوازی وێنە و زیندوو جێگای شک و گومان بوو.

کەل و پەل و ئامێرەکانی ژیان لە گەڵ خۆیاندا جۆرێک کولتوور و داب و نەریتی کورتخایەن یان بەردرێژ دێنن. فەرهەنگی تایبەت درروست دەکەن و مرۆڤەکان لە ناوچە دیار و دوورەکانی سەرتۆپی زەوی بە جۆرێک ئەو کولتوورە ئاوێتەی کولتووری نەتەوەیی و ئەتنیکی خۆیان دەکەن. لە خاڵە بەرچاو و دیارەکانی وەرچەرخانی سەردەم زۆربوونی پێوەندییە ئێنترنێتیەکانە. لەو کاناڵەوە زۆر وشەی سەر بە زمانی زاڵی مێدیا و تکنۆلۆژی (واتە ئینگلیسی) بوونەتە ئاشنای زۆر زمان و کەلێن و قوژبنی ئەو جیهانە.

بە گوێرەی رووداوە مێژووییەکان رەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاڵوگۆڕەکان زیاتر لە مێشک و دەروونی لاوەکاندا جێگیر دەبن و چەقەرە دەکەن. ئەو لاوانەی، کە هێشتا بە دوای راستیەکانی ژیانی خۆیاندا سەرگەردانن و نەبوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی کلاسیک و ترادیسیۆنی نەتەوەو کەمایەتی خۆیان. ئەو لاوانە و توێژی ناسراو بە بەرەی خوێندکار و نوێگەرا، وەک نەوەکانی رابڕدوو لە جەرگەی بوونی زمانی خۆماڵیدا قەتیس نامێننەوە و تەنانەت بەشێکیان فەرهەنگی خۆماڵی خۆشیان دەکەنە قوربانی کولتوورێکی تازە، کە بە کولتووری هەمووان و فەرهەنگی گلۆبالیزم ناسراوە. بۆ ئەو لاوانە گرینگ ئەوەیە، کە ئەوان چۆن لێکدانەوەی کولتووری رۆژانە و ژیان و فەرهەنگی سەردەم دەکەن و دیاردە شاراوەکانی کۆلۆنیالیزمی کولتووری و فەرهەنگی لەبیر دەکەن.

نەوەی رابردوو بە هۆی دوور بوون لە ئاستێکی بەربڵاودا لە تەوژمی راگەیاندنی رەنگاوڕەنگ و جیهانی پێوەندییەکان لەگەڵ زمان و کولتووری خۆی خۆماڵیتر دەجووڵێتەوە و لە بواری زمانەوانی دا تێدەکۆشێت لە بە کارهێنانی وشەی داتاشراوی بەرەی نوێ خۆ ببوێرێت. جێگای ئاماژە پێکردنە

که هەر سەردەمە خاوەنی جۆرێک تایبەتمەندی و مۆدێل و شێوازی بیرکردنەوە و دەستەواژە و تیۆرییە، کە لە ئاکامدا زمانی مرۆڤ و زمانی قسەکردن تووشی جۆرێک ئاڵوگۆڕ دەکات. بۆ وێنە ئێستا بە هۆی زۆربوونی مۆبایل، ئێنترنێت و ئامێرەکانی وێنە هەڵگرتن شێواز و فۆڕمی پەیامەکانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و جۆرێک زمانی پەیام گەیاندن درووست بووە، کە بۆ نەوەی پیر رەنگە زۆر ئاشنا نەبێت. ئەو جیاوازیانە بە ئاشکرا لە وڵاتی فینلەندا دەبینرێن و لاوەکان خاوەنی تایبەتمەندی دیارن، کە دایک و بابەکانیان بۆیان نامۆیە. لە بەیانکردنی پەیامی رۆژانەوە بگرە هەتا دەگاتە ناردنی پەیامی مۆبایل و ئیمایل و هتد. ئەو جیاوازیە لە شارە گەورەکاندا زیاتر خۆی دەردەخات و ئەوانەی لە گۆڕەپانی پێتەختی وڵاتەکان ژیانی لاوەتی خۆیان تێپەڕ دەکەن دەبنە خاوەنی کولتووری تایبەت، کە رەنگە شاری بچووک و گوندێکی کەم حەشیمەت نەتوانێت ئەو فەرهەنگ و کولتوورە درووست بکات.

**کوردناسی: بە درێژایی تەمەنی وەرگێڕانتان (زارەکی یان نووسراو) ئاخۆ زمانی کوردی توانای گەیاندنی پەیامی هەبووە؟ واتە لە کاتی وەرگێڕانی فینلاندی بۆ کوردی وشەی وا هەبووە، کە هاوتا کوردییەکەتان نەدۆزیبێتەوە؟ زمانی کوردی چ کێشە و گرفتێکی دیکەی بۆ وەرگێڕی کورد پێکهێناوە؟**

**عەزیز شێخانی:** وەرگێڕان بریتی نیە لە هێنانە کایەوەی وشەی بەرامبەر. ئەگەر کاری وەرگێڕان لەسەر وەرگێرانی وشە بە وشە چەق ببەستێت، بێگومان ئەو رەوتە ناتوانێت هەڵگری مانا و هەوێنی بابەتی وەرگێردراو بێت. لە وەرگێرانی دەق و قسەکردن دا جیاوازی تایبەت هەیە و ئامانجی وەرگێران گەیاندنی پەیامی دیاریکراوە، کە لە ماوەی کاتێکی کورتدا بە گوێی بیسەر بگات. زمان هەڵقوڵاوی بەستەری کۆمەڵگایە و لە ئامێزی کات، ژیان و کولتووردا پێدەگرێت. لە قەوارەی کۆمەڵگای بۆ وێنە فینلەندی دا زۆر بنکە و دامەزراوی

کۆمەڵایەتی هەیە، کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەت کوردەواری دا نیە. بەو پێیە وشە و دەستەواژەکان لە پێوەندی راستە و خۆ و ناڕاستە خۆدان و وشەکان لە گەڵ دەورووبەر و ئاستی ژیانی مرۆڤایەتیدا لە هاوکێشەی تەواو دان.

لە وەرگێرانی زارەکی دا ئاسانتر مرۆڤ دەتوانێت بابەتەکان شی بکاتەوە و مەیدانی پرسیار و وەڵام زۆرە. بۆ وێنە لە کاتی وەرگێرانی زارەکی دا مشتری، کارمەند و وەرگێر دەتوانن بە تێپەرین لە دەروازەکانی گەیاندنی پەیام و تێگەیاندن زۆر لایەنی شاراوەی تەنانەت بریارێکی ئیدارەی کار یان سۆسیال بخەنە ڕوو. بەڵام لە زمانی نووسیندا و وەرگێرانی نووسراوە و دەق دا پەیامەکان دەبێت وردتر و بە شێوازێکی لۆژیکی تایبەتەوە دابڕێژرێن. وەرگێرانی نووسراوە و دۆکومێنت ئەو ئەگەرە بۆ مشتری و خوێنەر دەخوڵقێنێت، کە چەند جارێک پێداچوونەوەی لە سەر بکات و زیاتر بیری لێبکاتەوە. هەر دووک بواری وەرگێرانی زارەکی و بە نووسراو پێویستیان بە جۆرێک زانیاری پێش وەخت هەیە. بۆ وێنە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر باسی سەر چاککردنەوەی مانگی رەمەزانی کۆمەڵگای کوردیی بۆ مرۆڤێکی فینلەندی بکەی رەنگە زۆر بۆی سەیر بێت. لە کۆمەڵگای فینلەندی دا زۆر بنکە و بنیاتی وەک ئیدارەکانی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و هتد بۆ مشتری پێویستیان بە جۆرێک زیاتر شیکردنەوە دەبێت.

زمانی کوردی و زمانی فینلەندی دوو کولتوور و دوو جیهانی لێکجیاواز لە خۆیاندا کۆ دەکەنەوە. بێگومان زۆر حاڵەتی تایبەت لە کاتی کاری وەرگێرانی زارەکی و نووسین بۆ مشتری و تەنانەت بۆ وەرگێریش دێتە پێش. کار و تێکۆشان بریتیە لە هەڵە و وەسەر یەکخستنەوەی تاقیکاریەکان. وەرگێرەکان لە کاتی کاری وەرگێراندا بۆ خۆشیان زۆر زانیاری وەدەست دەخەن و لە کەلێن و قوژبنی ژیانی کۆمەڵگای خانە خوێ و تەنانەت ژیانی پەنابەری و کۆچبەری دا زۆرتر شارەزا دەبن. ڕەوت و پرۆسەی فێربوون لە هەموو دونیا

دا به ڕێگای گرفت و کەندو کۆسپەکاندا تێدەپەڕێت. کوردەکان سەبارەت بەوەی کە لە خوێندن و فێربوونی زمانی دایک لە بەشێکی زۆری کوردستاندا بێبەشن، هەر بۆیە ناسین و لێکدانەوەی دەستەواژە و وشەی جیاواز سەبارەت بە زۆر مەیدانی ژیان و کار تووشی گرفت دەبن. زمانی کوردی لە بەر نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی نەتوانراوە وەک زمانێکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ خزمەتی بکرێت. زمانی وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشە سەندوو لە رووی زمانی زانستیی، وشە و دەستەواژەی پیشەی و هتدەوە لە ئاستێکی جیاواز لە گەڵ زمانی کوردی دایە. کورد لە بوارەکانی زانست، فەلسەفە و پێگە و بنیاتە کۆمەڵایەتیەکان هێشتا زمانێکی دەوڵەمەندی نیە و هەر بۆیە زۆر ئاساییە، کە مشتری و وەرگێری کورد نەتوانن بە ئاسانی پەیامەکان ئاراستەی یەکتر بکەن و تێگەیشتن گوڵ بکات.

**کوردناسی:** کێشە دەرەکی و دەروونییەکانی زمانی کوردی لە چیدا دەبینن و چ پێشنیارێکتان بۆ دەرچوونی زمانی کوردی لە کێشەی نەریتیبوون و پێکهاتەییدا هەیە؟

**عەزیز شێخانی:** زمانی کوردی لەگەڵ هەموو گرفت و کێشەکانی سەر ڕێگای، یەکێکە لە زمانەکانی ئەم جیهانە. زمانی کوردی لە چەند لاوە غەدری لێکراوە و هەر بۆیە کەم و کوڕیەکانی ئەو زمانە دەگەڕێنەوە بۆ باروودۆخی مێژوویی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئاستی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵایەتی کورد. زمانی کوردی لە بەر نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و سیاسی بە شێوەی نارێک گەشەی کردووە و زۆربەی ئەو کارەش لە ژێر سایەو تێکۆشانی رێکخراوە سیاسیی و حیزبە کوردییەکاندا ئەنجام دراوە. کوردستان بە گوێرەی دابەشکردنێکی نەخوازراو و بە دوور لە ویستی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی خراوەتە ژێر باری زمانێکی فەرمی. ئەو زمانەی فەرمیە هەڵگری

ناسنامەی نەتەوەی باڵادەست بووە، کە بۆتە ئامرازی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و سیاسیی کوردەکان و لە ئاکامدا دەوڵەتەکان ویستویانە کورد بتوێننەوە و زمانەکەشی بە زمانێکی دواکەوتووانە بناسێنن. ڕێبازی کەمالیزم، بەعسیزم و دەسەڵاتدارەکانی ئێرانی هەموویان هەوڵی ئەوەیان داوە کورد لە زمان و مێژووی خۆی بێگانە بکەن و پاشخانی کورد بێ بنەما لە قەڵەم بدەن. بێجگە لەوە کوردەکان لە ژێر کاریگەری نەتەوە باڵادەستەکان و زاڵبوونی هەستی ناوچەگەرایی و عەشیرەتی و هتد هەرگیز بۆیان نەگونجاوە، لە سەر بەستێنی ناسنامەی نەتەوەیی سوود لە زمانی کوردی وەربگرن.

چۆنیەتی ئەم دابەشبوونە کاری کردۆتە سەر زمانی کوردیی و زاراوەکانی کوردی بۆ ماوەیەکی زۆر لە پارچەکانی کوردستان بۆ وێنە باکووری کوردستان نەیتوانیوە لە مەڕ سیاسەتی زاڵی کەمالیزم لە پێوەندیەکی سرووشتی دابێت لە گەڵ باقی زاراوەکاندا. بەو پێیە سرووشتی گەشەکردنی زاراوەکانی زمانی کوردیی یەکدەست و هاوشێوە نیە و لە هەر پارچەیەی کوردستان بارووددۆخەکە بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشتووە. لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیەوە لە کۆتای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە هەتا ئەمرۆ کوردی باکووری کوردستان زیاتر زوڵمی لێکراوە و دەکرێت بڵێین 3 نەوە لەو پارچەیەی کوردستاندا بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ڕەگ و ریشەی زمانەوانی و کولتووری خۆی دابڕاوە. لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، بە تایبەت ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کەم و زۆر لە ڕۆژ ئاواش بارووددۆخەکە جیاوازی هەبووە و پێوەندی نێوان ئە و پارچانە بە تایبەت بەربڵاوتر و چڕتر بووە.

ئەو باسەی سەرەوە دەکەمە پێشەکی و دەروازەی چوونە نێو وەڵامی پرسیارەکە. زمانی کوردی لە بواری شێوازی نووسین و زمانی ستانداردی نووسینەوە خاوەنی کێشەی بەرچاوە. لە جەرگەی ئەمرۆکانەی پێکهەڵپڕژانەکانی بیر و ڕای دژ بەیەک بەرامبەر بە زمان و شێوازی نووسینی

ستانداردی کوردی دوو بیرۆکە دەخوێندرێتەوە. بیرۆکەی یەکەم، کە هەڵگری گەشەکردنی زمانی کوردی و شێوازی نووسینەکەی لە سەر ئەلف و بێی کوردییە (کە لە عەرەبی وەرگیراوە). لاینگرانی ئەو بیر و بۆچوونە لە سەر ئەو باوەڕەن، کە لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیەوە هەتا ئەمرۆ کارێکی زۆر گەورە لە جیهانی ئەدەبی کوردیی ئەنجام دراوە. ئەوان لە سەر بنچینەی مێژوو و رادەی زۆری کار و نووسین، بەربڵاوبوونی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و رۆژنامە لە سەر ئەوە پێداگرن، کە ئەوەی ئێستا هەیە و کار پێدەکرێت زمانی ستاندرادی کوردیە و هەموو لایەک دەتوانن کاری پێبکەن. بیرۆکەی دووهەم لە سەر رێبازی شێوازی لاتینی دەدوێت و وەک زاراوەش لە سەر زاراوەی سۆرانی چەق نابەستێت. لاینگرانی ئەو بیروبۆچوونە لە سەر ئەو بڕوایەن، کە کوردی باکووری کوردستان زۆرایەتی حەشیمەتی کورد پێکدێنن و هەر وەها دەرچوون لە ئەلف و بێی عەرەبی بە کارێکی شیاو دەزانن.

بۆ گەشەکردنی زمان دوو خاڵی گرینگ و دوو کۆڵکەی سەرەکی هەن، کە بریتین لە زمانی ستاندارد و شێوازای نووسینی ستاندارد. زمانی کوردی لە نێوان دوو جیهانی تایبەت بە ئەلف و بێی لاتین و کوردیی دا سوور دەخوات و تازە لە سەر زمانی ستانداردی کوردیش هێشتا تاک و توک کەسانێک هەن، کە دژایەتی ئە و رەوتە دەکەن کە هەیە. دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەسەڵاتێکی جێگیر نیە و ئەوەی کە هە تا ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا هەیە نەیتوانیوە ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە کار بێنێت. ئێستا هەر لە باشووری کوردستاندا بە دوو زاراوە لە قوتابخانەکاندا دەرس و وانە دەگوترێتەوە، کە ئەمەش بە مانای نەبوونی ئەسڵ و چوارچێوەیەکی نەتەوەییە. زمان لە درووست کردنی هەستی نەتەوەیی و تەنانەت گەشەکردنی بەردەوامی زماندا دەورێکی کاریگەری هەیە. دابەشبوونی ناسنامە، خاک و زمانی کوردیی دەبنە پێکهێنەری هەست و هەوێنی خۆناسینی

کورد لە ئاستی سیاسی و مێژووییدا. کێشەکان زۆر ئاڵۆزترن لەوەی بە ئاسانی چارەسەر بکرێن. بە بڕوای من دەکرێت لێکۆڵینەوەی زانستی، کولتووری و بەرفراوان بکرێت بۆ ئەوەی لانی کەم لە پارچەکانی کوردستاندا یەک شێوازی نووسین بۆ زمانی ستانداردی کوردی دابنرێت و ئەو زمانەش لە راستیدا دەبێتە زمانی نووسین. زۆر کەس پێی وایە زمانی ستاندارد بە مانای لە نێوبردنی زاراوەکانە، کە رۆژانە لە مەڵبەند و ناوچە جیاجیاکاندا قسەی پێدەکرێت. ئەو لێکدانەوەیە بە جۆرێک لێک تێنەگەیشتنی لە نێوان لاینگرانی دوو بیرۆکەی باسکراو درووست کردووە و مشت و مڕێکی زۆری هێناوەتە گۆڕ.

تێکەڵابوونی کوردەکان لە بوارە دیارەکانی وەک کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، پێکەوە ژیان و دروستکردن و بە هێزکردنی پێوەندییە جۆراوجۆرەکان باروودۆخێکی باشتر دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی کوردەکان بە بیرکردنەوەیەکی دووربینانە و ستراتژیانە مامەڵە لەگەڵ یەکترو دەورووبەر بکەن. بەڵام بۆ ساخکردنەوەی زمان وخوڵقاندنی وشە پێویستە کۆڕێکی شارەزا لانی کەم لە باشووری کوردستان درووست بکرێت و لە پسپۆڕ و شارەزایانی زمانی کوردیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و زاراوەکان سوود وەربگیرێت. ئێستا سیاسەتی دەوڵەتە زاڵەکانی سەر کوردستان بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی، کە کورد زۆر وشە و دەستەواژەی زمانەکانی وەک فارسی، تورکی و عەرەبی بە کوردیی بزانێت. ئەوەش تێگەیشتنێکی چەوتە، کە لەسەر ئەساس و بنچینەی هەستی ناوچەگەراییەکی کوێر دامەزراوە. خۆم زۆر جار ئەگەر گوێ لە هێندێک زاروەی کوردیی رادەگرم هەست دەکەم، کە زۆربەی وشەکانی ئی زمانی فەرمی نەتەوەی باڵادەست بە سەر کوردستانە. لە گەڵ هەمووی ئهو خاڵ و بۆرانەدا، کەسانێک پەیدا دەبن، کە بە ناوی خۆشەویستی بۆ شار، ناوچە و مەڵبەندی ژیانیان زاراوەی تێکەڵ لە گەڵ زمانی بێگانە بە گەورەتر لەو زاراوانە دەزانن، کە لانی کەم لە پاش شەڕی

یەکەمی جیهانیەوە لە بوار و مەیدانە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا کاری پێکراوە. خۆ ناسینی نەتەوەییانە و دوور کەوتنەوە لە شەڕە گەڕەکی کوردانە لە مەیدانی زمانەوانیدا کارێکی گەورەیە، کە مەیدان و بوار دەدات بە کەسانی شارەزا لە زمان و ئەدەبدا، کە لە پێناوی پێکهێنانی زمانی نووسینی یەکگرتوو تێکۆشان و هەوڵی دڵسۆزانە بدەن.

**کوردناسی: ئاخۆ وەرگێڕە کوردەکان تاکو ئێستا چ کتێبێکیان لە بوارەکانی وەرگێرانی ڕێزمانی فینلاندی بۆ زمانی کوردی یان فەرهەنگی فینلاندی بۆ کوردی یان بە پێچەوانەوە، یان لە بوارەکانی دیکەی وەک فەلسەفە، کۆمەڵناسی یان ئەدەب و هتد تەرجومە کردووە یان نووسیوە؟ تکایە لەم بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەن. وەرگێرانی دەقە ئاکادیمییەکان زمانی سوێدی بۆ سەر زمانی کوردی چ یارمەتییەک بە زمانی کوردی دەکات؟**

**عەزیز شێخانی:** لە سەر بوونی فەرهەنگی کوردی-فینلەندی یان نووسین بە زمانی کوردی سەبارەت بە ڕێزمانی فینلەندی ئەوەندەی من ئاگاداربم دوو بابەت هەیە (یەکەم: فەرهەنگی کوردی-فینلەندی-کوردی لە ئامادەکردنی لوقمان عەبباسە، کە خۆی کاری وەرگێری دەکات. دووهەم: لە سەر رێزمانی فینلەندی بە کوردی کتێبێک لە نووسینی سۆران زەککی یە). جێگای وبیرهەنانەویە، کە رنگە زۆر کورد کاری ورگێرانی داستان و دقیان کردبێت، بلاّم لە بەر ئەوەی چاپ نبوون، من ئاگاداریان نیم. وک لە جیهانی ئارگومێنتکاندا باوە، ئاگادار نبوون لە سەر بابەت و دیاردەیەک، بە مانای نەبوونی ئەو دیاردەیە نییە. لەمەڕ نووسین و ئەدەبیات و فەلسەفە خۆم ساڵی ٢٠٠٣ کتبێکی زانکۆی هێلسینکی، لە نووسینی خاتوو ماریاننا رائۆلۆم بە ناوی "مرۆڤەکان یان ئێنسانەکان" کە نووسراوەیەکی زانستیە لە سەر فەلسەفەی مافی کەمایەتیەکان کردۆتە کوردیی، کە ساڵی ٢٠٠٥ لە سەر تۆڕی ئینترنێت بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ رۆمانێکم بە "ناوی پێشمەرگەی کورد، مانای مەرگ و ژیان"

نووسی، که هاوینی ٢٠٠٤ له زانکۆی لاپلاند چاپ و بڵاوکرایەوه. بێجگه لەوه ساڵی ٢٠٠٦ له سەر رۆڵ و نەخشی وەرگێڕ له نێوان کارمەند و مشتەریدا کتێبچەیەکم نووسیوه، که چاپ نەکراوه به ناوی " وەرگێر له نێوان کۆچبەر و کارمەنددا"، که به فینلەندی نووسراوه. له هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ دا ٥ چیرۆکی تایبەت به ژینگەم له زمانەکانی فینلەندی و ئینگلیزی کردۆته کوردی، که ئەوانیش چاپ نەکراون. جێگای ئاماژه پێکردنه، که نامەی ماستەرم له ساڵی ٢٠٠٤ به زمانی فینلەندی نووسیوه.

وەرگێران به گشتی به لای منەوه کارێکی باشه. مرۆڤی وەرگێر له کاتی کارکردن بۆ وەرگێرانی ئەدەبی بێگانه یان نووسینی بابەتی زانستیدا خۆی زۆر شت فێر دەبێت. ئەو کاره زۆرتر کارێکی خۆبەخشه و بێجگه لەوه مرۆڤ دەبێت کار بکات و داهاتی ژیانی دابین بکات. ئەگەر کەسێک وەک وەرگێڕێکی فەرمی و بۆ داهاتی ژیان کاری وەرگێری بکات، دەتوانێت وەختی زیاتری بۆ تەرخان بکات و ژیانی خۆی پێ به رێوه ببات. له سەر یەک ناسینیی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکه زۆر گرینگه و به پەنجەرەی شارەزا بوون به کولتوور، مێژوو، داب و نەریت دەژمێردرێت. وەرگێرانی بابەتەکانی وەک ئەدەب، فەلسەفه، ئابووری، سیاسەت و کۆمەڵایەتی، زانستی و هتد هەموویان له دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و هەروەها بردنه سەری ئاستی شارەزای و وریای هاوڵاتیانی کوردستان دا دەوری کاریگەری دەبێت. تەنانەت وەرگێڕانی ئەدەبیاتی منداڵان و لاوان له گەشەکردن و پەروەردە کردنی منداڵ و لاوەکاندا جێگای سوود و بایەخی خۆیەتی. کاتێک هاوڵاتیانی کوردستان دەتوانن بەرهەمی کوردەکانی دەرەوەی وڵات بخوێنن و خۆشیان له خولقاندنی رێبازی فکری و نووسیندا خاوەنی ئیمکان و تاقیکاریەکی زۆرتر دەبن و رەنگه له ئاکامدا بتوانرێت رێبازێکی نوێ و سەردەمیانه درووست بکرێت و پێبگرێت.

نەتەوه پێشکەوتووەکانی دنیا ئیمکانات و بوودجەیەکی زۆر له پێناوی وەرگێرانی ئەدەبی گەلانی دیکه تەرخان دەکەن و ناوەنده کولتووری و بنکەی

رووناکبیری و زانکۆکان لەو نێوەدا رۆڵ و نەخشی بە رچاویان هەیە. کورد ئەگەر بتوانێت لەدەق و تێکستەکانی گەلانی دیکە ورد بێتەوە دەتوانێت بۆ چارەسەری زۆر کێشە و یەک لە وان زمان و شێوازی نووسینی ستاندارد سوودی لێوەربگرێت. گەلانی دیکەی جیهانیش و یەک لە وان گەلی فینلەندی خاوەن مێژوویەکی کۆن و چڕ و زۆر جار خوێناوین، کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زیندوو بۆ خە باتی نەتەوەی کورد.

**کوردناسی: تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕیکی پیشەیی لە ڕووانگەی ئێوە چییە؟ ئاخۆ وەرگێڕە کوردەکان توانیویانە بە شێوەی سەردەمیانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی زمانی کوردی و فینلاندیدا بگونجێنن؟**

**عەزیز شێخانی:** وەرگێری باش و شارەزا پێش هەرشتێک مرۆڤێکی ئاساییە، کە خاوەنی زۆر تایبەتمەندی دیار و تایبەتە. لە تایبەتمەندییە دیارەکانی وەرگێڕێک دەکرێت شارەزای کولتووری و زمانەوانی، بێ لایەنی لە راگواستنی بابەت دا، هوونەرمەند بوون لە شێوازی بەیانکردن و یادداشت کردن ناو بەرین. وەرگێڕێک تەنیا بە شارەزابوون لە زمانی بێگانە و دایکی ناتوانێت لە سەردەمی ئەورۆدا کارەکانی راپەڕێنێت، بە تایبەت لەو مەڵبەندانەی کە چاوی کارمەند و مشتەری تیژە و بە روانگەیەکی رەخنەگرانە لە گەڵ وەرگێر مامەڵە دەکەن. وەرگێران جۆر و شێوازی تایبەتی هەیە و ناکرێت لە ئاستێکی گشتیدا هەموو لایەنەکان لەیەک ئاستدا چاو لێبکەین. لە جۆرەکانی وەرگێران کە کۆچبەران سوودی لێوەردەگرن وەرگێڕانی پاش گوێگرتنە، کە قسەکەر ماوە بە ماوە قسەکانی دەبڕێت و چاوەڕێی وەرگێڕان دەکات. جۆرێکی دیکەی وەرگێران بە وەرگێرانی هاوکات بە ناوبانگە، کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ لە کۆبوونەوەی ئی ئەل ئۆ سوودی لێ وەرگیرا. ئەگەر گوێگرەکان کەم بن دەکرێت لە ریگای وەرگێڕانی بە سرتە، واتە بە گوێدا چرپاندن ئەم کارە

ئەنجام بدرێت. ئەگەر ژمارەی گوێگرەکان زۆر بن، ئەم کارە پێویستی بە ئامێری تایبەت هەیە. بێجگە لەو شێوازانەوە وەرگێرانی تایبەت بە کەڕ و لاڵەکان و ئاماژە و وێنەیش هەیە. وەرگێڕان دەکرێت لە شێوازی جۆراوجۆردا بە ڕێوە بچێت، بۆ وێنە لە شوێن و جێگای ئەسڵی، بە تەلەفوون و بەوێب کامێرا ئەنجام دەدرێت.

وەرگێڕی لە ئاستی کۆچبەر و پەناخوازاندا ڕۆڵ و نەخەشی رە نگاوڕەنگی هەیە و لە کردەوەدا جیاوازی زۆرە لە گەڵ وەرگێری تایبەت بە کۆنفرانس و هتد. وەرگێر لەو کاتەدا دەتوانێت راگوێزەری پەیامەکان بێت. لە گەڵ ئەوە شدا وەرگێر دەتوانێت لە هێندێک کاتدا روونکەرەوەی بێلایەن بێت، بۆ ئەوەی پەیام و قسەکان لە سەر هێڵی تێگەیشتن لە نێوان کارمەند و مشتەری دا بگوازرێنەوە. لە هەمان کاتدا وەرگێر دەتوانێت پردی کولتووری نێوان مشتەری و کارمەند بێت.

وەرگێر لە درێژەی کاری وەرگێریدا پێویستی بە ئۆگری زۆرە. لە رەوتی بەرە و پێشچوونی کاری وەرگێرییدا خاڵەکانی وەک ئامووزش و فێربوون، تاقیکاری و تەجرووبە، چالاک بوون و وەرگرتنی سرنج و بیرو ڕای مشتەری و کارمەندە جۆراوجۆرەکان لە سەر شێواز و چۆنیەتی کاری وەرگێری رۆڵی کاریگەر دەبینن. وەرگێرێکی باش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

- هوونەر و شارەزایی زمانەوانی، کە بریتیە لە وشە، رێزمان، خوێندن و نووسین بە هەر دووک زمان (بۆ وێنە کوردی و فینلەندی)، قەوارەی زمان، رستە، پەند و قسەی نەستەق.
- حەز کردنی وەرگێر لە کاری وەرگێڕان، کە بەهێزترین خاڵی خۆ پێگەیاندن و زیاتر فێربوون و درێژەدان بەکارە.

- پاراستنی نهێنی و رازی مشتەری و هەموو زانیاریەکانی پێوەندیدار بە کاری وەرگێڕیی.
- هەبوونی زانیاری لەمەڕ کولتووری ئەو زمانانەی کاری وەرگێڕی پێ دەکرێت.
- بوونی مێشکێکی باش، کە ئەگەر و توانای چاک دەداتە وەرگێر. ئەگەر ئەو توانایە کەم بێت و وەگێڕ زۆربەی شتەکان بخاتە سەر لاپەڕی تایبەت کاری وەرگێران کەمێک لەنگ دەبێت. چوونکە مرۆڤێک کە دەنووسێت، لە هەمان کاتدا ناتوانێت گوێگرێکی باش بێت و لەو بارەوە پەیامەکان وەک پێویست وەرناگرێت و هەر بۆیە لە دانەوەی ئەو پەیامە تووشی کەم و کوڕی دەبێت.
- توانا و وزەی گوێگرتن و سرنجدان، کە یارمەتی وەرگێر دەکات لەگەڵ وتە و بابەتەکان دا بڕوات و بابەتەکە تێبگات.
- توانای نووسینی خاڵە گرینگەکان بۆ ئەوەی شوێن بخەنە سەر وەرگرتنی پەیامی بەردەوامی مرۆڤی مشتەری یان کارمەند.
- هوونەری بەیان و قسەکردن، کە کاریگەری زۆری هەیە لە سەر دەوروبەر و لە زۆربەی پیشەکانی کۆمەڵگادا نوختەی دیار و زەقە.
- هوونەری پێشکەشکردنی زانیاری و چۆنیەتی ئامادەبوون لە بەردەم خەڵکانی دیکەدا.
- خۆ ئامادەکردنی پێشوەخت، لە مەڕ کاری وەرگێران، کە بۆ وەرگێرە تازەکارەکان زۆر باشە و دەکرێت دڵە ڕاوکەی مرۆڤ تا رادەیەک کەم بکاتەوە.
- فێربوونی بەردەوام و بوونی زانیاری تازە لە سەر رەوتی کار و رەوتی ژیانی رۆژانەی مرۆڤی کۆچبەر و تە نانەت یاسای تایبەت بە کۆچبەر، پەنابەر، کار و ژیانیان.
- قبووڵ کردنی رەخنە، لە مەڕ ناسینی لاوازیەکانی کار و تێکۆشان و پیشەی وەرگێڕی.

• خۆ پاراستن لە شوێندانان لە سەر نێوەرۆکی بابەت و وتەو روونکردنەوەی لایەنەکان. بە واتایەکی دیکە بێلایەن بوونی تەواو لە رەوتی کاری وەرگێڕیدا.

**کوردناسی: ئاخۆ بوونی زاراوە و شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە کاتی وەرگێڕانی زارەکی زمانی فینلەندی بۆ کوردی، وەرگێر تووشی کێشە دەکا یان نا؟**

**عەزیز شێخانی:** هەر وەک لە وەڵامی هێندێک لە پرسیارەکاندا هاتووە زمانی کوردیی نەیتوانیوە هاوشانی زمانەکانی دیکەی جیهان گەشە بکات. هۆکارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان کوردیان دابەشکردووە. ئەو دابەشکردنە لە درێژخایەندا و بە کردەوە بۆتە هۆی درووست بوونی کەلێن و کەلەبەر لە پەیکەری زمانەوانیی و نەتەوایەتی کورددا. بوونی زاراوەی زمانەوانی تایبەت نیە بە زمانی کوردیی و ئەگەر زمانی تەنانەت بریتانیای گەورە وەک نموونە باس بکەین، بێگۆمان بە چەند قات زیاتر لە زمانی کوردی زاراوەی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەی کورد لە ژێر پاڵەپەستۆ و داپڵۆسینی سیاسی، فەرهەنگی، مێژوویی و هتددا بووە. لە پارچەکانی کوردستاندا بۆ وێنە باکور و رۆژئاوا کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک بە تایبەت لە باکوور لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیەوە پەیڕەو کراوە و زیانێکی قەربونەکراوەی لە رەوتی گەشەکردنی زمانی کوردی داوە. رابردووی لێکدابڕانی زاراوەکان و نەبوونی زمانێکی ستانداردی گشتیی لە هەموو پارچەکان جۆرێک ناهاوسەنگی لێک تێگەیشتنی لە نێوان زاراوەکاندا درووست کردوە.

ئەو جۆرە لێک تێ نەگەیشتنە رێژەییە و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕدرێت. بێجگە لەوە هەندێک زاراوەی کوردیی هەتا بینە قاقا کەوتوونەتە

نێو داوی وشە، رستە و رێزمانی زمانی نەتەوەی زاڵ. ئەو رەوتە بۆتە هۆکاری لێک دوور کەوتنەوەی تا رادەیەک هێندێک زاراوەی کوردی لە یەکتر. جێگای خۆیەتی ئاماژە بە سەردەمی ئەمرۆی جیهانی راگەیاندن و چاپەمەنی بکرێت، کە هێندێک توانیویەتی لە رێگای گوێگرتن و بیستنی بەردەوامی هەواڵ و بابەتی تایبەت لە سەر ئاستی لێک تێگەیشتنی کوردەکان لە یەکتر دەور و رۆڵی کاریگەری هەبێت. ئەگەر قازانجی تەسکی حیزبایەتی و تەکرەویی و سیاسەتی دوور لە بنەمای نەتەوەیی هێندێک رێکخراو و حیزبی کوردیی نەبایە، مێدیای کوردی دەبوو بە ناوەندێکی گرینگی جۆشدانەوەی زاراوەکان و لەسەر بنچینەی ئەو رەوتە دەکرا کاری زۆر بۆ دارشتنی زمانی ستاندارد بکرێت.

لە وەڵامی پرسیارەکەدا بە کورتی دەڵێم، کە وەرگێر خۆی دەورێکی کاریگەری هەیە، ئاخۆ چەندە دەتوانێت لە زاراوەکانی دیکە تێبگات. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کە وەرگێر بتوانێت بەزاراوەی مشتەریەکە قسە بکات، بەڵکو ئەوەیە، کە لە بەرامبەرەکەی تێبگات و بتوانێت بەرامبەرەکەی تێ بگەینێت. روونە کە مشتەریەکە خۆشی دەوری هەیە و ئەگەر مشتەریەکە لە زاراوەکانی دیکە بگات، دەکرێت گرفتی نێوان زاراوەکان کەم بکرێتەوە. بەڵام لە فینلەند بەرپرسانی سۆسیال و تەنانەت ناوەندەکانی دیکە بە تاقیکاری بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەگەر ئیمکانی هەبێت وەرگێرێک پەیدا بکەن، کە بە زاراوەی مشتری قسە بکات. دەتوانین رێالیستیانە وەڵام بدەینەوە و بڵێین، کە بێگومان نەبوونی زمانێکی فەرمی و ستاندارد لە نێو کورد دا لە زۆر بواری تایبەتدا گرفت دەخوڵقێنێت. بە تایبەت کاری وەرگێران پانتایەکی بەرینە و وردکاری و شیکاری یەکجار زۆری دەوێت.

**کوردناسی**: زمانی زانستیی کوردی چۆن پێناسە دەکەن؟

**عەزیز شێخانی:** زمان یەکێک لە ئامرازەکانی کوولتووری هەر نەتەوەیەکە. جیهانی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە بەستێن و بنچینەی زماندا خۆی دەنوێنێت. زمانی زانستی ئەگەر مەبەستت زمانی ستانداردە، خاوەنی لێکدانەوەی زۆرە. زمانی زانستی کوردیی بە واتایەک دەکرێت بریتی بێت لەو زمانە، کە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی وەک سیمای زمانی گشتی، شێوازی دیار و قبوڵکراو و زمانی تایبەت بە پیشە و مەیدانی تایبەت بێت. زمانی گشتی بە زمانێک دەگوترێت، کە لە ئاستێکی بەرفراواندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و لەگەڵ زمانی نووسین هاودەنگی زیاتری هەیە. زمانی ستاندارد چیە و کێ ئەو مافەی هەیە، کە تاریفێکی گونجاو و قبوڵکراو بۆ زمانی ستاندارد دیاری بکات؟ بە سرنجدان بە بەرفراوان بوونی مەیدانی لێکدانەوە و بیر و ڕاکان لە سەر زمانی ستاندارد دەکرێت زیاتر پاڵ بە زمانی پەروەردە و فێرکردنی نێو چوارچێوەی جۆغرافیایی بدەین. زمانی ستانداردی کوردی، سەرەڕای نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەی و بەستێنێکی مێژوویی بە بەرنامە و پڕۆژەوە لە درێژای سەردەمی رابردوو دا گەشەی کردووە. باروودۆخی سیاسی هۆکاری کاریگەرە، کە سرووشتی گەشەکردنی زمانی کوردی لە گەڵ زمانی ئەو نەتەوانەدا جیاوازی هەبێت، کە خاوەنی بڕیاری سیاسین و دەسەڵاتی سیاسی لەدەست خۆیان دایە.

زمان، دەسەڵات و مێژووی کولتووری نەتەوەیەک هاوبەند و لێکدراوی یەکترن. زمان و سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک لە هاوکاری بەرامبەر یەکدان. زمانی ستانداری کوردی بریتیە لەو زمانە، کە لە پەروەردە و فێرکردن و زمانی مێدیا دا بەکار دێت. ئەو زمانە خزمەتی زۆری پێکراوە و ڕێزمان و دەستووری زمانی پێ نووسراوە و خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە بێت. دیارە زمانی ستاندارد بێجگە لە نووسین دەکرێت بە شێوازی قسەکردنیشدا وجوودی هەبێت. جیاوازی لە نێوان زمانی ستانداری نووسین و قسەکردن لە بنچینە و ساختاری زمانەوانی دایە. زمانی

قسەکردنی ستاندارد لەسەر بناخەی توێژی قسەکەرەکان دیاری دەکرێت. زمانی ستانداری کوردیی بە شێوازێکی گشتی کاتێک دێتە کایەوە، کە قسەکەر و گوێگری کوردی لە یەکتر تێبگەن. بە ستانداردکردنی زمانی کوردی تێکەڵە لەگەڵ نۆرم و گفتوگۆکانی کۆمەڵگای کوردیی.

ئەگەر بە دوو فۆرمی جیاواز باس لە زمانی ستانداردی پارچەکانی کوردستان بە جیا بکەیین، بۆمان دەردەکەوێت، کە بە کردەوە لە باشووری کوردستان دا زمانی ستاندارد هەیە و لەرەوتی پەروەردە و فێرکردن و رۆژنامەگەریدا سوودی لێ وەردەگیرێت. بەڵام گرفتی سیاسیی و کێشەی نێوان حیزبەکان کاریگەری هەبووە لە سەر نەچوونە پێشی ئاستی گەشەکردنی زمانی گشتیی. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە رادەیەکی رێژەیی لە نووسینی گۆڤار و دەرکردنی کتێب و چالاکی ئەدەبیدا و لە ئاستی رێکخراوە سیاسیەکاندا، لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە جۆرێک بنەمای زمانی ستانداردی کوردی دامەزراوە و کاری پێکراوە. لە پارچەکانی باکوور و رۆژئاواش بە ئەلف و بێی لاتین کەم و زۆر کار لە سەر زمانی کوردی کراوە، بەڵام بە ئەندازەی پارچەکانی باشووری و رۆژهەڵات لە مەیدانی ژیان، کار، خوێندن و نووسیندا رۆڵی نەبووە. لە لایەکی دیکە هەتا زمانێکی نووسینی ستاندارد نەبێت، زەحمەتە باس لە زمانی زانستی بکرێت. چوونکە زمانی زانستی لەسەر بنچینەی زمانی ستاندارد دادەمەزرێت و گەشە دەکات.

**کوردناسی:** هەل و مەرجی کاری وەرگێران لە فینلەند بە چ شێوەیەکە؟ جیاوازییەکانی وەرگێڕی فەرمی و نافەرمی چییە؟

**عەزیز شێخانی:** وەرگێران و وەرگێڕیی لە فینلەندا بە تایبەت بۆ کار و باری تایبەت بە کۆچبەران مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی نیە. لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا هەوڵی زۆر دراوە کار بکرێت بۆ ئەوەی وەرگێر پەروەردە بکرێت.

کاری وەرگێری لەم وڵاتەدا بە پێوانەی سەردەم و چوارچێوە دیارەکانی باو پێناسە دەکرێت. هەر چەندە وەرگێری کار و باری تایبەت بە کۆچبەران وەک بەڵگەنامەی وەرگێری دەرچووی زانکۆ نین، بەڵام پێویستی و نیازی بەردەوامی مشتەری تازە و کارمەندانی بەرپرسی فینلەندی مەیدانی کار و تێکۆشانی بۆ کەسانی وەرگێر ئامادە کردووە. جۆرەکانی وەرگێری لە بواری کردەوەدا لە فینلەنددا بریتین لە: وەرگێری رەسمی، وەرگێری ئازادی خاوەن بەڵگەنامەی وەرگێری، وەرگێری بێ بەڵگەنامە. وەرگێری رەسمی و فەرمی لە رێگای ناوەندەکانی وەرگێران کار دەکەن و مووچەی مانگانە وەردەگرن. وەرگێری ئازادی خاوەن بەڵگەنامە دەتوانێت هەم لە رێگای ناوەندەکانی وەرگێرانەوە کاری وەرگێری پەیدا بکات و هەمیش خۆی بە گوێرەی مەیدانی ناسین و ئەزموونی راستە و خۆ لەگەڵ پۆلیس، ئیدارەی خاریجیەکان و هتد تەماس بگرێت و رێککەوتننامەی کار مۆر بکات. دیارە وەرگێری ئازاد لەسەر ئەساسی مووچەی مانگانە نییە و کارەکەی لە سەر بناخەی کاتژمێرە. ئەگەر وەرگێری ئازاد تێست و تاقیکاری تایبەت بە وەرگێرانی تێپەڕ کردبێت و خاوەنی بڕوانامە بێت و خاوەنی مۆری تایبەت بێت دەتوانێت بەڵگەنامە و دەق و هەموو بابەتێک وەربگێڕێتەوە. وەرگێری ئازاد وەک مرۆڤی کاسبکارە، کە خۆی کار بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. ئەو کەسانە دەتوانن لە رێگای شیرکەتی تایبەت یان بەڵگەنامەی باجەوە داهاتی خۆیان وەربگرن. لە زۆر شوێن بە گوێرەی نیاز و نەبوونی وەرگێڕی دیکە سوود لە کەسانێک وەردەگرن، کە خاوەنی بڕوانامەی وەرگێڕی نین، بەڵام لە بواری زمانەوانیەوە دەتوانن کاری وەرگێڕی بکەن.

پێویستە ئاماژە بکرێت، کە بەشێکی زۆر لە وەرگێرەکان وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو بازاڕی کار دەست بە کاری وەرگێری دەکەن. بەڵام زۆر بوونی بێکاری لە فینلەند و بەستراوبوونی کۆمەڵگای فینلەندی رێگەی لە کار و تێکۆشانی کۆچبەران گرتووە و تەنیا لە بەشە خزمەتگوزاریەکان مەیدان دەدەن

بە کۆچبەران. تەنیا ناوەندێک کە لەسەر کۆچبەران و خەڵکانی نا فینلەندی تا رادەیەک دەرگای کراوەترە نۆکیایە، کە بە گوێرەی رێبازی بازاڕ و مشتەری ژیانی ستراتژی خۆی تێپەڕ دەکات. بۆ وێنە وەزارەتی کۆچبەران کە پێکهێنراوە لە خەڵکی کۆچبەر ئەوەندەی من بزانم سوودێکی ئەو تۆ لە هێز و پسپۆڕیی کۆچبەران وەرناگرێ. بێجگە لە وەش لە هێندێک کار مرۆڤی ئیشکەر دەبێت بە کۆلکە فینلەندی بیت و ئەگینا بوونی بڕوانامە و پاسپۆڕتی فینلەندی دەردێک دەرمان ناکات. ئەو بەربەست و خاڵانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی، کە رەوت و پڕۆسەی جێگیربوونی کۆچبەران لە فینلەندا زۆر ناسەرکەوتوو بووە. باروودۆخی باسکراو بۆ گۆڕان پێویستی بە کاتی زۆرە و ئەوانەی لە فینلەند دەژین دەزانن، کە دەرگای بەشداری کردنی چالاکانە لە کۆمەڵگا و بڕیاردان دا زۆر زەحمەتە.

**کوردناسی: ڕەوشی وەرگێڕی کورد- ئەمڕۆ و داهاتوو- لە فینلاند چۆن دەبینی؟ لاوازی و کەم و کووڕییەکانی لە چیدا ئەبینی؟ چ پێشنیارێکت بۆ پەرەپێدانی بەم بوارە لەو وڵاتەی تێیدا نیشترەجێی هەیە؟**

**عەزیز شێخانی:** وەرگێر و موتەرجیمەکانی کورد لە فینلەندا بە هۆکاری تایبەت بە دابەشبوونی کوردستان خاوەنی هێندێک ئەگەری باشن. بۆ وێنە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بێجگە لە زمانی دایک، زمانی فارسی بە شێوازەکانی نووسین، خوێندنەوە و قسەپێکردن دەزانێت. ئەوەی خەڵکی باکوور یان باشووری یان رۆژئاوای کوردستانە بە هەمان شێوە شارەزای زمانی نەتەوەی سەردەستی وڵاتی خۆیەتی. ئەو تایبەتمەندییە کاری زۆرتری بۆ وەرگێرە کوردەکان خوڵقاندووە. بە بەراورد کردن لە گەڵ بەشێکی زۆر لە کۆچبەرانی دیکە کوردەکان و وەرگێڕە کوردەکان توانیویانە لە ئاستێکی باشتردا دابن. بەڵام وەرگێڕە کوردەکان وەک مامۆستای قوتابخانەی لای خۆمان بە هۆکاری

جیاواز کەمتر هەوڵی زیاتر فێربوون دەدەن. دیارە بەشێکی زۆری ئەم کەم و کوڕیانە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوبەندییەکی بەرفراوانی وەرگێرە کورد و ناکوردەکان. شێوازی کار و تێکۆشانی وەرگێرەکان لەم وڵاتە لە ژێر باری گرانی روانگەی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی فینلەندیەکاندایە. بە کورتی دەتوانین بڵێین، کە زۆر جار کەسی وەرگێر لە بەر نەبوون و پێنەدرانی کار و پیشەی خۆی روو لەو کارە دەکات. بەو پێیە وەرگێڕ وەک کارێکی درێژخایەن چاو لە کارەکەی ناکات و خۆی بۆ تەرخان ناکات. لە دنیای ئەمڕۆدا پسپۆڕی خاوەنی رۆڵێکی تایبەتە. کەسی پسپۆڕ لەهەر بوارێکدا بێت پێویستی بە وەسەر یەکخستنەوەی تاقیکاری رۆژانە و بەردەوامە. بێجگە لەوەش دەبێت لەگەڵ تکنیک و هوونەرە تازەکانی پیشە و کارەکەیدا بڕوات و ئەگەر پێویستی کرد لە کۆرس و دەورەی تایبەتدا بەشدار بێت.

گرفتی وەرگێرە کوردەکان گرفتی هەموو سیستمی کار و تێکۆشانە، نەک تاکەکان. لە زمانە زیندووەکانی دونیادا مرۆڤێک کە ببێتە وەرگێر پێویستە لە زانکۆ بخوێنێت و لایەنی تیۆری، عەمەلی و بنچینە و پاشخانی ئەم زانستە بخوێندرێت. لە ئاستی وەرگێری کورد و وەرگێری تایبەت بە کۆچبەر، پەنابەر و پەناخوازاندا ئەو خوێندن و پسپۆڕییەی ناوێت. بۆ بوونە وەرگێر کۆرسێکی 8 مانگە هەیە، کە چوارچێوە و لایەنەکانی کاری وەرگێری، بواری مۆراڵی و شێوازەکانی وەرگێری تێدا دەگوترێتەوە. بێجگە لەوە بەشێک لە وەرگێرەکان لە بوارەکانی ژیان و کاری رۆژانەدا فێری زمان دەبن و پاشان بەشداری لە تاقیکاری تایبەت دا دەکەن و دواتر بەڵگەنامەی وەرگێریان پێ دەدرێت. بۆ بەرە و پێشبردن یان بەرە و پێشچوونی وەرگێڕە کوردەکان و باقی کۆچبەران پێویستە لایەنە لاوازەکان دەستنیشان بکرێن و رێگاچارەی گونجاو پێشنیار بکرێن. پێویستە هەوڵ بدرێت تاقیکاریەکانی لانی کەم زۆربەی وەرگێرەکانی کۆبکرێتەوە و ببێتە نوێنگەی خاڵە لاواز و بە هێزەکانی کاری وەرگێری.

لە فینلەندا باباتێکی کولتووری هەیە، کە لە کردەوەدا یاسای پان و گرینگی فینلەندیەکانە. فینلەندیەکان پێیان وایە، کە خۆیان لەو پەڕی لاوازیدا باشترین نوێنەر و کارکەری وڵاتەکەیانن. لە هەموو بوارەکاندا هەتا خۆیان هەبن، کەمتر ڕێگا دەدەن بە خەڵکی لاوەکی. بە تایبەت بوارەکانی تایبەت بە ئێدارەی کۆمەڵگا، هێمنایەتی و بڕیاری سیاسیی لە ئاستی هەر خوارەوە هەتا سەرێ هەموویان هەڵگری ئەو پەیامەن، کە فینلەند بۆ فینلەندیەکانە. ئەو کولتوورەی ئاماژەم پێکرد بە ڕێژەیەکی زۆر کەند و کۆسپ لە سەر ڕێگای کۆچبەران و یەک لەوان وەرگێڕەکان دەخوڵقێنێت.

**کوردناسی: ئاخۆ لە فینلاند ئەنجومەن، یەکیەتی یان کانوونی وەرگێڕی کورد هەیە؟ ئەگەر نییە، باسی ئەو بەربەست و هۆکارانە بکەن، کە ڕێگرن؟**

**عەزیز شێخانی:** ئەوەندەی من ئاگادار بم یەکێتی یان سەندیکای تایبەت بە وەرگێڕی کورد لە فینلەند نیە. هۆکارەکانی نەبوونی ئەم یەکێتیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا، هەڵکەوتی فینلەند و مێژووی ژیانی کۆچبەران بە گشتیی. لەو وڵاتە مرۆڤ دەتوانێت زۆر بە ئاسانی یەکێتی و کۆمەڵە درووست بکات، بەڵام هێندێک جار هەڵکەوت و جێگای ژیانی ئەو کەسانەی هاو پیشەن ئەوەندە لێک دوورن، کە ئیمکانی یەکتر بینین و ناسین زۆر کەمە. سەرەڕای ئەوە کێشە و گرفتی کوردە کۆچبەرەکان ئەوەندە زۆرە کە درووست کردنی سەندیکا و یەکێتی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگا زۆر گرینگ نەهاتۆتە بەر چاو. نەبوونی یەکێتی پیشەیی وەرگێڕەکان هەر تایبەت بە کورد نیە و ئەوەندەی من ئاگادار بم نەتەوەکانی دیکەش ئەو جۆرە سەندیکایانەیان پێک نەهێناوە. بۆ وێنە رووسەکان کە حەشیمەتیان لە فینلەند زیاتر لە ٣٥٠٠٠ کەسە و ئێستۆنیەکان کە زیاتر لە ٢٥٠٠٠ کەسن، هەتا ئەمڕۆ یەکێتیەکی تایبەت بە وەرگێڕانی خۆیان

نیە. فینلەندیەکان ئەم یەکێتی یان هەیە و ژمارەیەک وەرگێڕ و موتەرجمی کورد لەو یەکێتیەدا ئەندامن.

نەبوونی ئەو یەکێتی و ئاگادار نەبوون لە باروودۆخی گشتی کار و ژیان بۆتە هۆکاری سەرەکی، کە  هەر کەسە و بە دوای ژیان و کاری خۆیدا سەرگەردان بێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە کێشە و گرفتی ئابووری و بێکاری فینلەند لە سەر ئەم بارووودۆخە کاریگەرە. مرۆڤی سەر رەش لەو وڵاتەدا ناتوانێت وەک پێویست لە ژیانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، تەنانەت پەروەردە و راگەیاندن دا بەشدار بێت.

فینلەندییەکان ناتوانن لە وڵاتی خۆیاندا بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی سەر رەش لە سەرووی خۆیانەوە ببینن. هەر چەندە مەیدان بۆ ژنی کۆچبەر ئاواڵە کراوە بەس بۆ پیاوی کۆچبەر بە دەیان کۆسپی جۆراوجۆر خۆ قوت دەکەنەوە و لە راستیدا پیاو لەو وڵاتە بە گوتەی نووسەرێکی  ئاڵمانی ئەگەر سەر زەرد نەبێت زۆر زەحمەتە. لەو بارەوە نموونەی زۆر زیندووم هەن لە پێوەندی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، نێوخۆ و ناوەندی راگەیاندنی رادیۆ و تەلەفیزیۆن و تەنانەت رۆژنامە سەرەکیەکانی فینلەند دا. کۆچبەر زۆر جاران وەک کەرەسەی پەیداکردنی بژیوی ژیان بۆ مرۆڤێکی فینلەندی لێهاتووە. بە واتایەکی دیکە فینلەندیەکان بە داتاشینی پرۆژەی سەیر و سەمەرە لە دەوڵەت، شارەداری و یەکێتی ئوروپا یارمەتی ماڵی وەردەگرن، گۆیا پرۆژەی یارمەتیدانی کۆچبەران جێبەجێ دەکەن. لە کاتێکدا کۆچبەر لە وڵاتی فینلەند زۆر جاران بە حوکمی ناو و شوێنی لە دایکبوونی پشتگوێ دەخرێت. ئەوەی لە سەرەوە باسم کرد نموونەی زیندووی ئەوەیە، کە بۆچی وەرگێڕانی کورد یان کۆچبەر نەیانتوانیوە یەکێتی تایبەت بە خۆیان هەبێت. لە هەمووی گرینگتر لە وڵاتی فینلەند کار و بار و بە تایبەت ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە لە سەرە خۆن، کە مرۆڤی کۆچبەر شەکەت دەکات. ئەوەش یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نەتەوەی فینلەندە و لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا کاتێک سەربازە ئاڵمانیەکان لە

فینلەند جێگیر دەبن ئاگادار دەکرێن، لە وەی کە نەتەوەی فینلەند لە سەرەخۆیە و پەلەیان لەگەڵ نەکرێت.

ئەو باروودۆخە پێویستی بە ئاڵوگۆڕ هەیە و درەنگ یان زوو دەبێت بوونی کۆچبەر لە کۆمەڵگای فینلەندیدا دیار و بەرچاو بێت. لەو وڵاتە باسەکان زیاتر لە ئاستی تیۆریدان و بواری کرداری زۆر لاوازە و ئەگەر لە گەڵ بڕیار بە دەستەکانی وڵاتیش باسی ئەو کێشەیە بکەی، دەڵێن: ئێستا زۆر باشە و باشتریش دەبێت. سەردەمی زوو خەڵک زۆر بە گوومان بوو لە هاتنی کۆچبەران. لەو نێوەدا هێندێک مرۆفی بێ ئاگا لە ژیانی وڵاتانی دیکە لە فینلەنددا وا تێدەگەن بۆ وێنە کوردستان گرفتی قڕی و نەداری و بێ نانی هەیە و هەر ئەوەندەی مرۆڤی کورد ڕێگای پێدەدرێت لێرە بژیت بۆ ئەوان هەموو شتێکە. کورد لە بەر نەبوونی هیچ جۆرە پاشخانێکی سیاسیی و نێونەتەوەی زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە پشت گوێ دەخرێت و زۆر جاران کوردبوون دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای وەرگرتنی هێندێک پۆستی ئیداری و هتد. لە مەیدانی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەدا و بە تایبەت ناوەندە دەوڵەتیەکان بەرژەوەندی دەوڵەت و ئابووری زۆر گرینگە و بوونی کوردێکی دژبەری نیزامە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بە سەر کوردستان بە قازانج نازانن.

**کوردناسی: زۆربەی وەرگێڕە کوردەکان پیاون، هۆی ئەمە چییە؟ نیشانەی بێ مەیلی ئافرەت و ژنی کورد لە بواری وەرگێڕاندا یان ئەقڵییەتی پیاو-سالارانەی بنەماڵە کوردەکان؟**

**عەزیز شێخانی:** ئەوە کە زۆربەی وەرگێرە کوردەکان لە سەرتاسەری جیهاندا پیاون یا نا، من ئاگادار نیم و لەو بارەوە هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و زانستیم نەخوێندۆتەوە. ئەوەی کە دەبینرێت و لە ڕواڵەتدا هەیە وا پێشان دەدات، کە زۆربەی کوردە وەرگێرەکان پیاون. ئەگەر وا دابنێین کە پیاوەکان

لەو بارەوە لە زۆرایەتیدان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکاری نێوخۆی کۆمەڵگای کوردی، دابەشبوونی ئەرکی ژیان لە کۆمەڵگای کوردەواری و بوارە کولتوورییەکانی باوی کۆمەڵگا و زۆر شتی دیکە. بەڵام بە تێبینی خۆم بارووودۆخی ژن و ئەرکی بە دنیا هێنانی منداڵ لە هۆکارە گرینگەکانی کەمبوونی رادە و رێژەی ژنانی کوردە لە بواری وەرگێریدا. بێجگە لەوە پاشخانی کۆمەڵایەتی کوردەواری و بێ بەشبوونی بەشێکی زۆر لە ژن و کچانی کورد لە خوێندن و نووسین کۆسپ و تەگەرەی گەورە لە بەردەم ژنی کورد لە دەرەوەی وڵات دروست دەکات.

هەر دوو هۆکاری ئاماژە پێکراو لە پرسیارەکەدا دەکرێت بە کۆمەڵە هۆکارەکانی ئەو جیاوازیە نێودێر بکەین. سەبارەت بە هۆکاری یەکەم، کە ژنان خۆیان بە عەلاقەن دەبێت بڵێم، ژنان وەکو پیاوان ئۆگری ئەو کار و پیشەیەن. بەڵام بە خوێندنەوەیەکی بەربڵاوی مەیدانی کار و تێکۆشان و ژیانی کوردی کۆچبەر لە دەرەوەی وڵات دەردەکەوێت، کە کۆمەڵێک هۆ دەبنە مایەی درووست بوون و پێکهێنانی بارودۆخێک. بۆ تاک و مرۆڤ دەست پێکردنی پیشە و کار دەگەڕێتەوە سەر ئۆگری، توانا، لە خۆڕا دیتن، بوونی مەیدانی کار و هەڵسووڕان، ئامادەبوونی هەلومەرجی جەستەیی و دەروونی بۆ کار. تاکی کورد لە بواری وەرگێڕیدا پێویستی بەم چوارچێوەیە هەیە و دەتوانێت لە بارووودۆخی ئەتۆدا قۆناخی یەکەمی کار دەست پێ بکات. بە تایبەت پیشەی وەرگێری و وەرگێران لە بواری کۆچبەری و پەنابەریی و پەناخوازیەوە پێویستی بە سلامەتی تەواو هەیە و دەبێت مرۆڤ لە گۆڕان و جوڵانی بەردەوام دا بێت. مشتەری، کارمەند، شوێنی وەرگێران و کات و سات هەموویان لەو خاڵانەن، کە کاری وەرگێڕی قورس دەکەن. وەرگێڕی ئەو کارە ئاسانە و رمەکییە نیە، کە زۆربەی ئێمە بیری لێدەکەینەوە. وەرگێری و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پیشەیە ئەرکێکی ئەخلاقی، هوونەری و پسپۆڕییە، کە هەموو توانا و هەستی مرۆڤ داگیر دەکات. وەرگێڕێکی سەرکوتوو هەر ئەوە

نیە، کە چاک و چۆنی نێوان مشتەری و کارمەند، دوکتۆر و نەخۆش یان وەکیل و تۆمەتبار رابگوازێت. بە هێنانە بەر باسی ئەو وێنانە دەمهەوێت قورس بوونی کاری وەرگێڕیش زەق کەمەوە، کە رەنگە دەور و رۆڵی خۆی لە سەر تاک هەبێت بۆ ئەوەی کاری وەرگێڕی نەکات.

یاسای پیاو سالاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا هۆکارێکە، بەڵام یەکەم هۆکار و تەنیا هۆکار نیە. بێ گومان ئێمەی کورد کە بە کولتوور و داب و نەریتێکی جیاواز لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین گەورە کراوین و ئەو بەستێنە لە ئاستێکی رێژەی زۆردا دەور و رۆڵی کاریگەر دەگێڕێت. خۆ دەرباز کردن یان لە بیرکردنی هەمووی ئەو داب و نەریتانە رەنگە کارێکی ئەستەم بێت. ئەو ژنانەی کە بە تەمەنی گەورە و وێڕای هاوسەر و منداڵەکانیان رێگای کۆچبەری هەڵدەبژێرن، بە هۆی بوونی منداڵ و بەخێوکردنی منداڵ و رەنگە درووستکردنی منداڵی تازە لە دیاسپۆڕا دا ناتوانن زمانی وڵاتی خانە خوێ باش فێربن. کاتێک تۆ نەتوانی زمانی وڵاتی خانە خوێ باش فێربیت، یەکەم کۆسپ و لەمپەر لە بەر خۆتدا دەبینیەوە. بێجگە لەوە ئەگەر کچێک بە منداڵی لێرە گەورە ببێت و زمانی دایکی لاواز بێت، ئەویش رەنگە هەر چەندە زمانی وڵاتی خانە خوێ باش فێر بووبێت نەتوانێت و ئۆگری بەکاری وەرگێران نەبێت. چوونکە وەرگێڕان و وەرگێڕی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە و ناکرێت لە لە پێناوی رێزگرتن لە ژن و مافی ژنان ئەو پێوانانە لە بیر بکرێن.

**کوردناسی: نەخش و رۆڵی وەرگێڕی کورد بۆ ئاشنایی هەرچی زیاتری کۆچبەران و پەنابەرانی کورد لەگەڵ کولتووری فینلەندیدا چۆنە؟**

**عەزیز شێخانی:** وەرگێڕ ئەگەر وەک مرۆڤێکی پرۆفێشناڵ و پسپۆڕ چاوی لێ بکەین، ئەرکی ئەوەی نیە وەک وەرگێڕێک هەوڵبدا خەڵک لەگەڵ وڵاتی خانە خوێ رێکبخات. بۆ چوونە نێو ئەو باسە ئێمە دەبێت وەرگێڕ وەک وەرگێر

ببینین، نەک وەکیل و ڕێنوێنیکەر. لە کاتی کارکردن و بەڕێوەبردنی پیشەدا وەرگێڕ دەبێت لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆیدا بمێنێتەوە. بەو واتایە لەرەوتی کارکردن دا ناتوانێت لە ڕێڕەوی وەرگێرانی نێوتراڵ لا بدات. ئەوەی کە لە پرسیارەکەدا هاتووە پێوەندی هەیە، بە کار و چالاکی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری مرۆڤ و تاکی کورد و لە نێو ئەو چین و توێژانەشدا مرۆڤی وەرگێڕ.

وەرگێر هەیە، کە کات و ژیانی خۆی بۆ کارێکی ئازاد و چالاکی تایبەت تەرخان دەکات. ئەو وەرگێڕانە بە ئەندامبوون لە ڕێکخراو و کۆمەڵەی جۆراوجۆر و تەنانەت پرۆژەی ڕەنگاوڕەنگ کاری ڕێنوێنی کردنی هاوڵاتیانی کورد و زۆر کۆچبەری دیکە دەکەن. لە سەر یەک کاری خۆ گونجاندن و ڕێکخستنی مرۆڤی کورد لە ژێر سێبەری حیزب، ڕێکخراوی ئایینی و دابەشبوونی کوردستانەوە لێکگرێدراوە. کوردەکان لە ئاکامی زوڵمی مێژوویی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی حاکم بە سەر کوردستاندا، لە دەرەوەی کوردستان و ژیانی دیاسپۆڕاشدا لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوی کوردیی و ئاینیی دا خۆیان دەبیننەوە. ئەو ڕێکخراو و حیزبانەش زیاتر لە بوونی خەڵکە کە بۆ مەبەستی پرۆپاگەندە و ئەندامبوون سوود وەردەگرن و کەمتر هەوڵ دەدەن کۆچبەرانی کورد لە ژیانی وڵاتی خانە خوێدا یارمەتی بدەن و پلان و بەرنامەی بۆ دابین بکەن. کورد لە دەرەوەی وڵاتیش نەیتوانیوە لە دەوری بەرنامە و بیرۆکەیەکی بەرین و بەرفراواندا کۆببێتەوە. کوردی دیاسپۆڕا لەگەڵ ئەوەی وەک تاک و ڕێکخراوی زۆر هەوڵیان داوە هێڵێکی پان و بەر فراوان بۆ ڕێکخستنی بەرینی کوردەکان بدۆزنەوە، بڵام دابەشبوونی بیر و باوەڕی حیزبی و ڕێکخراوەیی بۆتە هۆکاری لێکدابڕانی زیاتر. لەو مەیدانەدا ڕۆڵ و نەخشی وەرگێڕی کورد زۆر بەرفراوان نیە و ئەویش زۆر جاران ڕەنگە لە ژێر سێبەری حیزب و ڕێکخراوی دڵخوازدا خۆی دەبینێتەوە.

سەبارەت بە ناساندنی فەرهەنگی گشتی و ئاشناکردنی کۆچبەران بە فەرهەنگی رۆژانە ئەوەش کارێکی قورس و گرانە. وەرگێر مەگەر لە رێگای زیاتر نووسین و رووناکبیریەوە بتوانێت بە سوود وەرگرتن لە جیهانی پێوەندییەکان دەور و کاریگەری کەمی هەبێت. دیارە ئەوەش زۆرتر کاری تاکە و لە بەر نەبوونی رێکخراوی تایبەت و وەسەر یەک نەخستنەوەی توانا و هێزی تاکەکان بەردەوامی ئەو کارەی تاک زۆر نیە. لەو نێوەدا جێگای خۆیەتی باس لەوە بکرێت، کە وڵاتی خانە خوێ و فەرهەنگی ئەو وڵاتە زۆر دەور دەبینێت لە سەر کاراکردنی چالاکانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی. بۆ وێنە وڵاتی فینلەند هەتا ئێستاش ئامادە نیە بەرنامەیەکی رادیۆو تەلەویزیۆنی سەرتاسەری نەک بۆ کورد بەڵکو بۆ کۆچبەران ئامادە بکات. ئەوەندەی من ئاگادارم و لەگەڵ ناوەندی دەنگ و رەنگی فینلەند لە پێوەندی دابووم، زمانی رووسی لە سەرووی هەمووانەوە دادەنرێت، چوونکە ۳۵۰۰۰ رووسی لە فینلەند دەژین و بێجگە لەوەش فینلەند و رووسیە سنوورێکی زۆر و هاوکاریەکی بارزرگانی بەر فراوانایان هەیە. بەس بۆ نەتەوەیەکی بن دەست و نەناسراوی کورد زۆر ئەستەمە جێ پێیەک لە بواری راگەیاندن، مێدیا و تەنانەت لێکۆڵینەوە بدۆزێتەوە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی بیروڕاکانم لێرەدا ئاماژە بە دوو نموونەی زیندوو دەکەم، کە خۆم هەوڵمداوە کاریان بۆ بکەم.

- مانگی ١٢ ساڵی ٢٠٠٧ لە بەشی کولتووری هێلسینکی لە دانیشتن لەگەڵ بەرپرسی ئەو کاتی ئەو ناوەندە، پێشنیارم کرد کە رادیۆ و مانگنامەیەکی تایبەت بە کۆچبەران دابنێین بۆ ئەوەی ببێتە پردی گەیاندنی پەیام و ویست و داخوازەکانی هەر دووک لا. بەرپرسی ناوەند بە جوان و باش پەسەندکردنی بیرۆکەی من باسی نەبوونی بوودجەی کرد و ئەوەش دوا وەڵام بوو. بۆ هەڵسووڕاندنی هەر پرۆژە و کارێک هێزی ئینسانیی و ماددی و زۆر رەهەندی دیکەش پێویستن. کاتێک وڵاتی خانە خوێ ئامادە نیە و ئیمکاناتی پێویست بۆ

دامەزراندن و وەگەڕخستنی پرۆژەیەکی کاریگەر دابین ناکات، بە تاک و چەند تاکێک کارێکی ئەوتۆ ناکرێت. کاتێک باس لە کورد دەکرێت، پرش و بڵاوی بە ڕچاوی هەیە و هەر کەسە خاوەن سەرۆکێکە و لە بازنەی زانست و کاری رۆژانەی پەنابەریشدا دەیکاتە سەمبول.

- لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٧ شاری هێلسینکی لە دانیشتنێک لەگەڵ سەرپەرەستی بەرنامەیەکی حەوتووانەی تەلەفیزیۆنی کاناڵی یەکی فینلەند پێشنیارم کرد بەرنامەکەیان بۆ پرۆگرامی کۆچبەران بگۆڕین و ئەگەر بکرێت لەسەر ژیان و رووداوەکانی کۆچبەر هەواڵ و رێپۆرتاژمان هەبێت. ئەوان گوتیان لەم وڵاتە کار زۆر بە هێواشی دەچنە پێش و دەبێت پێوەندی بە وەزارەتی کارەوە بکەین، ئەگەر یارمەتی پرۆژەیەکی وا بکەن. بۆ بوونی هەواڵ و خەبەر لەسەر کاناڵی سەرتاسەری دەنگ و رەنگ گوتیان، ئەوان هەر زۆر پیرۆزن و هەر بۆ باسکردن نابن.

**کوردناسی: بە بڕوای ئێوە ئاشنایی کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ زمانە جۆراوجۆرەکاندا چەندە دەتوانێت یارمەتی بە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردیی بکات؟**

**عەزیز شێخانی:** بە بڕوای هەموو مرۆڤێکی سەردەم فێربوونی زمان و ئاشنابوون بە فەرهەنگ و مێژووی گەلانی دیکە کارێکی جێگای رێز و پێ زانینە. بە ئاشنا بوون بە زمان دەتوانین لە راز و رەمزی کولتووری و پێشکەوتن و قۆناخە دیارەکانی مێژووی ئەو نەتەوانە تێبگەین. لە رێگای ناسینی ئەدەبیات، شێعر و دەقە جۆراوجۆرەکانی دەتوانین لە جیهانی رەنگا و رەنگی زۆر نەتەوە و کەمایەتی شارەزا بین. بە چوونە ناو گەلانی دیکەی جیهان دەتوانین کێشە و گرفتی خۆمان بە جیهانیتر بکەین و سرنج و بیرو

ڕای خەڵکی دیکەی بۆ لای ئەو کێشەیە رابکێشین. ناسینی زمان و ئاشنا بوون بە کولتووری بێگانە لە سەر ڕێڕەوی قووڵ و لۆژیکیانە دەبێتە هاندەر و ڕێگا پیشاندەر بۆ ناسینی کولتووری خۆمان. بۆ دارشتنەوەی سەر لە نوێی پاشخانی سەردەمیانەی کولتوور و تەنانەت دۆزینەوەی ڕێگاکانی پاراستنی داب و نەریتی خۆماڵی، کە لەگەڵ پێشکەوتن و رەهەندەکانی سەردەمدا دژایەتیان نیە. ناسینی زانتسیانە و بە بەرنامەی کولتوور و فێربوونی زمانی ئەوان فێری ئەوەمان دەکات چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ زمان، داب و نەریت و بنەما کولتووریەکانی خۆماندا بکەین.

لە ڕێگای کۆمەڵگای کوردییەوە و کوردەکانی دیاسپۆڕاوە جۆرێک شوێنەوار لە سەر کۆمەڵگای کوردیی نێوخۆی کوردستان دێتە کایەوە. لە دنیای ئەمڕۆدا و بەبوونی کەل و پەلی راگەیاندن و تەنانەت دەنگ و رەنگی کوردی و هتد زۆر بابەتی تایبەت بە کولتوور، زمان، فەرهەنگ و داب و نەریتی ناوچە جیاجیاکانی جیهان دێتە نێو بازنەی کۆمەڵگای کوردییەوە. بەڵام ئاخۆ ئەو ئاشنایەتیەی کوردانی دەرەوە بە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوە و وڵاتانی پێشکەتووی جیهانی چ دەورێکی کاریگەری دەبێت لە سەر بەرە و پێشچوونی کولتووری نەتەوەی کورد دا؟ بە بڕوای من ئەو شوێنەوارە لایەنی ڕێژەیی هەیە و لە بنەڕەتدا قسەی یەکەم ناکات. لە ڕێگای دوورەوە و بە هۆکاری جۆراوجۆر زۆر زەحمەتە کوردانی دیاسپۆڕا ببنە مۆتۆڕی ئاڵوگۆڕی چالاک و پتەوی کولتووری. بۆ درووستکردن و بەرپاکردنی مەیدانی گەشەکردنی کولتوور دەبێت لە نێو کۆمەڵگا دا جووڵە و بزووتنەوە بێنە کایەوە. لە ئەگەری سەرهەڵدان و بزووتنەوەی بەرفراوانی نێوخۆیی نەتەوە دەتوانێت لە سەر هێڵ و ڕێگای گەشەکردن بکەوێتە ڕێگا. دیارە بە بوونی کاناڵی دیاریکراو، هێزی بژاردەی دەرەوە و نێوخۆ دەتوانن لە سەر رەوت و ڕێبازی ئاڵوگۆڕەکان بە تایبەت کولتووری شوێندانەر بن. لێرەدا نابێت باڵانسی گەشەکردنی کۆمەڵگا

لەبیر بکەیین، چوونکە پێشکەوتنی کولتووری و هەمە لایەنە لە سەر بنچینەی بەرفراوانی ئاڵوگۆڕ و نوختە دیارەکانی کۆمەڵگا چەق دەبەستێت.

بێگومان دنیا لە ئاڵ و گۆڕدایە و کۆمەڵگای کوردیش و یەک لەوان بوونی کوردانی دەرەوەی نیشتمان کەم و زۆر دەکەونە ژێر پاڵە پەستۆی ئەو ئاڵوگۆڕانە. ئەو کوردانەی دەرەوەی وڵات بە رێژەی توانا و هێزی خۆیان دەتوانن ببنە بزوێنەرێکی رێژەیی، بەڵام ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر سێبەری تەوژمی بەربەرینی دنیا و ناوچە. ئەگەر باس لە پێشکەوتنی هەمە لایەنە و بەرینی کۆمەڵگا بکەین، دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی لە بیر نەکەین. هەتا ئەو کاتەی دەسەڵاتێکی دێموکڕاتیک و گەلیی ئیدارەی خەڵک نەکات، پێشکەوتن زۆر زەحمەتە. ئەگەر ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە کوردیش بێت بە هەمان شێوە لە بەردەم بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگادا بەربەست دروست دەکات. بە بڕوای من دەسەڵاتی سیاسی و وشیاری کۆمەڵانی خەڵک و کولتووری دەسەڵاتداری هێزی کێش و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگان. هەر کاتێک دەسەڵاتی سیاسی وڵات توانی بە روونی و ئاشکرای پلان و بەرنامەی جۆراوجۆر لە سەردەستی کەسانی پسپۆڕ و لێزان دابڕێژێت، ئەو کاتەیە کە هەنگاوەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگا دەست پێدەکەن. بوونی تاکی کورد لە دەرەوەی وڵات وەک خۆی هێزی گۆڕان نیە، بەڵام لە کۆکردنەوەی ئەو تاکانە و هێز و وزەی ئەواندا دەکرێت هێزێکی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی بێتە کایەوە. کۆمەڵگای کوردی و زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ئەوکاتەی واز لە رەهەندی کلاسیکی ئیدارەی کۆمەڵگا و لەپاش راگیرانی تاک هەڵنەگرن، ناتوانن پێ بنێنە مەیدانی گەشەکردنی سەردەمیانە و داهاتوویەکی بەختەوەر بۆ نەوەکانی داهاتوو بنیات بنێن.

**کوردناسی: گۆڕانی زمانی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کارێکی زۆر ئەستەمە و ڕەنگە مەحاڵیش بێ. ئەگەرچی خەلکی کورد بە زاراوەی جۆراوجۆر قسە دەکەن، بەڵام بە هۆی کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی و سیاسی، کوردی هەر بەشێک لە کوردستان بە زمانەکانی وەک (عەرەبی، فارسی و تورکی) ش تا ڕادەیەکی باش قسە دەکات. ئێستا ئێوە ڕاتان چییە دەربارەی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی دووهەمی خەلکی کورد؟ ئاخۆ ئەم زمانە دەتوانێت بۆشاییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانست و پەروەدە و فێرکردن و پسپۆڕیدا پڕ بکاتەوە؟ چۆن دەبێت بوار بۆ پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا پێک بهێنرێت؟**

**عەزیز شێخانی:** ئەو کار و پرۆسەیە رامیاری و هەستیارە و پێویستی بە بڕیاری سیاسییەوە هەیە. کوردستان ئەمڕۆ دابەش و کەرت کراوە. ئەو تایبەتمەندییە لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا شوێندانەر بووە و هەیە. تا کاتێک کوردستان نەتوانێت ببێتە خاوەنی سەروەری سیاسیی خۆی ئەو رەوتە بەستراوەتەوە بە نەتەوە سەر دەستەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا. ئەوە کە زمانی ئینگلیسی ببێتە زمانی دووهەمی کوردەکان و ببێتە جێگرەوەی زمانەکانی وەک فارسی، تورکی، عەرەبی لە کوردستاندا وەک باسم کرد، بۆ کۆمەڵگای ئەمرۆی کورد ئیمکانی نیە. هەر چەندە ئێمەی کورد و نەوەی تازە پێگەیشتووی ناوچە دەزانین، کە زمانی ئینگلیسی زمانی سەروەر و نەتەوە باڵادەستەکانی جیهان و بازاڕە و تێکنۆلۆژیایە، بەڵام بە ئاکام گەیاندنی هەر رەوتێک پێویستی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە یەکێک لەو تایبەتمەندیانە کات و زەمانە.

مەڵبەندی ژیانی ئێمە مەیدانی پێک گەیشتنی کولتووره جیاوازەکان بووە. مێژووی کۆن و رابردووی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاڵ و وانەی زۆری تێدایە، کە خەڵکەکەی ئامادە نین بە ئاسانی لە دەستی بدەن. ئەگەر سرنج بدەینە رابردووی چەند سەت ساڵ لە مەو بەر وڵاتێکی وەک ئینگلیس دەزانین،

که زمانی فەرمی فەڕانسەوی بووە و ئینگلیسی تەنیا زمانی قسەکردن بووە. ئەمڕۆ جیهانی ئێمە گۆڕاوە و دەسەڵاتی سیاسی، بازرگانی، ئابوری و پێشکەوتنە زانتسیەکان ڕۆڵی گرینگیان هەبووە لە سەر پتەو بوونی بەستێنی سوود وەرگرتن لە زمانی ئینگلیسی.

کورد بە خۆناسینی زیاتر و گەشەکردنی ناسنامەی کوردیی دەتوانێت بگاتە خاڵی هاوبەش بۆ ئەوەی زمانی ستانداردی نووسینی هەبێت. لە ئەگەری بوونی ئەو ڕێباز و ئەگەرەدا کورد دەکرێت بیر لە ڕەوت و پلانی پەروەردە و فێرکردن بکاتەوە و ریزبەندی و ئامادەکاری بکات بۆ دانانی زمانی بێگانە. ئاشنابوون بە زمانی بێگانە و شارەزا بوونی نەتەوەی کورد لە زمانە زیندووەکانی سەردەم رۆڵ و کاریگەری بە هێزیان هەیە لە سەر ئاشنا بوون بە جیهان و بیرۆکەی سەردەمیانەی نەتەوە و بیرمەندە ناودارەکانی ناوچە و دنیا. لە ڕێگای فێربوون و خوێندنی زمانە زیندووەکانی سەردەم و یەک لەوان ئینگلیسی، کورد دەتوانێت لە زۆر مەیدان دا کاراتر و هەڵسووڕتر بێت، ئاڵوگۆڕ و مێژووی سەرکەوتنەکان دەیسەلمێنن، کە مرۆڤ یەک شەوە ناتوانێت ببێتە مەلەوان و شارەزا لە هوونەری مەلەکردن دا.

ئەگەر مەبەستت ئەوەیە، کە کورد واز لە زمانی کوردیی بێنێت و زمانی ئینگلیسی بکاتە زمانی نووسین و پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن، ئەمەش بیرۆکەیەکی دژوارە و ڕەنگە لە لۆژیکی ئەمڕۆی کوردستاندا و تەنانەت داهاتووشدا زۆر سەرکەوتوو نەبێت. ئەوەی کە هیندوستان کردوویەتی، مەرج نیە بۆ کوردستان سەرکەوتوو بێت. هێندوستان خاوەنی سەدان ملوێن حەشیمەتە و بێجگە لەوە لە نەتەوە و کەمایەتی زمانەوانی، ئایینی و زاراوەیی ڕەنگاوڕەنگ پێکهاتووە. زۆربەی نەتەوەکانی دنیا لە هەوڵی پاراستنی زمانی زکماکی خۆیاندان و بۆ ئێمەی کورد زۆر سەیرە بەدەستی خۆمان بێین زمانی دایک لە بیر بکەیین و زمانی ئینگلیسی وەک زمانی سەرەکی بە کاربێنین.

ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکرێت لە هەناوی کۆمەڵگادا بن و خەڵک لە سەر دەمی ئەمڕۆدا بەشدار بکرێت لەو بەرنامە و ئەو پڕۆگرامانەی کە ژیان و ماڵ و داهاتووی دەخەنە ژێر پاڵەپەستۆ. باسەکان زۆرن و هەر کام لە ئێمە رەنگە بە جۆرێک بیرمان لە زۆر رێگا کردبێتەوە. ئەوەی گونجاوەو نەتەوە و گەلانی دیکە تاقیان کردۆتەوە، ئەوەیە کە بوونی قەوارەیەکی سیاسی و ناوچەیەکی جۆغرافیای دیاریکراو بەردی ژێرخانی زۆر ئاڵوگۆڕە. ئێمەی کورد لە ژێر ئەو دەسەڵاتانەی کە تێدا دەژین ئازادی بڕیاردانمان نیە و بوون و مێژوومان شێوێندراوە. ئەگەر کوردستان لەگەڵ دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەستی دێموکڕاتیک جیران و هاوسێ بایە، ئاسۆی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە ئاسانتر دەبوو. لە سەردەمی ئەمڕۆ و لەسەدەی 21دا نەتەوە باڵا دەستەکانی زاڵ بە سەر کوردستان مافی بریاری چارەنووسیان لە کورد زەوت کردوە و لەو هەل و مەرجەدا کورد ناتوانێت وەک نەتەوەیەک لە زۆر بواری تایبەت چارەنووس سازدا بریار بدات و بەشدار بێت.

**کوردناسی: ئێستا ئێوە راتان چییە دەربارەی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی دووەمی خەلکی کورد؟ ئاخۆ ئەم زمانە ئەتوانێت بۆشاییەکانی زمانی کوردی لە بواری زانست و پەروەدە و فێرکردن و پسپۆڕیدا پڕ بکاتەوە؟ چۆن دەبێت بوار بۆ پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا پێک بهێندرێت؟**

**عەزیز شێخانی:** بە لای منەوە زمان لەگەڵ ئەوەی پێکهێنەری مانای جیهانی مرۆڤە، پێکهێنەری روانگەی مرۆڤیشە. لە بیرکردنی زمانی دایک و پەنا بردن بۆ زمانێکی وەک ئینگلیسی نە چارەسەرە و نە رێگایەکی ژیرانە. فێربوونی زمانی جۆراوجۆر هوونەرە و بە بڕوای من یەکێک لە دینەمۆکانی بەرەو پێشبردنیی کۆمەڵگای مرۆڤە. ئەوە کە ئایا زمانی بێگانە و زمانێکی وەک ئینگلیسی دەتوانێت کەم و کوڕیەکانی زانستیی زمانی کوردی لە هێڵی پەروەردە و فێرکردن پڕ بکاتەوە زۆر ئاسان نیە وەڵام بدرێتەوە و پێویستی

به لێکدانەوەیەکی زانستی و بەربڵاو هەیە. کێشەی هەر گەورە لە دابەشبوونی نەتەوەی کورد و کوردستان بە سەر چەند دەوڵەتی دەوروبەر دایە، کە بوونەتە بەربەستی گەشەکردنی سرووشتی زمانی کوردی. نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەت و تەنانەت ئۆتۆنۆمیەکی پڕ بە مانای وشە، لە بەردەم بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە هەموو قۆناخەکانی پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵگا و ئیدارەدا ڕێگر بووە. کوردستان وەک واحیدێکی جۆغڕافیای و بە گوێرەی سرووشتی دابەشبوونەکەی لە زمانی نەتەوە سەردەستەکانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سوود وەردەگرێت. بۆ وێنە لە تورکیە زمانی تورکی لە گەڵ ئەوەی بۆتە زمانی فەرمی کار، خوێندن و بازاڕ لە هێندێک بواردا بۆتە زمانی قسەکردنی ماڵ و خێزانی کوردەکانیش. لە ناوچەکانی کرماشان و هێندێک ناوچەی سنە ڕژیمەکانی ئێران هەوڵیان داوە، کە ڕێژەی وشەی زمانی فارسی لە ڕستەی کوردیدا ببێتە هۆکاری شێواندنی قەوارەی ڕستە و زمانی کوردی. ناوشیاری کوردەکانی ئەو ناوچەیە بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕە زمانەوانیەکان و سیاسەتی ڕژیمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچە بەستێنێکی ئەوتۆی خوڵقاندووە، کە کوردەکانی ئەو ناوچەیە شێوازی قسەکردن و تەنانەت ڕستە سازی، وشەی بە کارهێنراو و داڕشتەی ئەدەبیات لە سەر وەزنی زمانی فارسی دەکەن و بە زمانی کوردی ئەسیل و تۆخی دادەنێن.

بە هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە جێنشینکردنی زمانی دیکە لە جیاتی زمانی دایک هەڵەیەکی لۆژیکیە، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە. زمانی دایک زمانی هەست و ئیحساسە و بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان جێگرەوەی نیە. ئەگەر مەبەست لە زمانی ئینگلیسی بە کار هێنرانی بێت لە تەنیشت زمانی دایک ئەوە شتێکی دیکەیە و خۆ هەر ئێستاش لە ئێران، عێراق، سووریە و تورکیە دەخوێندرێت و لە کوردستانیشدا بەهەمان شێوە و فۆرمی وڵاتە زاڵەکانی سەر کوردستان دەخوێندرێت. بۆ پڕ کردنەوەی لایەنی زانستی زمانی کوردی ئەگەر مەبەست دەستەواژە و ناوەدیارەکانی زانست بێت دەکرێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مەسەلەکان کار بۆ ئەوەبکرێت، کە ئەگەر لە زمانی کوردیدا هێندێک وشە و دەستەواژەی پێویست نەبوون ئەوا

هەر لە زمانەکانی زیندووی دونیا وەریبگرین. ئەگەر مەبەستیش بە کارهێنانی زمانی ئینگلیسیە وەک زمانی لێکۆڵینەوە و کار پێکردنە، ئەوەش جێگا و کار و فەزای تایبەت بە خۆی دەوێت. بۆ وێنە ئەگەر لە داهاتوودا لە کوردستان ناوەندێکی زانستی هەبوو، کە لە زۆر نەتەوەی دیکە لێکۆڵەرەوە و پسپۆری تێدابوو دەتوانین بڵێین زمانی ئینگلیسی بە زمانی لێکۆڵینەوە و کارکردن لەو ناوەندە پێناسە و دیاری بکرێت، بەڵام لە هەموو مەیدانەکانی کۆمەڵگای کوردیدا ئەم کارە ناکرێت. ئێمە وەک نەتەوەیەکی بن دەست زۆر جیاوازیمان هەیە، لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی سەروەری سیاسیی خۆیانن و لە وڵاتی خۆیاندا بڕیار بە دەستن. بۆ ئێمە زمان نوێنگە و ناسنامەی نەتەوەییە و پەرەپێدان و پاراستنی زمانی دایک لە پەرەپێدان و هەوێنکردنی هەست و ویستی ماف خوازییدا دەورێکی کاریگەری دەبێت.

**کوردناسی: بیرو رای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نوسی دوو زمانەوە چیە؟ تا بە ئیمرۆ فەرهەنگ گەلی جۆراوجۆر لە زمانەکانی ئینگلیسی، سوئیدی، ئەلمانی، فارسی، عەرەبی و ... بە کوردی یا بە پیچەوانەوە نوسراون. رای ئێوە لە بارەی فەرهەنگ نوسی دوو زمانە کوردییەوە چیە؟ میژوی فەرهەنگ نوسی لە نیوان کوردەکانا کەی دەس پیکراوە؟ فەرهەنگ نوسی لە نیوان کوردەکانا لە میژوی هاوچەرخدا چون ئەبینی؟**

**عەزیز شێخانی:** فەرهەنگی زمان یان دیکشێنێری پردی نێوان دوو زمان بە حیساب دێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە جێگای خۆیەتی هەڵوێستەیەک لە سەر پەڕتووکی وشە بکەیین. پەڕتووکی وشە بریتیە لەو پەڕتووکە، کە وشەکان بە گوێرەی ریزی ئەلف و بێی زمانی مەبەست دادەڕێژرێت و لە بەرامبەردا مانا و لێکدانەوەی وشەی زمانی مەبەست دەنووسرێن. فەرهەنگ یا پەڕتووکی وشە لە سەر بنچینەی زمانەکان دادەڕێژرێن. پەڕتووکی وشەی دوو زمانە یان یەک زمانە هەر دووکیان هەڵگری بەستێنی زمانی دوان، قسەکردن و نووسینن. پەڕتووکی وشە جۆری هەیە و بە ئەندازەی پێشکەوتنی

زمانەوانی و هەروەها ئاستی بەکارهێنانی زمان گەشەی کردووە و دابەشبووە. ئەگەر چاوێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا و تەنانەت زۆر زمانی بچووکی نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەکان بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە فەرهەنگی زمانەوانی ئەوان چەندە بەرینە. ئەو نەتەوانە بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمانی ستانداردی دایک و گەشەپێدان و زیندوو راگرتنی لە زۆر بواری تایبەتدا خاوەنی پەڕتووکی وشەن. هەر چەندە رەنگە ئەو پرسیارە لە سەر پەڕتووکی گشتی دوو زمانە بێت، بەڵام بۆ روونکردنەوەی زیاتری پرسیار و وردتر چوونە نێو باسەکە خەراپ نیە ئاماژەیەکی کورت بە جۆرەکانی پەڕتووکی وشە بکەین. پەڕتووکی وشە دەکرێت دوو یان چەند زمانە بێت. ئەو فەرهەنگانە بە سەر جۆرەکانی وەک پەڕتووکی گشتی و ئاسایی، سەردەم، زاراوەکان، پیشەیی، بەربڵاو و کورتکراوە، زانستیی، یەک زمانی و شیکردنەوە و هتددا دابەش بکرێن.

سەبارەت بە نووسینی ئەو پەڕتووکانە بە تایبەت دوو زمانە و سێ زمانە دەبێت بڵێم، بە گشتی کارێکی باشە. بەڵام فەرهەنگ و پەڕتووکی وشە چۆن، کێ و لە سەر چ بناخەیەک دادەڕێژێت؟ ئەو فەرهەنگانەی کە ئێستا بە زمانی کوردی بوونیان هەیە، زیاتر لە چوارچێوەی پەڕتووکی وشەی گشتی دان. بەتایبەت زۆر جار دیتراوە کەسێک تەنیا وەک ئۆگری بە کاری ئەدەبی دەستی داوەتە کاری کۆکردنەوەی وشە و وەسەر یەکخستنەوەی وشە. لە هەمووی گرینگتر ناوەندێکی دیاریکراو و زانستی نیە، کە چاوەدێری بە سەر نێوەرۆک و ئاستی پەڕتووکی وشەدا بکات. ئێمەی کورد هەرچی دەیبیستین و دەیبینین زیاتر وەک فاکت و راستی چاوی لێدەکەین. ئەو کولتوورە مەیدانی رەخنە ناهێڵێت و نووسەری بابەت و بەرهەمی نووسەر دەکاتە لاپەڕەیەکی پیرۆز، کە تاکێک نەتوانێت رەخنەی ئاراستە بکات. ئەو کولتوورە لە مەیدانی سیاسەت و رامیاریدا زۆر باوە. بۆ وێنە زۆر بە کەمی هەوڵدراوە کردار، نووسین، قسە و بڕیارێکی سەرۆک حیزبێک بخرێتە ژێر تیشکی رەخنە. کولتووری زمانەوانی

ئێمە لە سەر دوو ستوون و کۆڵەکەی پێهەڵلاگوتنی زۆر و پشتەملە کوتانی خراپی تاک و دەستە و هتد چەق دەبەستێت.

لە کاری فەرهەنگ و پەڕتووکی وشەدا کورد زیاتر چاولێکەرن تا خولّقێنەر. ئەگەر چاو لە هێندێک پەڕتووکی وشەی مامناوەندی بکەین و لەگەڵ پەڕتووکی وشەی زمانێکی جیران وەک فارسی، عەرەبی یان تورکی بەراوردی بکەین دەزانین، کە پەڕتووکی کوردیە کە زیاتر وەک کۆپی ئەو پەڕتووکی وشانە وایە. بەشێک لەو پەڕتووکی وشانە خۆشیان لە سەر بناخەی تەقلید و کۆپی فەرهەنگی زمانە ئوروپایەکان داڕێژراون. بە بڕوای من ناکرێت ئەوەی کراوە بە چاوێکی کەم نرخ چاوی لێبکەین، بەڵام دەبێت پەڕتووکی وشەی کوردی لە هەموو جۆرەکانی لە سەر ڕێڕەوی تازە و بە مێتۆدی سەردەمیانە و بە هوونەری زانستی تاو بدرێن. بە شێوازێکی تازە دەکرێت کاری پەڕتووکی وشەنووسی بە زۆر هۆکاری جیاواز لە سەر دۆخی تازە و بە ڕێنوێنی و توانای کەسانی پسپۆڕ دەست پێبکات.

لەوەدا گومانم نیە، کە شارەزابوون لە زمانێکی بێگانە سوودی زۆر هەیە و تەنانەت سوود وەرگرتن لە زمانە زیندووەکانی جیهان بۆ داڕشتنەوەی پەڕتووکی وشە زۆر پێویستە. زمانەکانی جیهان وشەی تازە وەردەگرن و پێشکەوتنە هەمەلایەنەکان مەیدانی زۆر بۆ لە دایکبوونی وشەی تازە دادەتاشن. هەر وڵاتەی کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیی بێت ناوەندێکی تایبەت بە زمانی هەیە، کە لە ڕەوتی کات و سەردەمدا باسەکانی تایبەت بە وشە و زمانەوانی دەورووژێنن و تەنانەت هێندێکیان یارمەتیدەرن و سوود و کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژە و وشەکان روون دەکەنەوە. لە نێو زمانی کوردیدا بێجگە لە پەڕتووکی دوو زمانە پێویستمان بە پەڕتووکی زاراوەکان بە شێوازی، زانستی، پیشەیی، گشتی تازەکراوە و هتد هەیە. کارکردن بۆ دانانی فەرهەنگی زاراوەکان و دوو زمانە و هتد ئەگەر لە سەر ئەساس و بنچینەی

سۆز و عاتیفە و تەوژمە سیاسیەکان بن، ئامانجی خۆیان ناپێکن و ئاکامی خەراپیان لێدەکەوێتەوە.

بە باوەڕی من ئێستا کورد لەو بارووەدۆخە دایە، کە رەنگە نەتوانێت بە گشتی خۆی لە کێشی سیاسیی رزگار بکات و دابەشبوونی کوردستان و ناوچەگەرای لە سەر دۆخی لە دایکبوونی پەڕتووکی وشەکان بە شێوازی لانی کەم شاراوە دەور و رۆڵی دەبێت. بوونی زمانی کوردی لەو بارووەدۆخەی کە تێیدایە مەیدانی ئانارشیزمی خوڵقاندووە و زۆر کەس و تاک لە بەر رق و کینەی تایبەت بەرامبەر بە زاراوەیەک هەر چەندە پسپۆڕی زمان نین، بەڵام هات و هاواری زۆر دەگرنەوە بۆ ئەوەی بۆ وێنە زاراوەیەک نبێتە زمانی ستانداردی نووسینی پارچەیەکی کوردستان. وەک نەتەوەی کورد پێویستمان بە زیاتر خۆ ناسین و خۆ ساخکردنەوە هەیە، لە زۆر بوار و مەیدانی تایبەتدا. یەکێک لەو مەیدانانە زمانی کوردییە، کە دەکرێت ببێتە سەرەتایەکی گونجاو و لە بار بۆ زۆر ئاڵوگۆری گەش. زمان پێوانە و پردی لێکدانەوە و لێک تێگەیشتنی نێوان تاکەکانە و ئەگەر زمانێکی قبوڵکراوەی هەمەلایەنە و ستانداردمان هەبێت بێگومان ئاستی فیکری و شێوازی بیرکردنەوەی ئێمەش دەگۆڕدرێت. بە پەروەردە بوون و گەشە کردن لە سایەی زمانێکی پاراو و خزمەت کراو دا، کەسایەتی تاک زیاتر چەقەرە دەکات. تاک و دواتر کۆمەڵ و تەنانەت نەتەوەیەک دەکرێت خۆی لە نێو وشە و کۆنسێپتەکانی زمان و پەڕتووکی وشەکانیی دا بدۆزێتەوە. ئاستی بەربڵاوی و هەمەلایەنە بوونی پەڕتووکەکانی وشە باس لە جیهان و دنیای کولتووری، سیاسی، ئابوری، وەرزێڕی، پەروەردە، منداڵ، سرووشت، ژینگە، ئەمرۆ، داهاتوو و تەنانەت شێوازی هەڵسوکەوتەکان دەکەن. کورد کاتێک دەبێتە خاوەنی ئەو زمانە، کە خۆی خۆش بوێت و بوونی خۆی بە کەم نەگرێت. لە رێگای کار و تێکۆشانی بەردرێژ و هەمە لایەنەدا کورد دەتوانێت دەرگایەک بەرەو دوارۆژ بکاتەوە و بوونی خۆی لە نێو کۆمەڵە زمانەکانی جیهاندا نیشان بدات.

# زمان و وەرگێڕی کورد

**دیالۆگێک لەگەڵ ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم وەرگێڕی زمانی هولەندی**

**کوردناسی: گەلێک تیۆری جۆراوجۆری زمان هەن کە زمان وەک ئامرازی پێوەندیگرتن پێناسە ئەکەن، بەڵام هەندێک لە زماننناسەکان زمان بە تەواوەتی لەم چوارچێوەیەدا پێناسە ناکەن، بەڵکو لە بەرهەمهێنانی ئەندێشەدا بە گرنگی دەزانن. ئێوە وەک وەرگێڕیک چ پێناسەیەکتان بۆ زمان هەیە؟**

**ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم:** سەرەتا دەمەوێت بەرلە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یەک سەرنجی بچوک بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان ئەویش سەبارەت بە چۆنیەتی دارشتنی پرسیارەکانە، من تا رادەیەک هەست بەوە دەکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم پرسیارانەدا تێکەڵاوکردنێک هەیە لە نێوان زانستی زمان و هونەری وەرگێڕان، مەرج نیە ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکات قاڵەوەبووی زانستی زمان بێت و خۆی بە زانینی تیۆرەکانی زمانەوە ماندوو بکات چونکە کاری وەرگێڕان زۆر جیاوازترە لە کاری توێژینەوە لەسەر خودی زمان، بۆیە باشتر وابوو ئەم پرسیارە سەبارەت بە تیۆرەکانی وەرگێڕان بکرایە، یاخود ئاراستەی کەسانێک بکرایە کە پسپۆڕ بونایە لە بواری زانستی زماندا نەک پسپۆڕ بن لە بواری وەرگێڕاندا..

سەبارەت بە تیۆرەکانی زمان من شتێکی زۆر کەم دەزانم. چەند نوسراوێکی پسپۆڕی بەناوبانگی ئەمەریکی (نوم چۆمسکی- ١٩٢٨-) سەبارەت بە سایکۆلۆژی زمانم خوێندۆتەوە وێرای هەندێک شتی دیکە لێرەو لەوێ لەبەر ئەوە ناتوانم سەبارەت بە تیۆرەکانی زمان لێکدانەوەم هەبێت.

سەبارەت بە پێناسەیەک بۆ زمان من پێم وایە پێناسەی زمان رۆژ لەدوای رۆژ لەگەڵ مەزن بوونی رۆلی زماندا دەگۆڕێت بۆ نمونە لە پێناسە کلاسیکیەکاندا زمان مەرجی بون یا خود مانەوەی نەتەوەکانە تەنانەت هاوشانی خاک هەمیشە زمان دەکرایە رەگەزی سەرەکی بۆ ناسینی میلەتێک، مامۆستا هەژاریش لە فەرهەنگەکەی خۆیدا (هەمبانە بۆرینە) لە یەکەم دێڕدا دەڵێت (زۆر لە رۆژ ئاشکراترە ؛ پێناسی گەلان لە جیهان، دروشمی نەتەوایەتی،ئامیانی رەگەزایەتی زمانەو بەس).

چۆمسکی یەکێک بوو لەو پسپۆڕانەی کە لە بواری زانستەکانی زماندا شۆڕشێکی زۆر گرنگی بەرپا کرد و کۆمەڵێک گۆڕانکاری تازەی خستە نێو پێناسەی زمانەوە بە تایبەت کاتێک کە لێکۆلینەوەکانی لەمەڕ (سایکۆلۆژی زمانەکان) خستە روو ئەمەش لە رێگای شرۆڤەکردنی مرۆڤەکان لە رێگای زمانەوە یاخود لێکۆلینەوەی نەتەوەکان لە رێگای زمانەوە، کاتێک لێکۆلینەوە وردەکانی خۆی لەمەڕ بینای وشەکان و رستەکان و چۆنیەتی دەربڕینیان دەخستە روو.

ئەگەر سەرنجی پەرەسەندنی تەواوی زمانەکان بدەین ئەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا لەگەڵ هەموو شۆڕشێکدا لە بواری بەرهەم هێناندا زمان قۆناغێک چۆتە پێشەوە، ئەو زمانەی کە کاتی خۆی شەکسپیر(١٥٦٤-١٦١٦) شاکارەکانی پێ نوسیوە زۆر جیاوازە لەو زمانە ئینگلیزیەی کە ئەمڕۆ بەکاردێت، هەروەها زمانی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی جیاوازە لە زمانی ئەمڕۆمان کە بە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و کۆمیونیکەیشن (communication) ناو دەبرێت.

لە سەردەمی ئەمڕۆی جیهانیزەبوون (گلۆبالیزەیشن globalization) دا، زمان رۆلی تازە و نوێ دەگێڕێت، ئەمڕۆ ئیتر زمان لەگەڵ زانست و "مەعریفە" (Knowlogy) و تەکنەلۆژیادا بە جۆرێک تێکەڵ بووە کە خەریکە خۆی دەبێتە

بەشێک لەوان بەمجۆرە بەهۆی ئەم تێکەڵ بوونە ئالۆزەوە زمان رۆلی سیاسی و ئابوری و تەنانەت سەربازیش بۆخۆی دەبینێت. ئەو باڵ و کوتلە زمانیانەی کە ئەمڕۆ هەن بۆ نمونە کوتلەی زمانی ئینگلیزی (ئەمەریکا و بەریتانیا و کەنەدا- بەشە ئینگلیزیەکەی-)، کوتلەی زمانی فەرەنسی کە ناسراوە بە کوتلەی فرانکۆفۆنی و کوتلەی نوێی ئەڵمانی (ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا) جگە لە سەلماندنی ئەو راستیە هیچی دیکە ناسەلمێنن. کەواتە لە چرکەساتی ئەمڕۆدا زمان ئەو داردەستە سیاسی و تەکنەلۆژی و ئابووری و سەربازی و مەعریفیەیە کە بوون و هەیمەنەی کەسێک یاخود نەتەوەیەک پێشان دەدات.

**کوردناسی:** هۆی چییە کە ئەمڕۆ خوێندنەوە زماننا‌سییەکان لە جاران گرنگترن؟

**رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم:** رێکخراوی یۆنسکۆ لە راپۆرتێکی خۆیدا گرنگی زمان بەم خاڵانە دەخاتە روو:-

**یەکەم** - هۆکارێکە بۆ دەستگەشتن بە سەرچاوەکانی زانست و مەعریفەت.

**دووەم-** وەرگرتن و برەوپێدانی ئەو زانیاری و مەعریفانە لە رێگای حاڵی بوون لێیان.

**سێهەم-** وەگەڕخستنی زانیاری و مەعریفەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

**چوارهەم-** بەرهەمهێنانی مەعریفەتی نویَ لەرێگای ئەنجامدانی ڤەکۆلینەوە.

**پێنجەم-** پێچانەوەی زانیاری و مەعریفەی کۆن و تازەبوونەوەی بەردەوام.

ئەو پێناسەی یۆنێسکۆ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەمڕۆی سەردەمی مەعریفەدا زمان بایەخی پلە یەکەمی هەیە چونکە زمان هۆیەکی گرنگی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوەی مەعریفەیە لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لەتەواوی ئەو وڵاتانەی کە بەهرەمەندن بە تەکنەلۆژیا و مەعریفەت کارکردنی بەردەوام لە زمان و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوەیدا لە تەواوی بوارەکانی (تیۆری، مەعجەمی، فێربوونی، فێرکردنی، بەکارهێنانی، ئەرشیفکردنی، دۆکیومێنت کردنی...هتد) بۆتە کارێکی یەکجار گرنگ.

هۆکارەکانی ئەوهەموو بایەخدانە بە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەر- چاوەیەکی یەکجار هەستیار و گرنگ ئەویش ئەوەیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا فەرهەنگ و چاند و کوولتوور پەلی هاویشتۆتە نێو بچوکترین دەمار و شادەماری کۆمەڵگاکان، لەبەر ئەوەی زمانیش کۆڵەکەی بنەڕەتی فەرهەنگ و چاندە کەواتە لێرەوە زمان خۆی لەگەڵ بچوکترین پێکهاتەی نێو ریستەورانتێکی مەکدۆنالدێک هەتا گەورەترین رۆکێت کە لە ئۆقیانوسەوە ئاراستەی نێو ئەشکەوتەکانی تۆرابۆرا دەکرێت خۆی تێکەڵ کردووە.

بەم جۆرە زمان لە تەواوی پرۆسە (ئابوری، سیاسی، زانستی، تەکنەلۆژی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، رۆشنبیری، میدیایی ... هتد) بەشداری دەکات، پێمخۆشە چەردەیەک لەسەر وردەکاریەکانی ئەم بەشداربوونەی زمان بدوێم:-

**یەکەم – پرۆسە ئابوریەکان:-**

هەروەک ئاشکرایە لە بازاڕی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا زۆرترین و گرنگترین کڕین و فرۆشتن لەنێو بازاڕی (ئایتی- Information Technology) دایە، ئەم بازاڕە تەنها بازاڕی مۆبیل تەلەفۆن و کۆمپیتەرو دیڤیدی ناگرێتەوە بەڵکو تەواوی ئەوهەموو ماشین و ئامیرو ئامرازانە دەگرێتەوە کە ئەقڵی ئەلکترۆنی و

ڕۆبەرت و پرۆگرامین ڕۆلی سەرەکی تیادا دەبینێت، هەموو ئەم شمەک و کالاّیانەش بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر تیادا تەنها زمانی ئینگلیزی زالّە بەسەریدا یا خود لە بنەڕەتەدا بەرهەمی زمانی ئینگلیزی بووە.

بازاڕێکی دیکەی یەکجار گەرمی دنیادا ئەو بازاڕو بانک و کردەوانەن کە بە شێوەی گەرماوگەرم و زیندوو (online) ئەنجام دەدرێن، ئەمەش لەڕێگای بەستنەوەی بازاڕەوە بە تۆڕەکانی ئەلکترۆنی، لەم بوارەدا تەنها سەیری فرۆشی گوگل و یاهو بکە و هیچی دیکە مەلّێ...

دووەم – پرۆسە سیاسیەکان:-

زمان لە دێر زەمانەوە سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە بۆ وەدەستخستنی هێزو دەسەلاّتی سیاسی، بۆ پەکخستن و کوشتنی میلەتانیش هەموو داگیرکارێک لە زمان و کوولتوورەوە کەوتۆتە وێزەی میلەتی داگیرکراو بڕوانە تورکیا لەو ڕێگایەوە چی کارەساتێکی بەسەر کوردەکانی باکوردا هێناوە کە تەنانەت هەندێکیان بە نەنگی دەزانن ئەگەر بە کوردی بپەیڤن یا خود هەر هیچ نەبێت چەندان ملیۆن لەو کوردانە زمانی خۆیان نازانن و بە مێشک و زمانی داگیرکار بیردەکەنەوە، هەموو هەولّەکانی دەولّەتی تورکیش بۆ داخستنی کەنالّە کوردیاکانی وەک میدیا تی ڤی و مەد تی ڤی و ڕۆژ تی ڤی هەر لەو چوارچێوەیەدا پیادە دەکرێت.

لە دەولّەتانی ئەورووپیشدا کە باس لە گلۆبالیزەیشن و لابردنی سنورەکان و نەهیشتنی پارەی نیشتمانی دەکرێت لە بواری زماندا بە جۆرێکی دیکە مامەلّە دەکرێت و ئەو ولاّتانەی کە لە زماندا هاوبەشن پێکەوە کوتلەی هاوبەشی زمان پێکدەهێنن (هەروەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا). ئەمڕۆ ئەگەر تەماشای ئەستێرەکانی جیهانی سیاسەت و دیپلۆماسیەت بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە

ئەو ئەستێرانە بە ئینگلیزی قسان دەکەن، جلی ئیتالی لەبەر دەکەن، بە مارسیدیس هات و چۆدەکەن، بۆن و پەرفۆمی فەرەنسی لەخۆدەدەن...

**سێهەم – پرۆسە زانستیەکان**

ئەمڕۆ لە زۆر بەشە زانستیەکاندا زانستی زمان وەک کۆڵەکەیەکی زۆر گرنگ پشتی پێ بەستراوە، مەنهەجی(تیۆریزەکردنی زمان) لە زۆرێک لە بەشە زانستیەکانی دیکەدا پشتی پێ بەستراوە بەتایبەت لە زانستی بیۆلۆجیای نوێدا.

**چوارهەم – تەکنەلۆژی**

زمان بنەرەتی تەکنەلۆژیای مەعلومات(ئایتی)یە، بە بێ بوونی زمانێکی زیندوو کە توانای بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و نۆژەنکردنەوەی مەعریفەی هەبێت مەحاڵە بتوانین تەنها هەنگاوێکیش بەئاراستەی خێراو سەرشێتانەی ڕەوڕەوەی گلۆبالیزەیشن هەنگاو هەڵگرین، لێرەدا وەک تاکێکی کورد ئەم پرسیارە لەخۆمان دەکەین کە داخوا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆچی بەرهەمەکانی خۆی بە زۆربەی زمانەکان دەخاتە بازاڕەوە و سەرمایەکانی خۆیی پێ زیاتردەکات کەچی بە زمانی کوردی تاقە یەک بەرهەمیشی نییە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە هەتا ئەمڕۆ زمانی کوردی وەک زمانی ستاندارد بوونی نیە، کارەساتەکە لێرەدا تەواو نابێت بەڵکو لەوەدا تەواو دەبێت کە ئەم کەماسیە لە زمانی کوردیدا بۆتە هۆی بێبەش کردنی کورد لەو تەکنەلۆژیا زەبەلاحە.

**پێنجەم – کۆمەڵایەتی**

زمان لە پێکهێنانی دارشتەی کۆمەڵایەتیدا گەورەترین رۆڵی بەرچاوی هەیە، هەر بەهۆی زمانەوەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا بیرورا جیاوازەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕدەکەن، لێکۆلینەوە زانستیەکانی کۆمەڵناسی دەمێکە ئەو راستییەیان سەلماندووە کە ئەو کەسەی زمانی دایکی خۆی نەزانێت هەرگیز ناتوانێت بەبێ خەوش و کەموکورِی بۆچونەکانی خۆی دەربرِێت، بەڵکو لەوەش زیاتر لە هۆلاندا لێکۆلینەوە لەسەر کۆمەڵێک کەسانی بێگانە ئەنجام درا کە ئاکامدا دەرکەوت زۆربەی ئەوانەی لە کۆمەڵگادا پێگەشتون و خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵاتی گونجاون لەو کەسانە پیکهاتوون کە بە منداڵی زمانی دایکی و زگماکی خۆیان زۆربە باش زانیوە، بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە توشی فیاسکۆ هاتون زۆربەی هەرە زۆریان زمانی دایکی خۆیان باش نەزانیوە، بێگومان لێرەدا پرسی شوناس دیسانەوە دێتەوە گۆرِی لەبەرئەوەی ئەوکەسانەی کە زمانی دایکی خۆیان نەزانیوە لەمەرِ ئینتیما بۆ شوناسی خۆشیان توشی تەنگەژە هاتوون.

هەمان ئاریشە سەبارەت بە کوردی خۆشمان لە گۆرِێدایە، ئەگەر سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەکانی باکوری کوردستان بکەین ئەوە لاوازی هەستکردن بە ئینتیما بۆ کوردستان و کۆمەڵگای کوردی لە لایەن رێژەیەک لە کوردانی ئەو دەڤەرە هۆیەکەی هەر نەبوونی زمانێکی کوردی ئەوتۆیە کە هەمویان پێکەوە گرێ بدات، ئەوەتا لە باکوری کوردستاندا کە نزیکەی چواریان پێنج زاراوەی کوردی هەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی جڤاتی ئەو دەڤەرە بەسەر چوارو پێنجدا دابەش بکاتەوە و نەتوانن بە زمانی رەسەنی کوردی خۆیان پێکەوە قسان بکەن.

بە هەمان شێوە لە بوارەکانی پەروەردەیی و رۆشەنبیری و میدیایدا زمان گەورەترین رۆڵی هەیە، لە بواری پەروەردەییدا زۆر سادە بڵێین پەروەردەیەکی سەرکەوتو بە زمانێکی زیندوو ئەنجام دەدرێت کە خاوەنی وشەدانێکی هێندە دەوڵەمەند بێت بتوانێت لە سەردەمی زانیاریە زۆر و لێشاوەکاندا زۆرترین برِی

زانیاری له بوارەکانی فێرکردندا بگەیەنێت، چونکه ئەوەی فێردەبێت دەتوانێت بزانێت، کاربکات، بەرهەمی هەبێت و خۆی به کەسێکی بەنرخ له کۆمەڵگادا بزانێت.

له بواری رۆشنبیریدا هێنده بەسه که سەردەمی رێنیسانسی ئەورووپا له سەدەکانی چوارده هەتا شازده وەک نمونه باسکەین که چۆن پێشکەوتنی زمان بووه هۆی داهێنانه ئەدەبیەکان و ئەو شۆڕشه مەزنەی لێکەوتەوە، لەمەڕ میدیاکانیشەوه ئەمڕۆ هەر لەڕێگای ئەو میدیایانەوه زمان کراوەته باشترین کەرەسه بۆ بڵاو کردنەوەی ئایدۆلۆژیای خوازراوی خاوەن میدیاکان و وەک جەنگێکی دەرونی ترسناک بەکار دەهێنرێت، زۆر جار دەگوترێت کێ خاوەنی میدیا بێت ئەوه شەڕەکه دەباتەوە، بەڵام من دەڵێم کێ خاوەنی زمان بێت ئەوه میدیا دەباتەوە.

**کوردناسی: چۆن دەروانننه زمانی هۆڵەندی؟ ئەو بەربەستانه چین که رێگا لەوه دەگرێ که پەنابەرانی کورد به باشی فێری زمانی هۆڵەندی ببن؟ ئاخۆ زمانی هۆڵەندی وەک زمانی ئینگلیزی خاوەن کارکردگەلێکێ بەرفراوانه؟**

**رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم:** زمانی هۆڵەندی له بنەڕەتدا یەکێکه له کۆمەڵەی زمانی هیندوئەورووپایی، ئەو کۆمەڵه زمانەش بۆ خۆی کراوه به شەش بەشەوه (هیندی، ئێرانی، ئەوروپی، سلاڤی، رۆمانی، لاتینی و جەرمانی) له کۆمەڵەی زمانی جەرمانیشەوه زمانگەلێکی وەک ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەسکەندەنافی و هۆڵاندی و فلامی پەیدابوون، کەواته زمانی هۆڵاندی دەگەڕێتەوه بۆ درەختی زمانه جەرمانیەکان.

زۆربەی زمانه جەرمانیەکانیش لەوانه هۆڵاندی دەربڕینی تەواو جیاوازه له گروپەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی به تایبەت له کۆمەڵەی زمانەکانی هیندی و

ئێرانی و سلاڤی، کەواتە لێرەدا ئەو راستیە دێتە ئاراوە کە هۆڵاندی لە شێوازی گۆکردن و دەربڕیندا تەواو جیاوازە لەو زمانانەی دیکە کە ناومان بردن.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێک دەپەیڤن یەکێکە لە مەرجە سەرەکیەکانی گەشەسەندن و پێشڤەچونی زمان، هەر ئەم هۆیەش وایکردووە کە زمانی هۆڵاندا هەمیشە لە دەرەوەی سنوری خۆیدا بە کار هێنانی دیاری کراو بێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆی قەتیس بوون و قورستر بوونی ئەو زمانە لە ناوخۆی وڵاتدا.

ئەگەر سەیری مێژوی هۆڵاندا بکەین بۆمان ئاشکرا دەبێت کە گۆڕانکاریە سیاسیەکان رۆلێکی زۆر گرنگیان هەبوو لە گەشەسەندنی ئەو زمانەدا، وێرای ئەوەش سەردەمی رێنیسانس کە بە سەردەمێکی زۆر زێڕینی ئەوروپا ناوزەد دەکرێت کاری زۆر گرنگی کردە سەر سەرلەنوێ بنیات نانەوەی زمانی هۆڵەندی، ئەوێ دەمێ ئەمستەردام یەکێک بوو لە پایتەختە گرنگەکانی فەرهەنگ و سیاسەت لە ئەوروپا و خۆری فەرهەنگ و سیاسەت لە ئەمستەردامەوە هەڵدەهات، ئا لەو کاتەدا ئیتر هەوڵەکانی یەکخستنی زمان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە بەردەوام بوو، واتە بەر لە ٥٠٠ ساڵ لەم وڵاتەدا پرۆسەی یەکخستنی زمانی وڵات و رزگار کردنی لە سەدان زاراوەی پەرش و بڵاو لە گۆڕێدا بوو.

هەڵبەتە ئەم پێشەکیە بۆ ئەوە باس دەکەم تا بەڵگەی ئەوە بە دەستەوە بدەم کە زمانی هۆڵاندی بە پێچەوانەی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی لە پانتاییەکی جوگرافی زۆر بچوکدا بەکار هاتووە، وێرای ئەوەش لە ئەنجامی یەکخستنی چەندین زاراوەی پەروش و بڵاو هاتۆتە ئاراوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانەکە زۆر لەوە ناخۆشتر و قورستر بێتە بەر گوێ کە پێشبینی دەکرێت.

وشەی داتاشراو یەکێکە لە خەسلەتەکانی ئەم زمانە، بڕوا ناکەم هیچ زمانێک وەک هۆڵاندی پڕکرابێت لە وشەی داتاشراو کە ئەمەش لە راستیدا

ئاستەنگێکی هێندە گران دەخاتە بەردەم کەسانی بێگانە کە دەربازبوون لێی کارێکی زۆرو کاتێکی زۆری لێدەخوازێت.

بەکارهێنانی ئیدیۆم لەم زمانەدا هێندە بڵاوە کە مرۆڤ وەڕس دەکات، ئەم بەکارهێنانە زۆر بە بڵاوی پەلی کوتاوەتە نێو میدیاکان و تەنانەت خەڵکانی عەوامیش، ئەمەش بۆخۆی وادەکات کە هەرچەندە مرۆڤ لە زمانەکەدا زاڵ بێت بەبێ زانینی پاشخانی وشەکان و ئیدیۆمەکانی ئەو گەلە لە زۆر دەستەواژە و رستە حاڵی نەبێت.

ئایا کەسێک هێندە بە قورسی و ناخۆشی فێری ئەو زمانە بێت و پاشان ئەوەش بزانێت کە ئەو زمانە لە پانتاییەکی جوگرافی زۆر بچوکدا بەکار دێت دەبێت بە چ هەوەس و خولیایێکەوە شەنوکەوی ئەو زمانە بکات؟

<u>ئەو بەربەستانە چین کە رێگا لەوە دەگرێ کە پەنابەرانی کورد بە باشی فێری زمانی هۆڵەندی ببن؟</u>

بەربەستەکان زۆرن یەکێک لە گرنگترین بەربەستەکان خودی زمانەکەیە کە یەکجار ناخۆش و قورسە، وێرای ئەوەش دەربڕین و گۆکردنی وشەکان دیسان بە قورگی کورد زۆر زەحمەتە (جگە لەوانەی کە لەم وڵاتە لە دایک دەبن) ئەمەش وادەکات کە هەندێک جار پەیڤین بە زمانی هۆڵاندی قورستر بێت وێرای ئەوەش بەرامبەرەکەت بە زەحمەت لێت حاڵی بێت...

هۆکاری دیکەش زۆرن لەوانەش قورسی و گرانی ئەو مەرجانەی کە بە پەنابەران دراوە بۆ مانەوە لەم وڵاتە، کەم کەس هەیە لەم وڵاتەدا چەندین ساڵ چاوەڕوانی ئەوە نەبوبێت کە داخۆ ماوەی مانەوەی پێدەدەن یاخود دەردەکرێت، زۆر جار ماوەی چاوەڕوانی گەشتۆتە ٥ یان ٧ یان١٠ ساڵ، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو کەسە وەک میوان لەو ماڵەدا بێت و زۆر خۆی بە فێربوونی زمانەکەوە ماندوو نەکات.

هۆکارەکانی دیکەش بریتین لە نەخوێندن و کارنەکردن و تێکەڵ نەبوون لە گەڵ کۆمەڵگادا، هەروەک بۆ زۆر کەس ئاشکرایە رەنگە پەنابەری کورد یەکێک بێت لە ماندووترین پەنابەری کۆچ کردوو یا خود باشتر بڵێم هەڵهاتوو، کە ماوەیەکی زۆری دەوێت تا لە بنەمای ژیانی ئەم وڵاتە فێر دەبێت کە تازە بۆتە وڵاتی دووەمی خۆی، وێرای ئەوەش لەبەر ئەوەی تاکی کورد هەمیشە لە دەرەوەی دەسەڵاتدا ژیاوە نرخی خوێندن و فێربوونی زمان هێندە لەبەرچاو ناگرێت...

ئاخۆ زمانی هۆڵەندی وەک زمانی ئینگلیزی خاوەن کارکردگەلێکی بەرفراوانە؟

هەرگیز.... نەک تەنها زمانی هۆڵاندی بەڵکو فەرەنسیش ناتوانێت وەک زمانی ئینگلیزی خاوەن کارلێکێکی فراون بێت، لە یادمان نەچێت کە کاتی خۆی ئینگلیز لە سەردەمی ئەمپەریالی خۆیدا زمانی خۆی هەتا ئەمەریکاش برد، ئەمەش بووە هۆکاری بڵاوکردنەوەی زمانەکە، هەرچەندە هۆڵانداش چەندین وڵاتی دنیای داگیرکردووە بەڵام ئەو نەیتوانیوە وەک زمانی ئینگلیزی خۆی بەسەر تەواوی دنیادا بسەپێنێت ئەمەش هۆکارەکەی زۆر ئاسانە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی سیاسی وئابوری، لە یادمان نەچێت کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلستانەوە سەری هەڵدا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شمەک و کەلوپەلی بەرهەم هاتوی ئینگلیز شاڵاو بۆ تەواوی دنیا بەرێت و زمانەکەش بەسەر بازاڕ و جوگرافیای دنیادا دابەش بکەن، ئەمڕۆش پانتایی زمانی ئینگلیزی (بەریتانیا و ئەمەریکا و ئوستراليا...هتد) هێندە پانتاییەکی گەورەی سیاسی و ئابوری و سەربازین لە دنیادا کە هیچ وڵات و بستە خاکێک ناتوانێت خۆی لە کارلێکی ئەو زمانە بپارێزێت._

**کوردناسی: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دنیای پێشکەوتوو لە بواری زمانەوانیدا، کورتبوونەوەی وشەکان یان بەکاربردنی وشەی بیانی**

**(ئینگلیزی)یە. ئێوە جیاوازی نێوان زمانی گفتوگۆی توێژی لاوان و توێژی بە ساڵاچوان لە نێو کۆمەڵگەدا چۆن دەبینین، ئایا ئەم جیاوازییە لە ولاتی هۆڵەندادا بە زەقی بەرچاو دەکەوێ؟ بەگشتی چ جیاوازییەک لە نێوان زمانی لاوان و گەروەساڵاندا بەدی ئەکەن؟**

**ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم:** کورت بونەوەی وشەکان لە دوو بواری جیاوازدا بەدیار دەکەون، یەکەمیان بواری فەرمی دەوڵەتە و دووەمیان بواری گشتی ناو خەڵکە، زۆربەی هەرە زۆری زارەوەکان و ناوە دیارەکانی دەوڵەت بە کورتی ئاماژەی بۆدەکرێت ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەم بۆ گوێی بیستەر ئاسان بێت و هەم بۆ گەیاندنی پەیامەکە بە خێرایی و بە کورتی ئاسانتر بێت، دیارە هۆکاری ئەمەش بریتیە لە پتەوی بناغەی زمانەکە و دەوڵەتەمەند بوونی بە تێرمە جیاوازەکان و بەجەستەبوونی یاسا و دامەزراوەیی دەوڵەتە، ئەمانە هەموو بونەتە هۆکاری ئەوەی کە پێویستی کورتکردنەوەی وشەکان خواستێکی زۆر گرنگ بێت...

بەڵام لە لایەکی دیکە سەیر دەکەین کە تەکنەلۆژیا بۆ خۆی ئەوەی سەپاندووە چونکە لە دنیای ئەمڕۆدا کە گرفتێکی زۆر گەورەی وەک (گرفتی زۆر بوون و کەڵەکە بوونی زانیاری) تەنگی بە خەڵکی هەڵچنیووە ئەمەش وادەکات کە زۆربەی وشەکان یاخود تێرمەکان تا ئەو مەودایەی کە دەکرێت و شیاوە کورت بکرێنەوە، لێرە سەرگورشتەی دایکێک باس دەکەم کە شەوێک لەگەڵ کچە هەرزەکارەکەی لەسەر کۆمپیتەر دادەنیشێت بزانێت ئەم کچە چی دەنوسێت و باسی چی دەکات، بەڵام سەرئەنجام دایکەکە بەوە توشی شۆک دەبێت کە لە قسە و نوسینەکانی کچەکەی تێناگات، کاتێک لە کچەکەی دەپرسێت ئەوە چییە و واتای چییە کچەکەی پێی دەڵێت خۆت ماندوو مەکە ئەمە زمانێکی تایبەتە بە ئەنتەرنێت و وابە ئاسانی فێری نابیت! کەواتە هەر لەم نمونەیەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە جیاوازی لە نێوان زمانی لاوەکان و پیرەکان تا رادەیەکی زۆر بەدی دەکرێت بەڵام لە هەموو بوارێکدا نا...

**کوردناسی**: به درێژایی تەمەنی وەرگێرانتان (زارەکی یان نووسراو) ئاخۆ زمانی کوردی توانای گەیاندنی پەیامی هەبووە، واتە لە کاتی وەرگێڕانی هۆڵەندی بۆ کوردی وشەی وا هەبووە کە هاوتا کوردییەکەتان نەدۆزیبێتەوە؟ زمانی کوردی چ کێشە و گرفتێکی دیکەی بۆ وەرگێڕی کورد پێک هیناوە؟

**رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**: هەڵبەتە ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک بە پرسیارێکی رۆتینی دەزانم لەبەر ئەوەی گومان لەوەدا نییە کە هەموو زمانێکی ئەرورووپی لە چاو زمانەکانی خۆرهەلاتدا بە تایبەت کوردی بەراورد ناکرێت، ئەمەش تەنها لەبەر هۆکاری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی نییە بەڵکو ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە هۆکاری نەبوونی دەسەلات و دەوڵەت و زمانی یەکگرتووە.

لێرەدا من خۆم دەپرسم مەبەست لە پرسیارەکە کامە زمانی کوردیە؟ ئاخر هەتا ئەمرۆ زمانێکی کوردی ستاندار بوونی نییە. ئەگەر مەبەست لێرەدا ئەو زمانەیە کە لە باشوری کوردستان بەکاردێت یا خود باشتر بڵێم ئەو زمانەی کە پارلەمانی باشوری کوردستان بەکاری دەبات ئەوە دیسان دەکەوینە هەڵەیەکی مەزنەوە چونکە هەتا ئەمڕۆ بە فەرمی دیار نییە کە لە باشوری کوردستان کامە زمان وەک ستاندارد کراوەتە زمانی حکومەتی کوردی، هەتا ئەم ساتە لە بەشی بادینان زمانی کوردی فەرمی زاراوەی بادینیە و لە بەشەکانی دیکەش زاراوەی سۆرانی (بەچەند بەشێکی جیاوازی) ەوە.

لە هۆڵاندا سێ زمانی کوردی بەکار دێت بۆ مامەڵە لەگەڵ پەنابەری کوردا

**یەکەم** - سۆرانی

**دووەم**- بادینی

سێهەم- کرمانجی

لەبەر ئەوە لامان سەیر نەبێت کاتێک کە کوردێک داوای وەرگێڕ دەکات داوای وەرگێڕی کوردی بۆ ناکرێت بەڵکو داوای وەرگێڕی زاراوە کوردیەکانی بۆ دەکرێت ئەمەش بۆ خۆی باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە زمانی کوردی وەک زمانێک خاوەنی ستانداری زمان بێت بوونی نییە. بەڵێ ئێمە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی دیاری کراوین لە باشوری کوردستان، خاوەنی حکومەت و دەسەڵات و کەناڵەکانی میدیاین، بەڵام ئەو کەناڵ و قەوارە سیاسی و پارت و حیزبانە زۆرجار خۆیان بونەتە هۆی دابەش کردن و لەت کردنەوەی زمانی کوردی بۆ نمونە تۆ بۆ رەگەزی مێ (کچ، ژن، ئافرەت، خوشک، هتد) بە کاردێنیت بۆ وشەی شاگرد واتە قوتابیش (خوێندکار و شاگرد و خوێندەڤان و هتد) بەکار دێنیت هەموو ئەم دابەش کردنانە بۆخۆی دابەشکردن و پاوانکردنی وشەکانە لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکاری زیاتر لەتکردن و پەرت کردنی زمانی کوردیە نەک یەکخستنی...

سەبارەت بە دەسەڵاتیش (کە لێرەدا مەبەستم لە دەوڵەتە) ئەوەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی سەرەکی کێشەکەیە، لەبەر ئەوەی کورد هەتا ئەمرۆ دەوڵەتی نییە دەتوانم بڵێم زمانیشی نییە، رەنگە ئەم وەڵامە زۆر کەس نیگەران بکات بەڵام بەداخەوە بەر لە هەموو کەس خۆم نیگەرانم لەبەر ئەوەی ئەوە راستیە، فەرموو بنوارە لە پانتایی گەورەی تەکنەلۆژیادا چ بستێک بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە؟ لە جوگرافیای دنیای گلۆبالیزەکراودا لە شۆڕشی کۆمیونیکەشن و تەکنەلۆژیا و مەعریفەدا پێگەی ئێمەی کورد لە کوێدایە؟ بێگومان هیچ دەنا کوا مۆبیل تەلەفۆنی زمان کوردی (مەبەستم ئەوە چەند دانەیە نییە کە لە کۆریا بە خاتر و خۆتر دروست کراوە بەڵکو مەبەستم لەو زمانە ستانداردانەیە کە لەناو مۆبیل تەلەفۆنەکاندا داونلەود کراون)؟ کوا ویندۆزی کوردی، کوا ئۆفیس و وۆردی کوردی؟ کامە بەرهەمی ئەلکترۆنی

سەردەم لە کامیرا و کۆمپیتەر و ژمیار و دیفیدی و سیدیدا زمانی کوردی بەدی دەکرێت؟

کەواتە زمانی ئێمە لە تەکنەلۆژیا و زانست و مەعریفە دابڕاوە، کە واتە بەڵێ زمانی کوردی ناتوانێت وەک پێویست پەیامی خۆی بگەیەنێت..

ئەوەی کە تایبەتە بە کاری وەرگێڕان تا رادەیەک زەحمەت ترە، وەرگێڕ لە کاتی کارەکەی خۆیدا رۆژانە مامەڵە لەگەڵ وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و پەندی پێشینان و چەندین زاراوەی دیکەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و دەرونی و هتد دەکات، لەبەر ئەوەی وەرگێڕ هەرگیز ناتوانێت لەهەموو ئەو زانستانەدا سەر دەرکات ناچاردەبێت فەرهەنگ بەکار بێنێت، زانستەکانیش چەندە لق و پۆپی جیاوازیان هەیە ئەوەندەش فەرهەنگی تایبەت بەو زانستانە لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا هەیە، تەنانەت فەرهەنگی تایبەتی سێکسیش هەیە کە ئەمە بۆ خۆی بابەتێکە هێشتا لە نێو کۆمەڵگای کوردی و زۆربەی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتیەکان تابووە، داخوا ئەو فەرهەنگانە بە کوردی چنگ دەکەون؟ نەخێر چونکە زمانی کوردی لە مێژوی رابوردوی خۆیدا تەنها سەرقاڵی ئەوە بووە کە خۆی لە مردن بپارێزێت و بەدەست داگیرکەرانی لەنێو نەبرێت، لەبەر ئەوە هەرگیز مەودایەکی ئەوتۆ نەبووە بۆ ئەوەی کە کوردیش وشەدانی خۆی لە نێو دەریای بێبنی زانستدا وەگەڕ بخات، ئێمە ئێستا باس لە هۆڵاندا و زمانی هۆڵاندی دەکەین، لەم وڵاتەدا ساڵی ١٧٩٥ بۆ یەکەم جار هەڵبژاردن ئەنجام دراوە و ساڵی ١٨٤٨ بۆ یەکەم جار دەستوری وڵات نوسراوە، تەنها بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و نوسینی دەستور پێویستیمان بە سەدان یا خود هەزاران زاراوەی تایبەت هەیە، کەواتە ئەو زاراوانە لە زمانی هۆڵاندیدا سەدان ساڵە هەیە و پەرەدەسەنێت، بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا تەنها لە بەشی باشور هەڵبژاردن چەند بەهارێک تەمەنی هەیە و دەستوریش جارێ هەر بەڕێوەیە و تەواو نابێت. ئەم نمونەیەم بۆیە باسکرد بۆ ئەوەی لەو گرفتە مەزنە ئاگاداربین کە زمانی کوردی (مەبەستم زمانی کوردی سۆرانیە) چەندە

گرفتی گەورەی هەیە لە (زمانە زانستیە روتەکان)، کەواتە هەرگیز زمانی کوردی ناتوانێت هاوتای زمانەکانی دیکە پەیامی مەبەست بگەیەنێت.

**کوردناسی: ئاخۆ وەگێرە کوردەکان تاکو ئیستا چ کتێبێکیان لە بوارەکانی وەرگێرانی رێزمانی هۆڵەندی بۆ زمانی کوردی یان فەرهەنگی هۆڵەندی بۆ کوردی یان بە پیچەوانەوە، یان لە بوارەکانی دیکەی وەک فەلسەفە، کۆمەڵناسی یان ئەدەب و هتد تەرجومە کردوە یان نووسیوە؟ تکایە لەم بارەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەن. وەرگێرانی دەقە ئاکادیمییەکانی زمانی هۆڵەندی بۆ سەر زمانی کوردی چ یارمەتییەک بە زمانی کوردی دەکا؟**

**رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم:** لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەدا دەکەوینە بەردەم دووڕیانێک ئەویش ئەوەیە کە هەوڵی جدی و باش لە هەوڵی خراپ و سەرپێیانە و لە پێناو مەبەستی تایبەت جیا بکرێتەوە، لەم بوارەدا دەتوانم بڵێم هەوڵی باش دراوە و نوسین و وەرگێڕانی باشیش کراوە، بۆ نمونە رۆمان نوسێکی کورد بە ناوی (ئیبراهیم سەلمان) چەندین رۆمان و شعری بە هۆڵەندی نووسیون کە هەموو کارەکانیشی کاری کوردین واتە بەرهەمی کوردین بەڵام وەک کوردێکی هۆڵاندی بە زمانی هۆڵاندی نووسیونی کە ئەمەش کارێکی زۆر باش و ئەرێنییە، بەڵام سەبارەت بە فەرهەنگ هەندێک کار کراون کە بەداخەوە لە هەندێک حاڵەتدا زیانی بە زمانی کوردیش گەیاندووە، دەتوانم بڵێم رەوەندی کوردی بەتایبەت رەوەندی باشوری کوردستان (ئەمەش لەبەر زۆری ژمارەیان) لە روپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان و لەسەر شاشەی تەلەفیزۆنەکاندا بە دیار دەکەون، دەتوانم بڵێم کە وەرگێڕان لە زمانی هۆڵاندیەوە بۆ کوردی زۆر زیاترە وەک لە وەرگێڕان بە پێچەوانەوە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قورسی و نارەحەتی زمانی هۆڵاندی...

سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقە هۆڵاندیەکان بۆ کوردی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی پێم باشە ئاماژە بە خاڵیکی زۆر گرنگ بدەم ئەویش خودی زمانی کوردیە، بە داخێکی زۆرەوە دەتوانم بڵێم خەوشێک لەم خاڵەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر وەرگێڕی کورد دەبێت وێرای هۆلاندی زانین کوردیەکەشی زۆر باش بێت، بەڵام زۆر جار ئەمە بەدی ناکرێت، تەنانەت لە هەندێک وەرگێڕاندا زۆر جاران مرۆڤ بەزەیی بە زمانی کوردیدا دێتەوە، کەواتە لێرەدا هێندەی پێویستە ئاماژە بە چۆنیەتی و کواڵیتی وەرگێڕانەکە بدەین هێندە گرنگ نییە کە چەند دانە کتێب یا خود نوسراو کراون بە کوردی یان بە هۆلاندی.. ئەوەی من سەرنجی دەدەم ئەوەیە کە هەتا ئێستا سێ جار فەرهەنگی کوردی- هۆلاندی چاپکراوە بەڵام هەر سێ جارەکە بە ئاشکرا دیارە کە تەنها لە فەرهەنگی عەرەبی یاخود فارسی سود وەرگیراوە واتە هۆلاندیەکە لە فارسی یاخود عەرەبییەوە کراوە بە کوردی نەک راستەوخۆ لە هۆلاندیەوە! کە ئەم کارەش نەکردنی گەلێک باشترە لە کردنی...

**کوردناسی: تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕیکی پیشەیی لە روانگەی ئیوەوە چییە؟ ئاخۆ وەرگیرە کوردەکان توانیویانە بە شێوەی سەردەمیانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی زمانی کوردی و هۆڵەندیدا بگونجینن؟**

**ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**: لە ڕوانگەی منەوە تایبەت مەندی وەرگێڕ لە سێ خاڵی زۆر گرنگدایە کە ئەمانەی خوارەوەن

**یەکەم -** زۆر بە باشی هەردوو زمانەکە وەک یەک بزانێت و زاڵ بێت بە سەریدا

**دووەم -** لە ئیدیۆم و کوولتورو فەرهەنگی هەردوولا شارەزایی باشی هەبێت

**سێهەم -** رۆژانە بە هەردوو زمان ئاگاداری روداوەکان بێت و بە هەردوو زمان لە خوێندنەوە و نوسینەکان ئاگادار بێت.

ئەگەر ئەو سێ خاڵەی سەرەوە سەرنج بدەین ئەوە تێدەگەین کە وەرگێڕی پرۆفێشناڵ (پیشەیی) کارێکی زۆر زەحمەت و قورسە ئەمەش دەکەویتە سەر خودی وەرگێڕ، بەڕای من ئەم خاڵە پەیوەندی بە خودی کەسەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری و سەلیقەی خودی وەرگێڕەوە هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تا چەند وەرگێڕ خەمخۆری زمانەکەی خۆیەتی و کاری بۆ دەکات، هەتا چەندە کارەکەی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام وەرگێڕ هەیە تەنها بۆ پارە پەیدا کردن ئەو کارانە دەکات دیارە ئەمەش سودێکی ئەوتۆی بۆ خزمەتکردنی زمان نابێت.

<u>ئاخۆ وەرگیرە کوردەکان توانیویانە بە شێوەی سەردەمیانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی زمانی کوردی و هۆڵەندیدا بگۆنجینن؟</u> ئەم کارەش دەکەوێتەوە سەر شانی خودی ئەوکەسە ناتوانین بۆ وەڵام- دانەوەی ئەم پرسیارە بێژین بەڵێ یاخود نەخێر، بەڵکو دەبێت لێرەدا هەر کەسێک وەک خۆی سەیر بکرێت، وەرگێڕ هەیە رۆژانە خۆی پێش دەخات و خزمەت بە زمانەکەی خۆی دەکات، وەرگێڕیش هەیە چاوەڕوانی ئەوە دەکات سەری مانگ پارەکەی بۆ دابەزێتە سەر ژمارە بانکیەکەی.

**کوردناسی: ئاخۆ بوونی زاراوە و شیوەزارەکانی زمانی کوردی لە کاتی وەرگێڕانی زارەکی زمانی هۆڵەندی بۆ کوردی، وەرگێری تووشی کێشە کردوە یان نا؟**

لیبراڵەکان پاراستنی مافی سیاسیی و هاووڵاتی بوونی تاک بە شێوازێکی گرینگ دادەنین، لە مەڕ پاراستنی مافی کەمایەتیەکاندا. لە زۆربەی وڵاتەکاندا بەئاشکرا ئەو بیرۆکەیە قبوڵکراوە کە بۆ پاراستنی جیاوازیەکانی نێوان کلتوورەکان پێویست بە یاسای تایبەت و جێبەجێکردنیی تایبەتیە. ئەمانە لە مافی هاونیشتیمانان، واتە لە بواری گشتییەکەیدا جیادەبنەوە. لەبەر ئەوەی کە دامەزراندنی ئەم جۆرە مافانە لەسەر بناخەی بەستراوبوون بە فەرهەنگ و تاقمێکی تایبەتیەوە دامەزراوە، ئەم جۆرە مافانە بە ناوی مافی دەستە و تاقم ناوبانگیان دەرکردووە. ئەم مافانە سێ دەستەن: مافی خۆبەڕێوەبردن، مافی پاراستن و گەشەپێدانی کلتووری و مافی نوێنەرایەتی کردن.

## مافەکانی خۆبەڕێوەبردن

مافی خۆبەڕێوەبردن لە درێژخایەندا شکڵ و شێوەی مافی کەمایەتیەکان دیاری دەکەن. بەئاشکرا ئەمانە هەرەشەیەکی گەورە بۆ سەر یەکیەتی دەوڵەت دروست دەکەن. ئەم بابەتە، لە بەشەکانی مافی کلتووری و نوێنەرایەتی کردندا تاوتوێ دەکرێن، ئەوانەی کە ئامانجیان ئاسان کردنەوەی یەکگرتنە. داواکاری مافی خۆبەریوەبەری ئەو خاڵانە لاواز دەکات، کە بە یەکیەتیەکی گەورەتر دەیبەستنەوە و هەروەها دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیار. کەمە نەتەوایەتیەکان باوەڕیان وایە، لەبەر ئەوەی کە ئەوان گەلێکی جیاوازن، هەر بۆیە خاوەنی مافی خۆبەڕێوەبردنن. بیروبۆچوونی مافی خۆبەڕێوەبەریی، لە روانگەی ئەوانەوە بریتییە، لەوەی کە ئەوان هەوڵ دەدەن بەشێکی دیاری کراو لە مافەکانیان بۆ دەسەڵاتی ناوەندی راگوازن و باقی مافەکان بۆ خۆیان بپارێزن. مەبەست ئەوە نیە، کە ئەوان بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە خاوەنی پێگەیەکی لاوازن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چەندان یەکیەتی سیاسی لە ئارادان. (٢٧)

بەردی بناخەی مافی خۆبەڕێوەبردن لەسەر بناخەی ڕاگەیندراوی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە بەندی یەکەمی ڕێککەوتن نامەکەدا بەم شێوەیە هاتووە:

1. هەموو گەلان خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانن. لەسەر ئەم بناخەیە ئەوان بە ئازادی سیستمی سیاسی خۆیان دیاری دەکەن. ئابووری هەڵبژێردراوی خۆیان لەگەڵ بواری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بوارەکانی دیکە گەشە پێدەدەن.
2. گەلەکان بە شێوەیەکی ئازاد مافی کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی سرووشتی خۆیان هەیە، بەو مەرجەی قازانج و سوودی گشتی نەخاتە مەترسیەوە. هەروەها لەسەر چوارچێوەی کاری هاوبەش و کاری هاوبەشی ئابووری نێونەتەوەی و مافی نێونەتەوەیەوە دامەزرابن. بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ حاڵەتێکدا ناکرێت ڕێگاکانی بژیوی ژیان لەگەڵدا بماڵدرێت.

بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەو خاڵانە، تاریفێکی تەواو بۆ گەل نەکراوە. ئەو کۆمیتەیەی کە لە بنەرەتدا نامەکەی ڕێکخست مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە وشەی گەل، خەڵک بوو. بەو واتایە، کە بەکارهێنانی وشەی خەڵک، لە بەکارهێنانی نەتەوە یان دەوڵەت باشترە، چونکە دەستە و تاقمە ئینسانیەکان دەگرێتەوە. ئەوانەی بەیەکەوە دەکرێت دەوڵەت یان نەتەوە پێک بێنن یا ئەوەی کە هەروەکو خۆیان بمێنەوە. لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر تاریفی گەل روون بۆوە، کە ئەم بابەتە خاوەنی دوو رووی بکەر و پێکراوە. لە روانگەی لایەنی بکەریەوە، گەل دەبێت بۆ خۆبەڕێوەبردن خاوەنی یەک ویست و داخوازی بێت. بێجگە لەمە هەست و نیستی لەگەڵ یەکدا بوون، ناسنامەی هاوبەش یا ویست و داخوازی بۆ پاراستنی ئەم ناسنامەیە بۆ خۆبەڕێوەبردنی گەلێک پێویستن. لە روانگەی لایەنی پێکراویەوە لایەنەکانی وەک مێژووی هاوبەش، ڕێوشوێنی

ئاشکرا بۆ جیابوونەوە، ئاین و زمانی هاوبەش و شوێنی ژینگە پێویستن. هاتنە کایەوەی گەل لەسەر بنچینەی ئەم خاڵانە، وەکو ئەوەیە کە بە شێوەیەکی دەستکرد تاقم و دەستەیەکی دیکە بۆ ژیان جێگیر کرابێت. لەلایەکی دیکەوە هەوڵدراوە گەلەکان، لەگەڵ کۆمەڵە کۆنەکان، ئاینیەکان، زمانەوانیەکان و کەمایەتیەکان جیابکرێنەوە. ئەوانەی کە مافەکانیان بە گوێرەی بەندی(٢٧) رێککەوتننامەی مافەکانی هاووڵاتیەتی و سیاسیی (KP) دیاری کراون. (٢٨)

لەپێرەوی رێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکان و دابەندی تایبەت بە بڵاوکراوەی ئەو رێکخراوەیەدا باس لە پێدانی سەربەخۆیی بەو گەلانە دەکرێت، کە لەژێر دەسەڵاتی ئیستعماری دان، یان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی میواندان یان ئەوەی کە داگیرکراون. ئەم بەندە لەسەرەتادا وا لێکدرایەوە، کە گوایە تەنیا ئەوڵاتانەی لێواری دەریا دەگرێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا بوون. ئەم بابەتە بەناوی بابەتی ئاو و دەریایەکان ناوبانگی دەرکرد. دواتر روون بۆوە کە بەیاننامەی رێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان مەبەستی هەموو گەلە ژێردەستەکان بووە. واتە دەبێت مافی سەربەخۆیی بەو گەلانە بدرێت، بە دوور لەوەی کە خەڵکانێکی سپی، رەش یان زەرد پێست بن. یا ئەوەی کە لە دەوڵەتێکی سەرمایەداری، سۆسیالیستی، یا فیۆداڵیدا لە دایک بوون. لە لێکدانەوەدا لایەنی بکەری کەوتۆتە ژێر باری رەخنەو گازندەوە. بەگشتی بە شێوەیەکی رەسمی ئاماژەکراوە ئەگەر گەلان بە ئازادی بژین و بە شێوەیەکی ئازاد لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی یاساییدا بژین، مافی سەربەخۆی رەوانیە. جێگای ئاماژەپێکردنە، لەو شوێنانەی کە لە پێناوی وەدەستهێنانی سەربەخۆییدا ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز هاتۆتە ئاراوە یا لە بەر هۆکاری سیاسیەوە دەستەوتاقمی پەنابەریی لە دایکبوون ئەمە بە زۆر چەوساندنەوەیە. لەو نێوەدا لێکدانەوەکان لەئاستێکی بەربڵاودا سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین، یارمەتیدانی ئەو گەلانەیە کە لە باروودۆخێکی گەلێک جیاوازدا دەژین، وەکو لە ئەفغانستان، دوورگەکانی فاڵکڵەند، کەمبۆجیا، نامیبایا، فەڵەستین و بیابانی رۆژئاوا.(٢٩) گەلە خۆجێیەکان لەسەر بناخەی هۆکارە تایبەتیەکان، مافی

پێکهێنانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە. گەلە خۆجێییەکان بریتین لە ئیندیانیەکانی ئەمریکای باکوور، سامیەکانی باکووری ئۆروپا، بۆریگناڵەکانی ئوستورالیا و ماوریەکانی زیلاندی نوێ. بە گشتی لەدنیادا حەشیمەتی ئەو گەلانە (٣٠٠) ملیۆن نەفەرە کە لە ٧٠ وڵاتی دنیادا دەژین، ئەندامانی ئەو گەلە خۆجێیانە تەنیا ٢٪ حەشیمەتی دنیا پێک دەهێنن، بەڵام لە ٥٠٠٠ هەزار کلتووری جیاوازدا ٨٠ ٪ پێک دێنن.(٣٠)

لە تاریف کردنی ئەو گەلانەدا دەڵێن:

گەلە خۆجێیەکان ئەو کۆمەڵ و گەل و نەتەوانەن، کە لە رووی مێژوویەوە درێژەیان بە ژیانی خۆیان داوە پێش ئەوەی وڵاتەکەیان ئابلۆقەبدرێ لە لایەن وڵاتانی داگیرکەری ئیستعماریەوە. ئەوانەی کە خۆیان بەجیا لە باقی بەشەکانی کۆمەڵگا دادەنێن یا لەو شوێنە دەژین کە پێشتر هەر لەوێ ژیاون. ئەوان بەشێکی نا یەکگرتوو لە کۆمەڵگادا پێک دێنن و دەیان هەوێت ناوچەی دێرین و باستانی خۆیان وێرای پاراستن و گەشەپێدانی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە. ناسنامەی لە مێژینەیان هەمیشە وەکو گەلێک بپارێزرێن، گەلێک کە خاوەنی شێوەیەکی کلتووری تایبەت بەخۆیانن و دام و دەزگای کۆمەڵایەتی و بەرنامەو پەیڕەوی یاسایی خۆماڵیان هەیە. (٣١)

ئەم تاریفەی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ کە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی گەلە خۆجێیەکان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا پێشکەش کراوە. بەکردەوە لە نێوان یاسای وڵاتەکاندا ئەم تاریفەی کە لە گەلەخۆجێیەکان کراوە کەمێک جیاوازی هەیە. چونکە خاوەنی ئەم تایبەتمەندیەکانی وەک رەگەز، لەدایک بوونی بنەچەکە، کلتوور، زمان، ئاین، داب و نەریتی ژیان، قبوڵ کردنی کەسێک بە ئەندامی کۆمەڵ شوێنی ژیان و زانیاری تایبەت بە کۆمەڵە. گیروگرفتی سامیەکان لە فینلەند بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم تاریفەی خوارەوە لە سەر سامیەکان: سامی ئەو کەسەیە کە خۆی بەو مەرجانەی خوارەوە بە سامی بزانێت:

1. که خۆی، یان لانی کەم دانەیەک لە دایک و باوکی یان دایە گەورەی یان بابەگەورەی زمانی سامی وەکو یەکەم زمان فێرببن.
2. ئەو کەسە پاش ماوەی کەسانێک بێت کە لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە دارستانی تونتووری، ماسی گرەکانی لاپلاند، لیستەی ناوی ئەوانەیماڵیاتیان داوە یان لەدەفتەری سەرژمێریدا ناویان هاتبێت.
3. ئەو کەسە لانی کەم ناوی دایک یان بابیان لە لیستەی ئەو کەسانە دابێت، کە خاوەنی مافی دەنگدان بوون لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سامیەکاندا یان لە هەڵبژاردنی ناوەندی ماف واتە مەحکمەکاندا هەبێت. (٣٢)

ئەم تاریفە خەریکە ئاڵوگۆری بەسەردا دێت و نویێ دەکرێتەوە. لە لێکدانەوەی تازەدا قورسای زیاتر دەخرێتە سەر گرنگایەتی ناسنامە و ژیانی ئینسان و ویست و داخوازی مرۆڤ بۆ پاراستنی داب و نەریتەکانی ژیان. لەو نێوەدا زمان خاوەنی گرینگایەتیەکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام ناتوانێ تەنیا گرینگایەتی ئەم لێکدانەوەیە لەسەر ناسنامە بێت.

لەدارشتنی یەکیەتی نێونەتەوەییدا هەنگاوی لە بارو و گونجاو لەمەڕ هەڵسوکەوت کردن بەرامبەر بە گەلە کۆن و خۆجێیەکان دەبینەرێن. یەکەمین و ئاشکراترین بابەت کە ئەم گەلانەی گرتەوە، بابەتی ڕێکخراوی نەتەوە یکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٧ دابوو، کە بە ڕێککەوتننامەی (I LO) ناسراوە. مەبەستی سەرەکی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوەبوو، کە تواندنەوەی ئەو گەلانە لە نێو گەلە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەدا، هەروەها ڕوو بەڕو بوونەوە لە گەڵیاندا لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕۆڵێکی چاودێرانەدابێت. لە ڕێککەوتننامەی ئەو ڕێکخراوەدا لە ساڵی ١٩٨٩ ڕوانگەیەکی ڕاشکاوانەتر سەبارەت بە چاککردنی بارووودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو گەلە خۆجێیانە هاتە کایەوە. سەرنج درایە سەر ئەو خاڵە، کە گەلان بە گوێرەی ئیمکان توانای ئەوەیان هەیە

ئابووری خۆیان بخەنە ژێر چاودێری و بەڕێوەی بەرن. هەروەها بواری کۆمەڵایەتی و کلتووری گەشە پێ بدەن. فینلەند ئەم رێککەوتننامەیەی بە تەواوەتی مۆر نەکردووە. ئەو بابەت و بەڵگەنامانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافی گەلە کۆن و خۆجێییەکان و نێوەرۆکیان لەم دوایانەدا روونترو تیژترن. لەوانەدا ئاماژە بە مافی ئۆتۆنۆمی یا ئازادی دیاریکردنی مافی چارەنووس دەکرێت و لە بەیاننامەکەدا بە ئاشکرا هاتووە، کە بارووددۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوان جیاوازەو دەکرێت مافی ئەوە یان پێ بدرێت، کە لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشداربن. دەبێ گوێ لەو گەلانە رابگیرێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە ماف و بە رژەوەندیەکانیان دەگرنەوە. (٣٣)

ئەگەر تاریفی گەل و کەمایەتی جۆرێک کێشەو گرفتی بۆ یاسازان و پسپۆڕانی ماف دروست کردووە، سەرەرای ئەمەش نێوەرۆکی خۆبەڕێوەبردن لە نێو بەڵگەنامەکاندا بە شێوەیەکی ناڕوون خراوەتە بەرباس. لە کرداردا کۆمەڵێک هۆ بوونەتە مایەی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە، کە بەهیچ شێوەیەک هەموو داواکاریەکانی مافی خۆبەڕێوەبردن لەگەڵ مافی تەواوی سەربەخۆیی یەک ناگرنەوە. لە چوارچێوەی زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا، کە لە چەند نەتەوە پێک هاتوون هێندێک لە نەتەوەکان هەوڵی ئەوەیان داوە مافی چارەنووس لە شێوەی ئۆتۆنۆمیدا لە رووی سیاسیەوە وەدەست بێنن. بۆ ئەوەی کە بتوانن کلتوورەکەیان بپارێزن و بە شێوەیەکی ئازاد گەشە بکەن و مافی نەتەوەکەیان لە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکەدا پارێزراوبێت.

بۆ جێبەجێکردنی بە کردەوەی خۆبەڕێوەبەری لەشکڵی ئۆتۆنۆمیدا چەند رێگا چارەیەکی جیاوازخراونەتە ڕوو. فیدراڵیزم یەکێک لەو رێگایانە کە دان بە مافی نەتەوەکان دادەنێت. لە ژێر تیشکی فیدراڵیزمدا دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و ناوچەکاندا دابەش دەکرێت. لە وڵاتی کانادادا ئەم شێوازە لە ناوچەی Quebeciدا کە ٨٠٪ حەشیمەتە کە بەزمانی فەرەنسی دەدوێن پەیڕەو کراوە. ئەم ناوچەیەی کەنادا خاوەنی مافی خۆبەڕێوەبردنی بەربڵاوە، کە تێیدا

لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردن، زمان و کلتوور هەروەها سیاسەتی تایبەت بە کۆچ بەران پەیڕەو دەکرێن. ئەمانە هەموویان لە بواری پاراستنی زمان و لە روانگەی گەشە پێدانیەوە بۆ کەمایەتیەکە خاوەنی بایەخێکی تایبەتین. (٣٤)

بەشێکی زۆر لە کەمایەتیە نەتەوەیەکان لە رووی ژمارەوە ئەوەندە کە من کە بابەتی فیدرالیزم لەونێوەدا نایەتە بەرباس. لە سەر ئیندیانیەکان ئەم شێوازە لە سالی ١٨٠٠ی زاییندا ئەگەری بوونی هەبوو، بەلام چوونی خەڵکانی لاوەکی بۆ ئەم ناوەندە جێبەجێبوونی ئەم ئەگەرەی بە تەواوەتی ئەستەم و دژوارکرد. هەروەها ئەوەی کە ولاتەیکگرتووەکانی ئەمریکا سنووری دەولەتە نێوخۆیەکانیان بە ئەنقەست دابەش کردووە کە زۆرایەتی ئیندیانیەکان بۆ زیادکردنی رەگەزی خۆی نەتوانێت بۆ هیچ شوێنێک بڕوات. ئینووتیەکانی کانادا لەگەڵ ئەم گەلە کۆنەی ئەمریکای باکووردا جیاوازیان هەیە، چونکە کانادایەکان ناوچەی کۆلیسیان کردۆتە دوو بەش، کە لە بەشی رۆژ هەلاتدا گەلی ئینووتی زۆرایەتی پێک دێنن. بەم شێوەیە لەو بەشەی رۆژ هەلاتی ناوچەی کۆلیسدا بۆ گەلی ئینووتی دەولەتێک بە ناوی نوناڤوت پێک هاتوە. (35)

دەسەلاتی خودمووختاری هەرچۆنێک بێت لە ولاتەیکگرتووەکانی ئەمریکادا لەگەڵ بیرۆکەی جێگیریی لێک گرێ دراوە. عەشیرەت دەسەلاتی تایبەت بە پەروەردە، تەندروستی، تاوان، بنەماڵە و پۆلیسی هەیە، بەلام ئەوان لە چوارچێوەی ئەو دەولەتانەدا دەژین، کە پێویستە ئیدارەی خۆیان لەگەڵ کاروباری ئیداری ئەو دەولەتانەی کە تێیدا دەژین رێک خەن. ئەمە بەو مانایەیە، کە دەبێ یاسای ئەو گەلانە لەگەڵ جۆری سیستمی دەولەت کۆک بێت و یەک بگرێتەوە. لە ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا دەمە تەقەیەک سەری هەڵداوە، کە ئەندامی تایفە و عەشیرەتەکان ئەو کاتانەی کە هەست دەکەن هەلسوکەوتی نالەبار و نەگونجاویان بەرامبەر دەکرێت، دەستە و داوێنی کوێ بن. ئیندیانیەکان دژ و نەیاری پەنابردن بۆ بەشی یاسای بەرزی ولاتە

یکگرتووەکانی ئەمریکان، چونکە ئەوان هەست دەکەن دادوەرە سپی پێستەکانی ئەم ناوەندانەی یاسا، مافە کلتووریەکانی ئەوان بەراست نازانن. بڕیاردەرانی سیاسی ئینديانيەکان بۆ کاتێکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن. عەشیرەتەکانی ئەم گەلە لە جیاتی هەڵبژاردن، لە داب و نەریتی کۆنی خۆیان کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی کە جۆرێک هاوفکری و هاوبیری لە بڕیارداندا مسۆگەر کەن. (٣٦)

## مافی پاراستنی کلتووریی یان مافی پۆڵی ئێتنیستی

مەبەست لەو مافانە پاراستن و گەشە پێدانی مافە کلتووریەکانە. بۆ وێنە مافەکانی کەڵک وەرگرتن لە زمان، مافی گێڕانی ئاهەنگی کلتووری، مافی کەڵک وەرگرتن لە جل و بەرگی نەتەوایەتی یان جێبەجێکردنی ڕێوشوێن و باقی نەریتەکان بە مافە کلتووریەکان دژمێردرێن. بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەی، خاڵی (٢٧) پارێزەری ئەم مافانەیە کە دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە خاوەنی کەمایەتی نەتەوەیی، ئاینی یان زمانەوانین، ئەندامانی ئەم جۆرە کەمایەتیانە ناکرێ لە تەنیشت گروپەکانی دیکەدا مافی کەڵک وەرگرتن و سوودوەرگرتن لە کلتوور و فەرهەنگیان لێ قەدەغە بکرێت. پێویستە بگوترێ کە بابەتی کەمایەتی و تاریف کردنی ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی زۆری لە سەرکراوە. ئەم گفتوگۆیانە خاوەنی دوو ڕوون، ڕوویەکیان بکەرین ئەوەی دیکەیان پێکراو. مەبەست لەلایەنی یەکەم ئەوەیە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی ویست و داخوازی پاراستنی کلتوور، داب و نەریت، ئاین یان زمانەکەی بێت. ئامانج و مەبەستی مافەکان دابین کردنی مافی وەکو یەکە لەگەڵ زۆرایەتی چ لە بواری یاسایی و چ لە بواری ژیانی ئاساییدا. بواری دووهەم لەو گفتوگۆیانە ئاماژە بە جیابوونەوەی تاقمەکانی ئایینی یان زمانەوانی، ڕێژەو ژمارەی کەمایەتی و پێگەی کەمایەتی و پێگەی ئاوەڵە لە کۆمەڵگادا دەکەن. خاڵی گرینگی ئەم باسەی پێشوو ئەوەیە کە لاینگری پێدانی مافی کەمایەتی بە کەمایەتی وەک سپی پێستەکانی ئەفەریقای باشوورە. ئەم

لاینگریه بۆ پاراستنی ئەو جۆره مافه پێویست نیه و هەڵگرتنی ئەم جۆرەمافانه رەنگه رەفتاری هەڵەی لایەنەکانی دیکه بگۆڕێت. ئەم رەفتاره دەکرێت، لەگەڵ بابەتەکانی پێشووی "واندایکێن" بەراورد بکرێت، که گوایا له هەردووی ئەم لایەنانەدا هەردووک بواری سوبیەکتی و ئۆبیەکتی دەبینەرێن. هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای نێونەتەوەی لەو دەساڵەی رابردوودا بەرامبەر به کەمایەتیەکان ئاڵوگۆڕی ئاشکرای بەسەر داهاتووه. ئاڵوگۆڕەکان دەکرێ به چوارجۆر دابەش بکرێن. جۆری یەکەم نوێنەرایەتی ئەساسنامەی رێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان دەکا، که تێیدا هالاواردن قەدەغەیه و مافی بەرامبەر زەق دەکرێتەوه. له قۆناغی دووەمی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا رەفتارو ئیجرائاتی تایبەت له باروودۆخێکی زانراودا رێگا پێدراوه. له حاڵەتی سێهەم دا دانیان بەوەدا هێناوه که لەسەر بنەمای بەندی (٢٦)ی رێککەوتننامەی مافی مرۆڤەوه پێویسته ئیجرائات بکرێت. دەوڵەت لەوه بەدوا ناتوانێ بێلایەن بێت، بەڵکو پێویسته هێمنایەتی و ئاسایش بۆ کەسانی زوڵملێکراو دابین بکات. له قۆناغی ئێستا و چوارەمدا هەڵسوکەوت و ئیجرائات لەو بەینەدا ئاشکراتر و روونتر خراوەتەڕوو. لەم جۆره رێککەوتننامانانه دەکرێ ئاماژه به ڕێککەوتنامەی ئەنجوومەنی ئۆروپا له سالی ١٩٩٢ دابکەین که تێیدا باسی زمانه ناوچەیەکان و کەمایەتیه زمانیەکان بەگوێرەی ئەساسنامەی ئوروپای یەکان دەکات. لەو رێککەوتنامەیەدا هەموو لایەک هان دەدرێن بۆ ئەوەی دەزگاو ناوەندی ئەوتۆ پێک بێن، که راپۆرتی تەواو له هەموو بوارەکاندا رەوانەی لای بەرپرسان بکەن، بەتایبەت ئەو بوارانەی که چوارچێوەی خاڵه گرینگەکانی زمان دەگرێتەوه. لەبەندی (٨) ئەم ئەساسنامەیەدا بۆ وێنه باس له پرۆسەی پەروەرده و فێرکردن له پێش قۆناغی سەرەتای هەتا قۆناغی زانستگا کراوه. (٣٧)

رێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان له ساڵی ١٩٧٩دا به مەبەستی روون کردنەوەی بەندی (٢٧)ی رێککەوتننامەکه لەمەڕجێبەجێکردنی له کرداردا لێکۆڵینەوەیەکی کرد. ئەم لێکۆڵینەوەیه دەریخست که مافەکان تەنیا به قەدەغەکردنی جیاکردنەوه و هەڵاواردن جێبەجێ نابن، بەڵکو پاراستنی کلتووری به مەرجێکی گرینگ دادەنرێت و گەشەکردنی ئابووری و

کۆمەلایەتیش داواکاری پشتیوانی گەرم و گوڕی دەوڵەتە. (٣٨) هەر بۆیە لەسەر بناخەی ئەم ئاکامانە ویستیان بەرنامە و پرۆگرامێکی تازە بۆ هێنانەدی رێککەوتننامەیەک لەسەر پاراستنی کەمایەتیەکان دەست پێبکەن کە سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ زایینی. لە ناوەرۆکی رێککەوتن نامەکەدا ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و گۆڕانی هەڵوێستیان بەرامبەر بە کەمایەتیەکان دەبینەرێن. لە خاڵە تازەکانی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە، کە لەوە بە دواوە لە سەر -بوونی کەمە نەتەوەکان پشت بە راگەیاندنی دەوڵەتەکان نابەسترێت. بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە پشت بە رێکخراوی دەرەکی دەبەسترێت. هاتنەگۆڕی ئەم جۆرە خاڵە تازانە بۆ ئەوەبوو، لەو باروودۆخانە خۆ ببوێردرێت، کە تێیاندا دەوڵەت لە بەر هۆیەک نایهەوێ ناوی کەمایەتیەکانی رابگەیێنێت. هەروەکو پێشتر رووداوی لەم جۆرە لە کەرتی ئەمریکای باشووردا روویداوە. (٣٩) هەروەها لەو بەیاننامەیەدا ئیجرائاتی یاسایی گرینگایەتی زۆرت یان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی کە دەوڵەتەکان لە پێناوی پاراستنی ناسنامە و بوونی کەمایەتیەکان رەچاویان بکەن.

جێبەجێکردنی مافی کەمایەتیەکان بەتایبەتی لە وڵاتانی گەشە نەکردوودا، کە خاوەنی ئابووریەکی لاوازن ئاڵۆزترە. یەکیەتی گەل ئەمە دەخاتە ڕوو، کە لەگەڵ فەرهەنگ و ئاین و رێوشوێنی دیکە لە ماوەیەکی کورتخایەندا خوازیاری یەک زمانی هاوبەشە. جێگای ئاماژەپێکردنە، کە ئەم بەیاننامەیە هەموو کەمایەتیەکانی جیهان دەگرێتەوە.

## مافی تایبەت بە نوێنەرایەتیەکان

ئەم جۆرە مافەدیاری کراوانە زیاتر شکڵ و شێوەی مافی تاقم و کۆمەڵەکانن. مەبەست لەو مافانە ئەوەیە، کە کۆمەڵێکی دیاری کراو لە ناوەندی دیاری کردنی یاسادا خاوەنی نوێنەرایەتی خۆی بێت. ئەم رێگا چارەیە بۆیە هاتۆتە کایەوە، چونکە لە دێموکراسی رۆژئاواییدا لاینگری لەوەکراوە کە دەبێ

سەرنج بدرێتە سەر ئەوەی کە دەستە و تاقمی دیاری کراو لە ناوەندو ئۆرگانی سیاسی دا نوێنەرایەتیان هەبێت. سپی پێستەکان ناوەند و ئۆرگانی یاسادانان دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان وێڕای پیاوانی سەربە چینی نێوەڕاست و خاوەن تەندروستیەکی باش. لە روانگەی مێژووییەوە ئەوانەی لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی چاوەدێریدان، لە بواری گشتی دا پێگەکەیان بەرەو لاوازی رۆیشتووە و ئەمەی ئێستاش راستیەکی بەرچاوە. بۆ وێنە لە وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمریکادا حەشیمەتی ئافرۆ ئەمریکایەکان١٢.٤٤٪ حەشیمەتی وڵات پێکدێنن. بەڵام بەشی ئەوان لە شوێنە ئیداریەکاندا کە بە شێوەی هەڵبژاردن هاتۆتە کایەوە تەنیا ١.٤٤٪ ە. ژمارەی ئەمریکایە لاتینیەکان ٨٪، بەڵام بەشی هەڵبژێردراویان لە ئیدارەکاندا 0.8٪ لە سەتە. لە کانادا-دا ئەم حاڵەتە سەبارەت بە گەلە کۆن وخۆجێیەکان ٣.5 یان یەک لە سەتدایە.(٤٠)

هەوڵ دراوە کەم و کوڕیەکانی ئەم بابەتە چارەسەر بکرێن. بۆ وێنە لە رێگای پێدانی مافی نوێنەرایەتی تایبەتیەوە. گرینگترین شێواز لەو بەینەدا ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە سنووری ناوچەی هەڵبژاردندا بووە. ئەوانەی کە وڵامدەری سنووری تواناو قازانجەکانی کەمایەتیەکانن. بەم جۆرە دەیانهەوێ هەرچۆنێک بێت لە چوارچێوەی هەڵبژاردندا شێوازێک بدۆزنەوە، چونکە کاتێک کە کەمایەتی پرش و بڵاوبێت کارەکە لەنگ دەبێت. دەکرێت بۆ چاککردنی باروودۆخەکە یارمەتی پێویست بە کەسانی کاندیدکراوی سەر بە تاقم و کۆمەڵە نەتەوایەتیەکان بکرێت. ئەم شێوازانە هەرچۆنێک بێ بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەو رێگاچارەیە کە زەمانەتی پێدانی چەند شوێنێکیان پێبکەن لاوازترە. بۆ وێنە لە کانادا-دا گفتوگۆ لە سەر پێدانی شوێنی نوێنەرایەتی بە ژن و کەم ئەندامان هەروەها بە گەلە کۆن و لە مێژینەکان کراوە. بەو کەمایەتیانەی کە لە کۆمەڵدا دیارن و تەنانەت لە ناوەندی یاسادانانیش دا. (٤١) لیبراڵیستەکان زۆر راشکاوانە دژایەتی

مافەکانی شێوازی نێوێنەرایەتی کردنیان کردووە، چونکە لە روانگەی ئەوانەوە ناوەند و دامەزراوی جیاجیا دروست دەبن، کە بەگشتی یەکیەتی دەوڵەت لاواز دەکەن.(٤٢) لە لایەکی دیکەوە بە جۆرێک بەرگری لێکراوە کە گوایا ئەمە وڵامێکە بە جۆرێک هەڵبژاردەی سیستمێکی سیاسی کە ئەگەرەکان ئەستەم تر دەکا. قازانج و روانگەکانی خاوەن پێگەی لاواز زیاتر لە پێشوو ئاڵۆزتر دەکا و لە بڕیاردانی سیاسی دا هەلومەرجێکی خراپیان بۆ دروست دەکات.(٤٣) هەرچەندە لە نوێنەرایەتی کردندا ئەرک و وەزیفەی ناوەندی یاسادانان راستەوخۆ کۆ کردنەوەی گەل و نەتەوە نیە. لە کاتی پێویست سەرپشک هەڵاویشتن دەکرێت وەک رێگاچارە بخرێتە روو. گرینگ ئەوەیە روانگە و بیروبۆچوونی کەمایەتیەکان لە ئاستێکی باش دا دەرکەوێت. سرنج داروەتە سەر ئەم خاڵە، کە کێشە و گرفتی تایبەتی تاقم و کۆمەڵەکان لە ئەگەری نەناسینیان دا زەق نابنەوە. رێگا چارە و پرۆسەی زۆرایەتی نابنە هۆی تەنیا شەرت و مەرج بۆ هێنانە کایەوەی ئەو ئامانجە.

مەبەست و مانای هەڵبژێرانی نوێنەرایەتی کە مایەتیەکان وەک پێویست چییە؟ یەکێک لە رێگا چارەکان ئەوەیە کە نوێنەرایەتی بە گوێرەی رێژەی حەشیمەت و دانیشتووانەوە بێت. ئەم جۆرە رێگا چارەیە، هەرچۆنێک بێت پارێزەری لانی کەمی مافەکانە. هەروەها تاقی-کردنەوە ئەوەی پێشان داوە، کە بوونی یەک یان دوو نوێنەر لەم چوارچێوەیەدا بەس نیە. شێوازی بڕیاردانی سیاسی بە رادەی پێویست شوێندانەرە لە سەر ئەوەی ئایا جۆرێک مافی ویتۆ لە ئارادا هەیە، کە پێوەندی بە کەمایەتی  یا دەستە و تاقمێکی جیاوە بێت.(٤٤)

دان پێداهێنان بە مافی نوێنەرایەتی خاوەنی تایبەتمەندیەکی دیکەشە. وەک ئەو مافەی، کە لە زیلاندی نوێ مافی نوێنەرایەتی بە ماوریەکان

بەخشراوە. نوێنەرایەتی ئەم کەمایەتیە باروودۆخەکەیان وا لێکداوەتەوە، کە ئیدی پێویست ناکا بە هیچ شێوەیەک لە مەسەلەی ماوریەکان بدوێن. بە شێوەیەکی سرووشتی ئەو رەفتارە پێشاندەری مانا و هەوێنی ئەو سیستمە نیە، بەڵکو سیستم دەبێ لە روانگە و بیروبۆچوونی ماوریەکان پشتیوانی بکات. جگە لەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت، کە روانگەی ئەوان بخەنە ڕوو.(٤٥)

چ کەسانێک پێوەندیدار بەو تاقمانەوەن، کە پێویستە لانی کەمی مافی نوێنەرایەتیان بۆ مسۆگەر بکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە بواری گشتیدا دژوارە. دەتوانرێت ئەوە بگوترێ کە پێویستە ئەوان پێوەندیان بە یەکێک لەو تاقم و دەستانەوە هەبێت. کۆمەڵ و تاقمێک کە بە شێوەیەکی سروشتی بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەوانی دیکەدا لە پێگەیەکی لاوازی سیاسی کەڵک وەردەگرێت. یا ئەوە کە کۆمەڵەکە بە جۆرێکی بناخەیی داوای مافی خۆ بەڕێوەبردن دەکات. مافە تایبەتیەکانی نوێنەرایەتی ئەو مافانەن، کە لە قۆناخی دواییدا تەواوکەری مافی خۆ بەڕێوەبردنن. لە سەر ئەم بناخەیە دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەر ناتوانێت ئاکامێکی دڵ خۆشکەر وەدی بێنێت، ئەگەر بێت و لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بە بێ گوێگرتن لە نوێنەرایەتی ئەم کۆمەڵە بڕیاریان لە سەر دەرکەن. لە بەر ئەم هۆیە مافە تایبەتیەکانی نوێنەرایەتی لە ئاستی کۆمەڵدا ناکرێت بە کاتی و تێپەڕ چاویان لێبکرێت، هەرچەندە لە هەندێک بارەوە دەکرێت بە کاتی بژمێردرێن. چونکە جیایی کەمایەتی و تاقمەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبردندا هەروا بەزەقی دەمێنێتەوە.(٤٦)

دەستەی دووهەم کە لە بواری سرووشتیەوە لە باروودۆخێکی خراپ دایە، ئەوا سەخترە بسووتێن، چونکە ئەم دەستە و تاقمانە بە شێوەیەکی

خۆرسک زۆرن. ئەوەی کە گرینگ و شوێندانەرە لە سەر ئەم بابەتە ئەوەیە، کە دەبێ ئەوان بۆ خۆیان بە ئاشکرا بیان هەوێت لە سەر رووداوەکان شوێن دانێن. بە تایبەتی وەکو کۆمەڵێکی جیاواز لە سەر بناخەی ناسنامەی کلتووری خۆیانەوە. لە شێوە ی هەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا دوو ئەگەر دێنەڕوو. ئەگەری یەکەم ئەوەیە، کەمایەتی بۆ خۆی خاوەنی لیستەی خۆیەتی و لەو بەینەدا کەسی هەڵبژێردراو لە سەر بنەمای تێۆری کەسێکی تر بێت نەک ئەندامی کۆمەڵەکە. (ئەم سیستمە لە زیلاندی نوێ کاری پێ دە کرێ). لە ئەگەری دووهەمدا لیستەکە بۆ هەموو دەنگ دەرەکان وەکو یەک بێت، بەڵام هەندێک نوێنەرایەتی دیاریکراو بۆ کەمایەتیەکان لەبەرچاو گیرابێت. واتە سەرنج لە نوێنەرەکانە نەک لە سەر دەنگ دەران. ئەم رێگا چارەیە خراوەتە ژێر پرسیار، چونکە ئەوسا کەسانی غەیری کەمایەتی بڕیار لە سەر ئەو بابەتانە دەدەن کە بە کەمایەتیەکەوە گرێدراون.

**وەرگێراو لە کتێبی ئینسانەکان یان مرۆڤەکان، فەلسەفە و بنچینەی مافی کەمایەتیەکان**

**نووسینی: ماریاننا راوڵۆ، زانکۆی هێلسینکی چاپی ١٩٩٩**

**وە رگێرانی: عەیز شێخانی هاوینی ٢٠٠٣**

# لباس سنتی کوردهای ایران و عراق



ای. و. بوگاسلووسکایا

ترجمه از روسی: کامران امین آوه

*پیش سخن مترجم*

دردو سده‌ی گذشته برخی ازکوردشناسان، مورخین و جهانگردان غیرکورد دررابطه با تاریخ، ساختارو مناسبات اقتصادی – اجتماعی و سیاسی – فرهنگی کوردستان تحقیقات ارزنده‌ای انجام داده‌اند که خوشبختانه به همت مترجمان برجسته کورد آقای ابراهیم یونسی و زنده‌یاد محمدقاضی برخی از آن ها به زبان فارسی ترجمه شده، دراختیارعلاقمندان قرارگرفته است.

متاسفانه هر چند که در اتحاد جماهیر شوروی سابق کتابها و مقالات بسیاری راجع به کورد و کوردستان و تاریخ و ادبیات آن نوشته‌شده است بدلایلی مشهود منابع آنها کمتر مورد استفاده قرار گرفته یا به فارسی و کوردی ترجمه شده‌است. نوشته‌ای که در اختیار علاقمندان قرار میگیرد توسط پژوهشگر روس ای. و. بوگاسووسکایا به رشته تحریر درآمده است. چنانکه ازمطالب این نوشته برمی آید منابع مورد استفاده ایشان بسیار محدود و متمرکز بر لباس های موجود در موزه مردم شناسی و فرهنگ شناسی پترکبیر در سن پترزبورگ، تک نگاری های هانسن، عارف،دزیگل، Al-Jadir W-Azzawioh و برخی از دانشجویان کورد در روسیه بوده،, نمی تواند در برگیرنده تمام جوانب لباس و پوشاک کوردی باشد. معهذا از نظر نگارنده این سطور ترجمه و نشر هر آنچه در رابطه با کورد و کوردستان است صرفنظر از دید، شیوه نگرش و جهان بینی نویسنده می تواند کمکی برای شناخت نکات ظریفی باشد که کمتر مورد توجه ما قرارمیگیرد. امید است که دانشمندان، نویسندگان و فرهیخته‌گان کورد که واقف برنکات ظریف تاریخ، مناسبات اجتماعی – فرهنگی و سیاسی – اقتصادی جامعه خود هستند در امر تحقیق و تاریخ نگاری علمی کوشاتر باشند تا آثار آنها منبع موثقی برای استفاده شرق شناسان، پژوهشگران و مورخین غیرکورد گردد.

***

جهان بینی، دیدگاه، ارزش، اعتقاد و تمام موارد مربوط به عرصه معنویات، بیشتر توسط فرهنگ شناسان (اتنوگرافها) مورد بررسی قرار میگیرد. با وجود این عملا بخش مهمی از حیات معنوی همبود اتنیکی*، مجموع نظریات زیبا شناختی آن و تمایل گروه‌هایی که دارای درجات مشخص اتنیکی هستند از نظر می افتد. برای بیان این مسائل باید تمام جوانب حیات را به گونه‌ای منظم نشان داد. در پژوهش ها، مقوله زیبا شناختی تنها دربررسی پدیده‌های انتزاعی– فرهنگی (موزیک، رقص) یا گذار هنر در حال رشد به هنر

حرفه‌ای ظاهر می شود، منتهی به سادگی می توان متوجه این نکته شد که حتا درمراحل اولیه تکاملی انسان نیز زیبا شناختی زندگی اجتماعی، مختص به انسان بوده است. به صورتیکه انسانها در مراحل آغازی جامعه اشتراکی از نشانه‌های هنری به صورت علامت و قبل از هر چیز اتنیک بهره‌برداری می کردند.

ابداع شیوه‌های انتقال اطلاعات گروه اتنیکی بربنیان پدیده «ما – آنها» و آرایش محیطی منظم در پیرامون آن، اعطای مختصات فرهنگی زبان به آن و درکی ناخودآگاه و کاملا احساسی می باشد. همزمان پرورش و تربیت افراد جامعه درچارچوب سنت های موجود، بر پایه محیط فرهنگی و بارنگ و نمای مشخص اتنیکی صورت گرفته، به آن رنگی مشخص و در واقع تصوری از زیبایی می دهد.

مفهوم «زیبا – زشت» با مفهوم «ما – آنها» پیوند داشته، خطوط روشن جهان بینی گروه‌های مختلف اتنیک را تشکیل می دهد. بی شک سنت پویا بوده و تحت تاثیر عوامل بیرونی و تغییرات درونی که دارای قانونمدیهایی در چارچوب سنت هستند، قرارمی گیرد. متاسفانه اکنون نیز طرح مشخصی برای تجزیه و تحلیل صوری ویژگی های اتنیک بسیاری از پدیده‌های فرهنگ مادی وجود ندارد و این در حالی است که ضرورت چنین پژوهش هایی کاملا احساس گشته، کمبود پرداختن به ویژگی های اتنیکی اشیاء ازهمان نظر اول درمطالب منتشر شده فرهنگ شناسان مشاهده می شود.

لباس ملی از نقطه نظر زیباشناسی پدیده‌ای کاملا منحصر بفرد است. از یک سو جامعه سنتی در حال رشد دارای امکانات غنی و کافی برای استفاده ازمواد مختلف جهت تهیه لباس است و از سوی دیگر تغییر در پارچه وشرایط زندگی، مستمرا موجب تهیه لباس های جدید با افزودن چیزهای نو به آن میگردد. ویژگی های طبیعت انسان، خواست ها و انتخاب فردی در چارچوب سنت، موجب رشد فانتزیهای خلاق درتهیه لباس میگردد. طبیعتا با رشد

تکنولوژی سخن از سوسیوم (Socium) آن دسته از گروه‌های اجتماعی می رود که امکان دستیابی به مواد اولیه را دارند. برای نمونه لباس تهیدستان بیشتر از همه جنبه عمل گرایی دارد و این در حالی است که لباس اقشار مرفه جامعه معمولا کمتر در رابطه با سنت بوده، بیشتر جنبه پرستیژ دارد. در نتیجه انتخاب لباس هایی که دارای نشانه‌های کافی سنتی هستند برای تجزیه و تحلیل ویژگی های زیبا شناختی اهمیت بسیاری دارند. لباس اقشار میانی جامعه چون قاعده‌ای پاسخگوی این نیاز می باشد. در اینجا باید نقش دیگر لباس نیز مورد توجه قرار گیرد. در جوامع سنتی، لباس تقریبا بدون مشارکت صنعتگران حرفه‌ای تهیه می شود و همین موجب رشد قابلیت های هنری افراد میگردد.

به یقین می توان گفت، که لباس سنتی کوردها بندرت مورد بررسی قرار گرفته‌است. عملا تحقیقی در مورد لباس کوردهای ترکیه نشده‌است. اطلاعات مربوط به ادبیات کوردهای ایران بسیار اندک می باشد. هانسن Hansen در دهه پنجم قرن بیستم زندگی زنان کورد درعراق را برشته تحریر درآورد. تک نگاشت او سرشار از تصاویر و طرح هایی است که بدون آنها مشکل بتوان مطالب را مورد سنجش و مقایسه قرار داد. در ضمن باید به نوشته م. عارف و بویژه دزیگل Dziegiel اشاره کورد که برای نخستین بار از شیوه زیبا شناختی برای بررسی لباس های ملی اقشار مختلف مردم در عراق استفاده کردند.

تک نگاری Al-Jadir W-Azzawioh نیز حاوی اطلاعات جالبی در رابطه با لباس های کوردی است. اما از نقطه نظر زیباشناختی، کلکسیون پوشاک و تصاویر موجود در موزه مردم شناسی و فرهنگ شناسی پترکبیر(درسن پترزبورگ– م) منبع اصلی تجزیه و تحلیل لباس کوردی می باشد. در این موزه چندین دست لباس و ده‌ها عکس وجود دارد که بخوبی تابلوی عمومی دگرگونی لباس را در قرن بیستم تکمیل کرده، پایداری نمونه‌های

(Stereotype) معین ثبت شده در ادبیات را منعکس می کند. لازم به ذکر است که کوردها در ایران و عراق بعنوان اقلیت قومی تحت ستم مضاعف بوده، برای کسب حق تعیین سرنوشت ملی – سیاسی خود مبارزه می کنند. بی شک این مساله بی تاثیردر رابطه کوردها با فرهنگ خود نمی باشد.

در قرن بیستم تغییرات قابل توجهی در لباس های سنتی تمام خلقهای جهان صورت گرفت. نفوذ پارچه‌های کارخانه‌ای در کشورهای شرق نزدیک موجب دگرگونی فرهنگ مادی خلق های این منطقه شد. همزمان رشد خودآگاهی ملی موجب تشدید علاقه به لباس و بخصوص به نوع مجلسی آن گردید، پدیده‌ای که نگارنده این سطور در بین اعضای جمعیت کوردهای لنینگراد (سن پترزبورگ کنونی) مشاهده کرده‌است.

## لباس مردانه

هانسن در تک نگاری خود به تشریح دو نوع لباس کوردی [رواندوزی و سلیمانیه‌ای] در عراق می پردازد. نتیجه‌گیری مؤلف با مشاهدات م. عارف و Al-Jadir W-Azzawioh نیز تأیید می شود. کلکسیون موزه پترکبیر امکان طرح وسیعتری از آن را به ما میدهد. محدوده استفاده از نوع «سلیمانیه‌ای» آن به ایران نیز می رسد. محدوده پوشش لباس مردانه کوردی «رواندوزی» تنها مختص به بخش معینی از [کوردستان] عراق می باشد.

موارد زیر وارد ترکیب لباس رواندوزی می شوند: پیراهن از پارچه نخی سفید با دوخت یکنواخت، آستین های راست و بدون زیر بغل. تک پارچه سه گوش بزرگی که به جای سردست [سورانی] دوخته می شود یکی از ویژگیهای مشخص پیراهن سنتی کوردها است. چنین پیراهنی در نوع «سلیمانیه‌ای» نیز وجود داشته، بطور کلی مختص به لباس کوردی می باشد. برش زیرشلوار شبیه شلوار است، با این تفاوت که از پارچه نرم نخی تهیه

می شود. لباس رو را که معمولا از پارچه خانگی پشمی تهیه شده، روی لباس زیر می پوشند. در حال حاضر از این پارچه‌ها استفاده نمی شود بلکه از پارچه کت و شلواری پشمی و یا از پشم با لاوسال (lavsal) استفاده می کنند. تفاوت اساسی لباس رواندوزی با اقوام ایرانی زبان در نوع شلوار آن است. پاچه شلوار گشادتر ازقسمت بالای آن است. خشتک شلوار به شکل شش ضلعی میباشد. برای دوختن شلوار و نیم تنه بالایی از یک نوع پارچه استفاده می شود. نیم تنه با قامت مستقیم بوده، دارای آستین های راست و فاقد زیر بغل است. یکی از نشانه‌های پراهمیت لباس رواندوزی چگونگی رنگهای شلوار ونیم تنه است. کوردها از پارچه‌هایی که نقش های درشت، چهارخانه و یا راه‌راه هستند، استفاده‌می کنند. پژوهنده‌گانی که این نوع لباس را مورد بررسی قرار داده‌اند برای یکبارهم، استفاده از پارچه‌های ساده را یادآور نشده‌اند.

کفش سنتی کوردها و ایرانی ها به گونه ویژه‌ای است. تخت کفش آنها از تکه پارچه‌های سخت پرس شده ساخته‌شده‌است رویی آن دارای قلابی از نخهای کلفت پنبه‌ای است. کوردها کلاه نمدی نرمی که یک یا چند چارقد به شکل دستار روی آن بسته می شود، برسرمی گذارند. سه گوش انتهایی آستین پیراهن از زیرآستین نیم تنه بیرون آمده‌است، این سه‌گوش به دور پنجه پیچیده شده، در نزدیکی آرنج گره‌زده‌میشود. شال کمری چندمتری از کشمیر، ابریشم یا پارچه‌های دیگر نیز تعلق به این نوع لباس دارد. رنگ آن ممکن است روشن باشد. شال را پس از چند دور پیچاندن به دور کمر، به صورت ویژه‌ای در جلوی کمر گره مـی زنند. (تعداد گره‌هـا متناسب بـا تعداد پیچش شـال بـه دور کمر می باشد که معمولا ٦ —٥ دور است).

لباس «سلیمانیه‌ای» ازدو جنبه با نوع «رواندوزی» متمایز می گردد:

1) این نوع شلوار خاص اقوام ایرانی بوده، قسمت کمری آن بسیار گشاد و پاچه شلوارش تنگ است. خشتک، بزرگ و مربعی شکل بوده موجب ایجاد یک سری چین در ناحیه ران می شود.
2) این لباس ها از پارچه‌هـای که رنگ هـای ساده‌ای دارند تهیه می شوند. در کلکسیون ما لباس کورد کشاورز عراقی از پشم خاکستری تیره و رنگ نشده دست بافت، و لباس کوردی از مهاباد (ایران) از پشم سفید ریزبافت که استادانه با ابریشم بنفش روشن روکاری شده‌است، وجوددارد. به غیر از این ها، گونه‌های دیگری نیز وجوددارند. در کلکسیون موزه، لباس کورد شهرنشینی از مهاباد وجود دارد که نیم تنه‌بالایی آن تمام ویژگیهای برش سنتی را حفظ کرده‌است و دارای یکسری تکه‌ها مانند یخه و جیب های رو و تو می باشد که بطور یقین از لباس نظامی اخذ شده است . این لباس با استفاده از پارچه ابریشمی قهوه‌ای تیره بافت کارخانه دوخته شده‌است. عناصر لباس نظامی در عکس هایی که توسط هانسن و آریستاوا نیز گردآوری شده‌اند، مشاهده میگردد.

با توجه به نکات یاد شده، چه چیزی لباس مردانه کوردی را از لباس ایرانی ها و عربها متمایز می کند؟ مشاهدات جهانگردان در قرن نوزدهم به وضوح بیانگر چگونگی لباس سنتی کوردها است. اشکال متنوع، پویایی رنگ ها، فزونی قطر برای آراستن دستار، تفاوت رنگ ها در بخش های مختلف لباس نشانگر تلاش برای ایجاد تصویری بیادماندنی است که هیچ تمایلی برای هماهنگ شدن ندارد.

## لباس زنانه

لباس سنتی زنان کورد در عراق بیشتر مورد بررسی قرارگرفته‌است. کلکسیون های موزه پترکبیر این امکان را می دهد تا بغیر از موارد شناخته

شده، یک نوع رایج آن در ایران را نیز مجزا کرد (در این مورد به سختی می توان از سطح اختلاف گونه‌شناسی آنان سخن گفت). لباس زنانه کوردهای عراق در اواسط سده بیستم به شکل زیر تهیه می شد: زیر پیراهن نخی که قطعا به تقلید از لباس زیر اروپایی دوخته می شد، شلوارگشاد با خشتک مربعی نه چندان بزرگی که قسمت بالای آن از پارچه ساده و روشن تهیه‌شده و در قسمت کمر و مچ پا جمع میشود. بخش اساسی این نوع شلوارها از پارچه ساده نخی یا ابریشمی با رنگهای روشن دوخته شده‌است. روی این مجموعه، پیراهنی با برش یکنواخت، چین های مایل جنبی و آستینهای راست با سه‌گوش بزرگی که به جای سردست دوخته شده‌است، پوشیده می شود.

چنین لباسی را می توان با استفاده از پارچه‌های دلخواه نخی، ابریشمی و یا مخملی بنابر بضاعت خانواده دوخت. منتهی آنچه در عکس ها جلب توجه می کند رنگ روشن و نقش گل های درشت در تمام لباس ها است. بی شک زنان میانه سال بیشتر ترجیح می دهند لباس های تیره‌رنگ را به جای لباس هایی که از پارچه‌های ساده‌رنگی با نقش های کوچک سنتی ایرانی دوخته شده‌اند، بپوشند.

آنها روی لباس، جلیقه مخملی یا ابریشمی روشن نقش داری که روی آن سوزنکاری شده‌است، می پوشند. روی آن ممکن است ژاکت بلندی که برش یکنواخت، پهلوهای گشاد در قسمت پایین و آستین های راست دارد پوشیده شود. برای دوختن ژاکت از پارچه‌های مختلف استفاده میشود (شواهدی مبنی بر نوع پشمی آن در دست نیست) در صورت امکان آن را با نوار و گلدوزی تزئین می کنند. زنان کورد کلاهی را که معمولا با سکه، زنجیر و منجوق آراسته‌شده، برسرمی گذارند. دستاری از یک یا چند شال دور کلاه پیچیده، آن را با بندی از منگوله‌های نخی یا پشمی تزئین می کنند. گاه شال نازک و ساده‌ای روی دستار می کشند.

اطلاعات مربوط به لباس زنان کورد در عراق را می توان با تشریح دو نوع لباس مجلسی موجود در موزه [پتر کبیر] تکمیل کرد. در مقایسه با زمان هانسن، در سال های اخیر تغییراتی در لباس کوردی زنان بوجود آمده‌است. دخترهایی که از محیط روشنفکری برخاسته‌اند معمولا کلاه برسرمی گذارند و برای دوختن لباس از پارچه‌های هم نهشته (Synthetic) استفاده می کنند.

ل. دزینگل در رابطه با تغییرات لباس کوردی در آغاز دهه ۸. قرن بیستم می نویسد "کوردها با توجه به گذار از نیمه کوچ نشینی - دامداری به کشاورزی تا حدی از نظر مادی غنیتر شده، توانسته‌اند ارتباط منظم و پایداری با مراکز تجاری بوجود آورند، در نتیجه سختی شرایط زندگی شان کمتر شده است".

وضعیت جدید موجب تغییراتی در لباس آنها شده است. علاقه سنتی به رنگ های روشن، گذار عمومی به پارچه‌های هم نهشته روشن را مهیا ساخته است. درگذشته تنها خانواده‌های ثروتمند قادر به پوشیدن لباس های شیک و گلدوزی شده با طلا و نقره بودند ولی اکنون امکان تهیه پارچه‌های پلی استر تزئین شده با پولک های طلایی و نقره‌ای برای همگان وجود دارد.

لباس های مجلسی دانشجویان کورد عراقی از سه‌تکه تشکیل شده است: پیراهن، شلوار و جلیقه. برش آنها به شیوه سنتی است اما تنوع رنگ ها بی مانند و منحصربفرد است. یکی ازاین لباس ها ترکیبی از پیراهن پلی استر توری بنفش روشن است که سرتاسر آن با نخ های نقره‌ای گلدوزی شده‌است، شلواراز پارچه پلی استر سبزرنگی است که با نخ فلزی قرمز رنگی روکاری شده‌است. روی پیراهن جلیقه سفید کوتاهی ازجنس ابریشم می پوشند که نقش های درخشانی دارد.

یک دست لباس دیگر ترکیبی از پیراهن سبز رنگ، بدن نما با نقشهای طلایی و شلوار سرخ زربافت و جلیقه پشمی هم نهشته آبی – سرخ است. در این لباس، رنگ ها رودرروی هم قرار می گیرند، نقش ها درشت است و به

روشنی عدم هماهنگی آنان با عناصر دیگر لباس به چشم می خورد. لباس خاطره تاثیربخشی به‌وجود می آورد. نگارنده امکان یافت تا لباس های مشابه را در بین شرکت کنندگان جشن نوروز در لنینگراد [سن پترزبورگ کنونی] ببیند.

در سال ۱۹۸٦ لباس یک زن متاهل و با بضاعت کورد مهابادی (ایران) را به موزه آوردند. لباس بطور چشمگیری از نوع عراقی متمایز می گردد. اگر این لباس را براساس تصاویر موجود در کلکسیون مورد ارزیابی قرار دهیم، بخوبی ویژگی مختص به لباس کوردهای ایران متمایز می گردد. برش پیراهن یکنواخت است، قامت آن برش خطی دارد و دامنی پرچین به آن دوخته شده است. کمر پیراهن پایین ترازحد معمول است بطوریکه هنگام پوشیدن بالا کشیده می شود، در نتیجه قسمت بالا تنه روی کمر آویزان می شود.

در ترکیب این لباس شلوارهای گشاد ابریشمی (با برش سنتی برای تمام کوردها) و بلوز وارد می شود. بلوز کوتاه‌است، تا ناحیه ران میرسد و در پهلو دارای برجستگی خاصی است. برش بلوز شبیه برش بلوز ایرانی ها است. شال کشمیری بلندی با همان گره‌هایی که از مشخصات لباس مردانه است، بدور کمر بسته‌می شود. کلاهی آراسته و پر زرق و برق به سر گذاشته شده، روی آن شالی از تور هم نهشته می کشند. رشته رنگ های لباس بسیار متنوع است: شلوار صورتی، پیراهن صورتی نارنجی با نقش و نگاره‌های طلایی، شال نارنجی با نقشهای متنوع رنگی و بلوز به رنگ بنفش روشن با نقشهای طلایی. کلاه از پارچه‌های قرمز و سبز تهیه‌شده، و شال نارنجی است. در تصاویر، رنگ اساسی لباس ها صورتی یا نارنجی است، اما در اصل هر بخش آن دارای رنگ خاصی است که وارد هماهنگی عمومی نمی شود و قبل از هر چیز احساس ناهماهنگی ترکیب های مختلف را در بیننده برمی انگیزد که سمت و سوی آن در جهت متعادل کردن این مجموعه در تمامیت آن

نیست و مجددا خاطره تاثیربخش پویایی بوجود می آورد. لازم به گفتن است که هیچ کدام از این سه دست لباس به قشرهای تهیدست جامعه تعلق ندارند.

بدین ترتیب با توجه به انعکاس بعضی از خطوط هنری جهان بینی لباس های سنتی کوردها می توان به درک این نکته رسید که این لباس ها چه خطوط مشخصی از لباس ملی کوردها را منعکس می کنند. یکی از ویژگی های لباس مردانه و زنانه کوردها تلاش برای خودنمایی و رویارویی لباس خود با دیگران است. استقلال، غرور و سلحشوری کوردها به خوبی عیان است. آنها اصالت فرهنگی خود را کاملا حس کرده، سعی در حفظ آن دارند. منتهی در ده سال اخیر اصلاحاتی در لباس های سنتی صورت گرفته‌است. در شهرهای بزرگ پوشیدن روزمره لباس کوردی کم رنگتر شده‌است. در بیشتر جاها لباس سنتی نقش مجلسی را ایفا می کند و این در حالی است که در شرایط سخت، موجودیت قومی نقش ویژه‌ای را ایفا می کند.

کوردها حتا هنگامی که دور از میهن نیز هستند لباس سنتی شان را به همراه دارند و این عمل ستایش برانگیزی است. متاسفانه با تنگ شدن محیط کاربرد لباس سنتی، غنای رنگهای آن نیز کم می شود. اکنون کاملا مشهود است که تفاوت های قبیله‌ای در زیباشناختی در حال از بین رفتن است. در روند شکل گیری آگاهی تمام اتنیکی، ویژگی های ملی لباس از بین می رود و بیشتر به صورت نشانه‌های تمام اتنیکی درمی آید. تاثیرات بیرونی بویژه از طریق تاثیرات زیبا شناختی مجموعه‌های غیراتنیکی (پارچه، عناصر تزئینی و ...) نیز تاثیر خود را بر چگونگی لباس ملی می گذارد. تغییر شیوه نگرش و ارتباط اتنیک با جهان پیرامون بربافت زنده فرهنگی و بویژه لباس اثر می گذارد.

* واژه اتنیک در فارسی بعنوان قوم، قومی ترجمه شده است. با توجه به اینکه معادل فارسی آن در برگیرنده معنی واقعی آن نیست در اینجا همان واژه اتنیک به کار برده شده است.

- منبع: کتاب جهان بینی سنتی خلق های آسیای نزدیک

مجموعه‌ی مقالات- ۱۹۹۲

دوکتاب معرفی شده به زبان نروژی از طرف عرفان تارین

# لەپێناو پاراستنی نامووس دا

نووسەر ئونی ڤیکان




وێنەی کتێبەکە

## فاتیمە

بەزۆر بە شوودان، کوشتن لە سەر نامووس، وە هەروەها خەتەنە کردنی ژنان چەند بابەتیک بوون کە لەم چەند سالانەی ئەخیردا ببوە تەوەرەی باس و گفتوگۆ کردن لە وڵاتی نەرویج. لێکۆڵەر ئوونی وڤیکەن بە شێوەیەکی چالاک بەشداری ئەم باسانەی کردوە. ئەو بە بێ هیچ مەرج و لێ پرسینەوەیەک لایەنگری خۆی بۆ زوڵم لێ کراوەکان دەربریوە. زوڵم لێکراو ئەو کەسانەن کە

بەو شێوانەی سەرەوە توند و تیژیان بەرامبەر ئەنجام دراوە ... لە لایەکەوە نووسەر رەخنەی توندی خۆی ئاراستەی حکومەتی ولاتی نەرویج دەکات کە سەرکەوتوو نەبوە لە گونجادن و تێکەڵ کردنی پەنابەران لە کۆمەڵگای نەرویجی. لە لایەکی ترەوە ئەو زۆر بە توودنی هێرش دەکاتە سەر، دەسەڵاتی خێڵەکی حاکم بە سەر پەنابەراندا، بە تایبەت مەلاکان، و رێکخراوی دایک و باوکان، بەتایبەت باوکەکان و رەخنەیان لێ دەگرێت کە مەسەلەی شەخسی دەخەنە پێش مەسڵەحەتی منداڵ و ئازادی و پێداویستیەکانی رۆژانەیان.

لەم کتێبەدا، نووسەر هەوڵ دەدات کە پێناسەی چەمکی نامووس و کوشتن بۆ پاراستنی نامووس بکات، لە روانگەی ئەو ژن و کچانەی کە لە لایەن دایک و باوکانیانەوە تووشی توند و تیژی هاتوون، هەروەها پێناسەی ئەم چەمکە بکات لە روانگەی باوک و براکانیانەوە.

کتێبەکە زۆرتر تەرخان کراوە سەبارەت بە کوشتی فاتیمەی تەمەن ٢٦ ساڵ لە ولاتی سوید. نووسەر دەیەوێت کە لە باوکی حاڵی بێت کە کاتێک دەڵێت ئەو هیچ رێگایەکی تری لە پێش دا نەبوو، جگە لە کوشتنی کچەکەی نەبێت.

نووسەر لە دەستپیکی کتێبەکەی خۆی دا دەڵێت کە مەبەستی ئەو ئەوەیە کە لە مەسەلەی نامووس حاڵی بێت، لە روانگەی بەسەرهاتی کوشتنی فاتیمە لە زۆر کۆمەلگادا، و بە تایبەت لە نێو کوردەکاندا، بێ ئەوەی کە هیچ جۆرە دەستکاریەک بکرێت.

ئامانجی ئەم کتێبە باشتر حاڵی بوونە لە چەمکی شەرەف و شەرەف پەرەستی، کە بۆچی ئەم چەمکە هێندە بۆ مرۆڤەکانی سەردەمی ئەمرۆ پیرۆزە و چۆن ئەمە تەئسیر دەکاتە سەر رەوشت و رەفتاری مرۆڤەکان، تا رادەی کوشتن.

بۆ نووسینی کتێبەکە، نووسەر لە چەند بەش لە دادگایی کردنی باوک و براکەی فاتیمەدا بەشداری کرد. هەروەها نووسەر دەسترەسی هەبوو بە سەر زۆر دێکومێنیتی دادگایی و راپۆرتی پۆلیس دا، کە سەرەکی ترین سەرچاوەی نووسەرن بۆ تێگەیشتن لە چەمکی نامووس. لە پەراوێزی کار بۆ نووسینی ئەم کتێبە، نووسەر زۆر سیمپاتی بۆ ئەو کەسانە پەیدا کراوە کە لە باری فکر، هەڵسوکەوت و ویجدانەوە دووری لێ دەگریت، کە نوێنەرایەتی فکرێک دەکات کە نووسەر بە دژی خەبات دەکات. نووسەر بۆی دەرکەوتوە کە تەجاوزکەرەکانیش خاوەنی ژیانێکن پر لە گێژا و ئالۆزی، کە خەفەتیش دەخۆن بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان دەستیان هەیە لە کوشتنیان دا.

نووسەر لەو کتێبەی دا، بە روونی دەڵێت کە نامووس و کوشتن بۆ نامووس پەرەستی تایبەت نیە بە کۆمەلگایەکی دوور، بەڵکوو ئەم کەلتورە بوە بە ئەرزی واقیع و بەشیک لە کۆمەلگای نەرویجی و سویدی ... هەر لە بەر ئەم هۆیە پێویست دەکات کە تێیگەیشتنمان هەبێت بۆ ئەم چەمکە، تا بتوانین بە شێوەیەکی ئینسانی رووبەرووی ئەم کێشەیە بینەوە و چارەسەری بۆ دابنێین.

کتێبی لە پێناو پاراستنی ناموسس لە ٢٩٦ لاپەرە پێک هاتوە و چاپەمەنی دانشگای ئۆسلۆی پێتەختی ولاتی نەرویج سالی ٢٠٠٣ بە چاپی گەیاندوە.

## دەربارەی نووسەر:

ئوونی ڤیکان دۆکتۆرای هەیە لە فیلۆسۆفی، و پرۆفسرۆرە لە بەشی کۆمەڵ ناسی لە دانشگای شاری ئۆسلۆی پێتەختی ولاتی نەرویج. ڤیکان پێشتر چەندین بار لێکۆڵینەوەی دەربارەی چەندی وڵاتی تر ئەنجام داوە، وەک میسر، یەمەن، ئیندۆنۆسیا، و نەرویج .. ڤیکان چەندین ساڵ لێکۆلینەوەی دەربارەی ئائینی ئیسلام ئەنجام داوە، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کولتۆری ئیسلام لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ.



# کوردستان،
# رابردوو، خەڵک و داهاتوو






ئەرلەند فۆلکڤۆرد (لە دایکبووی ١٥ی ژوئێنی ١٩٤٥)

نووسەر، ئەرلین فوڵکڤۆرد، و وێنەگر ڤێرۆنیکا مێلۆ، ماوەیەکی دوور و درێژە کە بە نێوو کوردستاندا سەفەریان کردوە. لە ماوەی ئەم یەک دەهەیەی رابردوودا، مەسەلەی کوردبوون لە لای خەڵکی کوردستان بەهێزتر بوە "کوردایەتی". کوردستان ئەمرۆ لە ئانکارا، تاران، بەغداد و دیمەشقەوە رابەرایەتی دەکرێت. ئەم کتێبە یەکەمین کتێبە لە وڵاتانی سکاندیناڤی کە باس لە سەر مێژووی کوردستان دەکات، و باسی ئەو روداوە گرنگانە دەکات کە لەم چەند ساڵانەی ئەخیردا، روویان داوە بە چاپ گەیوە. بەشێکی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ ئەو گێژاوە سیاسیەی کە لە تورکیادا سەری هەڵداوە، بە تایبەتی پێش هەڵبژاردنی پارلەمانتاری ئەو وڵاتە پێش ٣ی نۆڤامبەر.

زیادتر له سێ هەزار ساڵ لەوە بەر بوو کە کەسێکی ئەسیری- پاشا، که باسی بەسەرهاتی پەلاماری خۆی کردوه بۆ سەر ناوچه کوردنشینەکان، لەو ناوچانەی که ئەمرۆ ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی کوردستانەوه له ژێر دەسەلاتی ولاتی تورکیادا. ٣٠٧ ساڵ لەوە بەر، ئەحمەدی خانی، کۆڵپه شیێعری مەم و زینی نووسی که بوو به سیمبولی نەتەوەیی بۆ کوردەکان. هەر لەم سەروبەندەدا بوو که فکری کوردستانێکی ئازاد، و یەکگرتوو، هاتەکایەوە. ئەم فکرە، ئیمرۆش هەر له نێو دڵی کوردەکاندا، هەر زیندوە، که دەوڵەتی تورکیا ئیحسان تورکمانی به ١٣ مانگ زیندان مەحکوم کرد لەسەر چاپ کردنەوەی شێعرنامەی مەم و زین به زمانی کوردی.

ئەم کتێبە، رابردوو، خەڵک و داهاتوو، له ٣٦٨ لاپەڕە پێک هاتوە. ١٢ نەخشەی تێدایە، لەگەڵ ٨٠ وێنەی رەنگی، و له ژێر وێنەکاندا، به هەردوو زمانی کوردی و نوروێژی نوسراوە.

ئەرکی چاپ کردنی ئەم کتێبە، له ئەستۆی چاپەمەنی تابیر ئاکادێمیسکایە.[1]

بۆ داواکردنی ئەم کتێبە، دەتوانن پەیوەندی بکەن به

www.kurdistan.no[1]
http://www.bokkilden.no/SamboWeb/produkt.do?produktId=135259&rom=MP

# Kurdish Studies

A Cultural, Social & Political Journal
Vol. 1, No. 1, Fall 2008

**Editor-in-Chife**
**Sharam Hatami**

**Designer**
**Hemen Rohmi**

E.mail: shahram.h@msn.com

# Kurdish Studies

A Cultural, Social & Political Journal

Vol. 1, No. 1, Fall 2008

## The Kurdish Language and Translation